# ڕۆیشتنێك بە ناو ئازاردا

بیرەوەری و ڕووداوەکانی بەندیخانە

1991–1989

ڕەسولْ بۆسکێنی

چاپی یەکەم

2009

ناوی کتێب: ڕۆیشتنێك به ناو ئازاردا

نوسەر: ڕەسولّ بۆسکێنی

بابەت: بیرەوەری

چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ: ﴿ 500 ﴾ دانه

دیزاینی بەرگ: دەشتی ئەحمد

تایپ و دیزاینی ناوەوە: شەمالّ ڕەسولّ

چاپخانه: چاپخانەی هاوسەر

ژمارەی سپاردن: ﴿1939 ﴾ ی سالّی ﴿2009﴾

پێشکەشە:

بەو مەچەکانەی بەکەلەپچە دێشن

بەو خوێنەی لە دەمی برینێ دەچۆڕێ

بەو جەستەی بەگرێ ی قەمچی دەئاوسێ

بەو هەستەی بەدوای خۆشگوزەرانی مرۆڤدا وێڵە

بەرێبوارانی ڕێگای ئازادی

بە هاوڕێیانی بەندیخانەم

کەس ناتوانێت بەباشی وولاّتێك
بناسێت هەتا سەردانی
بەندیخانەکانی نەکات. چونکە
لە شێوازی مامەلّە کردن لەگەڵ
هاوولاّتیە بەرزەکانی وولاّتێکەوە
حوکم بەسەر ئەو وولاّتەدا
نادرێت، بەڵکو لە شێوازی
مامەلّە کردنی
لەگەڵ هاوولاّتیە
نزمەکانیەوە.
"نیلسۆن ماندێلا"

دوای ئەوەی لە نووسینی بیرەوەریەکانی بەندیخانە( ڕۆیشتنێك بەناو ئازاردا) بوومەوە، بە پێویستم زانی هەندێك لە هاوڕێیانی بەندیخانەم بە تایبەت هاوڕێ نزیکەکانی خۆم، ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی بەندیخانە بوون، بەسەری دا بچنەوە و بە سەرنج و تێبینیەکانیان دەوڵەمەند تری بکەن، هاوڕێیان (قادر ئەحمەد، خالید قادر رەسوڵ، عەلی رەسوڵ حەمەد) ئەرك و ماندوو بوونیان کێشا و بەسەری دا چوونەوە سوپاسیان دەکەم.


سەرنجی بەڕێز/ قادر ئەحمەد

برای بەڕێز/کاك ڕەسوڵ   سڵاوێکی گەرم

سەرەتا دەست خۆشیت لێ دەکەم کە مێژوو و ڕۆژگاری ئازار و ئەشکەنجە و ڕووبەڕوو بونەوەی مەرگ لە ژوورە تاریکەکانی ڕژێمی شۆڤێنی بەعست خستە سەر ڕووپەڕی ئەم پەرتوکە بە نرخە.

برای بەڕێز/لە کتێبخانەی کوردا دەیان چیرۆك و ڕۆمان نوسراوە کە خەیاڵی ڕۆمان نوس و هەڵقوڵاوی بیری ئەفسانەی نوسەرەکەیەتی. بەڵام پەرتوکی ڕۆیشتنێك بەناو ئازاردا، حەقیقەتی ژیانی تێکۆشەرانی کوردە لە بەندیخانەکاندا کە توانیان بەرەنگاری فاشیەکان ببنەوە و چۆك بە دوژمن دابدەن و خۆری ئازادی گەلەکەیان بە ئازادی خۆیان و نیشتمان و نەتەوەکەیان بگەن. دووبارە دەست خۆشیت لێ دەکەم و سوپاس کە لە جیاتی هەمووان ئەرك و ماندوو بوونت کێشا لە نوسینەوەی یاداشتەکان.   لەگەڵ ڕێزدا

برات/قادر ئەحمەد


برای بەڕێز / کاک ڕەسوڵ
سڵاوێکی گەرم
سەرەتا دەست خۆشیت لێ دەکەم کە مێژوو و
ڕۆژگاری ئازار و ئەشکەنجە و ڕووبەڕوو بونەوەی
مەرگ لە ژوورە تاریکەکانی ڕژێمی شۆڤینی
بەعست خستە سەر ڕووپەڕی ئەم پەرتوکە
بە نرخە.
برای بەڕێز
لە کتێبخانەی کوردا دەیان چیرۆك و ڕۆمان
نوسراوە کە خەیاڵی ڕۆمان نوس و هەڵقوڵاوی
بیری ئەفسانەی نوسەرەکەیەتی. بەڵام پەرتوکی
ڕۆیشتنێك بەناو ئازاردا، حەقیقەتی ژیانی
تێکۆشەرانی کوردە لە بەندیخانەکاندا کە توانیان
بەرەنگاری فاشیەکان ببنەوە و چۆك بە دوژمن
دابدەن و خۆری ئازادی گەلەکەیان بە ئازادی
خۆیان و نیشتمان و نەتەوەکەیان بگەن. دووبارە
دەست خۆشیت لێ دەکەم و سوپاس
کە لە جیاتی هەمووان ئەرك و ماندووبونت
کێشا لە نوسینەوەی یاداشتەکان.
لەگەڵ ڕێزدا
برات
قادر احمد

سەرنجی بەڕێز/ خالید قادر ڕەسوڵ

برای بەڕێز و هاوڕێ ی زیندانم کاك رسول بۆسکێنی

دوای سڵاو و ڕێز و وەفاداریت هەمیشە هیوای سەرکەوتن و خۆشیت بە ئاوات دەخوازم.

لە دەستپێکی ووتەکەم دا دەست خۆشیت لێ دەکەم کە توانیوتە بوێرانە بەسەرهات و بیرەوەریەکانی ڕۆژانی سەختی بەندیخانە بە ڕاستگۆیی و بە ڕاشکاوی باس بکەیت.

دوای ئەوەی نووسینەکەتم خوێندەوە و بە ووردی سەرنجم دا و پێ ی دا چوومەوە لە هەموو ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا بۆم دەرکەوت کە بەڕاستی توانیوتە وێنەی ئازارەکانی هاوڕێیانی بەندیخانە بکێشیت چ لە کاتی مانەوە لە ژێر ئەشکەنجە و ئازار و چ لە کاتی دادگایی کردن و دوای حوکم دان وەك خۆی تۆمار کراون.

بێ گومان ڕۆیشتنێك بەناو ئازاردا ئەمە خۆی لە خۆی دا مێژوویەکە ڕاستیەکان ئەسەلمێنێ و سەروەریەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ تۆی هەمیشە خۆشەویست لە ڕاستیدا کارێکی سەخت و پیرۆزت ئەنجام داوە هەرچەندە توانا و داهێنانی تۆ لای من شاراوە نیە بەڵام دوای نوسینی ڕۆیشتنێك بەناو ئازاردا لەساڵی 1989-1991 وە تۆمار کردنی بیرەوەریەکانی بەندیخانە بەو شێوەیەی خستوتە سەر لاپەڕەکانی مێژوو بەهرە و لێهاتوویی تۆ دەسەلمێنێ و وورە و خۆڕگری قارەمانانی گەلەکەمان پیشان دەدا لەپێناوی بەرزی نیشتمان و ئازادی گەلەکەمان بێ باك لەمەرگ بەرامبەر درندەترین ڕژێم لە جیهاندا بەرەو ڕووبوون.

لە ڕاستیدا من هەمیشە ڕێزی تایبەتیم هەبووە بەرامبەر بەتۆ دوای یەکتر ناسینمان لەبەندیخانە جێگای خۆیەتی کە بڵێم هاوەڵ و هاوڕێ ی گیانی بە گیانیم نەبوو تاکو تۆ و هاوڕێکانت هاتن بە هۆی سەردانی کەسوکارم باری دەروننیم زۆر باش بوو وەبە هۆی ئێوەشەوە برینەکان سارێژبوون .

دووبارە پێویستە بڵێم دوای ئازادیی نیشتمان لە بەندیخانە دڵسۆزی و وەفاداری نێوانمان تاکو ئێستاش هەربەردەوامە و نەپچڕاوە.

دووبارە دەست خۆشیت لێ ئەکەم هیوای سەرکەوتنت بە ئاوات دەخوازم هیوادارم نموونەت هەر زۆر بێ هەزاران درووود و سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو ئەوانەی گیانیان سپارد لە پێناو ئازادی گەل و نیشتمان بە تایبەت ئەوانەی بە پەتی سێدارە هەڵواسران .

برای دڵسۆزت خالید قادر رسول

ڕانیە- ڕاپەڕین 20 -8-2008

برای بەڕێز و هاوڕێی زیندانیم کاک ڕەسول بۆسکێنی

دوای سڵاو و ڕێز و وەفاداریت هەمیشە هیوای سەرکەوتن و خۆشبەختیت بەئاوات دەخوازم
لە دەستپێکی وتەکەم دا دەستخۆشیت لێدەکەم کە توانیوتە بۆ ژیانە بەسەرهاتن و
بیرەوەرییەکانی زۆرداری سەختی بەندیخانە بە ڕاستگۆیی و بە ڕاشکاوی باس بکەیت.
دوای ئەوەی ئەو [illegible] کە تۆ خۆت نووسیوەو بە دوور لە [illegible] سەرنجم داو [illegible]
لە هەموو ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا بۆم دەرکەوت کە بەڕاستی تۆ [illegible]
ئازارەکانی هاوڕێیانی بەندیخانەت [illegible] لە کاتی [illegible] لە زیندانە [illegible] و
ئازار و [illegible] لە کاتی دادگایی کردن و دوای حوکمدان وەک خۆی تۆمار کردووە،
بێگومان [illegible] بە ئاو ئازار [illegible] لە خۆیدا مێژوویەکە
ڕاستییەکانی ئەو [illegible] و سەردەمەکە [illegible] بۆ تۆی
هەمیشە خۆشەویستم لە ڕاستیدا کارێکی سەخت و [illegible] داوە
هەرچەندە توانادار [illegible] تۆ [illegible] من شارەزا نیم بەڵام دوای [illegible]
[illegible] بە ئازارەکانی لە ساڵی ١٩٨٩ - ١٩٩١ وە تۆمارکردنی
بیرەوەرییەکانی بەندیخانە بەو شێوەیەی [illegible] بەرەکانی مێژوو و
[illegible] زیاتر [illegible] ئاگری [illegible] مانای
کە لەکەمان [illegible] لە پێناوی بەرزی نیشتمان و ئازادی کە لەکەمان
بێ باکانە لە مەرگ بەرامبەر دڕندەترین ڕژێمی جیهاندا بەرەوڕوو بوون.
لە ڕاستیدا من هەمیشە ڕێزی تایبەتیم هەبووە بەرامبەر بە تۆ
دوای [illegible] لە بەندیخانە [illegible] کە بڵێم هاوڕێی و هاوڕێی
گیانی بەگیانیم [illegible] و هاوڕێکانت [illegible] بە هۆی [illegible]
باری دەروونیم زۆر باش بووە بە هۆی [illegible] ساڕێژ بوون
دووبارە پیرۆزبایی [illegible] دوای ئازاری [illegible] لە بەندیخانە دڵسۆزانە
وە ئاوات دارم [illegible] تاکو [illegible] بەردەوام [illegible]
دووبارە دەستخۆشیت لێ دەکەم هیوای سەرکەوتنت بۆ بەئاوات دەخوازم
هیوادارم [illegible] زیاتر
هەزاران درود و سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو ئەوانەی گیانیان [illegible]
لە پێناو ئازادی کەل و نیشتمان بە تایبەتی [illegible]
بە [illegible] ئەو دا [illegible]

برای دڵسۆزت خالید قادر ڕەسول
ڕانیە ڕاپەڕین
٢٠٠٨/٨/٢٠

سەرنجی بەڕێز/ عەلی ڕەسولْ حەمەد

هاوڕێ ی ڕۆژانی سەختی خەباتم

برای بەڕێز و زێدە خۆشەویستم کاکە رەسولْ گیان

هەر لەگەلْ دەستپێکی خوێندنەوەی نووسینەکەت برینە کۆنەکان کولانەوە و کەوتمە ناو دەریای خەیالْ و بیرکردنەوە. ژیانم گەڕاندەوە بۆ چەند سالێکی ڕابردوو. بەلاّم بەداخەوە نەمتوانی چ ناوێك بۆ نووسینەکەت دابنێم چونکە نووسینەکەت هێندە بەتام و چێژە نە ئەقلّم بڕ دەکا و نە پێنوسەکەشم دەتوانێ ناوێك بۆ ئەو هەستە ناسك و پڕ ئازارەی جەنابت دابنێ .

تەنها ئەوە نەبێت بلێم بەڕاستی بەمانای ووشە ڕۆیشتنێکە بەناو ئازاردا. بەلاّم ئەو ئازارە دەبێت مرۆڤ وەك جەنابت هەستی پێ بکات. تا بتوانێت بە شێوازێکی ئاوا جوان دەری ببڕێت و وەسفی بکات .

برا گیان: زیندان هەموو کاتەکانی ئازارە بەلاّم ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم ئەو دوو ئازارەن کە ئازارەکانیان ئازار دەدا.

یەکەمیان: ئەو کاتانەی بەرامبەر ژوورەکەی من بوویت لە (جناح خاص) تەندروستیت زۆر خراپ بوو. تەنها (5 مەتر) لە منەوە دوور بوویت و نەم دەتوانی هاوکاریت بکەم و بەهاناتەوە بێم ئەو کاتە لەبەر ئازاری تۆ ئازارەکانی خۆم لەبیر چوو بووەوە.

دووەمیان: ئەو ئازارەی هەموو ئازارەکانی زیندانی لە بیر بردمەوە و تاکو لە ژیاندا بم

لە کۆتاییدا دەست خۆشیت لێ دەکەم و هیوادارم تەمەن درێژ بیت و بەردەوام بیت لەسەر نووسینە بەتام و چێژەکانت.

هاوڕێ ی زیندانت

عەلی رەسول حەمەد

2008-8-25

هاوڕێی ئازارانی سەختی خەباتم

برای بەڕێز و زێدە خۆشەویستم کاکە ڕەسوڵ گەرمیانی

هەر لەگەڵ دەستپێکی خوێندنەوەی نووسینەکەت برینە کۆنەکانت کولاندەوە کەوتمە ناو دنیای خەیاڵ و بیرکردنەوە. ژیانم کە پانزە بۆ چەند ساڵێکی ڕابردوو. بەڵام بە داخەوە نەمتوانی ج ناوێک بۆ نووسینەکەت دابنێم چونکە نووسینەکەت هێندە بە تام و چێژە نە ئەقڵم بڕی دەکا و نە پێنووسەکەشم دەتوانێ ناوێک بۆ ئەو هەستە ناسک و بە ئازارەی جەنابت دابنێ.

تەنها ئەوەندە بێت بڵێم بە ڕاستی بە مانای ووشە ڕۆیشتبێکم بە ناو ئازاردا، بەڵام ئەو ئازارە دەبێتە مرۆڤ وەک جەنابت هەستی پێ بکات، تا بتوانێت بە شێوازێکی ئاوا جوان دەری ببڕێت و وەسفی بکات.

براکەم!. زیندانە هەموو کاتێک ئازارە بەڵام ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم ئەو دوو ئازارەن کە ئازارەکانیان ئازاردەدا.

یەکەمیان!. ئەو کاتانەی بەرامبەر ڕووداوەکەی من بوو بێت لە (هیاج حامی) تەندروستیم زۆر خراپ بوو. تەنها (٥ مەتر) لە منەوە دوور بوو بێت و نەم دەتوانی هاوکاری بکەم و یەها ناتەوە بێم ئەوکاتە لە بەر ئازارەی تۆ ئازارەکانی خۆم لە بیرچوو بوونەوە.

دووەمیان!. ئەو ئازارەی هەموو ئازارەکانی زیندانی لە بیربردمەوە و تاکو ئێستا ژیانیدا بمێنێتەوە برینەکەی سارێژنابێت. هاوڕێی کۆچی دوایی خۆشەویستترین کەسم بوو ئەویش (دایکم) بوو. چونکە ئەو فێری کردم کە چۆن بە ناو ئازاردا بڕۆم و گوزەر بکەم.

لە کۆتاییدا دەستت خۆشی لێ دەکەم و هیوادارم تەمەن درێژ بیت و بەردەوام بیت لە سەر نووسینە بە تام و چێژەکانت.

هاوڕێی زیندانیت
علی رسول حمد
٢٠٠٨/٨/٢٥

## ووتەی سەرەتا

دوای ئازاد بوونمان لە بەندیخانە کاك ئەحمەد سەپان وەك نوێنەری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵم ئەنجام دا، دوای ئەوەش هەرکاتێك داوام لێکرابا یاخود باسێکم دەربارەی بەندیخانە بگێڕایەوە هەستم دەکرد کاریگەری زۆری لەسەر گوێگرانی ئەو بەسەر هاتانە دادەنا، لەبەر ئەوە چەند جارێك داوام لێ کرا بەسەرهاتی ڕۆژانی بەندیم بە ووردی بنوسمەوە، هەر چەندە ڕەش نوسەکەی کارێکی ئەستەم بوو ئەرکی زۆری ویست، بەڵام کە سەیرم کرد چیرۆکێکی خۆش و پڕکارەساتی لێ دەرچوو، لە دوو لاوە کارەکە بۆ من جێگەی دڵخۆشی و سەرنج بوو، لەلایەك بەشێك لە مێژووی شاراوەی نەتەوەکەمان بە نەوەکانی داهاتوو ئاشنا دەکرد، لەلایەکی دیکەش هەگبەیەکی پڕە لە بەسەرهات و ئازار و ئەشکەنجە و جەنگی دەرونی و مەینەتیەکانی زۆرێك لە ژن و پیاوی گەلەکەمان و دڕندایەتی و ڕەگەزپەرستی دوژمنان بەرامبەر بەجەستە و ڕۆحی ئەو قارەمان و ورە بەرز و کۆڵ نەدەرانە پیشان دەدا کە تەنها لەسەر بیروباوەڕ و کورد بوون گیرا بوون، کە لەو دیوی دەرگا داخراو و شیش بەند و ژووره تاریك و شێدارەکانەوە گیانی خۆڕاگری و باوەڕ بەخۆ بوونی ئەو نیشتمان پەروەرانە بەرامبەر بە جەللادەکانی بەعس لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئازادی، یەکسانی، بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ڕزگاری نیشتمان و نەتەوەکەماندا، بەڵام زۆر بەداخەوە هەر بەدەست نووسی لەگەڵ چەندین دەست نووسی تردا کە دەربارەی شیعر و ئەدەب و مێژوو و کەلەپووری نەتەوەکەمان نووسرا بوون لەگەڵ هەموو کتێبخانەکەم، بە هەموو شتێکەوە کەچەندین ساڵ بوو کۆکرا بووەوە لەگەڵ زۆر کەل وپەلی تردا سوتا، بەداخەوە لەم ووڵاتەدا زۆر جار ناتوانی شتە نایابەکان بپارێزی، ئەوە سێ یەم جارە کتێبخانەکەم بەم دەردە دەچێت، لە سەرەتای ساڵی 1986 لە ترسی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس بەشێك لەکتێبخانەکەم بردە ماڵی حسین محەمەد قادری هاوڕێم بۆ پاراستنیان، بەڵام بە هۆی تەڕ بوون لە ناو چوون، جاری دووەم کە گیرام بەشێك لە

کتێبخانەکەم لەلای دۆست و خزمان دانرا بوو بە هیوای حەشاردان و پاراستنیان، بەداخەوە ئەوان و هی بەشێکی ماڵی خۆشمان لەناو چوون، ئەم جارەش بە هۆی کەم ئەزموونی لە دوای ڕووداوەکانی ساڵی 1996سووتان، هەموو شارەزا و زانایانی خۆمانەو بێگانە نوسین و زانست و ئەدەب بە تاکە چارەسەر و ڕێگای سەرکەوتن دەزانن، زۆر بەداخەوە دەریایەك زانست و زانیاری ئەو هەموو زاناو بلیمەتانە بووبە خۆڵەمێش و پاشماوەکەی لەگەڵ خۆڵ و هەوا تێکەڵ بوو، مخابن ئەو هەموو کتێب و گۆڤار و دەست نووس و تەواوی ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و دەست نووسی بیرەوەریەکانی بەندیخانەشم لەدەست چوو، لەبەر تەمبەڵیش نەمتوانی جارێکی تر بینوسمەوە، بەڵام لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری ورەی ئازیزدا بەهاندانی برای بەرێزم ئەحمەدی مام رەسوڵ لێپرسراوی (کۆمەڵەی زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان–لقی ڕاپەڕین) وە برای خۆشەویستم دکتۆر کاوسێن بابەکر سەرنوسەری گۆڤاری (ورە) جارێکی تر ورەم دایە بەرخۆم و بیرەوەریەکانی بەندیخانەم نوسیەوە بۆ ئەوەی لە گۆڤاری ورەی ئازیزدا بە زنجیرە بڵاوی بکەنەوە، هەر چەندە وردە کاریەکان و زۆر شتم لەبیر نەماوە، هەوڵ دەدەم پوختەی مەبەست باس بکەم، ئەگەر کەم و کوڕی ببێت، داوای لێبوردن لەلایەنی پەیوەندی دار دەکەم، چونکە ماوەی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە و چەرمەسەری ژیان و جەنجاڵی ڕۆژگار و سەختی کارەکەش هەر ئەوەندە بوار دەدات. بەو هیوایەی سوود بەخش بێت، هەر دێڕێکی ئاوێنەی باڵا نمای مێژوو بێت، بۆ شارەزا بوون لە دڕندەیی و ڕەگەز پەرستی بەعس بۆ نەوەکانی داهاتوو و هەموو جیهان.

جێگای دەست خۆشی یە بۆ گۆڤاری ورەی ئازیز ئەگەرچی کۆسپی زۆری لە ڕێ بوو، بەڵام توانیان بەسەرکەوتوویی حەوت ژمارەی ئەو گۆڤارە ئازیزەیان بڵاو کردەوە، لە هەر ژمارەیەکیش دا هەندێك لە بیرەوەریەکانی من (ڕۆیشتنێك بەناو ئازاردا) لەو گۆڤارە ئازیزەدا بڵاو دەکرایەوە، بەڵام لەبەر وەستانی ئەو گۆڤارە ئازیزە و هاندانی هاوڕێ و نزیکانم ناچار بووم کۆی بیرەوەریەکان لە دووتوێ ی ئەم کتێبەدا بخەمە بەردەستی خوێنەرانی

خۆشەویست. بە هیوام هەوڵێکی بە سوود بێت بۆ مێژوو و کتێبخانەی نەتەوەکەم.

خوێنەری خۆشەویست ئەگەر لەم نوسینەدا هەندێك ووتەی بەجۆرێك دەربارەی کەسێك یاشتێك ووتراوە کە بەلای تۆوە شیاوی ووتن نیە، هیوادارم تێڕوانین و بۆچوونەکەم بەکەم سەیر کردن و سووکایەتی و هەر شێوەیەکی تر لێك نەدرێتەوە، ئەمە لە باوەڕی پتەو و دڵسۆزی منەوە سەرچاوەی گرتووە، کەوا نەریتی خۆبواردن و لاوازی ئەبێ لە خۆمان بە دوور بگرین، دنیا لەگۆڕان دایە و بە هەمان شێوە مرۆڤەکانیش لە گۆڕان دان، هەوڵم داوە شتەکان بەبێ لایەنی و وەك خۆی بنووسم، بەڵکو بتوانم خزمەتێکی بچوك بە مێژووی گەلەکەم بکەم. بێ گومان هیچ کەس لە هەڵە بەدەر نیە و هەرکەسێکیش هەڵەم بۆ ڕاست بکاتەوە سوپاسی دەکەم .

## ڕون کردنەوەیەکی پێویست دەربارەی مانای بەرینی زاراوەی بەندی و بەندیخانە

### بەندیخانە

دەربارەی ئەو جێگایانەی کەسەکانی تێدا کۆت و بەند دەکرێت و چاوەڕێی دادگایی کردنن، یاخود تاوانبار کراون یاخود ناچارکراون بە مل دان بۆ هەر مەرجێکی دەزگاکانی گرتن و داپڵۆسینی خەڵك لە نێوان هەموو شوێنەکانی دەستگیرکردن دا بەفراوانی دەستەواژەی جیاجیا بە کاردەهێندرێت بۆنموونە:

بەندیخانەی ڕاگیراوان (توقف) بۆ شوێنی کەسانێك بەکار دەهێندرێت کە هێشتا حوکوم نەدراون و چاوەڕێی دادگایی کردنن بە تاوانبار یا بێتاوان.

بەندیخانەی حکومدراوەکان (المحکومین) بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێندرێت کە لەلایەن دادگاوە حکوم دراون، بەڵام شوێنێك کە دیاری کراوە بۆ کەسانێك کە بە تاوانێکی تایبەت تاوانبار کراون پێی دەگووترێت دەزگا چاککاریەکان، هەروەك دەزانین بەندیخانەی تاکە کەسی (انفرادی) ترسناکترین شێوەی بەندیخانەیە.

### بەندی

وەك چۆن ووشەی جیا جیا بۆ بەندیخانەکان بەکاردەهێنرێت هەر بەم شێوەیەش ووشەی جیا جیاش بۆ بەندیەکان بەکاردەهێنرێت(1)، ئەگەر یەکێك چاوەڕێی دادگایی کردن بێت پێی دەگووترێت ڕاگیراو (موقف)، ئەو بەندیانەی دوای دادگایی کردن پێیان دەوترێت (محکوم) یاخود ئەو کەسانەی بە تاوانی تایبەتی حکوم دراون لە دەزگا چاککاریەکان پێیان دەوترێت دابەزیو (النزیل).

ئێمە ووشەی بەندیخانە بۆ هەموو شوێنەکانی دەست بەسەر کردن و گیراوەکان بەکار دەهێنین، وە هەروەها ووشەی بەندی بۆ هەموو ئەو کەسانە بەکاردەهێنین کە گیراون، بەڵام لەناو دەقی نوسینەکەدا باشتر ڕوون دەبێتەوە، ئەوەی شاینی باسە دەستەواژەکانمان لە ناو نوسینەکەدا لەسەر بەندی سیاسی چڕکردۆتەوە.

## چێژ و ئازار

چێژ و ئازار دوو بنەمای گرنگن لە ژیانی مرۆڤ دا هەمیشە دەستەملانن، چێژ شتێكی خۆش و باشە دووریمان لە ئازار مسۆگەر دەكات، ئازار شتێكی خراپە و دەرد و مەینەتی دێنیٚ.

بنەمای هیچ كارێك هۆكاری چێژ و ئازار نابەخشیٚ، بەڵكو لە ناو مانای بەرینی ئەم دوو ووشەیەدا جگەلە خراپە و چاكە شتێكی تر نیە، ئەمە بەسەر هەموو چێژ و ئازارەكان دا دەچەسپێت.

چوار سەرچاوەی گرنگ هەیە كەوا چێژ و ئازارەكان لەو سەرچاوانە سەرچاوە دەگرن ئەوانیش: سەرچاوەی ماددی، سیاسی، ئەخلاقی و ئاینی كەوا تەواوی خۆشی و مەینەتیەكان لە مانەوە پەیدا دەبن،ئەمانەدەتوانن هێزێكی پاڵنەر بن بۆ یاساوڕێساكان بۆ برەودان بەخۆشی وكەمكردنەوەی مەینەتیەكانی تاك و كۆمەڵگا.

چێژ و ئازارەكانی ئێمە دەسەڵاتداران دیاری دەكەن و خۆشی و ناخۆشی و هەر چی ئێمە دەیكەین یان دەبیٚ بیكەین ئەوان بڕیاری لیٚ دەدەن.

هەولیٚ و ئامانجی هەر تاكێك بۆ گەیشتن بە چێژ و خۆپاراستن لە ئازار و مەینەتیەكانی جیٚ ی باس نیە، بەڵام لە كاتێكدا هەولی گەیشتن بە چێژ و خۆپاراستن لە ئازار دەدەن، هەر بەو جۆرەش دەبیٚ زیاد كردنی چێژی گشتی بكەنە ئامانجی خۆیان .

مرۆڤ خاوەنی هۆكاری تایبەتی كۆمەڵایەتی چاكە خوازیە، لە هەمان كات دا خاوەنی خواستێكی خراپ و شەڕانگێزانەیە، بیٚ گومان یاسادانەران بەسوود وەرگرتن لە دەسەڵات دەتوانن لە هەولی ئەوە دابن لە ئاكامی هەر یاسایەك بەختەوەری بۆ مرۆڤ زیاد بكەن و مەینەتیەكانی كەم بكەنەوە، ئەو یاسایانەی لەسەر ئەم بنەمایە كار بكەن ڕەنگە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بكەن، بەڵام ئەو سزایەی بۆ گویٚ ڕایەڵی و تەمیٚ كردنیان دانراوە، ئەوانی تر گویٚ ڕایەڵی ناكەن.

کەسانێك کە وەکو دادوەر  و ناوبژیوان دیاری دەکرێن و یاساکان  بە پیّ ی ویستی دەسەڵاتداران جیّ بە جیّ دەکەن، دەتوانریّ بگوتریّ ئەم یاسایانە تەنها لە خزمەتی مانەوەی بەڕێوەبردنی سیاسی دان

# بەشی یەکەم

## ئەو کێبڵانەی جەستەیان داغان و ڕقیان ئەستوور تر دەکرد

### دۆخێکی دژوار

پێی وابوو پیاڵەیەك ژەهری خواردۆتەوە، خومەینی ڕێبەری شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران کە وەستانی شەڕی قبوڵ کرد.

دوای هەشت ساڵ شەڕی خوێناوی و کاولکاری نێوان عیراق و ئێران لە ژێر فشاری نەتەوەیە کگرتووەکان دا بڕیاری شەڕ وەستاندن درا و لە 20-8-1988 شەڕ وەستێنرا، بەمەش عیراق دوژمنێکی سامناك و سەر سەختی لە کۆڵ بوەوە، ئیتر ڕژێمی بەعس دەستی واڵا بوو بۆ ئەوەی کێشەی خۆی لەگەڵ گەلی کورد و شۆڕشە ڕزگاریخوازەکەی یەکلایی بکاتەوە، هەر چی ڕق و کینەی بەعسیەکان بوو بۆ ڕۆژێکی وایان هەڵگرتبوو، ئیتر سوپای داگیرکەری بەعس کەوتە پەلاماردان و وێران کردنی کوردستان .

دوای گوشارێکی زۆری ڕژێمی داگیرکەری بەعس و جەنگی قڕکردن و لە ناو بردنی کورد و بێ دەنگی دنیاش، هێزی پێشمەرگە و دانیشتوانی ناوچە ئازاد کراوەکان ناچار پاشەکشەیان کرد بۆ سەر سنووری ئێران، بەڵام (ی.ن.ك) بۆ ئەوەی هەم لە جەماوەر دانەبڕێ و بۆ گومان و لێدانی ڕژێم پڕنسیپێکی نوێ ی خەباتی داهێنا ئەویش مەفرەزە پارتیزان (أختيفا)کانی پاش ئەنفال بوو، لە هەموو سنوورەکان لە نزیکترین خاڵی ڕژێم خۆیان حەشاردا و زۆر جاریش چالاکی پێشمەرگانەیان ئەنجام دەدا و بە هاوکاری

ڕێکخستنەکانی ناوشار کارەکانیان بۆ جێ بەجێ دەکرا، سەرەڕای ئەوەش (ی.ن.ك) بڕیاری دا جارێکی تر ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناو شار بەگەڕبخرێنەوە، کەوا ماوەیەك بوو بە هۆی شەڕ و پەلاماردانی بەردەوامی ڕژێمی بەعس بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چاودێری ووردی ناو شارەکان ڕیزەکانی ڕێکخستن کەم وکوڕی تێکەوتبوو .

له سنوورەکەی ئێمەش من و قادر ئەحمەد ئیسماعیل، بەختیار حەمە مەجید، ئەسعەد حەمە عەلی هەرچەندە پەیوەندی ڕێکخستنمان بە یەکەوە نەبوو، بەڵام لە یەکتر نزیك بووین، دەمانتوانی هەمیشە یەکتر ببینین، قادر بە باڵا دەستە پیاوێك بوو، لە پەیوەندی دۆستانەدا زوو دەچووە پێش هەندێك ئارەزووی خۆدەرخستنی هەبوو، هەڵپەی زۆر بوو لە ئەنجامی ئەو هەڵپەکردنەدا زۆر جار توشی هەڵەی گەورە دەبوو، بەڵام لە هەموو بارێکدا دڵی بەڕێکخستن خۆش بوو،  لە کۆتایی ساڵی 1988 کەوتە کاسبی کردن وکاری قاچاغی لەنێوان ڕانیەو قاسمە ڕەش دا کە ئەو کاتە ناوچەی پشدەر ڕاگوێزرا بوو، هەمووی (محەرەمە)* بوو تەنها خەڵکی تایبەت و سەر بەڕژێم بۆیان هەبوو بچنە ئەم ناوچەیەوە، لەبەر ئەوە هاتوچۆی قادر بۆ قاسمە ڕەش بۆ من جێ ی پرسیار بوو، بۆیە ویستم خۆمی لێ دوور بخمەوە، ڕۆژێك لە پیاسەیەکی دوور ودرێژدا زۆر قسەم بۆ کرد گوایە لەبەر ئەوەی شۆڕش ڕێز لە کارەکانم ناگرێت بڕیارم داوە واز لە کاری ڕێکخستن بهێنم، بەڵام پلانەکەم شکستی هێنا، لە کارەکەم سەر کەوتوو نەبووم، قادر کوڕێکی دڵسۆز و چالاك بوو لە کارەکەی، بەڵام من لە بەلای ڕۆژگار دەترسام، لە دڵسۆزی و پەرۆشیمان بۆ کاری ڕێکخستن ئەو بار ودۆخە هەستیارەی تێ ی کەوتبووین بۆ ئەنجام دانی ئەرکەکانی سەر شانمان بڕیارمان دا لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانمان کۆبونەوەیەك ئەنجام بدەین بۆ دەربازبوون لەم تەنگژەیە، هەموومان لە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان(ی.ن.ك) دابووین. بە هۆی لێك نزیکی جموجۆڵ و کارەکان زۆر شاراوە نەبوون.

بەختیار دەستە پیاوێکی لووت کورت و قیت، پرچ گڤن و هەندێك خۆپارێز بوو، بەڵام

خۆشەویستی خەڵك و لە ڕێكخستن دا چالاك بوو، ژمارەیەكی زۆر ڕێكخستنی لابوو، بەڵام خۆپارێزیەكەی هەندێك جار ئاستنگی بۆ دروست دەكردین، ئەگەر ویستبامان كارێكی ڕێكخستنی لەگەڵ ئەنجام بدین ماوەیەكی زۆری دەویست بە
بیانوی ئەوەی گوایە خەریكی كار و كاسبی یە و بۆی ناكرێت هەمیشەئامادە بێت .

ئەسعەد كوڕێكی كورتەبنەی قسەخۆش و زۆرزان بوو، ئەو كاتە خوێندكار بوو لە زانكۆی موسڵ بوو، دوای ئەوەی بڕیارمان دا كۆببینەوە هەر جارێك لە زانكۆ دەهاتەوە بۆ ڕانیە داوامان لێ دەكرد كۆبونەوە بكەین، بەڵام ئەو هەمیشە خۆی لە داواكەمان دەدزیەوە ودەیگووت : بامانگی داهاتوو بێت، دوور نیە هەردووكیانٍ چاوەڕێ ی هەلێكی باشتریان كردبێت بۆ ئەو كۆبونەوەیە، هەر چەندە كار كردن لەو ڕۆژگارە پلان و ئەزموونی زۆری پێویست بوو، بەڵام ئەوانە خەڵكی دڵسۆز و چالاك و خۆشەویستی ناو رێكخستن بوون(یادیان بەخێر)، هەر چۆنێك بوو لە دوای رەخنە و سەر زەنشتی زۆری قادر بۆ ئەسعەد و بەختیار بڕیارمان دا لە9 –9–1989 لە ناو تووتنیماڵی قادر نزیك گردەدێمە لە باخچەكانی دامێنی ڕانیە كە لەبەر ئاوی قولە بەراو كراون، كۆبونەوەكەمان ئەنجام دا، خاڵە جەوهەریەكانی كۆبونەوەكە: هاوكاری مەفرەزە پارتیزانەكان و ڕێكخستنەوەی هاوڕێكانمان و بوژاندنەوەو جۆشدانەوەی خەڵك، چاندنی ئومێدی سەركەوتنی شۆڕش لە دڵی جەماوەردا، بەڵام هیچ ڕاپۆرت و نوسراوێكمان نەنووسی قادر داوای كۆتایی هێنانی بەكۆبونەوەكە كرد پێش ئەوەی (محەمەد مەحمود وەیسی ) بێت، ناوبراو كوڕێكی باڵا ووردیلەی چارەگران و جێ ی گومان بوو، یا هەر بەلای منەوە وا بوو، چونكە هەموو هاوڕێیان خۆشیان دەویست، بەڵام من بە دەست خۆم نەبوو گومانم لێ ی هەبوو، سەیر لەوەدا بوو گومانەكەشم نەدەشاردەوە و لای هەموویان باسم دەكرد، ڕەخنەشم گرت لە ئاگاداركردن و هاتنی بۆ ئێرە لەگەڵ گفتوگۆكەمان دا گەیشتە لامان، ئیتر كۆبونەوەكەمان كۆتایی پێ هێنا و چۆن یەك یەك ودوو دوو هاتبووین ئاواش ڕۆیشتینەوە، هەر كەس كەوتە

جێ بەجێ کردنی کاری خۆی و ئەو ئەرکەی بۆی دیاری کراوە .زۆر سەیرە سیاسەت وەك دڵداری وایە بەسەر مەستی و دڵگەرمیەوە بۆی دەچیت، بەخۆت نازانی تاکو نەکەویە ناوی کە کەوتیشیە ناوی دەرباز بوونت زەحمەتە.

## شەوێکی شووم

ئەمشەو هەودای خەیاڵم بیابانی ئەم شەوگارە تەی دەکا، لە مەنزڵی هەر دیمەنێك ئیستێك دەگرێ و گەواهی پەسندی گشت جوانیەك دەسەلمێنێ، نا هەمواری و شەڕانگێزی دەمهەژێنێ، ملۆمۆی گورگە مێشی ئەم وولاتە لە چۆڵەوانی سەرسامی دا جێم دەهێڵێ .

ئایا ئەمشەو شنەی شەوبا لە پەنجەرەی دیوەکەم دا دێتە ژوری و شادی و خۆشی دەپرژێنێ، یا گژەبای ڕق و تورە خەم و حەسرەت دەبارێنێ ؟

ئەمشەو پەپولەی دڵم لەچوارچێوەی هەستمدا ئارام ناگرێ لە ناو تەونی نامۆیی دا بە فەرمانێك لە دژی خۆم خەبەردەدا .

ئەمشەو لە ناو ڕێچکەی تاڵ و سوێری ئەم ڕۆژگارە وێژنگ دەدەم، ئەگەر چی لەخەو زۆر بێزارم ڕێگە دەدەم بەخەوی خۆش شەوگار شەق کەم، گەر خەویش بێ بۆ چەند ساتێ دوور لە مەینەتی ئەم جیهانە بگوزەرێنم.

لەنیوەی شەو تێپەڕی بوو، لە خەوێکی قوڵ بە ئاگا هاتم و لە کاتژمێر دوانزەو نیو شەوی 18لەسەر1989\10\19 دا بێدار بومەوە و خەو لە چاوم زڕاو خەوم لێ نەکەوتەوە، لە ناو جێگاکەم زۆر ئەم دیو ئەو دیوم کرد سوودی نەبوو، ڕەنگە کاتژمێرێك زیاتر ئاوا مامەوە دوایی هەر بۆ گۆڕینی بار و دۆخەکە ویستم بچمە حەوشە، لە ئاسمانی ساف و بێگەردی شەوێکی پایزدا مانگ بە تەختی ئاسمانەوە نوسابوو، بە دەوری خۆیدا خەرمانەیەکی گەشی کێشابوو، تریفەی زیوینی بە سەر شاردا پەخش دەکرد، بەو هیوایەی لەناو ئەو مانگە شەوە سافەدا تۆزێك هەوای پاك هەڵمژم، هەر کە گەیشتمە دەرەوە لە بۆشایی نێوان زەوی و دەرگای حەوشە هەندێك تارمایی قاچم بینی، هەر وام زانی ئەو ڕەشە

ولأخانەن کە خاوەنەکانیان لەبەر بێ موبالاتی و دوور لە ئاکاری شارستانی بەریان دەدەنە سەر کۆلأن و شەقامەکان، ئەو شەوە بۆمن شەوێکی شوم بوو، دوای هاتنە دەرەوەم بە چەند چرکەیەك هەر کە لە حەوشەکە ڕاوەستام لێکرا چەند کەسێك لە هێزی تایبەت (قوات خاصة)یەك بەغار بۆلام هاتن:

– نەجولێی پشکنینە !

هەر کە گەیشتنە لام پرسیان ناوت چیە ؟

– بە نارێکی و بە پچڕ پچڕ ناوی خۆم پێ گووتن:

یەکێکیان کەوا دیار بوو کورد بوو گووتی :

– خۆیەتی

چوونە ژورەوە بۆ ئەوەی ناسنامەکەم وەربگرن، منیش لەگەڵیان چومە ژوورەوە، بەلأم ئەوان کەوا دیار بوو زۆر دەترسان یا هەر شێوەی کارەکەیان وا بوو، بە دوو سەرباز یەکی قۆڵێکیان گرتبووم، منداڵە ووردەکانم لەخەو هەستان پێیان گووتن:

– بخەون...بخەون...هیچ نیە.

هاوسەرەکەم دەفتەری خزمەتی سەربازی منی بۆ هێنان، جلەکانم بە دیوارەوە هەڵواسرا بوون زۆر هەولم دا ڕازیان بکەم جلەکانم لەبەر بکەم، بەلأم ڕێگەیان نەدام هەر دەیان گووت:

– هیچ نیە...دوو پرسیارت لێدەکەین و دەگەڕێیتەوە.

بەلأم من ڕابوردووی خۆم و بێ موبالاتی قادرم لەکارەکاندا باش هەڵسەنگاند بوو زانیم تازە پێوە بووم، هاسەرەکەم زۆر پاڕایەوە بەلأم هیچ سوودی نەبوو هەر دەیان گووت:

– ئێستا دێتەوە.

لە ژووریَ هێنایانمە دەرەوە کە تەماشام کرد بەکری فەقێ برایم و محەمەدی بر ایی لەگەڵ مەحمودی برام کە هەمووومان لە دوو چاوە خانوو لەیەك حەشەدا بووین، هەموویان

بەجلی شەوەوە دەست لەسەر سەر لە هەیوانەکەی ئێمە ڕاگراون، پێش خۆیان دام، قۆڵیان گرتبووم هەر ئەوەندە تا گەیشتمە ئەو دیوی دەرگای حەوشە یەکسەر چاویان بەستم، هەردوو دەستیان لە دواوە بە وایەری تەلەفۆن بەستم، لەو کاتەدا من تەنها ئۆتۆمبیلێکی شۆفرلێتم بەدی کرد لەگەڵ چەند ئۆتۆمبیلێکی تر، بەڵام دواتر خەڵك دەیانگووت: سەرەتا هەر چوار دەورەی گەڕەکی ئێمەیان بەسەرباز تەنی بوو، ئینجا هات بوونە ناو حەوشەی ئێمەوە، چونکە بەعس هەمیشە کارەکانی خافڵگیر و دوور لە چاوی خەڵك ئەنجام دەدا، ئینجا بردیانم منیان لە ناوەڕاستی لاندکرۆزەرێك سوار کرد، سەریان پێخستمە بن کوشنی ئۆتۆمبیلەکە، زۆر هەوڵم دا بیرم ڕۆشن بکەم تا بزانم بۆ کوێم دەبەن، بەڵام لەو کاتە جەنجاڵەدا کەی شتی وات لەبیرە، هەر لە چرکەی یەکەم هەموویم لێ ئاڵۆزا، شار ئەوەندە خامۆش بوو هەر لە گۆڕستانێکی خامۆش دەچوو، بێ دەنگیەك سەر تاسەری شاری داگرتبوو دەتگووت زیندەوەرێکی تێدا نەماوە، تەنها شتێك کە دەهاتە بەرگوێ دەنگی ئەو ئۆتۆمبیلانە بوو کە بوونە هۆی بەد بەختی من و خێزانەکەم، دوای یەك دوو جار سوڕانەوە بە ناو کۆڵانەکانی شار دا لە ماڵێکی تر وەستان، وەك هەستم کرد دووانیشیان لەوێ پێچایەوە و ڕۆیشتن لە شار نەچووینە دەرەوە، کە دواتر بۆمان ڕوون بووەوە لە دەزگای هەواڵگری قەڵادزێ کەوا بە هۆی ڕاگواستن و وێران کردنی ناوچەی پشدەر هاتبووە ئەو باڵەخانەیەی بۆ بەشی ناوخۆیی لە ڕانیە دروست کرا بوو، لەبەرامبەر نەخۆشخانەی سەربازی، بە پلیکانەکاندا سەریان خستین لە ڕاڕەوێك دایان نیشاندین کەپێ دەچوو ڕاڕەوێکی تەسك و باریك بێ، پاڵیان پێ بە دیوارەوە دام گووتیان:

— بخەوە.

ڕاڕەوەکە ئارام بوو تەنها دەنگی پۆستاڵی سەربازەکان لەکاتی هاتو چۆدا دەهاتە بەرگوێ، هەستم کرد خەڵکی تریشم لەگەڵ دایە، بەڵام نەمدەزانی کێن، لەبەر خۆمەوە دەم گووت:

– خوایه تەنها قادرم لەگەڵ نەگیرابێ هەرکەسێکە قەیدی نیە !

ئەو نزا و پاڕانەوەیەم لەبەر ئەوە نەبوو هێندە پەرۆشی قادرم بێت، بەڵکو لەوە دەترسام ئەگەر زۆر بین دوور نیە نەتوانین نهێنیەکانمان بپارێزین، بە هەر حاڵ ئەو شەوە لەپاڵ دیوارەکە بێ ئەوەی تۆزێك بخەوم ڕۆژم کردەوە، بەیانی چەند پرسیارێکیان لێ کردم لە ناو و تەمەن وکار و ژمارەی منداڵ و لەم بابەتانە، دوای ماوەیەك کە پێ دەچوو کاتی چێشتەنگاو بێ لە ڕۆژی 1989\10\19 لە کاتی بەڕێکردنمان دا یەکێك لە پێش من دەڕۆیشت گوێم لێ بوو گووتی:

– میزم دێت

یەکسەر دەنگی قادرم ناسیەوە...تاسام! هەودای خەیاڵم پچڕا، وەك ئاردی ناو دڕوێ لێم تێکەڵ بوو، منیان ڕاگرت تا ئەو میزی کرد بە منیان گووت :

– تۆ میز ناکەیت؟

– نەخێر

بە پلیکانەکاندا بردیانینە خوارەوە، سێ کەس لە ناوەڕاستی لاندکرۆزەرێك سوار کرابووین، من لە ناوەڕاست دا بووم، یەکێکیان لە من بەدبەخت تر بوو، بە پێ ی ئەوەی بەرگەکەی نەرم بوو هەر بەکراس و بیجامەی بەرگی شەوەوە هێنابوویان، بەڵام ئەوەی لای چەپم دیار بوو شەڵوار و مرادخانی کوردی لەبەردا بوو تۆزێك زبر بوو، کە دواتر بۆمان دەرکەوت پیرۆت بوو، ئەوەی تریش قادر بوو، ڕۆیشتین ڕانیەمان بەجێهێشت، چەند جار تووشی شار و ئاوەدانی دەبووین، بەڵام بۆم نەدەخرایەوە سەریەك بزانم ئەمەکوێیە، من هەر لە دەرگای ماڵی خۆمانەوە چاوم بەسترا بوو، دەستم بە وایەری تەلەفۆن شەتەك درا بوو، مەچەکم زۆر دێشا ئەوەندە توند بەسترا بوو هەر دوو دەستم ئاوسا بوون، لە ڕێگا بە کابرای سەربازم گووت :

– دەستم زۆر ئازاری هەیە .

که سەربازەکە تەماشای دەستی کردم زۆر ئەستوور ببوو، بۆ دڵخۆشی من بوو یاویژدانی هەژابوو گووتی:

– های ...ئەوە چ گەوادێك ئاوای بەستووە ؟

لەبەر ئەوەی مەچەکی دەستم هێندە ئەستوور ببوو وایەری تەلەفۆنەکەی داپۆشی بوو، لەبەر ئەوە کابرای سەرباز زۆر خەریك بوو تا وایەرەکەی بۆ کردمەوە، دوای ماوەیەك ئینجا بەستیەوە بێ ئەوەی ڕێگای ئەوەم بدات سەرم بەرز بکەمەوە، بە شارێکی گەورەدا تێ پەڕین، بە هەولێری تێگەیشتم، بەردەوام لە ڕۆیشتن دا بووین گەیشتینە شارێکی تر، دوای بڕینی هەندێك شەقام و سوڕانەوە بەناو شاردا لە حەوشەی خانوویەکی گەورەدا دایان بەزاندین، هەر پێنجمان لە تەنیشت یەکتر و تۆزێك دوور لەیەك لەسەر زەوی دایان نیشاندین، هەتاوەکە ئەوەندە گەرم بوو دەتگووت خۆر دابەزیوە، جارێکی تر لێیان پرسین ناوت چی یە ؟ تەمەنت چەندە ؟ چەند منداڵت هەیە ؟ کارت چی یە ؟ و لەم جۆرە پرسیارانە، دوای ماوەیەك یەك یەك بردیانینە ژووری تاکەکەسی (أنفرادی)

## بەندیخانەی تەنهایی (حەپسی أنفرادی)

بەندیخانەی تاکەکەسی ئەگەرچی بەکردەوە بەرەو ڕووی هیچ ئەشکەنجەدانێکی جەستەیی نەکرێتەوە، بەڵام خۆی لە خۆی دا بە هۆی هێشتنەوەی بەندی بۆ ماوەیەك لە شوێنێکی نەزانراو و نهێنی دا بە تەنها و دوور لە کەسانی تر، ئەوە مامەڵە کردنێکی نەشیاو و کەرامەت شکێنە، لە ڕاستی دا ئەوە کردەوەیەکی نا مرۆڤانە و ئەشکەنجەدانێکی بە ئازار و تاقەت پڕوکێنە .

ئازار و ئەشکەنجەدان کاریگەری زیاترە کاتێك بەندی نەتوانێت چاوی بەخێزان و کەس و کاری بکەوێت، یاخود پارێزەرێك نەبێ بەرگری لێ بکات، یاخود لە خەڵك وکۆمەڵگا دابڕێت و بە تەنها و دوور لە کەسانی تر بخرێتە ژوورێك، ئەمە ئەبێتە حەپسی ئینفرادی .

چەند شێوەیەکی جیاجیا بەکار دەهێنرێ بۆ ڕوخان و چاو شکاندنی بەندی لە بەندیخانەی

تەنهایی دا، سەرەڕای ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی لە هەموویان سەخت تر ئەوەیە بەندیە کە بە تەنها لە ژوورێکی داخراودا جیا دەکرێتەوە و لە هەمان کاتیش لە هەستەکان بێ بەری دەکرێت، واتە ڕێگای ڕوناکی و ئاخاوتن و بیستن و هەوای خاوێنی لێ دەگیرێت، لە ژوورێکی تاریك و شێدار دا سزای قورسی بەسەردا دەسەپێنرێت، شتێکی ڕون و ئاشکایە دابڕینی بەندی لە هەستەکان و تێکەڵ نەبوونی کۆمەڵایەتی بۆ ڕوخانی کەسایەتی و شکاندنی کەرامەتی مرۆڤەکانە، کە ئەمە بێ ڕێزی کردنێکی نامرۆڤانەیە و هیچ پاساوێکی نی یە .

جۆرێکی تری حەپسی ئینفرادی بەندی تەنها دەخرێتە ژوورێکی چۆڵ و تەنهاوە، ڕوناکی و هەوای سروشتی خاوێن و دەنگی بەندیەکانی تری پێ دەگات، بەڵام سەرەڕای ئەشکەنجەی جەستەیی بێ وێنە چەندین ئەشکەنجەی دەرونی لەگەڵ بەکار دەهێنرێ بۆ ڕوخان و تێکچونی باری تەندروستی کە ئەمەش جۆرێکە لەکەرامەت شکێنی مرۆڤ و دەبێتە هۆی مردن یا تێکچوونی باری دەرونی و شێتی و نەخۆش کەوتن .

لە هەموو بارێکدا بەندیخانەی تاکەکەسی ڕەفتارێکی نامرۆڤانە و سوکایەتی پێکەرانەیە، وەکو بەشێك لە هەوڵ دان بۆ ڕوخانی کەسایەتی بەندیەکان لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دوژمن بۆ گێڕانەوەی ئاسایش بۆ وڵات بەکاردەهێنرێ .

بەندی لە بەندیخانەی تاکەکەسی دا بە هۆی دابڕینی لە دەور و بەر، هەمیشە شێواو و شپرزەیە و لە بارودۆخێکی دەرونی هەستیاردا لە ناو گێژاوی سەرسامی دا دەخولێتەوە .

## گێژاوی لێکۆڵینەوە

لە خانوویەکی کۆنی سەربازی دا شوێنێکی تایبەت جیا کرابوەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەوانەی لەسەر کاری سیاسی تایبەت دەگیران، کە پێکهاتبوو لە شەش ژووری بچوك و تەنگەبەر و ناخۆش بە تەنیشت یەکەوە دروست کرا بوون، ڕاڕەوێکی درێژی تەنگ و باریك لەپێش هەموو ژوورەکان دروست کرا بوو، جگە لە دەرگای ژوورەکان ڕاڕەوەکەش دەرگای تایبەتی خۆی هەبوو، یەك (مبردە) لە دەرەوە لەسەر ڕاڕەوەکە لە پەنجەرەوە ئاراستەی

ڕاڕەوەکە کرا بوو، لەبەر کۆنی و بێ کەڵکی دەنگێکی ئەوەندە گەورە و ناخۆش و بێزارکەری هەبوو دەتووت ئاشە ئەگەر نەبوایە زۆر باشتر بوو، وا دیار بوو هەر بە ئەنقەست بۆ بێزار کردنی بەندیەکان ئەم کارەیان دەکرد، منیان بردە ژووری دووەم، کە چوومە ژوورەوە یەکێکی تری لێ بوو یەکسەر هەستایە سەرپێ بە یاساوڵەکەی گووت:

– گەورەم چاوی بکەمەوە ؟

دیار بوو ڕەزامەندی نیشان دا بێ ئەوەی قسە بکات، ئەویش چاوی کردمەوە، کابرای یاساوڵ دەرگاکەی لەسەر داخستین، بە جەستە ماندوو شەکەت، هەستم ئاڵۆز و پەرێشان لە سوچێك دانیشتم، ژوورەکە زۆر تەنگەبەر و بچوك بوو مەترێك پان و دوو مەتر درێژ نەدەبوو، مرۆڤ بە ئەستەم دەیتوانی لە ناوی دا ڕابکشێ، لە بەشی سەرەوەی دەرگاکە کونێکی بچوکی چوار گۆشەی تێدا بوو بۆ تەماشا کردنی یاساوڵەکان بۆ چاودێری بەندیەکان، هیچ پەنجەرە و دەلاقەیەکی تێدا نەبوو، ڕوناکی و تیشکی خۆر و هەوای خاوێن نەدەگەیشتە ناو ژوورەکان، تەنها ئامرازی ڕووناك کەرەوەی ژوورەکە گڵۆپێکی کارەبایی بوو، ئەویش لە ژێر ئارەزوو ویژدانی یاساولەکان دا بوو، کابرای لەگەڵ من لە ژوورەکەدا بوو لێ ی پرسیم:

– خەڵکی کوێ ی ؟!

منیش زۆر جار لە نوسین و کتێب دا خوێندبوومەوە یاخود بۆیان گێڕابوومەوە: ڕژێم لە ناو بەندیخانەکان دا خەڵکی خۆی دەنێرێتە ناو بەندیەکان، بۆ ئەوەی قسە و نهێنی بە بەندیەکان بدرکێنێت، بۆیە لە پرسیاری کابرا بێ دەنگ بووم، وا خۆم پیشان دا کە گوێم لێ نەبووە جارێکی تر پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

– ووتم خەڵکی ڕانیەم.

ئەویش بە بێباکی ووتی:

– منیش خەڵکی ڕانیەم.

لە دڵی خۆم دا گووتم بێ گومان پیاوی خۆیانە بۆیە دەیەوێت لەم ڕێگایەوە خۆیم لێ نزیك

بکاتەوە گووتی:

–خەڵکی چ گەڕەکێکی ؟

– ڕەشەمێرگ.

– منیش خەڵکی گەڕەکی ئازادیم.

گومانەکەم زیاتر بوو کە پیاوی خۆیانە و بە فێڵ ناردوویانەتە لای من تا قسەکانم بۆ ئەوان ببات ، دواتر گووتی :

– لەسەرچی گیراوی؟

نازانم لەسەر چی گیراوم، بەڵام ئەوەندە هەیە لەماڵەوە گووتیان تەنها دوو پرسیارت لێ دەکەین ودەگەڕێیتەوە ماڵی خۆت،ئەویش کەمێك بەبێزاریەوەگووتی:

دوو پرسیاری چی؟ کاکە دوو پرسیاری ئەوان دوو ساڵ دەخایەنێت، ئەوانە زاڵمن کەی بەزەییان بەکوڕی خەڵك دادێتەوە.

ئەوەندەی تر گومانم زیادی کرد کە چۆن بەم قسانە دەیەوێت هەستی من بجوڵێنێت و قسەم لێ دەربهێنێت، زۆر بێزار بووم خەریك بوو هاوار بکەم بەسەری دا بڵێم بەسە کاکە بیبڕەوە، من کەوتووم بەدەردی خۆمەوە، لەو کاتەدا یەکسەر دەرگا کرایەوە یاساوڵێك لەبەر دەرگاکە ڕاوەستا ناوی منی پرسی، منیش هەستامە سەرپێ، خێرا چاو و دەستی بەستمەوە و پێش خۆی دام، هەندێك دوور تر بردمیە ژوورێك چاوی کردمەوە، ڕووبەری ژوورەکە $5\times4$ مەتر دەبوو دەرگاکەی لە نیوەی بەسەرەوە شیش بەند دروست کرا بوو، دیار بوو بە مەبەستێکی تایبەتی خۆیان منیان بردە ئەوێ، چوار سەربازی تێدا بوو وا دیار بوو سەرپێچی سەربازیان کرد بوو سزاکەیان قورس نەبوو، بەسەر بەستی هاتووچۆی دەرەوەیان دەکرد، لە نزیك دەرگاکە بەتانیەك ڕاخرا بوو، منیش لەسەر بەتانیەکە دانیشتم، دوای ماوەیەك پاڵکەوتم، وەك ئەوەی خەوم لێ کەوتبێ، ئەو سەربازانە هەژدەر...هەژدەر قسەیان دەکرد، یەکێکیان دەیگووت:

– لەسەرچی گیراوە؟

یەکێکی تر:

– هەژارە.

یەکێکی تر:

– خیانەتی کردووە.

یەکێکی تر:

– ئێستا دەیبەن هەموو شتێکی پێ دەدرکێنن.

یەکێکی تر:

– هەر دانی بەهیچ دانەنا پێ کێك خواردنەوە(مشروب)ی دەدەنێ هەموو شتێك دەڵێ، لەمەوە بڕیارم دا هیچ شتێك نەخۆمەوە، لەبەر خۆیانەوە دەمەتەقەیان بوو بێ ئەوەی ووشەیەکیش لەگەڵ من باس بکەن، ئەوە ئەشکەنجەیەکی دەرونی گەورە بوو بۆ من وەخت بوو مێشکم بتەقێت، پێم وا بوو ئەوەی ئەوان دەیڵێن هەمووی ڕاستە .

ئەو ئێوارەیە کە 19–10–1989 بوو بارانێکی باش باری لە بوولێڵی ئێوارەدا دوو یاساوڵ بە دوام دا هاتن چاو و دەستیان بەستمەوە، تۆزێك سەرمام بوو بوو هەڵامەتم گرتبوو، بردیانم بە ڕێگاوە بۆ ئەوەی دەمیان تاقی بکەمەوە بە کابرای یاساوڵم گووت :

– من نەخۆشم بەڵکو دکتۆر یادەرمانێکم بۆبهێنن.

کابراش بە تەوسیکەوە گووتی:

– هەر تۆ و دکتۆر! جارێ پەلە مەکە ئەم ئێوارەیە لای ئێمە دەعوەتی .

زانیم گفتوگۆ لەگەڵ ئەمانەدا بێ سوودە، زۆریش سەر زەنشتی خۆم کرد کە چۆن وەك منداڵ لەبەریان دەپاڕێمەوە، وەك ئەمانە نەناسین، بردیانمە ژورێك یەکێك قسەی لەگەڵم دا کرد وا دیار بوو گەورەکەیان بوو، کاوە سەعید کورد بوو خەڵکی کەرکوك بوو وەکو وەرگێڕ لە جیاتی ئەو گووتی :

– ئەمانە دەناسیت ؟ قادر ئەحمەد ئیسماعیل، حسێن حەمەد، عەلی ڕەسوڵ حەمەد، جەنگی ڕەسوڵ حەمەد، پیرۆت عەزیز عەبدوولا، مەحەمەد مەحموود وەیسی، گووتم :

– ئەمانە ناناسم !.

– باشترە دان بە هەموو شتێك دابنێیت، ئێوە بە یەکەوە کاری ڕێکخستن دەکەن بۆ (ی.ن.ك) لەڕۆژی 9–9–1989 کۆبونەوەتان کردووە لە ناو باخچەی ماڵی قادر.

– من ئەمانە ناناسم وە ئاگاداری ئەوەش نیم کە تۆ باسی دەکەیت !.

بە تۆزێك بڕوا بەخۆ بوونەوە گووتی:

– کوڕی باش زۆر کەس وەکو تۆ خۆیان کەڕ ولاڵ کردووە و بە دوو قەمچیش بووە بە بەلبول، هیچ کامێکتان ئەوەندە پیاو نین لە کاتی لێکۆڵینەوە دا هێندە خۆڕاگر بن قسەکەی خۆتان بسەلمێنن کە بێ تاوانن. تۆزێك وەستاو گووتی:

– ها...ئێستا دەڵێ ی چی ؟

– ئاگاداری هیچ نیم بێ تاوانم.

– بە دڵی خۆت بکە، ئارەزووت لێ یە هیچ مەڵێ...من وا ڕۆیشتم.

هەستم دەکرد چەند کەسێك لە دەوری منن بە جوڵە جوڵیان دا نا ئارامیان پێوە دیار بوو، یەکێك پێ ی گووتم:

– جلەکانت دانێ.

کراسەکەم دانا گووتی :

– بیجامەکەشت دابنێ.

– لە ژێرەوە هیچم لەبەردا نی یە.

ڕای تەکاندم و بە فەرمان کردنێکی توندەوە گووتی:

– دای بنێ.

دەزانم کە مرۆڤ بە ڕووتی لە دایك دەبیّ و لە دوا ماڵئاوایش دا ڕووتی دەکەنەوە، بەڵام من لەم ڕووەوە مرۆڤێکی شەرمنم پێم وانیە لەبەر چاوی هیچ کەس خۆم ڕووت کردبێتەوە، لەبەر ئەوە بەدەست خۆم بوایە دەبوومە دڵۆپە ئاوێك و بەزەوی دا دەچوومە خوارەوە، دوای ئەوەی بە ناچاری بیجامەکەشم دانا گووتی :

– لەسەر زەوی لەسەر سك ڕاکشیّ.

یەکێکیان بە دەنگێکی بەرز بانگی برادەرێکی خۆی کرد گووتی :

– وەرە...ئەمە ڕووتە (خلاعیه).

لە هەر چوار لاوە بە قەمچی کەوتنە لێدانم وەك ماری ژنان کوشتویان لیّ کردم، لە سەرەتا بەلامەوە نەنگی بوو هاوار بکەم، یەکێکیان گووتی:

– بەهێز لیّ ی بدەن گەوادە هاواریش ناکات .

لەمەوە بۆم دەرکەوت هاوار کردن بۆمن باشترە، دەستم کرد بە هاوار...هاوار توخوا وازم لیّ بهێنن، کە دەستم بە هاوار ...هاوار کرد وازیان لیّ هێنام و بردیانمەوە شوێنەکەی خۆم، لای سەربازەکان، هەمووی کاتژمێرێکی پیّ نەچوو بە دوام دا هاتنەوە، بردیانم لە ژوورێك ڕایان گرتم یەکێك خۆی لە یاساوڵەکان تووڕە کرد و فەرمانی پیّ دان: چاوی بکەنەوە، ئەوە بۆ چاوتان بەستووە، کە چاویان کردمەوە ئەفسەرێك بە پلەی نەقیب لەسەر کورسی و مێزێکی گەورەی لە پێش بوو، بەرامبەر تەلەفزیۆنێك دانیشتبوو گویّ ی لە دەنگوباس دەگرت، هەر چەندە تاقمێك قەنەفەی جوان لە ژوورەکەی هەبوو، بەڵام ئاماژەی بۆ کورسیەکی سادە کرد کە لە نزیك مێزەکەی دانرا بوو گووتی:

– دانیشە.

بەسەر لە قاندنێکیش فەرمانی بە یاساوڵەکان کرد ئێوە بڕۆن بەلای کاری خۆتانەوە، لە شوێنەکەی خۆی هەستاو جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی دەرهێنا و فەرمووی لیّ کردم، ووتم:

– سوپاس جگەرە ناکێشم .

وا خۆی پیشان دا کە ئاگادار نەبووە بۆیە لەسەرخۆ گووتی:

– وابزانم سەربازەکانمان هەندێك ئەزیەتیان داوی، بەڵام من داوای لێبوردن دەکەم، جگەرەیەکی داگیرساند و چوو لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوە، بە دەم جگەرە کێشانەوە گووتی:

– دەزانم تۆ هەڵیان خەڵەتاندوی، بەڵام ئەگەر لای من ڕاستی بڵێ ی بەڵێنت پێ دەدەم دەتنێرینەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆت ...ها...دەڵێ ی چی ؟!

– کێ منی هەڵ خەلەتاندووە ؟

ناوەکانی پێشتر بۆ منیان خوێندبووەوە ئەویش دووبارە ناوەکانی گووتنەوەو گووتی:

– ئەوانە کاری ڕێکخستنیان کردووە تۆشیان هەڵخەڵەتاندووە، بێ دەنگ بوو وا دیار بوو چاوەڕێ ی وەڵامی من بوو منیش ووتم:

– من ئاگاداری هیچ نیم، کەسیش منی هەڵ نەخەڵەتاندووە .

ناوچەوانی گرژ بوو بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا گووتی:

– پێم باشە بەزەیت بەماڵ و منداڵی خۆت دا بێتەوە و نەیانکەی بەقوربانی خۆشگوزەرانی هەندێ خەڵك، زۆر لەم قسانەی کرد و دوایی گووتی:

– چی دەڵێ ی؟

منیش بێ دەنگ چاوم بڕیبووە زەوی یەکە گووتم:

– ئاگاداری هیچ نیم .

بانگی یاساوڵەکانی کرد کە وا دیار بوو لەودیو دەرگاکە وەستابوون .

– وەرن بیبەن هەر کاتێکیش پەشیمان بووەوە و داوای منی کرد بیهێنن بۆ لام.

یاساوڵەکان پرسیان:

– تۆ نەقیب کەریم دەناسیت؟!

– نەخێر.

چاویان بەستمەوە و بردیانم بۆ شوێنێکی تر گووتیان:

– خۆت ڕووت بکەرەوە. کراسەکەم دانا، فانیلەیەکی ژێرەوەم لەبەردا بوو، لێکرا لە هەر چوار لاوە پەلاماریاندام فانیلەکەیان لەبەرم دا دادڕ دادڕ کرد، زۆریان بە قامچی{کێبلێ }و سۆندە لێدام هەتا بورامەوە، کە بەهۆش خۆم هاتمەوەگووتیان:

– ئەوە شەرم ناکەیت میزت بەخۆت دا کردووە .

ڕاستیان دەکرد هەموو گیانم تەڕببوو، زۆر شەرمەزار بووم کە بیرم دەکردەوە تەریق دەبوومەوە کەوتمە سەر زەنشتی خۆم کە چۆن لەبەر چەند قەمچیەکی دوژمنەکەت ئەوەندە لاواز بیت، ئەی ئەو ڕۆژەی ڕێگای خەباتی نەتەوەکەت گرتە ئەستۆ بیرت لەم پێشهاتە نەدەکردەوە، خۆ هەمیشە خۆت ئامۆژگاری هاوڕێکانت دەکرد، ئەدی چۆنە ئێستا خۆت هێندە لاوازی، لە هەموو ئەم بیرکردنەوانە ئارەقەی شەرمەزاریان بە تەوێلم دا دەهاتە خوارەوە، بەڵام بەسەرخۆم نەهێنا گووتم:

– بۆ شەرم بکەم ئێرە شوێنی ئەشکەنجە و لێدانە، خۆدیوەخان نی یە .

کەوتنەوە لێدانم بەگاڵتە خۆم بوراندەوە، یەك سەتڵێ ئاوی ساردیان پێداکردم بۆم دەرکەوت ئەوەی جاری پێشوش هەر ئاو بووە، بۆ ئەوەی بێمەوە هۆش خۆم پێمیان دا کردووە، هەر کە ئاوەکەیان پێدا کردم بە دەر لە توانای خۆم جوڵەیەکم کرد وەك ئەوەی هەستیان کرد بێ بەگاڵتە خۆم بوراندۆتەوە، لە هەر چوار لاوە کەوتنە لێدانم دوایی بردیانمەوە شوێنەکەی خۆم، هەمووی چارەکێکی پێ نەچوو بە دوام دا هاتنەوە، ئەم جارەش زۆریان لێدام لە ناکاو چاوم کرایەوە یا لە شێواوی خۆم ئاگام لێ نەبوو چاویان کردبوومەوە، کە تەماشام کرد نەقیب کەریم بەسەر سەرمەوە ڕاوەستاوە ئەوەندە شێوا بووم لەبەر چاوم باڵای زۆر بەرز بوو گووتم :

– نەقیب کەریم بۆخاتری خوا پێیان بڵێ باوازم لێ بهێنن ڕووی لە یاساوڵەکان کرد گووتی:

– وازی لێ بهێنن بیبەنەوە جێگاکەی خۆی .

دوای ئەوەی بردیانمەوە جێگاکەی خۆم نیو کاتژمێری پێ نەچوو بە دوام دا هاتنەوە، ئەم جارە دەتگووت دوژمنی بابە کوشتەیان کەوتۆتە بەردەست زۆریان لێدام بەکێبڵ و شەق و هەموو جۆرێك کاتێك لە هۆش خۆم چووم کەچاوم کردەوە سەرەتا لە بیرم چوەوە کە گیراوم وا دیار بوو دوای ئەوەی بورابومەوە هێنابوویانمە ئەو ژوورە تاکەکەسی (أنفرادی)یەی سەرەتا هێنابوویانم، یەکێکی تری لێ بوو، بەڵام وا دیار بوو کابرا بەختی لە هی من باشتر بوو ئەویان لەوێ نەهێشتبوو، هەرچەندە ئەو ژوورە بچوکە هیچ پەنجەرەیەکی تێدا نەبوو، بەڵام بەجریوە جریوی چۆلەکەکان دا زانیم ڕۆژە .

لە ڕۆژی 20–10–1989 کەوتنە دەرگا کردنەوە، زرینگە زرینگی کلیل و تەقەی دەرگا خشەخشی دەسکی دەرگاکان کردەوەیەکی هێندە سامناکە زۆر لە ئەشکەنجە و لێدانەکە ناخۆشترە، بەڕاستی بە شێوەیەك کاریگەری لەسەر هەستم داناوە تا دوا هەناسەم لە ناخم دا شوێنەواری هەر دەمێنێ، لە ناکاو دەرگای ژوورەکەی من کرایەوە چاویان بەستم و بردیانم لە شوێنێك ڕایان گرتم، چاویان کردمەوە کە تەماشام کرد (زۆراب)ە، وا دیار بوو حسین حەمەد ناوی ئەو بوو لەسەر زەویەکە دانیشتبوو، شەدەیەکی لە مل هاڵاند بوو، هەر دووك لاقی بۆ پێشەوە ڕاکێشا بوو، هەردوو دەستی لە دواوە وەك ئەوەی بەسترابن گوایە ئەشکەنجە کراوە، هەر کە چاوم پێ ی کەوت بە دەر لەتوانای خۆم گووتم:

– های ...زۆراب!

یەکسەر زانیم لە ڕێگای ئەوەوە بەگرت دراوین، زۆراب لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو پێشمەرگە بوو دوایی هاتەوە ناو شار بوو بە پۆستە(تەتەر)ی نێوان پێشمەرگە و ڕێکخستنی شار بوو، بەڵام دوایی دەستی لەگەڵ ڕژێم تێکەڵاو کرد بوو، یاساوڵەکان گووتیان:

– قسە بکە.

زۆرابیش گووتی:

– من و ڕەسولّ بەیەکەوە کاری ڕێکخستن دەکەین! .

چاوی منیان بەستەوە بردیانمە ژوورێکی تر گووتیان:

– ئێستاش ئامادە نیت ڕاستیمان پێ بلّێیت، گووتم:

– ئەم کوڕە درۆ دەکات مالّی پورێکی دراوسێ ی ئێمەیە بە تەنها بەو هۆیەوە منی بینیوە .

ئەمڕۆ جۆرێکی تر لە ئەشکەنجەیان زیاد کرد بوو ئەویش فەلاقە بوو، فەلاقە دارێکە لە ناوەڕاستی دا گووش (پەت)ێکی پێوەیە بە شێوەی بازنە پەتەکە دەخەنە هەر دوو پێ ی بەندی بە دوو کەس ئەم سەر و ئەو سەری دارەکە دەگرن توندی دەکەن، بە قەمچی و کێبلّ لە بنی پێی دەدەن هەتا توانایان هەبێ و بێزار دەبن، ئەو ڕۆژە هەشت جار منیان برد بۆ لێکۆلّینەوە هەموو جارێك ئەوەندە فەلاقەیان دەکردم هەتا توانایان لێ دەبڕا، سەرەڕای ئەوەش گالّتەیان پێ دەکردم دەیانووت قەلّەوی باکێشت دابەزێت، دوای فەلاقە بە قەمچی و کێبلّ دەکەوتنە گیانم، من لەبەر ئەوەی قەلّەو بووم هەموو گیانم ئاوسا بوو، هەر کێبلّێکیان لێ دابام خوێن دەردەپەڕی. هەموو گیانم بووە برین.

ڕۆژی دواتر واتە 21-10-1989 دووبارە کردنەوەی دەنگی کلیل و داسکی دەرگا ناخی مرۆڤی کارامە و بە ئومێدی دەهەژاند، گیان لەخۆی بێزار دەبوو، کە نۆرە گەیشتە دەرگای من دووبارە چاویان بەستمەوە و بردیانم بۆ ژوورێکی ......................

ئەمڕۆش جۆرە ئەشکەنجەیەکی تریان زیاد کرد بوو ئەویش کارەبا بوو، وایەری کارەباکەیان لە هەر دوو گوێ یا پەنجەی پێم دەبەست و دەزگایەکیان (جیهاز) لابوو سەری وایەرەکەی لێ چەسپ کرا بوو، ئینجا هێزی کارەبایان لەسەر زۆر دەکرد ئەوەندەی خۆیان ئارەزویان دەکرد، ئینجا فەلاقە و لە دوایش کێبلّ و قەمچی ئەمڕۆش هەشت جار بردیانم بۆ لێکۆلّینەوە، بەلّام لە هەمووی ناخۆشتر هەر جاێك کە لە ژوورەوە دەیانهێنامە دەرەوە بە ناو ئاویان دەخستم بە هۆی فەلاقەکەوە بنی پێم هەمووی شەقار شەقار ببوو، هەمووی برین بوو ئاوەکەش دەیبرژاندەوە دەتووت گوێزانی پێدادەهێنن، کەکارەباکەیان لە پەنجە یا لە

گوێچکەم دەدا خۆم بۆ کارەباکە نەدەگرت یەکسەر دەبورامەوە، لە دوا جار و دوای تەواو بوونی لێکۆڵینەوە بە بووراوەیی دەیانبردمەوە ژوورەکەی خۆم، ئێمە کاتێك لە ژووره ئینفرادیەکانی خۆمان دا بوین دەنگە دەنگی ژن و گریانی منداڵمان گویٚ لیٚ دەبوو، کەبە بەر دەمی ژوورەکانی ئێمەدا دەیان هێنان، من پێم وا بوو ئەمانە ژن و منداڵی ئەو بەندیانەن کە گیراون یا ژنانی ناو ڕێکخستنن وەك ئێمە ئاشکرا بوون و گیراون .

لە ڕۆژی 22-10-1989 لێکۆڵینەوە دەستی پیٚ کردەوە لەبەر ئەوەی خۆم بۆ کارەباکە نەدەگرت زوو دەبورامەوە ئەمجا ئەوان کەوتنە بە کارهێنانی شێوەیەکی تر، فەلاقەیان دەکردم هەتا دەیانتوانی بەکێبلٚ و فەلاقە لیٚ یان دەدام، ئینجا کارەباکەیان دەخستە پەنجەم دەزگای کارەباکەیان بە هێز دەکرد تاکو دەبورامەوە، دوایی دەیان هێنامەوە ژوورەکەی خۆم بەتەنهایی بەجێیان دەهێشتم، دوای بەهۆش هاتنەوەم جارێکی تر دەیان گێڕامەوە بۆ لێکۆڵینەوە بەردەوامیش دەیانووت : دان بە تاوانەکەت دابنیٚ.

ئەو ڕۆژە حەوت جار بردیانم بۆ لێکۆڵینەوە، هەموو جارێکیش بەناو ئاویان دەخستم بە هۆی فەلاقەکەوە دەتگووت ژێر پێم برینە خویٚ ی پیٚوە دەکەن ئەوەندە ئاوی ساردیان پێدا کرد بووم لەکاتی بورانەوەدا، توشی تەنگەنەفەسی ببووم، هەرخۆم لەبنەڕەت دا هەناسەم ئاسایی نەبوو، بەڵام بە هۆی ئاوی سارد و کێبلٚ و کارەباو لێدانەوە زیاتری کرد بوو هەر بە یەکجاری پەکم کەوتبوو، کە تەنگەنەفەس دەبووم بەکێبلٚ لەدەم و لێومیان دەدا، دەم و لێوم ئەستوور ببوون، ئێوارە ناویان خوێندمەوە هێنایانمە دەرەوە چاو و دەستیان بەستمەوە هەر وامزانی بۆ لێکۆڵینەوەیە، بەڵام سواری ئۆتۆمۆبیلیان کردم سیٚ یاساوڵیشم لەگەلٚ سوار بوون، بردیانم ماوەیەك دووریان خستمەوە لە شوێنێك ڕایانگرتم دیار بوو بازگە بوو، یەکێك بەدەنگێکی گڕ و نوساوەوە بەکوردی لیٚ ی پرسیم :

- تۆ چیت؟!

زانیم مەبەستی چی یە بەڵام خۆم لیٚ هەڵە کرد گووتم:

– من ئادەمیزادم ...چیم!.

– سەگباب تۆ کەی ئادەمیزادی تۆ کەری، دوایی بەدەنگەگڕ و نوساوەکەی پرسی:

– مەبەستم ئەوەیە مەلایی یان جەلالی .

– هیچیان نیم

بە تەوسێکەوە گووتی:

– ئای ئەمانە چەند زالمن، ئەی بۆ زولمیان لێت کردووە هێناویانی بۆ ئێرە .

دوایی یەکێك قسەی لەگەڵ کرد و چوو بەلای ئەوەوە، ئێمەش ڕۆیشتین بردیانمە شوێنێك کە چاو و دەستیان کردمەوە بۆم دەرکەوت نەخۆشخانەیەکی سەربازی یە، بردیانم لەسەر چوار پایەك پالیان خستم ئاوی "مغەزی"ان بۆ هەلواسیم هەندێك دەرمانیان دامێ یاساولەکانیش هەر بەدەورەمەوە بوون، دکتۆرەکە هات تەماشای کردم، هەستم کرد بەزەیی پێم دادێتەوە تەماشای دەستی کردم شوێنی کارەبای پێوە دیار بوو گووتی:

– ئەوە جێگای کارەبایە ؟

– بەڵێ.

سەرێکی ڕاوەشاند وەك ئەوەی ئەم کارەی پێ ناخۆش بێت، یاساولەکان چەند جارێك بەدکتۆرەکەیان گووت:

– دکتۆر خێراکە ئێمە کارمان هەیە.

دکتۆر کەمێك بەتوڕەیی یەوە گووتی:

– هەر کەسێك هاتە ئێرە چوونە دەرەوەی بەدەست منە، ئەم کوڕە باری تەندروستی خراپە.

چەند جارێکی تر بە دکتۆریان گووت کاتێ دکتۆر لەوێ نەبوو هەڕەشەیان لەمن کرد منیش کاتێك بەرەو باشی چووم ئینجا بەدکتۆرەکەم ووت:

– ئێستا باشم .

یاساوڵەکان کەمێك دوور بوون دکتۆر گووتی :

– ئەگەر باش نیت کەمێکی تر بمێنەوە بەقسەی ئەوانە مەکە من بەرپرسیارم بەرامبەر بەتۆ .

هەندێك حەب و شەربەت (شروب)ی بۆ نووسیم بە یاساوڵەکانیشی گووت:

– باری تەندروستی خراپە، ئەبێ تا سێ ڕۆژی تر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ نەکەن ئەو کاتە ڕۆژێك نا ڕۆژێك ببیەن بۆ لێکۆڵینەوە.

ئینجا یاساوڵەکان بە هەمان ئەو ئۆتۆمبیلەی بردبوویانم هێنایانمەوە بۆ ژوورەکەی خۆم ، دەرمانەکانیان لەسەر پەنجەرەی ڕاڕەوەکە بەرامبەر دەرگای ژوورەکەی خۆم دانا نەیانهێشت لەگەڵ خۆم بیانبەمە ژوورەوە، ڕەنگە ترسی ئەوەیان هەبووبێ لە بێزاری دا بەهۆی خواردنی هەموو حەبەکان بەسەر یەکەوە خۆم بکوژم، کە دەچوومە سەر ئاو سێ ژەمە دەمخواردن .

بەیانی ڕۆژی 23–10–1989 تەنها چوار جار بردیانم بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام بەپێچەوانەی ڕێنمایی دکتۆر یەکەمجار تەنها سێ کاتژمێری نێوان هەبوو لەگەڵ هاتنەوەم لە نەخۆشخانە .

هەموو جارێك لەگەڵ فەلاقە و کێبڵ وکارەبا دا جۆرە ئەشکەنجەیەکی تازەیان دادەهێنا هی ئەمجارە کوتکێکی بچوك بوو پێدەچوو لاستیك بێت، جار جارە لەسەریان ڕادەکێشام هەر چەندە کوتکەکە بچوك بوو بەڵام وەك گاشە بەردێکی گەورەت بەسەردا بکێشن، هەر ئەو ڕۆژە جاری پێنجەم کە بردیانم بۆ لێکۆڵینەوە، بردیانمە ژوورێك چاویان کردمەوە، ژوورەکە قەنەفەیەکی لێ بوو جەللادەکان گووتیان:

– لەسەر ئەم قەنەفەیە دانیشە .

هەر چی کەل و پەلی ئەشکەنجە و لێدان هەبوو لەم ژوورەدا بوو، جەللادەکان یەك یەك بە بەرچاوی منەوە کەل وپەلەکانیان بردە دەرەوە، وابزانم هەر بۆ ترساندنی من بوو، وەك

ئەوەی بڵێن هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکمان هەیە چۆن لەدەستمان دەرباز دەبیت، دوایی چاویان بەستمەوە و بردیانمەوە ژوورەکەی خۆم.

بۆ بەیانی 24-10-1989 یاساوڵێکی قەڵەو دەرگاکەی منی کردەوە گووتی:

— هەستە.

منیش هەستام، پێڵاوێکی باش و جوانم پێ بوو ئەوکاتە لەتەنیشت خۆم دانابوو کە چاوی بە پێڵاوەکە کەوت گووتی:

— نایدەی بەمن؟!

— پێشکەشت بێت.

پێڵاوەکەی هەڵگرت چاوی بەستمەوە و بردمی بۆ لێکۆڵینەوە لە ژووری لێکۆڵینەوە چاوی کردمەوە، خۆشی یەکێك بوو لەوانەی ئەشکەنجەیان دەکردم ئەفسەری لێکۆڵینەوە گووتی:

— ئەگەر دان بە هەموو شتێك دا دەنێ ی باشە ئەگینا ئەوانە (بە پەنجە ئاماژەی بۆ جەللادەکان کرد) هەموو کەس و کاریان کوژراوە، لە جیاتی کەس و کاری خۆیان دەتکوژن، پەنجەی بۆ جەللادە قەڵەوەکە درێژ کرد ( ئەوەی پێڵاوەکەم دابویە) ئەوە برای(موخریب) کوشتویانە، پێ ی بڵێم هەر دەتخوا هەر ئەوەندەی گووت: جللادە قەڵەوەکە بەغار بەرەو ڕووم هات، قەپاڵێکی لە ڕومەتم دا هەتا ددانی نەچوونە ناو گۆشتی ڕوومەتم و خوێنی پێدا نەهاتە خوارەوە بەری نەدا، منیش ڕقێك لە ناخم دا پەنگی خوارد بووەوە لەگەڵ ئەو هەموو ئازارەش دا پێم لاوازی بوو هاوار بکەم لە داخان ورتەم لێوە نەدەهات، وا دیار بوو دەیانویست پڕ بە پڕی ووشەی پیاو خواردن پیاو بخۆن، ئینجا چاویان بەستمەوە کەوتنە بەکارهێنانی فەلاقە و کێبلێ وکارەبا و ناوە ناوەش کوتکەکەیان لەسەرم ڕادەکێشا، بەردەوامیش ئەفسەری لێکۆڵینەوە دەیگووت:—

دان بنێ بە تاوانەکەت دا ئەگینا دەتبەم بۆ ژووری ژمارە (23) ئەو ڕۆژە شەش

جاریان بردم بۆ لێکۆڵینەوە، جاری حەوتەم بردیانم بەستونێکی کارەباوە شەتەکیاندام، دوای بەستنەوە بەستوونەکەوە یەکێکیان گووتی:

— هەرچیت هەیە بیلێ، وەسیەت بکە چونکە مەلامان هێناوە تەڵقینت دەدات و دەتکوژین .

— هیچم نیە وەسیەتی چی بکەم.

یەکێکیان هەتا توانی لولە تفەنگێکی لەسکم کوتا ئەوەندە پەشۆکام لەبەر ئازاری زۆری وامزانی چووەتە ناو سکم، وازیان لێ هێنام ماوەیەکی زۆر بەو ستونەوە مامەوە هەمووگیانم سڕببوو، دوایی لێیان کردمەوە یەکسەر کەوتمە سەر زەوی هیچ هێزم تێدا نەمابوو، بردیانمە ژوورەوە کابرای جللاد بە تەریقیەوە پێڵاوەکانی دامەوە تومەز ویژدانی هەژابوو، زۆر شت کاریگەری لەسەر ئادەمیزاد هەیە بەڵام دەنگی ویژدان لە هەموویان بە هێز ترە. هەمیشە ئارەزووە کەسیەکەیان ڕێگەیان پێ دەدەن زوڵممان لێ بکەن، بمانکوژن، بەڵام هەرگیز وێژدانیان ڕێگەیان پێ نادا ئاسوودە بژین.

نان و خواردنی ئێرە هەر بۆ ئەوە بوو بژیت، بەیانیان یەك سەمون، نیوەڕۆیان شلە و برنج ئێوەران بەس شلە، شلەی چی تەنها ئاو بوو بەدۆشاوی تەماتە ڕەنگیان کرد بوو! .

ڕۆژی 25-10-1989 دووبارە دەنگی کردنەوەی دەرگا گیانی هەژاندین یاساوڵێك دەرگاکەی منی کردەوە گووتی:

—هەستە.

زۆر بێ هێز بووم توانام نەمابوو هەموو گیانم برین بوو هەستام چاوی بەستمەوەو بردمی بۆ لێکۆڵینەوە، ئەمڕۆش پێنج جار لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ

کردم بە فەلاقە و کێبل و کارەبا ئەفسەری لێکۆڵینەوەش زوو زوو دەیگووت :

— ئەگەر دان بە تاوانەکەت دا نەنێی دەتبەم بۆ ژووری ژمارە (23).

بڕواتان بێ پێم خۆش بوو بمبات بۆ ژووری ژمارە (23) لەبەر قارەمانێتیم نەبوو هەرپێم خۆش بوو بزانم ئەو ژوورە چی یە هێندە منی پێ دەترسێنێ و هەڕەشەی پێ

دەکات، جاری شەشەم بردیانم بۆ لێکۆڵینەوە لە حەوشەکە چاویان کردمەوە کات دوای نوێژی شێوان بوو دنیا بولێڵ بوو، بە هۆی ئەوەی گڵۆپەکانیان کوژاند بووەوە حەوشەکە بەلای تاریکی دابوو، تەنها ڕووناکی گڵۆپەدوورەکانم بۆدەهات، هەموو جەللادەکان لە دەورم ڕاوەستا بوون، دوو ئۆتۆمبیلی لاندکرۆزەریان هێنا بە پەتێك قاچی ڕاستەمیان لە یەکیان خست و قاچی چەپمیان لە یەکێك خست، منیان لەسەر پشت پاڵ خست هەر دووك ئۆتۆمبیلەکە بۆ دواوە کشانەوە بە ڕاستی هیچ ئومێدی ژیانم نەمابوو، دەمگووت ئێستا لێکم هەڵ دەقەڵێشن، ئۆتۆمبیلەکان هێندە کشانەوە ئازارێکی ئەوەندە زۆرم هەبوو هەر ئەوەندە مابوو ڕۆحم دەرچێت، زیاتر کشانەوە یەك کرتەم لەنێوان هەردووك ڕانم هات، ئیتر بورامەوە هۆشم لە خۆم بڕا کاتێك چاوم کردەوە لە ژوورەکەی خۆمم، دوای بە هۆش هاتنەوەم ددانم ئازارێکی زۆری هەبوو بۆم دەرکەوت سیٚ ددانم شکاوە.

بۆ ڕۆژی دواتر 26-10-1989 بەشێوەی ڕۆژانی ڕابردوو چاویان بەستمەوە و بردیانم بۆ لێکۆڵینەوە لە ژوورێك ڕایان گرتم یەکێك بەدەنگی نزم گووتی:

– من محەمەد مەحمود وەیسیم لەگەڵ ڕەسوڵ بە یەکەوە لە شانەی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) کاردەکەین

جەللادەکان چاوەڕیٚ ی فەرمان بوون ئەفسەری لێکۆڵینەوە پیٚ ی گووتم:

– خۆ ئەمجارە هیچت نەماوە... ئەمە لەگەڵ خۆت دایە و دانی بە هەموو شتێکدا ناوە.منیش گووتم:

– من کەس ناناسم بەم ناوە چاوم بکەنەوە ئەگەر بیناسم ئەوا دەڵێم دەیناسم، زیاتریش مەبەستم ئەوەبوو دڵنیابم ئەو کەسە کیٚ یە !

بەڵام وا دیار بوو یەکێك لە مەرجەکانی کابرا ئەوە بوو چاوم نەکەنەوە یەکێکیان گووتی :

– گەواد ئەو تۆ دەناسێت پێویست ناکات .

ئیتر وەك ئەوەی ئاماژە بكات لە هەموو لایەکەوە کەوتنە لێدانم، ئەو ڕۆژە پێنج جار بردیانم بۆ ئەشکەنجەو لێدان دوایی بەچاوی بەستراوەوە ڕایانگرتم، ئەفسەری لێکۆڵینەوە گووتی:

–سەگباب وەڵڵاهی دیارە تۆ لێپرسراوی و پلەت هەیە بۆیە دان بەتاوانەکەدانانێی.

هەر ئەو ووشەیەی لەدەم دەرپەڕی تاسام، نەکا سەرە داوێکیان دەست کەوتبێ، ئاواتە خوازم هیچ نەدرکێنم بۆ ئەوەی هاوڕێکانم بە هۆی منەوە توشی ئازار نەبن، منیش شەر مەزاری ویژدانی خۆم و ئەوانیش نەبم، بەڵام نەیانتوانی سوود لەم بارە شڵەژاوەی من بکەن هەستیان بە هیچ نەکرد، منیش کە زانیم هیچ شتێك لەم بارەیەوە نازانن تەنها قسەیەك بوو بەدەمیان داهات، تۆزێك هاتمەوە سەر خۆم و ورەم دایەوە بەرخۆم، ئینجا گووتی:

– ئەگەر دان بە تاوانەکەت دانەنێ ی ژنەکەت لێرەیە دەیهێنین لەبەر چاوت ڕووتی دەکەینەوە.

هێشتا قسەکەی تەواو نەکرد بوو لەبەر خۆمەوە دەستم کرد بەلەرزین، چونکە پێم وا بوو ژنەکەم لێرەیە، ڕۆژانی پێشتر دەنگی ژن و منداڵم زۆر گوێ لێ بوو بوو، زۆر ناڕەحەت بووم وەك دەڵێن ڕۆح لەشوێنێکی قایم دایەو نایەتە دەرەوە، هیچ قسەم نەکرد تاسا بووم، زۆر شپرزە و شێوابووم، بەڵام بەعسیەکان هێندە گەوج و نەفامن ناتوانن کاریگەری دەرونی بەندیەکان بخوێننەوە، هەمیشە پەنا بۆ لێدان و زەبر و زەنگ دەبەن بۆ ئەوەی لە ژێر ئەشکەنجەدا نهێنی بە بەندیەکان بدرکێنن. لێکڕا لە هەر چوار لاوە کەوتنە لێدانم، کاتێك هۆشم لە خۆم بڕا کە چاوم کردەوە لە ژوورەکەی خۆم دایاننا‌وم .

لە ڕۆژی 27-10-1989 درەنگ منیان برد بۆ لێکۆڵینەوە وا بزانم هەر لە ترسی ئەوە بوو نەك بەرگە نەگرم و بمرم، چونکە باری تەندروستیم زۆرخراپ بوو، ئەو ڕۆژە تەنها سێ جار منیان برد بۆ لێکۆڵینەوە یەکێك لە جارەکان گووتیان :

– پیرۆت عزیز دەناسیت؟!

– نەخێر ...نا یناسم.

جاری چوارەم بردیانم بۆ لێکۆڵینەوە لە ژوورێك چاویان کردمەوە قەنەفەیەکی لێ بوو، ئەفسەری لێکۆڵینەوە گووتی:

– دانیشە.

لەسەر قەنەفەکە دانیشتم، دوایی خۆشی لە تەنیشت من لەسەر قەنەفەکە دانیشت وەك ئەوەی پاکانە بۆ خۆی بکات گووتی:

– ئێمە ئاگاداری هیچ نین، بەڵام خەڵك خۆیان دێن ئاگادارمان دەکەنەوە، کاغەزێکی بە دەستەوە بوو کاغەزەکەی بۆلای من هێنا گووتی:

– تەماشاکە.

سەیرێکی کاغەزەکەم کرد کلێشەی دابەش کردنی ڕێکخستنی ئێمە بەم شێوەیە دابەش کرابوو:

قادر ئەحمەد ئیسماعیل

1– عەلی ڕەسوڵ حەمەد
2– جەنگی ڕەسوڵ حەمەد
3– حسێن حەمەد
4– پیرۆت عەزیز

1– ڕەسوڵ حەمە قادر
2– مەحەمەد مەحمود وەیسی

لەو کاتەدا یەکێکیان هێنا چاوی بەسترا بوو ئەفسەری لێکۆڵینەوە گووتی :

– ئەوە پیرۆت عەزیزە !.

ئەوە یەکەمجار بوو من پیرۆت ببینم ! چۆن هەموو جارێك منیان ڕووت دەکردەوە بەو

شێوەیە ئەویشیان ڕووت کردەوە، ئەشکەنجەیەکی زۆریان دا، پیاوێکی بەهیمەت و خۆڕاگر بوو، لەم دیمەنە دڵم گوشرا، داوام کرد بمبەنەوە

ژوورەکەی خۆم ئەفسەری لێکۆڵینەوە گووتی:

– سەگباب ناتەویٚ چاوت لە ئەشکەنجەدانی هاوڕیٚکەت بیٚت، ڕەنگە ئەمەش جۆریٚك بیٚت لە شیٚوەی ئەشکەنجەدانی بەندیەکان بۆ ڕوخانی ورەیان و کەڵك لیٚ وەرگرتنیان.

سەر لەبەیانی ڕۆژی 28-10-1989 هەر چەندە کاتژمیٚرم لا نەبوو، بەڵام پیٚ دەچوو

دوای کاتژمیٚر هەشت بیٚت، لە ژووری (أنفرادی) هیٚنایانمە دەرەوە بردیانمە ژووریٚکی تر چەند یاساولیٚکی لیٚ بوو، لە ناوەڕاستی ژوورەکە میٚزیٚك دانرابوو، پەڕە

کاغەزیٚکی لەسەر بوو ڕەش کرا بۆوە لە نوسین بەمنیان گووت:

– لەخوارەوە ئیمزای بکە !.

– بۆم بخویٚننەوە ئینجا ئیمزای دەکەم .

یەکیٚك لە یاساولەکان هەتا توانی بە هەموو هیٚزی خۆی زللەیەکی لیٚدام گووتی:

– گەواد زمان دریٚژی مەکە.

بەناچای ئیمزام کرد ئەگەر چی بیٚ دەسەڵات بووم، بەڵام لەڕاستیش دا هیچ ئەزمونیٚکم نەبوو لەم بارەیەوە، ئینجا هەردووك دەستیان لە پیٚشەوە کەلەپچە کردم، هیٚنایانمە دەرەوە کە سەیرم کرد ئۆتۆمبیلیٚك لەویٚ وەستا بوو نازانم تۆیۆتا یا میٚك زەمینی بوو، بەڵام دواوەی بە چینکۆ داپۆشرا بوو، ڕەنگی سەربازی بوو، دەرگایەکی بۆ هیٚشترابوەوە لەو دەرگایە منیان بردە ژوورەوەی ئۆتۆمبیلەکە، لەلایەکی چوار کەسی لیٚ دانیشتبوو کە(بن دەعوا)کانم: قادر ئەحمەد ئیسماعیل، عەلی ڕەسولٚ حەمەد، جەنگی ڕەسولٚ حەمەد، پیرۆت عەزیز بوون، منیش کەسی پیٚنجەم بووم، هەر پیٚنجمان لەسەر(ی.ن.ك) گیرا بووین.

بەرامبەر ئێمە پێنج بەندی تری لێ سوار کرا بوو، دواتر بۆمان دەرکەوت برادەرانی حزبی شیوعی بوون، دەرگاکەیان لەسەر داخستین دوو یاساوڵیش لای دەرگای دواوە سوار بوون، بەناو شاری کەکوك دا گێڕایانین تاکو لەبەردەم باڵەخانەیەکی بەرزدا ڕایان گرتین .

هەر لە ئۆتۆمبیلە سەربازیەکە دابەزین سەیرم کرد هەر چوار دەورەمان بە سەرباز گیرا بوو، نازانم بۆچی؟ ئایا لە شێواوی بوو یا هەر شتێکی تر! نوسراوی سەر تابلۆکەم نەخوێندەوە لەبەر ئەوە نەمزانی چ فەرمانگەیەکە، کە بردیانینە ژوورەوە قەرەباڵغیەك بوو نەبێتەوە لە پیاو و ژن ژاوەی دەهات، بە پلیکانەکان دا سەریان خستین تەنها بۆ تۆقاندن و چاو شکاندنی خەڵك بوو، هەر بەندیەك یاساوڵێکی لە تەنیشت دەڕۆیشت، من لەکاتی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان دا زۆر شەکەتیان کرد بووم نەمدەتوانی بڕۆم تەنها کراس و بیجامەم لەبەردا بوو، لە کەمەرمەوە تاکو ئەژنۆم بگرە خوارتریش جێگای نوکە دەرزیەك نەمابوو کە برین نەبێت و خوێنی پێوە نەبێت، بەو خوێن و برینەوە بیجامەکەم بە لەشمەوە نووسا بوو، دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشی هەبوو، هەموو ئەو ژن و پیاوەی لەم فەرمانگەیە دا بون واقیان وڕما بوو، بۆ چەند چرکەیەك بێ دەنگیەکی بەسام باڵی بەسەر ئەو ناوە داگرت، زۆر بە تاسەوە سەیری ئێمەیان دەکرد، لەبەر خۆیانەوە چرپە و بۆڵەیان بوو، جانازانم نزایان بۆ ئێمە دەکرد یا جنێویان بە ڕژێم دەدا، بە ڕیز و بە دوای یەك دا بە پلیکانەکان دا سەریان خستین بیناکە بەرز بوو شەش، حەوت قات دەبوو، من لەبەر ئەوەی زۆر شەکەت بووم بە هۆی ئەشکەنجەدانەوە نەم دەتوانی

باش بڕۆم، یەکێك لەوەردیانەکان تێ ی ڕاخوڕیم :

– سەگ باب ڕاست بڕۆ ئەگینا فێرت دەکەم چۆن بڕۆیت !.

ئەمەی ووت و قۆنداغە تفەنگێکی بەناو شانم دادا برینەکانم دایانەوە زریکە، بەڵام هیچ بە سەرخۆم نەهێنا و ورەم دایە بەرخۆم وورد وورد لەگەڵیان سەرکەوتم، بردیانینە قاتی سەرەوە چەند کورسی یەکی درێژی ئاسنی لێ بوو

وەردیانەکان گووتیان:

– لەسەر ئەم کورسیانە دانیشن.

دوای دوو خولەك گووتیان:

– یاڵڵا بۆ خوارەوە.

دیار بوو لە بردنە سەروو هێنانە خوارەوەی ئێمە هیچ مەبەستێکیان نەبوو، تەنها ئەو خەڵکە ئازادەی کەلەوێ بوون تێیان گەیاندن هەر کەسێك دژی ڕژێم بوەستێت توشی ئەم دەرد و ئازار و ئەشکەنجەیە دەبێت، دوای ئەوەی هێنایانینە خوارەوە لە ڕاڕەوێکی تەسك دا ڕایان گرتین کەوا دیار بوو لەبەر ئێمە هەموو خەڵکەکەیان دەرکرد بوو، چۆڵ کرا بوو، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەم ڕاڕەوە ڕایان گرتین، هەموومان لەگیانی خۆمان بێزار بوو بووین، دوایی یەك یەك بردیانینە ژوورێك کە نۆرەی من هات وەرگێڕەکەم کە ناوی کاوە سەعید بوو هەر ئەویش لە ڕۆژانی لێکۆڵینەوە هاوکاری جەللادەکانی دەکرد پێ ی گووتم :

– ئێستا دەتبەین بۆلای دادوەر ئاگات لەزمانت بێ زیادە ڕۆیی نەکەیت، بەوەدا بۆم دەرکەوت ئێرە دادگایە، لەدیوی دەرەوەی دەرگای دادوەر کەلەپچەکەیان لەدەستم کردەوە، گوایە ئەوان پێشێلی یاسا ناکەن، بردیانمە ژوورەوە تەنها وەرگێڕەکەم لەگەڵم هاتە ژوورەوە فایلێکی بەدەستەوە بوو زانیاری دەربارەی لێکۆڵینەوە و گیرانی منی تێدا تۆمار کرا بوو،دادوەر بەم شێوەیە چاوی پێم کەوت

لەو دیمەنەی من سەری سوڕما بەسەر سوڕمانێکەوە لێ ی پرسیم :

– بۆ وای؟...هەموو گیانت خوێنە؟

منیش بە عەرەبیە شڕەکەی خۆم گووتم:

– بە ئەشکەنجە و لێدان وام لێکراوە .

دادوەر گووتی:

– فەرموو دانیشە .

– قەیدی ناکا دانانیشم قەنەفەکە پیس دەکەم .

– فەرمووو دانیشە .

هەر چەندە شەرمم دەکرد، بەڵام لەبەر قسەی دادوەر دانیشتم، لەسەر مێزەکەی دادوەر قورئانێك و دوو کتێبی دی بە جیا جیا دانرا بوون، دادوەر وەرگێڕەکەمی بە قورئان سوێند دا کە درۆ نەکات، ئینجا چەند پرسیارێکی لێ کرد، دەربارەی ئەو کاغەزەی بەبێ ویستی خۆم و بەزۆر پێم ئیمزاکرا بوو، من تازە تێگەیشتم ئەو کاغەزەی بە زۆر پێمیان ئیمزا کرد بۆ بەردەمی دادوەر بوو، چونکە هیچ ئەزمونێکم لەم بارەیەوە نەبوو، دوای تەواو بوونمان بە هەمان ئەو سەربازانەی هێنابوویانین بردیانینەوە (منظومة الشرقية كركوك) بەڵام لە ژوورە تاکەکەسی(أنفرادی) یەکەم کە چەند شەو بوو بە تەنها بووم، ئەمشەو یەکێك لەو برادەرە شوعیانەی لەگەڵ ئێمە هێنایانن بۆ دادگا هێنایانە ژوورەکەی من ناوی ( دڵزار ) بوو، هەر چەندە بۆ دەمەتەقێ پێم خۆش بوو یەکێکم لەگەڵ بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ژوورەکە هێندە بچوك بوو جێگامان نەدەبۆوە ئەویش کێشەیەك بوو، دڵزار خەڵکی شەقڵاوە بوو دوکانی سەعاتسازی هەبوو، دەستە پیاوێك بوو کەمێك ڕیشی هێشتبۆوە پێ دەچوو کوڕێکی بەڕێز و ڕێك و پێك بێت، ڕوخۆش و قسەخۆش و نەرم قسەی دەکرد، دڵی بە دنیا خۆش بوو هیوای زۆر بوو بەژیان لە

یەکێك لە قسەکانی دا گووتی:

– من و هاوڕێکانم بێ ئەشکەنجە و لێدان دانمان بە هەموو شتێك داناوە لەبەر ئەوەی یەکێك لە هاوڕێکانمان ناپاکی لەگەڵ کردین سەر بەڕژێم بوو، بەڵام لەگەڵ ئێمەدا هێشتویانەتەوە بۆ ئەوەی ئێمە وا باوەڕ بکەین کە ئەویش وەك ئێمە گیراوە، لە ژوورەکەم دا قوتویەکی یەك کیلۆیی بە تاڵی دۆشاوی تەماتە هەبوو،

دڵزارم هان دامیزی تێ نەکات چونکەمن بەدرێژایی ئەم دەڕۆژەمیزم تێ نەکرد بوو.

بەیانی ڕۆژی 29-10-1989 وەك ڕۆژانی پێشوو دەنگی کیل و دەرگا کردنەوە دەستی پێ کرد دڵمان داخورپا، نۆرە گەیشتە دەرگاکەی ئێمەش، دەرگاکەیان کردەوە ناوی دڵزاریان خوێندەوە، بردیانە دەرەوەو دەرگاکەیان داخستەوە، دوای ماوەیەك دووبارە دەرگاکەیان کردەوە و ناوی منیان خوێندەوە، چوومە دەرەوە لەبەر دەرگا هەردوو دەستمیان کەلەپچە کرد و بردیانمە دەرەوە تەماشام کرد هەمان ئۆتۆمبیلە سەربازیەکەی ڕۆژی پێشوو ڕاوەستاوە، یان هاوشێوەی ئەوە یاساوڵەکە پێی گووتم:

– سەرکەوە.

کە سەرکەوتم هەر پێنج برادەرە شوعیەکە لەبەرێکی ئۆتۆمبیلەکە سوار بوو بوون، چوار هاوڕێ کەی منیش لەبەرەکەی دیکە سوار بوو بوون، منیش لای هاوڕێکانم دانیشتم، دەرگایان لەسەر داخستین و ئۆتۆمبیلەکە کەوتەڕێ، ڕێگایەکی دوور و درێژی بڕی کاتێك عەلی ڕەسوڵ هەستا لە کونێکی زۆر بچوکەوە وەك کونی بزمار، کە لەچینکۆی سەرپۆشی ئۆتۆمبیلەکە کرا بوو تەماشای دەرەوەی کرد گووتی:

– ئێرە بەغدایە .

هێشتا بە تەواوی نەگەیشتبوینە ناو شار ماوەیەك بە ناو شاردا ڕۆیشتین لە شوێنێك ئۆتۆمبیلەکە وەستاو دوای ئەوەی دەرگامان لێ کرایەوە چووینە ژوورەوە ماوەیەك ئۆتۆمبیلەکە ڕۆیشت واپێ دەچوو ئەم خانووە حەوشەیەکی گەورەی هەبێت، ئۆتۆمبیلەکە لە شوێنێك وەستا ماوەیەکی زۆر لەو شوێنە ڕایانگرتین کەس بەلامان دا نەهات، بەغدا خۆی گەرمە و ئێمەش لەناو ئەم ئۆتۆمبیلە بە چینکۆ سەر دا پۆشراوە هێندەی تر گەرمی کرد بوو خەریك بوو هەموومان لەگەرمان و لەتینوان ببووریێینەوە ، دەرگاکەیان لێ کردینەوە دایان بەزاندین لە حەوشەگەدا ڕیزیان کردین، کاری ئەوان تەواو بوو گەڕانەوە شوێنی خۆیان .

# بەشی دووەم

## لقی پێنجی هەواڵگری سەربازی بەغدا

### لقی پێنجی هەواڵگری سەربازی

ئێرە پایتەخت و نزیك كۆشكی كۆمار بوو، بە پێ ی یاسای مرۆڤایەتی دەبوو خەڵك ئارام، خۆش گوزەران، ئاسوودەیی و ئاسایشی لە كاردا با، بەڵام لێرەش بەندیخانە جمەیان بوو، پاسەوان لەم دیو شورە ڕوو گرژ و بەدڕەفتار بوون، لێرەش كاربەدەست زاڵم، زۆردار، مۆن و خوێن تاڵ، نمونەی پیاو خراپی بوون، لێرەش بێ چاو و ڕوو، زمان لوسی و بێ شەرمی كاری باش بوو، لێرەش نەفام، دڵڕەش، نەزان، گەمژە لە باودا بوون، لێرەش خوێڕی و سەرسەری لەكاردا بوون، یاساوڵەكانی ئێرە هەموویان كەم تەمەن و منداڵكار بوون، نمونەی ناپیاوی و دەم شڕی و كەللەشەقی بوون، هەمیشە بەجوێن و قەمچی و مشتەكۆڵە مامەڵەیان لەگەڵ دەكردین، هەر لە سەرەتاوە بە خۆ تورە كردنی بێ جێوە دەیانگووت:

— بڕۆن بۆ پێشەوە...دنك...دنك...دنك رأسك.

واتە سەرت نەوی (شۆڕ) بكە ئەمە ووشەیەكی زۆر ناخۆشە لەگەڵت بەكاری دەهێنن، سەرەڕای ئەشكەنجە و ئازار دەیانەوێ كەسایەتیشت بشكێنن، بردیانینە ناو خانووەكەوە بە ڕاڕەوێكی باریك دا ڕۆیشتین لە بەردەمی ژوورێك ڕایانگرتین یەكێك لە یاساوڵەكان گووتی:

– جل و بەرگ و پێڵاوەکانی خۆتان لەم ژوورە دابنێن و هەر کەسە دشداشەیەك لەبەر بکات، ژوورەکە پڕ بوو لە جل و بەرگی بەندیەکانی پێش ئێمە، خەرمانێك لە پۆشاك گەیشتبووە بن میچی ژوورەکە، ژوورەکەی تەنیشتی هی دشداشەکان بوو هەر کەسێك دشداشەکەی لەبەر دەکرد بە پێخواسی و بێ پێڵاو لەبن دیوارەکەوە بەڕیز و بە مل کەچی دایان دەنیشاند دوایی هەمان یاساوڵ گووتی:

– دشداشەکانتان بەسەرخۆتان دابدەن و سەرتان نەوی بکەن .

به هەڕەشە و خۆتوڕە کردن و قەمچی لێدان بردیانینە بەردەم ژوورێك ڕایانگرتین یەك یەك هاوڕێیانیان بردنە ژوورەوە دوایی منیشیان بردە ژوورەوە، لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ناوم لە دوای هاوڕێکانم بوو بۆ هەر کارێك دەکەوتمە دوای ئەوان، هەر یەکێك تەواو دەبوو یاساوڵەکان بەجوێن و هەڕەشە و مشتە کۆڵە و لێدان دەیان برد، من چومە ژوورەوە تەماشام کرد سێ کەس لە پشت مێزێك لەسەر کورسی دانیشتبوون سەدریەی سپیان لەبەردا بوو، لەبەر ئەوە وام دانا ئەوانە دکتۆرن یەکێکیان پێی گووتم:

– دشداشەکەت دابنێ و خۆت ڕووت بکەرەوە.

که دشداشەکەم دانا تەماشایان کردم هەموو گیانم برینە یەکێکیان بەسەرسوڕمانەوە گووتی:

– ئەمە بەئەشکەنجە و لێدان وات لێ هاتووە .

– بەڵێ.

هەستم کرد لە ناخەوە پێیان ناخۆشە یا هەروا خۆیان نیشان دا، ئەمیش لەبەر خۆیەوە بۆڵەیەکی کرد هیچی تێ نەدەگەیشتم دوایی گووتی:

– بە هەر چوار دەوری خۆت دا هەڵسوڕێ.

منیش بە چوار دەوری خۆم دا هەڵسوڕام، یەکێکیان بە ئینگلیزی قسەی دەکرد و یەکێکیان دەی نوسی، دوایی دشداشەکەم لەبەر کردەوە و هاتمە دەرەوە، یاساوڵەکان بە

شێوەی هاوڕێکانم پێش خۆیان دام، تەماشام کرد هاوڕێکانم لەو ڕاڕەوەی لێی هاتینە ژووریَ بەڕیز و بە مل کەچ کراوی لە دوای یەك دانیشێنراون، لە دواوەی هەموویان یاساوڵەکە ڕای گرتم و گووتی :

– دانیشە.

ماوەیەك ئاوا ماینەوە، دیار بوو هەر بۆ بێزار کردنمان پشت گوێیان خستبووین، شەکەتی ڕێگا و مامەڵەی نابەجیَ و نە شیاوی ئەم جانەوەرانەش هێندەی تر بڕستیان لیَ بڕیبووین. دوایی دوو دوو هەموویان بردن، پیرۆت عەزیز و من ماینەوە، پیرۆت باڵای کەمیَ بەلای کورتی دابوو، کەمێك گۆشتن و تێك سمڕاو بوو، پیاوێکی بە هیممەت و خۆ ڕاگر بوو، ئەو جوێن و لێدانەی هەمیشە لەسەرمان بوو هەر گوێشی پیَ نەدەدا یا بەسەر خۆی نەدەنهێنا، وەردیانەکە بە تورەیی لە من و پیرۆتی ڕاخوڕی:

– هەستن.

پیرۆت لەبەر ئەوەی عەرەبی نەدەزانی هەڵ نەستا کابرای یاساوڵ غەزەب گرتی وای زانی گویَ بە قسەکەی نادات، هەتا توانی قەمچیەکی لێڕاکێشا، هەر چەندە من کە زانیم عەرەبی نازانێت زوو پێم گووت:

– هەستە.

بەڵام ئەو فریا نەکەوت یاساوڵەکە گووتی:

– دشداشەکانتان بەسەر سەرتان دادەن و سەرتان نەوی بکەن، تەماشای ئەملا و ئەولا نەکەن رێك بڕۆن. منیش بە چرپە ئەمەم بە پیرۆت ووت و ڕۆیشتین، لە بیناکە چوینە دەرەوە کەمێك حەوشەمان بڕی چوینە بەشێکی تری بیناکەوە هەر لە دەرگا دوو دەریەکەوە چوینە ژوورەوە، بەلای ڕاستدا دەرگایەکی دیکە هەبوو یەکسەر دەرگاکەیان کردەوە یەکی پاڵێکیان بە من و پیرۆتەوە ناو فڕێیان داینە ژوورەوە، چەند بەندیەکی تێدا بوو هەموو دشداشەی سپیان لەبەردا بوو، دەگمەن نەبیَ هەموویان سەریان سفر کرا بوو .

لەگەڵ پاڵ پێوەنانەکەدا یاساوڵەکە خێرا هاتە ژورەوە ڕووی لەبەندیەکان کرد:
– ئەمانە دەناسن؟

هەموویان بەدشداشەی سپی و سەری سفر کراوەوە کەمێك بۆ لای ئێمە هاتن، بەلای منەوە شتێکی نامۆ بوو، تا ئێستا شتێکی وام نەدیبوو لەبەر ئەوە کایگەری زۆری کردە سەر هەست و دەرونم ، دڵم گوشرا، من و پیرۆتیش وەکو چاوبەرە ژێر و شەرمەزار بێ دەنگ ڕاوەستا بووین، هەر دووك دەستمان بەخۆدا بەردابونەوە بە بێزاری چاوەڕێ ی وەڵاممان دەکرد، بەندیەکان گووتیان:

– نەخێر نایانناسین.

ئیتر هەر کەسە کشایەوە دواوە بۆ شوێنی خۆی، یاساوڵەکان ڕوویان لە ئێمە کرد :

– بۆخۆتان لێرەبن.

ژوورەکە شەش مەتر پان و دوانزە مەتر درێژ دەبوو، لەسەر پانابیەکەی لە دواوە دوو پەنجەرەی لاکێش لە بەرزی دوو مەتری زیاتر تێدا بوو، دەرگاکەی دوو تاکی بوو، لە بەشی سەرەوەی کونێکی لاکێشی بچوکی تێدا بوو، جار جار یاساوڵەکان لەم کونەوە سەیری ئێمەیان دەکرد، بەندیەکان لەم بەر و ئەو بەری ژوورەکە جێگەیان داخستبوو بە زۆری بەتانی سەربازی، ڕەنگی خاکی ڕێ ڕێ بوون، ناوەڕاستەکەی مابووەوە پیاسەیان لێ دەکرد بە ئێمەوە بیست و چوار کەس بووین، کە یاساوڵەکە ووتی بۆخۆتان لێرەبن خۆی چووە دەرەوە و دەرگاکەی داخست، تا ئێستا من هەر وەك نەمام چەقیبوم لە دەنگی داخستنی دەرگا و دیمەنی بەندیەکان، دڵم گیرا، نازانم بۆ؟ دەتووت بەسەر دنیاوە نیم، هۆشم لە خۆم نەما، زنجیرەی بیرم پچڕا، وەك سەرخۆشان بە لۆژە لۆژ بەرەو دواوەی ژوورەکە ڕۆیشتم لەبن پەنجەرەکان لەسەر چیچکان دانیشتم، پاڵم بە دیوارەکەوەدا، تاس بردمیەوە ئاگام لە پیرۆتی هاوڕێشم بڕا، دوای ماوەیەك هاتمەوە سەرخۆم ماندوو شەکەت و خەمبار، لێو بە بار و لەش داهێزراو، ئەگەر مردن بە پارەش بوایە لەو کاتە دادەم کڕی، کەوتمە چاو گێڕان بە

ژوورەکەدا، بە جێگا و دەم و چاوی بەندیەکان دا، پیرۆتی هاوڕێشم بینی لە تەنیشت پیاوێك دانیشتووە، پرسیاری لێ دەکات، پیاوێکی ڕەقەڵەی مام ناوەندی بە هێمنی بە ناوەڕستی ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد، کە زانی تۆزێك بار و دۆخم باش بووە و هاتوومەوە سەر خۆم، هات لەلام دانیشت و پشتی بە دیوارەکەوەدا بێ ئەوەی ڕوو لەمن بکات چاوی بڕیە زەویەکە، لەبەر خۆیەوە کەوتە قسەکردن گووتی:

– ئێرە لقی پێنجی هەواڵگری سەربازی بەغدایە (الشعبة الخامسة الاستخبارات العسكرية بغداد) دەستووری ئەم بەندیخانە ئاوایە بەندیەکان لە هەر شوێنێکەوە بێن دەیانگێڕنەوە بۆ لێکۆڵینەوە (الاعادة التحقيق) ئینجا هەر کەسێك خۆ ڕاگر بێت هیچ نەدرکێنێ سەرکەوتوو دەبێت، بەیانی ئێوەش دەبەنەوە بۆ لێکۆڵینەوە ئاگاداربە هەڕەشە و گوڕەشە و تۆقاندنیان زۆرە، کرداری دەرونیت زۆر لەگەڵ بەکاردێنن، بەڵام ئازار و ئەشکەنجەی جەستەییان کەمە، خۆڕاگربە و دان بە هیچ شتێك دا مەنێ دڵنیابە سەرکوتوو دەبی و زوو ڕزگارت دەبێت ، زۆر باسی ورە بەرزی پۆڵاینی بەندیەکان و کەم توانایی بێ ئەنجامی وەردیانەکانی بەندیخانەی کرد لە ئاست بیر و باوەڕی پتەوی بەندیەکان، دوای کەمێك بێ دەنگی ڕووی لەمن کرد گووتی:

– تۆ من دەناسیت؟!

– نەخێر.

– هیچ قسەم بۆ کردووی!.

– نەخێر.

– باشە...قوربانت بم باری خۆم هێندە سوك نی یە تۆش گران تری نەکەیت.

ئینجا لەلام هەستا و دەستی کردەوە بە پیاسە کردن بە ناو ژوورەکەدا، دوایی بۆم دەرکەوت ناوی حەیدەرە پێشمەرگەی حزبی شیوعی بووە لەگەڵ دوو هاوڕێ ی تردا ئەحمەد پێبازۆکی و نایف بۆ پشوو دان لە گوندێکی گەرمیان دەبن، هێزی سەربازی عیراق

دەچێتە سەریان، ئەوانیش دەست نادەن و شەڕێکی قارەمانانەیان لەگەڵ دەکەن، لەئەنجام دا سەربازێك دەکوژرێ و بەرگری باش دەکەن، بەڵام دوای ئەوەی فیشەکیان پێ نامێنێ هەر سێکیان بەدیل دەگیرێن، دوای دەردە سەریەکی زۆر هێنابوویانن بۆ ئەم بەندیخانەیە .

دوای هەستانی حەیدەر منیش چووم لە ڕیزی بەندیەکان دانیشتم، کاتێك لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەم کرد، کاتی خۆر ئاوابوون بوو .

بەشی زۆری بەندیەکان لە ناو بەندیخانەدا پیاسە و هاتوچۆیان دەکرد هەندێ جۆرە یاریان دەکرد بۆ ئەوەی لەشیان نەمرێ، لە ژوورەکەمان دا دوو سێ کەس کەوا دیار بوو بەرنامەی ڕۆژانەیان بوو دەستیان کرد بە یاری کردن، یاریەکی ڕێك و پێك، پیرۆت خەڵکی گوندی باسەرەی بناری کۆسرەت بوو لە هەوای پاکی لادێ دا گەورە ببوو، پیاوێکی سادە و دڵپاك بوو، وادیار بوو یاری کردنی ئەوانەی لێ خۆش هاتبوو، یەکسەر هەستاو کەوتە بەشداری کردنیان، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشتر کاری وای نەکرد بوو یاریەکانی زۆر ناڕێك و ناشیرین دەکرد، هەموو بەندیەکان کەوتنە پێکەنین، منیش لەبەر ئەوەی هاوڕێ ی من بوو، پێم ناخۆش بوو گاڵتەی پێ بکەن و ببێتەمایەی پێکەنینی ئەوان، هەرچەندە ئەوە ئاسایی بوو، لەپەرۆشی دا پێم گووت:

—ئەم یاریانە مەکە با گاڵتەت پێ نەکەن.

پیرۆت ئەو قسەیەی منی لا ناخۆش بوو، ئەم ڕەخنە گرتنە وای کرد تا لە بەندیخانە بووین بگرە تا ئێستاش جیا لە هاوڕێکانی ترمان بە نامۆییەوە لەمن دەڕوانێ، هەر چەندە من لە ڕووی دڵسۆزی و خۆشەویستی و پەرۆشیم وامگووت، شەو هات هەرکەس لەسەر جێگاکەی خۆی خەوت، هەر چەندە حەیدەر منی زۆر ترساند بوو بە دووبارە بونەوەی لێکۆڵینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەدرێژایی ئەو ڕۆژە زۆریان ماندوو شەکەت کرد بووین، زۆر هەڕەشەو کاری تۆقاندن و جار جارەش لێدانیان لەگەڵ بەکارهێنا بووین، سەرەڕای ئەو بارە ناهەموارە هەر زوو خەوم لێ کەوت تا بەیانی بەخەبەر نەهاتم، بەیانی دەنگە دەنگ پەیدا بوو

بەندیەکان وردە وردە لە خەو هەڵدەستان، منیش هەستام بەندیەکانی تر لە ئێمە باشتر کاتی چوونە سەر ئاویان دەزانی، لەبەر ئەوە خۆیان ئامادە کرد، ئێمەش لەگەڵ ئەوان خۆمان ئامادە کرد، کاتێ دەرگا کرایەوە وەك ئەوەی پۆلە چۆلەکەیەك لەناو یەك قەفەزدا دەرگایان لێ بکەیتەوە هەموو خۆیان بەدەرگا دادەدەن، ئێمەش ئاوا هەموومان ڕامان کرد بۆ دەرگاکە دوایی بۆم دەرکەوت ئێمە 24 کەسین تەنها یەك ئاودەست هەبوو ئەبوایە لە ماوەیەکی کەمیش تەواو بووینایە، کەسمان پێڵاومان لە پێ دا نەبوو لەبەر ئەوەی لە ژووری خۆگۆڕینەکە لێیان ستاند بووین، سەتڵێکی 20 لیتری لە ژوورەکەمان هەبوو بەندیەکان میزیان تێ دەکرد هەر ڕۆژە یەکێك دەیهێنا بۆ ڕشتن، لەبەر ئەوەی من میزم تێنەدەکرد کەسیش داوای ئەوەی نەدەکرد سەتڵەکە بڕێژم، ژوور و هۆڵ و گەرماو ئاودەستەکەی کاشی بوو زۆر پاك و خاوێن بوو، هەر یەکێك دەچووە ژووری ئاودەستەکە ئەوانەی دەرەوە چەند جارێك لە دەرگایان دەدا تاکو تەوا و دەبوو، بۆ ئەوەی خێرا تەواو ببێ و ئەوانیش نۆرەیان بێت، چونکە هەر کەسێك ئاو دەستی بەرنەکەوتبایە لەو ماوەیەی یاساوڵەکە دیاری دەکرد ئەبوایە مابایەوە بۆ جارێکی تر، ئەم کارە هێندە ناخۆش و بێزارکەر بوو سەد خۆزگەت دەخواست نەچووبایە سەر ئاو، بەڵام ناچاری توشی هەموو شتێکت دەکا، هەر چۆنێك بوو چووینە سەرئاو دەم و چاومان شوشت، چووینە ژوورەوە، دوای نانخواردنی بەیانی کەوا هەندێك پەنیری قوتوو(مەسڵەحە) بوو، نیوەڕۆش شلە و برنج بوو بە هەموومان لە قاپێکی لاکێشەیی سەربازی دا بۆیان هێناین، شلەکەیان بە سەر برنجەکەدا دەکرد، لە چاو ئەوەی بەندیخانە بوو خواردنەکەی زۆر پاك و خاوێن بوو، بەڵام ئەوەندە کەم بوو هیچت بەرنەدەکەوت وەکو نانت نەخواردبێ وا بوو، لەبەر ئەوە هەمیشە برسی بووین، کەمێك دوای نانخواردن یاساوڵەکە لەکونی دەرگاکەوە ناوی منی خوێندەوە یەکسەر داچڵەکیم وەك لە ناکاو گۆزەیەك ئاوی ساردم پێ دابکەن قسەکانی حەیدەرم وەبیر هاتەوە، لە دڵی خۆم دا گووتم بۆ لێکۆڵینەوەیە هەستامە سەر پێ گووتم:

– بەڵێ .

بەرەو دەرگاکە چووم کابرای یاساوڵ دەرگاکەی کردەوە، کە چوومە دەرەوە لەبەر دەرگا یەکێك وەستا بوو سەدریەیەکی سپی لەبەردا بوو، عەرەبانەیەکی بچوکی لەوانەی لە نەخۆشخانەکان دەرمانی بەسەر نەخۆشەکان دا دەگێڕن لە پێش بوو، هەندێك دەرمانی لەسەر عەرەبانەکە دانا بوو لە دوو کاغەزی لول دراودا کەپسول و حەبی دامێ گووتی:

– ئەوانە هی تۆن !.

شێوەی خواردنیشی پێ گووتم واد یار بوو ئەو دکتۆرانەی ڕۆژی پێشتر بە ڕووتی لە بەردەمیان وەستا بووین بۆ منیان نووسی بوو یالەسەر ووتەی ئەوان هاتبوو ، کە هاتمە ژوورەوە یاساوڵەکە بەدوای من دا هاتە ژوورەوە گووتی:

– کێ نەخۆشە ؟

هەر کەسێك لە بەندیەکان دەیگووت من نەخۆشم دوای پرسیار لێ کردن دەیگووت: نەخۆشیەکەت هیچ نیە، پوختەی قسە ڕێگەی نەدا کەس بچێت دەرمان وەربگرێت، دوای چەند کاتژمێرێك بردیانینە دەرەوە لە دوای ئاودەست و گەرماوەکە حەوشەیەکی بچوکی 10م×10م هەبوو لەو حەوشەیەدا ڕایانگرتین وەردیانەکان وەك باشوو بەسەر چۆلەکەوە هەمیشە بە جوێن و لێدان بەسەر سەرمانەوە بوون، ئینجا سەر تاشێکیان هێنا، بەڕیز وەستاین ئەوەی قژی زۆربا

بۆیان کورت دەکردەوە، کە نۆرە گەیشتە سەر من گووتی:

– هی تۆ پێویست ناکات.

چونکە قژم تازە کورت کرد بوەوە، زۆرم پێخۆش بوو ڕزگارم بوو لەدەستیان .

ڕۆژی دواتر لە 31-10-1989 دوای نانخواردنی بەیانی بردیانین لە ڕاڕەوەکەی تەنیشت گەرماو و ئاودەستەکە بەڕیز ڕایانگرتین دوای ماوەیەکی زۆر بێزار بوو بووین، پێمان خۆش بوو بمانکەنە ژوورەوە چونکە لە ژوورەوە هەر نەبێ تۆزێك لە چاوی

یاساوڵەکان دوور بووین، ئینجا یەکێك هات مەکینەیەکی سادەی ڕیش تا شینی بەدەستەوە بوو، دەستی کرد بەڕیش تاشینی بەندیەکان گوێزانەکەشی نەدەگۆڕی هیچ گوێشی بە ئازاری بەندیەکان نەدەدا، نازانم کابرای ڕیش تاش دەستوری کارەکەی وابوو یابە فەرمانی سەرانی بەندیخانە وای دەکردن، بۆ ئازاردانی بەندیەکان، کەس نەیدەوێرا بڵێ گوێزانەکە بگۆڕە، من لە دوای پانزە کەس نۆرەم گەیشتە سەر هەر بەو لەتە گوێزانەی ئەوان ڕیشی منیشی تاشی، هەر چەندە من ڕیشم نەرمە و زۆریش پڕ نی یە، بەڵام ئازارێکی زۆرم پێگەیشت، هەر ڕۆژێك نا ڕۆژێك ئەم کاری ڕیشتاشینە دووبارە دەبووەوە، ڕۆژی1-11-1989 چەند کاتژمێرێك دوای نانخواردنی بەیانی یاساوڵێك هات دەرگای کردەوە گووتی:

– یاڵڵا خۆشوشتنە.

ئێمە بیست و چوار کەس بووین تەنها یەك گەرماو هەبوو، ئاوی گەرمیش نەبوو تەنها ئاوی بەلوحە بوو ئەبوایە لە ماوەیەکی کەمیش دا تەواو بووینایە، هەندێکیان بە پەلەپەل لە گەرماوە کەدا خۆیان شوشت و هەنێکیشیان لە ئاودەستەکە سەر و گوێلاکی خۆیان تەڕکرد، بۆ نەگبەتی من کەوتمە دوای هەموویان بە هۆی برینەکانمەوە کە تا ئەو کاتەش برینەکانم خوێن و زەرداویان لێ دەهات، دشداشەکە بەو خوێن و زەرداوە پیس بوو بوو، من کە چوومە ژووری گەرماوەکە سەرەتا دشداشەکەم تەڕ کرد بۆ ئەوەی هەندێك ئەو خوێن و پیسیەی لێ بێتەوە فریای ئەوە نەکەوتم خۆم بشۆم یاساوڵەکە گووتی:

– یاللا بڕۆنە ژوورەوە کات تەواو بوو.

منیش بە پەلەپەل دشداشەکەم لەبەر کردەوە، یاساوڵەکە تەماشای کرد سەرم تەڕ نەبووە وای لێك دایەوە بڕیارەکەی ئەوانم بەدڵ نی یە و بە پێچەوانەوە خۆم نەشوشتووە، غەزەب دایگرت، دارێکی بە دەستەوە بوو بەدارەکە چینێکی باشی لێدام، کارم بەوە باش بوو هەلم بۆ هەڵکەوت لەدەستی ڕام کردە ژوورەوە، نەریتی ئەم بەندیخانەیە وا بوو ئەبوایە

هەفتەی جارێك خۆمان بشۆین. بەندیەکان بۆ کات بەسەربردن لە ناو خۆیان دا یاریەکیان بە دەنکەخورما دەکرد بەداخەوە شێوەی یاریەکەم لەبیر نەماوە.

کە دووسێ ڕۆژ بەسەرچوو بانگ نەکراین بۆ لێکۆڵینەوە بەندیەکان لایان سەیر بوو، وادیار بوو لەمەدا بەخت یارمان بوو، تا سەر لە بەیانی 13-11-1989 ناوی پیرۆت خوێندرایەوە بە دوای ئەودا ناوی منیش خوێندرایەوە، هەر هاتینە ئەودیوی دەرگاکە وەك پێشوو دەستیان کرد بە هەڕەشە و یاڵڵا سەرتان نەوی کەن، دشداشەکانتان بەسەرتان دادەن بە قەمچی و مستەکۆڵە کەوتنە وێزەمان تا بردیانینە بەردەم ئەو ژوورەی یەکەمجار جلەکانمان لێ گۆڕی بوو، لەبەردەم ژوورەکە ڕایانگرتین لە تەنیشت هەندێ کەسی تر دیار بوو پێش ئێمە هێنا بوویانن بۆ ئەوێ، کە دشداشەکەنمان لابرد سەیرمان کرد سێ هاوڕێکانی ترمانن قادر وعەلی و جەنگی ئینجا یاساوڵەکە گووتی:

– هەرکەس جلەکانی خۆی لەبەر بکاتەوە .

ئەو هەموو جل و بەرگە باشەی لێ بوو لەبەر نەزانی خۆم هەر کراس و بیجامەکەی خۆمم لەبەر کردەوە، چونکە پێم وا بوو ئەوە هی خەڵکی ترە ناڕەوایە جلە خراپەکانی خۆم جێ بهێڵم و هی چاك لەبەر بکەم، ئینجا وەك پیشەی هەمیشەییان بە هەڕەشە و (دنك...دنك) پێش خۆیان داین بۆ حەوشەکە ئۆتۆمبیلێکی بەرزی کەپسیان لەوێ ڕاگرتبوو، تەنها یەك دەرگای لەدواوە هەبوو دەستیان کەلەبچە کردین و بەڕیز سواری ئۆتۆمبیلە کەپسەکەیان کردین، دەرگایان لەسەر داخستین، ڕۆیشتین تا لەبەردەم دەرگای حەوشەیەکی گەورە ڕایانگرتین و دایان بەزاندین، پاسەوانەکان لەبەردەمی خۆیان ڕیزیان کردین زۆریان لێ داین بە شەق و زللە و هەندێکیشیان گاڵتە پێ کردین، بەبێ هۆ زۆر پێمان پێکەنین، ئینجا کەلەپچەیان لە دەست کردینەوە، لەدەرگاکە چوینە ئەودیو، سەیرمان کرد ئەودیو دەرگاکە حەوشەیەکی گەورە بوو قەرەباڵغیەکی زۆری لێ بوو، پێ دەچوو بەندیەکان کاتی هاتنە دەرەوەیان بووبێ هەندێك تەماشای ئێمەیان کرد، بەڵام بەلایانەوە زۆر گرنگ نەبوو وا دیار

بوو ڕۆژانە شتی وایان زۆر دیبوو لەگەڵی ڕاهاتبوون، پەنجا مەترێك ڕۆیشتین بەلای چەپی حەوشەکەدا دەرگایەکی بچوك هەبوو لەو دەرگایە بردیانینە ژوورەوە، دەرگاکە بەسێ چوار پلیکانە لەحەوشەکە نزم تر بوو، ڕاڕەوێکی باریك لە ناوەڕاستی ئەم بەندیخانەیەدا بوو ئەم بەر و ئەوبەری ژوور بوو دەرگای ژوورەکان لەسەر ڕاڕەوەکە بوون، ئێمەیان بردە ژووری کۆتایی بەلای چەپ دا ژوورەکە $2\times2$م بوو بەشی خوارەوەی دیوار کرا بوو، بەڵام نێوانی ژوورەکان تا نیوەی دیوار کرا بوو، سەرەوەی دیوار نەکرا بوو بە بۆشی مابووەوە پەنجەرەیەکی بچوك لە بەرزی دوو مەتر ونیو لەبەشی دواوەی ژوورەکە هەبوو، دوایی یەکێکی تریان هێنایە لامان ناوی ئازاد ئەحمەد بوو لە ڕاگەیاندنی (پ.د.ك) کاری کرد بوو لەڕێگای کوڕێکەوە کەوا ڕێکخستنیان بوو لە ئێرانەوە چاو ساغی کرا بوو، بەڵام لە زاڵگەی کۆیە ناپاکی لەگەڵ کرد بوو دابوو یە دەست ڕژێم لەلایەن (منظومة الشرقیة کرکوك) گیرا بوو، ئێمە شەش کەس بوین لەم ژوورەدا بە ئاسوودەیی جێدەمان دەبووەوە، بەڵام دەیانووت جاری وا هەبووە سی و پێنج کەسی تێدا بووە، لەبەر قەرەباڵغی بەندیەکان ناچار بوون هەندێکیان بە پێوە بوەستن و هەندێکیان دانیشن و بە نۆرە بنون، سەرەڕای بێ جیگایی هەرا و زەنا و دەنگە دەنگ ژیانی شێواند بوو، یەکێك هات لە سەتڵی سەربازی دا خواردنی بۆ هێنایین لێمان پرسی ئەم بەندیخانەیە ناوی چی یە؟

– بەندیخانەی ژمارەیەك.

ئێرە بە پێچەوانەی بەندیخانەکانی پێشوو هیچ پاك وخاوێنی و شێوەیەکی تەندروستی تێدانە بوو، بەڵام شلە و برنج و گۆشتی مریشك و سەموونە درێژەکانی ئەوەندە زۆر بوون هێندەی تریش باین لێمان زیاد دەبوو، هیچ یاساولێکیش بەلامان دا نەدەهات چەند ڕۆژ بوو ئەوە یەکەمجار بوو ئاوامان بۆ هاتبوو، لەبەر ئەوە بە ئارەزووی خۆمان قسەمان دەکرد، ئازاد کە تەماشای کرد ئێمە هەموومان بەجلی شەوەوە گیراوین هیچ پارەو پولمان پێ نیە،یەکی دوو دینار و نیوی داینێ.

له17-11-1989 چەند کەسێکیان هێنایە ژووری تەنیشت ئێمە دەستیان کرد بە دەنگە

دەنگ و پێکەنین، ئەوەندە بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد بێزاریان کردبووین، دوایی لەسەر دیوارەوە هەندێك میوەو خواردن و گۆشتیان بۆ هێناین گووتیان:

– ئێمە کەس وکارمان هاتون بۆلامان خواردنمان لێ زیادە بەشی ئێوەش دەکات، بەڵام ئەو خۆشی و پێکەنینە کاتژمێر دوانزەی شەو گۆڕا بەشین و گریان گووتمان:

– ئێوە بۆ وادەکەن پێشتر ئاهەنگتان دەگێڕا ئێستاش لەم خەم و پەژارەیەدان گووتیان:

– وەردیانەکان هاتوون ناوی دایکمانیان وەرگرتووە دەڵێن : بەیانی لەسێدارە دەدرێن .

جەنگی ڕەسوڵ بە سەر شانی عەلی برای دا سەرکەوتە سەر دیوارەکە چوو بۆلایان هەندێك دڵخۆشی دانەوە قسەی بۆکردن، بە ڕاستی ئێمەش چەند ڕۆژ بوو بە دەست وەردیانەکانی لقی پێنجەوە زۆر ئازارمان چەشتبوو، ئەو چەند ڕۆژە لێرە تۆزێك ئاسوودەتر بووین، بەڵام بە هۆی ئەو بار ودۆخەی ئەوانەوە ئێمەش دڵمان گوشرا کەوتینە خەم و پەژارەوە تاکو دوای کاتژمێر سێ ی شەو نە ئێمە و نەئەوان خەومان لێ نەکەوت، ئیتر ئەوانیان برد و نەمان دیتنەوە .

لە ڕۆژی 18-11- 1989لە حەوشە بردیانینە دەرەوە لەودیو دەرگا کەلەپچەیان کردین و چاویان بەستینەوە سواری ئۆتۆمبیلیان کردین، هەر چەندە چاومان بەسترابووەوە بەڵام واپێ دەچوو ئۆتۆمبیلەکە بەکۆڵان و ڕێگای پێچا و پێچ دادەڕۆیشت، تا لەبەردەم بینایەك ڕایانگرتین چاو و دەستیان کردینەوە تەماشام کرد بیناکە دووقات بوو شورەیەکی بەرزی بە دەورەدا کێشرا بوو لەبەرخۆمەوە گووتم: گەلۆ ...ئەبێ ئێرە کوێ بێ، ئەم بەندیخانەیەش وەکو بەندیخانەکانی پێشتر هیچ تابلۆیەکی نووسراو لەسەر دەرگای بەندیخانەکە نەبوو، لە دڵی خۆم دا گووتم: ئەمانە هەمووی شوێنی نهێنین بۆ خەڵکی تایبەت دانراون، دیارە تەنها ئەوانە دێنن بۆ ئێرە کە تایبەت بەم شوێنەن و لەسەر کاری گرنگ گیراون، بۆیە ڕژێم نایەوێ کەس بە شوێنی دیاری کراویان بزانێ، یەکێك لەسەرانی بەندیخانە پیاوێکی سوورەی باڵابەرز بوو جلێکی زەیتونی لەبەردا

بوو ناوی (عەریف عەلی) بوو هەر بەعەریف بانگیان دەکرد، ئەگینا دڵنیام پلەیەکی بەرزی هەبوو لە حزبی بەعس دا عەریف

عەلی گوتی: – بیان بەن بۆ هۆڵی پێشوازی.

# بەشی سێ یەم

# مەینەتیەکانی جناح خاص

## هۆڵی پێشوازی و ناوێکی پێچەوانە

هەرواما‌ن بیستووە و نەریتی دنیاش وایە پێشوازی ڕێوڕەسمی خۆشەویستی و خۆش حاڵیە بەرامبەر بەو کەسانەی تامەزرۆی بینینن، نیشانەی میوان دۆستی و پەزێرایی کردنە لەو ئازیزانەی بۆیان لە چاوەڕوانی دای، بەڵام لەم بەندیخانە و لای بەعسیە خوێن تاڵەکان ژیان و هەرچی لەم جیهانە دایە پێچەوانەیە، هۆڵی پێشوازی بەشێکی دیواری دەرەوە و ناوەوەی شیش بەند(مەحجەر) بوو ئێمەیان لەبن دیوارەکە بەڕیز و بە پێوە ڕاگرت، عەریف عەلی لە قادرەوە پێداهات یەکەمجار هەر بۆ گاڵتەپێ کردن دەیپرسی:

– دەعواکەت چی یە؟ یان لەسەرچی گیراوی؟

ئێمەش ناچار بووین بڵێین لەسەر (یەکێتی نیشتمانی ی کوردستان) گیراوین چونکە لە تۆمارەکەمان دا وا نووسرا بوو، هەر قسەکەمان تەواو نەدەکرد بەمستەکۆڵە وکێبڵ دەکەوتنە گیانمان ئەوەندەیان لێ داین تۆڵەی بەر ودوایان لێ کردینەوە، کارێکیان پێ کردین با بەدەواری شڕی نەکرد بێت، شڵپەی زللە، تەقەی دار و ویڕەی قەمچیان، ڕقی ئەستوری ئەوان، ورە و خۆڕاگری ئێمە تێکەڵ ببوون و دیمەنێکی ئازاراوی دروست کرد بوو مەگەر هەر ئەوانە وەسفی بکەن کە بە چاوی خۆیان دیویانە، دوایی قسەیەکی لەگەڵ قادر کرد نازانم چی لێ پرسی بەڵام گوێم لە قادر بوو گووتی:

– من لێپرسراویانم.

ڕاستیان ووتوە زمان بەڵای سەرە، قادر هەر ئەوندەی گووت: لە هەموو لایەکەوە کەوتنە لێدانی بە هیچ لەکۆڵی نەدەبونەوە، حاڵمان زۆر خراپ بوو بەدەست ئەهریمەنەکانی شەڕەوە، لە بی ٚویژدانی و دڕەندەییان هەموو دڵمان گوشرا، توشی ئازارێکی دەرونی زۆر بوین، هێندە لە گیانی خۆمان بێزار بووین مەرگمان بەئاوات دەخواست، دیلی و ژێردەستەیی بۆ خۆی جیهانێکی تایبەتە تەنها ئەوانە دەتوانن هەستی پێ بکەن کەڕێبواری ئەم ڕێگایەن.

هەر چەندە ئێمە هیچ پەیوەندیەکمان بەیەکەوە نەبوو، بگرە یەکتریشمان باش نەدەناسی جگەلە من و قادر بەڵام لە کاتی گرتن و لێکۆڵینەوەدا کرا بووین بە دوو شانە و قادر کرا بوو بە لێپرسراومان، من پیرۆتم بۆ یەکەمجار لە ناو بەندیخانە بینی، جەنگیش هەر بەڕێکەوت لەناو شار بینیومە، عەلیش لەیانەی هەڵبژاردەی تۆپی پێ ی کێوەڕەش بوو زیاتر لە گۆڕەپانی یاری دەمدیت، دەربارەی چۆنیەتی پەیوەندی من و قادریش پێویستە بگەڕێمەوە دواوە، من لە سەرەتای کانوونی دووەمی 1977 لەلایەن دوو پیاوی نەخوێندەوار کە بەبرایمی مام خدر و مەحەمەد پور زەینەب ناسرا بوون لەیەکەم شانەی ڕێکخستن لەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە ئەو کاتە ناوی کۆمەڵەی (مارکسی– لینینی) بوو لە ژێر سەرپەرشتی شەهید هاواری نەمردا (یادی بەخێر) ڕێکخرام و ڕێگای هات و نەهاتم گرتەبەر، دەبێ من بڵێم دەستکردی ئەو دووانەم، ئەوان فێری کوردایەتی و ئەزمونیان کردم، ڕێگای ڕاستیان پێ نیشان دام، بێ گومان ئەگەر ڕێکەوت وای نەکردایە لەگەڵ ئەو دوو پیاوە نزیك نەبام ڕەنگە ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەبایە کە لەسەر دەستی ئەو دووانە گرتم و تا ئێستاش بەشانازیەوە لەسەری بەردەوامم، لەکانگای بیری ئەوانەوە فێر بووم من ڕۆڵەی گەلێکی ستەم دیدە و بەش خوراو و دابەش کراوم، ئەبێ ڕۆڵەکانی لە پێناوی ئازاد کردنی دا ئەوپەڕی فیداکاری بکەن، ئەوان فێریان کردم نەتەوەکەی خۆم خۆش بوێ بەگیان و بەدڵ بۆ ڕزگار کردنی هەوڵ بدەم، ئەو دوو پیاوە نەخوێندەوار بوون تەنها بە هەوڵی خۆیان هەوڵیان دابوو پیتەکان بناسن کە زۆر لە نوسینێك ورد دەبونەوە بەزەحمەت کەمێکی

تێدەگەیشتن، لەسەردەمی لاوێتیانەوە لەگەڵ نیشتمان پەروەری و حزبایەتی دا وا قاڵ ببون دەستێکی باڵایان پەیدا کرد بوو لە سیاسەت و کاری حزبایەتی و شیکردنەوەی پەیڕەو و پرۆگرام و بەرنامەکانی حزب دا، هەر چی جارێکیان گوێ لی بوایە لە بیریان نەدەچۆوە، ئەوان لە هەستی دەرونی پاکی خۆیان منیان فێر دەکرد و منی تامەزرۆش بەهەڵپەوە زیاتر دەچوومە پێش، من لەدڵەوە ئەوانم خۆشدەویست و ئەوانیش منیان بە کوڕی خۆیان دەزانی، زۆر دڵیان بە من خۆش بوو چونکە من خوێندەوار بووم هاوکاریم دەکردن لەکاتی پێویستی دا، هەمیشە دەیانگووت: لەبەر ئەوەی ئێمە نەخوێندەوارین بە هیچ نابین، ڕۆژێك دێ میللەتی کورد ئازاد دەبێ حکومەتی خۆی دەبێ، ئەگەر ئێمە ئەو کاتە ماین ناتوانین هیچ کارە بین لەو حکومەتەدا، بەڵام تۆ دەتوانی ئەسپی خۆتی تێدا تاوبدەی بەقەد حەز و توانای خۆت خزمەت بکەیت، دوا ڕۆژت ڕوونە، داخی گرانم ئەوان و چەندانی وەك ئەوانیش کەس خەبات و تێکۆشانیان لەبەر چاو ناگرێ و مێژووش باسیان ناکات .

لە سەرەتای ساڵی 1983 لێپرسراوێتی ڕێکخستنم پێ سپێرا ئەو کاتە کاك مرادی مام زێندین لەکەرتی ڕێکخستنی ڕانیە سەرپەرشتی دەکردین، دواتر دکتۆر خەسرەوی مام قادر سەرپەرشتی ئێمەی گرتە ئەستۆ، من دکتۆر خەسرەوم لە دڵەوە خۆشدەویست بەکادیرێکی ڕووناکبیر و هۆشیارم دەزانی، بە پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و ژیرم دەزانی، بە کوردێکی چاك و پاکم دەناسی، بە پەروەردەکارێکی لێ هاتوو بە ئەزمونم دەبینی، دەمزانی نەتەوەکەی خۆی خۆشدەوێ و چەندی پێ خۆشە قوربانی بۆ بدا تاکو ڕادەی گیان فیداکردن، چەندە هیوای بەوە بوو نەتەوەکەمان بگاتە ڕادەی نەتەوە پێشکەوتوەکان، چەندی هەوڵ دەدا ڕیزەکانی ڕێکخسستن زۆر پەرە بستێنی و زوو گەشەبکا و سەرکەوتنێکی باش بە دەستبهێنێ، زۆرم هیواپێ بوو کە سنورەکەی ئێمە لەسەر دەستی ئەو ڕێکخستن و سیاسەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و (ی.ن.ك) بگاتە ئە وپەڕی،

لەو ماوە کەمەش دا کە ئەو لەویٚ بوو دەزانین چەند خزمەتی بە کەڵکی پێشکەش بە ڕێبازەکەی(ی.ن.ك) کرد.

لەکاتی گفتوگۆی ڕژێم و شۆڕش لە 1984دا بورهانی سەید غەفور لاوێکی لێهاتوو خوێن گەرم بوو، چەند کەسێکی لەگەل خۆیٚ دا ڕێکخست لە ژێر سە رپەرشتی دکتۆر خەسرەودا لە ناویان دا قادرم دەناسی، لاوێکی تێکۆشەر و کوردێکی پاك و دڵسۆز بوو، لە پەیوەندی دۆستانە زۆر دەچووە پێش و سەرنجی بەرامبەرەکەی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، بە داخەوە بورهان بە هۆی بار و دۆخی تایبەتی خۆیەوە هەر زوو وازی هێنا، دکتۆر خەسرەو لە کۆبونەوەیەك دا پێی گووتم بورهان وازی لە ڕێکخستن هێناوە ئەبیٚ ئەوانەی لای بوون کۆیان بکەیتەوە و بیان گریە لای خۆت، منیش لەلایەك لە ترسی ئەوەی بە هاتنی ئەوان شیرازەی ڕێکخستنی لای خۆم تێك بچیٚ چونکە نەمدەزانی چ جۆرە خەڵکێکن، لەلایەکی تریش بۆ ئەوەی قادریش وەك کادیر بێتە پێشەوە بە دکتۆر خەسرەوم گووت: بەڵیٚ کۆیان دەکەینەوە قادر دەکەین بە لێپرسراویان بۆکۆبوونەوە و هەر شتێکی تریش با لەگەڵ من دا بێت بەو شێوەیە ماینەوە تا گیراین و کەوتینە بەندیخانەوە.

### سەختی جەناح و دڕندەیی وەردیان

هەر لە شیش بەندی ناوەوەی هۆڵی پێشوازی دەچوویتە ئەو دیو ڕاڕەوێکی دورو درێژ بوو، ئەم بەر و ئەو بەری ژوور بوو، دەرگایان لەسەر ڕاڕەوەکە بوو، هە ریەك لە ژوورەکان 5×6م بوون، ڕووی پێشەوەیان دیوار نەبوون تا بن میچ هەمووی شیش بەند کرا بوو، دیارە شیش بەندەکە شوشەی پێوە نەبوو، هەمووی کرا بوو بە دوو کەرت (قاطع) لە ناوەڕاستی ڕاڕەوەکەدا بە شیش بەندێك کەرتی یەك و دوو لێك جیاکرا بۆوە، دوای ئەوەی لە هۆڵی پێشوازی ماندوو بوون لە لێدان و ئازاردانمان یەك یەك بەسەر ژورەکاندا دابەشیان کرین، منیان بردە یەکەم ژوری کەرتی یەك، بەلای چەپ دا کەچومە ژورەوە سلاۆم کرد

لەلای ڕاستی ژورەکە لەنێوان دوو کەس دا دانیشتم کە پرسیارم کرد ئەم بەندیخانە ناوی چیە؟ گووتیان:

– ناوی بەندیخانەی جناح خاصة.

وەردیانەکانی ئەم بەندیخانەیە هەموویان تۆزێك بە تەمەن بوون، لە سەرووی هەرزەکاری بوون ئەوانەی دەهاتنە ناو ئێمە ناویان (لطیف، ذنون، خضیر، أحمد، علی) بوون هەموویان بە عەریف بانگیان دەکردن، هەموویان بە فیز و لە خۆبایی و دڕندەو کەللە شەق بوون، ڕق و قین یان لە نێو چاوان دەباری، هەرگیز بزەیان لەسەر لێو نەبینراوە، پەروەردەی دەستی هەوالگری عێڕاقی بوون، نموونەی ملهوڕی و خراپەکاری بوون، لە قاموسی ئەوانەدا بەزەیی و سۆز و خۆشەویستی مانایەکی نەبوو، لە هەموویان خراپتر عەریف لطیف بوو کە بەفیز و خۆبادانەوە بەسەر زەوی دا دەڕۆیشت دارەکەی دەستی ڕادەوەشاند زەوی منەتی دەبرد عەریف لطیف پێی لەسەر دابنێ، وەك واشە بەسەر چۆلەکەوە هەمیشە بەسەر سەرمانەوە بوون و بەڕاڕەوی هەردوو کەرتی یەك و دوودا لە هات و چۆ دا بوون، ئەو ساڵە لە بەد بەختی ئێمە زستانەکەی زۆر سارد بوو یا هەر بەلای ئێمەوە وا بوو، ئەم بەندیخانەش نەك هەر گەرم نەبوو بەڵکو لە خوار ساردیەوە بوو لەبەر ئەوەی هیچ ئاگر و ئامێرێکی گەرم کردنەوەی تێدا نەبوو، هیچ ڕاخەر و پێخەوێکی باشی لێ نەبوو، جاری وا هەبوو بەسێ کەس بەتانیەکیان بەرنەدەکەوت، لای پێشەوەی ژورەکانیش تا بن میچ تەنها شیش بەند کرا بوو، بەندیەکانیش یا بەجلی شەوەوە (کراس و بیجامە) وە یا بەجلی هاوینەوە گیرا بوون، سەرەڕای هەموو ئەمانەش یاساوڵەکان هەر کاتێك ئارەزوویان لێ بوایە بۆ ئەوەی ئازارمان بدەن یا لەڕوی دەرونیەوە کارمان لێ بکەن، ژوور و ڕاڕەوەکەیان بە ئاو و تایت پێ دەشوشتین، ئینجا پاڵکەوتن و قاچ ڕاکێشان و دانیشتن بەرامبەر یەکتر و قسەکردن بەدەنگی بەرز قەدەغە بوو، هەرکەسێکیان وا بینیبا هەموو گیانیان بە کێبڵ دەخاراند، بۆ ئەوەی زیاتر جەنگی دەرونیمان لەگەڵ بکەن بەیانیان زۆر زوو لە خەو هەڵیان

دەستاندین دەرگایان لێ دەکردینەوە دەچووینە سەر ئاو ئەویش عەزابێك بوو بۆ خۆی، یەکێك لە ژورەکان سێ ئاودەست و دوو گەرماوی سادەی تێدا دروست کرا بوو، هەموومانی دەکردە ئەو ژورەوە دەیکردە پەلەپەل لێمان بۆ کات بەسەر بردنی خۆی بەگاڵتە و ڕابواردنەوە تانە و تەشەری لێ دەداین، هەندێك جاریش وەردیانەکە دەیووت : هەتا دە ژمارە دەژمێرم ئەبێ تەواو بن، ئینجا ئێمە ئەبوایە لەو ماوە کەمەدا چووباینە سەرئاو و دەم و چاومان شوشتبا و قاپ و کەوچکی خواردنەکەمان شوشتبا، ئەگەر تەواویش نەبووینایە دەیووت: یەڵڵا بۆ ژوورەوە کات تەواو بوو، دوای گەڕانەوەمان بۆ ژوورەکەی خۆمان یەکێك لە یاساوڵەکان دەیوت: یەڵڵا وەرن چێشتەکەتان وەربگرن، یەکێك دەچوو چێشت وەربگرێ، کەوا هەموو بەیانیان ماش بوو، بەڵام ئەوەندەی بەرد تێدا بوو ئەبوایە زۆر وریای ددانەکانت بای، یەکێکیش دەچوو چاکە بهێنێ، تەنیا بەیانیان چا هەبوو، چای بە پارەش هەبوو ئەگەر پارەت لابوایە دەتتوانی چا بکڕیت، ئیتر دەبوایە بێ دەنگ لەبن دیوارەکە بەڕیز دابنیشین تاکو کاتی نان خواردنی نیوەڕۆ، یەکێك دەچوو چێشتەکەی دەهێنا کە شلە بوو، بەڵام شلەی چی ؟ هەر ئاوێکی ئاسایی بێ تام بوو بە دۆشاوی تەماتە کەمێك ڕەنگیان دەکرد، هەندێك سلق یا قەڕنابیتیان تێ دەکرد، هیچ تامێکی لێ نەدەهات تاکو بۆتانی بگێڕمەوە، وەك لەبیرم بێت هەفتەی سێ جاریش برنج هەبوو کە بنکڕیان لەگەڵ هێنابا جەژنمان بوو چونکە ئەگەر تام و خوێیەکی هەبوایە لە بنکڕەکەی دابوو، دەمان کردە پارچە پارچەی بچکۆلە بچکۆلە و هەر کەسە و پارچەیەکمان بۆ لەسەر برنجەکەی دادەنا، زۆر جاریش قالۆچە و مێش و داڕوجانمان لە چێشتەکەدا دەبژارد، دوای نان خواردن ئەبوایە بێدەنگ و بە ئەدەبەوە لەبن دیوارەکە دابنیشین تا کاتی نان خواردنی ئێوارە، چێشتی ئێوارەش هەر شلەی نیوەڕۆ بوو، بۆیان دووبارە دەکردینەوە، ڕۆژی سێ کولێرەشمان هەبوو تیرەکەیان هەر پانزە سانتیمەتر دەبوو، ئینجا ماوەیەك دوای نان خواردنی ئێوارە لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو بێ ئەوەی گوێ بەویست و ئارەزووی ئێمە بدەن دەیان گووت: یاڵڵا بخەون، من

لەبەر ئەوەی هەمیشە درەنگ دەخەوتم ئەم کارەی ئەوانم زۆر لا ناخۆش بوو، بەڵام چار نەبوو. نەك نەتدەتوانی نەخەوی بەڵکو هەر کەسێك لە ژێر جێگاش جوڵە جوڵی بکردایە هەموو لەشیان بە کێبڵ دەشکاند. هەر چەندە ئێمە هەموو ئەوانەمان قبوڵ دەکرد دەمان گ"ووت: بابە حیزی و سەلامەتی" با بێ دەنگبین توشی گێچەڵێك نە بین، بەڵام حیزیش سەلامەتی دەست نەدەخستین، ئەگەر یەکێك لە وەردیانەکان ویستبای ئازارمان بدا زۆر ئاسان بوو پێویستی بە هیچ دەستوور و یاسایەك نەبوو بیانویەکی پێ دەگرتین دەیووت: ئەوە بۆ دەنگە دەنگ دەکەن، هەستنە سەرپێ، ئێمەش وەك فێرکرا بووین لە ناو ژووری خۆمان پێنج پێنج لە دوای یەکتر بەڕیز و بە پێوە دەوەستاین، ئینجا یاساوڵەکە دەیگووت: دانیشن، هەستن، بۆ لای ڕاست وەرگەڕێن، بۆلای چەپ وەرگەڕێن، دەست بۆ سەرشان دەست بۆ خوارەوە، ئەوەندەی ئەو کارە دووبارە دەکردەوە لەگیانی خۆمان بێزار دەبووین، ئەو ژوورەی منی لێ بووم هەموویان کورد بوون، سەربازی هەڵاتوو بوون یا پێشمەرگە بوون چوو بوونە ئێران و سوودیان لە لێبوردنەکەی ڕژێم وەرگرتبوو هاتبوونەوە عیراق ڕژێمیش وەك دەست بەسەر لەم بەندیخانەیە دابنابوون، شەو کەنوستم هیچ پێخەوێك نەبوو بە خۆمی دابدەم لە ژێریشمەوە تەنها بەڕەیەك هەبوو پێ یان دەگووت: (کلیم ) وا بزانم لە لۆکە دروست کرا بوو، ئەویش لە چیمەنتۆکە سارد تر بوو لەسەرمان هەڵ دەلەرزیم، پێم وا نیە ئەو شەوە خەوم لێ کەوتبێت.

ڕۆژی 19-11-1989 کاتێك بەبێ دەنگی دانیشتبووم وا دیار بوو خەیاڵ بردبوومیەوە ناو ماڵ و لای منداڵەکانم وام زانی جوامێری کوڕم بانگم دەکات بابە...! منیش لەبەر خۆمەوە بە دەر لە توانای خۆم بە دەنگێکی تۆزێك بەرز وەڵامم دایەوە گووتم: بابە ! ئەوەی لە تەنیشتم دانیشتبوو ناوی عوسمان بوو خەڵکی سلێمانی بوو گووتی:

– چی یە کاك ڕەسوڵ؟

لە دەنگی عوسمان بە ئاگا هاتمەوە گووتم:

– هیچ نی یە.

بەڵام لە ناخ دا تووشی ئازارێکی دەرونی زۆر بووم، خەم دایگرتم، پەژارە سواری شانم بوو، بیرم کردەوە من بۆ لێرەم بۆ لە نیشتمان و کەس و کاری خۆم دوور خراومەتەوە ...چی یە؟ پیاوکوژم یا ڕێگریم کردووە نەخێر تەنها تاوانم ئەوەیە کوردم و داوای مافی ڕەوای گەلەکەم دەکەم.

ئێوارە بارانێکی زۆر باری شەوەکەی زۆر سارد بوو تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت، دیار بوو سەرماش کاری خۆی کرد بوو، کۆکەیەکی توندم گرت، کەمێکیش لەگەڵی تەنگەنەفەس بووم، هەر چەندە برینەکانی پێشوم قەتماغەیان بەردا بوو گۆشتە زونیان هێنابوەوە، بەڵام هێشتا وەکو پێویست نەبووم بەتایبەت لاقەکانم شوێنی فەلاقە و ئاوساویان هەرما بوو، سەرەڕای باری خراپی پێشووم هی تازەشی هاتە سەر .

ڕۆژی 20–11–1989 یاساوڵەکە هات گووتی :

– کێ نەخۆشە ؟

منیش گووتم:

– من نەخۆشم .

– وەرە دەرەوە ئاگادارم ئەم شەو تابەیانی هەر کۆکیت، دەرگاکەی کردەوە بە پەنجە ئاماژەی بۆ ناوەڕاستی ڕاڕەوەکە کرد گووتی:

– لێرە بوەستە.

منیش بێ دەنگ لە ناوەڕاستی ڕاڕەوەکە ڕاوەستام، عەریف عەلی لەوێ لەسەر کورسییەك دانیشتبوو ڕووی لەمن کرد بە تەوسێکەوە گووتی:

– پیاوی سیاسی نابێ سڵاو لە دوژمن بکات، وانی یە؟

زانیم هەڵەیەکی گەورەم کردووە عەریف عەلی بەوە توڕەبووە کە سڵاوم نەکردووە، یا هیچ نەبێت دەیەوێ لەم ڕێگایەوە بیانویەکم پێ بگرێت لەبەر ئەوە بە پەشۆکاوی گووتم:

– ببوره وا مزانی قسەکردن قەدەغەیە.

بە سیلە چاوێکی ڕقاویەوە تەماشایەکی کردم و چاوی بڕیە زەوی و کەوتە یاری کردن بەدارەکەی دەستی، وەك ئەوەی پێم بڵێ ئەگەر نەخۆش نەبای ئێستا چینێکی باشم بیراز دەکردی، چەند بەندیەکیان لە ژوورەکان دەرهێنا و هێنایانن بۆ لای من، دوایی دکتۆریان هێنا قەدەغە بوو دکتۆر ناوت بپرسێ یا لەسەر کاغەز بینوسێ لەبەر ئەوە ژمارەیەکیان بۆ دادەنای بۆ ئەوەی دەرمانەکانی لەسەر وەربگری، من ژمارە یەك بووم، دوای ئەوەی دکتۆر پشکنینی نە خۆشیەکەمی کرد بە وەردیانەکانی گووت:

–ئەم کوڕە تەندروستی زۆر خراپە،توشی نەخۆشی ڕەبۆ بووە،ئەبێ چاودێری بکەن .

دوای پشکنین و تەماشا کردنی نە خۆشەکان دکتۆر ڕۆیشت و دوای ماوەیەك گووتیان:

– ژمارەیەك کێ یە بێت دەرمانەکانی وەرگرێت، چووم دکتۆر شرۆبێك و هەندێ حەبی بۆ نوسیبووم، وەرم گرت و چوومەوە ژووری خۆم، دوای کات ژمێرێك  یاساوڵەکان بانگیان کردمە دەرەوە وەك ئەوەی پێم بڵێن هەستم کرد بۆ گواستنەوەیە لەبەر ئەوە بەرەکەی ژوورەوەم لەگەڵ خۆم هێنا بردیانمە ژوورێکی دیکە سێ ژوور لەو لای ژووری خۆم بۆ دواوە، کە چوومە ژوورەوە سڵاوم کرد، بەڵام بەندیەکان زۆر بە ساردی لە ژێر لێوەوە وەڵامیان دامەوە، منیش هەروا بەکۆ کراوەی بەرەکەم دانا و لەسە رچیچکان لەسەری دانیشتم پاڵم بە دیوارەوە دا، بێ دەنگیەك ژوورەکەی داگرتبوو، گوێت لە دەنگی باڵی مێشوولە دەبوو، ماوەیەك دوای ڕۆیشتنی عە ریف عەلی و ئەوان کوڕێك لە بەرامبەرم دانیشتبوو هات لە تەنیشتم دانیشت و گووتی کەمێك لەمەوپێش عەریف عەلی گووتی: ئێستا پیاوێکی سیاسی دەهێنینە لاتان هەر کەسێك قسەی لەگەڵ بکات پشتی دەشکێنین، ئەم خەڵکەش کە قسەت لەکەل ناکات لەترسانە ئەگینا ئێمە دڵمان بە خەڵکی وەکو ئێوەش خۆش دەبێت .

لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و تۆزێك بە شەرمەزاری یەوە گووتی:

– من ناوم سابیرە پێشمەرگە بووم بەر لە چەند مانگێك هاتمەوە ناو ڕژێم دوو مانگ زیاترە

هێناویانم بۆ ئێره.

منیش بۆ ئەوەی دڵی بدەمەوە هەم هانیشی بدەم تا نا ئومێد نە بێت لەبەر ئەوە بە هێمنی پێم گووت:

– کاکە سابیر ...هەر کاتێك جەور و ستەم ، داگیرکردن و خاپورکردن بەرۆکی نیشتیمان و نەتەوەی گرت، سەربەستی و ئازادی زەوت کرا، مافەکانی مرۆف پێشێل کران، سەرجەم کۆمەڵانی خەڵك موبتەلای ئازار و ئەشکەنجە بوون، هیچ ڕێگایەك لەبەردەم کۆمەڵانی خەڵکدا نامێنێ جگە لە هاو سۆزی و هاو دەنگیەك گشت چین توێژەکانی کۆمەڵ بە یەکەوە ببەستێتەوە، ئەبێت خەبات و تێکۆشان بکەن بە پیشە، بۆ ئەوەی سەروەری بگەڕێننەوە بۆ خەڵك و خاکەکەی، بەم جۆرە لە قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانی دا خەڵکە هۆشیار و ڕوناکبیرەکە دابەش دەبن بەسەر دوو بەش دا هی یەکەم تێکۆشەرانی سەنگەر و هی دووەمیان پاڵ پشتەکەیەتی، بەمەش هاو چارەنوسیەك دروست دەبی و پێویستە هەوڵ و تواناکانیان یەك بخەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەرەو ئامانجە دوور و نزیکەکانی ببەن، دیارە نەتەوەی ئێمەش لەم ڕووەوە درێخی نەکردووە، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێمە بۆ پاڵپشتی براکانیان هەر لە سەرەتاوە تێکەڵ بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) و حیزبەکانی تر دەبوون و هەر کاتێك بیانەوێت دەتوانن جەماوەر بڕیژێننە سەر جادەکان، خۆ پیشان دان و ڕاپەڕین لە شارەکان بەرپا بکەن و ڕەوشەکە بە قازانجی خۆیان بگۆڕن و سەدام و دەزگا سەرکوت کەرەکانی ڕژێم بشێوێنن، تۆش دەتوانی هەر لە دوای چوونە دەرەوەت لە بەندیخانە لە سەرەتاوە دەست پێبکەیتەوە، ئەوەی لە سور دۆڕاندوتە لە لای بای تێ هەڵ بهێنیتەوە .

سابیر زۆر سوپاسی کردم بە پێکەنینەوە گووتی:

– بابە یاساوڵەکان بە هەڵەنەچوو بوون کەدەیان ووت نابێ کەس قسەی لەگەڵ بکات.

ئەمەی گووتوو چووە جێگاکەی خۆی. لە تەنیشتم بەلای دەرگاکەوە دوو پیاوی تۆزێك بە

تەمەن هەبوون، خەڵکی دۆڵی جافایەتی بوون، ئەوانیش چوو بوونە ئێران گەڕابونەوە، زۆر دڵپاك و سادە بوون كە بینیان هیچم لە بەردانیە چاكەتێكی سەربازیان دامیٚ لەبەرم كرد، شەویش بەشێك لە بەتانی خۆیان بەش دام پێی بخەوم و دە دیناریان دامیٚ و گووتیان:

—هەر كاتێك لە بەندیخانە دەرچووینماڵەوەتان ئاگادار دەكەینەوە كە لێرەی .

## دایكێك شەرەفی كوڕەكەی دەفرۆشێت

لە ژوورەكەمان دا جگەلە سابیر و ئەو دوو پیاوە بەتەمەنە ئەوانی دی هەموو عەرەب بوون، لەسەر كێشەی جۆر بەجۆر گیرا بوون، یەكێك لە ناویان دا هەتا بڵێی گەنجێكی قۆز و ڕێك و پێك بوو، زۆر خەمبار بوو هەمیشە سەری لە ناو هەردووك دەستی دەناو پاڵی بە دیوارەوە دەدا، دەكەوتە دەریای خەیالاٚت و بیركردنەوە سیٚ كەسی دیكەی لەگەڵ گیرابوون، هەمیشە دڵخۆشیان دەدایەوە، من هیچ قسەم لەگەڵ نەكرد بوو بەلاٚم دەیان ووت: ژنێكی زۆر جوان و شۆخ و شەنگی هەبووە دایكی ویستویەتی ژنەكەی بۆ كاری بەدڕەوشتی بەكاربێنیٚ، بەلاٚم كوڕەكەی بەمە ڕازی نەبووە هەڕەشەی لە دایكی كردووە كە كاری وا نەكات، دایكیشی گوناهبار(توهمە)ی بۆ دروست كرد بوو بە گرتنی دا بوو، كە ئەوەم بیست زۆرم لا سەیر بوو، چۆن دایكێك سۆز و خۆشەویستی دایكایەتی پێشێل دەكات و زاتی ئەوە داكات جگەر گۆشەكەی خۆی بخاتە كونجی بەندیخانەوە بۆ هەر مەبەستێك بێت، كە بەراوردم دەكرد لەگەڵ ئافرەتانی نەتەوەكەی خۆم دا بۆم نەدەخرایەوە سەریەك، لەلای ئێمە ژنان دەریایەك سۆز و میهرەبانیان هەیە و بە پێی توانای خۆیان ڕۆڵی گرنگیان لە بواری پێشمەرگانەو ڕێكخراوەیی دا سەركەوتوانە بینیوە، هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نویٚ خوازی گەلەكەمان چوونە ناو شۆڕش و لەگەڵ هاوسەرە پێشمەرگەكانیان ژیانی كوڵە مەرگی و پڕ سەروەریان قبولٚ كرد و بەرگەی ڕۆژگارە سەخت و دژوارەكانیان گرت، هەندێكیشیان تێكۆشان و گیان بازیان كردە پیشەی خۆیان لە و پێناوەدا ئازار و ئەشكەنجە و گیانی خۆ ڕاگریان لە ژوورە تاریك شێدارەكانی بەندیخانەدا

بەسەر برد و لە شارەکانیش تێکۆشەری ئازا و بە بیر و باوەڕ بوون و ڕێگای مان و نەمانیان گرتەبەر و تەتەری چالاك بوون بۆ گواستنەوەی چەك و تەقەمەنی و نامە و بڵاو کروەکانی شۆڕش بۆ ناو شارەکان و بە پێچەوانەوە هەواڵ و زانیاری پێویستیان دەگەیاندە ناو شۆڕش، هەر دوور نەڕۆین جگە لەو خوشکانەی لەگەڵمان دا بوون هاوسەرەکەی من زۆر هاوکاری دەکردین لە کاری ڕێکخستن دا زۆریش گومانی دەکرد ئەو دەست بڵاویەی من لە کاری ڕێکخستن دا بەلایەکمان بەسەر بێنێ، بۆیە هەمیشە دەی گووت: ئەوانەی ئێوە پەیوەندیان پێوە دەکەن پێویستە جێی متمانە و زۆر لە ژێر چاودێری دابن.

ئازیزەکانم باوەڕتان بێت حزبی لە یاسا دەرچووی بەعس خزم و دۆست و برادەری وەها لە یەکتر خستبووە گومانەوە کەس بڕوای بەیەکتر نەمابوو، بۆ نموونە خەڵك لەسەر شتی وا یەکتریان بە گرتن دا بوو جێی شەرمەزاری و شورەییە باسی بکەین، بەندیەك بۆی گێڕامەوە گووتی :

ـ یەکێك جگەرەی پێش کەش بە هاوڕێیەکی کرد بوو ووتبووی فەرموو ئەم جگەرەیە بکێشە ئەویش گووتبووی: سوپاس جگەرە ناکێشم، هاوڕێ کەی گووتبووی: باشە وا بە سەلامەتی گەڕایەوە شوێنی خۆی، هاوڕێکەی تر یەکسەر شکاتی لێ کرد بوو بەگرتنی دابوو گووتبووی: ئەوە گاڵتە بەڕاگەیاندنی عیراق دەکات، چونکە ئەو کاتە شەڕی عیراق—ئێران بوو هەمیشە ڕاگەیاندنی چەواشەکاری عیراق دەیووت: فڕۆکەکانمان هەڵسان بۆردومانی سەربازگە و دامەزراوە سەربازیەکانیان کرد و بەسەلامەتی گەڕانەوە شوێنی خۆیان، هەموو کەسێکی ژیر و هوشیاریش دەزانێ ڕاگەیاندنەکەیان درۆ و پێچەوانەیە، یەکێکی تر لەسەر ئەوە گیرا بوو هاوڕێیەکی گووتبووی: عۆدەی کوڕی سەدام لە باوکی دەچێت، ئەویش گووتبووی: نەخێر لەسەدام ناچێت، هاوڕێکەی بەگرتنی دابوو گووتبووی: مەبەستی ئەوەیە عۆدەی لەسەدام نیە و زۆڵە، یەکێك لای ئێمە لەسەر پارچە حەبێك گیرا بوو موچرکە بە لەشم دادەهات و زۆر ترسام چونکە چەندین جار بەگونیە و بەکارتۆنی گەورە دەرمانی

پزیشکیم برد بوو بۆ ناو هێزی پێشمەرگە، زۆر جاریش بەزالگە سەربازیەکان دا ڕۆیشتبووم هیچ گوێم بەزالگەکە نەدابوو، تازە بە تازە دەترسام، ئێستا دەمزانی چ کارێکی هەڵەم کردووە گوێم بە بوونی زالگەکان نەداوە، دیارە هێزی پێشمەرگە سوودێکی زۆری لەو دەرمان و پێویستیە پزیشکیانە دەکرد کە لە ناو شار و لەلایەن ڕێکخستنەکان بۆیان دەچوو، چونکە ڕژێمی بەعسی دژ بەگەل نەك هەر نەخۆشخانە هیچ دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری بۆ گوندەکان دانەنا بوو، بەڵکو ڕێگای نەدەدا هیچ پێویستی لەو بابەتەشیان بۆ بچێت لەبەر ئەوە ئەو دەرمان و پێویستیانەی بۆیان دەچوو سەرەڕای بە کارهێنانی بۆ پێشمەرگەکان ئەبوایە بۆ گوندنشینەکانیشیان بەکار بهێنایایە بۆنموونە لەکۆتایی ساڵی 1987 من لەگەڵ حسین مەحەمەد قادر کە یەکێك بوو لە هاوڕێیانی ڕێکخستن چووینە لای برادەرانی تیپی 99ی بیتوێن لەگوندی شیوەشانی دەشتی کۆیە دکتۆر خەسرەوی مام قادر و هاوڕێ کانی لەوێ بوون، دیار بوو سیخوڕەکانی رژێم ئاگاییان دا بوو کەوا پێشمەرگە لە ناو ئەم گوندەدا هەیە یا ڕژێم بەرنامەی کاری ڕۆژانەی وابوو، لەکاتێکدا پێشمەرگەکان لەناو دێ دا سەرقاڵی کاری خۆیان بوون هەشت فڕۆکەی پلاتۆزمان هاتە سەر هەر چەندە پێشمەرگەکان بە تایبەت دکتۆر خەسرەو قارەمانیەتی زۆریان نواند، کەوتنە بەرگری و تەقەکردن، بەڵام فڕۆکەکان بۆردومانێکی خەستی گوندەکەیان کرد، ناو دێکەیان سوتاند و چەند هاووڵاتیەك بریندار بوون، بەڵام ئێمە و پیشمەرگەکان بێ زیان بووین دوایی سەیرمان کرد یەکێك لە هاووڵاتیان پاش شانی چەپی بەخەستی بریندار بووە، دەست بەجێ دکتۆر خەسرەو کۆڵە پشتەکەی هێناو هەندێك دەرمان و پێویستی پزیشکی لێ دەرهێنا، بە لەفاف چەند جارێك پڵێتەی بۆ برینی هاووڵاتیەکە کرد لەبەر ئەوەی برینەکەی قوڵ بوو دوایی بۆی تیمار کرد، ئەم نموونانەی سەرەوە چەند نموونەیەکن سیاسەتی دژە مرۆیی و دزێویی و قێزەونی بەعس دەردەخەن ئەگینا زۆر شتی سەیر و سەمەرەتر هەبوون خەڵکی لەسەرگیرا بوو لێرەدا جێگای باس کردن نی یە.

**لەسێدارە بدرێم کەس شوێنم ناگرێتەوە**

ئەم بەندیخانە شومە بڕستی لێ بڕیوم، جەستەم ماندوو هەستم پڕ ئازارە، گیانم نەخۆش و دلّم پڕ حەسرەت و دەرد و پەژارەیە، بەلاّم ورەم بەرزە دەلّیم بەس نی یە ئێستا لە هەموو شتێك بێ منەتم لە زۆرێك ئازا ترم کە ئازادن، هیچ نەبێ چی دی سیخوڕەکان ناتوانن ڕاپۆرتی چوار لاپەڕەیم لەسەر بنوسن و بیبەن بۆ فەرمانگەی ئاسایش (دائرة الامن) شاباشی پێوەر بگرن، چیتر پۆستاڵ ڕەشە چاو زەقەکان ناتوانن سەیرانگا خۆش و دلّڕفێنەکانی سەر ئەشکەوتان، دەربەندی ڕەمکان، کۆمەڵە و ڕیشوانم بە ناوی زەوی (محرمە) لێ قەدەغە بکەن، چیتر هەوالگرە خوێن تالّەکان ناتوانن لە زالگەکان پێناسم لێ وەربگرن گیرفان و هەموو شوێنێکم بگەڕێن گوایە شتی یاساغم شاردۆتەوە، چیتر ئەمنە بەدڕەوشتەکان بە هاوکاری گورگەکانی خۆمالّی ناتوانن ڕاوم بنێن بۆ بەندەنێ، منیس خۆم لەلا پەسیو و زەندۆلاّن بخزێنم ، چیتر ناتوانن تۆپ و خومپارەم بەسەردا ببارێنن بە ناوی موخەڕیب و لە یاسا دەرچوو، چیتر بە زۆر ناتوانن بمکەن بە بەعسی و جەیشی شەعبی و لە ڕۆژی لە دایك بوونی سەدام و بۆنەکانی تری بەعسی فاشی دا بە زۆر هەلّم پەڕێنن، لەکاتێك دا من لەم بیرکردنەوانەدا بووم یاساولّەکە زنجیرەی بیری پچڕاندم ناوی منی خوێندەوە و دەرگاکەی کردەوە، منیش چوومە دەرەوە نەمزانی دەمگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر لەبەر ئەوە بەڕەکەم لەگەلّ خۆم نەبرد ئەو ڕۆیشت و گووتی:

– وەرە بەدوام دا.

بردمی بۆ ژووری سێ لە کەرتی دوو کە چوومە ژوورەوە جەنگی هاوڕێم لەوێ بوو زۆرم پێ خۆش بوو، ئاهێکی خۆشم لەدلّ گەڕا کاتێك ئازاد بووین من و جنگی پەیوەندی دۆستانەمان نەبوو، بەلاّم ئەو چەند ڕۆژەی کەوتبوینە بەندیخانە سەرنجی منی ڕاکێشا بوو، کوڕێکی ڕاست و پاك و بەبیر و باوەڕ بوو، هێدی و ئارام و لەسەرخۆ بوو، تێکۆشەرێکی دلّسۆز و ئامانجی ڕزگارکردنی گەلەکەی بوو، لەبەر ئەو کردەوە باشانەی زۆرم خۆش

دەویست لە دڵی من دا جێگای خۆی کردبووەوە، ئەویش بە دیتنی من شا گەشکە بوو، دوای هەواڵ پرسینی یەکتر بۆخۆمان لە پەنایەك دانیشتین و کەوتینە قسە کردن و هەڵڕشتنی ڕازی دەرون بۆ یەکتر لە یەکێك لە قسەکانم دا گووتم:

– جەنگی گیان بەس نی یە تۆ وەك من کێشەیەکی گەورەت نی یە، من ئەوە باڵی شکاندوم پێنج منداڵ و کۆڵێك خەم و خەفەتم بۆ هاوسەرەکەم بەجێ هێشتووە، هەستم کرد جەنگی ڕەنگی تۆزێك تێکچوو چاوەڕێ ی وەڵامێکی وانە بووم بە هەناسە ساردیەوە گووتی:

– چۆن هیچ کێشەیەکم نی یە ...برا...تۆ هەر بەڵایەکت بەسەر بێ سێ کوڕ و دوو کچت لە پاش بەجێماوە لە دوای مردنت ئەوانە بە ناوی تۆوە بانگ دەکرێن و وەچەش دەخەنەوە، بەڵام من کە لە سێدارە بدرێم کەس شوێنم ناگرێتەوە،خۆزگە

منیش وەك تۆ هاوسەرێك و تەنها یەك کوڕم هەبوایە .

کە ئەو قسەیەم لە جەنگی بیست زۆر پەشیمان بوومەوە لەوەی ئەم باسەم کردەوە، زانیم ئەوە بۆ ئەو باسێکی پڕ لە سوێ یە و ئازارێکی زۆر لە دەرونی دا پەنگی خواردۆتەوە، بەو شێوەیەی ئەو بیری لێ کردبۆوە هەقی بوو، ئەو جا منیش کەوتمە خەم و پەژارە بۆ ئەو و هی خۆم لەبیر چوەوە .

هێشتا ئێمە لە گەرمەی گفتو گۆ دا بووین هەمووی چارەکێکی پێ نەچوو یاساوڵەکە هاتەوە بە شوێنم دا بانگی کردمە دەرەوە وەك ئەوەی بە هەڵە منیان هێنابێ بۆ ئەم ژوورە،خێرا لەوێ گواستمیەوە بۆ ژووری حەوت هەر لە کەرتی دوو.

## ژووری حەوت مەکۆی یادگاریەکان

لەسەر کارتێکی پیرۆزبایی بینیم نوسرا بوو "جارێکی تر یادگاریەکانت هەستم دەجولێنن لە نیوەشەودا ...لە کاتێك دا تەنها مولکێك هەیە کە خۆم بە خاوەنی بزانم ئەویش یادگارەکانمە لەگەڵ هاوڕێیان "

هەموو یادگاریە تاڵ و تفت و شیرینەکانی ناو بەندیخانە لەگەڵ هاوڕێکانم دا هەموویان بە

چێژن و هەستم دەجولێنن، بەڵام منیش هێشتا وەك کوردێك لە دنیایەکی پڕ لە نهێنی دا دەژیم بۆیە لە ئاست هەندێکیان دا هەڵوەستەیەك دەکەم، ئەگەر مام و نەمردم، ئەگەر ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست، ئەگەر وولاتی دواکەوتوی ئێمەش، ئەگەر کۆمەڵگای جێماوی ئێمەش گەیشتە ئەو ئاستەی بتوانی هەموو ڕازە نهێنیە پەنگ خواردوەکانی ناو دەرونی خۆت بە ئازادی و ئاسودەیی دەربڕی و قازانجیان لە زیان پتربێ بابمێنن بۆ ئەو ڕۆژگارە .

ئێوارەیەکی درەنگ بوو بەبێ دەنگی پێش یاساوڵەکە کەوتم بردمی بۆ ژووری حەوت لە کەرتی دوو، کە چوومە ژوورەوە سڵاوم کرد و لەلای چەپی ژوورەکە لە پێشەوە لەسەر پەڕێ لەسەر گۆشەی بەتانیەك کە بەندیەکان لە ژێر خۆیان ڕاخستبوو دانیشتم، هەموو کەلوپەلی ژوورەکە چەند بەتانیەك و شەش حەوت قاپ و کەوچك و چەند پەرداخێکی نایلۆن بوو لەگەڵ سەتڵێکی بیست لیتری بۆ میز تێ کردن، ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ، وەك هەموو ڕۆژانی ڕابردوو کەمێك دوای نان

خواردنی ئێوارە یاساوڵەکە بە خێرایی بەڕاڕەوەکەدا هات و گەڕایەوە گووتی:

— یاڵڵا بخەون.

پارچە بەتانیەك کەوا دیار بوو پێشتر لەبەر پێویستی بەتانیەك کرا بووە دوو پارچە ئەو پارچەیان دابەمن، لە ناو پەژارە و مەینەت و بیرکردنەوەی دوور و درێژ دا خەوم لێکەوت لەبەر هەستی پڕ ئازارم خەوم بینی، لەو خەوەدا بەرەو شارە خۆشەویستەکەم شاری ڕانیە فڕیم، لەو خەوەدا هەموو شوێنە گرنگەکانی شارم بەسەر کردەوە باخی گشتی، سەر و چاوەی ڕەشەمێرگ، کانی مەلاسێمانی، گردەدێمە و ئاوی قولەی ڕانیە دەتگووت خۆڵی مردوویان کراوە بەسەردا، زۆر لای ئەوان نەگیرسامەوە سەرێکم لە ماڵەکەمان دا ، هاوسەرەکەم بەسەر و پۆتەلاکی ئالۆز و جل و بەرگێکی دڕاو و تۆزاویەوە بینی، منداڵەکانی بە دڵێکی پڕ حەسرەت و دەم و چاوێکی چڵکن و بەرگی دڕاو و تۆزاوی لە دەوری دانیشتون، من لەو خەوە قوڵ و ئازاراویە دا وەك ماران گەستە پێچم دەدا، لە پڕ ئەوەی تەنیشتم

ڕایتەکاندم:

– هەستە عەریف لەتیف زۆر توڕەیە.

له توڕەیی عەریف لەتیف و لێکدانەوەی تەعبیری خراپ بۆ خەونەکەم وڕ و کاس بەبێ دەنگی چاوم بڕیە زەوی و کەوتمە دەریای بیرکردنەوە، من لە تەواوی ژیانم دا زۆر کەم بیرم لە لێکدانەوە و ئەنجامی خەون کردووە، بەڵام کە هاوسەر و منداڵەکانم بەم شێوەیە لە خەودا بینی وام لێکدایەوە باری ژیانیان زۆر پەرێشان بێت، لەبەر ئەوە بەدەست خۆم نەبوو خەفەت دایگرتم، ئۆقرەم لێ هەڵگیرا، پەژارە و مەینەت بڕستیان لێ بڕیم، دەتگووت لەسەر پۆلوان دانیشتووم، پێم خۆش نەبوو کەس بمدوێنێ، حەزم لە تەنیایی بوو، دەمویست لە شوێنێکی چۆڵ بەبێ دەنگی بۆ خۆم دانیشم، هیچ نەبێ کەمێك لەگەڵ هەستی پەرێشانی خۆم دا ڕاز و نیاز بکەم و دڵی پڕ تاسەم بلاوێنمەوە، بەبێ دەنگی دانیشتبووم لە نێو ئازاری دەرونم دا دەتوامەوە، دیارە ئەو خەم و ئازارەی ناو دەرونم لەدەم و چاویشم دا ڕەنگی دابووەوە بۆیە هەموو بەندیەکان هەستیان پێ کردم و لە دەورەم کۆبونەوە گووتیان:

– چی ڕووی داوە؟ بۆ وات بەسەر هاتووە؟ خۆ نەخۆش نیت ؟ با یاساوڵەکان ئاگادار بکەینەوە، هەرگیز شەو وا نەبوویت.

منیش هیچم بۆ نەگێڕانەوە تەنها گووتم:

– باری دەرونیم باش نی یە وازم لێ بهێنن بێ دەنگیم پێ خۆشترە، سوپاسی هەستی بەرزتان دەکەم .

ئەوانەی ئەم ژووره هەموویان کورد بوون، مامۆستا نەسروڵڵا پیاوێکی باڵا بەرزی کەتەی چوار شانە، هەر دووك لاجانگی کەمێك سپی ببوون، پیاوێکی قسە خۆش و زیرەك و هوشیار و هێمن و لەسەرخۆ و کارامە و بە ئەزمون بوو، لە کاتی گفتو گۆ دا دەیتوانی سەرنجی بەرامبەرەکەی ڕابکێشێ، خەڵکی هەولێر بوو، یەکێکی دی لەگەڵ گیرا بوو ناوی ڕائد محسن بوو، بەڵام ئەو لە بەندیخانەی ژمارەیەك لە بەندیخانەی تایبەتی ئەفسەران بوو،

دەیانگووت لەسەر ئەوە گیرا بوون نامەیەکی بەڕێز قادر عەزیز سکرتێری حزبی زەحمەت کێشانی کوردستان بۆ بەڕێز مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان برد بوو، بەڵام نامەکە نەگەیشتبووە جێگای خۆی و پیێ یان گیرا بوو، مامۆستا نەسروڵڵا نوێنەر(ممثل)ی ژوورەکەمان بوو لە نێوان ئێمە و فەرمانگەی بەندیخانە، کەسەکان لە بەندیخانەدا درەنگ دەبن بە هاوڕێ ی یەکتری، بەڵام من هەر لە یەکەم ساتی چاو پێکەوتنم ئەو پیاوەم کەوتە دڵەوە تالە بەندیخانەش دەرچووین پەیوەندیەکی
بە هێزمان هەبوو .

سەرکەوتی حەمە مۆریاسی و میقداد و عیماد و ئیبراهیم ئێزدی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) بوون، چوو بوونە ئێران و سوودیان لە لێبوردنەکەی ڕژێم وەرگرتبوو هاتبوونەوە عیراق، بەڵام ڕژێمی بەعس کەی لەسەر پەیمان و بەڵێنی خۆی وەفادار بووە، هەموو ئەوانەی بەلێبوردنەکە هاتبوونەوە لەبەندیخانە بۆ ماوەیەك وەك دەست بەسەر دانابوون، غیاث دانیشتووی هەولێر بوو، لە عەشرەتی سورچی بوو، کوڕێکی ڕوناکبیر و هوشیار بوو، سنووری بەزاند بوو چوو بووە ئێران بەڵام لەڕێگا لەلایەن هەواڵگری عیراقیەوە گیرا بوو، ئەگەر لە ناو خۆمان دا بەگاڵتەوە باسی هەندێك داب و نەریتی خێڵەکیمان دەکرد و ڕەخنەمان لێ دەگرت ئەو ڕەنگی سوور هەڵ دەگەڕا و حاشای لەوە دەکرد ئەو باوەڕی بەم جۆرە کارانە هەبێت، کە لەم بارەیەوە پرسیارێکمان لێ دەکرد ڕای خۆی لەسەر دەردە بڕی و بۆ گاڵتە و دڵخۆش کردنی برادەران هەندێك ترش و خۆێ ی دەکرد، ئێمەی دەخستە پێکەنین، دوای ماوەیەك ئەویش لە بەندیخانە دەرچوو، ئیسماعیل ئێزدی چوو بووە سوریا و گەڕابوەوە، هەندێکیشیان لەم ماوەیەدا چوونە دادگا یا گوێزرانەوە بەداخەوە ناویان نازانم. عیماد چەند لە زاری خۆش بوو زوو زوو دەیگووت: هەر بەلاش بەلاش گیراین، دوای چەند ڕۆژێك لەلای ئێمە گواستیانەوە و لە بەندیخانە دەرچوو، میقداد ڕۆژی چەند جارێك هەر دووك دەستی دەخستە ناو ڕانی، خۆی دەچەماندەوە و بە ژوورەکەدا دەکەوتە هاتوو

چۆ کە یاساوڵەکە لێ ی دەپرسی : ها...ئەوە چی تە؟ دەیووت میزم دێت، جاری وا هەبوو دەرگایان لێ دەکردەوە جاری واش هەبوو گوێیان پێ نەدەدا، هەمیشە ئەوانەی ژوورەکە سەر زەنشتیان دەکرد، بەڵام ئەو لەکاری خۆی بەردەوام بوو نازانم نەخۆش بوو یابە گاڵتەوای دەکرد، هەرچەندە لە ژوورەکەمان دا سەتڵێکی بیست لیتری بۆ میز تێ کردن هەبوو، بەڵام نەمیقداد و نەئێمەش میزمان تێ نە دەکرد، میقداد لە لاسایی کردنەوەدا زۆر بە توانا بوو، زۆر جار کاتەکەمان بەوە بەسەر دەبرد کە بۆی لاسای خەڵکی تر دەکردینەوە، سەرکەوت کوڕێکی سەنگین بوو زۆر حەزی لەگاڵتە و گەپ بوو، بەڵام قەت لەسنووری تێ نەدەپەڕاند، لەگەڵ زۆربەی برادەران کێ بەر کی ی دەکرد، خەڵکی ناوچەی ئێمە کە لە ژووری ئێمەدا بوون لەکاتی گفتوگۆ دا ئەگەر ووشەیەکیان بەکار بهێنایە بەدڵی سەرکەوت نەبوایە بۆ گاڵتەو کات بەسەربردن پێ دەکەنی و چەند جارێك دووبارەی دەکردە، منیش دەهاتمە ناو گفتو گۆکەیان، بەشداریم دەکرد بە پارچە شێعرێکی مامۆستا هێمن یا هەژار هەر دوو شاعیری گەورەی گەلەکەمان بەو پێ یەی ئەوان خەڵکی ناوچەی موکریانن و شێوە زمانی ئێمەش دەچێتەوە سەر ناوچەی موکریان، بەوە دەم کوتم دەکرد و پێم دەسەلماند کە شێوە زمانی لای ئێمە بۆ قسە پێ کردن لە زاراوەی زۆربەی ناوچەکانی تر پاراو ترە، ئەویش ئەو بەشداری کردنەی منی لاخۆش بوو، هەر ئەوەش وای کرد زوو لە یەك نزیك بووینەوە و بووینە دوو دۆستی خۆشەویست و ڕۆژانە لەنزك من دادەنیشت، سەرکەوت لاوێکی ئەدەب دۆست و زۆر حەزی لە شێعر بوو، ئەوەش لەگەڵ ویست و ئارەزووی من یەکی دەگرتەوە، چونکە من هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ شێعر و ئەدەب دا دۆست بووم، زۆرترین کاتم بەخوێندنەوەی کتێب دەبردە سەر لە ئەدەبیش دا شێعر هەستی منی داگیر کردووە، لەگەڵ شێعری زۆربەی شاعیرەکان ئاشنایەتیم هەبوو لە هەمووشیان زیاتر کاریگەری مامۆستا هێمنی موکریانیم لەسەر بووە، لەبەر ئەوە هەمیشە شێعرم بۆ سەرکەوت دەخوێندنەوە زۆر چێژی لێ وەردەگرت، بەڵام ئەو شێعرانەی باسی پایز و با و بارانیان

دەکرد زیاتر سەرنجی ڕادەکێشا، هەر لەبەر ئەوەش بوو زۆر کایگەری شێعرەکانی مەحەمەدعومەر عوسمانی لەسەر بوو، زۆر جار لەبەر خۆیەوە نارەناری دەکرد :

ئێوارەیە و گڤەی با دێ هەور بەری ئاسمانی گرتووە

ڕیشۆڵەکان بەرە و خوار دێن، تەم باڵای گۆیژەی گرتووە

دوای ئەوەی ئەوانەی ژورەکەمان گوازرانەوە جێگاکەم گواستەوە گۆشەی دواوەی لای ڕاستی ژورەکە دۆشەکێکی ئیسفنجی تەنك و بچوکیش هەبوو لەبەر ئەوەی نەخۆش بوم وەك هاوکاریەك دایان بەمن، پارچەیەك بەتانیم هەبوو پارچەیەکی تریشیان دامێ لە یەکترم دروین و بەتانیەکی دوو ڕەنگی باشی لێ دەرچوو، لە تەنیشت من سەرکەوەت دەخەوت لە تەنیشت ئەویش میقداد، مامۆستا نەسروڵا جێگاکەی لە بن شیش بەندەکە بوو هەر کاتێك وەردیانەکان دەهاتن ئاگاداری دەکردینەوە، ئێمەش لە بن دیوارەکە بەڕیز و بەکزی دادەنیشتین، لەبەر سەرمای ناو بەندیخانەکە بەتانیمان بەسەر شانمان دادەدا بەڵام کە یاساوڵەکە دەهات دەیووت : یاڵا بەتانیەکانتان لەسەر شانتان لابەن بێ دەنگ دانیشن، بەردەوام بەندیەکانیان دەگواستەوە و هی تازەشیان دەهێنا لە مانگی تشرینی دووەمی 1989 دا ڕەحمانی مام بایزی چوار قوڕنەو براکەی و کۆمەڵێك خەڵکیان هێنا بۆ ئەم بەندیخانەیە و بەسەر ژوورەکان دابەشیان کردن، ڕەحمانی مام بایزیان هێنایە ژووری ئێمە، وەك هەموو جارەکانی پێشتر هەر کەسێکی تازەیان بهێنایە ئەوانەی ژوورەکە سەریان دەکردە سەری کەوا ناوی چیە ؟ خەڵکی کوێیە؟ لەسەر چی گیراوە، دەنگوباسی دەرەوە چی یە ...هتد ؟ هێشتا ڕەحمان بە تەواوی دانەنیشتبوو هەموو ئەم پرسیارانەی بەرەو ڕوو کرایەوە

ڕەحمان گووتی :

– خەڵکی چوار قوڕنەم .

بەندیەکان ئاماژەیان بۆ من کرد :

– ئەویش خەڵکی ڕانیەیە

ڕەحمان زۆری پێ خۆش بوو یەکێکی ناوچەکەی خۆی لەگەڵ دایە لە ژوورەکە دا، ئیتر کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی گرتن و لێکۆڵینەوەی خۆی، نازانم بۆ ئەوەی بەندیەکان چەواشە بکات یان چی؟ زۆر بە شانازی یەوە باسی ئەوەی دەکرد چەکداری ڕژێم بووە و ڕژێم بێ وەفایی لەگەڵ کردووە کە گرتوویانە لەبەر ئەوە هەموو بەندیەکان بە چاویکی تر سەیریان دەکرد لەوەی چاوەڕێ دەکرا، سەرەڕای ئەوەش دوایی رەحمان زۆر کەمتەرخەمی دەکرد لەو کارانەی پێ ی دەسپێرا، بۆ هێنانی چا و چێشت و شوشتنی قاپ و کەوچکی خواردنەکە و شوشتنی ژوورەکە، هەر جارە دوو کەس کارەکەیان دەکرد، تەنها من و مامۆستا نەسروڵڵا نەبێت کە وەکو هاوکاریەك نەیان دەهێشت ئێمە بچین بۆ ئەو کارانە، ڕێزم هەیە بۆ هەموو لایەك، هەر جارێك کەرەحمان دیاری دەکرا کەم تەرخەمی دەکرد و خۆی دەبوارد ناچار یەکێکی تر لەجیاتی ئەو دەچوو، چونکە هەر کە یاساوڵەکە دەرگای دەکردەوە ئەبوایە خێرا یەکێك ئامادەبێت دواکەوتنی توشی کێشەی دەکردین لەبەر ئەوە لەلای بەندیەکان خۆی ناشیرین کرد بوو، هەمیشە پرتە و بۆڵەیان لەسەر دەکرد، لە دوای هێنانی ڕەحمان و ئەوان ڕەسوڵ ئاغای میرەبەگ خۆی و چوار کوڕ و سێ کەسی دی قادر و حەمە و ئەمیر ناوێك کە پێشمەرگەی (ی.ن.ك) بوون، هاتبوونەوە ناو ڕژێم و هێنایانن بۆ ئەم بەندیخانەیە، فاخری ڕەسوڵ ئاغا و ئەمیریان هێنا بۆ ژووری ئێمە، فاخر کوڕێکی ژیکەڵە و لەبەر دڵان بوو، هەمیشە دەمی بەپێکەنین بوو، ئەمیریش کوڕێکی بێ دەنگ بوو، لە بیر و هۆش دا زۆر کامڵ نەبوو، زۆر حەزی لەژن هێنان بوو، هەر کاتێك باسی کچی جوان و ژن هێنانت لەگەڵ بکردایە چێژی لێ وەردەگرت.

## داواکاریەکانمان دەبوونە هۆی بێزاریمان

دێوەزمەکانی شەو و ملۆزمەکانی بەندیخانە هەمیشە بەرنامە ڕێژیان دەکرد بۆ

ئازاردان و جەنگی دەرونی و بێزار کردنمان، هەموو هەڵس وکەوت و کردەوەیەکیان کاری دەکردە سەر هەست و دەرونمان جاری وا هەبوو خۆمان داواکاریەکمان دەکرد، بەڵام کە بۆیان جێ بەجێ دەکردین کارێکی وایان دەکرد لەو داوایەی خۆمان پەشیمان بووین :

1- هەرکاتێك ئارەزوویان بوایە بەم زستانە ساردە ئەیانووت: یاڵڵا ژوورەکانتان بشۆن هەر کەسە دەکەوتە شوشتنی ژووری خۆی بەتانیەکانمان لەسەر شیش بەندی(محجر)ەکە دادەنا کە بە ئاسۆیی لە شیش بەندەکە درا بوو، ئینجا بە ئاو و تایت دەکەوتینە شوشتنی ژوورەکە دوایی بە ماسیحە ئاوەکەمان لێ دەردەکرد بۆ ڕاڕەوەکە و لەوێشەوە بۆ دەرەوە، بەڵام لەبەر تەڕی و ساردی دانیشتنی لێ نەدەکرا، بۆ ئەوەی کەمێك ووشك بێتەوە بە دوو کەس هەر یەکە گۆشەی بەتانیەکمان دەگرت وڕامان دەوەشاند هەوایەکی دروست دەکرد هەرچەندە بێ سوود نەبوو، بەڵام هێشتا لەبەر شێداری دانیشتنی لێ نەدەکرا ئەوەندە سارد بوو بەڕاستی ژیان سەخت و دژوار بوو، زۆربەی بەندیەکانیش بەجلی شەوەوە یا بەجلی هاوینەوە گیرابوون، بەو هۆیەوە ئەگەر پارچە بەتانی زیاد لە ژوورەکەدا هەبوایە کەوا هی ئەوانە بوو دەگوازرانەوە یا دەچوون بۆ دادگا، لەو بەتانیە زیادانە هەندێ کەس ناچار بوون پەستەك و پۆشاك لە بەتانی دروست بکەن و لەبەری بکەن، بەڵام کە یاساوڵەکان هەستیان بەمە کرد قەدەغەیان کرد.

2- ئەوی زۆرتر ئازاری دەداین ڕشتاشین بوو ئەبوایە ڕۆژێك نا ڕۆژێك ڕیش بتاشین هەر بەدوو کەس لەتێك گوێزانیان دەداینێ، هەموویان بە ژمارە دەدا بەنوێنەری ژوورەکان بە ژمارەش لێ یان وەردەگرتەوە نەیان دەهێشت هیچ گویزان و شتی لەو بابەتە لەلای بەندیەکان بێت نەك بە هۆی ئەو شتانەوە کاری خۆکوژی بکەن، ئاوێنەمان لا نەبوو ئەبوایە هەردوو کەس ڕێك بکەون ڕیشی یەکتر بتاشن، من لەبەر ئەوەی ڕیشم نەرم بوو زۆربەیان حەزیان دەکرد لەگەڵ من هاوبەش بن، سیامەند کە دواتر باسی دەکەم ڕیشی پڕ و ڕەق بوو لەبەر ئەوە بە یەکەوە ڕیشمان دەتاشی، منیش مەرجم لەگەڵ کرد بوو ئەبێ من پێش ئەو

ڕیشم بتاشم، دیارە سیامەند بە خۆشحاڵیەوە قبوڵی دەکرد، سەرەڕای بە زۆر ڕیشیان پێ دەتاشین پارەی گوێزانەکەشیان لێ دەستاندین، ئەوەش بۆ ئێمە کارێکی زەحمەت بوو چونکە هەموو ئەوانەی گیرا بوون پارە و شتەکانیان لێ ستاندبوون یا زۆر لەوێ مابونەوە پارەیان لا نەمابوو، کارمان بەوە باش بوو کە بەندی تازەیان دەهێنا هەندێکیان پارەیان لا بوو تاپارەکەی دەبڕا سەرفمان دەکرد، ئەگەر کابرا سەخی بوایە جار جارە چا و گویزانی بۆ ئەوانەی ژوورەکە دەکڕی، من پارەم لە کەس وەر نەدەگرت لەو دوانزە دینار و نیوەی دابویانمێ گوێزانی خۆم و سیامەندم پێ دەکڕی، جار جارەش چایەکم دەکڕی، بەڵام نەمدەویست پارەکەم زۆر پەخش بکەم، چونکە ڕۆژی سەخت ترمان لە پێش بوو، ڕۆژێك لەو ڕۆژانەی ڕیشمان دەتاشی عەریف لەتیف بەفیز و خۆبادانەوە هات لەبەر دەمی ژوورەکەمان ڕاوەستا بە ئیبراهیم ئێزدی ووت:

– ئەوە تۆ بۆ ڕیشت نا تاشیت ؟

ئیبراهیم لەبەر ئەوەی ئێزدی بوو لەسەر نەریتی خۆیان ڕیشی نەدەتاشی و تەواوێك درێژ بوو گووتی:

– ئێمە ئێزدین لە ڕیش تاشین (أعفا) کراوین.

عەریف لەتیف بە تەوسێکەوە گووتی:

ئێرە بەندیخانەیە(أعفا)ی چی،تا ئەوسەردەچم بگەڕێمەوە ڕیشت نەتاشیبێ هەر دووك دەست و پێت دەبەستم و ڕیشت دەتاشم .

ئیبراهیم جیا لە هەموو بەندیەکان چارەی یاساوڵەکانی نەدەویست، هەمیشە لە ژێرلێوەوە جنێوی پێ دەدان بەتایبەت ئەمەیان، هێشتا عەریف لەتیف قسەکەی تەواو نەکرد بوو ئیبراهیم دوو هەنگاو لێ ی چووە پێشەوە لەداخا هەموو گیانی دەلەرزی و بە تورەییەوە ڕووی لە عەریف لەتیف کرد :

– تۆ بەزۆر ڕیشم بتاشیت منیش خۆم دەکوژم (أنتحار) دەکەم پەنجەشی بۆ کارەبا کە درێژ کرد یانی بە کارەبا خۆم دەکوژم، عەریف لەتیف چاوەڕێ ی وەڵامێکی وانە بوو شڵەژا و ڕەنگی تێکچوو بۆ ساتێك چاوی لە ئیبراهیم بڕی و بێ دەنگ ڕۆیشت و نەهاتەوە، ئێمە هەموومان ئیبراهیممان خۆش دەویست لەبەر ئەوەی پێشمەرگەی تیپی دوانزەی سۆرانی (ی.ن.ك) بوو، بۆ ئێمەی بەندی کەم نەبوو کابرایەکی ئێزدی دوور لەشار و سنوورەکەی خۆی پێشمەرگە بێ و هی (ی.ن.ك) بێت بەم کارەشی خۆشەویست تر بوو لامان، ئیبراهیم وەك ڕێوڕەسمی ئاینی خۆیان سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بوو، وا بزانم لە 20-12-1989دا کە ڕێکەوتی جەژنی ئێزدیەکانە کردی بە جەژن ئێمەش کردمانە جەژنە پیرۆزە لەگەڵی دا.

بەندیەکان بۆ کات بەسەربردن لە سابون و پاشماوەی مۆم داشی دامە و شەترەنجیان دروست دەکرد و یاریان پێ دەکرد بۆ ئەو کارەش پێویستیان بە گوێزان هەبوو ئەبوایە لە کاتی ڕیش تاشین دا لەتێك گوێزان لای خۆیان گل بدەنەوە بێ ئاگاداری یاساوڵەکان، دیارە ئەوەش سەرپێچی یەکی گەورە بوو، تاوانێك بوو لای یاساوڵەکان پاساوی نەبوو، هەر کەسێك کاری وای لێ ئاشکرا بوایە دەکەوتە بەر تورەیی یاساوڵەکان، لە ژووری شەیف هەڵشۆیی و ئەوان کێشەیەك ڕووی دا لەم بارەیەوە، شەریف هەڵشۆیی پیاوێکی سوور و سپی، چاو شین کەمێك بەلای قەڵەوی دا بوو، مرۆڤێکی سادە و دڵپاك و دین پەروەر بوو

فاخری ڕەسوڵ

ئاغا بۆی گێڕامەوە گووتی:

– یەکێك هەبوو بەندی بوو ناوی عەبدولحەمید بوو شیعە بوو، هەرچەند نوێژ و خواپەرستی دەکرد، بەڵام پیاوێکی ئەحمەق بوو، سیخوڕی بۆ یاساوڵەکان و فەرمانگەی بەندیخانە دەکرد، بردیانە ژووری شەریف هەڵشۆیی و ئەوان بە نوێژ و خواپەرستی سەرنجی هەموویانی ڕاکێشا بوو بە تایبەت شەریف منیش گووتم: کاك شەریف ئەم عەبدولحەمیدە پیاوێکی خراپە و جاسوسی فەرمانگەی بەندیخانەیە توشی بەڵایەکتان دەکات، خۆتانی لێ

بپارێزن، شەریف زۆر پێ ی ناخۆش بوو گووتی: وانیە بە پێچەوانەوە پیاوێکی باش و لە خواترسە کەم و کوڕی نی یە، دوای ماوەیەك عەبدولحەمید شارەزای هەموو هەڵسوکەوتێکی بەندیەکان دەبێت، سەیر دەکات بەندیەکان لەتە گوێزانێکیان لای خۆیان شاردۆتەوە بۆ پێویستی ڕۆژانەیان عەبدولحەمید لەبەر ئەوەی خۆی پیاوێکی ناپاك بوو نەیتوانی بوو ئەمە وەك نهێنیەك لای خۆی بپارێزێ، وەك پیشەی هەمیشەی دڵسۆزی خۆی بۆ یاساوڵەکان پیشان دابوو پێ ی ڕاگەیاند بوون بەندیەکانی ئەم ژووره لەتە گوێزانێکیان لای خۆیان شاردۆتەوە، یاساوڵەکانیش غەزەب دایان دەگرێ بەوەی بەندیەکان سەرپێچیان لە فەرمانی ئەوان کردووه، دێن بە شەریف هەڵشۆیی و ئەوان دەڵێن : ئەو لەتە گوێزانە لای کێ یە خۆی دەنگ بکات، دیارە کەس خۆی ناکات بەخاوەنی یاساوڵەکانیش بیانویان بۆ پەیدا دەبێت کەداخی دڵی خۆیان پێ برێژن، هەموو بەندیەکانی ژوورەکە دێننە دەرەوە جگە لە عەبدولحەمید لە ڕاڕەوەکەدا لەسەر پشت (زحف)یان پێ دەکەن بۆ ئەو سەری ڕاڕەوەکە بەکێبلێش لێ یان دەدەن بە پێچەوانەوە لەو سەرەوە لەسەر سك بەلێدان دەیان هێننەوە، وایان لێ دەکەن هەرگیز جارێکی تر بیر لەم کارە نەکەنەوە و ببێتە پەند و ئامۆژگاری بۆ بەندیەکانی تریش.

3– هەرکە هاتمە ئەم ژووره شتێك سەرنجی ڕاکێشام، دووەم ڕۆژ دوای نان خواردنی نیوەڕۆ بەندیەکان یەکتریان ئاگادار کردەوە :

– بادەست پێ بکەین.

هەموویان پۆشاکەکەیان دانا و دەستیان کرد بەنواڕینیان گووتم:

– ئەوەچی یە ؟

گووتیان:

– ئەسپێ لەجل و بەرگەکانمان دا هەیە ئینجا بۆ ئەوەی زۆر نەبێت هەموو ڕۆژێ دەیان نواڕین، پشتگیری کارەکەیانم کرد، منیش لە ترسی ئەوەی ئەسپێ نەکەوێتە گیانم نەم

دەهێشت کەس جێگاکەی بە جێگای منەوە ڕابخات، سوودێکی زۆرم لەوە کرد هەتا بیست و چوار ڕۆژ دوای هاتنم بۆ ئەم بەندیخانەیە ئەسپێم لە لەشی خۆم دا نەبینی، ڕۆژێك بن باڵم خورا کە سەیرم کرد ئەسپیٚ یەکی پێوە بوو ئیتر منیش هەموو ڕۆژیٚ جلەکانم دەنواڕی، بەڵام ئەسپێم زۆر کەم بوو ڕەحمان لەگەڵ ئەوەش ئەسپیٚ ی زۆر پێوە بوو، بەڵام جلەکانی نەدەنواڕی لەبەر ئەوە هەموو ئەوانەی ژوورەکە سەریان دەکردە سەری :

– ئێمە جلەکانت بۆ دەنواڕین هەر نەبیٚ لەبەر خۆمان بەڵام ڕەحمان ئامادە نەبوو جلەکانی دابنیٚ ، چڵکنی و دژوێنی و هەبوونی ئەسپیٚ شتێکی ئاسایی بوو، چونکە تا ئەو کاتە یاساوڵەکان ڕێگەیان بەکەس نەدا بوو خۆی و جلەکانی بشوات لەبەر ئەوە بەندیەکان کەوتنە گلەیی و گازەندە بۆ چی ڕێگەمان نادەن خۆمان بشۆین، دوای ئەوەی یاساوڵەکانیش خۆیان هاتنە سەر ئەو ڕایە ئینجا ڕۆژێك یەکێکیان

گووتی:

– یاڵڵا خۆ شوشتنە

بەڵام خۆشوشتنی چی بەم زستانە ساردە و بە ئاوی ساردی ترومپا (بەلوعە) بیٚ ئاگر و لەم ژوورە ساردە سەد خۆزگە هەرخۆمان نەشوشتبا، من لەبەر ئەوەی نەخۆش بووم ویستم خۆم نەشۆم دەشم زانی لێم قبوڵ ناکەن لەبەر ئەوە بیرم لەوە کردەوە تەنها سەرم بشۆم بۆ ئەوەی وا بزانن خۆم شوشتووە، بەڵام عەریف زەنون بە سەر مانەوە ڕاوەستا بوو زوو زوو دەیگووت:

– خێراکەن .

وا بزانم هەستی بەوە کرد بوو کەمن نامەویٚ خۆم بشۆم یەکسەر تیٚ ی ڕاخوڕیم:

– یاڵڵا ڕەسوڵ جلەکانت دابنیٚ و خێرا تەواو بە .

ئینجا بە نا چاری جلەکانم دانا، دەستم کرد بەخۆ شوشتن، بەسەد دەرد و کوێرەوەی خۆمان شوشت و لە بارێکی نا ئارام دا گەڕاینەوە ژووری خۆمان.

4– من  ڕۆژ بە ڕۆژ باری تەندروستیم خراپ تر دەبوو سەرما و دوکەڵی جگەرە و بێ دکتۆری و دەرمان پەرێشانی کردبووم، نەخۆشیەکەم هێندە پەرەی سەند بوو ڕۆژ نەبوو نەمبەن بۆلای دکتۆر ئەویش چارەسەری هەر ئەوە بوو یابە قسەی سەرانی بەندیخانە یەك دەرزی (أمینۆفلین)**ی لێ دەدام، ئەو دەرزیە کاری هەر ئەوەندە بوو ئەو کاتە کاری دەکرد و دوای چەند کاتژمێرێك هەم دیسان توشی نەخۆشیەکەم دەبوومەوە وای لێ هاتبوو هەموو ڕۆژێ هەموو شەوێك جاری وا هەبوو کاتژمێر دوو، سێ ی شەو توشی نەخۆشیەکەم دەبووم، یاساوڵەکان و بەندیەکانیش لێم بێزار بوو بوون جاری واش هەبوو بەزەییان پێدا دەهاتمەوە و هاوکاریان دەکردم،  هەموو جارێکیش کە داوای دکتۆرم دەکرد بەکوردی قسەم دەکرد و یاساوڵەکان دەیان ووت بۆ بە کوردی قسە دەکەیت دەمووت عەرەبی نازانم ئەو ڕۆژەی کە خۆم شوشتبوو، دیار بوو سەرما کاری لێ کرد بووم نەخۆش کەوتم هەناسەم ئەوەندە توند بوو نە ئەوە بوو چاك ببم نە ئەوە بوو بمرم مەرگم بەئاوات دەخواست، لەبەر پەرێشانیم یاساوڵەکان ناچار بوون بردیانمە بن شیش بەندەکەی دەرەوە بۆ ئەوەی هەوای پاك هەڵمژم تا دکتۆرم بۆ دێنن، عەریف لەتیف لە تەنیشتم ڕاوەستا بوو بە وردی سەرنجی دەدام بزەی خۆش حاڵیش سەر لێوی گرتبوو وا دیار بوو بە بارودۆخەکەی من دڵخۆش بوو بۆ ڕابواردن و بە پێکەنینەوە گووتی:

– أشرب البيرة أحسن لصحتك.

منیش هەر کاتێك توشی نەخۆشیەکەم دەبم حاڵەتی توڕەیی (عصبی)م بەسەردا دێت، لەو کاتەش دا تەنگەنەفەس بووم ئەوەندە ئارەقەم کرد بوو لەبەر پەرێشانیم بەو سەرما و زستانە ساردە ئارەقە بەدەم و چاوم دەهاتە خوارەوە دەتگووت: دەم وچاوم شوشتووە، لە پەرێشانی خۆم دا لەقسە کردنی عەریف لەتیف دڵم گوشرا بە توڕەیی یەوە تەماشایەکم کرد پێم گووت:

– أذا  وقع  البيرة  بيد وكان الاحسن لی أنت لم تكون الرجل الاحسن لكی تنصحنی بتلك

النصيحة.

هەستم کرد عەریف لەتیف ڕەنگی تێکچوو لە قسەکەم زۆر تورە بوو بە هەموو هێزی خۆی زللەیەکی لێدام، دڵنیام ئەگەر هێندە نەخۆش نەبام کارێکی خراپی بەسەر دێنام، هەر چەندە لە شێوەی قسە کردنەکەم تورە بوو بەڵام ویستی بەجۆرێکی تر بیا نوو بگرێ، بەرامبەرم ڕاوەستا بەتورەیی یەوە گووتی:

– ئەی بۆ هەموو جارێك كە قسەت لەگەڵ دەکەین دەڵێ ی عەرەبی نازانم بەڵێن بێت ئەگەر چاك بویتەوە هەموو گیانت بەکێبڵ بشکێنم .

دوای ئەوەی دکتۆریان بۆ هێنام دەرزیەکی لێدام و کەمێك باشتر بوم چوومەوە ژوورەکەی خۆم عەریف لەتیف هات دەرگای بۆ کردمەوە بە مامۆستا نەسروڵڵای گووت:

– ڕەسوڵ هەموو جارێ دەڵێ عەرەبی نازانم  ئێستا بەعەرەبی قسەی دەکرد بەڵێنم داوە ئەگەر چاك بووەوە هەموو گیانی بەکێبڵ بشکێنم .

مامۆستا نەسروڵڵا گووتی:

– ڕەسوڵ کەدەڵێ عەرەبی نازانم ڕاست دەکا بەڵام ئەوەنی یە نەتوانێ هیچ بڵێ.

ئەو بەرگریەی مامۆستا نەسروڵڵا لێ ی کردم کاری خۆی کرد عەریف لەتیف کەمێك هێور بوەوە و هاتەوە سەرخۆی، نەخۆشیەکەم وا برِیاری دابوو زۆربەی جارەکان درەنگی شەو توشی دەبووم، هەزار دوعام دەکرد لەکاتی نۆرەی عەریف لەتیف و ئەحمەد نەخۆش نەکەوم، هەر چەندە حاڵاتی نەخۆشیەکەم وا بوو کەتوشی دەبووم هەمووکەس بەزەیی پێم دادەهاتەوە وەك دەڵێن کافر دڵی دەبوو بەئاو، زۆر بە سۆزەوە لەبەریان دەپاڕامەوە، بەڵام هیچ گوێیان یێ نەدەدام ئەوانی تریش هەر وا بوون هەتا زانیبایان دەژیام دکتۆریان بۆ نەدەهێنام، بەڵام هەر چۆنێك بێت لەم دووانە باشتر بوون، عەریف زەنون پیاوێکی قەڵەوی تێکسمڕاو بوو، باڵتۆیەکی مغاویری لەبەر دابوو، کە نەخۆش دەبووم لە دەرگام دەدا و داوای دکتۆرم دەکرد عەریف زەنون دەهات بەدەنگێکی گەورە دەیگووت:

– چی یە ...ها...نەخۆشی ...ها بەم نیوە شەوە کەی وەختی ئەوەیە ...ها .

بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا دەرگاکەی لێ دەکردمەوە دەیبرمە ژووری خۆیان دەچوو دکتۆری بۆ دەهێنام هەتا چاکیش دەبووم هەر بەدەورەم دا دەهاتو دەچوو، هەموو جارێکیش کە بە مۆڵەت دەچووەماڵەوە کە دەهاتەوە یەك (بخاخ ڤنتۆلین)***ی بۆ دەهێنام، قەت ناتوانم ئەو چاکەی لە بیر بکەم، عەریف زەنون ئەوەندە هاوکاری دەکردم زۆربەی بەندیەکان بە برادەرەکەی ڕەسوڵ ناویان دەبرد، نەخۆشیەکەم ئەوەندە پەرەی سەند بوو لە پەرێشانی دا زۆر جار دەبورامەوە، ئەوەندەیان دەرزی لێدا بووم هەموو گیانم ئاژن...ئاژن ببوو ڕۆژێك دکتۆرەکە دەویست دەرزیەکم لێ بدات لەبەر ئەوەی ئەوەندەی دەرزیم لێدرا بوو، هەردوو دەست و قاچ و شوێن نەما تاقی نەکەنەوە ناچار دەرزیەکەیان لە دەمارێکی ملم دا، لەبەر نەخۆشیەکەم تەندروستیم ئەوەندە پەرێشان بوو قەت ناتوانم شێوەکەی بخەمە سەر کاغەز، هەموو بەندیەکان ئەوە باش دەزانن وەك برای بەڕێزم ئەحمەد سەپان لەژمارە (1)ی گۆڤاری ورەی ئازیزدا ئاماژەی بۆ کردووە جارێك وایان زانیوە مردووم، چەند جاری وا هەبووە ئەم حاڵەتە دووبارە بۆتەوە .

عەلی هاوڕێم لاوێکی بە بیر و باوەڕ و دڵپاك و بەرز ئاكار بوو، ڕێز و خۆشەویستی بێ پایانم هەیە بۆی هەرگیز ناتوانم هەڵوێستە باشەکانی لە بیربکەم، لە ژووری یەك لەکەرتی دوو ژوورەکەیان بەرامبەری ژووری ئێمە بوو، لە کاتێکدا نەخۆش دەبووم هەستم دەکرد چەند خەفەت بار و پەرێشانە، تەنها کارێکیش کەلەدەستی دەهات هەر ئەمە بوو.

## بەندیخانە و نەخۆشیە بڵاوەکان

ئەو دەوڵەتانەی شۆڤێنی و نادیموکراتین هەمیشە بەو پەڕی دڕندەیی یەوە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی ومافی بەندیەکان بە تایبەت بەندیە سیاسیەکانی خاوەن ڕای خۆیان پێشێل دەکەن بۆ زیاتر ئازادانی تێکۆشەران و دژەکانیان لە ڕووبەرێکی کەم و بەر تەسك دا ژمارەیەکی زۆر دەئاخننە ناو بەندیخانەکان، ئەو چڕ و پڕ بونەوەیەش دەبێتە هۆی بەریەك

کەوتن و کار لێك کردنی مرۆڤەکان بۆسەر یەکتری، سەرەڕای ئەوە نەبوونی تیشکی خۆر و مەرجەکانی تەندروستی، ئەمانە هەمووی دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی یە درمەکان، یەکێك لەو نەخۆشیانەی کە زۆر بڵاوە لەناو بەندیەکان دا نەخۆشی پێستە بەتایبەتی نەخۆشی گەڕی، ئەم نەخۆشیە بە هۆی مشەخۆرێکی زۆر بچوکەوە پەیدا دەبێت کەلەسەر پێستی مرۆڤ دەژی بە هۆی بەریەك کەوتن و لێکدان، بەماوەیەکی کەم لەیەکێکەوە دەگوازرێتەوەبۆ یەکێکی تر، لە هەمان کات دا بە هۆی بەکارهێنانی پێخەو و جل و بەرگ و کەرەستەی پێویستی یەکێکی نەخۆشەوە دەگوازرێتەوە بۆ یەکێکی تر، توش بووەکە لەسەرەتاوە هەست بە خورانی لەشی دەکات لە شەودا کە بە هۆی خۆداپۆشینەوە لەشی گەرم دادێت، دوایی خورانەکە وردە وردە زیاد دەکات بەجۆرێك ئاسودەیی ناهێڵێ و خەوی لێ ناکەوێ بە هۆی خوراندنی زۆر و شێوەی نەخۆشیەکە، زیپکەی وورد لەسەر پێستی نەخۆشەکە دەردەکەوێ دوایی دەبێتە هۆی هەو کردنی پێستی نەخۆشەکە .

شێوەیەکی تر جۆرە حەساسیەتێکە شوێنە ناسکەکانی لەشی مرۆڤ توشی دەبێت وەك بن باڵ و سك و ڕان، هەر چەندە ئەم جۆرە لەوەی تر سوکترە، بەڵام ئەویش بە هۆی خوراندنی زۆر و بێ ئارامی نەخۆشەکە دەبێتە هۆی سور هەڵگەڕانی پێستی نەخۆشەکە و ئازارێکی بێ ئامان و لەبڕان نەهاتوو، لای ئێمەش لە ناو بەندیەکان دا نەخۆشی حەساسی پێست زۆر بڵاو ببووەوە لەبەر ئەوە من خۆم بەلفکە و سابوونی کەس نەدەشوشت، هەرچەندە ئەوەم بە چارەسەر نەدەزانی، بەڵام هیچی دیکەم لەدەست نەدەهات، هەر چۆنێك بوو سودێکی زۆرم لەوە کرد یا بەختم باشی هێنا بوو تا لەبەندیخانە بووم توشی ئەو نەخۆشیە نەبووم، ئەگەر چی ئێستا زۆربەی ئەندامەکانی لەشم حەساسیەیان هەیە ڕەنگە کاریگەری بەندیخانە بێت .

## حزبی بوڕکان یا ڕیشۆڵە

عەریف خضیر یەکێك بوو لە یاساوڵەکان، بەڵام جیاوازی زۆری هەبوو لەگەڵ ئەوانی تردا ،

نازانم چۆنی پێدا هەڵ بدەم چونکە مەدح کردنی یاساوڵ لەلایەن بەندیەوە بەڕاستی ئەستەمە و گرانە، بەڵام ئەو یاساوڵێکی تایبەت بوو زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو هاوکاری هەموو کەسی دەکرد دار و کێبڵی لەگەڵ خۆی نەدەهێنا، باڵتۆیەکی سوپای میللی (جیش شعبی) لەبەر دا بوو هەر دووك دەستی لە گیرفانی دەنا و بەسەر ژوورەکان دا دەگەڕا، بە هۆی نەخۆشیەکەم زۆر هاوکاری دەکردم تێکەڵاوی و نزیکی لەگەڵ پەیدا کرد بووم، بڕواتان بێ وەختە بڵێم خۆشی دەویستم، مایەی ڕێز و پێزانینە، ڕۆژێك هات لەبەر دەمی ژوورەکەمان ڕاوەستا لەگەڵمان کەوتە قسە کردن دوایی یەك یەك لێ یدەپرسین لەسەر چی گیراوی ئێمەش هەڵ دەستاینە سەر پێ ووەڵاممان دەدایەوە کە نۆرە گەیشتە سەر من گووتی:

– ها...ڕەسوڵ تۆ لەسەرچی گیراوی ؟

– لەسەر( ی.ن.ك) گیراوم.

بەتەنکە زەردەخەنەیەکەوە گووتی:

– هـ...اااحزب الزلازل یا حزب الزرازر.

نازانم کامیانی گووت بۆ من گرنگ نەبوو هەر کامێکیان بوو زۆرم لا خۆش بوو کەیفم بە خۆم هات و ووتم : یاران ...ئەوە ئەو ڕێبازە پیرۆزەیە کەمنی لەسەر گیراوم لە کۆڕی خەبات هەموو نەیارەکانی بۆڕ داوە و لەکڵ دەرهاتووە و مەیدانی شەڕی لە دوژمن کردۆتە گۆمی خوێن، دوژمنی تاساندوە و گیانی لەرزاندوە، ئەوەتا بە شێوەیەك سەرنجی دوژمنەکەمی ڕاکێشاوە بە بوڕکان و بومەلەرزەی تێدەگا، یا بە بارەکەی تردا ئەگەر ڕیشۆڵە بێت ئەویش باڵندەیەکی جوانی ئەم نیشتمانە خۆشەویستەیە و بۆ هەر شوێنێك بیانەوێ بەپۆل ڕوو لەو جێگایە دەکەن و ئەو ناوە ڕەش دادەگرن، بەو پێ یەش ئەوە دەگەیەنێ ڕێبازەکەی من شوێن کەوتەی زۆرە و بەرنامەی کاری پاك و کاریگەر و سەرنج ڕاکێشە بە جۆرێك کاری کردۆتە سەر دوژمنەکەم لە ئاستی دا سەرسام و حەیرانە، لەبەر

ئەوە بۆ ڕابواردن یا هەر مەبەستێك ئەو قسەکەی کرد من زۆر کەیفم بەخۆم هات و لەشوێنی خۆم لەسەر ئەژنۆ دانیشتم و هەر فیکەی سمێڵم دەهات.

## خوا پەرستی لە بەندیخانەدا

ئازار و ئەشکەنجەی زۆر ئێمەی خستبووە ئاویلکەی گیان کێشانەوە، سەرەڕای ئەوەش ترس و گومانی دوا ڕۆژ، داهاتوی تاریك و نادیار زۆر کەسی خستبووە سەر ئەو باوەڕەی لە ڕۆژی ناهەموار و تەنگانەدا ئەبێ ئەرکە ئاینیەکان جێبەجێ بکات، جا بزانێ لێ ی وەردەگیرێت یانا، هەر چۆنێك بێت ئەوان ئاسودەییەکیان بەدەرونی خۆیان دەدا، قادری هاوڕێم نوێژ و خواپەرستی باشی دەکرد، زۆر کەسی تریش ئەو کارەیان دەکرد هەر چەندە لە بەندیخانە نوێژ و خواپەرستی کارێکی سەخت بوو، بەڵام ئەوان لە کاری خۆیان بەردەوام بوون .

مامۆستا نەسروڵڵا بۆی گێڕامەوە: کاتێك لە ژووری سێدارە(ئیعدام) بووین لە بارێکی نائارام و دەرونی زۆر نائاسایی دا بووین، ئاخر بەرەو ڕووی مەرگ دەچووین، لەبەر ئەوە زۆر ترین کات خەریکی نوێژ و خواپەرستی بووین، لەوێ ڕێکەوتی مانگی ڕەمەزانمان کرد بوو لە نیوەی شەوەوە هەڵ دەستاین خەریکی نوێژ و نانخواردنی پارشێو بووین، بە هۆی ئەوە دەنگە دەنگ و قسە کردن دروست دەبو ڕائد محسنی هاوڕێم خەوی لێ دەزڕا ناچار ئەویش هەڵ دەستا لەگەڵ ئێمە نانی پاشێوی دەخوارد، وەك بە ڕۆژوو بێت بە درێژایی ڕۆژ ئاویشی نە دەخواردەوە، جا خۆی پێویستی نەبوو یا لەبەر ئێمە وای دەکرد نازانم هەتاکو چارەکێکی دەما بۆ بەربانگ یەکسەر هەڵ دەستا پەرداخێك ئاوی دەخواردەوە، ئێمە هەموومان بە تەنگیەوە بووین ڕۆژووەکەی تەواو بکات و نەیشکێنێ، بەڵام ئەو دەیگووت: من کە نان ناخۆم لەبەر تەندروستی خۆمە لەبەر ڕۆژوو نیە، بۆیەش ئاو دەخۆمەوە بۆ ئەوەی هەموو لایەك بزانن نامەوێ ڕۆژوو بگرم، ئێوە لە دنیا خراپەتان زۆر کردووە بۆیە وا دڵسۆز خۆتان پیشان دەدەن .

حاجیەك هەبوو لەگەڵ ئێمە پیاوێکی ڕەزیل و پیسکە و وشکە سۆفی دیار بوو، ڕائد محسن ئەوەندە باسی جەهەندەم و ئازار و ئەشکەنجەی ڕۆژی دوایی بۆ دەکرد ئەوەندەی دەترساند زۆر جار دەیگەیاندە ڕادەی گریان، ڕائد محسن گاڵتەی پیٚ دەکرد ئەویش زۆر بەگرنگی وەر دەگرت لەو شوێنە پڕ ترس و ناهەموارە بارێکی پێکەنیناوی خۆشی بۆ ئێمە دروست دەکرد، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو لایەك.

## بیر و باوەڕی خەڵك لە زوڵمی بەعس بەهێز تر بوو

ئەگەر چاوێك بەڕابردوی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی نەتەوەکەمان دا بخشێنین بە درێژایی مێژوو پڕیەتی لە خەبات و تێکۆشان و بەرگری و قارەمانیەتی هەر بۆیەش هەر لوتکە شاخێك، هەر بن دەوەنێك، هەر لاپاڵی دۆڵێك، هەر تەختایی لا قەدی چیایەك، هەر خڕ و زەندۆڵێك، هەر بن بەردێکی ئەم کوردستانە نیە خوێنی شەهیدێکی لەسەر نەڕژابێت، پێم وایە هیچ زیادە ڕۆیم نەکردووە ئەگەر بڵێم پیٚ لەسەر هەر بستە خاکێکی ئەم نیشتمانە خۆشەویستە دابنیٚ ی گۆڕی شەهیدێکی گوم ناوت شێلاوە، خەڵکی خۆ ڕاگری کورد لە پێناوی مانەوەی ناو و نەتەوەکەی هەمیشە لە قوربانی دان دوا نەکەوتووە، بە شێوەیەك ناوی پێشمەرگە و شاخ و شەهید ئەوەندە ئاوێتەی یەك بوون دوژمنەکانیشمان ناتوانن نکوڵی لەو ڕاستیە بکەن، خەبات و تێکۆشان بۆتە ناسنامەی ئەم گەلە خۆشەیستە و نموونەی لە ناو گەلانی جیهان دادەگمەنە.

زۆر سەیرە ئەم گەلەی ئێمە هەردەڵیٚ ی بۆ ئەوە دروست بووە وانەی خۆڕاگری و بەرخودان فێری گەلانی چەوساوە و ژێر دەستەی داگیرکەران بکات.

مێژووی تازەشمان پڕیەتی لە کارەسات و مەینەت و کوێرەوەری بەعسی خوێن ڕێژ و دیکتاتۆر هەر لە هاتنە سەر کار و لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕەشی خۆی دا هیچ شێوەی لە ناوبردن و ئازار و ئەشکەنجەیەك نەما لەگەڵ گەلەکەمانی بەکار نەهێنێت، دوای وەستانی شەڕی هەشت ساڵەی عیراق–ئێران بەعس ڕێگەی بۆ تەخت بوو زیاتر دەستی واڵا بوو بۆ لە

ناو بردن و سەرکوت کردن و یەکلایی کردنەوەی کێشەی خۆی لەگەڵ گەلی کوردا، سیاسەتی کیمیاباران و عەمەلیاتی شوم و بەدناوی ئەنفال و تەخت کردنی بەشی هەرە زۆری گوندەکانی کوردستان و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی سیاسەتی هەمیشەیی بەعس بوو، سەرەڕای هەموو ئەوانەش لەسەر هێڵەکانی سنووری کوردستان و گوندە عەرەب نشینەکان بە بیانوی پاراستنی چاڵە نەوتەکان هەر لە ژەنگار و عەین زالە و کەرکوك و خانەقینەوە بە درێژایی سنوور لە جاران زیاتر کەوتە پەلاماردان و ڕاگواستن و دەربەدەر کردنی گوندە کوردنشین و دانیشتوانەکەی بۆ دروست کردنی پشتێنەیەکی ئەمنی بەو ناوچانەدا و نیشتەجێ کردنی خەڵکی عەرەب لە شوێنی دانیشتوانە دێرینەکەی کە کورد بوون، وێنەی کاسێتێکی ڤیدیۆیی (علی حسن المجید) لە 15ی نیسانی 1989 لە کۆبونەوەی بەخێر هاتنی (علی حسن العامری) کە لە جێ ی ئەو بوو بوو بە سکرتێری مەکتەبی باکوور ئەمە دڵۆپێکە لەدەریای بیری بەعسیەکان دەربارەی ئەم بەشەی نیشتمانەکەمان کەلەبەشێکی دا دەڵێت:

– "...حەز دەکەم لەبارەی دوو خاڵەوە قسە بکەم یەکەم بەعەرەب کردن و دووەم ئەو شوێنانەی هاوبەشن لە نێوان ناوچە عەرەب نشینەکان و ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا. ئەو خاڵەی قسەی لەسەر دەکەین کەرکوکە. کاتێ من هاتم عەرەب و تورکمان لەسەدا پەنجا و یەکی دانیشتوانی کەرکوك زیاتر نەبوون .وێڕای هەموو شتێك من (60) ملیۆن دینارم خەرج کردووە تا گەیشتوینەتە ئەم بارەی ئێستا. حاڵی حازر مەسەلەکە ڕونە و بۆ زانیاریتان ئەو عەرەبانەی هێنراون بۆ کەرکوك ڕێژەکەیان بۆلە(60 ٪ )بەرز نەکردەوە. پاشان تەعلیماتمان دەر کردوو نەمهێشت کورد لە کەرکوك، لەو نزیکانە و گوندەکانی دەور وبەریدا لەدەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا کار بکەن.کەرکوك تێکەڵەیەکی نەتەوە و ئاین و مەزهەبە. ئەو خەڵکانەی کەوا ئێمە لە21ی مایسەوە بۆ 21ی حوزەیران ڕامان گواستن،

یەك كەسیان لە ناوچە قەدەغە كراوەكان دا نەبوون،  بەڵام لە ژێر كۆنترۆڵی  داگیر كەران دا بوون ، جا
هەواداری ئەوان بوبێتن یادڕیان [2]".

ئەم سیاسەتە شۆڤێنی و چەپەڵەی سەرانی بەعس هێندەی تر باری نیشتمانەكەمانی شێواند، زۆر بەداخەوە ئەمڕۆش لە ڕۆژگاری ئازادی دوای  عیراقی ڕزگار كراو لە دەست سەدام حسین بیر كردنەوەی هەندێك لە عەرەب دەربارەی مافی نەتەوەیمان زۆر لە بیر كردنەوەی بەعسیەكان باشتر نیە .

بە هۆی زیاتر دەست كراوەیی ڕژێمی بەعس بۆ لێدان و سەركوت كردنی شۆڕشی كورد، وە هاوكاری دەوڵەتانی دەور و بەر و جیهان و بەر بڵاوی شاڵاوی نەگریسی ئەنفال بەزەبری چەكی كیمیایی دەركردنی هەموو هێزە سیاسی چەكداریەكانی كورد لە ناو خاكی كوردستان دا، شۆڕشی كورد ناچار بوو ئەگەر وەك  تاكتیكی سەردەمیش بێت هێزەكانی كشاندەوە سەر سنووری ئێران، بەڵام شتێكی بەڵگە نەویستە كە (ی.ن.ك) هێزێكی هەڵقوڵاوی ناو جەماوەری كوردستانە، بۆیە بیری لەوە كردەوە بە هیچ شێوەیەك لە جەماوەر دانەبڕێ و پێویستە تاكتیكی خەبات بگۆڕێ و بیر لە شێوەیەكی تری خەبات بكاتەوە، بە پشت بەستن بەجەماوەر و ووریایی ڕێكخستنەكانی ناو شار و شارۆچكەكان ئەبێ درێژە بە مانەوەی هێزی پێشمەرگە بدات لە ناو خاكی كوردستان دا، بۆ ئەم مەبەستە كەوتنە دروست كردنی مەفرەزەی نهێنی (أختفا) لە هێزی پێشمەرگەی كوردستان و لە نزیكترین خاڵی ڕژێم جێگیر بوون، بەمەش یەكێتی توانی هێز و توانای ڕێكخستنەكانی ناوەوە لەگەڵ مەفرەزە نهێنی یە پارتیزانەكان بەیەكەوە گرێ بدا، بەم شێوەیە یەكێتی توانی دوای ئەنفالەكان پڕنسیپێكی نوێ بهێنێتە ناو یاساكانی جەنگی پارتی زانیەوە ئەویش پرەنسیپی ژیان و هەڵكردنی پارتی زانەكان بوو بەبێ گوند نشینەكان، ئەمەش گرنگیەكی زۆری هەبوو بۆ ئەو ڕۆژگارە، لەلایەك ڕژێمی لەوە ئاگادار كردەوە كە گەلی كورد بۆ مانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی ئامادەیە

گیانی خۆی فیدا بکات و بەرەو ڕووی مەحاڵ ببێتەوە، لەلایەکی تریش مانەوەی ئەم مەفرەزە نهێنیانە ورە و خۆڕاگری زیاتری دەدا بە جەماوەر و ڕێکخستنەکانی ناوشار و بیر و باوەڕیان بە شۆڕش و سەرکردایەتیەکەی تۆکمە تر دەبوو، گۆڕینی تاکتیك و ئەم شێوەی خەباتە لە و ڕۆژگارە دا ڕێگە گرتن بوو لە دووبارە بوونەوەی ئاش بەتاڵ و هەرەسی یەکجارەکی شۆڕشی کورد.

شتێکی ڕون و ئاشکرایە( ی.ن.ك) هەمیشە پێشەنگی داهێنانی شێوەی نویٚ ی خەبات بووە و هەمیشە بەرنامەی تایبەتی هەبووە بە پیٚ ی کات و سەردەمی خەبات بە هۆی ئەوە یەکێتی دوای ئەنفالەکان تاکتیکی خەباتی گۆڕی و قورسایی کاری خستە سەر ڕێکخستنی شارەکان، بە بەڵگەش سەلماندی کە لە مێژووی سیاسی کورد و شۆڕشەکانی کوردستان دا هیچ  هێزێکی سیاسی کوردی نەیتوانیوە بە قەدەر یەکێتی لە ناو شارەکانی کوردستان دا ئەو هێزە یەدەگ و سازدراوەی هەبێت کە یەکێتی هەیبوو، ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە ناو جەرگەی دەسەڵاتی بەعس دا ببوونە مایەی دڵە ڕاوکیٚ و سەر یەشەیەکی زۆر بۆ ڕژێم، یەکەمجار بوو لە مێژووی سیاسی کورد دا ڕێکخستنی نهێنی بتوانێت ئەم ڕۆڵە گرنگ و کاریگەر و بەردەوامە بگێرێت .

ئەوەتا شەهید (غەریب هەڵەدنی ) ئەم ڕاستیە باش ڕوون دەکاتەوە لە کایگەری ڕێکخستن و سۆز و خۆشەویستی بۆ ڕێکخستن لەکاتی پارتی زانی دا لە بناری چیایەکی ئەم نیشتمانە خۆشەویستەدا لە بەردەم ئەشکەوتێك دانیشتووە لە بارودۆخێکی نالەباردا بە ئاسوودەییەوە بیرەوەریەکانی دەنوسێتەوە و دەڵێت:—

— "…..زۆر مورتاح بووین، چونکە ئەو ماوەیەی پێشوو دەستی باشمان لە دوژمن وەشاند بوو .تەنیا گیر و گرفتمان بیٚ پێڵاوی بوو، ئەویش بڕیارە لەم چەند ڕۆژەی داهاتوو ڕێکخستن بۆمانی دابین بکەن. ئای ڕێکخستن زۆر بە تەنگمانەوە هاتن، زۆر شتیان بۆ دابین

کردین خۆزگە هەموو لایەك دەیانزانی بایەخی ڕێکخستن چەند گرنگ و مەزنە و چیتر بە چاوی سوك تیٚ یان نەدەڕوانی[3]".

ترس و کاریگەری ڕێکخستنەکانی یەکێتی ی لەسەر ڕژێم لە بەڵگەنامەکانی دەست بە سەرا گیراوی ڕژێمی بەعس لە کاتی ڕاپەڕین دا بە ڕوونی دیارە. لە کاتی کارەساتی ئەنفال دا خەڵکی خۆڕاگری گەرمیان لە بنکەی پۆلیسی قادر کەرەم بەند کرا بوون ( لیوا بارق ) و(فریق الرکن سلطان هاشم) فەرماندەی فەیلەقی یەك لەگەڵ خودی (علی حسن المجید)لە هەلیکۆپتەرێك دابەزین وەك  قارەمانێك خۆیان پیشان دا و کەوتنە گرتنی وێنەی ڤیدیۆیی بەندیەکان و لەسەر تەلەفزیۆنی عیراق بڵاو کرایەوە گوایە ئەمە وێنەی ( تێکدەرە ئێرانیە گیراوەکانە) چەند هەفتەیەك بەردەوام لێدەدرایەوە تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە دەستەیەکی باڵای ڕاوێژکار بوو خودی سەدام حسین خۆی سەرۆکایەتی دەکرد، کەوتە گلەیی وگازەند و ڕەخنە گرتن کە پیشاندانی ئەم وێنەیە زیان بەخشە و بە پێچەوانەوە خەڵك وای دەبینن ئەمانە گوندنشینی ئاسایین پێشمەرگە و گیراوی ئێرانی نین لەبەر ئەوە لە2ی مایسی 1988کە ئاماژە بەنوسراوی ل.ش.د\397ی (نهێنی وشەخسی)دەکات لە سکرتێری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی یەوە (مجلس الامن القومی) بۆ وەزارەتی ناوخۆ. مەکتەبی وەزیر لەگەڵ وێنەیەك دا بۆ لیژنەی کار وباری باکوری سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی نوسراوە کە لە بەشێکی دا ئاگاداری ئەوە ڕادەگەیەنیٚ "ترسی ئەوەی هەیە کەوا شانە نهێنیەکانی (ی.ن.ك) ڕەنگە خۆپیشاندانێك دژ بەحکومەت ڕێك بخات لە کەلار بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەسەر ئەوەی کە ئەو تێکدەرانەی لەگەڵ خێزانەکانیان گەڕاونەتەوە ڕیزی نیشتمان بەند کراون[4] ".

دیاره زۆربەمان لە بیرمانە گرژی و تورەیی جەماوەر و ڕێکخستنەکان لەو ڕۆژگارەدا ترس و دڵە ڕاوکێ یەکی زۆری خستبووە دڵی سەرانی بەعسەوە هەر لەبەر ئەم هۆیانەش بوو کە ڕژێم یەکێتی بە خەتەر ترین هێز لەقەڵەم دەدا .

بۆ زیاتر سوود وەرگرتن لە توانای ڕیکخستنەکان یەکێتی بیری لەوەکردەوە کە سوپایەك بە نهێنی دروست بکات بە ناوی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرك) لە ڕێکخستنەکانی ناو شار و ئەو پێشمەرگە دابڕاوانەی کە بە هۆی بارودۆخی تایبەتیەوە هاتبوونەوە ناو شارەکان .

هاوڕێیانی ڕێکخستنی ئێمە لەو بار و دۆخە سەختە دا بەشداری چەندین چالاکی و لێدانی دام و دەزگا سەرکوت کەرەکانی ڕژێمیان کرد کە لێرەدا جێگای باس کردن نیە بۆ نمونە: تیپی 99ی بیتوێن مەفرەزەیەکی نهێنی (أختفا )ی لە سنووری بیتوێن مابووەوە ئەو کاتە شەهید عەلی وەیسی لێپرسراوی تیپ بوو، هاوڕێیانی ئێمە ڕێنمایی و چاوساغیان دەکردن بۆ کارەکان، بڕیاریان دا چالاکیەك بکەن بە هاوکاری هاوڕێیانی ئێمە، مەفرەزەیەکی باشمان لە هاوڕێیانی خۆمان دروست کرد لە ژێر سەرپەرشتی عەلی بۆسکێنی دا کە پێشمەرگەیەکی بوێر و قارەمانی تیپی 99 ی بیتوێن بوو کاتی خۆی لە ساڵی 1983 لەلایەن ئێمەوە لە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دا ڕێکخرا بوو بە بەر دەوامی کار و ئەرکەکانی ڕێکخستنی ئەنجام دا تا ساڵی 1987 لە ڕێگای ئێمەوە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد لە تیپی 99 ی بیتوێن بووە پێشمەرگە. لە ژێر فەرماندەیی شەهید عەلی وەیسی دا کات و ساتی ئەنجام دانی چالاکیەکە دانرا لەسەر ڕێگای فرقەی بیست و چواری ئەو کاتە و گوندی بۆسکێن، مەفرەزەیەکی تێکەڵاو لەپێشمەرگەکانی تیپی 99 ی بیتوێن و هاوڕێیانی ئێمە چالاکیەکە ئەنجام درا کە لێدانی کاروانێکی سەربازی بوو لە جێگایەکی ئەوەندە نزیك بوو لە فرقەی بیست و چوار،

تەنها بیر و باوەڕ و گیان بازی دەتهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە دوژمنەکەت هەر چەندە گەورە و بە هێز بێت لە ئاست ورەی پۆلاینی گەل دا بێ توانا و کەم دەسەلاتە .

بە ڕاستی بۆ ئەو ڕۆژگارە ئەمە کارێکی ئەستەم بوو، چونکە ڕژێمی بەعس لەو پەڕی لوت بەرزی و سەر کێشی دابوو، بە شانازیەوە دەڵێم دەبوایە ئەو ماندوو بوون و هەڵوێست بەرزیەی ڕێکخستنەکانی ئەو کاتە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی ئازادی و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر چاو بگیرایە، بەڵام بەداخەوە زۆر جار شتەکان وەك خۆیان نایەنەوە .

بە هۆی دوور کەوتنەوەی (ه.پ.ك) بۆ سەر سنووری ئێران و دروست کردنی مەفرەزە نهێنی (أختفا)کان و چەندین کاری تر ئەرکی سەر شانی ڕێکخستنەکانی ناو شار گران تر و گرنگتر بوو. ئەبوایە چاوساغی و ڕێنمایی مەفرەزە نهێنی یەکان بکەن و کاری هەڵسوڕانی خۆیان ئەنجام بدەن، هەر چی هەواڵ و دەنگوباسی وورد هەیە لەگەڵ پێویستیەکانی خەباتی ئەو ڕۆژگارەدا سەرووی خۆیانی لێ ئاگادار بکەنەوە، لەبەر ئەوە زیاتر کەوتنە چالاکی و خۆ ماندوو کردن بۆ ئەنجام دانی کار و ئەرکەکانیان، ڕژێمیش ئەم ڕاستیانەی باش دەزانی لە ڕێگای جاسوس و سیخوڕەکانیەوە هەمیشە زانیاری زیاتری پێ دەگەیشت لەم بارەیەوە، ئیتر ڕژێمیش زیاتر کەوتە خۆی بۆ دانانی پلانی سەرکوت کردن و لە ناو بردنی لاوانی گەلەکەمان یا هیچ نەبێ بۆ سڕکردن و کەم کردنەوەی چالاکیەکانیان بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی دا شێوەی تازە تر بەکاربهێنێ بۆ کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخەکە لە شارەکاندا، لە شاری سلێمانی سەرەڕای هەبوونی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش و هەواڵگری و مخابەرات و (طواری) و (حامیة) و چەندین دەزگای گرتن و سەرکوت کردن بۆ ئەوانەی هاوکاری پێشمەرگە دەکەن فەرمانگەیەکی ئاسایشی تازەی لە شاری سلێمانی کردەوە کە دوا تر لەلای خەڵك بە(ئەمنە سوورەکە) ناو دەبرا. هەر کەسێك لەم فەرمانگەیە چوو بایە ژوورەوە بە زەحمەت گیانی دەردەکرد، سەرەڕای گرتن و لە ناو بردنی پیاوان هۆبە و ژووری تایبەت

به ژنان لەم فەرمانگەیەدا ئەو پەڕی بێ ویژدانی دەنواند، چەندین کچ لەسەر کاری ڕێکخستن و مەسەلەی کورد بوون گیران و بە ڕووی سوورەوە برانە ناو ئەم بەندیخانە و دوا تر دوو چاری سنوور بەزاندن (تجاوز)یان کردن لە کچێنی یەوە چوونە ژیانی ژنێتی و پاش ئازاد بوون بە منداڵێك یان زیاتر هاتنە دەرەوە، یەکێك بۆی گێڕامەوە لە دوای ئەوەی بەڵگەنامەکانی ڕژێمی بەعس دەست ڕاپەڕیوان کەوتن لە ڕاپەڕینی ئازاری 1991 دا کاسێتێکی ڤیدیۆیی بینیوە کە ئەمنە بەد ڕەوشتەکان لە بار و دۆخێکی تەواو مەست و نا هوشیاریدا لە ڕوانگەی بیرێکی بۆگەن دا بۆ ئەتك کردنی ناموسی کورد بە ڕووتی لەسەر لاشەی کچێکی بەندی سنگیان کرد بووە مێزی قومار و یاری وەرەقەیان لەسەر دەکرد، کچەکەش بۆ ئەوەی وێنەکەی دەرنەچێت دەستی لەسەر دەم و چاوی دادەنا و ڕووی لەولا دەکرد تەنیا کارێکیش کە لەدەستی دەهات هەرئەمە بوو، بەڵام ئەمنەکان بۆ زیاتر ئازار دانی دەستیان پێ لەسەر دەم و چاوی لا دەبرد. لە کەکوکیش سەرەڕای چەندین دەزگای سەرکوت کردن (هيئة خاصة و منظومة الشرقية ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتیهەوالگریسەربازی (مديريه الاستخبارات العسكريه‌العامه) ی کردەوە بۆ گرتن و بەند کردنی خەڵکی کورد ، لە هەولێر و دهۆکیش بە هەمان شێوە.

ئەوە سەیر نەبوو کیژ و لاو و خەڵکی کورد لەسەر مەسەلەی کورد بوون بگیرێن و بکوژرێن و بەند بکرێن، سەیر لەوەدا بوو ئەوانەی دەگیران بە زمانی عەرەبی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرا هەر چەندە زۆرێك لەوانەی دەگیران عەرەبیان نەدەزانی لە ئەنجامی لێك تێنە دەگەیشتن دا جاری وا هەبوو تاوانێکی گەورە دەخرایە ئەستۆی یەکێکی بێ تاوان و ڕاپێچی دەزگاکانی سەروو (محكمه‌الثورة) دەکرا، لەبەر زەقی ئەم مەسەلەیە زۆر جار وەك گاڵتە جاڕی بەندیەکان لە نێو خۆیان دا باسیان دەکرد، بۆ گاڵتە جاڕی بوو یا ڕووی دابوو نازانم گوایە جارێك لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئەفسەری لێکۆڵینەوە بەعەرەبی بە بەندیەکی کورد دەڵێت:

– أذكر اسماء الذين كان معك فى التنظيم .

بەندیەکەش لەبەر ئەوەی عەرەبی نازانیٚ هیچی لیٚ تیٚ ناگا نازانیٚ چی بلٚیٚ بە کوردی دەلٚیٚ:

– بەخوای سەیدی هیچ نازانم بیٚ تاوانم .

ئەفسەری لیٚکۆلٚینەوە زیاتر فشاری دەخاتە سەر پیٚ ی دەلٚیٚت:

– أذكر اسماء الذين كان معك واماكن الاجتماعات.

بەندیەکەش لەپەریٚشانی دادەلٚیٚت:

– سەیدی وەلٚلٚا ئاگام لە مەحمودی بیٚ زەواد نیێیە .

ئەفسەری لیٚکۆلٚینەوە نازانیٚت ئەمە دەستە واژەیەکە لە کوردی دا بۆ ئەوانە بەکاردیٚت ئاگاداری هیچ نین، وا دەزانیٚت ئەوە ناوی یەکیٚك لە هاوکارەکانیەتی یەکسەر دەلٚیٚت:

– أكتب محمودبیٚ زەواد.

زیاتر ئازار و ئەشکەنجەی دەکەن بۆئەوەی ناوی هی تر بلٚیٚت.

هەرچەندە بەعس ڕۆژ بە ڕۆژ ئەلٚقەی زەبر و زەنگی لەگەلەکەمان بچوکتر دەکردەوە، بەلاٚم بیر و باوەڕی خەلٚك لەوە بە هیٚز تر بوو زولٚمی بەعس بتوانیٚ چۆکیان پیٚ دا بدا و وازیان پیٚ لە خەبات و تیٚکۆشان بهیٚنیٚ، ڕژیٚم لەلایەك بۆ پەکخستن و سەر کوت کردنی ڕیٚکخستنەکانی یەکیٚتی گەورە ترین توانای مادی و مرۆیی خۆی خستبووە کار، لە لایەکی تریشەوە فشاری زۆری خستبووە سەر جاسوس و سیخوڕەکانی بۆ ئاشکرا کردن و گرتن و سزادانی ئەو لاو و کیژانەی بەشداری خەبات و تیٚکۆشان و هاوکاری شۆڕشیان دەکرد سیخوڕ و شۆفارەکانی بەعسیش بۆ پیشان دانی دلٚسۆزی خۆیان بۆ بەعس لە ئاشکرا کردن و ڕاپیٚچ کردنی خەلٚك بۆ ناو بەندیخانەکان دریٚغیان نەکرد، دیارە بەعس دەیزانی بە زەبر و زەنگی زۆر بۆ سەر خەلٚك ناتوانیٚ وازیان پیٚ لە خەبات بهیٚنیٚ، بەلاٚم بۆ زیاتر خامۆش کردنی شۆڕشی گەلەکەمان بە هاوکاری سیخوڕەکانی خۆمالٚی هیٚرشیٚکی بەر بلاٚویان لەسەر تاسەری کوردستان دا دەست پیٚ کرد، هەموو بەندیخانەکانیان پڕ کرد لە ڕیٚکخستن و

تێکۆشەرانی گەلەکەمان، بەندیخانەی (جناح خاص)ی ئێمەش پشکی شێری بەرکەوت، ڕۆژانە خەڵکی تازەیان دەهێنا بۆ لای ئێمە، ڕۆژێك بە نەریتی پێشوویان یاساوڵەکان کۆمەڵێك بەندی تازەیان لە هۆڵی پێشوازی ڕاگرت، دوای لێدان و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بەسەر ژوورەکان دا دابەشیان کردن نوری و حەسەن و سیامەندیان هێنا بۆ ژووری ئێمە، هەموویان خەڵکی کەلار بوون لەسەر ڕێکخستنی (ی.ن.ك) گیرا بوون، هەر کە گەیشتنە ژووری ئێمە سیامەند بە ژوورەکەدا کەوتە هاتوو چۆ و پیاسە کردن بۆ ماوەیەکی زۆر دانەنیشت هەموو بەندیەکان بەلا یانەوە سەیر بوو، ژوورەکە گەورە نەبوو کەمتر بەندیەکان لە ژوورەکەدا پیاسەیان دەکرد، ئەو هات و چۆیەی سیامەند سەرنجی مامۆستا نەسروڵڵای ڕاکێشا لەبەر ئەوە پیێ ی گووت:

– ئەریێ کاکە تۆ بۆدانانیشی ؟.

سیامەند بەشێوە زاراوەی لای خۆیان گووتی:

– عەمەلیاتم خوێن ڕیێ ئەکات! .

نەمامۆستا نەسروڵڵا و نە ئێمەش لە ئاخاوتنەکەی نەگەیشتین جالەبەر جیاوازی زاراوەکەی بوو یا لە ژێر لێوەوە وەڵامەکەی دایەوە لەبەر ئەوە مامۆستا نەسروڵڵا گووتی:

– چی...چی؟

– خوێن ڕیێ ئەکات! .

حەسەنی هاوڕیێ ی سیامەند زانی مامۆستا نەسروڵڵا هەر تێنەگەیشتووە یەکسەر قسەکەی لەدەم قۆستەوە:

– گورچیلەی نەخۆشە نەشتەرگەری بۆ کراوە برینەکەی هێشتا چاك نەبۆتەوە خوێنی لیێ دێت.

مامۆستانە سروڵڵادایە قاقای پێکەنین دوای ئەوەش هەر زوو زوو دووبارەی دەکردەوەوە:

– سیامەند خوێن ڕێ ئەکا.

سیامەند کوڕێکی دڵپاك و ڕوو خۆش و بە ئەمەك بوو لای هەموو ئەندامانی ژوورەکە خۆشەویست بوو.

کەم ڕۆژ هەبوو بەندی تازە نەهێنن، بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی کانونی یەکەمی 1989 خەڵکێکی زۆریان هێنا، سێڵاوی خەڵك ئەو کش و مات و بێ دەنگیەی ناو بەندیخانەی شکاند، ئەو بێ دەنگیەی هەموو جارێك بە هەڕەشە و لێدان و ئازاردان بێ دەنگیان دەکردین، بوو بە هەنگامە و ژاوە ژاوێك کەس ئاگای لەکەس نەبوو دەتگووت حەمامی ژنانە، هەمووشیان خەڵکی سنووری ناوچەکەی ئێمە بوون، سەیر لە وەدا بوو هی وایان تێدا بوو بە یەکەوە گیرا بوون بەڵام هەر یەکەیان بیر و باوەڕێکی جیاوازی هەبوو، یەکێتی، سۆشیالیست، شیوعی هی واشیان تێدا بوو زۆر بێ ئاگا بوو هەموویان بە یەکەوە گرتبوون هێنا بوویانن بۆ لای ئێمە بۆ (جناح خاص) لەوانە ئەحمەد سەپان، سلێمان فەخری، مەحەمەدی حاجی قادر، ئیبراهیم حەمەدەمین شێخەی سەروچاوە، مامۆستا عومەر حاجی حسین، عبدوڵڵا حەمەد ڕەسوڵ، کەمال سەعید، مستەفا حەمەد مستەفا، وەهەروەها ئیسماعیل حەمەسوور، ئیسماعیل حەمە مێوژەیی، حەمەدەمین ناسراو بە مینەی مرۆتێ، عەلی هەیبەت، فاخر شێخ سەدر بەسەر ژوورەکان دا دابەشیان کردن، ئبراهیم حەمەدەمین شێخەی سەروچاوە و ئیسماعیل حەمە مێوژەییان هێنا بۆ ژووری ئێمە ئیبراهیم لەسەر ڕێکخستنی (ی.ن.ك) گیرا بوو، کوڕێکی هێمن و هەندێك خۆپارێز بوو کەمتر خۆی لەکاری ئەوانی تر هەڵدەقورتاند، لەگەڵ من خۆشەویستی و تێکەڵاوی هەبوو، ئیسماعیل وابزانم لە سەر حزبی شیوعی گیرا بوو کوڕێکی لاواز و کەم دوو بێ دەنگ بوو، بە دوای ئەوانیش دا جەبار ئەحمەد خان، قادر ڕەسوڵ، ئەحمەد نادر، کاوێسی عەلی سۆفی و زۆری تریان هێنا بەسەر ژوورەکان دا دا بەشیان کردن، بەداخەوە ئەوانەی لێم نزیك نەبوون ناویانم نەزانیوە، جەباری ئەحمەد خان بۆی گێڕامەوە :

– له(منظومة الشرقية ) چاوم بەسترابووەوە لە شوێنێك دایان نابووم هەستم كرد خەڵكی تریشم لە دەورەیە، دوایی گوێم لێ بوو ئەحمەد نادر دەستی كرد بەهاوار...هاوار گووتی:

– میزم دێت وەختە سكم بتەقێت .

بەڵام كابرای یاساوڵ هیچی لێ تێنە دەگەیشت و گوێ ی پێ نەدەدا هەر چەندە تۆزێك لێم دوور بوو بەڵام بەچرپە پێمووت:

– بڵێ بول یانی میزم دێت .

ئەحمەد نادر هێندە زوو زوو لەسەر یەك دەیگوت: بول...بول ووشەكە ببوە بولبول سەری لە كابرای یاساوڵ شێواند بوو یاساوڵەكە لەپەستیا گووتی:

– گەواد شنو بولبول.

ڕۆیشت و ئەحمەد نادری بەجێ هێشت، هەمزەش زۆر داوای كرد بیبەن بۆ میز كردن بەڵام گوێیان پێ نەدا،لەئەنجام دا خۆی بۆ نەگیراو میزەكەی بەخۆی داكرد.

عەبدوڵڵا سەید قادر زنجیرەی پەیوەندی نێوان سەروو بەشێك لە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانی( ی.ن.ك) بوو لە ڕێگای حاجی سرێشمەییەوە كۆمەڵێك خەڵك لە سنووری سۆران ڕێكخرا بوو بە هۆی برادەرێكیانەوە ئاشكرا بوون، لەگەڵ حەڤدە هاوڕێ ی تریان گیران و هێنایانن بۆ ئەم بەندیخانە .

لە شوباتی 1990 دا مولود ڕەسوڵ، حەمید ڕەسوڵ، ئازاد تۆفیق مەلا سدیق، قانع ئەحمەد شێواو هێنایانن بۆ بەندیخانەی لای ئێمە لەگەڵ چەندانی تر بە داخەوە ناویانم لە بیر نیە داوای لێبوردن دەكەم .

بە هۆی شۆفار و سیخوڕەكانی بەعسەوە لە سنوری هەموو شارەكان ڕێكخستنەكان ئاشكرا بوون و ڕۆژانە خەڵكی تازەیان دەهێنا بۆ ئەم بەندیخانە لەبەر ئەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ژوورەكان قەرەباڵغ تر دەبوون، ماوەیەكی زۆریش بوو كەسیان نەدەبرد بۆ دادگا بەهۆی ئەوە قەرەباڵغیەكە هەر لە زۆری دا بوو، هەر چەندە خەڵكیش زۆر بوایە جێگا و پێخەو و

خواردن و چوونە سەر ئاو خراپتر دەبوو لەبەر ئەوە لە نێو خۆمان دا زۆر باسی ئەو کێشەیەمان دەکرد، ڕۆژێك لە مامۆستا نەسروڵڵام پرسی:

– مامۆستا جەنابت دەمێکە لێرەی تۆ ئەم کارە بەچی تێدەگەی لەم قەرەباڵغیە مەبەستیان چیە؟

– هەر کاتێك دادگایی کردن نزیك بووەوە ئەم کارە دەکەن هەربینا دیت ڕۆژێك ناو دەخوێننەوە بۆ دادگا، پێویست نەبوو بپرسم ئەمە چۆن دەزانێت چونکە ئەو دەمێك بوو لێرە بوو خۆشی بۆی باس کرد بووم کە جارێك چووە بۆ دادگا، لەو قسانەی مامۆستا نەسروڵڵا تامەزرۆی ئەوە بووم شتێك دەربارەی دادگابزانم گووتم:

– مامۆستا ئەگەر زەحمەت نیە بۆم باس ناکەیت دادگای ئێرە چۆنە؟

– هەر دەزگایەك لەو دەزگایانەی ڕژێم کە دەسەلاتی گرتنی خەڵکی پێ سپێراوە شەلم کوێرم کەس نا بوێرم، خەڵك دەگرن، دوای ئەوەی ئازار و ئەشکەنجە و لێکۆلینەوەی لای ئەوان تەواو دەبێت هەموو بەندیەکان بە کۆمەڵ دەبرێن بۆ دادگا لەوێش هەر ناو دەخوێندرێتەوە بۆت نیە هیچ بەرگریەك لە خۆت بکەیت، ئینجا یەك یەك یان بە کۆمەڵ حوکم دەدرێن، کەسیش مافی بەرپەرچ دانەوەی نیە، ئەوەی پەشیمان بێتەوە بڵێت بە هۆی لێدان یا بەزۆر ئەم قسانەم پێ ووتراوە ئەوا جارێکی تر دەی گێڕنەوە بۆ لێکۆلینەوە، هەر کەسێکیش بگێڕنەوە بۆ لێکۆڵینەوە توشی بەڵایەکی وای دەکەن هەرگیز جارێکی دی چاوی بە دادگا و دەرەوە نەکەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەش دا بەندیەکانی زۆر هاندا هەر چۆنێك بێت بەرگری کردن کارێکی باشە.

لەگەڵ پرسیارەکەی من دا هەموو بەندیەکان بیر و هۆشیان لای قسەکانی مامۆستا نەسروڵڵا بوو، زانیاریەکانی دەربارەی دادگا بۆ هەموومان بەسوود بوون، ئەمیر لەولاوە هەڵی دایە وەك ئەوەی بەرەو ڕوی دادوەر وەستا بێت گووتی:

– من پێشمەرگە بووم و گەڕاومەتەوە وازم لە هەموو شتێك هێناوە باشە بۆ بەرم نادەن؟

کەس وەڵامی لا نەبوو بەردان و بەرنەدان بەدەست خۆیان بوو، لە دادگایەکی نهێنی بێ هیچ بنەمایەکی یاسایی چی لێ چاوەڕوان دەکرێ هەر لەسێدارەدان و حوکم دانی بەندیەکانە.

لەنێوان خۆمان دا ڕۆژانە هێندە باسی دادگامان دەکرد هەستم بە دڵ تەنگی و نیگەرانی زۆر دەکرد بە هەر بارێك دا لێکت دابایەوە دادگایەکی سەربازی نهێنی بێ پارێزەر بێ ئەوەی بتوانی بچوکترین بەرگری لە خۆت بکەیت پێش ئەوەی بچیتە دادگا دەتزانی بڕیاری شووم و ئەنجامی خراپ و نادیارە.

چێشتەنگاوێك لە ڕۆژی 1989\12\26 دا یاساوڵەکان دەستیان کرد بەناو خوێندنەوە هەر ووتیان بۆ دادگایە وەك ئەوەی لە پڕ گۆزیەك ئاوی ساردم پێدا بکەن، دڵم داخورپا، ڕاچەنیم، تێك ڕابووم دڵم کەوتە پەلە پەل وەك ئەوەی پێم بڵێن نۆرەی تۆیە بۆ دادگا، لە ژوورەکەی ئێمە ناوی مامۆستا نەسرەڵڵایان خوێندەوە، داوی چەند ناوێکی تر ناوی قادری هاوڕێمی خوێندەوە ئێمەش بە دوای دا لە ڕاڕەوەکە ڕایان گرتین، دوایی پاسێکیان هێنا فەرمانیان پێداین سواری ئەم پاسە بن بێ ئەوەی چاو و دەستمان ببەستنەوە، زۆرم لا سەیر بوو ئەوە یەکەم جار بوو بەم شێوەیە ڕەفتارمان لەگەڵ بکەن، وا بزانم هەر لەبەر ئەمە بوو دەیان ووت ئێستا دەبرێنە دادگا و یەکی حوکمێکی قورسیان بەسەردا دەدەن و دەبرێتەوە، هەر چەندە بەرەو ڕووی مەرگ دەچووم بەڵام هەستم بە ئاسوودەییەك دەکرد کەچاو و دەستیان نەبەستینەوە، وەك ئەوەی لە گەڕەکێکی شارێکەوە بچینە گەڕەکێکی تر، بەرەو دادگا کەوتینەڕێ.

## دادگایی کردن یا شانۆگەری

لە وەتەی زاناکان بیریان لەوە کردۆتەوە یاسا و ڕێسایەك بۆ ژیانی ڕۆژانەی خەڵك دابنێن، مرۆڤ بەخۆشحاڵی و ڕەزامەندیەوە لە یاسای ڕوانیوە و ڕێزی لێ گرتووە، لەبەر ئەوەی تاوانی تاوانباران سزای خۆی وەرگرتوە و بەسەری دا تێنەپەڕیون، کۆمەڵگاش لە

پەنای دادگاوە بە ئاسوودەیی و بەکامی دڵ ژیانی بەسەر بردووە، هەر لەبەر ئەمەشە هەر دادگایەك سەروەری خۆی بپارێزێ و ڕێزی بەها مرۆڤایەتیەکان بگرێ لای کۆمەڵگا جێگای ستایش و ڕێز لێ گرتنە، بەڵام جێ ی داخە مرۆڤ هەمیشە ڕوو لە یاسا هەڵ دەماڵێ و ئەو یاسایانەی کە خۆی دایناون بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژانەی بە پێ ی پێویست و گونجانی خۆی دەیانگۆڕێ، هەر بەم پێ و دانگەش لای بەعسیە لە یاسا دەرچوەکان دادگایی کردنی بێ لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینە و سزای ناڕەوا و شێواندنی یاسا وای کردووە لاپەڕەکانی مێژووی بەعسی خوێن ڕێژ و دیکتاتۆر پڕیەتی لە ڕووزەردی و شەرمەزاری کە جێگای قێزەونی و تێڕامانی گشت مرۆڤایەتیە ، ووشەی ترس و تۆقاندن، دار و تەناف، کوشت و بڕ، خوێن و زوخاو، تێکدان و خاپوور کردن پەڕی قاموسی بەعسیان داگیر کردووە بە جۆرێك قەڵەم لە ئاستی دا کول و بێ دەسەڵاتە .

لە ناو پاس دا بە ڕێگاوە بەرەو دادگا ئەم بیرکردنەوانە ئەوەندە لە مێشکم دا هاتن و چوون هیچ ئاگام لە ڕێگا نەبوو بزانم چی یە و چۆنە تاکو بۆتان بگێڕمەوە، هەر ئەوەندەم زانی گووتیان: ئێرە دادگای شۆڕش(محكمة الثورة)ە.

لەبەر دەم بیناکە ڕایانگرتین یاساوڵەکان چوونە ژوورەوە، دوای ماوەیەك هاتن ئێمەشیان بردە ژوورەوە، هۆڵێکی مام ناوەندی بوو پێیان دەووت: هۆڵی چاوەڕوانی دادگا بەسێ پلیکانە لەگەڵ دەرەوە و ژووری دادگا نزم تر بوو، سێ دەرگای لەسەر بوو، یەکێك بۆ ژووری دادگا، یەکێك بۆ ژووری پەنجەمۆر و کاری دوای تەواو بوونی دادگایی بەندیەکان، دەرگای سێیەم ئاودەستێك بوو ژوورەکەی تۆزێك گەورە بوو خەڵك لە هەموو بەشی ژوورەکە دانیشتبوون، پڕ ببوو لە پیسایی دوو خشتە بلۆکیان لە ناوەڕاستی ژوورەکە دانا بوو، هەر کەسێك زۆر ناڕەحەت بوایە دەچووە سەر ئەو بلۆکانە خۆی خاڵی دەکردەوە، بۆنێکی پیس و ناخۆشی لی دەهات، هەر بەبینینی دڵت پڕ دەبوو، لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا پایەیەکی ئەستەم هەبوو لەگەڵ چەند کورسی یەکی شەق و شڕدا.

که چووینه ناو هۆڵی دادگاوه هاوڕێکانم عەلی و جەنگی هەر کەسه لەگەڵ یەکێکی تردا سەرگەرمی قسەکردن بوون، قادری هاوڕێم بە هۆڵەکەدا بە هێمنی پیاسەی دەکرد، کەمێك بەلای پێشەوەدا خۆی چەماندبووەوە پشتی کۆم دیار بوو، نیگەرانی بەدەم و چاویە وە دیار بوو، لەبەر خۆیەوە لێوی دەجولاند وا بزانم ئایەتێکی دەخوێند، من و پیرۆت پێکەوە ڕاوەستا بووین قسەمان دەکرد دەربارەی دوا ڕۆژی خۆمان بیرمان لە حاڵی خۆمان دەکردەوە، مامۆستا نەسروڵلا لەگەڵ ڕائد محسنی هاوڕێ ی لە تەنیشت ئێمە ڕاوەستا بوون، زۆر جار باسی هاوڕێکەی بۆ کرد بووم، بەلام تا ئەو کاتە نەمبینی بوو، مامۆستا نەسروڵلا وەك ئەوەی بزانێ مەبەستمە هاوڕێکەی بناسم یەکسەر هات ڕائد محسنی پێ ناساندین.

– ڕائد محسن ڕائدی فڕۆکەوان (رائد طيار) بوو، خەڵکی هەولێر بوو، لە ئاغاکانی دزەییان بوو، لە چاو بەندیخانە پیاوێکی سپیلکەڵەی ڕێك وپێك و خاوێن بوو، هەڵسوکەت و قسەکردنی هی فەرماندەیەکی سەربازی بوو، تا ئەو کاتە نەمن نە پیرۆتی هاوڕێم خەڵکی وامان نەدیبوو لە پلەیەکی وا دابێ و گیرا بێت، ئەوە سەرنجی پیرۆتی ڕاکێشا بوو، لەبەر ئەوە ڕووی لە ڕائد محسن کرد گووتی:

– بۆ قوربان خەڵکی وەکو ئێوەش دەگرن؟!

ڕائد محسن وەك ئەوەی پرسیارەکەی بەدڵ نەبێت، یابە هۆی بیرکردنەوە لە چارەنوسی خۆی ئازار هێرسی بۆ هێنا، بەلام بەسەر خۆی نەهێنا و کەمێك خۆی هێمن کردەوە و دوای کەمێك ڕاوەستان بە ئەسپایی گووتی :

– لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلان دا ڕوناکبیر و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان هەمیشە پێشەنگی جەماوەر بوون و دەورێکی گرنگ و کاریگەریان گێڕاوە، دیارە خەباتی گەلی ئێمەش خەباتێکی ڕەوا و عادیلانەیە بۆ بە دیهێنانی مافی چارەنوسی نەتەوایەتی خۆمان، ڕوناکبیر و لاوەکانمان درێغیان نەکردووە ڕژێمیش ئەم ڕاستیە باش دەزانێت لەبەر ئەوە

هەرگیز دەست ناپارێزێ لە هەموو چین و توێژەکانی گەلەکەمان، پلە و پایە و ڕادەی خوێندن و زانیاری لای ئەوان گرنگ نیە، دلّنیاشن لەوەی ئامادەکردنی ڕۆڵەکانی گەل بۆ کۆڕی خەبات لە لایەن ڕوناکبیرانی گەلەکەمان سەرپەرشتی دەکرێ، لەبەر ئەوە تەنها ڕێگایەك بە چارەسەری بزانن ئازار و ئەشکەنجە و بەند کردنی ڕوناکبیرانی گەلەکەمانە.

بۆ دلّدانەوەی یا کۆتایی هێنان بە پرسیارەکەی گووتم:

– مەبەستی ئەوە بوو بزانێ ئایا ئێوەش لەسەر کاری سیاسی گیراون ؟

هەر چەندە پرسیارەکە زۆر سادە بوو بەلاّم ڕائد محسن بە هێمنی گووتی:

– دەلّێن هاوکاری پێشمەرگەتان کردووە.

لەم قسانەدا بووین یەکێك دەرگای لای دادگای کردەوە لە ناوەڕاستی دەرگاکە ڕاوەستا ناوی ئێمەی خوێندەوە بۆ دادگایی کردن .

لە دەرگاکە چووینە ئەو دیو ڕاڕەوێکی زۆر بچوك بوو بە لای ڕاست دا دەرگایەك هەبوو دەیانگووت: ئەمە ژووری شاهیدەکانە، هەر شاهیدێك نەیەوێ بەرەو ڕووی بەندیەکان شاهیدی بدات پێش ئەوەی بەندیەکان بهێننە بەردەم دادوەر شاهیدەکە لەبەردەمی دادوەر شاهیدی خۆی دەدات و لەم ژوورە چاوەڕوانی دەکات تا کارەکەی تەواو دەبێت، ڕووە و پێشەوە دەرگایەکی تر هەبوو ئەوانەی حوکمی لە سێدارە دانیان بەسەردا دەدرا لەم دەرگایەوە دەبرانە دەرەوە، بەلای چەپ دا دەرگایەك هەبوو بۆ ناو دادگا لەم دەرگایەوە چووینە ژوورەوە، بەلای ڕاست دا قەفەزی دادگا بوو تاسنگمان دەهات، هەموومان بەکزی لە ناو قەفەزەکە بەرەو ڕووی دادوەر وەستاین، ترس و نیگەرانی هەموو لەشمانی داگرتبوو، دلّەکوتەمان پێکەوتبوو، ڕەنگمان ڕەش هەلّگەڕا بوو، دەم و چاومان بە شێوەیەکی نائاسایی دیار بوو (حەزرەتی قابض) لە دەورەمان کنەی دەکرد، لەو پەرێشانیەدا چاوێکی خێرام بە ژوورەکەدا گێڕا، هەموو ژوورەکە بە داری ساج دیکۆر کرا بوو، لە بەرامبەرمان مێزێکی بەرز لەم سەر بۆ ئەو سەری ژوورەکە هەبوو، سەرۆکی دادگا (عواد حمد البندر)

بوو، بە بەرگی مەدەنی لە ناوەڕاستی مێزەکە دانیشتبوو، دوو دادوەری تر لە ڕاست و چەپی دانیشتبوون، لە پێش دادوەر مێزێکی نزمتر هەبوو، یەکێك لەسەری دانیشتبوو بە قەڵەمەکەی  ووتەکانی دەنووسی، لە کاتێکدا قەڵەم نیشانەی پێشکەوتن و گەشەسەندنی زانستە، هۆی خۆشگوزەرانی  و سەر فرازی هەر نەتەوەیەکە، بوونی هوشیاری و پێشکەوتن و داهێنانە، مایەی خۆشەویستی و ئازادی و یەکسانی یە، هۆی هەوڵ خەبات و تێکۆشانە لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی دا، بەڵام قەڵەمەکەی ئەوان بە پێچەوانەوە وەك چەکەکانیان تەنها سەر بڕین و لە ناو بردنی دەنووسی، قەڵەمەکەی ئەوان مەرگ و خوێنی لێ دەباری، تاوان و خیانەتی ئەنجام دەدا، گوللە باران و کوشتن و سێدارەی ڕادەگەیاند، تەنها نەمان و کۆتایی ژیانی مرۆڤەکانی دەنووسی، بە قەڵەمەکەیان ڕۆژی سەدان کەسیان بەرەو مردن و چارەنووسی نادیار برد، سەدان چرای هیواو ئاواتیان کوژاندەوە، بە مەرگی زاوا چەندین نۆ بوکیان خستە پەژارەوە، سەدان ڕۆڵەی بێ تاوانیان لە نازی دایك وبابیان بێ بەش کرد، سەدان کەسیان لەخۆشی و ئارەزوی ژیان لە ماڵەکەی خۆی دابڕی و ژن و منداڵەکانیان بێ سەرپەرشت هێشتەوە، ئابڕوی سەدان کەسی خاوەن ئابڕویان تکاند، سەدان کەس لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا بە ئاهو ناڵەوە سەریان نایەوە، ئەرێ چوزانم تاوانەکانیان هێندە زۆرن ناژمێردرێن .

دادگا گۆرستانێکی ئەستەم بوو، ڕۆژانە هەر لە گەورە بوون دا بوو، هەموو ئەوانەی لە پێناوی ئەم نیشتمانە خۆشەویستەدا بەسەری بەرزەوە چوونە سەردار و لە سێدارە دران سەرەڕای ئەوەی بەزیندوویی لە نیشتمانەکەیان دا بڕین بە مردوویش نەیانهێشت خاکی پیرۆزی نیشتمان لاشەکەیان لە باوەش بگرێ، خۆ ئەگەر یەکێك تەرمەکەیان بدایەوە بەکەس و کاری دەبوایە پارەی گوللە باران و لە ناو بردنەکەی بداتەوە بە بەعسیەکان زۆریش لێیان مەمنون بێت، لە خوا بپاڕێتەوە داوای خێر و لێ خۆش بونیان

بۆبکات، سەرەڕای ئەوەش قەدەغە بوو دایك و باوکی جگەر سووتاو بوکی کۆست کەوتوو منداڵە چاو بە فرمێسك و دەم بە هەنیسکەکان پرسە بۆ کۆستی ئازیزەکانیان دابنێن .

به هەر حاڵ لە لای چەپی ژووری دادگا داواکاری گشتی (مدعی العام) کاغەزێکی بە دەستەوە بوو دەربارەی ئێمە زانیاری تێدا نووسرا بوو، بە پێوە کەوتە خوێندنەوەی:

– جەنابی دادوەر ئەمانە خائنن خیانتیان لە سەرکردایەتی شۆڕش و وولاتەکەمان کردووە، بوونەتە نۆکەری بێگانە و هاوکاری دوژمنانی ئێمەیان کردووە، ئەوانە میکرۆبی ناو میللەتن پێویستە بە زوترین کات لە ناو ببرێن بۆ ئەوەی وولاتەکەمان ئاسوودەبێ و ببێتە پەند و عیبرەت بۆ ئەوانەی وەك ئەمان کاری لەو جۆرە دەکەن، چەندین تاوانی دایە پاڵمان هەر نەشمان بیستبوو بە ڕاستی داواکاری گشتی کارێکی پێ کردین "با بەدەواری شڕ" و "سەرما بە هەتیوی نەکرد بێت"، "دەتگووت دوژمنی بابە کوشتەی ئەوین"، هەر کە گوێمان لەم قسانە بوو زۆرمان لاسەیر بوو،"دەممان بووبە تەڵەی تەقیو".

لە تەنیشت داواکاری گشتی یەکێك بە بەرگی سەربازی وەستا بوو کورد بوو، ناوی ئیسماعیل گەردی بوو، خەڵکی هەولێر بوو کاری وەرگێڕی بوو، جگەلەوەی خیانەتی بەنەتەوەکەی کردبوو چۆکی بۆ دوژمنان دادا بوو، سەرەڕای ئەوەش خیانەتی لەپیشەکەی خۆشی کردبوو لەکاتی وەرگێڕانی ووشەی بەندیە کوردەکان بۆ سەرۆکی دادگا زۆر لە ووشەکانی دەپەڕاند و بەئارەزوی خۆی کاری وەرگێرانی دەکرد، دادوەر ڕووی لە ئێمە کرد گووتی:

– ئێوە تاوانبان یا بێتاوانن؟!

سەرەڕای ئەوەی ئەوان تاوانیان بەرامبەر بە ئێمە کردووە، سەروەت و سامانی وولاتەکەمان، داب و نەریت و کەلەپورمان، ڕابردوو و مێژوومان، دار و بەرد و کان و پەترۆڵی سەر زەوی و ژێر زەوی وولاتەکەمانیان بەتاڵان بردووە، کە چی ئەوان ئێمەیان بە تاوانبار دادەنا، کوشتن و لە ناو بردنی خەڵك بەپێ ی هەموو یاسا زەوینی و ئاسمانیەکان تاوانێکی

گەورەیە کە چی ئەوان بۆخۆیان بەڕەوا دەبینی، هەر چەندە داواکردنی ماف هەقی ڕەوای هەر مرۆڤێکە، تاوانباری ئێمە لای ئەوان  تەنها و تەنها کورد بوون بوو، داوای مافی ڕەوای نەتەوەکەمان دەکرد کە ئێمەش وەك گەلانی سەر دنیا سەربەست بژین گەلەکەمان ئازاد بێت، سنووری  وولاتەکەمان دیار بێت، حکومەتێکی نیشتمانی خۆمان هەبێت، لە بڵندان ئاڵاکەمان بشەکێتەوە، ئەوان ئەو هەموو مافانەیان لە ئێمە زەوت کردووە، خاك و ئاوی ئێمەیان داگیر کردووە، بەشی زۆری شار و گوندەکانی نیشتمانی ئێمەیان لەگەڵ خاك یەکسان کردووە کەچی ئەوان ئێمەیان بە تاوانبار دەزانی، ڕاستیان ووتووە "تا خاوەن ماڵ دزی گرت دز خاوەن ماڵی گرت ".

زۆر سەیرە ئادەمیزاد کە گەیشتە پلەی دەسەڵات زۆر جار خۆی لە بیر دەکات و دەبێتە دڕندە بۆ سەر هاوڕەگەزەکانی خۆی .

بیری جولانەوەی ئازادیخوازی و خەبات دژی پاکتاوی ڕەگەزی نەتەوەی کورد وەك بەعسیە ڕەگەز پەرستەکان نەخشەیان بۆ کێشا بوو، شەپۆلی توڕەیی ڕۆڵەکانی کورد لەم بەشەی کوردستان دا نەترەی شۆڤێنستە بەعسیەکانی برد بوو، هەر کاتێك لە بەرەنگاری هێزی ئێشمەرگەدا شکستی دەخوارد و دەیدۆڕاند  ڕقی خۆی بەخەڵکی بێ چەك و بێ دەرەتان دەڕشت، دەکەوتە وێزەی خەڵك و گرتنی کوێرانە، ئەوەی لە گرتنی ئێمە نیگەران و دڵ بەخەمی کرد بووین ئەوە بوو ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان پێ نەگیرابوو، بڵاوکراوەو نوسراویان دەست نەکەوتبوو، وێنەمان نەگیرا بوو، دەنگمان تۆمار نەکرا بوو، ئەوەی ئێمەی پێ گیرا بووین تەنها قسەی چەند زۆڵە کوردێکی ووردکە خۆری دەرباری خۆیان بوو، دەنا من هەر لە سەرەتاوە ئەم ڕۆژەم لە پێش چاو بوو، دەمزانی لەسەر ئەو بیر و باوەڕەی هەمە کە من ڕۆڵەیەکی کوردم و کوردیش گەلێکی بەشخوراو و زوڵم لێکراوە، کوردستانیش نیشتمانێکی پارچە پارچە و کوت کوت کراوە و هەر کوتەی بەدەست کەسێکەوەیە، منیش سەودا سەری ڕزگاری گەل و نیشتمانەکەم لە ژێر دەستی شومی نەتەوەپەرستان،

چارەنوسی یەکێکی وەك من لە عێراقی ژێر دەسەڵاتی بەعس دا هەر چاوەڕێ ی پێشهاتێکی وادەکەم .

لەبەر چاو ڕوونی و نەبوونی هیچ بەڵگەیەك لە بەرامبەر دادوەردا قادر و جەنگی بەرگری باشیان کرد، کە نۆرە گەیشتە سەر عەلی کەمتر ڕێگەی قسەکردنی دا چونکە قسەکانی بەدڵ نەبوو ڕەنگی تێکچوو، کە نۆرە گەیشتە سەر پیرۆت زۆر کەم ڕێگەی قسەکردنی دا و ڕێگای منی هەر نەدا قسە بکەم گووتی:

– پێویست ناکات ئەویش هەر وەك ئەوانە .

ئیتر جەنابی دادوەر خۆی بۆ نەگیرا و نەیتوانی وەك پێویستە بۆ کارەکەی ڕەفتار بکات، کۆنترۆڵی هەستی خۆی لەدەست دا و بە شێوەیەکی نائاسایی زۆر توڕە بوو بەرامبەر بە ئێمە پەنجەی ڕادەوەشاند گووتی:

– ئێوە کارتان بۆ ئەوانە کردووە کە نۆکەری بێگانە و دوژمنی ئێمەن، بەشی هەواڵگری لە نزیکەوە چاودێری ئێوەی کردووە، ئەی گوایە هەواڵگری درۆ دەکات،

نەخێر ئێوە درۆ دەکەن.

زۆر هەڕەشە و گوڕەشەی لێ کردین ، دوایی تۆزێك خۆی هێمن کردەوە بۆ پیشاندانی عەدالەتی دادگایی کردنەکەی گووتی:

– حکومەتی نیشتمانی لەسەر حسابی خۆی پارێزەری بۆ ئێوە گرتووە .

یەکێك لەلای ڕاستی ژوورەکە هەستایە سەر پێ عەبایەکی گەورەی ڕەنگی مەیلە و نیلی و خەتی ڕەشی باریك بە دەوری دا کێشرا بوو بەسەر شانی خۆی دادا بوو گووتی:

– جەنابی دادوەر ڕاستە ئەمانە خیانەتیان کردووە، هاوکاری دوژمنانی حکومەتی نیشتمانیان کردووە، بەڵام نەیانزانیوە و هەڵیان خەڵەتاندوون ئەمانە لاون بەڵکو بگەڕێنەوە سەررێگای ڕاست بۆ خزمەتی نیشتمان، لەبەر ئەوە داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە ڕوحمیان پێ بکەن بە ماددەی (175)حوکمیان بدەن.

جەنابی پارێزەر لە جیاتی بەرگری کردن هێندەی تر تاوانباری کردین، بە ڕاستی سەرم سوڕما بوو ئەوەی دەیبینم ڕاستە یاخەوە، ئێرە دادگایە یا شانۆ، یەکێك بەرزی دەکردەوە یەکێك نزمی دەکردەوە، چەندەیان بۆ دانرا بوو هەر ئەوەندەیان قسە دەکرد بەڕاستی هەر لە شانۆگەریەکی گریاناوی دەچوو کە هەر ئەکتەرێك دەوری خۆی بۆدانرابێ و بە پێ ی دەورەکەی خۆی حیوار بکات، ئینجا سەرۆکی دادگا گووتی:

– بیانبەنە خوارەوە.

کە هاتینە خوارەوە بۆ ناو هۆڵی چاوەڕوانی دادگا بە مات و خەمباری بە ڕێکەوت بەرامبەر پایەی ناوەڕاستی هۆڵی چاوەڕوانی ڕاوەستا بووم، کە سەرم بەرز کردەوە نووسینێك لەسەر پایەکە سەرنجی ڕاکێشام .

ڕۆژی پێش ئێمە سێ کیژی کورد دادگایی کرا بوون، دیارە بەعسیەکان لە ئازاردانی پیاو تێر نەدەبوون پەلاماری ژنیشیان دەدا، کورد پەندێکی هەیە لەبەر ناسکی و بێوەیی و میهرەبانی، لەبەر سۆز و خۆشەویستی و بەخشندەیی ژن بۆ بەرامبەرەکەی دەڵێن "سەگ بەژن ناوەڕێت"، بەڵام بە پێچەوانەی بەعسیەکان سەگ گیاندارێکی بە وەفا و دڵسۆزە بۆ ئادەمیزاد، لە شەرمەزاری کردەوەی ناپەسەندی بەعسیەکان سەگ چووە کۆختەکەی خۆیەوە، بەعسیەکان نەك هەر بەژن دەوەڕین بەڵکو ئابڕوویان دەتکاندن و دەشیان خواردن، ئەو سێ کچە کوردە بۆ یادگاری ناوی خۆیان لەسەر پایەی هۆڵی چاوەڕوانی نووسی بوو (کوردستان، گوڵستان، عایشە) سێ فریشتەی پاکی ڕەزا سووك، سێ پەپولەی باڵ ڕەنگینی بێوەی، سێ ئاسکی ناسکی خێر نەدیو، ئاخر ئەوانە ئەگەر دڕندەش بن کێ ئازار دەدەن، زۆر خەیاڵم بە لای نووسراوی سەر دیوارەکەوە نەوەستا چووە لای ئەو کچە کوردە شۆخ و شەنگانەی کە لە پەڕەی گوڵ پاکتر بوون و لەسەر بیر و باوەڕی کورد بوون لە بەندیخانە شووم و نەفرەت لێکراوەکانی بەعس دا سەرەڕای ئازار و ئەشکەنجەی بێ وێنە دەست درێژی دەکرایە سەر ناموسیان، خەیاڵم شوورە و کەوشەنی

بەندیخانەی هەڵبوارد و وەك بازی تیژ ڕەو بەکوردستان دا گەڕاو وولاتی تەی کرد هەموو ئەو گوندانەی بەسەر کردەوە کە شالاوی نەفرەت لێکراوی ئەنفال خەڵکە بێ دەرەتان و زۆر لێکراوەکەی لەگەڵ خۆی لول دا و هەموو ژن و کیژە خاوەن ئابڕووەکانیان لە برا و هاوسەرەکانیان جیا کردەوە تا ئێستاش لێ یان دیدار ئاخرەتین نازانین چیان بەسەر هات، خەمی ئابڕوی تکاومان بە دەست بەعسیە بێ ئابڕوەکان قولپی گریانم لەگەرووم دا پەنگی خواردەوە، چاوم پڕ لە ئەسرین بوون لە وە زیاتر نەمتوانی بەری لێ بگرم وەك دەڵێن کاسە کەپڕ بوو لەسەری دەڕژێ، منیش دڵم پڕ بوو لە چاوەکانمەوە سەری کردوو ڕووم لەولا کرد بە دزیەوە فرمێسکەکانم بە پشتی هەردوو پەنجەی گەورەی دەستم سڕی، لە ترسی ئەوەی نەوەك بەدکاران لە ڕازی دەرونم  تێبگەن و بەترسنۆك و بێ غیرەتم لە قەڵەم بدەن، هەر چەندە من ترسنۆك نیم و ورەم وەك کێوی قەندیل بەرزە، دڵنیام ئەگەر ئەو ڕازە پڕ ئازارانەی من هەست پێ بکەن لێم تێ دەگەن و هەقم پێ دەدەن، گریانی بەکوڵ، فرمێسك هەڵوەراندن، خەم لادەبا، کوڵ و کۆ دادەمرکێنێ، منیش بە فرمێسکی چاوم گڕی ئاگری دەرونم خامۆش کرد و لە ناو دڵم دا ڕامگرتن وەك ژیلەمۆ لە ژێر خۆڵەمێش دا، بەلام ئێستا کەوا ئەم ووشانە لە نوکی خامەوە دەڕژێنە سەر کاغەز جارێکی تر برینەکانم دەکولێنەوە و ئازارەکانم دێنەوە سوێ وەك چۆن کزەبایەك لە خۆڵەمێشەکە بدا و پشکۆکان دەگەشێنەوە.

ئاااخ ڕەموزنەکانی تاریکایی، ئاااخ کورتە بالاکانی سەدەی بیستەم هیچ خراپەکاریەك نەما بەسەر نەتەوەکەمی نەهێنن.

## سێ کوچکەی تاوان

لەسەر ئامۆژگاری  میشێل عەفلەق لە ساڵی 1952 لقی حزبی بەعس لە عێراق دامەزرا، (فوئاد الرکابی) بوو بە یەکەم سکرتێری گشتی، سەرەتا ئەو حزبە لەسەر پەیوەندی خێزانی دروست بوو، دیارە لە ناو ڕێکخراوێکی کە عەقڵیەتی خێڵەکی بەسەری دا زاڵە ئەوەی گرنگە پەیوەندی خزم و کەس و کارە بە شێوەیەکی فراوان لە ناو دەزگاکانی

دەوڵەت و ئۆرگانە نهێنی یەکانی حزب دا تکریتیەکان دانرابوون، حزبی بەعس هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە دیموکراسی و پێکەوە ژیانی ڕەت کردەوە، ویستی ڕکەبەرایەتی و توند و تیژی لەسەر نەیارەکانی بکاتە چەکێکی کاریگەر بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و فراوان کردنی بیری نەتەوەپەرستی عەرەب، هەر چەندە ڕێژەی ئەندامانیان زۆر کەم بوو، بەڵام بە هۆی کودەتای 14ی تەموزی 1958 لەسەر ڕژێمی پاشایەتی و هاتنەسەر حوکمی عەبدولکەریم قاسم کەش و هەوایەکی باش بۆ عەسیەکان ڕەخسا، ڕێژەی ئەندامانیان زیادی کرد، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو هیوایەی عیراقیەکان هەیانبوو حکومەتی قاسم بووبە دووبەرەی دژبەیەك، عەبدولکەریم قاسم و کۆمۆنیستەکان و لایەنگرەکانیان لەلایەك، بەعسی و ناسیونالیستەکان و لایەنگرەکانیان لە لایەکی تر، بەعسی و ناسیونالیستەکان داوای ئیمزا کردنی پەیمانێکی سەربازیان دەکرد لەگەڵ میسری ناسری بۆ دروست کردنی یەکیەتی عەرەب، بە پێچەوانەوە کۆمۆنیستەکان ئەمەیان ڕەت دەکردەوە، داوای چارەسەری کێشەی ئابوری عیراقیان دەکرد، عەبدولکەریم قاسم مرۆڤێکی سەربازی بوو، سەر بە هیچ حزبێکی سیاسی نەبوو، دەتوانین بڵێین کاریگەری تەیاری ئیسلامی لەسەر بوو، ئاستی ڕۆشنبیری بەلای ناسیونالیستێکی عیراقی دادەبرد نەك ناسیونالیزمی پان عەرەبی، لەبەر ئەوە بەلای کۆمۆنیست و لایەنگرەکانیان دا شکایەوە و بەعسیەکان کەوتنە پەراوێزەوە، دژایەتی و توند و تیژی کەوتە نێوانیان، بەڵام قاسم نەیتوانی هیچ لایەکیان فەرامۆش بکات.

هەر چەندە حزبی بەعس لە ڕووی ژمارەییەوە گرنگیەکی بەرچاوی نەبوو لە ئاست ئەو حزبە سیاسیانەی لەو ڕۆژەدا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کاریان دەکرد، بەڵام بە هۆی سیاسەتی توند و تیژیان بوونی خۆیان سەلماند، هەر چەندە لە دوا جاردا ئەو توند و تیژی و گوێ نەدانە بەڕای بەرامبەر بەسەر خۆیان دا شکایەوە، نەیانتوانی خۆیان لەگەڵ بارودۆخەکە بگونجێنن، تێك چوونی کەش و هەوای سیاسی عیراق کۆتایی پێ نەهات تا

کودەتای حزبی بەعس بەسەر قاسم دا، بە هاوکاری عەبدول سلام عارف و هەندێ لە ئەفسەرانی ناسری لە ساڵی1963توانی کۆتایی بە حوکمی دەسەڵاتی قاسم بهێنێ.

هەر لەگەڵ هاتنە سەر کاری بەعسی‌یەکان بۆ تۆڵە کردنەوە و سزادانی (دوژمنانی گەل) وەك خۆیان دەیانووت، هێزی میلشیای (الحرس القومی) ڕژانە سەر شەقام و بازاڕ و کوچە و کۆلانی شارەکان و پشکنینی یەك بە یەکی ماڵەکان بۆ دۆزینەوە و سزادانی نەیارەکانیان، لە ماوەی سێ ڕۆژدا هەزارەها کەسیان لە ناو برد، سەرانی حزبەکەش زیاتر لایەنگرەکانیان هان دەدا لەسەر توند و تیژی دژی نەیارەکانیان .

بەیانێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەو کاتە دا داوای لە بەعسیەکان و لایەن گرەکانیان دەکرد: "دوژمنانی گەل لە ناو بەرن لەبەر هۆی چەند هەولدانێکی بێ ئەنجامی کۆمونیستەکان — هاوبەش لە تاوانەکانی قاسم ,,دوژمنی خوا،، لە پێناوی ئاژاوە نانەوە لە ڕیزەکانی میللەت و بێ ڕێزیان بۆ ڕێنماییەکان و فەرمانە ڕەسمیەکان. دەسەڵات دەبەخشرێ بەسەرکردایەتی یەکە سەربازیەکان و حەرەس قەومی ئەو کەسانە لە ناو بەرن کە ئاشتی دەلەقێنن، بانگەشە دەکرێت بۆ ڕۆڵە سەروەرەکانی میللەت کە هاوکاری بکەن لەگەڵ بەرپرسیاران لە دانی زانیاری دژی ئەم تاوانبارانە بۆ ئەوەی لە ناو ببرێن[5]."

ئەوەی شایانی باسە بەعس تاڕوخانی سیاسەتێکی چەواشەکارانەی پیادە دەکرد،لە دوای لە ناو بردن و سزادانی هەر کەسێك دژیان بوەستایە شاڵاوی ڕاگەیاندنیان دەخستەگەڕ بە ناوی دوژمنی خوا، دوژمنی گەل، سیخوڕ و بەکرێگیراو تاوانباریان دەکرد بۆ چەواشەکردنی ڕای خەڵك، هەر چۆنێك بێت لە ماوەی ئەو حوکمە کورتەی بەعس کە نۆمانگی خایاند حەرەس قەومی قەسابخانەیەکیان دروست کرد بۆ لە ناو بردنی خەڵك بەڕاستی ئەوە سوکایەتی کردنێك بوو بەشەرەفی مرۆڤایەتی، ئەندامانی بەعس هەزارەها خەڵکیان بەزیندویی خستە ژێر گڵەوە، هەندێك بەڵگەنامە دەیسەلمێنن کە زیاتر لە دەهەزار کەسیان لە ناو برد، ئەمە ڕەنگدانەوەی جیهانبینی فەلسەفەی بەعس بوو بۆ گەلانی عیراق بە دیاری

هێنا، دوایی حەرەس قەومی بوو بە دەزگایەك بەڕەسمی خرایە ژێر سەرپەرشتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بوو بە چەکێکی ترسناك بەدەست بەعسیەکانەوە، بەرگری کردن لە شۆڕش دژی دوژمنانی گەل درا بووە دەست حەرەس قەومی کە پێك هاتبوو لە لایەنگران و برادەرانی حزبی بەعس وەك د. ئەلبێرت عیسا دەڵێت: "بە چەند ووشەیەکی دوور لە سیاسەتەوە دەتوانین بڵێین حەرەس قەومی پێك هاتبوو لەخەڵکی خراپ وسەرجادە و دز ودەرەوەی یاسا(6)".

بەعسیەکان ئەوەندە تینوی دەسەڵات بوون لە هیچ شتێك نەدەپرینگانەوە گوێیان بە هیچ شتێك نەدەدا، تەنانەت دژی داخوازیەکانی عەبدول سەلام عارف وەستانەوە کە داوای پێك هێنانی بەرەیەکی دەکرد هێزی ناسیونالیستەکان بگرێتەوە، دەربارەی سکاڵا لە دەست زوڵم و زۆری حەرەس قەومی، ئەمە بووە هۆی دووبەرەکی و گرژی نێوانیان کۆتایی نەهات تا کودەتای دژی بەعسیەکان، عەبدول سەلام هاتە سەر حوکم لە ساڵی 1963-1968 حوکمی عەبدول سەلام عارف بە هۆی دژایەتی کردنی بەعسیەکان بار ودۆخیان لە خراپی دا بوو ڕێکخستنەکانیان پەرش و بڵاوببونەوە لە نێوان ساڵی 1964-1966 سەدام هەوڵی دا کۆیان بکاتەوە و ڕێکیان بخاتەوە و شانەی حزبی چالاکیان لێ پێك بهێنێ، هەر ئەوانەش بوون لە دواییدا بوون بە داینەمۆی پۆلیسی سیاسی و مخابەراتی نهێنی ڕژێمی بەعس، ئەو کاتە ئەو ڕێکخراوە پیێ ی دەووترا (جهاز الحنین) ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو تا کودەتای دووەمی بەعسیەکان بەسەر عەبدول ڕەحمان عارف دا .

ساڵی 1968 بە گەڕانەوەی حوکمی بەعس دووبارە توند و تیژی و نا ئارامی پەرەی سەند، بۆ لە ناو بردنی هەر کەسێك دژیان بوەستێ وە هەوڵدان بۆ هاڕین و نەهێشتنی هەموو ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی، ئەوە پیشان دەدا  بەعس چەند بڕوای بە هەڵسوکەوت و بیر و باوەڕی خۆی هەبوو کە هەڵگری پەیامێکی نەمرە (الرسالة خالدة) کە خاوەنی حەقیقەتی ڕەهایە، لەبەر ئەوە ئەبوایە هەموو خەڵکی عیراق

لەگەڵی دابێت.

ئەزمونی حوکمی نۆ مانگەی سەرنەکەوتن و ژێر کەوتنی دەسەڵاتیان تاکە هۆی کاریگەر لای بەعسیەکان بەشداری کردنی هاوپەیمانەکانی بوو، ئەمە بەعسی گەیاندە ئەو بڕوایەی ئەبێ لەمەو دوا کەس نەکات بەشەریك و برابەش لە حوکم دا، بەڵکو ئەبێ دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بسەپێنێ لەبەر ئەوە بڕیاریان دا:

1- دەبێ بەعس بەتەنها دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ لە حکومەت دا لەبەر ئەوەی بەشداری کردنی ناسیونالیستەکان و ناسریەکان لە1963 دا کاریگەری خراپی کردە سەر بەعس .

2-دەبێ سیاسەتێکی زانایانە وهێمنانە بەکاربهێنێ بۆنەهێشتنی دژایەتیەکان.

3-دەبێ سوپا بەلای خۆی دا ڕابکێشێ لەبەر ئەوەی بوونیان کەم بوو لە سوپادا.

4- هەر کەسێك سزا بدرێت کە دژیان بوەستێتەوە دەبێ هەڵمەتێکی پڕ وپاگەندە دژی ئیمپرپیالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی بکرێت بە قازانجی شۆڕشی گەل .

5- دەبێ بەعس بە ڕواڵەتێکی دیموکراتیانە خۆی پیشان بدات، داوای پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز بکات، بۆ سەرنج ڕاکێشانی نەتەوەی کورد گوایە دەیەوێت چارەسەری کێشەی کورد بکات ئەوەش دەسەڵاتی مسۆگەرتر دەکرد .

6- دەبێ کاری ڕێکخراوەیی حزب بە شێوەیەك فراوان بکرێت کاریگەری لەسەر هەموو خەڵك هەبێت و بگاتە هەموو شوێنێك .

ئەوەی شایانی باسە کودەتای 1968 تەنها کاری بەسیەکان نەبوو، هەر چەندە ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو، بەڵام چەند کەسایەتی سەربازی و سەر بە خۆش لە پۆستە گرنگەکانی حکومەت دا هەبوون، بەڵام بەعسیەکان لە یەکەم هەنگاودا حکومەتیان لە نەیارەکانیان پاك کردەوە، هەنگاوی دووەمی بەعس بریتی بوو لە دانانی ئەندام و لایەنگری بەعس لە ناو پۆستە گرنگەکانی سوپادا، لەبەر ئەوەی لە ناو سوپادا خۆیان بەبێ هێز دەبینی .

چەندین ئەفسەری بەعس کە وازیان  لە کار هێنا بوو ژیانی سەربازی یان بە جێ هێشتبوو گەڕێندرانەوە ناو سوپا، چەندین لا یەنگری تری بەعس لە ناو سوپادا جێگیر کران، پاش چەند مانگێك بەعس توانی سوپا و پۆلیس و مخابەرات بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، هەنگاوێکی تری بەعس بڵاوە پێ کردنی هەر ئەگەرێکی هەڕەشە بۆ سەر بەعس، وە سزادانی هەموو دژەکانیان بۆ زیاتر مسۆگەر کردنی دەسەڵات، بۆ ئەو مەبەستە دادگایەکی تایبەت دانر بە ناوی دادگای شۆڕش(محكمة الثورة) بۆ سزادانی هەر یەکێك دژیان بوەستێت.

تاهاتنە سەرحوکمیشیان بەعس لە ناو جەماوەر پشتگیری نەبوو، ڕێژەی  ئەندامی چالاکیان لە پێنج  هەزار ئەندام تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام  بۆ پۆستی گرنگی  دەسەڵات بە شێوەیەکی پلە بەپلە لەسەر خۆ لە ڕێگای پاداشت و پلە بەخشین خەڵکیان دروست کرد و خزاندیاننە پۆستەکانەوە .

ئەو هەموو توندوتیژی و پەل هاویشتنەی بەعس ئامانجێکی دوو جەمسەری هەبوو:

1–کۆکردنەوەی خەڵك لەدەوری حزبی بەعس بۆ مسۆگەرکردنی سەقامگیری وولات .

2– پیشاندانی سزای قورس بۆ ئەوانەی دژیان دەوەستنەوە.

ئەو هەموو هەڵپە و چوونەپێشی ڕووداوەکان تینوێتی بەعسی نەشکاند بۆ دەسەڵات،لەبەر ئەوە کەوتنە دانانی پلانی بە زۆر کردنە بەعسی و بانگەشە کردنی خەڵك بۆ بەبەعسی کردنی کۆمەڵانی خەڵکی عیراق، بە پێ ی جیهانبینیەکی توتالیتار کە ئەمە یەکێکە لە خاڵە سەرەکیەکانی ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمی حزبی بەعس دا ئاماژەی بۆ کراوە، ئیتر حزبی بەعس بە هەموو گۆشەیەکی وولات دا بڵاوبووەوە دەورێکی باشیان بینی لە چەسپاندنی دەسەڵاتیان بە شێوەیەك هەر یەکێك لەسەر یەکێکی تر کردیان بە جاسوس، بۆ بە ئاگا بوون لە هەموو جموجۆڵێکی ناو خەڵك دوو دڵی ونا ئارامی هەموو گۆشەیەکی وولاتی گرتەوە، بڵاوبونەوەی پانتایی حزبی بەعس لە ڕێگای ئەندامە چالاکەکانیانەوە بە هەموو شوێنێك دا لە لادێ و شار و شارۆچکە و خوێندنگا و زانکۆ و کارگە و فەرمانگە و تەنانەت

مزگەوت و شوێنە گشتیەکانیشی گرتەوە، ئەمەش پێویستی بە بەرنامەی وورد تر هەبوو بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەسەلآت لەبەر ئەوە دەستیان کرد بە پێك هێنانی هەر سێك دەزگای ئاسایش و مخابەرات و هەوالگری بۆ ئەوەی هەر کەسێك جێ ی گومانی ئەوان بێت لە ڕێگای شانە حزبیەکان کە بە شێوەیەکی هەڕەمی بەسترا بوون بە هەر سێك دەزگای ناو براو، ئەوانیش ڕاستەوخۆ بەسترا بوون بەسەدام و ببوونە داردەستێکی ترسناك بۆ چاودێری کردنی سەرجەم هاوولآتیانی عێراق تەنانەت ئەندامانی کارای حزبی بەعس.

جێگای ئاماژە پێ کردنە پۆلیسی سیاسی بەعس پێکهاتبوو لەسێ بەشی کارای ئاسایش و مخابەرات و هەوالگری بەم شێوەیە:

1- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی (مديرية الامن العامة): کاری پاراستنی ئاسایشی ناوخۆبوو کە پێك هاتبوو لەکۆمەلێك بەعسی دلّ ڕەش لەسەر بنەمای توند و تیژی و ئازار و ئەشکەنجەدانی خەلّك بەبێ هۆ، لەسەر شانازی کردن بەکوشتن و بڕینی خەلّك مەشقیان پێ دەکرا، لە هەموو گوند و شار و خوێندنگە و زانکۆ و فەرمانگە و گشت شوێنێك ئەفسەرێك دانرا بوو، بۆ چاودێری کردنی هەر سەر پێچیەك کە دژی بەعس بێت پەیوەندی بەسەرووی خۆی بکات .

2- بەڕێوەبەرایەتی گشتی مخابەرات (مديرية مخابرات العامة): ئەم دەزگایە ڕاستەوخۆ لە(جهازالحنين)ەوە هاتبوو ئەرکی هەلّسان بە کار و باری زانیاری حزب و چاودێری کردنی تۆڕەکانی پۆلیس و سوپا و دەزگاکانی دەولّەت و دامەزراوە جەماوەریەکان بوو، هەمیشە لەلایەن خەلّکە تایبەتە نزیکەکانی سەدام سەرپەرشتی دەکرا .

3- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەوالگری سەربازی (مديرية الاستخبارت العسكرية العامة): کاری گەیاندنی زانیاری سەربازی بوو، بۆ سەرووی خۆی لە کاتی بوونی هەر زانیاریەك لە ناو هەر دامەزراوە و شوێنێکی تری وولآت .

پۆلیسی سیاسی بەعس بە هاوکاری لە نێوان بەشەکانی دا (واهمە)یەکی ترسناکی دروست کرد بوو کە ڕاستەوخۆ لە ژێر کۆنترۆڵی سەدام حسین دا بوو، هەڵدەستا بە چاودێری کردنی سەرجەم هاووڵاتیانی عیراق لە ناو هێزەکانی سوپا و فەرمانگە و دامەزراوەکانی دیکە بەوشێوە هەرەمیە دروست کرا بوو زانیاری لەسەر هەر کەسێك بە زوو ترین کات لەم سێ دەزگایەوە دەگەیشتە دەست و پێوەندە نزیکەکانی سەدام و دواتریش بۆ سەدام و سەدامیش بۆ خۆی بە تەنها ڕێکخراوێکی نهێنی ترسناك بوو .

ئەم سێ دەزگا بەد ناوە ترس و دڵە ڕاوکێیەکی وایان لە ناو خەڵك دا بڵاوکردەوە کەس لە گیانی خۆی دڵنیا نەبوو، دەستیان کرد بە ڕاوە دوونان و گرتنی خەڵك هەموو بەندیخانەکانی لای خۆیان پڕ کرد لە وانەی سەریان بۆ داخوازیەکانیان نەنواند، دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر ئەوانەی لە ژێر لێکۆڵینەوەدا گیانیان سپارد لە گۆڕی بە کۆمەڵ و گۆڕی گوم ناودا شوێن بزر کران، ئەوانەی تریش دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لای ئەوان تەواو دەبوو دەیان هێنان بۆ دادگای شۆڕش (محكمة الثورة) لە ڕۆژی 26-12-1989 دا کە ئێمە براین بۆ دادگایی کردن هێنابوویانن بۆ دادگای شۆڕش هۆڵی دادگا لە خەڵك جمەی دەهات .

خوێنەری خۆشەویست:مەبەست لەم نووسینە بە دوا دا چوونی ڕووداوەکان وگەشە کردنی حزبی بەعس نی یە، چونکە ئەوە کاری بەردەوام و خەڵکی شارەزا و پسپۆڕ و لێکۆڵینەوەی زۆری دەوێ، ئەوەی من مەبەستمە لە ڕێگای ئەم نووسینەوە تەنها ئاماژە بەگۆشەیەك لەبیر و باوەر و ئایدۆلۆژیا و جیهانبینی ڕژێمی بەعسی توتالیتار بکەم، بۆ ئەوەی بزانن سەرچاوەی ئەم سێ دەسەڵاتە لەچ بیر وباوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەك سەرچاوەی گرتووە، پاساودانی کوشتن و بڕینی خەڵك بە پێ ی بیر و باوەڕی خۆیان، سەدان تاوانیان بەرامبەر خەڵکی عیراق ئەنجام دا بەبێ فەرمانی دادوەر و بەبێ هیچ بنەمایەکی یاسایی، ئەمە

ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای بەعسەکەهاو بەشە لەگەڵ هەموو ئایدیۆلۆژیا توتالیتاریەکانی جیهان.

## کودەتایەکی سەرنەکەتوو

سەدام بونەوەرێکی خوڕافی و دڕندەیەکی سامناك بوو، لە خێزانێکی شیرازە لێك ترازاو پەروەردە بوو بوو، هێشتا (صبحە)ی دایکی سەدام سکی بە سەدام دەبێت کە ژنێکی فاڵچی بە(صبحە) دەڵێت: تۆ کوڕت دەبێت وکوڕەکەت زۆر دڕندە و خوێن ڕێژ دەبێت، صبحە ئەم قسەیەی پێ ناخۆش دەبێت لەبەر ئەوە هەمیشە نیگەرانی خۆی دەردەبڕی دەیگووت: من شەیتانێکم لە سك دایە، ئەمەی بە نیشانەی شووم دەزانی، نەك هەر دایك و خزمەکانی بەڵکو سەدامیش وەك ئەوان باوەڕی بە نیشانەی شووم هەبوو، وەك (د.عەلا بەشیر)لە یادەوەریەکانی دادەڵێت:

".....سەدامیش وەکو هەموو خزمە نزیکەکانی باوەڕی بە نیشانی شووم هەبوو، بۆ نموونە: ئەگەر بە ڕێگەیەدا بڕۆیشتایە لە ڕێگەکەی دا پشیلەیەکی ڕەش یان عەلاگەیەکی ڕەشیشی لەسەر جادەکە ببینایە بە بێ دوودڵی بڕیاری گەڕانەوەی دەدا و ئەو کارەی کە بۆی دەچوو دوای دەخست بۆ کاتێکی دی،
سەدام ئەو شتانەی بە نیشانەی خراپە و کارەسات دەزانی[7] ".

قەدەری گەلانی عیراق وا دەخوازێت سەدام لە دایك دەبێت وەك خۆی دەڵێت: لە 28 ی نیسانی 1937 دا لە گوندی عۆجە لە ناو عەشرەتێکی شەڕانی دا چاوی کردەوە هەر لە سەرەتاوە باوکی سەدام بە هۆی ناکۆکی نێوانیان دایکی سەدامی دەر کردووە، لەگەڵ سەدام لە ماڵی یەکێکی نزیکی دا بە ناوی (مشحن) نیشتەجێ بووە، بەڵام دوای هەفتەیەك کەوتە گەڕان بە دوای دا کەزانی لە ماڵی (مشحن)ە بڕیاری دا هەر لەوێ بیکوژێ بۆ ئەوەی لەم ئابڕوو چونە خۆی ڕزگار بکات، بەڵام مشحن هەڕەشەی لە باوکی سەدام کرد و لە

ماڵەکەی خۆی کردیە دەرەوە، لەو کاتەوە سەدام هەستی بە تاوانباری دایکی دەکردوو مەیلی بەلای باوکی دا بوو، بەڵام دەستیشی لە دایکی هەڵنەدەگرت .

بە مردنی باوکی سەدام و دایکی سەرگەردان مانەوە، بەڵام تا ئێستا کەس هۆکاری مردنەکەی نازانیٚ، هەر چەندە ناشزانریٚ ئەم پیاوە(حسين مجيد التكريتي) کیٚ بووە و کەی و چۆن و لە کویٚ مردووە ؟[8] .

دوای مردنی باوکی سەدام (صبحە) بە بوونی منداڵێکی هەتیوو لە دەست دانی مێردەکەی لە هەژاری دا دەژیا و لە نوایەك دەگەڕا بۆ خۆی و کوڕەکەی لەبەر ئەوە ناچار بوو لەگەڵ کەسێکی شەڕانی دا بە ناوی ئیبراهیم حەسەن زەماوەند بکات، ئەوانەی ئیبراهیمیان بینیوە بە نموونەی پیاوێکی بیٚ ویژدان و دڵ ڕەقیان ناوزەد کردووە، لەبەر ئەوە نەیتوانیوە پەیوەندی و سۆز و خۆشەویستی لەگەڵ سەدام هەبێت، بە پێچەوانەوە هەمیشە بیٚ ڕەحمانە لیٚ ی دەدا و دارکاری دەکرد، لەبەر ئەوە سەدام ناچار بوو زۆر کات لە ترسی زڕبابی لەدەرەوەی ماڵەوە ژیان بە سەر بەرێت .

سەدام لەلای خەڵکی عۆجە منداڵێکی پیٚ و قەدەم ڕەش بوو، لەبەر ئەوە ئەگەر لەگەڵ یەکیٚ لە منداڵانی عۆجە دەمەوەریەکی کورتیشی بوایە بە هەموویان پەلاماریان دەدا [9].

بە هۆی ژیانی کوڵە مەرگی و پڕ کوێرەوەری سەدام، دایکی سەدام بەرگەی ئەو دۆخەی نەدەگرت لەبەر ئەوە کوڕەکەی هاندا بچێت بۆ ماڵی خاڵی ( خيرلله تلفاح ) لەگەڵ ئەوان دا بژیەت، ئیتر سەدام سەری خۆی هەڵگرت و چووە تکریت بۆ ماڵی خاڵی لەویٚ دەستی کرد بە خوێندن، هێشتا تەمەنی دە ساڵان دەبێت بەڕێوەبەری خوێندنگەکەی لەسەر کەم وکوڕی دەیەویٚ سزای بدات و لە خوێندنگا دەری بکات، بەڵام سەدام زۆر سەر سەختانە هەڕەشەی کوشتنی لە مامۆستاکەی دەکات، ئەمە بۆ یەکەمجار بوو بە خاڵی دەست پێك و دڕندەیی و شەڕانگێزی سەدام لێرەوە دەستی پیٚ کرد، دوایی لە تکریتەوە گواستیەوە چووە بەغدا لەویٚ گیرسایەوە، سەدام هەر لە سەرەتاوە لاوێکی خۆ بەزل زان و نەتەوە پەرستێکی

دەمارگیر و تونڕەو بوو، لە ساڵی 1957 چووە ڕیزی حزبی بەعسەوە، لێرەوە باری ژیانی گۆڕاو پێ ی نایە قۆناغێکی دیکەوە هەموو ژیانی خۆی بۆ حزبەکەی تەرخان کرد، لە دوای کودەتای 14تەمووزی 1958 بە سەرکەوتنی عەبدولکەریم قاسم، بەعسیەکان چاویان بەم کارە هەڵ نەدەهات، لەبەر ئەوە کەوتنە بیری کودەتا و لە ناو بردنی عەبدولکەریم قاسم، لە ساڵی 1959 بەعسیەکان بە پێ ی بەرنامەیەکی داڕێژراو سەدام و کۆمەڵێك هاوڕێ ی سەر لە بەیانیەك لە کاتی تێپەڕبوونی کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی قاسم بۆ کۆشکی کۆماری لە شەقامی بە ناوبانگی ڕەشید سەدام و عبدالوهاب غریری قاسمیان دایە بەردەسترێژی گوللە، بەڵام سەرکوتوو نەبوون یەکێك لە بەعسیەکان کوژراو سەدامیش بریندار بوو، لە ڕێگای هاوڕێکانیەوە سەدام بەنهێنی برایە ماڵێك نەچووە هیچ نەخۆشخانەیەك لەوێ گوللەکەیان بۆ دەرهێنا و دوایی بە نهێنی چووە سوریا دوایس بۆ میسر.

سەدام لە بیرەوەریەکانی دا هەمیشە ئەمەی وەك قارەمانیەتیەك دەگێڕایەوە لە کودەتای دووەمی بەعسیەکان قاسم کوژرا و بەعسیەکان هاتنە سەحوکم، سەدام هیچ ڕۆڵێکی لەم کودەتایە دا نەبوو، نە هیچ بەڵگەنامەیەك بە چاو دەکەوێت لە بارەیەوە نە سەدام خۆشی باسی کردووە، ئەمە لای سەدام وەك گرێ یەکی دەرونی وابوو، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەحمەد حەسەن ئەلبەکری هاوڕێی دا زیاتر کەوتنە خۆیان بۆ گرتنی پۆستی گرنگ لەحزب دا، دوای ئەوە ئەلبەکر بووە سەرۆك کۆمار و سەدام بووبە جێگر ئەمە هەلێك بوو بۆ سەدام بۆ ئەوەی کێشەی خۆی لەگەڵ نەیارەکانی ساف بکات، لەبەر سەر کێشی و خۆبەزل زانینی چاوی بە کەس هەڵ نەدەهات تەنانەت نزیکەکانی خۆشی، ئەوانەی خاوەن پلەی بەرزبوون لە حزب دا .

سەدام دوای ئەوەی بوو بە کەسی دووەمی وڵات هەوڵی دەدا بە هەر ڕێگایەك بێت بگات بەکەسی یەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسانی نزیکی سەدام زانیاریان لەسەر کەسێتی

سەردەمی منداڵی لە دەست دا بوو کەبڵاو بوونەوەیان بۆ ئامانجی سەدام بەمەترسی لەقەڵەم دەدرا، بۆیە کەوتە لە ناوبردنی هاوڕێ دیارو نزیکەکانی خۆی لە ناو حزبی بەعس دا بەڕوداوی ئۆتۆمبیل و شوێن بزر کردن یا ناچار بە هەڵاتن و خۆکوشتنی کردن، ئەمە بۆ خۆی باسێکی تایبەتە .

ئەو هەموو مەینەت و کوێرەوەری و خراپە کاریەی لە سەردەمی منداڵی دا لەلایەن دەور و بەرەکەیەوە لەگەڵی دەکرا بوو بەگرێ کوێرەیەك لە دەرونی دا کە گەیشتە پلەی دەسەڵات هەمووی بووبە ڕق وکینە و دڕندەیی بەسەر خوار خۆی داباراند، سەدام خۆی بۆنەدەگیرا ئەبوایە تۆڵەی بەدبەختی خۆی لە خەڵك و نزیکەکانی خۆی بکاتەوە، بە تایبەت ئەوانەی لە خۆی باشتر و بەهرەمەند تر بوون، دوایی بێ وەفایی سەدام گەیشتە ئاستێك لەگەڵ ئەلبەکر نزیکترین کەسی خۆی لە ژێر فشاردا دەستی پێ لە کار کێشایەوە و لە ساڵی 1979 دا سەدام بوو بە سەرکۆماری عیراق .

سەدام ئەو گرێ دەرونیەی لەسەردەمی منداڵی دا لە هەستی دا دروست ببوو بە هۆی بێ ڕحمی و خراپەکاری دەور و بەرەکەی لەگەڵی دا تۆڵەی ئەو بەدبەختیەی خۆی لە کاتی گرتنە دەسەڵاتی هەموو ڕژاندە سەر خەڵك و لە خوار خۆی ڕەنگی دایەوە، ئازار و ئەشکەنجە و مەینەت و کوێرەوەری بۆ گەلانی عیراق هێنا، سەدام خەڵکی توشی گرتن و کوشتن و ڕاوە دوونان و دەربەدەر کردن کرد، بوو بە هۆی خاپوور کردنی ووڵات و سوتماك کردنی نیشتمان و کۆمەڵ کوژی خەڵك، وەك خاتوو (ئانکلۆد) بەرپرسی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە بەریتانیا دەڵێت: سەدام خۆی کۆمەڵ کوژە .

توند و تیژی و خوێن ڕشتن بوو بە بەرنامەی کاری ڕۆژانەی، جگە لەوانەی سەریان بۆ دا خوازیەکانی شۆڕ کرد هیچ عەشرەت و بنەماڵە و کەسێك نەما دووچاری ستەمی دەستی سەدام نەبێت بە جۆرێك کۆمەڵگای عێراقی لە خوێن هەڵکێشا، سەردەمی دەسەڵاتی سەدام تاریکترین سەردەمی لە مێژووی گەلانی عیراق تۆمار کرد، ئیتر هەموو نەیارەکانی کەوتنە

دژایەتی کردنی، هەر کەسە بە جۆرێك تەنانەت زۆر نزیکەکانی خۆشی لێ ی یاخی بوون و کەوتنە دانانی بەرنامەی لە ناو بردنی، چەندین جار پلانی کودەتای سەربازی لە دژ کرا، بەڵام بە هۆی توند و تیژی سەدام لەسەر دەور و بەرەکەی وە توند و تۆڵی و وریایی پیاوەکانی هیچ کام لەم کردەوە سەربازیانە سەر کەوتوو نەبوون .

یەکێك لەم کردەوە سەربازیانە لەلایەن کۆمەڵێك پاسەوانی تایبەتی و نزیك بە خۆی کە زۆربەیان سەر بە عەشرەتی جبوری و خەڵکی شەرگاتی لای موسڵ بوون، هەموویان لە خەڵکە نزیکەکانی سەدام بوون، ئیبراهیم یەکێك بوو لەوانە پلەی (نائب الظابط) بوو، هەمیشە لەکاتی سوار بوونی سەدام ئەو دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی بۆ دەکردەوە .

لەلایەن دوو کەسەوە داوایان لێ کرا بوو هاوکاریان بکەن بۆ لە ناو بردنی سەدام، هەر دووکیان پلەی ڕائدی سەربازیان هەبوو، یەکێکیان کورد بوو ناوی وریا بوو دەیانگووت: خەڵکی پارێزگای سلێمانیە، ئەوی تریان عەرەب بوو ناوی مەحمود بوو.

لە دانیشتنێك دا بەرنامەی لێدان و لە ناو بردنی سەدام دانرا هەر چەند کارەکە زۆر سەخت بوو، بەڵام دوا جار گەیشتنە ئەوەی پێویستە لە ڕۆژی نمایشی سەربازی دا کارەکە ئەنجام بدرێت، یەکێك لە هاوکارەکانیان بۆ ئەنجامدانی دیاری کرا کە پلەی نەقیب بوو، بەڵام لەلایەن هاوڕێیەکیانەوە بەرنامەی کارەکەیان ئاشکرا کرا بوو بێ ئەوەی خۆیان هەست پێ بکەن چاودێریان کرا بوو تا ڕۆژی ئەنجامدانی کارەکە، هەر چەندە لە ڕۆژی نمایشەکەدا پشکنینی بە هێز هەبوو بەڵام وەك پێشتر نەخشەی بۆ کێشرا بوو، نەقیبی دیاری کراو توانی گوللە تۆپێك و کلاشینکۆفێك لە تانکەکەی دا حەشار بدات، یا باشتروایە بڵێین ڕێگەیان پێدا بۆ ئەوەی لە کاتی تێپەڕ بوونی نمایشەکەدا کارەکە ئەنجام بدات، لە کاتێکدا نمایشەکە بە بەردەمی سەدام دا دەڕوات نەقیبەکە بڕیاری دابوو گوللە تۆپەکەی لێ بدات ئەگەر نەکوژرا بەکلاشیکۆفەکە بیکوژێت، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە لای سەدام پاسەوانە تایبەتیەکانی

سەدام لە ناو تانكەكەی دا هەڵدەكوتنەسەری، دەیگرن و دەستی بە چۆڵپێچە دەبەستن، لەگەڵ هەموو هاوكارەكانی دا ئەوانەی لە نمایشەكەدا بەشدار بوون گیران، دواتریش هەندێكی تریان لە دەرەوە گیران ژمارەیان گەیشتە بیست و حەوت كەس، لە ڕۆژی دادگایی كردنی ئێمەدا ئەوانیش دادگایی كران و لە جاری دووەم دا دە كەسیان بە سێدارە مەحكوم كران، هەر دوو ڕائدەكە لە ڕیزی پێشەوە بوون، حەڤدە كەسەكەی تر كە زۆربەیان ئەفسەر بوون هەریەكی لە حەوت ساڵ بەندی تاحوكمی هەمیشەیی(مؤبد) حوكم دران، یەكێك لەوانە كورد بوو بە پلەی ئەفسەر ناوی ئاوات خەڵكی كەركوك بوو. ئەبو مهند خەزووری یەكێك لە بەشدار بووان بوو، خۆی هیچ جۆرە بەشداریەكی لە كودەتاكە دا نەبوو تەنها جارێك لەلاوە گوێ بیستی هەندێك قسە ببوو دەربارەی ئەو كودەتایە، بەڵام هیچ كەس و دەزگایەكی بەعسی ئاگادار نەكردبووەوە لەبەر ئەوە حەوت ساڵ حوكم درا بوو.

لە كاتی دادگایی كردن دا سەرۆكی دادگا (عواد البندر ) بەگاڵتە پێ كردن و بۆ ئازاردانی بەڕائدە عەرەبەكەی گوتبوو: هەر چەندە تۆ كارێكی ناڕەوات كردووە، بەڵام سەرۆكی فەرماندە سەدام حسین (خوابیپارێزێ ) تۆی بەخشیوە بە مەرجێك داوای لێبوردن بكەیت، ڕائدەكەش زۆر جوامێرانە بە ورەیەكی بە هێزەوە دەڵێ: نەك هەر داوای لێبوردن ناكەم بەڵكو ئەگەر بەریشم بدەن دووبارە هەوڵ دەدەم و بەردەوام دەبم لەسەر كارەكەم سوور تر دەبم تا بە ئاواتی خۆم دەگەم ئەویش لە ناو بردنی سەدامە، چونكە خەڵكی عیراقی توشی بەد بەختی كردووە و هەزاران منداڵی بێ باوك و چەندین ئافرەتی بێ هاوسەر هێشتۆتەوە، سەدان باوك و دایكی بێ ڕۆڵە و وڵاتی خاپوور كردووە، بۆیە هەرگیز ناتوانم بێ دەنگ دانیشم چاو لە تاوانەكانی بپۆشم .

لە هەمان كاتدا سەرۆكی دادگا (عواد البندر) لە كاتی دادگایی كردن دا بە نەقیبی ئەنجام دەری كودەتاكەی گوتبوو: تۆ عەرەبێكی دەشتەكی بوویت، نەعلیشت لەپێ دا نەبوو ژیانی شارستانیت نەدەزانی ئێمە كردمانی بە خاوەنی هەموو شتێك ئێستا قەسر و

قەمەرە و ژیانی خۆش و پڕ کامەرانیت هەیە، دانیشتووی خۆشترین و گەورەترین شاری وولآتیت لەمە زیاتر چیت دەویٚ، نەقیبەکەش بە شیٚنەیی و بە کاوەخۆ زۆر سەر بەرزانە وەلآمی دەداتەوە دەلیٚت:

دەمەویٚ هەژدە ملیۆن خەلکی عیراق لە خۆم ڕازی بکەم نەك ئیٚوە، (سەرۆکی دادگا) سەری سوڕ ما بوو، ئەو پیاوە گەمژە و نەزانە دەیگووت: دیارە شیٚت بووە دەنا ئەگەر یەکیٚك لەسەر خۆی بیٚت چۆن ئەو هەموو ژیانە خۆشە لە خۆی تیٚکدەدات، گوایە بۆ ئازادی و مافی خەلك دژی حکومەت دەوەستیٚ، خەلك چیانە ئەوەتا هەموو کەس لە ژیٚر سایەی عیٚراق دا بە ئازادی دەژین. پیاوی نامەرد وایە هەمیشە خۆشی و ئاسودەیی خۆی بە ئازار و مەینەتی خەلك بەراورد دەکات. ئەو جوامیٚرانە خۆشی و سەروەت و سامانی خۆیان بە ئازار و حەسرەت و مەینەتی خەلك گۆڕیەوە، سلآو لە هەموو ڕیٚبوارانی ئەو ڕیٚگایە .

ئەو ڕۆژە سەرۆکی دادگا (عواد البندر) چەندین کەسی ناردە حوکم و بەر پەتی سیٚدارە قادر بادینی (قادر باجلۆری) کەوا ئیٚستا جیٚگری لیٚپرسراوی مەلبەندی چواری بادینانە لەگەلٚ بەدەل و یوسف هەر سیٚکیان پیٚشمەرگەی (ی.ن.ك) بوون، دوای ئەنفالەکان وەك قارەمانیٚك نە چوو بوونە ئیٚران بۆ دریٚژە پیٚدانی ڕیٚگای خەبات وەك پارتیزان لە سنوورەکەی خۆیان لە ناوچەی بادینان بە نهیٚنی مابوونەوە، لە کاتیٚکدا دەیانویست لە بادینانەوە بەرەو سەرکردایەتی بۆ سنووری شیٚنیٚ بڕۆن پیٚ بەپیٚ لەلایەن ڕیٚکخستنەکانەوە چاوساغی و هاوکاری دەکران، لە مانگی ئاداری 1989 لە نزیك گوندی ژاراوەی لای پشدەر بە هۆی سیخورەکانی بەعسەوە ئاشکرا کران و لەلایەن بەڕیٚوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی (مدیریة الامن العامة) ی ڕژیٚمەوە شوێنیان هەلگیرا بوو گیران، ئەو کاتە قادر بادینی لیٚپرسراوی کۆمیتەی دهۆك بوو کە سەرپەرشتی هەموو سنوورەکەی دەکرد، پیاویٚکی بەویقار و نەجیب و خاوەن ئەزمون بوو، هەمیشە وەك فەرماندەیەکی بە توانا هەلسەکەوتی دەکرد، بەدەل لیپرسراوی سەربازی کۆمیتەکە بوو، یوسف جیٚگری کەرت بوو هەر دووکیان

خەڵكی دڵپاك و سادە و ڕووخۆش بوون، لە 26-12-1989ڕۆژی دادگایی كردنی ئێمە ئەوانیش بەحوكمی هەمیشەیی(مؤبد)حوكم دران و برانە بەشی (الاحكام الخاصة)ی ئەبوغریب، چەندین كەسی تر حوكم دران بەداخەوە ناویانم لەبیر نەماوە.

بە هەر حاڵ دوای ماندوو بوون و بێزار بوونێكی زۆر ئەو ڕۆژە تاكو دوا نیوەڕۆیەكی درەنگ لە دادگا ماینەوە دوایی ووتیان: دادگایی كردنتان دوا خراوە بۆ كاتێكی تر ئینجا هەڵتەك هەڵتەك هێنایانینەوە بۆ جەناح خاص.

## گەڕانەوە بۆ ژووری حەوت

ئەگەر یەكێك ویژدانی مردبێ و پیاوەتی مەردایەتی نەزانێ، وەك ئاژەڵ لە مرۆڤ بڕوانێ هیچ سەیر نیە تاوان و ترس و تۆقاندن لە ووڵات پەیڕەو بكات، نیشتمان خاپوور و وێران بكا و خەڵك دەربەدەر بكا، هیچ پەكی پێناكەوێ باب لە سوێ ی ڕۆڵەكەی بسوتێ و جەرگی دایك بەكوچكەوە بدات، هیچ باكی نیە هاوار و گریان لە شاری بخا و خەڵك بەكۆمەڵ بەكوشتن بدا .

ئەهریمەنە بەدفەڕەكانی بەعس لە بەندیخانە ڕەش و بۆگەنەكان دا ئازار و ئەشكەنجەی ڕۆشنبیران و لە ناوبردنی دیل و خنكاندنی ئازادیخوازانیان بە هەقی خۆیان دەزانی، زگی برسی و دەرد و نەخۆشی، جۆگەلەی خوێن و ناڵەی برینداری نیوە زیندوو یا لاشەی ساردبۆوەی نیشتمان پەروەران شادی و خۆشیان پێدەبەخشێ .

هەر چەندە بڕیاری دادگا شوم و نا دیار بوو نەدەزانرا بەرەو كوێیە سەرەڕای ئەوەش پێمان خۆش بوو حوكم درابابین، چونكە ژیانی پڕ مەینەت و كوێرەوەری جەناح خاس لە ژێر دەستی دێوەزمەكانی شەودا هێندە سەخت بوو بەرگە گرتنی ئاسان نەبوو، دوای ئەوەی لە دادگا هێنا یانینەوە بۆ جەناح خاس بە دڵی خەمبار و هەستی پڕ ئازارەوە بردیانینەوە ژووری خۆمان، ڕۆژگاری بەندیخانە زۆر زەحمەت دەگوزەرا و تەمەنیشمان وەك بەفری بەر خۆرە تاوی گەرمی هاوین بوو، ئێمە لەبەر ئازار و ئەشكەنجەی زۆر لە حاڵی ئاوزەگی دان دا

بووین، به هیچ شێوەیەك ناتوانم وێنەی ژیانی بەندیخانە بكێشم وەك ئەوەی لە هەستم دایە بیخەمە سەر كاغەز، بەڵام بەم ژیانە سەر بەرز بووین چونكە خۆمان ژیانی پڕ دەردە سەری و ڕێگای هەوراز و نشێوی خەبات و تێكۆشانمان لە پێناوی گەل و نیشتمان هەڵبژارد بوو، هەر كەسێكیش ئەو ڕێگایە بگرێ دەبێ چاوەڕێ ی زۆر پێشهاتی خۆش و ناخۆش بكات، دیارە ئازار و مەینەت و كوێرەوەری لە ڕێگای نیشتمان و نەتەوە دا زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ، بۆ ئەوەی گەل ئازاد و ئاسوودە

بژی پێویستە لاوەكانی گیانی خۆیان فیدای گەل و وولات بكەن .

لە ناو ئەو هەموو بەرەنگاری و مەینەتەدا هێشتا بە هیوای دوا ڕۆژ دەژیاین، دەڵێن كوێر هەتا دەمرێ بە ئومێدی چاوانە، ئێمەش هەمیشە چاوەڕێ ی لێبووردنی گشتیمان دەكرد، هەر چەندە لە ناخ دا نائومێد بووین، بەڵام هەر چۆنێك بێت بە باسكردنی ئاسوودەییەكمان دڵی خۆمان دەدا، بۆ ئەو مەبەستە سەر لەبەری لاپەڕەی ئەو ڕۆژنامانەمان دەخوێندەوە كە یاساوڵەكان بە پارەی خۆمان بۆیان دەهێناین بۆ ناو بەندیخانە، ئەو ڕۆژنامانەش تەنها ئەوانە بوون كە لەلایەن ڕژێمەوە دەردە كران وەك ( الثورة، الجمهورية، مجلة ألف باء...هتد ) چەند ژمارەیەكی كەمیان بۆ دەهێناین، ئێمە سەر لەبەری ڕۆژنامەكانمان دەخوێندەوە دەمانگووت: بەڵكو لەگۆشەیەك باسی لێبوردنی گشتی كردبێت چونكە تەنها هۆی ڕاگەیاندن ئەو چەند ڕۆژنامەیە بوو كە پەیوەندیمان لەگەڵ دنیای دەرەوە هەبێت جگە لەو بەندیە تازانەی لە بەندیخانەكانی ترەوە دەیانهێنان، زۆر جار بە گاڵتە كردن لە یەكترمان دەپرسی ئەرێ ڕۆژنامەت خوێندەوە باسی (ع.ع) تێدا بوو یانی لێبوردنی گشتی(عفوالعام) .

ئەوەی لە هەموان زیاتر بەم كارەوە خەریك بوو سلێمان فەخری بوو، كە لەبەر ڕێز و حورمەت بە مام سلێمان ناومان دەبرد، مام سلێمان پیاوێكی كەتەی چوار شانەی سەر و ڕیش سپی، تەمەنی لە سەرووی پەنجا ساڵی بوو، لە بنەماڵەیەكی دڵسۆز و نیشتمان پەروەری ئەم وولاتە بوو، مام سلێمان خۆشی لێوان لێو لە ڕێز و حورمەت و پاكی و

خۆشەویستی بوو، سەرەڕای هەڵکشانی تەمەنی بەڵام کەف و کوڵی خۆشەویستی نیشتمان و کوردایەتی لە دەرونی دا جۆشی دەدا، مام سلێمان لەگەڵ عەلی هاوڕێم لە ژووری بەرامبەری ئێمە بوون، عەلی هاوڕێم بۆی گێڕامەوە:

یەکێك هەبوو لە بەندیەکان ناوی عەلاء بوو، لەبەر ئەوەی لە مێژ بوو عەلاء لەم بەندیخانەیە بوو یاساوڵەکان ئەگەر کارێکیان لە دەرەوە هەبوایە عەلاء یان بانگ دەکرد، مام سلێمان زۆر دڵی بەم کارە خۆش بوو دەیگووت: دیارە لێبوردنی گشتی هەیە وا عەلاء بانگ دەکەنە دەرەوە، هەر جارێك عەلاء چوبایە دەرەوە کە دەگەڕایەوە مام سلێمان بانگی عەلای دەکرد: ها...عەلاء دەنگوباس چیە ؟ لێبوردن هەیە یانا؟ عەلاء هیچ وەڵامی لا نەبوو چونکە یاساوڵەکان هەر کاری خۆیان پێ دەکرد هیچ زانیاریەکی دەرەوەیان پێ نەدەگووت ئەو دەنگوباسی چی بەمام سلێمان گووتبا، بەڵام بۆ ئەوەی مام سلێمان نائومێد نەبێت عەلاء دەیگووت (الله کریم )مام سلێمان ئەوەندەئەم کارەی دووبارە کرد بوەوە خۆشی بڕوای پێ نەما بوو، جارێك بانگی عەلاء ی کرد گووتی: عەلاء..دەنگوباس چی یەالله کریم لۆبعد،ئێمەش هەموومان مام سلێمانیش لەگەڵ ئێمەدا دەستمانکرد بەقاقای پێکەنین.

ڕۆژانە هێندە باسی لێبوردنی گشتی و دەرچون و دادگامان دەکرد تامەزرۆی کەمترین هەواڵی دەرەوە بووین ماوەیەکیش بوو خەڵکیان نەدەهێنا بۆ ئەم بەندیخانەیە کەمترین هەواڵی دەرەوەمان پێ نەدەگەیشت، عەلی هاوڕێم لەگەڵ عەبدوڵڵا مەحمود کە بە (عەبدوڵڵا خڕە) ناومان دەبرد خەڵکی سلێمانی بوو پێشمەرگە بوو گەڕا بوەوە عێراق، نارەحەت و بزۆز بوو، پیاوێکی خۆشەویست و قسە نەستەق و مەشرەب خۆش بوو لە ژوورەکەی بەرامبەری ئێمە بوون، هەر کەسێکی تازە هاتبایە هەواڵێکی دەرەوەی لا بوایە یابە هەر شێوەیەك هەواڵێکیان دەست کەوتایە لە ژووری خۆیانەوە بە ئێمەیان دەگووت، هەر چەندە ئەم هەواڵانە هەموویان بێ بنەما بوون بەڵام ئاسوودەییەکیان بە دڵی ئێمە دەدا، دەنگە

دەنگ و قسە کردن بەدەنگی بەرز قەدەغە بوو سزای لەسەر بوو،بەڵام ئێمە هەرگیز گوێمان بەبڕیاری یاساوڵەکان نەدەدا لەسەرکاری خۆمان بەردەوام بووین.

### پەندی ماش

کە جەستەی ماندوی بەندیەکان لەلایەن وەردیانەکانەوە دەکرایە نیشانەی ئازار، دیمەنی ژیان خۆشەویست تر و بەهای ئازادی بەرز تر دەبوو، وەك دەڵێن هەر کەسێك ئازادی و بەختەوەری دەوێت دەبێ ئامادەبێ ئازار و ئەشکەنجە بچێژێ برسیەتی و تینویەتی قبوڵ بکات، بۆ ئەوەی ژیانی نەوەکانی داهاتوو بەر قەرار بێت، ئێمەش ئازار و دەرد و نەخۆشی و برسیەتی و تینویەتی هێرشیان بۆ هێنابووین، بەعسیەکان بۆ هەموو ژیانی بەندیخانە بەرنامەی تایبەتیان دانا بوو، جارێك لێ یان دەداین، ماوەیەك پشت گوێیان دەخستین، ساتێك برسیان دەکردین، سەر دەمێك فشاریان بۆ دەهێناین بەرنامەی کاری ناپەسندی ئەوان پێویستی بەڕەش کردنەوەی سەدان لاپەڕە هەیە، بەڵام من لێرە تەنها ئاماژە بۆ پلانی برسی کردن دەکەم کە یەکێکە لە بەرنامە سەرەکیەکانیان، جارێکی تر ووتومە ئێستاش دەیڵێمەوە: خواردن و خواردنەوەی بەندیخانە زۆر خراپ بوو، هەموو نیوەڕۆ و ئێوارەیەك تەنها چێشتی شلەیان بۆ دەهێناین، بەڵام شلەی چی ؟ هەر ئاوێکی ئاسایی بوو بە دۆشاوی تەماتە کەمێك ڕەنگیان دەکرد تۆزێ سلّق یا قەڕنابیتیان تێ دەکرد، هیچ تامێکیشی لێ نەدەهات تاکو بۆتانی بگێڕمەوە، سەرەتا هەفتەی سێ جار برنج و بەدە ڕۆژ جارێك گۆشتی مریشکیان بۆ دەهێناین، بەڵام ئەم بەرنامەیە لە گۆڕان دابوو بەپێ ی ئارەزووی ئەوان، کە برنجیان بۆ دەهێناین بە دوو کەس دەچوون وەریان دەگرت یەکێك شلە و یەکێك برنجەکە، هەندێك بنکڕی سوتاویان لەگەڵ دەهێنا بەڵام لەبەر ئەوەی برنجەکە هێندە خراپ و بێ تام بوو ئەگەر تامێکی هەبوایە لە بنکڕەکەی دا بوو، ئەو بنکڕە سوتاوەمان لە لا شتێکی زۆر بەلەزەت بوو، دەمانکردە پارچە پارچەی بچکۆلە بچکۆلە هەر یەکی بەشی خۆی بۆ لە سەر برنجەکە دادەنرا، هەر جارێك گۆشت بوایە ڕێژەی

ئامادەبوانمان دابەشی دوو دەکرد و گۆشتەکەمان دەکردە ئەوەندە بەشەی یەکسان، مامۆستا نەسروڵلا بەمنی دەگووت: ڕووت وەر بگێڕە و پشتت لە ئێمە بکە، ئینجا دەستی لەسەر یەکێك لە قاپە گۆشتەکان دادەنا دەیگووت ئەمە بۆ کێ بێت، منیش دەمگووت هی فلان کەس بێت بەم شێوەیە دابەشمان دەکرد هەموو بەیانیەك چا و شۆربای ماش هەبوو، بەڵام شۆرباکە ئەوەندە بەردی تێدا بوو ئەبوایە وریای ددانەکانت بای، بۆ هەر ڕۆژێك یەکی سێ کولێرەمان هەبوو تیرەکەی هەر 15سم دەبوو، سەرەڕای خراپی و بێ تامی چێشتەکەیان زۆر جار قالۆچە و مێش و داڕوجانمان لە چێشتەکەدا دەبژارد، سەرەڕای ئەوەش چێشتەکە هێندە کەم بوو هەرگیز خواردنی زیادە نەبوو، سەر لە بەیانی 9-1-1990 شۆربای ماشی زیادە هەبوو لەبەر پێویستی هەڵیانگرت بۆ ژەمی دا هاتوو، بەلام لەبەر ئەوەی نیوەڕۆ برنج و شلە هەبوو ماشەکە نەخورا و مایەوە بۆ ئێوارە، چونکە ئاگر نەبوو بێ گەرم کردنەوە ماشەکەیان خوارد، من گووتم:

– چێشتی کۆن ناخۆم .

دوایی ئەمیریش نەیخوارد، ماوەیەك دوای ئەوەی نوستین دنیا کش ومات بوو لە نیوە شەو دا گوێم لە یاساوڵەکە بوو بەمیقدادی گووت:

– ئەوە بۆ ناخەوی جوڵە جوڵی چی تە ؟

میقداد گووتی:

– نەخۆشم .

– ئێستابخەوە بەیانی خوابەحاڵت،بزانە خۆتوئەوەی تەنیشتت چیتان لێدەکەم.

مەبەستی سەرکەوت بوو لەنێوان من و مقداد دەخەوت بێ دەنگ خەوم لێ کەوتەوە نازانم چەندی پێ چوو، بەڵام لای بەیانی بوو هەستم بە چرپە چرپ و نا ئارامی ژوورەکە کرد سەرم بەرز کردەوە هەموو برادەران بەخەبەر بوون گووتم:

–ئەوە چی ڕووی داوە ؟

گووتیان:هەستە تەندروستیمان زۆر خراپە هەموومان ڕەوان(سهال)بووین،ئەی تۆ؟

– من هیچ نەخۆش نیم .

که هەستام دیار بوو تەندروستیان زۆر خرپ بوو ئەو سەتڵەی بۆ پیسایی دانرا بوو پڕ ببوو لە پیسایی فریای نۆرە نەکەوتبون، ئیتر هەر کەسە زەرفێکی نایلۆنی لەسەر زەوی دانا بوو لەسەری دانیشتبوو، جگە لە من و ئەمیر ئەوانی تر هەموو نەخۆش بوون، دیمەنێکی ناخۆش و جێگای نیگەرانی هەموومان بوو لەو نا ئارامیەی ژوورەکەمان یاساوڵەکە هەستی پیّ کرد،بە گورجی هات و بەتوڕەیی گووتی:

– ئەو دەنگە دەنگە چی یە بۆ هەستاون؟

مامۆستا نەسروڵلا لیّ ی چووە پێشەوە و گووتی:

– هەموومان نەخۆشین دەرگاکەمان بۆ بکەرەوە بابچین بۆ سەر ئاو .

دوای ئەوەی لە ڕاستی مەسەلەکە دڵنیا بوو دەرگاکەی بۆ کردینەوە و چووینە سەر ئاو، سەرانی بەندیخانەکەش بەم بارودۆخە نیگەران بون، لە هۆی تووش بوونی نەخۆشیەکەیان دەکۆڵیەوە خێرا چوون دەرمانی تایبەتیان بۆ هێناین، هەموو برادەران داوایان لە من و ئەمیر دەکرد دەرمانەکان وەر بگرین کە خۆشمان پێویستمان نەبێت بۆ برادەرانی تر، دوایی کە تۆزێك هێمن بووینەوە کەوتینە لێکۆڵینەوەی هۆی توش بوونی نەخۆشی یەکە، هەر کەسە بیری بە لای شتێك دا دەچوو یەکێك دەیگووت : هی ئەوەیە قاپەکان بە تایت یا بە سابون شۆراون، یەکێك دەیگووت بە پاك و خاوێنی نەشۆراون، یەکێك هی ئەوەیە شۆرباکەمان بە ساردی خواردووە، دوایی منیش سەرنجی خۆم پیّ گووتن گووتم:

–برادەرینە...تەنها من وئەمیر ماشان نەخواردووە،ئەگینا شلەی ترمان خواردووە قاپەکانی ئێمەش هەمان کەس شوشتونی کەواتە هی قاپەکان نی یە، تەنها هۆکەی ئەوەیە ئەم ماشە بە هۆی مانەوە تێکچووە و خراپ بووە، بۆتە هۆی نەخۆشی گەدەتان.دوای ئەوەی هەموومان هاتینە سەر ئەو ڕایە بڕیارمان دا لەمەودوا چێشتی کۆن نەخۆین، دوای

ئارام بونەوەی بار ودۆخەکە سەیرمان بە خۆمان دەهات هەندێك جار نیگەران دەبووین، هەندێك جاریش دەمان کردە گاڵتە و پێکەنین .

## کورد تاوانبارێکی بێ گوناهە

نەتەوەی کورد زۆر دەمێکە لەسەر دەستی دوژمنە ڕەگەزپەرستەکانی فارس و تورك و عەرەب ڕووبەڕووی نکۆلی و توانەوە هاتووە، لەلایەن دوژمنەکانیەوە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردیش هەمیشە بەتێکدەر و بەکرێگیراو ناو زەد کراوە، لەسەر زمانی دوژمنەکانی ناو ناتۆرەی خراپی بە دوو خراوە، بەڵام کام بەڵگەی مێژووی گوزارشت لە برەودان بە توند و تیژی دەکەن لەسەر دەستی کوردان، ڕاست گۆیی و بە دەنگەوە چوونی پێشەوا و سەردارانی کورد بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان یا پلانە چەپەڵەکانی دوژمن ، هاواری یەکسانی و بە دیموکراتی بوونی قازی و شێخ و بەگ و پاشاکانی کورد یا پەیمان و بەڵێنە بە درۆکانی دوژمنان و پلانەگڵاوەکانیان بۆسێدارە ولەناو بردنی پێشەواو سەرکردەکانی کورد.

لەکام ڕووپەڕی مێژوودا نوسراوە بزوتنەوە چەکداریەکانی کورد توند و تیژی و خوێن ڕشتنیان کردووەتە ئامانج و بوونی کوردیان لە نەمانی کەسی تردا بینیوە، بە پێچەوانەوە کورد هەمیشە بووەتە قوربانی پاکی و سادەیی خۆی و پەیمان و بەڵێنە بە درۆکانی بەغدا و ئەنقەرە و تاران، هەر ئەمەش بووەتە هۆی پارچە پارچە بوون و لە دەستدانی خاکەکەی، نەتەوەی کورد هیچ کات بۆ وە دەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی پرەنسیپی چەکداری بە کانەهێناوە، ئەگەر چەکیشی بەکارهێنا بێت بۆ گیانی کەسانی تر نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی هێرشی دوژمنە دڵ رەشەکانی بووە، کە هەمیشە نکۆڵی لەکیان و ماڵ و خاك و شەرەفی کراوە، کوردیش بۆ پاراستنی گیانی خۆی بەرگری کردن لە گەل و نیشتیمانەکەی دەستی داوەتە چەك. بەڵام کوردی شۆرشگێر هەرگیز پەلاماری شار و گوند و ماڵی هیچ کەسی نەداوە بەڵکو هەمیشە لەلایەن دوژمنەکانیەوە لەسەر خاکی خۆی پەلامار دراوە هەوڵی لە ناو بردن و توانەوەی دراوە، ئەگەر بەرگری و ڕووبەڕوو بونەوەیەکیشی کردوە لەبەر دەرگای

ماڵی خۆی دا بووە، ئینجا سوپای تورکیا، سوریا، ئێران و بەعسی شۆڤێنی بووە یا هەر لەشکرێکی تر، کورد تەنها بە هیوای ژیان و مانەوە چەکی بۆ بەرگری کردن بەکارهێناوە.

کورد هەرگیز سنوری خاکی کەسی نەبەزاندوە و سەری بەماڵی کەس دا نەکردووە، بەڵکو هەمیشە لە ماڵی خۆی دا بە نامۆ و وەك بێگانە و میوانێکی خوێن تاڵ و بێ جێگە و لانە سەیر کراوە و هەوڵی سەرکوت کردن و لە ناو بردنی دراوە، نەوەکو ڕۆژێك بێت هەوای خۆ بە خاوەن ماڵ زانینی لە کەللە بدات.

کورد هەمیشە لەسەر خاکی نیشتمانی خۆی بە دەستی میوانە ڕەزا گران و خوێن تاڵەکانی شەهید دەکرێت کەسیش لەم بارودۆخە شڵەژاوە پڕ ئاشوبە ناپرسێتەوە .

کورد تاوانبارێکی بێ گوناهبووە و پێش ئەوەی تۆمەتباریەکەی بە بەڵگە بسەلمێندرێ پەلکێشی بەر شمشێر کراوە و ملیان بەسێدارەدا کردووە، بە زۆر ناز ناوی شەهیدیان پێ بەخشیوە .

زۆر دەمێکە کورد بەرەو ڕووی قڕکردن و لە ناو بردن بۆتەوە، بەڵام کارەساتەکان لەم دوو سەدەیەدا خەست تر بوونەتەوە و لەسەردەمی بەعسی شۆڤێنی دا گەیشتە چڵە پۆپەی لە ناو بردن و سڕینەوەی لەسەر خاکی خۆی، بۆ ڕاستی ئەم ووتانە هەزاران نموونەی گەش و بەڵگەدار هەیە بەڵام تەنها ئەوانە باس دەکەم کە لە نزیکەوە خۆم ئاگادارم یا باشتر وایە بڵێم ئەوانەی پەیوەندیان بەم باسەوە هەیە .

لە بەندیخانەی جەناح خاس یەکێك لە ڕۆژەکانی مانگی کانونی دووەمی 1990 دا یاساوڵەکان دەستیان کرد بە ناو خوێندنەوە بۆدادگایی کردن، هەر کە ناوی مامۆستا نەسروڵلایان خوێندەوە دڵە کوتەیەکی سەختم پێ کەوت، لەبەر ئەوەی جاری پێشوو بەیەکەوە براین بۆ دادگا وام لێکدایەوە ئەمجارەش بەیەکەوە دەمانبەن بۆ دادگا، بەڵام ناو خوێندنەوە تەواو بوو ناوی ئێمە نەخوێندرایەوە، ئەو ڕۆژە تەنها حەوت کەسیان برد بۆ دادگا جگە لە مامۆستا نەسروڵلا شەمعون و عەلی دێرێ یی تێدا بوو عەلی خەڵکی دێرێ ی لای

پشدەر بوو، پێشمەرگەی بزوتنەوەی ئیسلامی بوو هاتبووەوە سنووری ژێر دەسەڵاتی ڕژێم دانیشتبوو، بەڵام خۆی بە هیچ دەزگایەکی ڕژێم نەناساند بوو، لەلایەن ڕژێمەوە شوێنی هەڵگیرابوو، ڕۆژێك چوو بووە سەردان لە ڕێگا لەلایەن دەزگای هەواڵگری عیراقیەوە گیرا بوو هێنابوویان بۆ ئەم بەندیخانەیە، شەمعون پیاوێکی مەسیحی خەڵکی بادینان بوو چوو بووە تورکیا و دوای ماوەیەك ویستبوی بگەڕێتەوە عیراق لە ڕێگای عوسمان حەسەن ناوێکەوە هەوڵی گەڕانەوەی دابوو، عوسمان لە مێژ بوو لەگوندی باعەدرێ ی سەر سنووری تورکیا دادەنیشت خۆی وەك کەسێکی پارتی ناساند بوو، بەڵام لە ژێرەوە سەر بە دەزگای هەواڵگری عیراقی بوو، عوسمان بەڵێنی دا بوو کاری گەڕانەوەی بۆ مەیسەر بکات، لە شوێنێك داینا بوو گوایە ئەمە شوێنێکی دڵنیا و نهێنی یە، لەو لاشەوە دەچێت مەفرەزەیەکی هەواڵگری عیراقی دێنێت بۆ سەر شەمعون، کاتێك شەمعون دەزانێت عوسمان ناپاکی لەگەڵ کردووە و هەواڵگری عیراقی ئاگادار کردۆتەوە بۆ گرتنی، تەنها ڕێگایەك کە لەبەر دەمی دا بوو ئەویش شەڕ کردنە لەگەڵیان دا، چونکە شەمعون کاتێك ئاگادار دەبێتەوە مەفرەزەی هەواڵگری هەر چواردەورەیان گرتووە و گەمارۆیان داوە، ناچار پەلاماری چەکەکەی دەدات بۆ ئەوەی تا دەکوژرێت شەڕیان لەگەڵ دا بکات، شەمعون پیاوێکی کارامە و لێهاتوو بوو بە هۆی کارەسات و بەڵای ڕۆژگار ئەزموونی زۆری لە ژیان وەرگرتبوو، بەڵام بێ ئەوەی شەمعون هەست پێ بکات عوسمان دەرزیلەی تفەنگەکەی دەرهێنا بوو، لەبەر ئەوە توانا و غیرەت و کارامەیی شەمعون بە کەڵکی هیچ نەهات، بەم کارەش هێندەی دیکە لەلای ڕژێم تاوانبار بوو .

دوای ئەوەی ئەوانە چوونە دادگا هەندێکیان دادگایی کردنیان دوا خرا بوو بۆ کاتێکی تر هێنایاننەوە بۆ لای ئێمە، هەموویان مات و خەمبار و پەرێشان بوون ڕقێکی ئەستوور لە چاویان دا دەخوێندرایەوە گووتمان:

– چی ڕووی داوە، بۆ واتان بەسەر هاتووە؟

بەشەکەتیەوە گووتیان:

–شەمعون و عەلی ومامۆستا نەسروڵلا وهاوڕێکەی حوکمی سێدارەیان بەسەردا درا.

بەڵێ دەستی غەدر زەبرێکی گەورەی وەشاند، ئێمە هەموو برادەرانی ژووری حەوت ئەم بڕیارەی دادگا بە تایبەت بۆ مامۆستا نەسروڵلا کاری زۆری کردە سەرمان، هەموومان تاساین کە حاکم بڕیاری لە سێدارەدانی ئەوانی دا ئەوە زەبرێکی ئەستەم بوو وە هەستی ناسکی ئێمە کەوت، تووشی ئازارێکی دەرونی زۆر بووین، خەم و حەسرەت دایگرتین، لە کاتێکدا ئێمە دژی خوێن ڕێژی و سەودا سەری ئازادی بووین، بەرگریمان لە ئاشتی و خێر و داکۆکیمان لە مافەکانی مرۆڤ و خۆش گوزەرانی کۆمەڵ دەکرد، هاوڕێ یەکی خۆشەویست و دۆستێکی دڵسۆزمان بەبڕیارێکی ناحەق و نامرۆڤانە لە دەست چوو، هەقمان بوو خەمبار بین.

ئاااخ دیسان پەتی سێدارە هەڵخراو کوردی ئازادیخوازی لەسەر ئازادی چووە بن، دیسان لاپەڕەیەکی ڕەش تر خرایە سەر ڕووپەڕی مێژووی ڕەشی پڕ شەرمەزاری بەعسی دیکتاتۆر .

## ئاوسەرچاوەی ژیانە

ئاو شتێکە نەتەوەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە و بە پێچەوانەوە زۆر جار دەبێتە هۆی گرژی و سنووری سیاسی نێوانیان، وەك بەشەکانی تری ئاسایشی نەتەوەیی ئاویش یەکێکە لەو بەشانەی ئاسایشی نەتەوەکان پێك دێنێ، ڕەنگە یەکێك لە نەگبەتیەکانی تری نەتەوەی کورد ئەوە بێت کە سەرچاوەی ئاوی دراوسێکانی لە خاکی کورد دایە .

لە دێر زەمانەوە ووتوویانە ئاو و ئاوەدانی بەم پێ یە لە هەر شوێنێك ئاو هەبێت ژیان دەبێت یا لە هەر شوێنێك ئاوەدانی هەبێت دەبێ ئاو هەبێت، ئەوە چەندین ساڵیشە پسپۆڕانی ژینگە و زانایانی گەردون بۆشایی ئاسمان تەی دەکەن مانگ و ئەستێرەکانیان پشکنیوە بۆ دۆزینەوەی نیشانەیەکی بوونی ئاو لەو شوێنانەدا بۆ بەرجەستە کردنی ئەو

ڕایەی کە ژیان لەوێ دا هەبووە یا دەشێ هەبێت و ئاوەدانی بکەنەوە، کە چی ئەم ووتەیە لە وولاتی ئێمەدا پێچەوانە بۆتەوە، زۆر شوێنی قەرەبالغ و پڕ لە ئاو و ئاوەدانی کراوە بە چۆلگە و دەشتی کاکی بەکاکی و ژیانی تێدا قەدەغە کراوە .

هەر چەندە من پەروەردەی خاکێکم جێ ی بایەخ پێدانی یەزدانە و لەلای خوا پیرۆز ترین خاکێکە کە مرۆڤایەتی دووەمی لەسەر ژیاندەوە، لەسەر زمانی خۆی فەرموی (أرضنا مباركة) کردگار گەلێك دیمەنی سەرنج ڕاکێش و سەرچاوە و کانیاو و جۆگەلە و ڕوباری دلڕفێنی پێ بەخشیوە، زۆر جار کە بە ڕێگادا دەڕۆیشتین تۆزی ڕێگا و گەرمای هاوین شەکەتی کردوین لەبەر تینویەتی ئاواتمان بۆ ئاوێك خواستووە ماندوو بوون و شەکەتی ڕێگەمان دەرکا، کە گەیشتووینەتە کانیەکی سازگاری قەراغ ڕێگا ئاوێکی ڕوون وەك چاوی قرژاڵ بەردە مرواریەکانی لە ژێری دا دەجولێنەوە، ڕەمەندێك بە دەوری کانیەکەدا کێشراوە، بە بەردی تەخت و پان و جوان تاتێکی بۆ نوێژ کردن لەسەر دروست کراوە، دار چنارێکی گەورە بە سێبەرەکەی کانیەکەی داپۆشیوە، لەسەر کانیەکە دانیشتووین تا ماندوومان بحەسێتەوە، ئاومان خواردوەتەوە دەم و چاومان شوشتووە، هەر دوو لاقمان بۆ ماوەیەك لە ئاوی کانیەکە ناوە تاماندوومان حەساوەتەوە، هەر کەسێك لەسەر کانیەکی سازگار دانیشت ئاوی لێ خواردەوە، ماندووی تیا حەسایەوە و قەدری نەزانی ئەوە لەمانای ژیان نەگەیشتووە.

لە وولاتی ئێمە دەتوانرێ هەر کانیەك پاردەی لە دەورە بکێشرێ نەك هەر بۆ پیاو بەڵکو ژنانیش کوڵ و شیوی تێدا دەکەن و بەکامی دڵ خۆیانی تێدا دەشۆن.

من بەمنداڵی لە سەنگەسەری زێدی لە داێك بوونم، ئەو شارەی بەقەد باڵدارێك سەربەستیم تێدا نەچەشتووە، بیرەوەریەکانی سەردەمی منداڵیم لە تەختی دڵم دا هەڵکەندراون، خۆشی و ناخۆشی بەشێك لە ساڵەکانی ژیانم تێدا بەسەر بردووە، هەموو بەسەر هاتی ئەو ڕۆژگارە لام بوونەتە یادگاری و لە پەڕەی دڵم دا نوسراون، وەك فلیمێك

بەسەر پەردەی مێشك و بە بەر چاوم دادێنەوە، لە ڕووباری گارفێن لە خوار گۆمی ژنان و کەمێك لەو لای گۆمی پیاوان لە دامێنی باخچە سپیدارە چڕ و پڕ و بێشەڵانیەکەی کە بەدرێژایی ڕووبارەکە وەك خەدەنگ بە ئاسمان دا هەڵچووبوون، زۆر جار لەگەڵ هاوڕێکانم دا لە گۆمی بەردەی بەکامی دڵ مەلەم تێدا کردووە، خۆم شوشتووە، دوایش کە ماندوو دەبووین لە ئاوەکە دەهاتینە دەرەوە لە ناو ئەو لمەی قەراغ ئاوەکە لەبەر خۆر گەرم داهاتبوو، تا درەنگانێك لە ناو ئەو لمە گەرمەدا خۆمان ئەم دیو ئەو دیو دەکرد، دوایی دووبارە لەسەر ڕەوەزە شاخەکانەوە خۆمان هەڵدەدایە گێژەنی ئاوەکەوە، دەستمان دەکردەوە بە مەلە کردن، ئێستا کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان، لە سەیرانگای قەراغ ئاوی وڵاتە پێشکەووتوەکان، دەبینم ئەو خەڵکە سەیرانچیەی وەك سەردەمی منداڵی ئێمە خۆیان لەو لمەی قەراغ ئاوەکە وەردەدەن، هەزار جار نەفرەت لە بەعس دەکەم، کە ئەو ژیانە شیرین و خۆشەی ئێمەی تێکدا، زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی خۆمانی بە ناوی (ئەرزی محەرەمە) لێ قەدەغە کردین، کردی بە ناوچەیەکی ئەمنی و سەربازی، مینی تێدا چاند بۆ ئەوەی  هاتوو چۆی تێدا نەکرێ خاڵی پشکنینی سەربازی لەسەر ڕێگاکان دانا .

سەرەڕای ئەو هەموو کانیاو و ڕوبار و ئاوە زۆرەی وڵاتەکەم ئێستا لەم بەندیخانە شوومە دا چاوم لە دەستی دوژمنەکەمە لەو سامانە گەورەیەی خوا پێی بەخشیوین چەند لیترێك ئاوم بدەنێ بۆ ئەوەی خۆمی پێ بشۆم.

دوای ئەوەی یەزدانی مەزن نزاو پاڕانەوەی گیرا کردین یاساوڵەکان داواکەیان قبوڵ کرد، لە کانونی دووەمی 1990 دا یاساوڵەکان بەڵێنیان پێداین بۆ جاری دووەم  ڕێگەمان بدەن خۆمان بشۆین، مزگێنیان پێداین ئەمجارە ئاوی گەرممان دەدەنێ بۆ ئەوەی خۆمانی پێ بشۆین، دیارە چانسمان باشی هێنا بوو بەم چلەی زستانە لەم بەندیخانە ساردەدا ئاوی گەرممان دەست کەوێ .

هەموو برادەرانی ژوورەکەمان بە یەکەوە بردیانینە گەرماو و ئاودەستی کەرتی یەک گیزەرێکی گەورەیان لێ دانا بوو، هەر بەدوو کەس یەک سەتڵی سی لیتری ئاوی گەرمیان دەداینێ، تەنها دوو گەرماویش هەبوو ناچار لە گەرماو و ئاودەستەکان دا دابەش بووین، من لەگەڵ هاوەڵەکەم دووەم کەس ئاوی گەرمیان بۆ تێ کردین، جلەکانمان دانا بۆ ئەوەی خۆمان بشۆین، بەڵام ئاوەکەی زۆر گەرم وداخ بوو نەماندەزانی چی لێ بکەین، هیچ دەفر و ئامانێکی ترمان لا نەبوو نیوەی ئاوەگەرمەکەی تێ بکەین هەر دووکیان سارد و گەرم بکەین، ئەگەر نیوەی ئاوی گەرمی ناو سەتڵەکەشمان ڕشتبا هەر لە ناو سەتڵەکەدا سارد وگەرممان کردبا بەشی هەردووکمانی نەدەکرد، ئێمە لەم گفتو گۆیە دابووین عەریف زنون نەڕاندی بەسەرمان دا:

– ئەوە قسە کردنی چیتانە؟ خێراکەن کاتتان کەم لەبەر دەست دایە: یەکسەر قاپێك ئاوی گەرمی داخی بە پشتی ئەو کوڕەی هاوەڵەکەم داکرد، من بەختم لەو باشتر بوو، ئەو کەوتبووە لای عەریف زنون کوڕەکە هاوارێکی بەرزی لێ هەستا، زۆری پێ نەچوو پشتی سوور هەڵگەڕاو توێلکی هەڵدا، بە ناچاری نیوەی ئاوی گەرمی ناو سەتڵەکەمان ڕشت و نیوەکەی ترمان سارد و گەرم کرد، ئەگەر بە نۆرە خۆمان شوشتبا ئەوەی دووەم فریای خۆشوشتن نەدەکەوت بەدڵنیاییەوە توشی بەڵایەك دەبوو، ناچار هەر دووکمان کەوتینە خۆشوشتن سابونمان لە خۆمان دا، یەك قوتوی پەنیری مەسڵەحەمان لا بوو بۆ ئاو بەخۆداکردن جاری وا هەبوو هەردووکمان لێکڕا دەستمان دەبرد بۆ قوتوە پەنیرەکە، پەلەمان بوو فریا نە دەکەوتین چاومان بە کەفی سابون دەبرژایەوە، ئاوە شلە تێنەکە بەشی هیچی نەکرد ناچار بە ئاوی سارد کەفی سابونەکەمان لەسەر وگوێلاکمان کردەوە، بەسەد دەردەسەری خۆمان شوشت و بە پەلە پەل چووینەوە ژووری خۆمان .

**جەناح خاس باستیلی بەعس**

بەندیخانە دوژمنێکی بێ ویژدان و هاوەڵی پڕ دەردەسەرە، کەلەپچە و کۆت و بەندی بێزارکەرە، تاقەت پڕوکێن و هێز دەتارێنێ، چڵکنی و دزوێنی و خەم و دەرد دێنێ، کەسەر و حەسرەتی وەرهەم هەڵدێنێ، باری خراپی دەرونی و جەستەیی بەندیەکان گەیشتە ئاستێك کەوتنە گلەیی و گازەندە بۆ چی نامانبەن بۆ بەر خۆر و دەرەوەمان لێ قەدەغە کراوە، هەر چەند تا ئەو کاتە ڕێگا بە هیچ بەندیەك نەدرا بوو هەر بتوانێ داوایەکی لەم جۆرەی هەبیت، بەڵام ئەمجارە داواکەیان وەرگرت و بڕیاریان دا بمانبەن بۆ دەرەوە بۆ بەر خۆر، جا فشاری زۆری بەندیەکان بوو یا بار ودۆخەکە گۆڕا بوو نازانم، بڕیاریان دا و بردیانینە حەوشەی بەندیخانە، هەر کە چووینە حەوشە سەرەتا زۆر ناخۆش بوو، هەر چەندە تیشکی هەتاوی زستان کز و بێ تین بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لە مێژ بوو ئێمە نەچوو بووینە بەر خۆر سۆمای بینایمان کز بوو بوو، چاومان لەبەر تیشکی خۆرەکە هەڵ نەدەهات، خۆمانم وەك بەندیەکانی بەندیخانەی باستیلی فەڕەنسا دەهاتە پێش چاو وەك لە مێژوودا باسکراوە، وا باوە هەر شتێك لە مرۆڤ یاساغ بکرێت لەلای خۆشەویست دەبێت، ئەوە ڕاست لەئێمە ڕووی دابوو هەر لە یەکەم هەنگاوی چوونە دەرەوەمان بۆ ناو حەوشە هەمووومان شا گەشکە بووین، سەرەتا بۆ چەند ساتێك وەك ڕۆژ پەرستان و تەرزی عابدێکی گۆشەگیر ڕووە و قیبلە بەرەو خۆر وەك ڕێز گرتنێك لە پیرۆزی خۆر دەستە و نەزەر بە بێ دەنگی بەرەو خۆر وەستاین، نیشانەی دڵ خۆشی و شادمانی و دروست بوونی هیوایەك لەدڵی بەندیەکان دا دیار بوو، ڕوومەتیان سوور هەڵگەڕا بوو، تەزووی گەرم بە لەشمان دا دەهات جا نازانم تەزوی خۆشی بوو یا هی گەرمی خۆرەکە، نیوەی حەوشەکە بە چیمەنتۆ داڕێژرا بوو، لەسەر چیمەنتۆکە کردیانین بە چوار ڕیز من وەك نەخۆش و مام سلێمان و سمایلی مەحمود ئاغای پشدەری وەك پیاوی بە تەمەن لە وانی تریان جیا کردینەوە، هەر سێکمان لەبن دیوار لە نزیك ئەوانی تر لەبەر بەڕۆچکە دانیشتین، سمایل ئاغا بە قسە خۆشەکانی ئێمەی

دەخستە پێکەنین، ئینجا کەوتنە مەشق و یاری کردن بە ئەوانی تر، دواى مەشقێکی زۆر یاساوڵەکان گووتیان:

–جل و بەرگەکەتان دابنێن لەبەر خۆر هەڵیان خەن لەبەر ئەسپی و نەخۆشی هەستیاری باشە، ئینجا بردیانینەوە ژوورەوە دواى پانزە ڕۆژی تر جارێکی دی هێنایانینە دەرەوە بە هەمان شێوەی جاری پێشوو، بەڵام ئەمجارە عەریف زنون ئەو مەشقانەی پێ دەکردین داوام لێ کرد:

– من ناتوانم ئەو مەشقانە بکەم چونکە نەخۆشم .

بەڵام ئەو ڕێگای نەدام گووتی:

– ئەوە من بڕیار دەدەم هەر کاتێك نەخۆش بووی ڕێگات دەدەم دابنیشی، ئەو مەشقانە بۆ من زۆر ناخۆش بوو بە تایبەت کە عەریف زنون گووتی :

– ئەبێ هەر دوو دوو پشتتان لە یەك بکەن و قۆڵتان تێك با هەڵ بدەن، هەر جارە یەکێکتان ئەوی تر لەکۆڵی خۆی بکات .

– ئێمە بە منداڵی بەم جۆرە یاریەمان دەگووت: پشتە ڕەقە، ئەو مەشقانە منی زۆر پەرێشان کرد، تەواو شەکەت و نارەحەت بوو بووم، سەرنجم دا عەریف زنون و عەریف لەتیف بەو شێوەیەی من دڵخۆش بون و پێدەکەنین. ئەوەندەیان مەشق پێ کردین هەستن، دانیشن، دەست بۆ سەرشان، دەست بۆ خوارەوە، بەلای ڕاست دا وەرگەڕێن، بەلای چەی داوەرگەڕێن لە حاڵی خۆمان بێزار بووین وایان لێ کردین هەرگیز داوای دەرەوە و بەر خۆر نەکەینەوە، باش بوو لەو کاتەدا عەریف عەلی هات گووتی:

– بیان بەنە ژوورەوە .

ئەو هەموو ماوە دوور و درێژەی لە ژوورەوە بووین یاساوڵەکان ڕێگەیان نەدەداین بچینە دەرەوە، ئەمە وای کرد بوو ئەگەر یاساوڵەکان کارێکیان لە دەرەوە هەبوایە هەر کارێك بوایە

هەر یەکێك لە بەندیەکان ئامادە بوون ئەو کارە بکەن بە مەرجێك بیبەن بۆ دەرەوە، شەریف هەڵشۆیی لەم بارەیەوە باسێکی بۆ
گێڕامەوەگووتی :

– بەندیەك لە ژووری ئێمە بوو ناوی مەحەمەد بوو، زۆر ناڕەحەت و بەد کردار بوو هەمیشە کاری وای دەکرد دەبووە هۆی نیگەرانی یاساوڵەکان، لەبەر ئەوە بە بەد گومانیەوە سەیریان دەکرد بە هۆی ئەوەوە زۆر جار ئێمەش کێشەمان بۆ دروست دەبوو ڕۆژێك عەریف ئەحمەد گووتی:

– مەحەمەد وەرە دەرەوە کارم پێتە .

منیش داوام لێ کرد من ببات بۆ دەرەوە لە جیاتی مەحەمەد بەڵام عەریف ئەحمەد گووتی:

– شەریف تۆ بە تەمەنی پێویستە لە ژوورەوە پشوو بدەیت، بەڵام من زۆر پێ داگیم کرد و گلەیشم کرد بۆ من نابەن بۆ دەرەوە منیش هەر کارێك بێت دەیکەم ئینجا عەریف ئەحمەد گووتی:

– باشە وەرە دەرەوە .

منیش بە دوای کەوتم کە چوومە حەوشە سەیرم کرد کارەکەی پاك کردنەوەی زێرابێکی گیراو بوو، پیسایییەکە وەك ئەستێرێك داوەستا بوو نە دەڕۆیشت دەبوایە جۆگایەکی بۆ لێبدەم بۆ ئەوەی پیسایییەکە بڕوات، هەر کە چاوم بە گۆماوە پیسایییەکە کەوت زۆر پەشیمان بووم لەو داوایەی کردم، بەڵام تازە چار نەبوو کار لە کار ترازا بوو بەدەستی خۆم خۆم توش کرد، لای پێشەوەی گۆماوە پیسایییەکە بەرز بوو ئەبوایە جۆگایەکی قوڵی بۆ لێ بدەم، هەرچەند لە دەرەوەڕا خەریك بووم کارەکە نەدەکرا، ناچار بە جلەکانمەوە خۆم لە ناو گۆماوە پیسایییەکە هاویشت، دەستم کرد بە پاکردنەوەی زێرابەکە لە پشتێنم بۆ خوارەوە لە ناو پیسایی دا بوو زۆر پڕنچکی پیسایش بە دەم و چاوم هەڵ پڕژا بوو زۆر

ماندوو شەکەت بووم بە هەزار دەردی سەر تا کارەکەم تەواو کرد عەریف ئەحمەدیش لە پەرۆشی دا

دەیگووت:

– زۆرم پێ ووتی بە قسەنەت نەکردم.

ڕاستی دەکرد کاری خۆم بوو خەتای کێم گرتبا، بە هەر حاڵ دوای ئەوەی کارەکەم تەواو کرد یاساوڵەکان زۆر بەزەییان پێم دا هاتەوە ئاوی گەرمیان دامێ خۆم و جلەکانم شوشت، سەرەڕای ئەوەش کە چوومەوە ژووری خۆم دوای ماوەیەك نەخۆشی دایگرتم یاساوڵەکان زانیان ئەو پیسابیە کاری لێ کردووم، هەر چەندە دکتۆریان بۆ هێنام دەرمانی باشی پێدام بەڵام لە ناو جێگادا هەر بۆی کەوتم دوای چەند ڕۆژێك ئینجا چاك بوومەوە .

## ورەیەکی لاواز و ئارەزوویەکی بەهێز

زۆر جار ئادەمیزاد لە ئاست کارێکی سەخت دا خۆڕاگری دەکات، داستانی گەورە و پڕ سەروەری تۆمار دەکات، کە چی لە بەرامبەر شتێکی بچوك دا لاوازی پیشان دەدات و دەبێتە جێگای سەر سوڕمانی دەور و بەرەکەی، لە بەندیخانەی لای ئێمەش هەمان شت دووبارە بووەوە.

پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە کەم بوو، بەندیە کۆنەکانیش چونکە لە مێژ بوو لێرە بوون هەر چی پارە و پولیان هەبوو خەرجیان کرد بوو، قلاش ببون و مافنگی مابوونەوە، ڕژێمیش لە مێژ بوو بەندی تازەیان نە هێنا بوو پێشتر کە بەندی تازەیان دەهێنا ئەوانەی پارەیان لا بوو دەیان بردنە ئەو ژوورانەی پارەیان لا نەبوو، پێدەچوو ئەمەش هەر یەکێك بێت لە بەرنامەکانیان جا ئەگەر بەندیە تازەکە سەخی بوایە پارەکەی لەگەڵ ئەوانەی ژوورەکە دا بەش دەکرد بۆ شت کڕین تادەبڕا، ئەگەر نا بۆ ڕۆژانی سەخت تر پاشەکەوتی دەکرد، ئەو بێ پارەییە ژیانی ئێمەی سەخت و دژوار تر کرد بوو، من لەو دوانزە دینار و نیوەی بەندیەکانی پێشتر تر دابویانمێ چاو گوێزان و پێویستی ترم پێ دەکڕی، نا

چار بووم لەمەودوا چاو پێویستی تر نەکڕم  بۆ ئەوەی بتوانم گوێزانی ڕیش تاشین و شتی زۆر پێویست بۆ برادەرانی ژوورەکەم بکڕم، چونکە یاساوڵەکان ڕۆژێك نا ڕۆژێك بە زۆر ڕیشیان پیێ دەتاشین بە هیچ شێوەیەك لە پارەی کڕینی گوێزانەکە خۆش نە دەبوون کە بۆیان دەهێنان، ئەو بێ پارەییە بۆ ئەوانەی جگەرەیان دەکێشا کاریگەری زیاتری هەبوو، هەر چەند دەمانگووت: لە بارێکی وەك ئێستادا واز لە جگەرە کێشان بهێنن کارێکی گرانیش نی یە ئەگەر ورەیان بە هێز و باوەڕیان بە خۆیان هەبێت، بەڵام وازهێنان لە خووە خراپەکان کارێکی ئاسان نی یە، هەموو کەس ئەوە دەزانێ جگەرە زیانی ماڵی و گیانی زۆرە، بەڵام ئەوان گوێیان بەمە نەدەدا ڕۆژ بە ڕۆژ لەسەر کاری خۆیان سوور تر بوون، جاری وا هەبوو بە حەوت کەس یەك جگەرەیەکیان دەکێشا نۆرەیان بۆ دەگرت، یەکی تەنها یەك مژیان بەر دەکەوت، بە ڕاستی زۆر پێم ناخۆش بوو لە کاتێك دا ئەم قارەمانانە بۆ ئەشکەنجە و داواکانی دوژمنێکی دڕندەی وەکو بەعس چۆکیان دانەدا و ورە و خۆڕاگری ئەوان دوژمنی سەرسام کرد بوو، کەچی لە ئاست جگەرە کێشان دا کە ئارەزوویەکە مرۆڤ دەتوانێت  وازی لێ بهێنێ، کەچی ئەوان  هێندە لاواز بوون  نیگەرانی لای ئێمە دروست کرد بوو، هەموو بیانوەکەشیان تەنها ئەوە بوو دەیانووت : ئەم هەموو خەم و حەسرەتە بەجگەرەنەبێت بەچی فەرامۆش دەکرێت، یاخود دەیانگووت: مرۆڤی جگەرەکێش بۆنان داوا لەکەس ناکات، بەڵام کە جگەرەی لانەبوو هەرکەسێك بێت بێ لێکدانەوە داوای جگەرەی لێ دەکات، ئەگەرچی ئەمە بیانوویەك بوو بۆ پەسندانی ئەگینا هەرگیز جگەرە نا بێتە هۆی لابردنی خەم و حەسرەت.

ئەم هەموو بێ ورەیی وبەردەوام بوونیان لەسەرجگەرەکێشان سەر گورشتەیەکی خۆشی بە بیر هێنامەوە دەربارەی زیانی جگەرە برایم خدری کۆنە دۆستی خۆشەویستم بۆی گێڕامەوە:

– ئەو کاتەی مەلاکان لە ئێران قاچاغ بوون لە سەردەمی دەسەلاتی مەحەمەد ڕەزا شای پەهلەوی دا زۆریان پەڕیوەی وولاتی ئێمە بوو بوون، هاتبوونە کوردستانی باشوور هەندێکیان هاتنە گوندەکەی ئێمە، یەکێکیان ناوی مەلا خدر بوو زانایەکی گەورە و پیتۆڵ و لێزان بوو، دەربارەی مێژوو و شۆڕشەکانی کورد و شیعری شاعیرانی نەتەوەکەمان شارەزایی زۆری هەبوو، هەمیشە کاری ئامۆژگاری خەڵك بوو لەسەر چاکە و خۆشەویستی و خەبات و تێکۆشان لە پێناوی نیشتمان، لە گوندەکەمان کابرایەك هەبوو بەشێوەیەکی نارێك و زیاد لە پێویست جگەرەی دەکێشا، سمێڵ و نێو قامکەکانی بە دووکەڵی جگەرە زەرد ببوون، ڕۆژێك لەگەڵ مەلا خدر کەوتنە بەرامبەری یەك، مەلا خدر وەك ئامۆژگای کردنی کەوتە باس کردنی زیانی جگەرە و پێ ی گووت:

– ڕۆڵە جگەرە مەکێشە زیانی ماڵی و گیانی هەیە بۆ مرۆڤ ، بۆ تۆش خراپ تر کە بەو نارێکیە جگەرە دەکێشیت.

کابرا خۆشی لە قسەکانی مەلا خدر نە دەهات، بۆ پشتیوانی و دروستی کارەکەی خۆی گووتی:

– مامۆستا تا ئێستا نەمبیستووە کەس بە جگەرە مردبێ .

هەر چەندە مەلا ووتی ئەو نەیبیست نا چار مەلاخدر ویستی بە بارێکی تردا بۆی بچێت گووتی:

– جگەرە هەندێك کاری تریشی هەیە.

کابرا گووتی:

– وەکو چی مامۆستا؟

– پیاوی جگەرەکێش پیر نابێ و قەت دز نا چێتە سەر ماڵەکەی بۆ دزی کردن و هەروەها پیاوی جگەرەکێش هەرگیز سەگ نایگرێت.

کابرا گووتی:

– ئەی مامۆستا ئەگەر ئەم شتانە دەزانیت بۆ چەند لە مێژە ئازارم دەدەیت .

مەلا گووتی:

– بەڵام بابۆت باس بکەم ئەمانە بۆ وایە، هۆی پیر نە بوونی ئەوەیە بە هۆی جگەرەوە هێندە دەرد و نەخۆشی ڕووی تێ دەکات نا گاتە تەمەنی پیری دەمرێت، بە هۆی دەرد و نەخۆشی جگەرەوە هەمیشە سنگی نەخۆشە و هەر کۆکەیەتی کە دز هات بۆ ماڵەکەی وا دەزانێ کابرا بە خەبەرە ناتوانێ دزی لێ بکات، سەرەڕای ئەمانەش نەخۆشی وای لێدەکات نەتوانێ بە ئاسوودەیی بڕوات بەڕێوە ناچار دەبێت گۆچانێك یا دارێك بە دەستەوە بگرێت، ئینجا لە کاتی ڕۆیشتن دا کە سەگ بۆی هات بەدارەکە لێ ی دەدا و لە خۆی دوور دەخاتەوە و ناتوانێ بیگرێت .

کابرای جگەرەکێش بە نائومێدی گووتی:

– جا مامۆستا هەمووی هەر بە هیچ دەرچوو .

## زیندانیەکی نامۆ بەئێمە

شەوی بەندیخانە وەك شەوی یەلْدا ڕەش و تار و درێژ بوو، وەك گریمانە و ناسۆری دڵی پڕ خەم بوو، وەك زوڵفی جوانان پەشێو و لول و ئاڵۆز بوو، وەکو دوا ساتی حوکمی خونکاران پڕ مەینەت بوو .

بەڵێ شەو ئەگەر چی هێمن و کش و ماتە بەڵام کردەوەی پیسی نا پاکانی تێدا حەشار دراوە، دێوەزمەکانی شەو، وەردیانەکانی بەندیخانە سەرەڕای ئەشکەنجە و خراپەکاری هەر ڕۆژە ڕەفتارێکی نا پەسند تریان دەخستە سەر خراپەکانی پێشوویان تا بە جەنگی دەرونی زیاتر هەستمان ئازار بدەن.

دەر خستنی ڕەفتاری بەعسیەکان و پیشان دانی ڕووداوەکان هەر بە تەنها بۆ نوسینەوەی مێژوو نیە، بەڵکو بۆ لێکۆڵینەوە و تێڕامان و هەڵوەستە کردنە لەسەر نیازە گڵاوەکانی بەعس بەرامبەر بەو مرۆڤانەی لەسەر خاکی خۆیان بە کۆمەڵ کوژران، دەر بە

دەر بوون، بە دیل گیران.

لە سەرەتای مانگی شوباتی 1990 کوڕێکیان هێنا بۆ بەندیخانەی جەناح خاص عەرەب بوو، ناوی سالْح بوو، زۆر ناسالْح بوو، دەم و چاوێکی پیس و سەر و فەسالێکی ناشیرین و بەد کردارێکی بێ شەرم و جانەوەرێکی ئەحمەق و درێو بوو، وەك دەڵێن دەتگووت: دەرکەوانی دۆزەخە، بە هیچ شێوەیەك لە پیاوی سیاسی نەدەچوو، لە بیرم نیە لەسەر چی گیرا بوو، بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان و ئازار دانی ئێمە هێنابوویان، چەند ڕۆژێك بوو لە ژوورەکانی بەرامبەری ئێمە بوو لە کەرتی دوو لە هەر ژوورێك لە شەوێك زیاتری لێ نەدەبوو بۆ بەیانی دەیان گواستەوە بۆ ژوورێکی دی، وامان لێکدایەوە پیاوی خۆیانە بۆ زانیاری وەرگرتن لە بەندیەکان هەر شەوە دەیبەنە ژوورێك، دوای چەند ڕۆژێك لە 9–2–1990 هێنایان بۆ ژووری ئێمە لەسەر ئەو لێکدانەوەی نەکا جاسوس بێت خۆمان کە نارگیر دەکرد قسەمان لەگەڵ نە دەکرد، جارێك لە بێزراوی و جارێك لە ترسی ئەوەی نەك توشی بەڵایەکمان بکات، لە نێو خۆشمان دا ئەگەر قسەیەکی نا ئاسایی بوایە بە چرپە بە یەکترمان دەگووت.

ئەو شەوە نوستین بۆ بەیانی هەر چەند سەیرم دەکرد تێبینی ئەوەم نە دەکرد بە دوا شتی نهێنی دا بگەڕێ و سیخوڕی بۆ یاساوڵەکان بکات، خەریك بووم وەك شەریف هەڵشۆیی بڵێم پیاوێکی باشە، ئەوەی دەربارەیان گوتووە درۆ و هەڵبەستەیە. دوای نیوەڕۆ حەسەنی نوێنەری ژوورەکەمان لەگەڵ سەباح هاتنە لام لەسەر جێگاکەم دانیشتن بە چرپە گووتیان:

– ئەمشەو سالْحی ناپاك لە تەنیشت (...) نوستووە لە نیوەی شەودا لە دواوە خۆی لە کۆشی (...) ناوە و چەند جارێکیش دەستی بۆ ئەندامی نێرینەی (...) بردووە، بە زۆر خۆی لە دەست دەرباز کردووە هەر چەندە هەڕەشە و جنێوی زۆری پێداوە، بەڵام لە ترسی دووبارە بوونەوەی ئێمەی ئاگادار کردۆتەوە بۆ چارەسەر کردنی .

سەباح هەتا بڵێ ی زۆرزان و لێهاتوو بوو چەرمەسەری ژیان ئەزمونی زۆری فێر کرد بوو

گووتی به (...) گوو تووه:

– ئەوە بزانە ساڵح خۆی  هەتیو بازە و بە دوای یەکێك دادەگەڕێ، دڵ نیابە ئەمشەو بە بارەکەی تردا دووبارەی دەکاتەوە تۆش زوو ئێمە ئاگادار بکەرەوە.

ئیتر بۆم دەرکەوت گواستنەوەی ساڵح  هەر ڕۆژە بۆ ژوورێك جگە لە سیخوڕی ویستویانە ئەم کارەشی پێ بکەن، من بە پێچەوانەی حەسەن و سەباح پێم باش بوو بۆ ئەوەی نەبێتە قسە و باسی بەندیخانە بە هێمنی داوا لە یاساوڵەکان بکەین لە ژووری ئێمەی لاببەن،بەڵام ئەوان  زۆر ڕقیان لە ساڵح  بوو ویستیان لەم  ڕێگایەوە ئابڕووی ببەن. هەرچەندمن ووتم نەیانبیست بیرۆکەی خۆیان لا پەسند

تربوو.

شەو بیرکردنەوە لە سەدان کێشەی لەم شێوەیە ئەمەیان لە بیر بردمەوە و لێ ی نوستم، درەنگی شەو لە دەنگە دەنگ و هەرای ناو ژوورەکە بە ئاگا هاتم،  تەماشام کرد حەسەن و سەباح هەر یەکە و باڵێکی ساڵحیان بە دەستەوەیە، ساڵحیش زنجیری پانتۆڵەکەی ترازاندووە و ئەندامی نێرینەی بە ئامادەیی لە دەرەوەیە، یەکێکی دی خێرا خێرا لە دەرگا دەدات کە یاساوڵەکان هاتن ئەم دیمەنەیان بینی زۆر شەرمەزار بوون، نەیاندەزانی کێشەکە چۆن چارەسەر یا پوش بەسەر بکەن، هەر بەم شەوە ساڵح و (...) و حەسەن و سەباحیان بردن بۆ فەرمانگە، دوای ووتە وەرگرتن هێنایاننەوە و بەیانی ساڵح و (...) و حەسەن وەك  نوێنەری  ژوورەکەمان بانگ کرا دوای  هەندێ  پرسیار (...) و حەسەن یان هێنایەوە، یاساوڵەکان کەوتنە سزادانی ساڵح  لەم سەر بۆ ئەو سەری ڕاڕەوەکە زگەخشکەیان پێ دەکرد بەکێبڵ و شۆندەش  لێیان دەدا و هەر چی جنێوی ناشیرین هەیە بەسەریان دا دەباراند، ئەوەندەیان لێدا سەرەڕای ئەو بەد ڕەفتاریە بەزەییمان پێدادەهاتەوە،دوایی نەیانهێنایەوە لای‌ئێمە گواستیانەوە ژوورێکی دی.

ئادەمیزاد بونەوەرێکی لاوازە بۆ قەترە ئاوێك و ساتێك خۆشی ئابڕووی خۆی برد و

جەستەی خۆی خستە ئازارەوە.

## شێرێکی لاواز یانزە جار قەفەس دەشکێنێ

بەندیخانە تاریك و قەڵا سەخت و شوورەی بەرز بوو، شیش بەند مەحکەم و دەرکەی گاڵەدراو و دەرکەوان دڕ بوو، یاساوڵ دەست بە قەمچی و وەردیان دەم بە جوێن و جەللاد هەمیشە تیغی بە خوێن بوو، وەك بەراز لە غەزرین و  وەك کەروێشك لە ڕاوێچکە و وەك سەگ لە ملێ و مۆ دا بوون، باڵدار بە سەروێ دا فڕیبا باڵیان دەشکاند، ناڵدار بەوێ دا ڕۆیشتبا ناڵیان دەپەڕاند، بەڵام لە ناو بەندیخانەی تەڕ و تەنگ، لە ناو ئازار و زەبر و زەنگ نە یاتوانی بیر و باوەڕمان لێ داگیر بکەن، لە دەوری هەستمان شوورە و سنوور بکێشن وەك مامۆستا هێن موکریانی دەفەرموێ:

لە دەوری  هەستی کەس  ناکێشرێ  شوورە
خـەیـاڵیش شـارەزای  پشـتی  سـنوورە

سەرەڕای ئەو  زەبر و زەنگەش هەمیشە بەندیەکان بەرەنگاری و ورە و خۆڕگریان دەنواند، مل کەچی ویستو ئارەزوی ئەوان نەدەبوون، زۆر جاریش بەرنامەی هەڵاتنیان لە پشت شوورەکانیان دادە ڕشت و لە خەیاڵەوە دەبووە ڕاست و دیواری ئەستەمیان دەدڕی و شیش بەندی پۆڵایان دەشکاند.

وەك  هەموو جارەکانی پێشوو دەمە و ئێوارەیەك هەستمان کرد خەڵکی تازەیان هێناوە بۆ هۆڵی پێشوازی بە شێوە باوەکەی خۆیان بە زللە و قەمچی و کێبڵ پێشوازیان لێ کردن، بە دەردی ئەوانی پێش خۆیان بردن، دوایی بە سەر ژوورەکان دا دابەشیان کردن یەکێك لەوانیان هێنا بۆ ژووری ئێمە لاوێکی سوور و سپی، لاواز و ووریا، بە بێ دەنگی لە تەنیشت حەسەن دانیشت، کە یاساوڵەکە ڕۆیشت بەندیەکان کەوتنە بەخێر هاتن و چاك و چۆنی ئەویش بە کوردیەکی ڕەوان بە شێوە زاراوەی هەولێر  وەڵامی دانەوە، ئاخاوتن بەزمانی کوردی ئاسایی بوو چونکە هەمیشە کاروانی هێنانی لاوانی کورد بەردەوام،  بوو

بەڵام دوای ئەوەی لە ناو و شوێن و هۆی گیرانیان پرسی گووتی:

– ناوم سەباح شەهابە دانیشتووی شاری هەولێرم ڕەگەزم عەرەبە و چەند ڕۆژێکە گیراوم .

لە ووشەی ڕەگەزم عەرەبە زۆر لە بەندیەکان سەرسام بوون یەکێك لێ ی پرسی:

– ئەگەر عەرەبی ئەم کوردیە ڕەوانە چۆن دەزانیت. ئەویش گووتی:

– ئێمە لە مێژە دانیشتووی شاری هەولێرین لە منداڵیمەوە لە نزیك عەلوەکە نیشتەجێین پیشەمان بەخێوکردنی ئاژەڵ و گامێشەوانیە، لە دەشت کێڵگەیەکی گەورەمان بۆ بەخێوکردنیان دروست کردووە و پەیوەندی کۆمەڵایەتیمان لەگەڵ خەڵکدا هەیە.چونکە تازەگیرا بوو پارەی باشی لابووکەوتە خەرج کردنی بۆ بەندیەکان سەرنجی

هەمووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەڵام دیار بوو کێشمە کێش و بەڵای ڕۆژگار فێری ئەزمونی زۆری کرد بوو، بەشی زۆری پارەکەی ئاشکرا نەکرد بۆ پێویستی داهاتوو هەڵی گرتبوو.

سەباح ئاسایی لەگەڵ ژوورەکەدا ڕاهات زۆر جار دەهات لە لای من دادەنیشت یا بەسەر هاتێکی بۆ دەگێڕامەوە یا داوای لە من دەکرد بەشداری بکەم، بە ڕاستی بە قسە خۆشەکانی هەمیشە کۆڕی گەرم بوو. کە بەندیەکان نیگەرانیان لە کێشەکانی خۆیان و ناڕەوایی دادگا و بێ ویژدانی دادوەر دەردە بڕی سەباح دەیگووت:

– پێویست ناکا نیگەرانی چوونە دادگابن، مەرج نی یە هەموو دادگایی کردنێك لە سێدارەدان بێت، ئەی ئەگەر وەك من بن چی دەکەن ؟

من دەجار لە بەندیخانە ڕام کردووە یەکێك لە جارەکان چوومە(محكمة الثورة) تفەنگ و دەمانچەیەکم لەسەر تۆمار کراوە، سەد لە سەد حوکمەکەم سێدارەیە هێشتا وەك ئێوە ناکەم لەگەڵ ئەوەش دا ئەبێ ڕێگە چارەیەك بدۆزمەوە، سەباح لە تەنیشت من دانیشتبوو بە هێمنی گووتم:

– سەباح گیان ژوورەکەمان هیچ کون و پەنجەرەیەکی تێدانیە، ئەوەندەی

ئاگادارین تا دەرگای حەوشەی ئەم بەندیخانەیە پێنج دەرگامان لەسەر داخراوە، سەرەڕای چاودێری وردی یاساوڵەکان ڕێگا چارەی چی دەدۆزیتەوە؟

– من دوو هاوسەرم هەیە وام ڕاهێناون هەر کاتێك گیرام بچن لە دادگای هەولێر داوام لەسەر تۆمار بکەن گوایە کاری ناڕەوا و نەشیاوم بەرامبەر کردوون، ئێستا ئەوان لە دادگای هەولێر شکاتم لێ دەکەن دادوەریش داوای من دەکات تا هەقی ژنەکەم بپرسێت، ئەبێ من لێرەوە ببەنەوە دادگای هەولێر، هەر چۆنێك بێت لە نێوان ئێرە و شاری هەولێر ئەبێ شوورەی بەندیخانە بشکێنم و ڕابکەم، ئەگینا بچم بۆ دادگای شۆڕش (محكمة الثورة) هیچ گومانم نیە لە سێدارە دەدرێم.

باسی هەڵاتن و دانانی بەرنامەی شکاندنی بەندیخانە لە ناو بەندیخانە دا زۆر ئاسایی یە، چونکە زۆرێك لە بەندیەکان باسی ئەو کارە دەکەن بەڵام باس کردنی گرنگ نیە ئەنجامدانی گرنگە، هەر کەس شارەزا نەبێت نازانێ ئەمە چەند کارێکی ئەستەمە، سەرەتا سەباح زۆر بە دڵنیایی دەیگوت:

– ئەمڕۆ ناوم دەخوێندرێتەوە لەسەر شکاتی هاوسەرەکەم دەبێ بمبەنەوە دادگای هەولێر.

ئێمەش هەموومان لەگەڵ ئەو دا چاوەڕێ ی خوێندنەوەی ناوی سەباح بووین، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك ناوی هەر نەخوێندرایەوە باسەکە کۆن بوو پشتگوێ خرا، تەنها بە هۆی باس کردنی سەباح دەهاتەوە بیرمان، وای لێهاتبوو لە پەرۆشی دا یا بۆخۆشی بەندیەکان دەیانووت:

– سەباح ئەمڕۆش ناوت نەخوێندرایەوە.

هەر چەندە سەباح لە کاری خۆی دڵنیا بوو، بەڵام ئەم دوا کەوتنە گومانی لا پەیدا کردبوو، ڕۆژێك گووتم:

– باشە...سەباح ئەوان چۆن بزانن تۆ ئەم کارەت هێندە مەبەستە؟

– نەخێر...ناکرێ کەمتەرخەمی بکەن، ئەوان باش دەزانن بچمە دادگا کارم تەواوە لەبەر

ئەوە بێ خەم نابن.

– باشە وابێ خەم نەبوون داوایان کردیت و بردیانیەوە بۆ شاری هەولێر تۆ لە ژێر چاودێریەکی ورد دای چۆن دەتوانیت ڕا بکەیت.

– بەندیخانە نیە مرۆڤ نەتوانێ لێ ی ڕابکات و دەرباز بێت، بەڵام ئەویش کەوتۆتە سەر شانس و لێهاتوویی، لەم بەندیخانەدا یەك بەندی بەسە بۆ ئەوەی هاوکاریم بکات، ئەگینا خۆم بە تەنها ئەو کارە دەکەم، دە جار بەم جۆرە بەندیخانەم شکاندووە و ڕام کردووە، دەمبینی ئەمجارەش چۆن دەردەچم، بەڵام هەر کاتێك تۆش دەرچوویت ئەگەر لە شاری هەولێر سەردانم نەکەیت ئەوە گلەیی بێ لەلات.

ڕۆژانە باسی یەکێك لەو جارانەی بۆ دەگێڕامەوە کە لە بەندیخانە ڕای کردووە من بە تاسەوە گوێم بۆ دەگرت ئەویش بە گێڕانەوەی ئاسوودە تر دەبوو. لە گێڕانەوەکان دا شتی وا خۆش و ناخۆش و سەیر و سەمەرەی تێدا بوو مرۆڤ سەری سوڕدەما، لێتان ناشارمەوە بڕوام بە قسەکانی نەبوو پێم وابوو ئەوانە هەمووی ڕووداوی ناو فلیم و چیرۆك و بەسەر هاتی ڕابردوون یا لە خەیاڵی خۆی دا دروستی کردوون، هەر چەندە بە هۆی ئەو چەند ڕۆژە من لە سەباح گەیشتبوم پیاوێکی کارامە و لێهاتوو دیار بوو، بەڵای ڕۆژگار فێری زۆر شتی بە سوودی کردبوو، ئەزمونی فرەشی لە تێشکان و کەم و کوریان وەرگرتبوو، هێندە ئەو بەسەر هاتانەی بۆ گێڕابومەوە منیش ئەگەر پرسیارم لێ کرابا وەکو تووتی بێ لەبەر دەمووتەوە، تەنها جیاوازیمان ئەوە بوو ئەو خۆی پاڵەوانی ڕووداوەکان بوو، هێندە بە تاسەوە بە سەر هاتەکانی دەگێڕایەوە تەواو سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو، بە کارێکی خراپی نازانم ئەگەر ئێوەش لەگەڵ خۆم دا بکێشمە ناو ئەم کۆڕەوە، هەر چەندە ئەوە کاتی زۆری دەوێ بەڵام بۆ ئەوەی ئێوەی ئازیز لەو چیرۆکە سەرنج ڕاکێش و پڕ کارەساتانە بێبەش نەبن سەرنجتان بۆ ورە و هیمەتی شێرێکی لاواز ڕادەکێشم کە تەنها خۆی و ددانەکانی بوون، بەڵام کارەکانی سەریان لە دڕندەترین دیکتاتۆری جیهان شێواند

بوو، تەنها یەکێك لە و جارانەی کە سەباح لە بەندیخانە ڕای کردووە زۆرە بۆ ئەوەی لە توانای ئەم پیاوە کارامەیە بگەن، سەباح دەیگووت:

-بە هۆی ئەوەی چەند جارێك ڕام کرد و گرتیانمەوە بار ودۆخی ژیانم تەواو شێوا بوو، ڕابواردنم دژوار و بەرنامەی کاری ڕۆژانەم ئالۆزا بوو، کارمەندانی ئاسایشی ڕژێم هەمیشە وەك سێبەرەکەم بە دوامەوە بوون، بابم بە زەیی پێم دا دەهاتەوە زۆر بە تەنگمەوە بوو، دەیزانی لەچ بارێکی نا هەموار دام ئامۆژگاری دەکردم تا ماوەیەك بچمە دەشت لای کێڵگەی گامێشەکان ژیان بگوزەرێنم، بەڵکو ئەم بارودۆخەکەمێك ئارام دەبێتەوە دوای ئارام بوونەوە دەتوانی بگەڕێیتەوە ناو شار.

لەسەر قسە و ڕێنمایی بابم ژیانی دەرەوەم هەڵبژاد، یەکێك لە هاوسەرەکانم لە دەشت بوو ئەوەی تریان لای خۆم بوو لە ناو شار، لەگەڵ هاوسەرەکەم بارگەمان پێچایەوە بەرەو دەشت، خانوویەکی گەورەمان لەسەر کێڵگەی گامێشەکان دروست کردووە، ئۆتۆمبیلێکی لادەی تازەم هەبوو هەمیشە بە ئامادە کراوی لەبەر دەرگای حەوشە ڕاگیرا بوو دیواری دواوەی خانوەکەمان کونێکم تێ کردووە، ئەسپێکی باشم هەیە لە بنەچەی ئەسپە ڕەسەنەکانی عەرەبی، هەمیشە بە ئامادە کراوی لە دواوەی خانوەکەمان بەسترا بووەوە، بۆ ئەوەی هەر کاتێك پیاوەکانی ڕژیم لە دەرگاوە بۆم هاتن فریای ئۆتۆمبیلەکەم نەکەوتم لەو کونەوە بچم سواری ئەسپەکەم بم، هەر ئەوەندە پێم بگاتە سەر پشتی ئەسپەکە بە فڕکانێك لە حوکمی چاو ون دەبم، هاوسەر و شوانەکانمان وا ڕا هاتوون هەمیشە چاودێری ڕێگاو دەور و بەر بکەن، هەر کاتێك دوژمن هات ئاگادارم بکەنەوە لەم بارودۆخە ئالۆز و کوێرەوەریەدا ژیانم دەگوزەراند، ڕۆژێك یەکێك لە هاوسەرەکانم چووە سەبان بە پەلە گەڕایەوە گووتی:

— سەباح هەر چوار دەورەمان گیراوە گەمارۆ دراوین.

وا دیار بوو کەمتەرخەمیان کرد بوو تا گەمارۆ نەدراین نە مانزانی، بە پەلە ڕام کرد بۆ

دەرگای حەوشە بۆ ئەوەی پێش پۆلیسەکان بگەمە ئۆتۆمبیلەکەم، دەرگام کردەوە مەفرەزەیەکی پۆلیس لەبەر دەرگا لە ئۆتۆمبیلەکەم ئالا بوون، خێرا دەرگاکەم بە ڕوویان دا داخستەوە، ڕام کرد بەرەو ئەسپەکەم تاکە هیوام بوو لە و ڕۆژەدا بەکەڵکم بێت، سەرم لە کونەکە بردە ئەو دیو لولەی تفەنگیان لەسەر ملم دانا گووتیان:

– نەجولێ ی، دەرباز بوونت نیە، هەر چوار دەورت گیراوە.

کارەکەم لێ ئالۆزا هیچم بۆ نەکرا، ناچار دەستم بە خۆم دابەردانەوە، وەك مەلی سەر لێ شێواو دەداو کەوتم، چۆن ڕاوچی لە کاتی دۆزینەوەی نێچیر لە هەو هەو و ماڵیاوا دەدات ئەوانیش وەك کەروێشکیان لە لان دا دۆزیبێتەوە بوو بە هەراو هوریایەك ئەو ناوەی پڕ کرد بوو، لە خۆشیان پێیان زەوی نەدەگرت خێرا ئۆتۆمبیلێکی لا ندکرۆزەر پیك ئاب یان هێنا سێ پای دۆشکای لە ناو عەرەبانەکەی دا چەسپ کرا بوو، دایان نیشاندم هەر پێیەکی منیان لە پایەکی سێپاکە بەستەوە، هەر دووك دەستمیان لە پێشەوە بە سێپاکەوە بەستەوە، کەوتینەڕێ زۆر خێرا دەڕۆیشتن قژم زۆر درێژ بوو کەوتبووە سەر شانم، چونکە لە ترسی پۆلیس هەر جارە بە شێوەیەك خۆم پیشان دەدا، لەبەر خێرا ڕۆیشتنی ئۆتۆمبیلەکە با لە کاکۆڵی دەدام دیمەنێکی سەیر بوو لەو پەرێشانیەدا پێکەنینم بە خۆم دەهات، چەندە لەڕو لاواز بووم هێندەی دی بچکۆلە بوو بوومەوە، کەس بڕوای نە دەکرد ئەو کەسەی ئەم هەموو هێزەی بە شوێن خراوە من بم، کە گەیشتین دەستیان لەگەڵ پۆلیسێك کەلەپچە کردم بۆ ئافەرین و وەرگرتنی بەخششەکەیان خێرا منیان بردە ژوورەوە، لە حەوشەی بەندیخانەکە یەکێك پیاسەی دەکرد بە دیمەنی دا لێپرسراوێکی گەورە دیار بوو، بەرگێکی ڕەنگ زەیتونی لەبەر دا بوو، دەمانچەیەکی بەقەدەوە بوو، پێدەچوو چاوەڕێ ی کەسێك یا گەیشتنی شتێك بکات، لێپرسراوی مەفرەزەکە خێرا چووە پێشەوە و سڵاوێکی ڕەسمی بۆ کابرا کرد،بەڵام پێش ئەوەی بتوانێت قسە بکات کابرا وەك فەرمانێك گووتی:

– کوا سەباحتان هێنا ؟!
لێپرسراوی مەفرەزەکە گووتی:
– بەڵێ گەورەم  بە پەنجە ئاماژەی بۆ من کرد ئەوە سەباحە.
کابرا سەرەتا واقی وڕما بۆ چەند ساتێك بە حەپەساوی تە ماشای کردم  پێ ی وانە بوو ئەوەی ئەم هەموو هێزەی بۆ دەر کراوە من بم، دوایی ئەوەندەی تفی لە ناو زاری دابوو بە سەر و چاوی منی دا کرد گووتی :
– تفووو...سەگی سەگ باب چۆن ئەو سەباحەی  نیوەی هێزی حکومەتی پێوە خەریکە تۆی لە هەموو شتێك دەچیت لە بنیادەم نەبێت! فەرمانی دا بیبەنە ژوورەوە.
بردیانمە هۆڵێکی بارێك و درێژ بەندیەکان لەم بەر و لە وبەری بەڕیز دانیشتبوون، سەرەڕای ئەوەی هەر دووك دەستم کەلەپچە کرا بوون ئاسنێکی گەورەشیان بە قفڵ و زنجیرێك بەلاقمەوە شەتەك دا گووتم:
–من لەژوورەوەم و دەرگا داخراوە، منتان شەتەك داوە پێتان وایە بۆکوێ دەچم.
پاسەوانەکان گووتیان:
– بێ دەنگ بە ئەمە بڕیاری گەورەمانە .
بەندیەکان خۆیان دەست و لاقیان نە بەسترابوو، لەبەر ئەوە بە سەر سوڕمانەوە سەیری منیان دەکرد، دوای ڕۆیشتنی پاسەوانەکان بە بەندیەکەی تەنیشت خۆم گووت:
– کلیلەیەکی کەلەپچە لە یەخەی چاکەتەکەم دایە بۆم دەربێنە و ئەم کەلەپچەیەم بۆ بکەرەوە، هەر کاتێك شەکەتیم دەرچوو دەیبەستمەوە، سەرەتا کابرا تێ نەگەیشت یا باشتر وایە بلێم بڕوای نەکرد، بە سەر سامی تەماشای کردم
دووبارەم کردەوە، کابرا بە پەشۆکاوی گووتی:
– بابە کێشەی خۆم هێندە کەم نیە تووشی بەڵایەکی دیکەشم مەکە.
هەر چەند هەوڵم دا کەس کەلەپچەکەی بۆ نە کردمەوە نا چار هەر چۆنێك بوو خۆم

هەوڵم دا تا کەلەپچەکەم کردەوە و لەسەر پەنجەرەکەم دانا، من توشی گیر و گرفت ببووم ئەوان نەترەیان چوو بوو، دوای ماوەیەك کەلەپچەکەم بەستەوە. یەك دوو ڕۆژ بەسەر دا تێپەڕی پاسەوانەکان لەگەڵم ئاسایی بوونەوە ئاسنەکەیان لە لاقم کردەوە و دوایش کەلەپچەکەیان لە دەستم کردەوە .

که دەیان بردینە سەر ئاو بە وردی سەرنجی هەموو شتەکانم دەدا، یەکێك لە پاسەوانەکان زۆر کەمتەرخەم بوو، کە دەرگاکەی دەکردەوە و دەچووینە سەر ئاو قفلێ و کلیلەکەی بە دەرگاکەوە بەجێ دەهێشت، من لە هەلێکی وادەگەڕام ڕۆژێك بە تەنها گووتم:

—دەرگاکەم بۆ بکەرەوە دەچم بۆ سەر ئاو .

— دەرگاکەی کردەوە و بە شێوەی جاران خۆی دوورکەوتەوە، من چوومە ناو ئاودەستەکە و یەکسەر گەڕامەوە، بۆ ئەو مەبەستە زار جویەك بنێشتم لە دەم دا بوو دەرم هێنا و لەسەر بەری دەستم کلیلەکەم لەسەر چەسپ کرد وێنەی کلیلەکە لەسەر بێشتەکە دەرچوو، کلیلەکەم خستەوە ناو قفڵەکە، چوومەوە ژوورەوە بۆ

شوێنەکەی خۆم، کە دایکم هات بۆ سەردانم پێمووت:

— بەو شێوەی وێنەی لەسەر بنێشتەکە دەرچووە کلیلەیەکم بۆ دروست بکە دەمەوێ ڕابکەم .

نازانم چۆن لە ناو بەندیەکان دەنگۆیەك بڵاوبوەوە (سەباح دایکی کلیلەی بۆ دێنێ دەیەوێ ڕابکات ) کاتێ دایکم هات بۆ سەردانم پاسەوانەکە بە دوا خۆی دام، بەڵام کە دایکم نزیك بووەوە پاسەوانەکە بە دایکمی گووت:

— نە یەیتە پێشەوە دەڵێن کلیلەی بەندیخانەت بۆ سەباح هێناوە تاکو ڕابکات .

دایکم ژنێکی لێهاتو و کارامەیە خێرا گووتی:

— ئەیەڕۆ کوڕم...سەباح چی کردووە تاڕا بکات هەمووی پێنج و دوو ڕۆژێکە خۆتان ئازادی دەکەن.

لەگەڵ ئەم قسانەدا هەر دوو دەستی بەرز کردەوە، بە دەستێك جانتاكەی كردەوە پیشانی پاسەوانەكەی دا بە دەستەكەی دیكەی لەسەر شانی پاسەوانەكەوە كلیلەكەی دا بە من، لەبەر ئەوەی پاسەوانەكە هێشتا گومانی هەبوو بە جێ ی نەهێشتین بەرامبەر ئێمە ڕاوەستا، من و دایكم نەمانتوانی هیچ دەربارەی مەبەستەكەم باس بكەین، بەڵام لە چاوم دا زۆر شتی دەخوێندەوە بە ئومێدەوە سەیری دەكردم وەك ئەوەی پێم بڵێت ئامادەم بۆ هەموو هاوكاریەكت، ئەو ڕۆیشت و من چومە ژوورەوە كەوتمە بیری دانانی بەرنامەی ڕا كردن، بۆ بەیانی یەكێك لە بەندیەكان دەردەچوو هەر چەندە من تازە هاتبووم تیكەڵاویم لەگەڵی نەبوو، بەڵام بە هۆی ڕەفتاری نا ئاسایی پاسەوانەكان لەگەڵم دا خۆشەویستی و دڵسۆزیەكی بەرامبەرم، هەبوو دیار بوو دەیویست هاوكاریم بكات پێش ئەوەی دەرچێت گووتی:

– هەر كارێكت هەیە ئامادەم بۆت جێ بەجێ بكەم.

– سوپاست دەكەم ... ئەگەر ئەرك نیە كە چوویتە دەرەوە تە ماشا بكەیت بزانیت لە دەرەوە دیوار و ستارەی ئەم بەندیخانەیە چۆنە وە دەرەوەی بەندیخانە لە ڕاستی من چی یە ؟

چووە دەرەوە و دوای ماوەیەك گەڕایەوە بۆ لام گووتی:

–ئەم بەندیخانەیە لە دەرەوە ستارەكراوە وسوانە(كۆرنیش)ەكەی پەنجا سانتمەتر تێپەڕیوە، دەرەوەی بەندیخانەش بازاڕە ولە ڕاستی تۆ دوكانی دارتاشێكە گووتم:

– ئەگەر ئەرك نیە بچۆ بۆ ماڵی ئێمە بە دایكم بڵێ سبەینێ كاتژمێر دەی سەر لە بەیانی ئۆتۆمبیلێكی بەڕازیلی سوور بێنێ لەبەر دەمی دارتاشەكە ڕاییگرێ خۆی لە دواوە دابنیشێ و دەرگای تەنیشت شوفێرەكە كراوە بێت، شوفێرەكە ئۆتۆمبیلەكەی بە كار پێكراوی ئامادە بێت.

من خۆم وام دانا بوو ڕادەكەم لە سەر ستارەكەوە خۆم هەڵ دەدەمە سەر سوانەكە و

دەڕۆم تا ڕاستی ئۆتۆمبیلەکە ئینجا خۆم هەڵ دەدەمە خوارەوە، پاسەوانەکان تەقەم لێ دەکەن بریندارەبم، بەڵام هەر چۆنێك بێت خۆم دەگەیەنمە ئۆتۆمبیلەکە و دەردەچم .

بەیانی کاتژمێر دە کلیلەکەم دەرهێنا دەرگاکەم کردەوە کارەکە ئاسان بوو، چونکە دەرگاکە شیش بەند بوو لە نێوان شیشەکان دەستم برد و دەرگاکەم کردەوە، لە پلیکانەکانەوە هەڵاتم بۆ سەربان لە ستارەکەوە خۆم هەڵدایە ئەو دیو بۆ سەر سوانەکە لەسەر قسەی کابرای دوێنێ، بەڵام لە بەختی من لەو شوێنەی من خۆم هەڵ دایە ئەو دیو سوانەی نەبوو یەکسەر کەوتمە سەر زەوی، بەڵام لە دوورەوە بەڕازیلە سوورەکەم بە ئامادە کراوی بەدی کرد بە پڕ تاو بەرەو بەڕازیلەکە ڕام کرد، پیاوێك لە ناو ئاپۆرای خەڵکی بازاڕەکە بەرگی ئاسایی مەدەنی لەبەر دا بوو کە زانی بەندیم و دەمەوێ ڕا بکەم دەمانچەی دەرهێنا و گوللەیەکی لەلاقم دا و پێکرام، زانیم ڕۆیشتنم بەرەو ئۆتۆمبیلەکە بێ کەڵکە چونکە پیاوەکە لە نێوان من و ئۆتۆمبیلەکەدا بوو، ناچار بامدایەوە بە لای کۆڵانێکدا ڕام کرد کابراش وەك ئەوەی لە کارەکەی خۆی پەشیمان بێت یا لە پێشهاتێك بترسێت بەدوام نەکەوت، هەر چۆنێك بوو خواکاری ڕاست بێنێت ئەگەر ئارەزووی بوایە بە ئاسانی دەیتوانی بمگرێ .

ئەفسەر و پاسەوانەکانی بەندیخانە هاروژان وەك ئەوەی داریان لە هێلانە زەردەواڵە وەردا بێت، بە هەموو دەوروبەرەکەدا بڵاوبونەوە، پێم وا بوو ناتوانم لە ناو ئەم هەموو پۆلیسە دەربازبم، بەڵام لەبەر ئەوەی گوللەکەی بەرلاقم کەوت بوو ئێسقانی نەگرتبوو هێشتا هێزم تێدا مابوو، ورەم دایە بەر خۆم تاکو باش دوورکەوتمەوە لە ترسی ئەوەی بە بریندارى نەکەومە بەر دەستیان، دوایی لام دایە ماڵێك سەربانە و سەربان ڕۆیشتم ماڵی خزمێکم لەو ناوە بوو خۆم گەیاندە ماڵی خزمەکەم، حەشاریان دام تا بار ودۆخەکە هێمن بووەوە.

گێڕانەوەی بە سەرهات و مێژووی کۆن سەرنجم ڕادەکێشی، هەر کەسێك لەم بارەوە شتێکم بۆ بگێڕێتەوە بەخۆشحاڵیەوە بێ دەنگ گوێ ی بۆ دەگرم. سەباح ئەوەندە خۆش و

به تام ئەو باسانەی دەگێڕایەوە سەرنجی ڕادەکێشام، بە تاسەوە گوێم بۆ دەگرت لەبەر ئەوە سەباح لە ناخەوە بەسەر هاتەکانی بۆ دەگێڕامەوە .

ئێوارەیەك یاساوڵەکان ناوی سەباحیان خوێندەوە، سەباح لەبەر ئەوەی هەمیشە لەسەر هەست بوو چاوەڕێ ی خوێندنەوەی ناوی خۆی بوو لە خۆشیان شا گەشکە بوو بە دەر لە توانای خۆی هەستایە سەر پێ گووتی:

– ئەرێ وەڵڵا دەرچووم !

تا یاساوڵەکان دەرگایان لە وانی تر کردەوە کە ناویان خوێندرا بوەوە و ژوورەکەیان لە پێش ئێمە بوو، سەباح خوا حافیزی لە هەموویان کرد، ئەو چەند ڕۆژە هۆگری یەکتر بوو بووین، تا ماوەیەك باوەشمان بە یەکدا کرد دوایی بە ئامادەیی لەبەردەگاکە ڕاوەستا تا یاساوڵەکە هات دەرگاکەی لێ کردەوەو ڕۆیشت.

دوو ڕۆژ دوای ڕۆیشتنی سەباح یاساوڵەکان ڕەفتاریان زۆر نا ئاسایی بوو، پێشتر پەنجەرەکان بە بلۆك و چیمەنتۆ گیرا بوون سەرلە نوێ بە چیمەنتۆ زیاتر قایمیان کردن، هەر چەندە ئەم بەندیخانەیە هی ئەوە نەبوو کەس بتوانێت لێ ی دەربازبێت، لەگەڵ ئەوەش دا چاویان بە هەموو ژوورەکان دا خشاندەوە. دوای چەند ڕۆژێك بەندی تازەیان هێنا یەکێکیان هێنایە ژووری ئێمە، دوای پشودانێك گووتی:

– پێری شەو بارانێکی بە خوڕ و تۆفان باری، لەو کاتەدا لە بەندیخانەی ژمارەیەك بەندیەك بە ناوی سەباح شەهاب سوودی لەو باران و تۆفانە وەرگرتبوو بەندیخانەکەی شکاند و لە پەنجەرەی دواوەی بەندیخانەکە لەگەڵ یەکێکی تردا ڕای کردوو بۆی دەرچوو لەگەڵ ئەوەی هەوڵی زۆریان دا بۆیان نەگیرانەوە، تێگەیشتین ئەو توند و تیژیەی چەند ڕۆژ لەمە و بەری یاساوڵەکان هی ئەوە بووە کە سەباح ڕای کردووە و گومانی ئەوەیان هەبووە نەکو لەگەڵ ئێمە پەیوەندی هەبوبێت .

بە بیستنی دەرچونی سەباح هەموو برادەران دڵخۆش بوون، دەست خۆشیان لێ کرد،

منیش جار جار تاس دەیبردمەوە لە دڵی خۆم دادەمگووت: هەی ئافەرین پیاوی لێهاتوو بە ئەزموون، دەك شیری دایکت پێ حەڵاڵ بێت .

## دۆستێکی خراپ

بەندیخانە ئەو کێڵگەی خەم بەرهەم دێنێ، مەنگەنەی گیانە هەست دەتەزێنێ، پەڕەی هەللاجە ئازار دەبێژێ، هەر بە زیندویی جەستە دەنێژێ، ئازار و ئاهو دەرد و مەینەتی، کێ گیرۆدەی بێت ئەوە بەشیەتی،ناڵە بۆدڵ و دەرد بۆلەش دێنێ، یەخسیر وەرهەمی تێدا هەڵدێنێ، ورە و بەرگری گرتۆتە کۆشی، دەڕژێتە سەر یان ژان و نەخۆشی، باری خراپی بەندیەکان و جەنگی دەرونی یاساوڵەکان خەمیان کەڵەکە کرد بوو، وەك دەڵێن خەمیش دایکی نەخۆشیەکانە ئەوەی نەخۆشی جەستەیی نەبوو وەك دەردەداران لە ئازاری دەرونی دا دەتلایەوە.

من ڕۆژ بە ڕۆژ باری تەندروستیم خراپ تر دەبوو، نەخۆشیەکەم زیاتر تەشەنەی دەکرد، وەك دۆستێکی خراپ بەر بینگی پێ گرتبووم وازی لێ نەدەهێنام، ببووە مارەکەی شێخ ئۆمەر و لە گەردنم ئاڵا بوو، یاساوڵەکانیش وردە وردە دکتۆر و دەرمانیان کەم کردەوە لە دوا جاردا بڕیاریان دا لەمەو دوا دکتۆر و دەرمان نەهێنن، هەندێك دەرمانیان لە ژووری خۆیان دانا بوو بۆ کاتی زۆر پێویست، کاری دکتۆرەکانیشیان بە مامۆستا کامەران سپارد، مامۆستا کامەران پیاوێکی دڵپاك و بە بەزەیی و لە خۆ بوردوو بوو، خەڵکی شاری قەڵادزێ بوو، دەرچوی کۆلیژی زانست – بەشی بایۆلۆژی– بوو، زۆر جار ڕژێم لە شوێنە تایبەتی و یەکە سەربازیەکان دا بۆ کاری پزیشکی سوودی لە توانای ئەم جۆرە کەسانە وەردەگرت، لێرەش ئەم کارەیان بە مامۆستا کامەران سپارد بوو، ئەویش زۆر دڵسۆز بوو بۆ کارەکەی، لە کاتی پێویستی دا زۆر هاوکاری منی دەکرد لە ناخی دڵەوە سوپاس و ڕێزێکی بێ پایانم بۆ ئەو هەستە بەرزەی هەیە، مامۆستا کامەران خۆی چووبووە ئێران و بە لێبوردنی گشتی گەڕابووە عیراق ڕژێمیش وەك دەست بەسەر لەم بەندیخانەیە داینا بوو، ئێستا مامۆستایە لە

پەیمانگای مامۆستایانی ڕانیە  دڵسۆزانە ئەرکەکەی ئەنجام دەدات.

بەندیەکی تریش هەبوو ناوی ئەحمەد بوو چاو و برۆ ڕەشێکی باڵا مام ناوەندی بوو، پیاوێکی هێمن و میهرەبان بوو، هەندێك جار ئەو ئەرکەیان پێ دەسپارد، ڕۆژێك هەناسەم زۆر توند بوو کاتێك ئەحمەد بە سەر ژوورەکان دا دەگەڕا ویستم داوای لێ بکەم دکتۆر یا دەرمانم بۆ بهێنێ بەڵام ئەو گووتی:

– یاساوڵەکان ئاگاداریان کردومەتەوە پێتان ڕابگەیەنم لەمەو دوا دەرمان بەکەس نادەن .

منیش گووتم:

– ئەی من چارم چی یە؟خۆتان دەزانن نەحۆشی من وەخت و ناوەخت نازانێ .

ئەو هیچ چارەیەکی لا نەبوو بەڵام لە پەرۆشی دا گووتی:

– هەر کاتێك توشی نەخۆشی بوویت چەند جارێك هەناسەی قوڵ هەڵ بکێشە بەڵکو خوا ڕوحم بکات. بەڵام هەیهاتە لەم بار ودۆخە نا لەبار و پڕ ئاشوبەدا نەخۆشی بە هەناسە هەڵکێشان چاك بێت .

دوای نانخواردنی ئێوارە زۆر تەنگەنەفەس بووم، عەریف ئەحمەد بە ڕاڕەوەکەدا هاتوچۆی دەکرد کە دەگەیشتە ڕاستی من خێسێکی لێ دەکردم و ڕووی لە ولا دەکرد و خێرا تێدەپەڕی بۆ ئەوەی زاتی ئەوە نەکەم داوای دکتۆر بکەم، بەڵام لەبەر پەرێشانی خۆم ناچار بووم، بڕواتان بێت ئەگەر نان و ئاو بوایە داوام لێ نەدەکرد، لەگەڵ ئەوەش کە پێم گووت زۆرکورت کۆتایی پێ هێنا گووتی:

– دکتۆر نی یە .

ناچار ڕووم لە برادەرانی ژوورەکەم کرد:

– کێ حەبی (پاراسیتۆڵ)ی لایە بەڵکو تا ڕۆژ دەبێتەوە لەوە خراپ تر نەبم .

ئەو کوڕەی یەکەمجار لە ژووری تاکەکەسی (أنفرادی) بردیانمە لای لێرە یەکمان گرتەوە ناوی عەبدوڵڵا قادر ئیبڕاهیم بوو، سێ برای شەهید بوو ڕژێم بە مەبەستی شەهید کردنی

ئەویشی هێنا بووە بەندیخانە، دوای ئەوەی لە( أنفرادی) لە یەکیان جیا کرد بووینەوە ئەشکەنجەی زۆر درا بوو، بە شیش گۆشتی ڕانەکانی کون کون کرا بوو، هەموو گیانی برین بوو وەك کولەکەی کەو باڕانیان لێ کرد بوو، چوار ددانیشیان بە پلایس بۆ شکاند بوو، لەبەر ئازاری ددانەکانی حەبیان دا بۆیە گووتی:

–من حەبی (ئەسپرین)م لایە ئەویش هەر هی ئازار لا بردنە ڕەنگە بۆت باش بێت.

به پێچەوانەی بۆ چوونی ئێمە نەك حەبی ئەسپرین بەڵکو هەموو ئەو دەرمانانەی ماددەی ئەسپرینیان تێدایە بۆ نەخۆشی ڕەبۆ خراپە، نەخۆش پێویستە خۆی بە دوور بگرێ لە بەکار هێنانی ماددەی ئەسپرین، بەڵام من ئەو کات ئەوەم نەدەزانی لە پەرێشانی خۆم هەموو شتێکم لا باش بوو گووتم:

– باشە بمدەرێ...زۆر سوپاس .

ماوەیەك دوای خواردنی حەبەکە نەخۆشیەکەم هێندە زیادی کرد سنگم وەك دەهۆڵ لێ ی دەدا، برادەرانی ژوورەکە لە دەرگایان دا بۆ ئەوەی یاساوڵەکان بە دەنگمانەوە بێن عەریف خضیر هات، منیش هەستام بێمە لای شیش بەندەکە بەڵام بورامەوە و کەوتمە سەر زەوی .

ئەم عەریف خضیرة تازە هاتبوو پیاوێکی باش و بە بەزەیی بوو، بەڵام ڕۆژانە بەبن دیوارەکان دا بەنهێنی دەهات بەسەر ژوورەکان دادەگەڕا تا نە گەیشتبایە بەردەرگا نەمان دەزانی، ئیتر هەر کەسێك ناڕەحەت بوایە یا شتێکی نا ئاسایی هەبوایە بە چاوی خۆی دەیدیت و سزای دەدا .

کە بە هۆش خۆم هاتمەوە برادەرنی ژوورەکەم هەڵیان گرتبووم دەیانبردم بۆ ژووری یاساوڵەکان، بەڵام پێش ئەوەی بگەمە ئەوێ جارێکی دی بورامەوە کە بە هۆش خۆم هاتمەوە دکتۆرم لا بوو هەندێك دەرزی و دەرمانیان بۆ بەکارهێنام سوودی نەبوو دکتۆر گووتی:

– دەبێ بیبەین بۆ نەخۆشخانە .

نەمدەتوانی بڕۆم پاسکیلێکی بچوکی چوار تایی نەخۆشخانەیان بۆ هێنام، بردیانمە نەخۆشخانەی حوکمە سوکەکان ( الاحکام الخفیخە) هەر لەسەر پاسکیلەکە دانیشتبووم نەیانهێنامە خوارەوە، ئاو و مغەزی و دەرزی (أمینوفللین) و ئۆکسجین یان خستەسەر دەمم لەو کاتەدا بەر چاوم تاریك بوو سەرم گێژی خوارد و بە پێش داهاتم کەوتمە سەر زەوی دووبارە بورامەوە، کاتێك هاتمەوە هۆش خۆم لە ئۆتۆمبیلێك دابووم، هەستم کرد ناوچەوانم تەڕە دەستم پێداهێنا کە تەماشام کرد خوێن بوو تومەز لەسەر پاسکیلەکە کەوتبومە خوارەوە سەرم شکابوو، نەمدەزانی بەرەو کوێم دەبەن هەر لە ئۆتۆمبیلەکەدا جارێکی دی بورامەوە، کە هاتمەوە هۆش خۆم لە ژوورێکی تاریك دایاننا بووم لەسەردەم بەلای تەنیشت دا کەوتبووم، هەستم کرد ڕوومەتم  تەڕاییەکی پێوەیە بە لەپی دەستم تەڕاییەکەم سڕی، هەستام دانیشتم تۆزێك کشامەوە دواوە پشتم بە دیوارەکەوەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی دەرگاکەی داخرا بوو هیچ پەنجەرەیەکیش دیار نەبوو گڵۆپیشی تێدا نەبوو، لە ناو تاریکاییەکی قوڵ دا نقوم ببوم، زۆر ناڕەحەت و شل و شەکەت بووم بە دیوارەکەوە هەستامە سەر پێ بۆ ئەوەی هەر نەبێت بزانم گەورەیی ژوورەکە چەندە و لێرە چ باسە، بە دیوارەکەوە ڕۆیشتم پێچم کردەوە بە هۆی دەست کوتانم لە دیوارەکە هەستم کرد پەنجەرەیەکی گەورەی تێدایە، بەڵام تەنها شیش بەندەکەی مابوو شوشەی پێوە نەما بوو لەو دیوەوە چینکۆیەکی پێداگیرا بوو، هەر لەبەر ئەوەش هێندە تاریك بوو بە دیوارەکەوە ڕۆیشتم شەقم لە قوتویەکی بچوك هەڵدا، قوتوەکە وەرگەڕا دانەویمەوە بە دەست قوتوەکەم ڕاست کردەوە دەستم بەر تەڕاییەك کەوت وام زانی ئاوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆن میزێکی ناخۆشی لێ دەهات وام دانا ئەو ئاوەی ناو قوتوەکە میز بێت بەندی تر پێش من میزیان تێ کردبێت، پەنجەرەکە پەتێکی ئەستووری دوو مەتری پێوە بوو، ڕەنگە بۆ بەستنەوە و سزا دانی بەندیەکان بەکار هێنرابێ، ئینجا هەر بە دیوارەکەوە گەڕامەوە شوێنی خۆم، لەسەر

چیچکان دانیشتم به هەڵتروشکاوی پاڵم به دیوارەکەوەدا، لەو ژووره تاریك و چۆڵ و خامۆشەدا هەر ساتێك به ساڵێك دەڕۆیشت .

دوای ماوەیەکی زۆر عەریف خضیر هات دەرگاکەی کردەوە، لەنێوان دەرگا و دیوارەکەوە ڕوناکی گڵۆپێکی دوور به باریکی هاته ژوورەوە، چاوێکی خێرام به ژوورەکەدا گێڕا قولابێك به بن میچی ژوورەکەوە بوو، دوور نیه بۆ هەڵواسینی خەڵك بوو بێت، دیوارەکانی بۆر و ناشیرین بوون، پەڵەی گەوره گەورەی وەك هی خوێن به دیوارەکانەوە بوو، وا پێ دەچوو ژووری ئەشکەنجەدان بێت یا من لەبەر تاریکایی وای تێگەیشتبووم، عەریف خضیر به پەشۆکاوی گووتی:

– ئەوەچی یه ...خوێنه؟

که سەرنجم دایه بەردەمم لەسەر زەوی له ژێر ڕوناکی گڵۆپەکەدا زەرداوێکی سوورباوم بینی که پێشتر له پەرێشانی خۆم و تاریکی ژوورەکەدا هەستم پێ نەکرد بوو، وادیار بوو ڕشابوومەوه ئەو تەڕاییەی به ڕوومەتیشمەوه بوو هەر پاشماوەی ئەو ڕشانەوەیه بوو گووتم:

–بەڵێ خوێنه !.

ئەو گووتی:

– هەسته وەره دەرەوە .

که هەستامه سەر پێ زۆر بێ هێز بووم وەك دەڵێن هەر لاکەم دەهات، خۆم به پێوه ڕانەدەگرت به دیوارەکەوه هاتمه ئەو دیو دەرگاکه، ویستم بڕۆم هەر ئەوەندەم زانی ڕاقەنام و به لاداهاتم جارێکی دی بورامەوه ئاگام له خۆم بڕا نازانم چەندی پێ چوو، بەڵام که هاتمەوه هۆش خۆم چاوم کردەوه به دەرگا و دیوار و شیش بەند و پەنجەره بچوکەکەی دا ناسیمەوه که ئێره بەندیخانەی ژمارەیەکه، کاتی خۆی لەگەڵ هاوڕێکانم پێنج ڕۆژ لێره بووین، له یەکێك له ژوورەکانی بەندیخانەی ژمارەیەك به تەنیا لەو پەرێشانیەدا له

گۆشەیەکی ژوورێك دا بە دیوارەوە پاڵیان خستبووم، ئەو بەتانیە دوو ڕەنگەی لە بەندیخانەی جەناح خاس خۆم چاکم کرد بوو پێیان دا دا بووم، یەك پەمپ(بخاخ)ی ڕەبۆیان لە تەنیشت دانا

بووم بەوەدا دیار بوو برد بویانم بۆ لای دکتۆر.

ماندوو شەکەت لەسەرمان هەڵ دەلەرزیم بە ڕاستی ئەو بەندیخانەیە ئەوەندە سارد بوو دەتگووت زمهەریرە، چوار دیوارێکە و سەرمای تێزاوە، کە سەرما دەهاتە ژوورەوە خۆی سەرمای دەبوو، لە دۆخێکی نا لەباردا تەنها من و خەمماینەوە، وەك مۆم ئازارەکانم دەچزایە سەر جەستەم . دەبیٚ هەمیشە سوپاس گوزاری خەم بین کە ئاوالێکی ئامادەیە، ئەگینا خۆشی و شادمانی وەفای بۆ هیچ کەس نی یە تەنها لە کاتی تێری و مەستی دا لەگەڵ مرۆڤ دایە، بەڵام هەر کاتێك ئادەمیزاد کەوتە تەنگژە و تەنگانەوە هەر خەم دۆست و هاوڕیٚ ی نزیکی دەبیٚ، خۆ ئەگەر ئێستا لەم بەندیخانەیە خەم دابنیٚ ی بە لەشکرێك ئەوا من سەر لەشکر و شاسواری ئەم لەشکرەم، هەر بۆیە خەوم ڕەوی و خەم مایەوە تابەیانی لە ناو دەرد و حەسرەت دا دەتلامەوە.

نازانم چەند ئاوا مامەوە، دوایی لە پەرێشانی دا خەوم لێکەوتبوو، دەنگی پۆستاڵ و کردنەوەی دەرگای بەندیخانە ئاوازێکی ناشاز و ناخۆشە، یەکێك دەرگاکەی کردەوە فریا نەکەوتم هەستم دانیشم، کابرا ناوی منی خوێندەوە هەستامە سەر پیٚ چوومە دەرەوە عەریف خضیر لەویٚ ڕاوەستا بوو، سواری ئۆتۆمبیلیان کردم بردیانم بۆ نەخۆشخانەی ڕەشیدی سەربازی، بردیانمە ژوورێك دوو دکتۆری بە تەمەن دانیشتبوون ڕێز و حورمەتیان لیٚ دەباری، یەکێکیان بە شێوەم دا زانی کوردم یا پێیان ووتبوو نازانم، بە کوردی جۆر و ماوە و هۆی نەخۆشیەکەمی پرسی هەندێك شیکار (فحص)یان بۆ نووسیم، یاساوڵەکان چەند ژوورێکیان پیٚ کردم لە نێوانی هەموو ژوورەکان بەتانیەکەیان بەسەرم دادەدا نەوەك یەکێك بمناسێت، دوای تەواو بوونی کاری دکتۆرەکان و وەرگرتنی دەرمان لەگەڵ خۆیان

بردیانم بۆ شوێنێك بۆ ئەو بەندیانە دانرا بوو كە لە ژێر چاودێری دكتۆر دادەبن، هەر لە ناو نەخۆشخانەی ڕەشید دا بوو لە چەند ڕەدهەیەك پێكهاتبوو، منیان بردە یەكێك لەو ڕەدهانە لە ژوورێك دایانام دوو كەسی تری لێ بوو یەكێكیان ناوی یاس خضر بوو، ئەوەی تر ناوەكەیم بیر نەماوە، ئینجا خۆیان ڕۆیشتن .

سەختی نەخۆشیەكەم كێشە و ئاستەنگی زۆری بۆ دروست دەكردم، بەڵام ئەوەی جێی سەربەرزی و شانازیمە سەرەڕای سەختی نەخۆشیەكەم، بەڵام بۆ تاكە جارێكیش نەبۆتە هۆی لاوازیم لەبەردەمی دوژمنەكەم دا .

## لەگەڵ یاس دا

زەمانە لە دەور و خولی دا جارێك بەكامی ئێمە ناسوڕێ، لەبەختی كەچم نزیكانی خۆشم بوونە مشتەی ناو هەمبانە و دەردی سەر بۆم، لە چەرخی چەپ گەڕی زەمانەی بێ بارە ئەمڕۆكە ڕێوی بۆتە شێر، خوێڕی و سەرسەری بۆتە ڕۆستەمی زاڵ و تیر و توانجی دەبارێنێ، بەڵام ئەوە بە نەنگی نازانم  چونكە لە دوژمنەكەم هەر چاوەڕێ ی چارەنوسێكی وادەكەم، بەڵام هێشتا لە داهاتوو هیوا بڕاو نیم چونكە خودان گەلێكی قارەمان و كۆڵ نەدەرم .

لە دەریای خەیاڵاتی بیركردنەوەم  بە ئاگا هاتم كاتێ یاس دەرگای كردەوە، لە درەنگی شەودا یاس چوو بووە دەرەوە لەگەڵ پاسەوانەكە دەمەتەقێیان بوو، گوێم لێ بوو جنێو و تیر و توانجی لە من و كورد و باب و باپیرم دەدا، هەر چەند یاس دەیگووت : كوڕێكی هەژار و بێ وەیە، بەڵام ئەو لە زمان پیسی خۆی نەدەكەوت، منیش لە ژێر پەتوەكەدا وەك ماری بیندار هەر گینگڵم دەدا و هیچم لە دەست نەدەهات، بەیانی كە لە خەو هەستاین دوای بەیانی باش و چاك و چۆنی یاس لەگەڵم دا كەوتە گفتوگۆی ئاسایی، خۆی نەخستە سەر ئەو باسەی شەو، منیش وام دا نا ئاگام لە هیچ نەبووە، ئەگەر چی لە ناخ دا دڵم گوشرا بوو، هەستم پەرێشان بوو، جەرگم دەرزی ئاژن بوو لە داخی دەم شڕی ئەمانە چونكە لێدان و

ئازاردانی جەستەیی خۆشترە لە جەنگی دەرونی و سوکایەتی پیَ کردن.

یاس دەیزانی خەم و بیرکردنەوەی زۆر دەردەکەم سەخت تر دەکات لەبەرئەوە زۆر بە میهرەبانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم، یاس لەو عەرەبە ڕەگەز پەرست و دڵ ڕەشانە نەبوو کە بوونی خۆیان لە نە بوونی گەلانی تردا دەبینی و چاویان بە کورد هەڵ نەدەهات، بەڵکو هەمیشە دەیگووت:

– من کوردم خۆش دەویێت لەبەر ئەوەی نەتەوەیەکی دڵپاك و میوان دۆست و بە وەفان، کورد نەتەوەیەکی زۆر زیرەکن ئەگەر کوردێك لە گوندێکی دووری ناو چیاکان بێت لە ناو کۆمەڵیَ عەرەب یا بیانی دا بژیەت بۆ ماوەیەکی کەم زمانی ئەوان فێر دەبێت، بەڵام عەرەب وانین درەنگ زمانی بێگانە فێر دەبێت، من خۆم حەوت ساڵ لە ناوەندی کوردستان لە شاری سلێمانی سەرباز بووم تەنها ئەوەندە فێر بووم، بە زاراوەیەکی قەبە و ناخۆش دەیگووت: وەڵڵا...کاکە عەرەبی نازانم .

یاس لە مێژ بوو گیرا بوو یاساوڵەکان لەگەڵی ڕاهاتبوون بەسەر بەستی هاتوچۆی حەوشە و لای پاسەوانەکانی دەکرد، پاسەوانەکان خۆشیان دەویست هەر کاتیَ ویستبای دەچوو لە لایان دادەنیشت ، زۆر حەزی لە خواردن بوو هەمیشە خەریکی دروست کردنی خواردن بوو، زۆر جار برنجی بە دۆشاوی تەماتە لیَ دەنا ماستی لەگەڵ تێکەڵ دەکرد و دەمانخوار، خواردنێکی بە لەزەت بوو پێشتر شتی وام نەخوارد بوو لە وەوە فێری بووم، تا ئێستاش بە یادی یاس جار جار ئەو خواردنە دەخۆم، زۆر ئارەزووی لە (حامض) بوو شەوانە هەندێك لیمۆی وشکی دەهێنا و ناوەکەی لە توێلکەکەی پاك دەکردەوە و لە چادان دا دەیکوڵاند لەگەڵ هەندێك شەکردا دەمانخواردەوە، خواردنەوەیەکی مزر و خۆش بوو.

یاس ئەوەندە ووتە شیرین و مەشرەب خۆش بوو بەو چەند ڕۆژە هۆگری ببووم بە ڕاستی سەختی و ناخۆشی بەندیخانەی لەلا سوکتر کرد بووم .

ڕۆژێك بانگی پاسەوانەکەی کرد بێت (حامض) بخواتەوە، هەمان پاسەوانی ئەو شەوە

کەللە شەکرەکانی بەرامبەر من دەشکاند جنێوەکانی بە من دەدا، لەبەر چاوم دیمەنێکی پیس و ناشیرینی  هەبوو وا خۆی پیشان دەدا لە بارێکی ئاسایی دایە و پیاوێکی سادە و دڵپاکە، بەڵام بە لیچ  هەڵقورتاندن و پێکەنینە پڕ ماناکەی نەیدەتوانی ئەحمەقی و ناپاکی خۆی بشارێتەوە .

بە دشداشە و بەرگی شەو لەلامان دانیشتبوو، وا خۆم پیشان دا نایناسم  و بە یەکێك لە بەندیەکانی تێگەیشتووم هەر واش قسەم لەگەڵ دەکرد .

چەند پرسیارێکی لێ کردم لە پرسیارێکدا گووتی:

– لەسەر چی گیراوی ؟

– بە درۆ شتی خراپیان بۆ هەڵبەستووم .

بە تەوسێکەوە گووتی:

– هەموو ئەوانەی کاری خراپ و تێکدەرانە دەکەن کە گیران بێ تاوان خۆیان پیشان دەدەن دەڵێن : بە درۆ شتم بۆ هەڵبەستراوە .

دوایی کەوتە گێڕانەوەی نوکتە و بە سەر هات لە پەناوە زۆر قسەی ناشیرینی دەکرد و پەندی خراپی لەسەر کورد دەهێنایەوە، منیش بەرگریەکی هەژارانەم دەکرد تیر و توانجەکانی پێشتریشم هەر لە دڵ دابوو ویستم بە ناوی نوکتەوە داخی بکەم، زۆریش ئەستەم  نەبوو چونکە وەك یەکێك لە بەندیەکان قسەم لەگەڵ دەکرد، ئەویش خۆی پێ لەوە زیاتر بوو بڵێ تۆ هەڵەی من بەند نیم پاسەوانم، هیچ  خراپیش نیە ئەگەر بەندیەك تانە و تەشەری لە یەکێکی تردا ئەویش وەڵامی بداتەوە بە ناوی نوکتەوە گووتم:

جەمیل سدقی زەهاوی شاعیرێکی کورد بوو لە مێژ بوو بنەماڵەکەیان لە بەغدا نیشتەجێ بوون، جەمیل پیاوێکی قسە نەستەق بوو دەستێکی باڵای لە نوکتەدا هەبوو، قسەی لەسەر و هەمیشە وەڵامی لا بوو لە دیوەخانێکدا لەگەڵ عەرەبێك لە تەنیشت یەکتر دادەنیشن،  بۆ پاڵ دانەوە سەرینێك لە نێوانیان دەبێت، کابرای عەرەب زۆر هێرش دەباتە

سەر جەمیل تانە و تەشەری زۆری لێدەدا، بەڵام دەرۆستی جەمیل نایەت لە پەرێشانی دا بەجەمیل دەڵێت : پێم بڵێ نێوانی کورد و کەر چی یە ؟ جەمیل هیچ خۆی تێك نادا بە هێمنی دەڵێت: سەرین .

– سەرەتا کابرای عەرەب تێناگا دوای ئەوەی لە قسەکەی تێدەگا و سەرنج دەدا سەرینێك لە نێوان خۆی و جەمیل دایە و ئەویش مەبەستی ئەوەیە کابرای عەرەبی بەکەر داناوە، یەکسەر پەلاماری جەمیل دەدات .

هێشتا قسەکەم تەواو نەکرد بوو کابرای یاساوڵ شێت و هار بوو یەکسەر پەلاماری دام، کارم بەوە باش بوو یاس لە نێوانمان دابوو، خوا کاری ڕاست بێنێ بەرگری باشی لێ کردم، هەر چۆنێك بوو نەیهێشت لیم بدات بە پاڵ بردیە دەرەوە، گوێم لێ بوو پێ ی دەگووت: تۆ زۆر هێرشت کرد و ئەویش وا یزانی تۆ وەك خۆی بەندیت.

دوایی یاس هاتە ژوورەوە گووتی:

– ئەرێ تۆ ئاگات لە خۆت بوو چیت دەووت؟!

هێشتا وا خۆم پیشان دا بە یەکێك لە بەندیەکانم ناسیوە گووتم :

– ئەویش وەك من بەندیە ئەو هەموو قسە ناشیرینە بە من و کورد دەڵێت : ئەگەر بەندیخانە نەبێت هێندەش ئازا و لێهاتوو نیە، دەترسام لە وەی دوایی تۆڵەم لێ بکاتەوە بەڵام یاس دڵنیای کردمەوە کە مۆڵەتیماڵەوەی وەرگرتووە و هەتا دێتەوەدنیا بە بارێکی تردا دەگۆڕێت.

سەرەڕای تەندروستیم باری دەرونیشم باش نەبوو یاس هەستی بەوە دەکرد دەیویست دڵم ڕابگرێ هەمیشە قسەی خۆش و گاڵتە و گەپی دەکرد ڕۆژێك لە پەرۆشی دا گووتی:

– ڕاستە خەبات بۆ نیشتمان ئەرکی سەر شانی هەموو کەسێکە، بەڵام تۆ شێتی بەم نەخۆشیە سەختەوە جێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکە بۆ تۆ کارێکی گرانە.

منیش بەگاڵتە و پێکەنینەوە گووتم:

– ڕاسته که من شێتم بەڵام شێتێکی زۆر بێوەیم، ڕقم له دار و بەرد هاویشتنه و به پێچەوانەی شێتەکانی تر هەرگیز دەست له کەس ناوەشێنم، دوا تر ئاخاوتنەکان بەرەو ڕاستەقینه چوون گووتم: نیشتمانەکەم وێران کراوه و گوند و شاری لەگەڵ زەوی تەخت کراوه، نەتەوەکەشم به سامناکترین شێوه له ناو دەبرێ، هەموو جیهانیش له ئاست ڕەفتاری ڕژێم دا کوێر و کەڕە، چۆن دەتوانم دانیشم شاهیدی مەرگی هاونیشتمانەکانم بدەم.

ئەویش گووتی:

– ئەوەی تۆ دەیڵێیت هەمووی ڕاسته، بەڵام له وه دەترسم بەم حاڵەتەوه بەرگه نەگریت و تیدا بچیت .

منیش پێم گووت:

بەرگه بگرم یا نا گرنگ نیه ئەوەی پێویسته من وا له تێکۆشان دام دەگێڕنەوە: "حەزرەتی سلێمان کەوا له ئاخاوتنی نێوان ئاژەڵان تێدەگەیشت جارێك مێرولەیەکی بینی پارچه بەردێکی هەڵ گرتبوو دەیگواستەوە، حەزرەتی سلێمان له مێرولەکەی پرسی: ها...مێروله ئەم پارچه بەردە بۆ کوێ دەبەیت مێرولەکه به حەزرەتی سلێمانی ووت: مێرولەیەکی خۆشەویستم هەیه ئێستا دڵدارەکەم بیانوی لێم گرتووه دەڵێت : دەبێ ئەم کێوه بگوازیتەوە له شوێنێکی دی کێوێکی دی پێ دروست بکەیت ئینجا شوت پێ دەکەم، حەزرەتی سلێمان به مێرولەکه دەڵێت: ئاخر...هەی ماڵ وێران تۆ تەمەنت چەند هێندەی دیش بێت ناتوانی ئەو کاره بکەیت و دەمریت، مێرولەکەش دەڵێت: حەزرەتی سلێمان له ئاینی دڵداران دا ماندوو بوون و لێکدانەوە نیه، ئەوه هەوڵ دەدەم و تێدەکۆشم ئەگەر جێ به جێم کرد ئەوا به مرادی خۆم دەگەم، ئەگەر مردیشم گرنگ نیه من هەوڵی خۆم داوه و لەڕێ ی دامردووم."

ئێستا منیش ئەو مێرولەیەم ئەگەر به ئاوات گەیشتم ئەوا بەرهەمەکەیم چنیوەو هەوڵ و

تێکۆشانم بەهەدەر نەچووە، ئەگەر مردیشم ئەوا لەپێناوی دا گیانم بەخت کردووە.

**بۆ عەشق چووم بووم بە شەقاوە**

هەتا گیان زیندوو بێ و خوێن لە لەش دا بجولێ، تەزووی ئارەزوو دڵ ڕاچڵەکێنێ، ژیانی تەنیایی بۆ گشت بونەوەرێ سەخت و دژوارە، کاروانی ژیان بەدەوامە و ئەوین سەر قافڵەی ئەو کاروانەیە، بەم پێودانگە کیژێکی ناسك و نازدار و نازەنین، شۆخ و شەنگ و لەبەر دڵان و خوین شیرین، جوان و چەلەنگ و ڕێك و ڕەزاسوك، ڕوومەت هاوشێوە و شانازی گڵوك، سەنگین و ڕوخۆش زار بە پێکەنین، قژ کاڵ و لێو ئاڵ پەرچەمی چین چین، لەسوێ ی گراوی زۆر داهێزا بوو، لەبەر ناسکی سەر کوڵمەی خوێنی تێزا بوو، گەردنی بەرز و زوڵفی درێژی، لاوی ئارامی دەخستە گێژی، برۆی هیلالی چاوی کەژاڵی، مانگ شەرمەزار بوو لە ئاست جەماڵی، لەگەڵ لاوێکی تازە پێگەیشتوو، هیوا بە دوا ڕۆژ نەك تێ نەگەیشتوو، بۆ پێکەوەنانی ژیانی دوو ها وسەر، ڕێگای سەختی ژیانیان گرتەبەر، دەستیان دایە دەستی یەك لاو و گراوی بۆ جێژوانی پەناسیلە و ڕاوێچکەی باخچەی شاری، کیژی نازدار و شۆخ و شەنگ زین ئاسایە وەفاداری بۆ مەمی دڵداری دەنوێنێ، بەڵام کوا دڵداری پاك و سادەی ئەم وولاتی قەزا و قەدەرە لە ژێر دەستی بەعسیە دڵ ڕەشەکان دەتوانێ لە ناو پەردەی وەفاداری پەیمان و بەڵێن بۆ یەکتر تازە بکەنەوە، خۆشەویستی و بەختەوەری لە ژێر عەرشی بەعسی فاشی دا مەحاڵە ئەوان دژی هەموو خۆشەویستیەکن، خۆشەویستی خوا و خۆشەویستی نیشتمان و خۆشەویستی دڵدار .ئەمە بەسەر هاتی لاوێکی سادە و ساکاری ئەم وولاتە بوو کەمن ڕۆژێك لە بەندیخانە تووشی هاتم .

هەموو بەندیەکان بەختیان لە هی من باشتر بوو چونکە ڕێگەدرا بوون کەس و کاریان سەردانیان بکەن ڕۆژێك یاس گووتی:

– ئەمڕۆ کەس و کاری ئێمە سەردانمان دەکەن، بەڵام تۆ قەدەغەیە خەڵك بتبینێ لەبەر ئەو دەبێ بچیتە (مەحجەر ) مەحجەر ژوورێکی تاکە کەسی بوو لەحەوشەی بەندیخانە، کە

له نزيك پاسەوانەكان  بەرامبەر ژووری ئێمە بوو جيا كرابووەوە بۆ ئەوانەی سزا دەدران ياخود ئەوانەی سەردان و بينينيان  لەلايەن خەڵكی ئاسايی قەدەغە بوو.

كاتژمێر هەشتی بەيانی منيان بردە مەحجەر ژوورێكی زۆر بچوك پانی مەترێك  نە دەبوو درێژيەكەی بالاَ پياوێك نەدەبوو، لەبەر ئەوە نەدەتوانرا بە ئاسوودەيی تێيدا بخەويت دەبوايە لاقت بنوشتێنيەوە، دەرگاكەی لە نيوە بۆ سەرەوە شيش بەند بوو شوشەی پێوە نەبوو لەبەر ئەوە هێندە سارد بوو ژيان لە ناوی دا ئەستەم بوو، زۆر پيس بوو پاشەرۆكی خواردن و ئێسقانی لێ فڕێ درا بوو ديمەنی ژوورەكەی ناشيرين كرد بوو، وا بزانم بۆ كۆ كردنەوەی ئەو مێر و قالۆچانە بوو پێش ئەوەی بەنديەكان بەرنە ئەو ژوورە ئەو گيانەوەرانە تەراتێنيان دەكرد، ئەويش بۆ ئازاردان و خواردنی گۆشتی بەنديەكان يابۆ جەنگی دەرونی و نا ئارامی ئەوان دانرا بوون، وا ڕا هاتبوون شەرميان لەكەس نەدەكرد، سڵيان نەدەكردەوە، تا ماوەيەك لە فكران ڕاچووم بيرم كردەوە: گەلۆ...ئەم بەعسيانە چەند زاڵم و بێ شەرمن تا ئێستا مێژوو جانەوەری وا دڕندەی بەخۆيەوە نەديوە. دوای نيو كاتژمێر پاسەوانەكە هات گووتی:

ئێستا شەقاوە(عصابە)يەك دێنينە لات نابێ يەك ووشە ئاخاوتنی لەگەڵ بكەيت، ئەگينا هەر لەم ژوورەدا لەگەڵ ئەو دەتهێڵينەوە.

دوای پێنج خولەك يەكێكيان هێنا لاوێكی قيت و قۆز پانتۆڵ و بلوزێكی قاوەيی لەبەردا بوو، قژی خورمايی و تۆزێك درێژ كەوتبوە سەر شانی، بە لێدان و جەنگی دەرونی شێوەيان شێواند بوو، پاسەوانەكە بەمنی ووتبوو يەك ووشە لەگەڵی نادوێ ی، بە پێچەوانە ئەويش لاوێكی زۆر بلێ و ئارەزووی لە دەمەتەقێ بوو، هەر پاسەوانەكە ڕۆيشت ئەو دەستی پێ كرد:

– خەڵكی كوێ ی، لەسەر چی گيراوی، چەند دەبێ لێرەی، پاسەوانەكان هەڵسوكەوتيان چۆنە؟

منیش لەسەر قسەی پاسەوانەکە گوایە شەقاوە و گوێزان(موس) خۆر و کەسێکی سوکە، لەبەر ئەوە دەمویست خۆمی لێ دوور بگرم، جگە لەوەش دەمزانی پاسەوانەکان هەر لە بیانویەك دەگەڕێن بۆ ئازاردانم ئەمەش دەبێتە بیانویەکی باش بۆ ئەوەی هەر لەم ژوورە بمهێڵنەوە، لەبەر ئەوە پشت گوێم خست وەڵامم نەدایەوە، کابرا لە قسە نەدەکەوت کە زانی من گویێ ی پێنادەم گووتی:

– بۆ وەڵام نادەیتەوە؟

ویستم کورت بیبڕێتەوە و وازبهێنێت گووتم:

– عەرەبی نازانم .

– بۆ کوردی ؟!

– بەڵێ .

هەر ئەوەندەم ووت وەك ئەوەی چاوەڕێ ی ئەم قسەیەی کردبێت بێ پەروا کەوتە قسە کردن هەر نەیدەبڕیەوە:

– منیش کوردم، بنەماڵەی ئێمە بە هۆی دروست بوونی کێشەیەك نەیان توانیوە لە کوردستان دانیشن هاتوونە بەغداد، ئێستا لە گەڕەکێکی (شعبی) نیشتەجێین، بە داخەوە من کوردی نازانم .

دەمویست گفتوگۆ نەکەین لە لایەك لەبەر نزمی کەسایەتی و لەلایەکی تریش لە ترسی پاساوانەکان بۆیە گووتم:

– باشتر وایە بێ دەنگ بین ئەگینا زیاتر سزامان دەدەن، ئەو زۆر پەست دیار بوو گووتی:

– قسە بکەیت یا نا ئەوان سزامان هەر دەدەن، ئەمانە ئادەمیزاد نین، دڕندە و پیاو خۆرن، هەموو دنیا نغرۆ بێت تەنها خۆیان خۆشبن لایان ئاسایی یە، لەبەر خۆیەوە دەستی کرد بە گێڕانەوەی بە سەر هاتی گیرانی گووتی:

– خوێندکاری قۆناغی دووەمی زانکۆم لەگەڵ کچێکی برادەرم یەکترمان خۆش دەویست،

بەو هیوایەی لە داهاتوودا لە ماڵێکی بچکۆلانەدا پێکەوە بەکامەرانی ژیان بەسەر ببەین، کورێك بە خۆشەویستە کەمی گووتبوو: دەبێ شوی پێ بکات دیارە خۆشەویستەکەم داواکەی ڕەت کردبووەوە، ناوبراو سەر بە ئاسایشی گشتی بەغداد بوو کە زانی ئەو کچە پەیوەندی لەگەڵ من هەیە هەڕەشەی لێ کردین، ئێمە ئاسایی وەرمان گرت گوێمان پێ نەدا ڕۆژێك بڕیارمان دا لە دەرەوە یەکتر ببینین، من لە شوێنی دیاری کراو چاوەڕێ بووم هەر ئەوەندە خۆشەویستەکەم گەیشتە لام لە هەر چوار لاوە کارمەندانی ئاسایشی گشتی پەلاماریان داین، ئەو کوڕەی هەڕەشەی لێ کرد بووین لەگەڵیان دا بوو لێمان دوابوو گووتبووی: بەرنامەی تیرۆر

کردنی ئەندامێکی بەرزی ئاسایشی گشتیان بە دەستەوەیە .

لە بەدبەختی ئێمە ئەو ڕۆژە ئەو ئەندامە بەرزەی ئاسایشی گشتی بە هۆی کارێکەوە لە و ناوە بوو، ڕەنگە ئەو کوڕە ئاگاداری ئەوە بوبێت و چاودێری ئێمەشی کرد بێت وەك باشو لەکۆتربدا پێچایانینەوە، یەکێك لە کارمەندەکان دراوسێ ی ماڵی ئەو کچە بوو پاش داوایەکی زۆر بەویان بەخشی، منیان بردە بەندیخانە پاش لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانێکی بێ ئەندازە دەیانگووت: دەبێ دان بەوەدا بنێم لە هەوڵی تیرۆر کردنی ئەو ئەندامە بەرزەی ئەوان دا بووین، هەر چەند دەمگووت : وەڵڵا...بیللا هیچ ئاگاداری ئەوەنیم ئێوە باسی دەکەن، من و ئەو کچە خوێندکاری زانکۆین بۆ پێویستی خوێندن هاتووینە دەرەوە سوودی نەبوو، زۆر ئازاریان دام، لە ڕاستی دا من لاوێکی سادە و ساکار بووم، بیرم لەکاری سیاسی نەدەکردەوە، زۆر پاڕامەوە وازم لێ بهێنن ئەوان گوێیان بەنزا و پاڕنەوە نەدەدا پێم گووتم:

– من بێتاوانم ئەوە بزانن ئەم هەموو توند و تیژیەی ئێوە دەیکەن لەگەڵ من و چەندانی وەك من زۆر خراپە لە داهاتوو دا بەرەو ڕووی خۆتان دەبێتەوە، چونکە ناکرێت بە ئاراستەی پێچەوانەی مێژوو برۆین. بەڵام ئەوان لە لوت بەرزی دا نقوم بوون، گوێ بە هیچ نادەن، جارێك هەلم بۆ هەڵکەوت بەندیخانەم شکاند و هەڵاتم، بەڵام دەرنەچووم و گرتیانمەوە

کێشەیەکی دیشم بۆدروست بوو بە تاوانی هەڵاتنم  بیانویان پەیدا بوو بۆ ئازار دانم، لەو ڕۆژەوە هەمیشە تەنهام لە ژووری تاکە کەسی دا بە جەستەیی و دەرونی ئازارم دەدەن، هەتا من نکولێم دەکرد ئەوان شێلگیر تر دەبون، من پێش گیرانم بە شێوەیەکی دی لە ژیان گەیشتبووم، ئەو چەند مانگەی لە بەندیخانەم  زۆر شتم  بۆ ڕوون بووەوە، ژیان لەم وولاتەی ئێمە هەمووی مەرگەساتە، ئەم  وولاتەش دۆزەخێکە بۆ هاوولاتیەکانی.

عەشق زۆر کەسی وەك منی خستۆتە داوەوە، ژیان لە ژێر دەسەڵاتی ئەمانەدا سوودی نی یە، وام لێهاتووە مردنم لا خۆشترە لە ژیان، ڕۆژ بە ڕۆژ نائومید تر دەبم هەر چەند لەبەریان  پاڕامەوە بێ تاوانم، ئاگاداری  هیچ  نیم سوودی نەبوو ناچار  ویستم داخی دڵی خۆمیان پێ بڕێژم   زۆر جار پەلاماری پاسەوانەکانم دەدا سەر و گوێلاکم دەشکاندن، شوشەیەکی بیبسی یا هەر شتێکی لەم بابەتەم بکەوتایە بەردەست دەم شکاند یەکجار لە خۆم دەدا، خۆم بریندار دەکرد تاکو پاسەوانەکان نەترەیان بچێت، ئینجا پەلاماری ئەوانم دەدا زۆر باشم لێدەدان سەر و گوێلاکم بەخوێن دادەهێنان تۆزێك ئاسوودە دەبووم، پاشان ئەوان زۆریان لێدەدام دوایی ناویان لێنام شەقاوە(عصابە) بۆ ئەوەی بیانویان بۆ پەیدا بێت زیاتر ئازارم بدەن، لاوێکی سادە بووم بۆ عەشق چووم کردیانم بە شەقاوە، ئەوەندە لە ژیان بێزارم پێم خۆشە بمرم ئەوانیش ئەوە دەزانن هەر شتێك ببێتە هۆی خۆکوشتن لێم دوور دەخەنەوە، ڕۆژێك هەلم بۆ هەڵکەوت شەش پارچە گوێزانم قوتدا بۆ ئەوەی بمرم، بەو هۆیەوە نەخۆش کەوتم، ئێستا هێناویانم بۆ نەخۆشخانە دوو پارچە گوێزانم داناوە چوار پارچە لە گەدەم دا ماوە،  وێنەیەکی  تیشك (أشعە)ی لا بوو کە سەیرم کرد ڕاستی دەکرد سێ پارچەی لە گەدە و پاچەیەکی لە ڕیخۆڵەدا بوو .

سەرم سوڕما بوو چۆن ئەم بێ ئابڕوانە بە ناوی بێ ئابڕویی خەڵك لەکەدار دەکەن، سەردانی بەندیەکان تەواو بوو منیان نە هێنایە دەرەوە،یاس هەراسان بوو بوو هەردەر و ژووری دەکرد بۆلای پاسەوانەکان دوای ڕازی کردنیان هات گووتی:

– ئێستا دەتهێننە دەرەوە.

– جابا نەمهێننە دەرەوە جیاوازی چی یە هەر بەندیخانە نی یە؟!

یاس لە ڕووی پەرۆشی یەوە گووتی:

= قسەی وانەکەی تۆ پێت وایە ئەوان بە نەهاتنە دەرەوەی تۆ خەمبار دەبن. دوای هەوڵێکی زۆری یاس کە هاتمە دەرەوە گووتی :

– ئەبوایە زوو تر بیانهێنابایە دەرەوە بەڵام دەڵێن: قسەی لەگەڵ ئەو کوڕە کردووە ئەگەر لای ئەوی پیێ خۆشە با هەر لەویێ بێت گووتم:

= هەر کەسێك بیەوێت کارێك بکات چەندین لایەنی باشەی بۆ دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بیکات خۆ ئەگەر نەیەوی بیکات بە پێچەوانەوە.

## گەڕانەوە بۆ جەناح خاس

ڕێگای دەرباز بوون لە ترس بەناو ترس دا تێپەڕ دەبێت، بەم ئامانجەوە ڕێگای خەباتمان گرتەبەر ئەگینا ئاشکرایە کە بەعسیەکان وەك شمشێری هەڵواسراو بوو بوونە نیشانەی ترس و دڵە ڕاوکیێ ی بیێ پسانەوە، بۆ منداڵ لە کاتی یاری کردن لە کۆڵان هەمیشە جیێ ی ترس بوون، لە خوێندنگە و لە زانکۆ دا هەر ترس، لە کێڵگەی چاندن و لە کشتوکاڵ هەر ترس، لە کار و کارگە هەر ترس، لە فەرمانگە و پشودان دا هەر ترس، لە سەربازی خزمەتی ئەوان هەر ترس، لە هەموو شوێنێك هەر ترس و...ترس و...ترس، ترس و تۆقاندن کەسایەتی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتەی داڕماندووە .

نەخۆشخانە بۆ چارەسەری بەندیە نەخۆشەکان دانرا بوو، لە کاتی پێویستی دکتۆر و دەرمان بۆ چارەسەر هەبوو، خواردنی باش و پێخەوی گەرم هەبوو، چوار پاکەی من جگە لە پشتی و دۆشەك حەوت بەتانی لەسەر سەفتە کرا بوو، خواردنی زۆر و ژوورەکەمان گەرم و گوڕ بوو، سۆبایەکی نەوتی عەلادینی تێدا بوو، بەڵام دیوەکەی تری زەبر و زەنگ و ترس و تۆقاندن لەوپەڕی دابوو، ترس هەموو گۆشەیەکی ئێرەی گرتبووەوە، منیش جگە لەوەی

بیری هاوڕێکانم دەکرد لە وەش نائومێد بووم ئێرە جێگای ئاسوودەیی بێت بۆ من، زۆر جار لەبەر خۆمەوە دەمگووت: ئەگەر ترس هەر دەستە و یەخەم بێت لای هاوڕێکانم بم باشترە. بەیانیەك كە لەخەو هەستام سەیرم كرد یەكیك لە نێوان چوا پایەكان لەسەر زەوی نوستبوو، شەو بە خەبەر نە هاتبووم، ئاگاداری ئەوە نبووم كەسیان هێنابێت بۆ ئێرە، وا دیار بوو كابرا لە ژێر جێگەكەیدا هەر خۆی مات كرد بوو خەوی لیٚ نەكەوتبو، هەر هەستی بەوە كرد یەكێك بە خەبەرە بەتانیەكەی لەسەر دەم و چاوی لادا، تەماشام كرد ئەوە برایمە سوری لای خۆمانە كە لە جناح خاس لەگەڵ ئێمە دا بوو، هەر دووكمان لە خۆشیان شا گەشكە بووین دوای بەخێر هاتنی گووتم:

– كوڕە ئەوە لێرە چی دەكەیت، بۆچی هێناویانی بۆ ئێرە؟!

ئەویش گووتی:

– شەو تووشی ژانە سكێكی توند بووم هێنایانم بۆ لای دكتۆر دوایش بۆ ئێرە.

– ئیٚ ...دكتۆر چی گووت؟

– دەڵێت گورچیلەكانت باش كار ناكەن ئەبیٚ نەشتەرگەری بكرێیت .

– باشە...كەی نەشتەر گەری دەكرێیت؟.

– كوڕە...نەشتەرگەری چی بە دكتۆرم گووت خۆم نەشتەرگەری ناكەم.

– چۆن دەبێت تۆ نەخۆشی ڕەنگە توشی بارێكی خراپ بیت.

– ئەوە ڕاستە بەڵام تاكو بژیم هەر ئاوابم باشترە، دەترسم خۆم نەشتەرگەری بكەم دوایی هەر كاتێك بیانەویٚ بۆ سزادانم پشت گوێم دەخەن، منیش بە ئازارەوە دەتلێمەوە هیچم لەدەست نایەت.

بە پەرۆشی یەوە گووتم:

– ئەی ئێستا بڕیاری چیت داوە؟

– دەمەویٚ بگەڕێمەوە لای هاوڕێكانم بۆ جناح خاس، بە ڕاستی لێرە هەڵ ناكەم ناتوانم

خۆم بگرم.

بێزاری و دڵە ڕاوکێی ئێرە و یەك گرتنەوەم لەگەڵ ئیبراهیم دا، ئیتر منیش کەڵکەڵەی ڕۆیشتنەوە بۆ لای هاوڕێکانم کەوتە سەر .یاس کە زانی دەمەوێ ئێرە جێ بهێڵم و بگەڕێمەوە بۆ لای هاوڕێکانم بە پەشۆکاوی گووتی:

– تۆ نەخۆشیەکەت سەختە نابێت بڕۆیت، ڕۆیشتنت هەڵەیەکی گەورەیە .

بەڵام بێزاریەکەم لەوە گەورە تر بوو قسەی یاسم نەبیست، هەر تۆزێك ڕۆژ درەنگ بوو بە پاسەوانەکەم گووت:

– دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ شوێنی خۆم نەخۆشیەکەم باشترە.

سەرانی بەندیخانە یەکسەر ڕەزامەندیان دەربڕی.دوای کات ژمێر هەشت گەورەکە یان هات فەرمانی دا من و برایم ببەنە مەحجەر بە توڕەی یەوە گووتی:

–کێ ئەوانەی لێرە داناوە ئەبێ بۆ هەمیشە لە ناو مەحجە ر دا بن.

ئەو فەرمانەی کابرا باڵی شکاندین لە گەڕانەوەش نا ئومێد بووین.یەکسەر من و ئیبراهیمیان بردە مە حجەر، دوای چەند خولەکێك پاسەوانێك هات لە دەرگاوە بە هەڕەشە و توڕە بوونێکی بێ جێوە گووتی:

–نەیەنە دەرەوە، نەچنە سەر ئاو، بێ دەنگ بۆخۆتان دانیشن.

قسەیەکی چەند سادە و گەوجانە بوو، چۆن ئێمە دەمان توانی بچینە دەرەوە بێ بڕیاری ئەوانلە کاتێکدا دەرگا گاڵە درا بێ و پاسەوانت بە سەرەوەبێ.

ئەم بار ودۆخە تەواو نیگەرانی کردین ئەم سزایەش ڕەنگە هەر هی ئەوە بێ داوای گەڕانەوەی لای هاوڕێکانمان کرد بوو.

لە نیگەرانی دا ئیبراهیم لەسەر پشت ڕاکشاو دەستی خستە سەر چاوی وەك ئەوەی بیەوێ بخەوێ ، هەمووی چەند خولەکێکی پێ نەچوو بوو بە گاڵە گاڵ لەدەرەوە، لە کونی دەرگاکەوە سەیرم کرد، نەخۆشێك لاقی هەڵبەسترابوو بەوەدا دیار بوو لاقی شکا بوو،

بردبوویانە لای دکتۆر لە ڕێگا هەوڵی ڕاکردنی دا بوو، بەڵام دەر نەچوو بوو گرتبوویانەوە، بە هەموو پاسەوانەکان لێیان دەدا گەورەکەیان دار شەقەکەی لێ سەند بوو بەشەقەکەی لێی دەدا، جنێوی پێدەدا دەیگووت :

– سەگباب ... هەوڵی ڕاکردن دەدەیت چۆن دەتوانیت لە دەستم دەربچیت، ئەوەندەیان لێدا تەواو بێزاریان کرد، باری نەخۆشیەکەیان بردەوە سەرەتای هاتنی بۆ ئێرە بگرە زیاتریش گەورەکەیان پێی دەگوت :

– ئەگەر تا ئێستا نەیان کوشتویت ئەمڕۆ من هەر دەتکوژم، نایەڵم گیان لەم شوێنە بەریتە دەرەوە .

کابرا لە ڕوویان هەڵگەڕایەوە گووتی :

ئێوە دەتوانن زۆر بە ئاسانی هەر لێرەدا ئێمە لە ناو بەرن، بەڵام ئەوە بزانن ناتوانن گڕ و جۆشی خەباتی گەلەکەمان دامرکێنن، بە پێچەوانەوە هەر دڵۆپە خوێنی شەهیدێك کە دەڕژێ هەزاران نەمامی شۆڕشگێڕی پێ ئاو دەدرێ .

گوێم لێبوو گەورەکەیان لە داخان گووتی:

ئەم دووانە لە مەحجەر دەر کەنە دەرەوە ئەمە بخەنە شوێنی ئەوان .

سەرەڕای نیگەرانی و پەرۆشیم بۆ کابرا، بەڵام لەخۆشی چوونە دەرەوە بە نا ئاسایی گووتم:

– ئیبڕاهیم ... هەستە .

ئیبڕاهم گووتی :

– چی بووە بۆ هەستم؟

– بەدبەختێکی لە ئێمە بەد بەخت تر پەیدا بوو ئەو دەهێنن بۆ شوێنی ئێمە .

ئیبراهیم بڕوای نەدەکرد بە نیگەرانیەوە گووتم: هەستە کارەساتێك قەوماوە ئەمانە دەزگای تەندروستی هەموو جیهانیان شەرمەزار کرد.

ئێمە لەلایەك دڵخۆشی ئەوە بووین لەم مەحجەرە ڕزگامان دەبێت لە لایەکی تریش

نیگەرانی بارودۆخی ئەو نەخۆشە بووین، کەوا سەرەڕای نەخۆشیەکەی چەند قارەمان بوو، ژیانی خەڵکی ئەم وولاتە زۆر سەیرە گریان و پێکەنین، خۆشی و ناخۆشی لە یەك سات دا هەر لە بە سەر هاتی ژیانی ناو چیرۆکە ئەفسانەکانی ڕابردوو دەکات.

ئێمەیان بردەوە لای یاس و ئەوان کابرای نەخۆشیان بردە شوێنی ئێمە، دوای ماوەیەك ناوی من و ئیبراهیمیان خوێندەوە، هەستاین خۆمان کۆکردەوە، لە لایەك بۆ لای هاوڕێکانم بە پەلە بووم لە لایەکی تر نیگەرانی یاس بووم ئەو چەند ڕۆژە زۆر هۆگری یاس بوو بووم، لەگەڵ یاس چاومان لە یەك بڕی هەر دووکمان چاومان پڕ بوو لە ئاو تا ماوەیەك باوەشمان بە یەك دا کرد، زۆر سوپاسم کرد بۆ دڵسۆزی و هاوکاری کردنی.

لەگەڵ پاسەوانەکان ڕۆیستین بردیانین بۆ بەندیخانەی (حارثیة) دوایی بۆ بەندیخانەی ژمارەیەك  بەفرکانێك گەیاندیانینەوە جەناح خاس، کابرای یاساوڵ منی بردە ژووری پێنج لەکەرتی یەك خۆم لێ هەڵەکرد بەرەو کەرتی دوو ڕۆیشتم گووتم:

– شوێنی من لە ژووری حەوت لە کەرتی دوو بوو.

ئەو بە پەنجە ئاماژەی بۆ ژووری پێنجی کەرتی یەك کرد: ئێرە شوێنی تۆیە .

نیگەرانی برادەرەکانم بووم کە نەیبردمەوە ژووری خۆم، چونکە چەند مانگێك بوو لەگەڵ ئەوان ڕاهاتبووم بە تایبەت ڕەحمانی مام بایز خەڵکی سنوورەی ناوچەی خۆمان بوو، تێکەڵاوی یەکتر بووین یەکترمان نەدیتەوە تا دوای ئازاد بوونمان، ڕەحمان ئەزمونی زۆری وەرگرتبوو دوای ئازادبوونیش بووە پێشمەرگە بۆ درێژەدانی ڕێگای تێکۆشان لە پێناوی نیشتمان دا، بەڵام زۆر بەداخەوە لە شەڕێکی نەویستراودا بە جوانە مەرگی شەهید بوو ڕۆحی سپی شادبێت.

## ژووری پێنج و جیاوازیەکان

هێشتا پشووم نەدا بوو یەکێك لە یاساولەکان چاکەتە سەربازیەکەمی بۆ هێنامەوە گووتی:

– ئەو شەوەی نەخۆش بووی لە ژووری ئێمە لێت بەجێما بوو .

من پێش ئەوەی نەخۆش بکەوم پێنج دینار و چارەکە دینارێکی سویسریم پارە لاما بوو، بەڵام ئێستا تەنها چارەکە دینارەکەی تێدا مابوو منیش گووتم:

– پێنج دینار و چارەکێکم پارە لا بوو بەڵام پارەکەی تێدا نەماوە.

کابرا گووتی:

– من هەر ئەوەندە ئاگادارم، منیش لەوە زیاتری لەسەر نەڕۆیشتم.

عەریف خضیر کە بیستی لە نەخۆشخانە هاتوومەتەوە هات بۆ هەواڵ پرسینم و تۆزێك لە ڕووی پەرۆشیەوە لە دوورەوە گووتی:

– هاااای ئەو شەوە مردی...مرد هەر زراوی منت برد.

دوایی وەك پرسیار گووتی :

– بۆ ئەو شەوە زووتر ئاگادارت نەکردمەوە ؟.

– گووتم: بە عەریف ئەحمەدم ووت بەڵام گویٚ ی پێنەدام.

ئەویش گووتی:

– لەمەو دوا هەر کە نەخۆش بووی داوای من بکە یەکسەر دەتبەم بۆلای دکتۆر.

ئەم ژوورە ڕاخەر و پێخەوی زۆر کەم بوو لەبەر ئەوە نەیانتوانی هیچ ڕاخەرێك بدەن بە من، منیش تەنها یەك بەتانیم لا بوو ئەگەر ڕام خستبا بەبیٚ پێخەو کەڵکی نەبوو، زۆر سەرما بوو گەر بەخۆم دابدایە بیٚ ڕاخەر چیمەنتۆکە هێندە سارد بوو هی ئەوە نەبوو لە سەری بخەوی، ناچار بەتانیەکەم وەك جەواڵ هەڵ دروی شەوانە دەچوومە ناوی دەخەوتم تەنها سەرم بەدەرەوە بوو، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك بۆنێکی پیس و ناخۆشی لیٚ دەهات، ناچار هەڵم وەشاندەوە لایەکی بە تانیەکەم ڕادەخست و لاکەی ترم بە خۆم دادەدا لە چوار بەشی شەو سیٚ بەشی بەتانیەکەم لەسەر لادەچوو هەموو گیانم سڕدە بوو.بەندیەکانی ئەم ژوورە خەڵکی جۆرا و جۆر و بیرکردنەوەی جۆراو جۆریان هەبوو.

تەحسین لاوێکی کەلاری بوو لەگەڵ سیامەند و نوری و ئەوان گیرابوو، کەمتر باسی سیاسەتی دەکرد هەمیشە لەگەڵ وەرزش خەریك بوو دەیگووت: ئەندامی یانەی وەرزشی زەوراِی سەربازیە، ڕوح سوك و بزۆز و بەجوڵە بوو سێ کوڕی تری لەگەڵ بوو، هەمیشە فێری مەشق و یاری دەکردن، ڕۆژێك لە سنووریان تێپەڕاند بوو وا بزانم بۆ بێزار کردنی یاساوڵەکان بوو، بەڵام ئێمەشیان بێزار کرد بوو، عەریف خضیری یەکەم هات گووتی:

– بە سە یاری مەکەن هەر کەس لە شوێنی خۆی دابنیشێت.

بەڵام هەر دوای ڕۆیشتنی عەریف خضیر دەستیان پێ کردەوە، عەریف خضیر تووڕە بوو هات لەبەر دەمی ژوورەکەمان ڕاوەستا گووتی:

– جارێکی دی دووبارەی بکەنەوە کارێکی واتان بەسەر دێنین هەرگیز بیر لە یاری نەکەوە، لە هیچ کەس قبوڵ ناکەین بە پێچەوانەی ئێمە بجوڵێتەوە، بە پەنجە ئاماژەی بۆ من کرد :

ئەوە ڕەسوڵە پیاوێکی ڕێك و پێکە خۆشم دەوێت، ڕێزی لێ دەگرین، بەڵام بە پێچەوانەی ئێمە بجوڵێتەوە لێ ی قبوڵ ناکەین .

ئەو قسەیەی عەریف خضیرم زۆر لاسەیر بوو هەستێکم لە خۆم زانی، لە کاتی نەخۆشی دا زۆر هاوکاری دەکردم هەرگیز لەبیری ناکەم، بەڵام هەرگیز گوێم لێ نەبووە بڵێت خۆشم دەوێیت ڕەنگە هەر نەخۆشیەکەم بوو بێتە هۆی ئەوە، هەر چۆنێك بێت جێ ی شانازیە کە دوژمنی ڕژێمی ئەوان بووم، بەڵام سەرنجی ئەوانم بۆ لای خۆم ڕاکێشا بوو، بەشێوەیەك لەجیاتی سزادان خۆشی بوێم.

شێخ مەحەمەد باساکی پیاوێکی بە تەمەن بوو، ڕاوێژکار(مستشار فوج الخفيفه) بوو لەسەر وەرگرتنی بەرتیل گیرا بوو، یەکێکی تری لەگەڵ گیرا بوو ناوی حەسەن کەڵەکنی بوو، هەر چەندە کێشەکەی سەخت نەبوو جگە لەوەش لە دەرەوە پیاوی ڕژێم بوو، ئەوە ژیانێکی خۆش و ئاسوودەی پێ بەخشیبوو، بە شانازیەوە دەیگووت لە شاری سلێمانی خانوویەکی زۆر نایابی هەیە ژوورێکی بازنەیی تێدایە نادوویەتی بۆ وڵاتی ئێران فەرشێکی

تایبەت بەم ژوورەی بۆ دروست بکەن، بە هۆی خزمەت کردن بە دوژمنی گەلەکەی خۆی هەلێکی باشی لە ژیان بۆ ڕەخسا بوو، زۆر دەوڵەمەند و خاوەن سەروەت و سامان بوو، بەڵام لە بەندیخانە پارەی زۆرت پێویست نیە، لەگەڵ ئەوەش دا سامانەکەی لێرەش بەکەڵکی دەهات لەبەر ئەم هۆیانە جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ ئێمە هەبوو، یاساوڵەکان هەموو شتێکیان لە دەرەوە بۆ دەهێنا، دوو بەتانیان بۆ هێنا بوو ئەستوور و نوێ و تووکن بوون پەنجەیان تێدا ون دەبوو، لەو بەندیخانە ساردە دا خۆزگەمان پێ دەخوارد، هەمیشە کەباب و گۆشت و ماست و سەمون و هەموو جۆرە پێویستیەکیان بۆ دەهێنا، بەڵام پیاوێکی پیسکە و ڕەزیل بوو، ئەوەندەی من لەوێ بووم نەمدیت پاروە نانێك یا هەر شتێك بدات بەوەی تەنیشتی ڕەنگە خۆی بە هاو شێوەی ئێمە نەزانیبێت بۆیە لەگەڵ ئێمە تێکەڵ نەدەبوو. لەگەڵ ئەوەش دا زۆربەی بەندیە کوردەکانی ئێرە لەسەر خەباتی سیاسی و کێشەی نەتەوەکەیان گیرابوون، لەبەر ئەوە شێوە و بوونی شێخ محەمەدیان لێ خۆش نەدەهات، بۆیە هەندێك جار بەندیەکانی ژوورەکە تیر و توانجیان لێ دەدا ئەو هیچ گوێ ی پێ نەدەدان، پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو بەو هێمنی یە گرەوی خۆی برد بوەوە، سەرەڕای هەموو ناخۆشیەکان پاك و خاوێنی پشت گوێ نەدەخست.

عەبدزێد پارتی بوو چوو بووە تورکیا، عوسمان حەسەن خەڵکی عیراق لە مێژ بوو لە گوندی باعەدرێ ی سەر سنووری تورکیا دادەنیشت وەك پارتی خۆی پیشان دا بوو، بەڵام لە ژێرەوە پەیوەندی بە دەزگای هەواڵگری عیراقەوە هەبوو.

عەبدزێد چوو بووە لای عوسمان باسی خۆی بۆ کرد بوو بە هۆی ئەوەی ژن و منداڵەکانی لە عیراقە بارودۆخی ژیانی زۆر سەختە، عوسمان بەڵێنی پێدا بوو ژن و منداڵەکانی بۆ بهێنێت عەبدزێدی برد بوو لە شوێنێك دانا بوو گوایە ژن و مندالەکانی بۆ دێنێتە ئەوێ، بەڵام لە جیاتی ئەوە مەفرەزەی هەواڵگری بەسەر کرد بوو گەمارۆیان دا بوو بە دەردی شەمعونیان برد بوو، عەبدزێد کە دەزانێ گەمارۆ دراوە ناچار پەلاماری چەکەکەی

دەدات، بەڵام ئەوان لەو  ووریا تر بوون زوو لێ ی هاتبونە دەست تەقەیان لێ کرد بوو لاقیان شکاند بوو بەسەختی بریندار ببوو، لاقەکەیان بۆ هەڵبەستبووەوە و هێنابوویان بۆ ئەم بەندیخانەیە باری تەندروستی زۆر خراپ بوو، هێشتا تەلی هەڵبەستنەوەی پزیشکی بەلاقیەوە بوو لەبەر ئەوە زۆر کەم گوێ ی بە پاك و خاوێنی دەدا، بەندیەکان هەمیشە گلەییان لێ دەکرد کە بۆ چی جلەکانی ناپوانێ زیاتر لەبەر خۆیان مەبەستیان بوو، ڕۆژێك زۆر سەر زەنشتیان کرد جلەکانیان پیێ دانا و خۆیان دەستیان کرد بە نواڕینی جلەکانی، ئەسپێ یەکانیشیان دەژمارد تاکو840 ئەسپێیان ژمارد دوایی وازیان لە ژماردن هینا هێندەی ئەسپێ پێوە بوو ئەسپێکان وەك شارە مێرولە دەجولانەوە، بەندیەکان شل و شەکەت بوون ئەسپێکان نەبڕان، دوای دەرچوونی عەبدزێد لەسەر پێخەوەکان پێش برکێمان بوو داخوا ببێت بەهی کێ، چونکە دۆشەك و بەتانی باشی هەبوو، داوامان لە یاساولەکان کرد ڕێگامان بدەن پێخەوەکانی عەبدزێدیان شوشت و تا ئێوارەش لەبەر هەتاو بوون، کە دابەشیان کردن بە تانیەکیان دا بە من کە شەو بەسەر خۆم دادا بێ ژمار ئەسپێی لە بەتانیەکە دەهاتە خوارەوە لەسەر دەم و چاوم دەجولانەوە، سەرەتا باوەڕم نەکرد دوایی دڵنیا بووم ئەم جوڵە جوڵە ئەسپێ یە گووتم:

– برادەرینە من ئەم بەتانیەم ناوێت کێ دەیەوێت گەردنی ئازاد بێت پێم وانیە پێخەوی عەبدزێد بەکەڵکی ئێمە بێت .

وا دیار بوو ئەوانی دیکەش هەمان کێشەیان هەبوو بە یاساولەکانمان گووت: ئێمە ئەم بەتانیانەمان ناوێت لە ژووری خۆمان لامان بردن.تەحسین ڕووخۆش و حەزی لە گاڵتە و گەپ بوو ڕۆژێك وەك دەرهێنەرێکی فلیم خۆی پیشان دەدا دەیویست شانۆگەریەك بکات بە گاڵتە دەیگووت: من سەرۆك وەزیرانم  بەبەندیەکانیشی دەگووت: تۆ وەزیری بەرگری تۆ وەزیری ناوخۆ تۆ وەزیری دارایی...هتد. نمایش و شانۆگەری پێ دەکردن، بێ هیچ لێکدانەوەیەك من بەشداریم نەدەکردن، هەرچەندە من لەسەردەمی لاوێتی دا یەکێك لە

هیوایەتە بەرزەکانم ئەوە بوو ببم بەکتەر و لەسەر شانۆ و لەناو فلیم و درامادا ڕۆڵ ببینم، بەم هۆیەوە لەساڵی 1984 هاوڕێکانم هاندا بۆ ئەوەی شانۆگەریەك نمایش بکەین کە بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەی تێدا بەرجەستە کرابێ، ئیتر تیپێکی بچکۆلەمان پێکهێنا و بورهان سەید غەفورمان هاندا دەقەکەی بنوسێ، بورهان ئەوکاتە لە ئەسکی کەڵەك مامۆستا بوو بەهەر هۆیەك بوو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش (دائرە الامن) ی بەعس ئاگاداریان کردبووەوە و لەسەر کارەکەی دەریان کرد، بورهان لاوێکی ڕۆشنبیر بوو، دەقێکی جوانی بۆ شانۆگەریەکە نووسی و دەستمان کرد بەئامادە کردنی، بەشی زۆری ئەرکەکان کەوتنە سەر شانی من بەدڵسۆزی و بەهیواوە کارمان بۆ دەکرد، داوامان لە بەرپرسی مەڵبەندی لاوانی ڕانیەی ئەو کات کرد ڕێگەمان بدات لە مەڵبەندی لاوان نمایشی بکەین، دوای چەند سەرنجێك بڕیارمان بۆ وەرگرت کەوا لە مەڵبەندی لاوانی ڕانیە و گوندی بۆسکێن نمایشی بکەین، بەڵام بەداخێکی زۆرەوە دوو ڕۆژ پێش کاتی دیاری کراوی نمایش کردنی شانۆگەریەکە لەژێر بیروباوەڕی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دوو لە ئەکتەرەکان وازیان لەکارەکەیان هێنا، ئێمەش کارەکەمان بۆ نەکرا و بارودۆخەکە وای کرد ئێمەش لەیەکتر بڵاو بووین و کارەکەمان شکستی هێنا.

– شێخ موحەمەد باساکی پیاوێکی دنیا دیدە بوو بە هێمنی بەتەحسین و هاوڕێکانی گووت:

– کوڕی خۆم کاری وا مەکەن زۆر خراپە جارێك لەبەندیخانەیەك دا بەندیەکان ئەم کارەیان کرد بوو بە تۆمەتی بەرنامەی لە ناو بردنی حکومەت جارێکی تر بردیاننەوە دادگا و دوایی لەسێدارە دران.

ئەم ووتەی شێخ مەحەمەد بۆ ئێمە جێگای سەر سوڕمان نەبوو لە ژێر دەسەڵاتی بەعس زۆر کاری وا ڕووی داوە، عەلی هاوڕێم بۆی گێڕامەوە: ئەبو زوهرە یەکێك بوو لەو بەندیانەی لەگەڵ عەلی هاوڕێم لە ژوورێك دا پێکەوە بوون، ئەبو زوهرە کاتێ لەماڵی خۆی بوو شەوێك خەونی دیبوو کەوا حکومەتەکەی سەدام ڕوخا بوو خۆشی لەسەر کار لابرا بوو، ئەبو زوهرە بوو بوو بە سەرۆك کۆمار بەیانی چوو بووە لای مەلای مزگەوت خەونەکەی بۆ

لێکبداتەوە، مەلاش وەك هەڵوێستێکی نیشتمانی خەبەری لیٚ دابوو بە کاربەدەستانی ڕژێمی ڕاگەیاند بوو، ئەوانیش لەسەر ئەم خەونە ئەبو زوهرەیان گرت بوو، بەداخەوە دوایش لە سێدارە درابەتاوانی ئەوەی بیری ڕوخاندنی حکومەتی لەمێشکی دا هەبووە. دوای چەند ڕۆژێك دووبارەدەستیان کرد بەناو خوێندنەوەبۆبردنی بەندیەکان بۆدادگایی کردن.

## دادگای خێڵەکی بەعس

ئەگەر بمانەویٚ باس لە دادگای بەعس بکەین دەبیٚ تەواو بچینە ناو ئاکار و ڕەفتار و بەهاکانی ئەقلێکی تەواو دەشتەکیەوە، چونکە ئەقڵی خێڵەکی شەڕ و شۆڕ، کیٚ بەرکیٚ ی کەسایەتی، هەڵگەڕانەوە و شۆڕش، هەڵکوتینە سەر و ئەتك کردن، چەوساندنەوە و بیٚ نرخ کردنی مرۆڤ، دەرخستنی حەقیقەتی کۆمەڵگای عەرەبە، دەنا ناتوانین بڕوا بە سەرهات و ڕووداوە خوێناویەکانی مێژووی خوێناوی بەعس بکەین کە یەکانگیرە لەگەڵ داب و نەریتی دەشتەکی و ئەقڵی دوا کەوتووی سەردەمی جاهیلی بە جۆرێك ڕەگی داکوتاوە تا هەزاران ساڵ پاش سەر هەڵدانی ئاینی ئیسلامیش هەمیشە دووبارە دەبێتەوە، ئەم ئەقڵە دەشتەکی خێڵەکیەی عەرەب بە سەر هەموو دامەزراوەیەك دا زاڵە لە دادگاش نەخشی هێناوە، بۆیە ئەوانەی بەرەو ڕووی دادگا دەبوونەوە بە هۆی ترس لەم ئەقڵە خێڵەکیە هەمیشە نیگەرانی پەردەیەکی ئەستوری بەسەر دڵ و بیرکردنەوەدا دەدان، ئێمەش لە ئەوان خراپ تر لە ڕۆژی 13-3-1990 دا یاساوڵەکان دەستیان کرد بەناو خوێندنەوە، حەیدەر و ئەحمەد پێبازۆکی و نایف ناویان خوێندرایەوە بۆ بردنیان بۆ دادگا، دوای ئەوان من و هاوڕێکانم دوا تریش ئەحمەد سەپان و سلێمان فەخری و هاوڕێکانیان ناویان خوێندرایەوە، هەموومان لە ڕاڕەوەکەدا بەڕیز وەستاین، دەستیان لە پێشەوە بەستین و پاسێکی زەردی لە وانەی باخچەی ساوایانیان هێنا، فەرمانیان پیٚ داین سوای ئەم پاسەبن، بەرەو دادگا کەوتینە ڕیٚ، لە پڕشتێکم وەبیرهاتەوە ...مردن! ئەو شتەی هەرگیز لیٚ ی نەترساوم، بەڵام ئەوە عەیامێکە وەك چیرۆکی مەڕۆکە و بزنۆکەی نەنکم هەمیشە گوێم دەزرنگێنێتەوە، مردن

حاڵەتێکی کورت خایەنە، مرۆڤ هەمیشە لە کاتی ناخۆشی و تەنگانە دا وە بیری دێتەوە ئەگینا پێشتر هەستی پێناکات، هەر چی ترسی ئادەمیزاد هەیە بە هۆی مردنەوەیە، ئێمەش هەقمان بوو بترسین، ئەوەتا مردنێکی بە کۆمەڵ لە دادگا خۆی مەڵاس داوە.

ئەگەر ئەو ڕۆژە سەرۆکی دادگا (عواد البندر) باش لە خەو هەڵنەستایە یاخود کێشەیەکی لەگەڵ هاوسەر و خێزانەکەی هەبوایە داخی دڵی خۆی بە بەندیەکان دەڕشت، بڕیارە نەفرەت لێکراوەکانی مەرگیان دەباراند. دەیانگووت: لە ڕابردوودا جاری وا هەبووە ئەوانەی لەبەر دەم دادوەری ڕاگیراون ناویان نەخوێندراوەتەوە سەرۆکی دادگا (عواد البندر) هەر بە پەنجە ئاماژەی کردووە: لەم کوڕە بەگ ڕەشەوە تاکو ئەو دشداشە سپی یە با هەموویان لە سێدارە بدرین.

کاتێ بردیانینە هۆڵی چاوەڕوانی دادگاوە لەگەڵ حەیدەر کەوتینە لای یەك، ئەو حەیدەرەی لە لقی پێنجی هەواڵگری بەغدا سۆز و جوامێری زۆرم لێ دیبوو، کەوتینە ئاخاوتن هەر چەندە حەیدەر زۆر قارەمان دە هاتە بەرچاو، بەڵام خۆشەویستی ژیان و چارە گرانی مەرگ نیگەرانی کرد بوو لە نائومێدی دا دەیگوت: ژیانێك ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجە و مەینەتیەی تێدا بێت گاڵتە جاڕیە، ئەم ژیانە مانایەکی تێدا نیە . منیش بە مەبەستی دڵدانەوەی گووتم:

– نا...حەیدەر گیان لەسەر و ئەم ژیانەوە شتێك هەیە ...هیوا بوون بە دوا ڕۆژ، کە ئادەمیزاد بەو هیوایەوە لە تێکۆشان دایە، ئەگینا کار کردن و هەوڵدان و خواپەرستی و هەر شتێکی تر بێ نرخ بوون بۆ دەکرا.

حەیدەر نیگەرانی زۆر پێوە دیار بوو هەمیشە دەیگوت: بە سەرمانەوە ناچن، لێمان نابورن، کۆتایی ژیانمانە.

سەرەڕای ئەو بیروباوەڕەی لەسەری گیرا بووم، بەڵام لە ڕاستی دا منیش حەزم لە مردن نەبوو، باری دەرونی خۆشم هەر باس ناکرێ، لەو خراپ تر بووم، بەڵام بە هیوای

ئەوەی بەڵکو بتوانم هەندێك ورە و ئارامی پێ ببەخشم گووتم: بەڕاستی مردن لە پێناوی گەل دا سەر بەرزیە، مردنێکی واش دەست هەمووکەس ناکەوێ، جێگای شانازی مرۆڤە.

کەمێك ڕاوەستام دوایی دەستم پێ کردەوە: ڕێ ی خەبات سەخت و نا هەموارە، پڕ هەوراز و نشێوە و بۆ درێژەدان بەم ڕێگایە گوڕ و تین و فیداکاری دەوێ، ئێمەش هەمیشە دەمانزانی تووشی ڕاوەدوونان و گرتن و بەندیخانە و کوشتن دەبین، لە سەرووی ئەمانەش هاندانی لاوان و دڵسۆزانی گەلەکەمان بۆ خەبات لە ئیستا دا ئەرکی سەرشانی قارەمانانی گەلەکەمانە، ئەرکێکی گرنگ و پیرۆز و سەختیشە، مێژووش لاپەڕەکانی کردۆتەوە کردەوەکانمان تۆمار دەکات.

ویستم دڵخۆشی حەیدەر بدەمەوە ئەگینا لە چاوەڕوانی مەرگ دا باری دەرونی خۆم زۆر خراپ تر بوو، ئەوەی ئازارەکانی بۆ سووك دەکردم ئەوە بوو لەسەر چارەنوسی نەتەوەیەك گیرا بووم، لە پێناوی مانەوەی ناوی نیشتمانەکەم، لەسەر بیر و باوەڕێکی پیرۆز لە هەمان کاتدا سەلماندنی بیر و باوەڕم بۆ دوژمنی گەلەکەم، خۆڕاگریمان ململانێ بوو لە نێوان مەرگ و ژیان دا.

ناوی حەیدەر و ئەحمەد پێبازۆکی و نایف خوێندرایەوە بۆ دادگایی کردن، سەرکەوتن بۆ دادگا، ڕۆیشتن و بۆ هەمیشە نەگەڕانەوە، بڕیاری لەسێدارە دانیان بە سەر دا درا بەڵێ...وەیشومەی مەرگ ڕاپێچی دنیای نادیاری کردن .

من و هاوڕێکانیشم ناومان خوێندرایەوە و سەرکەوتین بۆ دادگا چووینە ناو قەفەزی دادگاوە، هەموو ئەوانەی لە ژووری دادگا بوون یەك پێ بڵند بوون، لە ناکاو هەستانە سەرپێ، ئێمە سەر سام بووین، حاڵەتێکی نا ئاسایی بوو ترس هەموو گۆشەیەکی داگرتبوو، بەڵام ئێمە بە هێز و بێباك بەرەو ڕووی ئەوان وەستابووین، دیارە پێشتر بەبێ ئامادەیی ئێمە بۆ خۆیان بڕیاری چارەنووسی

ئێمەیان دابوو، بێ ئەوەی ئێمە یەك ورتە بکەین سەرۆکی دادگا (عواد حمد البندر)

بڕیاری حوکم دانی ئێمەی خوێندەوە:

الجمهورية العراقية العدد/

محكمة الثـورة التأُريخ1990/3/13

**القـــرار**

تشكلت محكمة الثورة بتأُريخ 13-3-1990 من رئيسها السيد عواد حمد عباس البندر / وعضوية الحاكمين السيدين (               ) و(               )المأزونين بالقضاء باسم الشعب وصدرتالقرارالاتى:- المدانين/

1- قادر احمد اسماعيل

2- جنكى رسول حمد

3- على رسول حمد

4- بيروت عزيز عبدللة

5- رسول حمة قادر

حكمت المحكمة حضوريا بمايلى :-

1- السجن المؤبد على المدان قادر احمد اسماعيل مع احتساب مدة موقوفية من18-10-1989لغاية 13-3-1990 وتنزيلها من مدة العقوبة المحكوم بها .

2- السجن (15) خمسة عشرة عاما على المدانين(جنكى رسول حمد) و( على رسول حمد) و ( بيروت عزيز عبدللة) و(رسول حمة قادر) مع أحتساب مدة موقوفيهم من 18-10-1989 لغاية 13-3-1990 وتنزيلها من العقوبة المحكومين بها. وصدر القرار أسنادا لاحكام المادة(175/أ)من قانون العقوبات والمواد(182/أ)و(295) من الاصول الجزائية حكما حضوريا قابلا للتميز وامنهم علنا فى13-3-1990.

الرئيـــس

عواد حمد عباس البنـدر

به تەواو بوونی خوێندنەوەی بڕیارەکە ئێمەیان دا بەزاندەوە هۆڵی چاوەڕوانی دادگا، هەر لە پلیکانەکان چووینە خوارەوە ئەو بەندیانەی لە ناو هۆڵی چاوەڕوانی دادگا بوون پیرۆزباییان لێ کردین بە پیاوێکی عەرەبم گووت:

– پیرۆزبایی چیمان لێ دەکەن یەکی کۆلێك حوکمیان داوە بەکۆڵمان دا.

ئەو گووتی:

– هەر حوکمی سێدارە نەبێت ئەوەی تر هیچ نیە، ئینجا دەربارەی ئێوەی کورد حوکم گرنگ نیە سەدام حسین ناچارە هەموو بەهار و پایزێك لێبوردنی گشتی بۆ کورد دەر بکات.

ئێمە لەم هەرا و هوریا و خۆشی و ناخۆشیەدا کە هەر لە ڕۆژی مەحشەر دەچوو، کە چی پیرۆتی هاوڕێمان بە عەلی گوتبوو: ئەرێ عەلی ئێمە چ حوکمێك دراوین وا خەڵك پیرۆزبایمان لێ دەکات، سەرەتا عەلی گاڵتەی پێ کرد بوو گووتبووی: حوکمی سێدارەمان بۆ دانراوە دوایی بۆی ڕوون کردبووەوە.

دوای کەمێك هێمن بوونەوە باسی ڕۆژانی ڕابردووی پڕ مەینەت و بێ پارەیی کرا بوو پیرۆت گوتبوی: من ئێستاش پارەم هەر لاماوە.

لە ڕۆژانی ڕابردوو پارە بۆ ئێمە زۆر پێویست بوو، بەڵام بەداخەوە نەبوو، پیرۆت پارەی لاما بوو لە ئێمەی شاردبووەوە، ڕاستە دەڵێن:" گیا بە جێگای عاسێوە دەمێنێت"، ئێمە دەمانزانی پیرۆت پارەی لایە بەڵام کە خۆی باسی نە دەکرد پێویست نەبوو ئێمە پێ ی بڵێین، دوایی عەلی هەندێك پارەی لە پیرۆت وەرگرت بۆ بەندیەکانی ناردەوە جەناح خاس.

دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ لە دادگا پەنجە مۆریان پێ کردین، هەموو ئەوانەی بەیانی بە یەکەوە هاتبووین سواری هەمان ئۆتۆمبیلیان کردین کە پێ ی هاتبووین، بۆدوا جار حەیدەر و ئەحمەد پێبازۆکی و نایفمان لە ناو پاسەکەدا بینی بە چاو بەستراوی دانیشتبوون

کسپەیەك لە دڵمان هات، بەڵام دەسەڵاتمان نەبوو بە هەناسە ساردیەوە هەواڵمان پرسین، بەڵام نازانم چۆن، هیچ قەڵەمێك ناتوانێ ئەوە بنوسێتەوە، هیچ مۆسیقایەك ئەم ئاوازە دەر نابڕێ، هیچ هەستێك ناتوانێ تەعبیری ئەم کۆستە گەورەیە لێك بداتەوە.

ویڕەی قەمچی، هاوار و زریکەی ئەشکەنجە دراو شێوەیان کوا تا وێنەیان بگرم، جیڕەی دەرگا، قسەی ناشیرین و جنێوی پیسی جەللاد کوا ڕەنگی هەیە چۆن ڕەنگەکان بنوسمەوە، دیواری بەندیخانە، قەمە و کێردی دەستی جەللاد دەرگای هەمیشە داخراو، زمانیان هەبا لە بەعسیە وێژدان مردووەکان دەهاتنە دەنگ، ئاوی گەرم و ژەنگاوی هەوای گەرم و تۆزاوی، ناو دڵی گەردەلول چ هەستێك ئەمانە دەردەبڕێ، کام قەڵەم دەتوانێ ئەمانە بنوسێتەوە، ووتە و شێعری قارەمانان، نوزە و ناڵەی نیوە زیندوان، پەت و سێدارەی هەڵخراو، چ تەعبیرێ دەیگرێتە خۆ و لە کام جێدا پۆلێن دەکرێ، ئاخ حەیدەر گیان ئێوە بوونە برینێکی تەشەنا لەسەر دڵم هەموو ڕۆژێك دەکولێتەوە، کاتێ ئازاری ئەم زامەمان بیر دێتەوە تەنها ئەوەندەمان لە دەست دێ لە ناخی ناخەوە ئاخێك هەڵکێشین، بەڵام بەچی دەچێ لە کاتێکدا هێشتا زامەکانی تەڕە و ساڕێژ نەبووە و هەمیشە دەکولێتەوە .

ئۆتۆمبیلەکە ڕاوەستا لەبەردەم دەرگایەکی ئاسنی گەورەی سکەدار (لەسەر سکە) ڕایان گرتین، تابلۆیەك بە گەورەیی لەسەری نوسرا بوو (الاحكام الخاصة للاصلاح الكبار) یاساوڵەکە فەرمانی بەمن و هاوڕێکانم کرد:

– ئێوە دابەزن .

بۆ دوا جار خوا حافیزیمان لە حەیدەر و ئەوان کرد بەندیەکانی تریش گەڕانەوە جەناح خاس.ئێوارەیەکی درەنگ، تۆز و غوبار هەواکەی تۆزێك ئاڵۆز کرد بوو، خۆر لە کەناری ئاسمان بەرە و ئاوا بوون دەچوو، لە چاو شێوەی خۆی کەمێك گەورە تر دەهاتە بەر چاو، شێوەیەکی سەرنج ڕاکێشی هەبوو دەتگووت تۆپێکی لە خوێن هەڵکێشراوە ئاماژەی ئەوەی دەدا کەوا لە گەشتەکەی دا بە ووڵاتی خوێناوی بەعس دا تێپەڕیوە، وا دیارە لە گەشتی

شەکەتی ئەمڕۆدا چەندین لاشەی بێ سەر و جەستەی نیوە گیانی لە خوێن گەوزیوی بەسەر کردۆتەوە. دەنگی یاساوڵەکە بە ئاگای هێنامەوە:

– بڕۆن بۆ ژوورەوە .

چووینە ژوورەوە، دوایی گەورەکەیان فەرمانی دا:

– بیانبەن بۆ ژووری پێشوازی، بە بیستنی ووشەی پیشوازی دڵم گوشرا، ڕۆژگارێکی تاڵ و ناخۆشم لەگەڵ ئەم ووشەیە برد بووە سەر، بە بێ دەنگی ملی ڕێمان گرت.

# بەشی چوارەم

# ئەبو غرێب گۆڕستانی زیندووەکان

## ئەبو غرێب گۆڕستانی زیندووەکان

بەندیخانەی ئەبوغرێب بە یەکێك لە گەورەترین و سامناك ترین بەندیخانەی عیرق دادەنرێ، دەکەوێتە سی کیلۆمەتری خۆرئاوای بەغدا لە نزیك شاری فەلوجە ناوچەی (سقلیە) لە سەر شا ڕێگای بەغداد–رومادی. ئەو بەندیخانەیە لە ساڵی 1960 دا لەسەر دەستی ئەندازیارێکی هیندی بە ناوی (کان) دروست کراوە بە هۆی ئەوە تا ئێستاش هەر چی کەل و پەل و بەرگ و خواردەمەنیەکی ئەو بەندیخانەیە کە دەدرێت بە بەندیەکان بە(کان) ناودەبرێت، بەندیخانەی ئەبوغرێب لەسەر پارچە زەویەکی زۆر گەورەی چەند هەزار دۆنمی دروست کراوە، چەندین بۆشایی گەورە و خانو و باڵەخانەی تێدا بنیات نراوە، چەندین شەقامی بەرین و گەورەی لەسەردروست کراوە، کەوا ئۆتۆمبیلی گەورە و بچوك بەسەری دا گوزەر دەکەن، ئەو بەندیخانە گەورەیە لە ناو شورایەکی بڵند و گەورە و درێژ و پان و پۆڕدا بەسەر چوار بەشی سەرەکی دا دابەش کراوە:

1– بەشی حوکمە قورسەکان (الاحکام الثقیلة) .

2– بەشی حوکمە تایبەتیەکان(الاحکام الخصة).

3– بەشی حوکمە سوکەکان ( الاحکام الخفیفة) .

4– بەشی حوکمە کورتەکان (الاحکام القصیرة) .

بەشی حوکمە تایبەتیەکان (الاحکام الخاصة) تایبەت بوو بە بەندیانی سیاسی، ئەویش شورایەکی گەورە و بڵندی بەدەورەدا کێشرا بوو، چەند قوللەیەکی پاسەوانی لەسەر دروست کرا بوو، بەسەر چەند بەشێکی تر دابەش کرا بوو وەك:

1- ژووری پێشوازی .

2- چێشتخانەی یەك

3- چێشتخانەی دوو

4- مەدرەسەی یەك

5- مەدرەسەی دوو

6- جەمولۆنی یەك

7- جەمەلۆنی دوو

8- نەخۆشخانە

جگە لەوانە چەند بەشێکی دیکە هەبوون بە هەمیشەیی دەرگاکانیان داخرا بوون، لەسەر دەرگاکان نوسرا بوو(ق) لەبەر ئەوە بە قافەکان ناودەبران، بەندیەکان هەمیشە لە ژوورەوە بوون، دەرگایان لەسەر داخرا بوو، ڕێگایان پێ نەدەدرا بێنە حەوشە، لەبەر ئەوە یەکتریمان نەدەدیت هەر وەکو مردوویەك لە گۆڕدا لە ناو چوار دیواری ژوورێکدا بوون، لەبەر ئەوە هیچ زانیاریم لەسەریان نی یە. ئەگەر چی ڕۆژێك ئێمەیان کردەوە ژوورەوە بۆ چەند کاتژمێرێك ئەوانیان بۆ یەکەمجار هێنایە دەرەوە بۆ حەوشە.

یەکەم شەومان لە ژووری پێشوازی بردە سەر، ژوورێکی ئاسایی بوو ئێمەش ترسی دادگا و دادوەرمان لەسەرکەم ببۆوە کەمێك ئارام ببووینەوە، لە چاو ڕابردوو خواردن و هەڵسوکەوتیان باشتر بوو.

کوڕێك سەردانی کردین، هەواڵی پرسین داوای کرد هەر پێویستیەکمان هەبێت داوا بکەین، دوای ڕۆیشتن و هاتنەوەی بۆ جارێکی تر هەندێ خواردن و پاکەتی جگەرەی هێنا بوو، زۆر دۆستانە خۆی پیشان دەدا دوایی کە ناومان پرسی گووتیان: ناوی (قانع)ە خەڵکی

شارۆچکەی چۆمانە.

قانع چۆمانی لاوێکی ئەسمەر مو ڕەش، مەشرەب خۆش و ڕۆح سوك بوو، لەگەڵ هەموو بەندیەکان دا دۆستایەتی هەبوو هەموویان خۆشیان دەویست.

هەر بەندیەك هاتبایە ئەم بەندیخانە ئەبوایە هەفتەیەك لەم ژووری پێشوازی یە بمێنێتەوە، بە هەوڵی قانع یا ڕای خۆیان بوو بەیانی ئێمەیان لە ژووری پێشوازی یەوە دابەزاندە ناو بەندیەکان، بۆیە دەڵێم دابەزاند چونکە ڕژێم بە بەندیەکانی ئێرەی دەگووت دابەزیو(النزیل) نەك بەندی .

عەلی و جەنگی و پیرۆت برانە جەمەلۆنی یەك سەید حسێن لێپرسراوی جەمەلۆنی یەك بوو، پیاوێکی شیعەی باڵا بەرزی بە خۆوە بوو، بەرامبەر بە هەڵسوڕانی کاری بەندیەکان خۆی بەرپرسیار دەزانی بە داخەوە نازانم لەسەر چی گیرا بوو، من و قادر براینە جەمەلۆنی دوو سەر پەرشتیاری جەمەلۆنی دوو پیاوێکی ڕەقەڵە بوو، سەید حسین لەو دیارتر بوو، هەردووکیان شوێنێکی فراوان و باشیان بۆ خۆیان لە گۆشەی جەمەلۆنەکە گرتبوو.

شوێنی نوستنی بەندیەکان چوار پای دوو قات بوو سێ لای بە چوار پا گیرا بوو، لای پێشەوە چوار پای لێ نەبوو ناوەڕاستەکەی بۆش بوو وەك ژوورێکی لێ هاتبوو پێیان دەووت (خێمە).

من و قادر براینە خێمەی چەند برادەرێکی سلێمانی، سێ کوڕی گەنج بوون، نزار و بورهان و کامەران، یەکێکی تر بە ناوی شۆڕش وە یەکێکی ئێزیدی بە ناوی بۆکۆ لەگەڵ خۆیان دا جێ یان کردبونەوە هی ئێمەشی هاتە سەر، هەمووومان لەسەر خوانێك کۆدەبووینەوە، شۆڕش باڵا بەرزێکی داڵە گۆشت بوو، بۆکۆ دەستە پیاوێکی سووری چاو شین و کەمێ بێ دەنگ بوو، ئەوان بەمیهرەبانیەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرد ئەویش زۆر ڕێزی دەگرتن و هەمیشە بە کاروباری ناو خێمەکەوە خەریك بوو، ئێمە چوارپامان بەرنەکەوت لەسەر زەوی دەنوستین، هەر سێکیان ڕوح سوك و بەڕێز و تێگەیشتوو بوون،

لەسەر کاری ڕێکخستنی یەکێتی گیرا بوون، لەسەر بڕیاری ڕێکخستن لە سلێمانی تەقەیان لە پیاوێکی ئاسایشی ڕژێم کرد بوو، کابرا کوژرا بوو، لەبەر ئەوە حوکمەکەیان کێشەی کوشتن (قتل)یشی هاتبوە سەر. لێبوردنی گشتی نەیگرتبونەوە لە چاوەڕوانیدا درێژەیان بە حوکمەکەیان دەدا.

جگە لە فەرمانگەی ئاسایش (دائرة الامن) دەسەڵاتی بەندیخانە بەدەست فەرمانگەی پۆلیسەوە بوو، پاسەوانەکان بەرگی زەیتونیان لەبەردا بوو پێیان دەووتن پاسەوانی بەندیخانە (سجان) هەر چەندە پۆلیس بوون بە پێچەوانەی ئەو ووتەی کە هەیە(پۆلیس لەخزمەتی گەل دایە) لێرە پۆلیس وەك گورگ بەر ببوونە گیانی ڕۆڵەکانی گەل، بەیانیان زوو دەرگای حەوشەیان دەکردەوە حەوشەیەکی گەورەی هەبوو بەندیەکانی بەشەکان دەڕژانە حەوشە، بەیانیان لە حەوشەدا سەرژمێر (مستر) دەکراین تا ئێوارە دەرگای حەوشە کراوە بوو، ئێوارەش کاتی ڕۆژئاوا بوون جارێکی تر سەرژمێر دەکراینەوە و دەچووینە ژوورەوە .

هەر یەك لە جەمەلۆنەکان لەبەر ئەوەی خزمەتگوزاری بۆ نەکرابوو جیگای زۆر خەڵك دەبووەوە، دەیانگووت پێش لێبوردنی ڕابردوو هێندە قەرەباڵغ بوو هەر بەندیەك تەنها 40 سم بەردەکەوت ، هەندێکیان ناچار بوون لە ڕاڕەوەکاندا بخەون، بەڵام بە هۆی لێبوردنی گشتی یەوە زۆربەیان دەرچوون، دوای لێبوردن دووبارە بەندی تریان بۆ هێناوەتەوە، زۆر قەرەباڵغ بۆتەوە، خەڵکی زۆری تێدا بوو، ئەبوغرێب لە خەڵك جمەی دەهات، دەتگووت کەشتی نوحە، لە هەموو تۆرمە و ڕەگەزێکی تێدا بوو کورد، عەرەب، تورکمان، کلدانی و ئاشوری...هتد ، لە ناو ئەو نەتەوانەدا خەڵکی سیاسی و هوشیار و زانا و تێگەیشتوویان هەڵبژارد بوو هێنابوویانن بۆ ئێرە لە ناو ئەوانەش دا شێخ، سەید، مەلا، بێ بڕوا، پیاوی باش، پیاوی خراپ، تێگەیشتوو، ناهوشیار، پەککەوتە، شەلەل، کوێر، شێت، دیندار و بێ دینیشی تێدابوون، هەموویان کۆکردبووینەوە سەریەك پێکەوە لە نێو چوار دیوارێکدا

دەژیاین لە ناو ئەوانەش دا چەندین ڕێباز و دینی ئاسمانی تێدا بوون، ئاینی ئیسلام (سوننە، شیعە) مەسیحی، ئێزدی، کاکەیی...هتد، لە ناو کوردەکانیش دا کوردی هەموو ناوچەکانی لێ بوون بە شێوەی جیا جیا قسەیان دەکرد، هی وایان تێدا بوو زۆر بەزەحمەت تیّ ی دەگەیشتین، بەشی زۆری بەندیەکان لە عەرەب پێك هاتبوون سەرت سوڕدەما کە بەعس چ کارەساتێکی بەعەرەب کردووە، ئێمە لە چاو ئەوان وەك دلۆپەیەك ئاو لەدەریایەك بووین .

لەناو بەندیە کوردەکان دا یەزیدیەکان بەشێکی زۆریان پێکدەهێنا، لەناویان دا پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و دینی جیاوازیان هەبوو وەکو شێخ و فەقیر...هتد.

لەسەر یەزیدیەکان کتێب و ووتار زۆر نووسراوە. لەبەر گرنگی بابەتەکە پێویستە ئاوڕێکی لێ بدەینەوە و سەرنجی هەندێ لە زانایان وەربگرین. عوسمانیەکان بەهاندان و فتوای مەلاکان زۆر جار لەشکریان ناردۆتە سەریان. بەڵام جگەلەوەی بە شەیتان پەرستی و کافری تاوانباریان کردوون، شتێکی تریان لەسەر نەنووسیون .

یەزیدیەکان بۆخۆیان هیچیان لەسەر خۆیان نەنووسیوە. تا ئێستاش لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بێلایەن و تێر و تەسەلیان لەسەر نەنووسراوە، لەبەر ئەوە زۆر بابەتی دینی و کۆمەڵایەتیان. هێشتا وەکو مەتەڵ ماوەتەوە. هەر یەکە بەجۆرێك لێ یان دەدوێ.

مێژوونووسی گەورەی کورد محەمەد ئەمین زەکی بەگ ئاماژە بۆ کتێبی (تأریخ الموصل) کردووە ناوی یەزیدی لەوەوە هاتووە کە باوەڕیان بەخوایەك هەبووە ناوی( یزید یان یزدان )بووە و هیچ پەیوەندی بە (یزید) خەلیفەی ئەمەویەکان نەبووە.

بنەمای دیانەتی یەزیدی مەزهەبی (مانی) یە .هەندێکی تر دەیبەنەوە سەر ئاینی زەردەشتی، باوەڕیان بە بوونی دوو خوا هەیە و ئەبێ عیبادەت بۆ ڕۆژ و بۆ شەیتانیش بکرێ، وەك لە مەزهەبی زەردەشتی دا باوەڕیان بە خوای خێر (ئاهورامەزدا) وە خوای شەڕ(ئەهریمەن) هەیە .

ئەمین زەکی باسی هەندێ نەریت و ڕەوشتی سەیری یەزیدی کردووە وەکو: ڕقیان لە

ڕەنگی شینە و زۆر ڕقیان لە کاهووە، سوجدە ئەباتە بەر (مەلەك تاوس) لایان وایە ئەم ئالیهەیە لە پێش هەموو بونەوەرێك دا هەبووە و لە هەموو جێگایەك ئامادەیە و خدمەتکارانی بە هەموو لایەکدا ئەنێرێ تاکو بێ بڕوایی و ئیمان لێك جوێ بکاتەوە. باوەڕیان بە (دۆنادۆن) هەیە رۆحی زیندەوەرێك لەدوای مردن ئەچێتە لە شێکی ترەوە. ڕۆژی جەژن و زیارەتیان زۆرە و سێ ڕۆژ بەڕۆژوو ئەبن. ژن دان و ژن هێنان جگەلە مەزهەبی خۆیان لەلایان گوناهێکی گەورەیە.

کتێبە پیرۆزەکەیان پێ ی دەڵێن (جلوە) کە لەلایەن (شێخ عدی) ەوە نووسراوە. کتێبێکی پیرۆزیان هەیە بەناوی (مصحفی رەش) کەلە ساڵی 743 هـ = 1342ز. نووسراوە دەربارەی نەریت و باسی ئاینی یەزیدی لەو سەردەمە تیایا نووسراوە[10].

مارتن ڤان برونسن لەکتێبەکەی دا ووتوویەتی: یزید(ئیزید) یەکان زۆر جار بە ناڕەوا و بە تەوسەوە بەشەیتان پەرستیان ناو دەبەن.

ئەم ئاینە تایبەتە بەکورد، ئێزیدیەکان بە کرمانجی دەدوێن و لەوەتەی هەن لەلایەن هاوسێ موسوڵمانەکانیانەوە ڕاودەنرێن و زۆریان لە ترسانا خاکی وولاتی خۆیان بەجێ هێشتووە و هەندێکیان لە ترسانا بوونە موسوڵمان یاخود فەلەو پەیوەندیان لەگەڵ فەلەکانی دەوروبەریان باشترە وەك لەگەڵ موسوڵماندا. زۆربەی یەزیدیەکان لە کێوەکانی (شەنگار–سنجار) و ناوچەی شێخان دەژین کە مەزاری پیرۆزی (شێخ عادی)لێ یە و لەساڵانی سی و چلەکانی سەدەی ڕابردوو(مەبەست سەدەی نۆزدەهەمە) لە دەست زۆر و ستەم هاتوون و لە قەوقاز گیرساونەتەوە[11].

هەروەها مینۆرسکی باسی (جلوە) و(مصحفی رەش)ی کردووە کەلە ساڵی 1895 دا میسنێرێکی ئینگلیزی (هـ.باری–هـ.ئوباری) ئەو دوو کتێبەی دیوە کە بە عەرەبی نووسراون بە چاپکراوی و لەلایەن (ئەنستاس ماری) کە ڕۆژهەڵاتناسێکی گەورەی عەرەب بووە. لە سندوقێکدا لە کەنیسەیەکی سەر چیای سنجار دا هەڵگیراوە. وە (ئاماری ) توانیبوی

پاسەوانی ئەو کەنیسەیە ڕازی بکات و ڕێگەی پیٚ بدات لە ماوەی دوو ساڵ دا کۆپیەکی ڕاستی هەر دوو دەست نووسەکە نووسیبووەوە بەوەی کاغەزێکی تەنکی خستبوە سەر پەڕە نووسراوەکان و بە ئاسانی توانیبوی هەروەکو خۆی هەموو لاپەڕەکان شکل نووس بکات و بەوەش وازی نەهێنا بوو بەڵکو نیشانەکانیشی لێك دابووەوە. لەدوایدا لەساڵی 1913 لەلایەن (م. بێتنەر)ەوە لە شاری ڤینا ئەو تێکستانەی هەوەکو خۆی و بە شێوەیەکی ڕاست بڵاو کردبووەوە . کتێبی یەکەم (جلوە) کە لەلایەن (هـ.باری) یەوە نووسراوەتەوە لە ساڵی 1895 دا. دوای ئەوەش لە ساڵی 1909 دا کتێبەکەی دووهەمیش (مصحفی ڕەش) لە گۆڤارێکی ئەمریکی دا بڵاو کراوەتەوە[12].

نەوشیروان مستەفا ئەمین کە خۆی ماوەیەك لە ناویان بووە دەڵێت: لە ناو یەزیدیەکاندا "میر" خاوەنی دەسەڵاتی دنیایی و "بابەشێخ" خاوەنی دەسەڵاتی دینیە، لە مەسەلە دینیەکاندا بابەشێخ "فتوا" ئەدا و ڕاست و ناڕاست دیاری ئەکا، تەنانەت ئەتوانیٚ یەزیدی لە دین دەر بکات.

یەزیدیەکان بە خۆیان ئەڵێن "میللەت" بە دینەکەیان ئەڵێن"ئولی ئێزدی" خۆیان بە میللەتی هەلبژێراوی یەزدان ئەزانن. چونکە لایان وایە مرۆڤایەتی هەمووی لە نەوەی (ئادەم و حەوا)ن بە تەنیا ئەوان لە(ئادەم) کەوتوونەتەوە. بەکرمانجیەکی ڕەوان ئەدوێن و لایان وایە لە ڕۆژی قیامەت دا خوا و فریشتەکانی بە کرمانجی لەگەڵ مرۆڤ ئەدوێن و هەر کەس ئەم زمانە نەزانیٚ ناچێتە بەهەشت..نوێژ و بەیتە دینیەکانیان هەمووی بە کرمانجیە. (ئولی ئێزدی) بیٚ گومان دینێکی کۆن و سەربەخۆی. تایبەت بووە بەکورد. بەتێپەڕینی زەمان و لە ئەنجامی تێکەڵاویان لەگەڵ دینەکانی دراوسێیان دا هەندیٚ باوەڕ و نەریت و زاراوەیان لیٚ وەرگرتوون. بەڵام ئەمەکاری نەکردووەتە سەر باوەڕە ینەڕەتیەکانیان.

ئاینەکان بەگوێرەی (خواپەرستی) دابەش ئەکرێن بۆ یەك خوایی(مونو ثاییزم)و دووخوایی(دوالیزم) وە چەند خوایی(پولی ثاییزم). یۆنانیەکان باوەڕیان بە هەبوونی(چەند

خوایی) هەبووە وەکو خوای جوانی، خوای شەڕ، خوای باران، خوای دەریا...زەردەشتیەکان باوەڕیان بە هەبوونی (دوو خوایی) هەبووە خوای چاکە (ئاهورامەزدا) و خوای خراپە(ئەهریمەن). جو و مەسیحی و موسوڵمان باوەڕیان بە هەبوونی (خوای تاك و تەنها) هەبووە و لایان وابووە ئەوانەی دوو خوا یان زیاتر ئەپەرستن موشریك و کافرن.

زۆر کەس وا ئەزانن یەزیدیەکان ئەچنە خانەی (دوو خوا پەرستەکان)ەوە. هەندێ لە ڕۆشنبیرانی یەزیدیش خۆیان بەپاشماوەی زەردەشتیەکان دائەنێن. بەڵام یەزیدیەکان باوەڕیان بە(ئێزەد) واتە خوای تاك و تەنهایە (مەلەك تاوس) کە موسوڵمانەکان بە(شەیتان) و هەندێکی تر بەخوای شەڕی زەردەشتیەکان (ئەهریمەن)ی دائەنێن (ئێزەد) یا(خودێ) نیە بەڵکو فریشتە(مەلایکەت)ە. بەڵام فریشتەیەکە پایەیەکی تایبەتی لای یەزدان هەیە. چونکە ئەم لە ڕووناکی دروست بووەنەك قور.

یەزیدیەکان بەدرێژایی مێژوو قوربانی زۆرلێکراوی ئازادی دین و ویژدان بوون. زۆر جار کەوتوونەتە بەر پەلاماری بێ بەزەییانەی ئۆردووی تورك و حوکمرانەکانی دەورو پشتیان. وەکو دەماودەم بۆیان باس کردوون 32 جار (فەرمان) بۆلەناو بردنیان دەرچووە. فەرمان ووشەیەکە بووە بە مەعنای:(ئەمری سوڵتان و گەورەکاربەدەستانی عوسمانی). بەڵام لەزمانی ئەمان دا (ڕابوونی فەرمان) واتە (قەتلوعام) یا بەزمانی ئەم زەمانە (جینۆساید) چونکە هەموو جار فەرمانەکان بۆ لەناو بردنی یەزیدی و تاڵانکردن و وێران کردنی ئاواییەکانیان بووە. بەهۆی ئەم هەموو پەلامارەی خۆیان و شوێنە پیرۆزەکانیانەوە. هیچ بەڵگەیەکی نووسراویان نەماوە. کتیبە پیرۆزەکانیان (جیلوە) و (مەسحەفی ڕەش) لای خۆیان نەماوە و ئەوەی دەست ئەوروپاییەکانیش کەوتووە جێگای باوەڕ نیە. باوەڕە دینیەکانیان ئەوەیە کە لە سنگی (بابەشێخ) و (قەواڵ)ەکانیان پارێزراوە.

قەواڵ کە لە ووشەی (قەول) داتاشراوە بەو کەسانە ئەڵێن کە بەیتەکانی ئۆلی ئێزیدیان

لەبەرە لە موناسەبەتە دینیەکاندا بەگۆرانیەوە بۆیان ئەگێڕنەوە. قەواڵەکانی سەردەمی زوو نەخوێندەوار بوون.

یەکێ لەبەیتە گرنگەکان(بەیتی ئەفراندن)ە واتە(سفر الخليقه)کەباس لە دروست بوونی گەردون ئەگێرێتەوە. لە باری سەرنجی دینیانەوە بەیتی زۆرە. بەیتەکان سادە و لەسەر ئەفسانە دامەزراون .

ئولی ئێزدی دینێکە لەسەر بنچینەی چینایەتی دابەش بوون. چینەکان : میر، شێخ، قەواڵ، فەقیر داخراون. بەمیر کە بەرز ترینیانە دەست پێ دەکا فەقیر کە نزمترینیانە دوایی دێت. یەکێکی چینی خوارتر هەر چی بکا ناتوانێ هەڵکشێ بۆ چینێکی لە خۆی بەرەو ژوور تر هەمیشە لە ناو چینەکەی خۆی دا دەمێنێتەوە و بۆی نیە ژن لە چینی سەرووی خۆی بهێنێ[13].

بوونی دوو وولاتی نزیکی تورکیا و سوریای دراوسێیان هەلێکی لە باری ڕەخساندووە بۆ هاتووچۆی ئەوان، ئینجا بە مەبەستی سیاسی، بازرگانی یا هەر مەبەستێکی تر بێت، بەلام ئەوەی جێگای نیگەرانی بوو هەر یەکێك لەوانەی دەچوونە ئەم دوو وولاتە کاتی گرتنیان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە یەکسەر بە تاوانی سیخوڕی کردن بۆ ئەو وولاتانە حوکم دەدران، سەرەڕای ئەوەش بە هۆی بە عەرەب کردنی ڕەگەزنامەکەیان هەر چی یەزیدیەك کە گیرابوو لێبوردنی گشتی بۆ کورد نەیگرتبوونەوە و ژمارەیان هەر لە زۆری دابوو. ڕژێم دڕندەیی زۆری لەگەڵ پەیرەو دەکردن بۆ نموونە سێ برای لە شێخەکانیان بەیەکەوە گرتبوون، کەوا ناویان(شێخ ئیسماعیل، شێخ سلێمان، شێخ حەسەن) بوون، نازانم لە چ پلەیەکی دینی و شێخایەتی دابوون، بەلام یەزیدیەکان خۆیان بە شێخ ناویان دەبردن، بە هەلسوکەوتیشیان دا دیار بوو لە پلەی کۆمەلاتیدا جیاوازیەکی زۆریان لەگەڵ یەزیدیەکانی تردا هەیە. لە کاتی دادگایی کردن دا قارەمانیەتی زۆریان نواند بوو بە تایبەت برا ناوەنجیەکەیان شێخ سلێمان لەکاتی خوێندنەوەی بڕیاری لە سێدارە دانیان لە نائومێدی و

له داخان خۆی ناگرێت تاکە نەعلەکەی دادەنێت و دەیگرێتە سەرۆکی دادگا، ئەمە وەك ڕێزێك لەلایەن یەزیدیەکانی ترەوە باس دەکرا.

گروپێکی دیکەی بچوکی لێ بوو پێیان دەگووتن (أخوان المسلمين) دەرکەوتنی ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پاش هەڵوەشانەوەی سیستەمی خەلافەت لەپاش جەنگی یەکەمی جیهان، ئیخوان موسلمین وەك یەکەمین ڕێکخراوی ئیسلامی سیاسی لەمیسر لەسەر دەستی حەسەن بەننا لە ساڵی 1928 دروست بوو. ئەو حزب و هێز و ڕەوتە سیاسیانەی کە ئاینی ئیسلام و سیاسەت تێکەڵاو دەکەن و دەیانەوێت ئیسلام بکەنە ئامراز و هۆکارێك بۆ هێنانەدی ئامانجەکان و گەیشتن بە حوکم و دەسەڵاتی سیاسی. ئەو ڕێبازە لە کار و ڕەوتی سیاسی کە پەیڕەوانی دەیانەوێ بە ناوی ئیسلامەوە شەرعیەتێك بدەنە ململانێ و ڕێبازی تێکۆشانیان لە پێناوی دەسەڵات و دەسکەوت و بەرژەوەندی و ئامانجە سیاسیەکان.

ئەو ڕێبازە لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی بە لەبەرچاو گرتن و تێڕوانینێکی بەرژەوەندیخوازانەوە پەیڕەوی سیاسیانەی ئاینی ئیسلام دەکات، هەروەها بە شێوەیەکی ڕەها و ئازادانە دەسەڵات و مافێکی بێ سنوور دەداتە خۆی لە چۆنێتی و چەندێتی بەکارهێنانی بڕگەکان لە کەلەپور و ئەدەبیات و دەقەکانی ئیسلام، بەگوێرەی ویست و بەرژەوەندی و خواستەکان.

بەم جۆرە دەیانەوێ ئاینی ئیسلام بقۆزنەوە تاکو بیکاتە ئامراز و هۆکارێك لە شێوازی کار کردندا بۆ ئامانجی سیاسی، کەواتە ئاینی ئیسلام پەلکێش دەکات بۆ ناو بازنەی ململانێ و ناکۆکیە سیاسیەکان لەسەر حوکم و دەسەڵات، هەروەها تاکڕەوانە خۆی دەکاتە خاوەنی شەرعی و دەمڕاستی ئاینی ئیسلام بەسەر هەمواندا.

چەندین زاراوە و دەستەواژە بەکار دەهێنرێ بۆ ناساندنی ئەم جۆرە ڕەوتانە وەك: ڕەوتی ئیسلامی، ڕەوتی ئاینی، ڕەوتی ئسوولی، ئیسلامی سەلەفی، بزووتنەوە ئیسلامیەکان، کۆمەڵە ئیسلامیەکان بزووتنەوە ئسووڵی یەکان، بزووتنە ئاینی یەکان،

خۆبەئیسلام کردوان و ئیسلامگەرایی و ...هتد، بەڵام لە ئاخاوتنی ئەم ڕۆژگارەدا زیاتر زاراوەی ئیسلامی سیاسی بەکار دەهێنرێ.

ڕەوتی ئیسلامی سیاسی وەکو سەرجەم هێز و ڕەوت و حزبە سیاسیەکانی تر حیزبێکی سیاسی یە، هەموو هێز و حیزبێکی سیاسی خاوەنی ڕێباز و بەرنامە و ئامانجی داڕێژراوە و تیّ دەکۆشیّ و ململانیّ دەکا لە پێناوی گرتنە دەستی حوکم و دەسەڵات.

خەبات و تێکۆشان لە پێناوی هاتنەدی ئامانجەکان و گەیشتن بەحوکم و دەسەڵات، پێویستی بە ئامراز و شێواز و ئاراستەی جیای دیاری کار کردن، گرتنبەری تاکتیکی هەمەجۆر، خستنە ڕووی هەڵوێستی جۆراو جۆر و پەیڕەو کردنی چەندین شێوازی بەڕێوەبردنی ناکۆکی و ململانیّ هەیە لەگەل حیزب و هێزە سیاسیەکانی تردا.

بەم جۆرە پرۆسەی سیاسەت پرۆسەیەکی پڕ لە گۆڕان، جوڵە، هەڵچوون و داچوونە و گریّ دراوە بەڕادەی توانا، زەمینەی واقیع، گریمان و پێشهات و گۆڕانکاری، باری بابەتی و باری خۆیی، هاوسەنگی هێز و لەباری فاکتەرە دەرەکیەکان، بەڵام ئایین بە پێچەوانەی پرۆسەی سیاسەت، لەسەر کۆمەڵێك بنچینەی نەگۆڕ و پرانسیپی جێگیر بنیاتنراوە، لەبەر پیرۆزیەکەی بوار و دەرفەتی ڕەخنە و ریفۆرم و گۆڕانی تیا نارەخسیّ.

بەلەبەر چاو گرتنی ڕێبازی کار کردن و شێوازی بەرێوەبردنی ناکۆکی و ململانیّ لەگەڵ نەیارو حزب و هێزەکانی تر، بۆ بەکار هێنانی تاکتیك، بۆ مامەڵە و سیاسەتەکانی ڕۆژ، بۆ هێنانەدی ئامانجەکان مامەڵەیەکی گولبژێرانە لەگەڵ کەلەپور و ئەدەبیات و دەقەکانی ئیسلام دا دەکات، بەگوێرەی پێداویستی و بەدڵ و خواستی خۆی برگەکانی لیّ هەڵدەبژێرێت، کەواتە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە پرۆسە سیاسیەکەیدا ئایین دەکاتە هۆکارێك و خزمەتی بەرژەوەندی و ئامانجە سیاسیەکانی پیّ دەکات، بۆ ئەوەی شەرعیەتێکی خوایی و پیرۆزیی یەك ببەخشێتە خۆی هەوڵ دەدا لە ئاراستەی ئیش کردن و بانگەشەکردن و هوشیار کردنەوە و ڕێنمایی موسوڵمانان‌دا، بە ناوی حزبی ئاینی ئیسلام،

حزبی تەزکیە کراوی لای خوا، کۆمەڵی ڕزگارکەر و سەرکەوتوو، حزبی ڕێبازی پێغەمبەر و پیاو چاکانی پێشینە و حزبی مسۆگەر کەری بە هەشت کار بکات، واخۆی پیشان دەدا بێجگە لە ئەو، حزب و هێزەکانی تر، حزبی کوفر، بیدعە، تاغووت، جەهل، دۆزەخ و گومڕایین.

جیاوازی و ئەو ململانێ و ناکۆکی گەورانە لەسەر دەسەڵات بووە هۆی پارچە پارچە بوون و لێك ترزان و دەست چوونە خوێنی یەکتر و لە یەکتر کوشتن و هەڵگیرسانی چەندین شەری ناوخۆی گەورە لەناو موسوڵماناندا کەلە مێژوودا وێنەی کەم نیە،پەرەسەندنی هەموو ئەو ناکۆکی و جیاوازیانە و کار کردنی فاکتەرە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان، شان بە شانی دەوڵەمەندی کەلەپور و ئەدەبیات و دەقی ئیسلام لە ڕووی بوونی ژمارەیەکی ئێجگار زۆری ئایەت، فەرموودە، فەتوا، بیر و بۆچوونی زانایان، بە جۆرێك هەر لایەك لەلایەنەکانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی هەوڵ دەدا بەتێگەیشتنی خۆی و بە سوود وەرگرتن لەو کەلەپور و دەق و ئەدەبیاتە کە بواری ڕاکێشان بۆ خۆی تیایە، ئیسلام بە ئاراستەی خزمەت و بەرژەوەندیەکانی خۆیدا ڕابکێشێت و بیهۆنێتەوە و بانگەواز بۆ ڕاستێتی ڕەهای ڕێبازەکەی بکات، وەکو ڕێبازی ڕاستەقینەی ئیسلام و بە ناو پانتایی ئەو کەلەپور و دەق و ئەدەبیاتە دەوڵەمەندە بگەڕێ بۆ دۆزینەوەی ئایەتێك یا فەرموودەیەك یا ڕای زانا، ئیمام، موجتەهید، یان موفەسیرێك بۆ پشتگیری و شەرعیەت بە خۆدان، یان ئەگەر هیچی دەست نەکەوت کە بگونجێ لەگەڵ سیاسەت و ڕێبازی کار کردن و شێوازی بەڕێوەبردنی ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ نەیارەکان لەسەر دەسەڵات و بەرژەوەندیە سیاسیەکان، ئەوا لەڕێگەی ئەو مەکتەبەی دەرکردنی فەتوایەی کە هەموو هێز و حزبێکی ئیسلامی سیاسی دایمەزراندووە و هەیەتی، ئەو مافە بەڕەهایی بەخۆی دەدا تاکو فەتوایەك دەربکات و بەوفەتوایە شەرعیەت بداتە پرۆسەی سیاسی، بەرژەوەندی سیاسی، تاکتیك و ئامانجەکانی[14].

لێرەش ئەم گروپە بچکۆلەیە کە ژمارەیان نزیکەی دەکەسێك دەبوو، لە پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە بوون، سەرەڕای ئەو هەموو خەڵکە موسوڵمانە لە سوننە و شیعە، ئەوان خۆیان لە هەمووان جیا دەکردەوە، بە ڕەفتار و کردەوە جیاوازەکانیان سەرنجی دەوروبەرەکەیان بۆلای خۆیان ڕاکێشا بوو. وەکو: خۆدەرخستن بە ئارامی و لەسەر خۆیی، قسە کردنی بەهێمنی و زبر و بێزار کەر، ڕیشی درێژ و کورت کردنەوەی سمێڵ، پەسندانی برادەرانی خۆیان و ڕەتکردنەوەی هەرکەسێکی تر، بوونی پەیوەندیەکی توند و تۆڵ لەگەڵ یەکتر دا، هەمیشە قورئانێکیان بەدەستەوە دەگرت و زۆر کەم لێ یان دەخوێند، لە ناوەڕاستی حەوشە یا لەگۆشەیەکی دیاری کراو هەموویان بە یەکەوە نوێژی(جەماعەت)یان دەکرد و لە نوێژدا ڕەفتاری نامۆ بە خەڵکی تریان هەبوو وەکو: لاقیان بڵاو دادەنا و دەستیان لەسەر سنگ دەگرت و زۆر لە نوێژدا دەمانەوە. ئەوان خۆیان بە هەر مەبەستێك ئەو ڕەفتارانەیان کردبێت زۆر خەڵك هەبوون بە ڕیایی و مەبەستی تایبەتی بۆیان هەژمار دەکردن.

ئەبوغرێب قەفەسێك بوو زۆر جار لێ دەرچونی نەبوو، ڕژێم ئەگەر کارێکی گرنگی بوایە دەورەی بە سەرباز دەگرتن بۆ ئەنجامدانی بڕیارێکی خۆیان ئەگەر بەندیەکان سەرپێچی بڕیارەکەیان بکردایە لە هەر چوار لاوە دەدرانە بەر ڕێژنەی گوللە وگۆڕستانێکیان دروست دەکرد، بەندیەکان بەسەرهاتی سەیر و سەمەرەیان لەم بارەیەوە دەگێڕایەوە، زۆر جاریش بەندی هێندە لەم بەندیخانە دەمایەوە بە هۆی نەخۆشی دەرونی و جەستەیی گیانی دەسپارد، هەبوو دەیگووت: کە گیرام بەغدا شارێکی بچوك بوو، ئێستا زۆر گەورە بووە، بەندیەك لە سەرەتای حەفتاکانەوە لەوێ بوو هێندە کۆن بوو پۆلیسەکانیش ترسیان لێ ی نەمابوو، ڕۆژانە لەگەڵ پۆلیسەکان دەچووە دەرەوەی بەندیخانە سەهۆڵی بۆ بەندیەکان دێنا، بەڕاستی ئەبوغرێب لە مەرگ سامناك تر بوو

بڵندگۆ لە هەموو بەشەکان دانرا بوو بەسترا بوو بەفەرمانگەی بەندیخانەوە کاریان بە هەر بەندیەك بوایە بە تایبەت پاك کردنی پەتاتە و پیاز و (عمل الشعبی) و ئەم جۆرەشتانە

لەوێوە فەرمان دەدرا . بۆ(عمل الشعبی) چەند بەندیەکیان بانگ دەکرد بۆ پاك کردنی شتەکان بۆ چێشتی ڕۆژانەی خۆمان لەم بڵندگۆیانەوە بانگ دەکرا ( النزیل) فلاَن کوڕی فلاَن بێتە ئیدارەی بەندیخانە بۆ کاری پێویست .

ئێمە تا کاتی سەردان (مواجهە)ی کەس و کارمان بۆ نانخواردنی هەر ژەمێك وەك ریَ و ڕەسمی هەمیشەییان لای یەکێك لەبەندیەکوردەکان بانگ هێشت دەکراین ،21-3-1990 کاتی سەردانی کەس و کاری بەندیەکان بوو عەلی و جەنگی هاوڕێمان خەڵکی بەمشور بوون لەم ڕووەوە لە ڕێگای یەکێکەوە بە تەلەفۆن پەیوەندیان بەماڵەوە کردبوو بۆ ئەوەی لە کاتی دیاری کراودا سەردانمان بکەن .

## پشکنینی میوانەکان

بۆ دڵنیا بوون لە ئاسایشی ناو بەندیخانە بەڕێوەبەرایەتی بە ندیخانە کۆمەڵێك ڕێگای گرتبوەبەر بۆپشکنینی میوانەکان، لەکاتی سەردانی بەندیەکان لە ترسی ئەوەی نەك ماددەی بێهۆشکەر و چەك و شتی وابێتە ناو بەندیخانەکە، ببێتە هۆی تێکدانی ئاسایش و هەوڵدانی بەندیەکان بۆ هەلاَتن هەندێك لەو ڕێو ڕەسمانە لەبەر دەرگای دەرەوە دوو ڕێگای تەلبەندیان دروست کرد بوو، یەکێك بۆ پیاوان یەکێك بۆ ژنان لەبەر قەرەباڵغی و زۆری میوانەکان بە ناڕەحەتیەکی زۆر لەم شوێنە دەردەچوون، کە دەگەیشتنە ژوورەوە دوای پشکنین هەر میوانێك مۆرێکی تایبەت لە باسکی دەدرا، بۆ ئەوەی لە کاتی تەواو بوونی سەردان و گەڕانەوەی دا لە بەندیەکان جیا بکرێنەوە، ئەمەش دڵە ڕاوکێی زۆری بۆ میوانەکان دروست دەکرد، چونکە زۆر جار بە هۆی ئارەقە و ئاوەوە ڕەش دەبووەوە لە کاتی هاتن و چوونە دەرەوەدا میوانەکان توشی کێشە و گرفت و نا ئاسودەیی زۆر دەبوون، جارێك نامەیەکیان لە ئافرەتێکی خزمی فقیَ حسێن گرتبوو کە لە ناو پرچ و کەزیەکانی دا شارد بوویەوەکار بەوە باش بوو ناوەرۆکی نامەکە هەر سلاَو هەواڵ پرسین بوو، سەرەڕای ئەوەش بە هۆی ئەوەی لەگەڵ کەس وکاری ئێمە پێکەوە هاتبوون هەموویان لە ژورێکدا

دەست بەسەر کردن، تا درەنگی ئەو ڕۆژە مانەوە بۆ ئەوەی هەرگیز جارێکی تر بیر لە کاری وانەکەنەوە.

## سەردانێکی ناکامڵ

زستان بارگە و بنەی پێچایەوە، خاکەلێوە هات، سەرماو سۆڵ لە کەمی دا، تەم و مژ لە سەران ڕەوین، ڕەنو بەفری نساران لەبەر گەرمای هەتاوی ئادار توایەوە، لە دۆڵ و گەوە و لاپاڵ، لە گشت لاوە گیاو گۆڵ سەری دەرهێناو، وولات خەملیوە، دەشت و دەر بژوێنە بەگوڵ و گوڵزار ڕازاوەتەوە، لە هەمو لاوە لە نەرمان و لاپەسیوان گوڵە مێلاقە و وەنەوشە سەر لە نوێ لە جاران جوان تر سەریان لە زەوی دەر هێنا، بوونە دەستە خوشکی مەندۆك و شەنگەبیزاو خاو و گیابەند و گوڵەڕۆن بە شنەی شەماڵ دەشنێنەوە، جۆگەلەی ئاوی کانی بە ناو سەوزایی بژوێن و تێك چرژاودا بە هێڵی باریك و جوان سەربەرەو ژێر دەڕواتە خوار.

کاری کردگار سەرنج ڕاکێشە هیچ پەنجە و فلچەیەك ناتوانێ کاری وا بنەخشێنێ مەگەر سحری سروشت نەبێ.

باڵندەکان لە گەرمێن بەرەو کوێستان بە سەر نیشتمانی خۆشەویستی من دا بەڕیز و یەك لە دوای یەك بە هێمنی گوزەر دەکەن، شاهیدیم بۆ دەدەن، سەر قافڵەکە یان لەنگەر دەگرێ و بە هاوەڵەکانی دەڵێت ئەم مەڵبەندە جوان و دڵڕفێنە، ئەم بە هەشتی سەر زەمینە هی ئەوەیە وچانێك بگرین پشویەك بدەین، بەلام لەبەر نا ئارامی وولات و قەلاچۆی زیندەوەر پەشیمان دەبنەوە دەڕۆن بە هیوای گەڕانەوە و دیدار بەرز دەبنەوە و لە حوکمی چاو ون دەبن.

لە پێدەشتی شاخێك لە مێرگێکی بژوێن دا لە جەنگەی بانەمەڕێ چەند ڕەشماڵێك هۆبەیەکیان پێك هێناوە بەرەو کوێستان بڕۆن، دیمەنێکی جوان دەبینی شوان مەڕی مۆڵ داوە تێرکراوە، زاو و ماك تێکەڵ کراوە، کابانی توند و تۆڵ بەرەڵبێنەی لەخۆی داوە بەرخان هاوێر دەکا .

لاو و گراوی سەر لە نویٚ یەكیان گرتەوە لەگەڵ كوڕ و كیژە شۆخ شەنگەكانی لادیٚ بۆ كاردوو كوڕادە، كەنگر و ڕێواس لە بەندەنان هەڵبوون، ئێوارە بە دڵێكی خۆش و هەستێكی ئاسوودە دەگەڕێنەوە ماڵەوە و لاوی تامەزرۆ پێش جیابوونەوە بەڵێن وەردەگریٚ بۆ جێژوانی شەو.

لە دۆڵێكی لێژدا ڕوبارێكی خوڕێن دەڕوا لە گەروی كەژێكدا دەڕژێتە تاڤگەیەكەوە دەنگی مۆسیقایەكی بە سۆز پێك دێنیٚ مەگەر هەر مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بتوانیٚ بەدەست و پەنجەی جوانی لە سێحری تێپەڕێنیٚ،بە كەمانچەكەی دەستی سۆزی هونەرەكەی بڕژێنیٚ بە ئاوازێكی هاو شێوەی مرۆڤ مەست بكات.

هەموو شتێك لە نویٚ بونەوە و ژیانەوە دایە ئەم وولاٚتەی ئێمە بەهەشتێكە لە جیاتی دڵێك هەزار دڵی لیٚ شاد دەبێت، بەلاٚم بەداخەوە ئێمە لیٚ ی بێبەشین لەم بەندیخانە سەختەدا ڕۆژگاری نەهامەتیمان لە ڕۆیشتن دایە ماندوو نابیٚ وچان نادا، تۆماری عومری منیش وەك هەودای خەیاڵم شریتی تەمەنم هەڵدەوێزنیٚ، بەرەو نەمان دەڕۆم، بەلاٚم هێشتا ورەم بەرزە هیوام بە دوا ڕۆژێكی ڕون هەیە، چوون خاوەن نەتەوەیەكی قارەمان و كۆڵ نەدەرم. هەموو ئەم بیركردنەوانە وەك فلیم بەسەر پەردەی مێشكم دا دەهاتن ئەوەش بۆ خۆی ئازارێك بوو.

سبەینیٚ21-3-1990 ڕۆژی چاوەڕوانی بەندیەكانە تاكو وەك هەموو جارێك كەس و كاریان دێنە سەردان، ئێمە دوای چەند مانگ دووركەوتنەوە لە ئازیز و خۆشەویستان لە ژێر ئازار و ئەشكەنجەدا لە ژێر هەڕەشە و قسەی تاڵ و سوێری وەردیانەكان لە ناو ورە و خۆڕاگری و ئومێدی دوا ڕۆژ چاوەڕیٚ ی هاتنی ئازیزانین، خۆمان ئامادە دەكەین وەك هەموو بەندیەكان جێگایەك هەڵدەنێین، تا بەیانی تیا دانیشین خۆمان ڕێك دەخەین جلی جوان لەبەر دەكەین، كە لە بەندیە كۆنەكان وەرمان گرتوون دڵم زۆر خۆش بوو بە نا ئاسایی دەچوومە دەرەوە، دەهاتمە ژورەوە، هەڵدەستام دادەنیشتمەوە، پێدەكەنیم، شیعری

دڵخۆشکەری ئەو شاعیرانەم دەخوێندەوە کە هەستی منیان دەبزواند، نەشئەم بە دڵی خۆم دەور و بەرەکەم دەدا، دڵم پڕ بوو لە ڕۆشنایی وام دەزانی ژیانم سەر لە نوێ دەست پێ دەکاتەوە، ئەوەندە شادمان و حەیرانم یەکەم جارە بەم شێوەیە خۆم دەبینم، بەڵام "تەگبیر و تەقدیر لێك جیایە" دیارە نەگبەتی لێرەش بەرۆکم بەر نادات، شەو هەستم کرد تەندروستیم باش نیە داوام لە بردەران کرد: ئەرێ کامتان حەبی (پاراسیتامۆڵ )ی لایە بەڵکو بەم شەوە توشی نەخۆشخانە نەبم تاکو بەیانی سەردانی خزمان تەواو دەبێت .

بورهان پارچەیەك حەبی ئەسپرینی لەبەر دەمم دانا، منیش لە کەم ئەزمونی خۆم دوو دانەم خوارد هەر ئەوەندەم خۆش بوو تا حەبەکان کاری خۆیان کرد، ئیتر باری تەندروستیم تێکچوو، پشووم سوار بوو دەتگووت گەروم بچووك بۆتەوە هەناسەم نە دەهات زۆر شپرزە ببووم، برادەران لە دەرگایان دا، پاسەوان هات، بردیانم بۆ نەخۆشخانە بچووکەکەی بەندیخانەی خۆمان لەوێ زوو زانیان چارەسەرم لای ئەوان ناکرێت، ناردیانم بۆ نەخۆشخانە (الاحكام الثقيلة) نەخۆشخانەیەکی گەورە بوو، شوێنی تایبەتی بۆ خەوتنی نەخۆش هەبوو، لە هۆڵێکی هەشت چوارپایی دا لەسەر چوارپایەك پاڵیان خستم دەرزی و دەرمانی پێویستیان بۆ بەکار هێنام، بەڵام تا دەهات نەخۆشیەکەم پەرەی دەستاند زۆر پەرێشان بووم مردنم لاخۆشتر بوو لە ژیان، بەڵام چ بکەم دەسەڵاتم نەبوو هەتا درەنگی شەو لەگەڵم خەریك بوون سوودی نەبوو، دوای ئەوەی بێ هیوا بوون بڕیاریان دا بمبەن بۆ دەرەوەی بەندیخانە، لەم پەرێشانیەدا پێیان وا بوو هەلم بۆ هەڵکەوێت ڕا دەکەم لە ترسان دەستی منیان لەگەڵ دەستی کوڕێکی گەنج کە ئەندامی ئاسایشی خۆیان بوو کەلەپچە کرد، بە هۆی باری دەرونیم هێندەی تر پەرێشان بووم، بردیانمە نەخۆشخانەی نوور لە بەغدا نەخۆشخانەیەکی بچووك بەڵام زۆر غەوغا و قەرەباڵغ بوو پێ دەچوو نەخۆشخانەیەکی تایبەت بێ بۆ کەسانی تایبەت دانرا بێ، چونکە لە پزیشك و دەرمان و پێویستی هیچی کەم نەبوو، لە ژووری فریاگوزاری دا یاننام و دڵسۆزانە هەوڵی چارەسەر کردنیان دەدام، لە ژێر

کاریگەری ئەوان دا بوو یا خۆی هەستی جوڵا بوو کوڕە گەنجەکەی ئاسایش کەلەپچەکەی لە دەستم کردەوە و خۆی ڕۆیشت، دکتۆر و پەرستارەکان بەم نیوە شەوە لە دەورم گرد بوونەوە زۆر لەگەڵم ماندوو بوون خزمەتی باشیان کردم ماڵیان ئاوەدان بێت، لەسەر خۆ هەڵسو کەوتیان لەگەڵ دەکردم دوای ماوەیەکی زۆر و هەوڵێکی بێ پسانەوە تۆزێك ئارام بوومەوە و هاتمەوە سەرخۆم کوڕە گەنجە ئاسایشەکە هاتەوە بە هێمنی گووتی :

– ئێستا چۆنی ؟

– باشم سوپاس.

– کەواتە بڕۆین باشترە .

من لەو بە پەلە تربووم ئەوە چەند مانگێکە گیراوم لە کەس و کارم دابڕاوم بەیانی دێن بۆ سەردانم ناکرێ ئامادە نەبم، بەکێ بڕوا دەکەن کە ماوم و لە سێدارە نەدراوم، لەم وڵاتە ڕۆژی سەدان کەس بێ سەر و شوێن دەکرێن و خەڵك لە ئاخ هەڵکێشان هیچی تریان لە دەست نایە، لەگەڵ کوڕە گەنجەکەی ئاسایش کەلەپچەیان کردمەوە و بە سواری ئۆتۆمبیلەکە کەوتینەڕێ، زۆر پەلەم بوو دەمویست هەر چی زووترە بگەین لە ڕێگا کە لەسەر چوار ڕیانی شەقامەکان دەوەستاین نیگەران دەبووم، لەبەر دەمی ترافیك لایتەکان دەوەستاین تا گڵۆپە سوورەکان ببن بە سەوز و نۆرەی ئێمە بێت و بڕۆین، هەر چەندە ئەوە یاسایەکی جیهانیە و بۆ خۆشگوزەرانی و خزمەت کردن بە مرۆڤ دانراوە، بەڵام لە لای من هەر ساتێك بە ساڵێك دەڕۆیشت، لە ناخم دا توڕە دەبووم پێم خۆش بوو هێندە منداڵ ببمەوە بە دار لاستیك هەموو گڵۆپە سوورەکان بشکێنم، لە تاریك و ڕونی بەیانی دا گەیشتینەوە بەندیخانەی (الاحكام الثقيلة) پاسەوانی بەر دەرگا هات بزانێت کێ یە پیاوێکی درێژ دادڕ پرسیاری زۆر بوو، ئاگاداری هەستی من نەبوو هێنایانمەوە نەخۆشخانەی (الاحكام الثقيلة) دووبارە لەسەر چوارپایەك پاڵیان خستم، دکتۆر هات دەرمان و پێویستیەکانی بۆ دانام پێم گووت:

– دکتۆر چەند مانگێکە گیراوم کەس و کارم  ڕێگەیان پێنە دراوە بێنە سەردانم ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی سەردانمە ناکرێ لەوێ نەبم، بەڵکو کارێکی وا بکەیت زوو بمبەنەوە بۆلای کەس و کارم لە بەندیخانەی (الاحکام الخاصة) دکتۆر هەستی بەو نیگەرانیەی من کرد گووتی:

– ئەمە کاری سەرانی بەندیخانەیە بەڵام پێیان دەڵێم هاوکاریت بکەن خۆشت کە چوویتەوە سەر لە نەخۆشخانەی لای خۆتان بدە .

دکتۆر ڕۆیشت  کەس نەهات بەلام دا کات  چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو  (کانیۆلای) ی دەستم لێ کردەوە چوم پێم گووتن :

– ئەمڕۆ کەس و کارم دێن بۆ سەردانم دەمەوێ بڕۆمەوە بۆ شوێنەکەی خۆم ئەوان بە بێ باکی  گووتیان :

ئەمڕۆ نوێنەری پاسەوانی بەندیخانەی ئێوە نەهاتوون بۆ ئێرە، ئێمەش ناتوانین نوێنەری خۆمانت لەگەڵ بنێرین ئەبێ چاوەڕێ  بکەیت ئەگەر هەر نەبوو دوورنیە

کەس و کارت بێنە ئێرە .

من نەمدەتوانی بڕوا بەوە بکەم لێرە بمێنمەوە کەس وکارم بێنە ئێرە بەم شێوەیە بمبینن، لە نیگەرنی دا نقوم ببووم، یەکێك کەوا دیار بوو شارەزا بوو بە پەنجە ئاماژەی کرد و بە هێمنی گووتی:

– ئەم پۆلیسە نوێنەری فەرمانگەی پۆلیسەکانی بەندیخانەی ئێوەیە .

پۆلیسەکە بە کارێکی تایبەتی خۆی لەگەڵ یەکێکی بەندیخانە دەدوا خێرا چوومە لای بە ئەسپایی سڵاوم لێ کرد گووتم:

من ماوەی چەند مانگێکە گیراوم بێسەر و شوێن بووم، کەس وکارم بۆیان نەبوو سەردانم بکەن، چەند ڕۆژێکە حوکم دراوم، لە بەندیخانەی (الاحکام الخاصة) بووم، شەو نەخۆش بووم هێنایانم بۆ ئێرە، ئەمڕۆ کەس و کارم هاتوون بۆ سەردانم  لەوێ ئامادەنەبم دەبێتە هۆی نیگەرانیان ، بەڵکو لەگەڵ خۆت  بمبەیتەوە بۆ  (الاحکام الخاصة)  ئەویش

بەمیهرەبانیەوە گووتی:

– بەسەر چاو خۆت ئامادە بکە ئێستا لەگەڵ خۆم دەتبەمەوە .

هەر خۆی کاری دەرچوونی نەخۆشخانەی بۆ هەڵسوڕاندم، لەگەڵ خۆی هێنامیەوە بۆ (الاحکام الخاصة) کەس وکارم هاتبوون بۆ سەردان، هاوسەرەکەم وا دیار بوو لە چاوەڕوانی من دابوو بەرەو دەرگا ڕاوەستا بوو، شەماڵی کوڕە بچووکەکەمانی بە باوەشەوە بوو، لەبەر دەمیان ڕاوەستام دڵخۆش و شاگەشکە بووم ویستم بڵێم : هاتووم لەبەر دەمتان ڕاوەستاوم دەستم پڕە لە گوڵ و دەمم پڕە لە ڕێز و سڵاو و دڵم پڕ لە میهر و خۆشەویستی یە، بەڵام گەرووم پڕ بوو لە گریان نەمتوانی هیچ بڵێم هەر چەندە ورەم دایە بەر خۆم، بەڵام بە هۆی بێ هێزی و نەخۆشیەکەم هەست بەوە دەکرا زۆر پەرێشانم، تا ئەو کاتە هاوسەرەکەم بەرامبەرم ڕاوەستا بوو، زاری کردەوە حاڵی زاری من بپرسێ، بەڵام نەیتوانی بە حەپەساوی وەك نەمام بەرامبەرم چەقی بوو ورتەی لەزاری نە هاتەدەرێ، هەزاران داخ و حەسرەت لە چاوی دا دەخوێندرایەوە، زۆر هەوڵی دا خۆی بگرێت بەڵام نەیتوانی و لە پرمەی گریانی دا، منیش لە ناخەوە دەکوڵام، دڵم وەك چزیلك بە سەر ئاگرەوە هەڵدەچزا، بەڵام هەر چۆنێك بوو خۆم گرت و ورەم دایە بەر خۆم دەستم خستە سەرشانی و دڵخۆشیم دایەوە، دوای هەواڵ پرسین و کەمێك هێمن بوونەوە هەواڵی کەس وکار و خزمانم پرسی بەکری فەقێ برایم و خزمەکان کە زانیبویان لە نەخۆشخانەم بەدوام دا هاتبوون بۆ نەخۆشخانە، لەو کاتەدا بەکر و خزمەکانیش هاتنەوە (بەداخەوە بەکر لەساڵی 1996 دا لە شەڕێکی نەویستراودا شەهید بوو، ڕۆحی سپی شادبێ) .


دوای ئەو هەموو مەینەتیە شاد بوونەوە بە دیداری ئازیزان مزگێنی دەری دوا ڕۆژێکی ڕوونە، لە درێژەی چاوگێڕان بە دەور و بەرم دا بۆ بەسەر کردنەوەی هەموو ئازیزان کە لە سەرەتادا نە پرژا بوومە سەر ووردەکاریەکان، دیمەنێکم بەدی کرد هەرگیز چاوەڕێ ی دیتنی وەها دیمەنێك نەبووم، هاوسەرەکەم هەر سێك کوڕەکانمان دلێر و جوامێر و شەماڵ

هێنابوو بۆ دیدەنی، بەڵام دوو کچەکەمان شلێر و کنێر لە دیدەنی بابیان بێبەش کردبوو، کسپەیەك لە دڵم هات زۆر کاری تێکردم لام سەیر بوو چونکە هەرگیز هاوسەرەکەم باوەڕی بە داب ونەریتی نە شیاوی ناو کۆمەڵ نیە، زۆر جار بێزاری لەوانە دەربڕیوەکەوا کوڕیان لە کچ لا بەڕێز ترە، بەڵام بۆ دەبێ ئەمجارە کوڕەکانی لەگەڵ خۆی دا هێناوە و کچەکانی پشت گوێ خستووە، لە کاتێکدا دەزانێ من سۆزم بۆ کچەکان ئەگەر لە کوڕەکان زیاتر نەبێت کەمتر نیە، هەر چەندە هاوسەرەکەم باری دەرونی باش نەبوو دەمویست دڵی نەگرم، بەڵام ئەم کردەوەیەی هێندە کاریگەری لەسەر هەستم دانا بوو نەمتوانی پشت گوێ ی بخەم بە ئەسپایی لێم پرسی :


بۆکوڕەکانت هێناوە و کچەکان دیار نین ئەبوایە هەموویان بە یەکەوە یا تێکەڵاو بتهێنایەن، ئەویش لە وەڵام دا گووتی:

– منیش خۆم هەوڵم دا وا بکەم بەڵام لەبەر لۆمەی نزیکەکانم ئەوەم کردووە گوایە هێنانی کورەکان دەبێتە هۆی دڵشادی و چرایەکی ڕوناك بۆ ناو بەندیخانە، کچەکان قەیدی ناکا بۆ جارێکی دیکە، منیش دەمویست کارێکی وابکەم دڵت خۆش بکەم لە ناو بەندیخانەدا .

وردە وردە ڕۆژ درەنگ دەبوو کات خەریکە بەسەر دەچێ ئاااخ لە کاتی خۆشی دا کات بە خێرایی تێدەپەڕێ وەك پوشی بەر ئاگری دەم ڕەشەبا خۆی ناگرێ. کات تەواو بوو خزم و کەس و کار ڕۆیشتن، بەڵام کارتێکمان پێدان کە لە فەرمانگەی بەندیخانە پێیان دابووین بۆ هاتنە ژوورەوەی کەس وکارمان بۆ دیدەنی ئێمە بۆ سەردانەکانی داهاتوو.



ڕووی پێشەوەی پسولەی دیدەنی بەندیەکان




ڕووی دواوەی پسولەی دیدەنی بەندیەکان

ئێمە لەگەڵ قادر دا بۆ ئەوەی لەوە زیاتر نەبینە بار بەسەر نزار و بورهان و کامەران و ئەوانی تر خوانی خۆمان جیاکردەوە و بەتەنها خواردنمان دروست دەکرد، شۆڕش داوای کرد ئەگەر ئێمە ڕازی بین ئارەزووی لەوەیە بۆ نانخواردن لەگەڵ ئێمەد ا بێت، ئێمەش

خۆشحاڵی خۆمان دەربڕی و لەو ڕۆژەوە بووە سفرداشی ئێمە.

## نیگەرانی دوای سەردان

هەمیشە دوای ڕۆیشتنی کەس وکار تا ماوەیەك نیگەرانی ڕۆیشتنیانین، دوای ڕۆیشتنی خەڵك و خامۆش بوونی بەندیخانە لەبن دیواری بەندیخانە دانیشتبووم، چیلکەم لە زەوی دەوەژاند، لەفکران ڕاچووم، خەیاڵم هەر لای کچەکانم بوو، بۆچی دایکیان ئەوانی نەهێناوە بۆ دیدەنی باوکیان، بیرم دەکردەوە سەرەڕای ئەوەی ڕەگەزی مێینە دەورێکی گرنگ و هاوبەش لە ژیانی ڕەگەزی بەرامبەری دا دەگێڕێ کە چی هێندە لە دواوەیە مافی خۆی پێ ڕەوا نابیندرێ، ئەی ئەویش مرۆڤ نیە، یا وەك دەڵێن: نیوەی کۆمەڵ نیە، ئەی ئەگەر مرۆڤ نیە و لەگەڵ ڕەگەزی نێرینەی بەرامبەری دا جیاوازە یەزدان بۆ دروستی کردووە، یا چ کارێکی نەشیاو و ناپەسندی ئەنجام داوە تا بەم شێوەیە سەیر بکرێت، بەڵام ئەوەی جێ ی نیگەرانیە سەرەڕای ئەو هەموو زوڵمەی لە ژن دەکرێت، بۆ ژن دەبێ خۆی زیاتر هاوکار بێ بۆ درێژە پێدانی مەینەتیەکانی، هەر چەندە من دڵنیام ئەمە بیرکردنەوەی هاوسەرەکەم نیە، بەڵام مادام لە ژێر کاریگەری داب و نەریتی کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەم کارە بێزراوەی پەیڕەو کردووە لەبەر خۆمەوە دەمووت هۆ کیژە ئازیز و خۆشەویستەکانم، هۆ ڕەگەزی مێینە و بەشە زوڵم لێکراوەکەی ناو کۆمەڵگەی ئادەمیزاد، سوپاس و دەستخۆشی لەو باوکە بێ کە جیاوازی لەنێوان منداڵە نێرینە و مێینەکانی دا نانێت، هەر دوو لای وەکو یەك خۆش دەوێت و ڕێزیان لێ دەگرێت، لەبەر دانایی و لێهاتوویی مێینەکەی خۆش بوێت نەك بەزەیی پێدابێتەوەو بەلاوازی بزانێت، یەکسان و لە یەك ئاست دا تەماشایان بکات لە پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیری و هەڵبژاردنی هاوسەر و ڕێکخستنی ژیان دا.

لەو باوکە مەبوورە کە جیاوازی دانا لە نێوان منداڵە نێرینە و مێینەکانی دا پێویستی نێرینەکانی خستە سەرووی مێینەکانەوە، لە پەروەردە کردن و خوێندن و یاری کردن و پۆشینی جل و بەرگدا یا ڕێزی نێرینەی لە سەرووی مێینە دانا و خوشکی خستە خزمەت

براوە، یا بڵێت تۆ کچیت و خوێندن بۆ تۆ نەهاتووە یا هەر لە قوتابخانەی سەرەتایی لەبەر ئەوەی کچیت لە قوتابخانەی دەرهێنای .

لەو باوکە مەبورە کە گەڕایتەوەماڵەوە بەسەرت دا هەڵشاخا گووتی تۆ کچیت نابێ لەماڵ بچیتەدەر، یا بە چاوی گومانەوە سەیری کردی و قسەی ناشیرینی پێ ووتی، هەمیشە بەسەری دا نەڕاندی بە هۆی ئەو هەڕەشە و گوڕەشە وە نەتتوانی وەك پێویست ڕەفتار بکەیت وکەسایەتی لاوازت لێ دەرچوو لە ناو کۆمەڵدا، وە ڕێگر بوو لەبەر دەم هەڵبژاردنی هاوسەر و ئارەزووە باشەکانت دا، پێی وا بوو هەمیشە وەکو بەلآیەکی گەورە وای بۆ سەر شەرەف و نامووسی ئەو، وەك بارێکی گران بوویت بە سەر شانی ئەو. لەو باوکە مەبورە کە چووە سەر ڕای مێردەکەت کاتێ کە لۆمەی کردی بە ناڕەوایاقسەی ناشیرینی پێ ووتی یا دەستدرێژی کردە سەرت وسوکایەتی پێ کردیت .

لەو باوکە مەبوورە کە ژیانی هاوسەرەکەی کرد بە دۆزەخ لەبەر ئەوەی کوڕی نەبووە، لەگەڵ هاتنە دنیای هەر مێینەیەك دا ناشوکری کرد گووتی: مادام کچە خۆزگە هەر نەبوایە، یا لە هەر نوستنێکدا هەڕەشەی تەڵاقدانی کرد لە ژنەکەی ئەگەر ئەمجارە سکەکەی کوڕ نەبێت .

لەو دایکە مەبوورە هەموو مافێك دەدات بە براکەت و لە تۆی زەوت دەکات پێت دەڵێت تۆ کچیت عەیبە بەم شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرامبەرەکەت بکەیت، یا هەر کردارێك خۆی پێ ی نەشیاوە خێرا شکات بگەیەنێتە لای باوك و براکەت تا تەمێت بکەن .

لەو دایکە مەبوورە کە پێ ی وایە تۆ دارێکی بێبەریت و براکەشت جێگای ئومێدی دواڕۆژە، یا بەم هۆیەوە جیاوازی کرد لە نێوان تۆ و براکەت دا، ڕێزی ئەوی لا زیاتر بوو هەر لەبەر ئەوەی ئەو نێرینەیە، گەورەیی ئەوی بەسەر بچوکی تۆ دانا لە کار و ئامانجەکان لەبەر ڕێزی ئەو .لەوانە مەبوورە کە دەڵێن دایك و نەنك و مێینە سەر سپیەکان ئەوانەی لە تۆ بەتەمەنترن هەر ئەوان لە تۆ ئاقڵ تر و بە ئەزمونترن ئەبێ هەمیشە لەژێر ڕێنمایی ئەواندا

هەڵسوکەوت بکەیت.

لەوانە مەبوورە کە وەك مرۆڤ مامەڵەت لەگەڵ ناکەن و بە چاوی ڕێزەوە تەماشات ناکەن، یا ئەوانەی لە بار ودۆخێکی ناسکدا هەست بە لاوازیت دەکەن و
وەك ڕاوکەر بۆ نێچیر خۆیان بۆ ڕاوکردن مەڵاس داوە.

لەکۆمەڵگە مەبوورە کاتێك لە ناو چوارچێوەی داب و نەریت و کلتووردا تۆی بەند کردووە، هەمیشە بە(زەعیفە) ناوت دەبات دەڵێت ژن ئەقڵی لەکۆشیَ دایە و گرنگی پێدانی نەشیاوە، یا پیَ ی وایە تۆکەسی دووەمی ئەبیَ هەمیشە لە دواوە بڕۆیت و نابیَ لە هیچ کارێکدا شوێنت هەبیَ و پرست پیَ بکرێت، هەمیشە سەرنجت بۆئەوە ڕادەکێشیَ تۆ مێینەیت و لەو مرۆڤەی بەرامبەرت خۆت بپارێزە کە نێرینەیە، لەبەر ئەوەی هەموو هەڵسو کەوتێکت لەگەڵ ئەودا عەیبەیە و خۆتی لیَ بپارێزە ، سەر بەرزی و لێهاتوویی تۆ تەنها پاراستنی دامێنی خۆتە ووریابە لەبەر ئارەزوویەکی کاتی نەیدۆڕێنی .

لە کۆمەڵگە مەبوورە کاتێك لە ژێر باری گرانی داب و نەریتی کۆن دا ژن بە ژن و گەورە بە بچووکت پیَ دەکات و لە بری شیربایی و کێشەی عەشایەری دا ئاگرت پیَ دەکوژێنێتەوە، کۆت و پێوەند دەکاتە ئەستۆت و لە لایەن بەرامبەرەکەت هەمیشە بە چاوی سوك تەماشا دەکریَ ی، چونکە تۆ پێگەیەکت نیە و لە بری خوێن و شت وەرگیراوی تۆش دەبیَ بەقەدەر ڕازی بیت چونکە وافێر کراویت بە پێچەوانەی ڕیسوابوونی ناوکۆمەڵگەیە بالەسەر هەقیش بیت.

سەرنج لەدین بدە کاتێك لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا بەرنامەی ژیانت بۆ دا دەڕێژیَ و بۆت نیە لەو چوارچێوەیە لابدەیت، کاتێك چوارتان لە پیاوێك مارەدەکات لە ناو سنووری خێزانێکی پڕ کێشە و ئاژاوەدا ژیانت پیَ ڕەوا دەبینێت، لەسەر ڕەگەزێکی نێرینە هەمیشە لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆت دا لەسەر جیاوازی و نا یەکسانی دەبیَ بە شەڕتان یاخود کاتیَ دوانتان بە یەك شاهید دادەنێت لە بەرامبەر پیاودا یا بەشەمیراتی دوو خوشك

هێندەی یەك برایە .

لەخۆشت مەبوورە، لە هەمووان زیاتر ڕەخنە لە خۆت بگرە كە هەر لە منداڵیەوە تاگەورە بون و پیر بوونت هەستێكت لەلا گەڵاڵە بووە كە تۆ لەڕەگەزی نێرینە لاواز تریت، هەمیشە لە ترس و دڵە ڕاوكێ دای ناتوانی خۆت بە بە هێز ببینیت، یا كاتێك بیرو ڕایەكی باشت هەیە لەبەر ئەوەی مێینەی ناتوانی دەری ببڕیت و سڵ لە هەموو شتێك دەكەیتەوە نەوەك ببێتە هۆی لە كەدار كردنت لە ناو كۆمەڵگەدا، هەموو مافێك لە خۆت زەوت دەكەیت لەبەر ئەوەی لۆمە نەكرێیت .

لەخۆت مەبوورە كاتێك دەزانیت توانات هەیە گۆڕانكاری باش بكەیت لە كۆمەڵگەكەت دا یا لەخێزانەكەت دا بەڵام لەبەر شەرم پشت گوێت خست .

لەخۆت مەبوورە كاتێك هەستت كرد دەستت هەیە لە چەوساندنەوەی یەكێكی تردا چونكە خۆت هەمیشە زیاترین قوربانی چەوساندنەوەی .

لەخۆت مەبوورە كاتێك هاوڕێیەكت ویستی هاوكاریت بكات بەڵام تۆ خۆت لێ كەنارگیر كرد، ڕووت لێ وەرگێڕا تەنها لەبەر ئەوەی عەیبەت نەڵێن .

لەخۆت مەبوورە كاتێك گلەیی لە مێینەیی خۆت دەكەیت و ئاواتەخوازی نێرینە بویتایە یا كاتێك دەچیتە سەر ڕای بەرامبەرەكەت كە لە دیدی ئەوەوە ئەبێ هەموو ئازار و نەهامەتیەكان قبوڵ بكەیت، بە ئاواتی سەر بەرزی لە قیامەت دا بیدەیتە دەست یەزدانی مەزن، بەڵكو لە دوا ڕۆژدا پاداشتی نەهامەتیەكانت وەربگریت، ئەگینا ئارەزووی نەفس و ژیانی سەر ئەم دنیایە كە خۆی ژیانێكی كاتی یە بەختەوەری ڕۆژی دوایت بۆ مسۆگەر ناكات، بۆ ئەوەی دژی ئەم هەموو كردەوە ناڕەوایانە بوەستیەوە ئەبێ دڵپاك و بەخشندەبی لەگەڵ بەرامبەرەكەت دا ڕێزی خۆت و هەموو ئەوانە بگریت كە داوای ژیانی ئاسوودەیی و وەك یەكی مرۆڤەكان دەكەن، ڕازی مەبن یەكێكی تر بڕیار لە چارەنوسی ئێوە بدات، وەرنە مەیدانی كار و بەشداری لەبنیاتنانی ووڵات و ژیانی كۆمەڵگەدا بكەن،نەوەیەكی نوێ و كارا

وبەخشندە پەروەردە بکەن لە ماڵ وخوێندنگەدا بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵ.

**سەردانی هاوسەری**

وەك لە کتێبی لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مافەکانی مرۆڤ لە ئیدارەی بەندیخانەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە:"سەردانە خێزانیەکان جیاوازن لەسەردانی هاوسەریانە کە لە هەندێك یاسای ئەوروپای خۆراوادا ڕێگەی پێدراوە، لەوانە دانیمارك و سوێد و نیوزلەند و ئیسپانیا، ڕێگە دەدەن بۆ ماوەیەك کە دەگاتە سێ سەعات، بەندی پێشوازی لە هاوسەرەکەی یان هاوبەشی ژیانی بکات، هەردووکیان دوور لە چاوی خەڵك و لە یەکەیەکی بچوکدا پێك دەگەن کە سیسەم و گەرماو و پێداویستی تەندروستی تێدایە، لە هەندێك بەندیخانەی ئەمریکای لاتینی دا، ئەم سەردانانە کەمێك سنووردارترن، لەوێ عادەت وایە لە پشووی کۆتایی هەفتەدا سەردانەکان بکرێن ئەمە بەهەمان شێوە بەسەر ئافرەتە بەندیەکانیشدا پیادە دەبێت"(15).

بەڵام لە عێراق سەردانی بەندیەکان تەواو جیاوازە چونکە حکومەت لەلایەك لە ڕووی یاسایی یەوە ڕێگەی بەسەردانی هاوسەری نەداوە، لەلایەکی دیکەش کۆمەڵگای عێراق لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئەم کارە بەشتێکی نەشیاو دەزانێت .

لە بەندیخانەی {الاحکام الخاصة} هەموو ژوور و هۆڵی گەورە بوو لە کاتی سەردانەکان دا هەر یەك لە بەندیەکان بەپەردە و چەرچەف جێگای بۆ خێزانەکەی ئامادە دەکرد، سەردانەکانیش خێزانی و هەموو کەس و کاری بەندیەکە بە یەکەوە دەهاتن، ئەگەر وا ڕێکەوبێ یەکێك پەردە و چەرچەفی تایبەتی دروست کردبێ بۆ ئەوەی خۆی و هاوسەرەکەی بە تەنها بچنە ناوی و کەش و هەوای تایبەتی بۆ خۆیان دروست بکەن، ئەم جۆرە سەردانە زۆر دەگمەن و نهێنی بووە، ئەبێ زۆر بەنهێنی ئەنجامی دابێت چونکە وەك ئاماژەمان پێ دا کۆمەڵگای ئێمە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئەمە بەکارێکی نەشیاو دەزانێت جگە لەوەی لەناو هاوڕێکانی بەندیەکەدا نەنگیە هاوسەرەکەشی لە دەرەوە بە چاوی سووك

و کەم سەیر دەکرێت، چونکە خەڵك ئەمە بەشوورەیی دەزانن لەبەر ئەوە بەندیەکان خۆیان لە سەردانی هاوسەری دەپاراست و هەموو سەردانەکان خێزانی بوون .

ئەوەی شایانی ووتنە جگەلە ڕۆژانی پشوو هەموو یەك و پانزەی مانگێك ڕێگە درابوو بەندیەکان کەسوکاریان سەردانیان بکەن .

**تەندروستی و بەندیخانە**

تەندروستی باش و لەشی ساغ بۆ هەمووان گرنگە، جگە لەوەش کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتار و توانا و بیرکردنەوەی هەریەك لە تاکەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت لەناو بەندیخانە داخراوەکان دا بایەخێکی تایبەتی هەیە، شتێکی بەڵگەنەویست و ئاساییە بەندکردن کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر تەندروستی جەستەیی و عەقڵی بەندیەکان، چونکە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگا لە شوێنێکی سنووردار و ژینگەیەکی داخراو دا مەترسی نیگەرانیەکی زۆر دروست دەکات لەسەر تەندروستی ئەو کەسانەی لە شوێنێکی ئاوهادا بەند کراون، چونکە دەبێتە هۆی تەنینەوەی نەخۆشیە درمیەکانی وەك نەخۆشی سیل لە کاتێکدا لەگەڵ هاوەڵە بەندیەکانیان تێکەڵاو دەبن لە بارودۆخێکی هەوا گۆڕکێ دان، ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکە چونکە ئەو بەندیانەی بێبەری کراون لە خۆشوشتن و پاك ڕاگرتنی جل و بەرگەکانیان نەخۆشی پێست و هەستیاری لە ناویان دا بڵاودەبێتەوە، جگە لەوەش بە هۆی پێخەو و تەختی نوستنەوە نەخۆشیەکانیان دەگوێزرێتەوە بۆ لەش ساغەکان، چونکە ئەوەی لە هەوای سارد دا بەند کراوە پۆشاك و پێخەوی گەرم و گوڕی بۆ دابین نەکراوە و بێبەری کراوە لە مەشقی ڕۆژانە و تیشکی خۆر و هەوای پاك، لەوەش گرنگتر نەبوونی بڕی خۆراکی پێویست لەوانەیە توشی خاوبونەوەی ماسولکەو کەم بونەوەی ڤیتامینەکانی لەش زیان بە تەندروستی بگەیەنێت .

پێویستە لەسەر ئیدارەی بەندیخانە بەرپرسیارێتی بایەخ پێدانی تەندروستی بگرێتە ئەستۆ بە شێوەیەکی وەها کەسەلامەتی بەندیەکان و فەرمانبەرەکان بپارێزێت، چونکە

زۆرێك لەو بەندیانەی دێنە بەندیخانە بە کۆمەڵێك گیر و گرفتی تەندروستیەوە دێنە بەندیخانە، ڕەنگە هۆیەکەشی پشت گوێ خستن یا شێوازی پێشوو تری ژیانی بەندیەکان بێت، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لە گروپە هەژارە کۆمەڵایەتیەکانەوە دێن، شتێکی سروشتیە ئەگەر گیر و گرفتی تەندروستیان هەبێت، یاخود بە هۆی بەندکردن و قەرەباڵغی توشی نەخۆشی درمی و گیرو گرفتی عەقڵی و تەندروستی پەشێو و شەڕانگێزانە ببن، یابە هۆی نەبوونی تیشکی خۆر و پاك و خاوێنی و نەبوونی مەرجەکانی تەندروستی مەترسی گەورە دروست بێت لە بواری تەشەنەکردن و بڵاوبونەوەی نەخۆشیە درمیەکان .

هەندێك جار بەشێکی زۆری بەندیەکان توشی نەخۆشی درمی وەك سیل و نەمانی بەرگری لەش (سیدا) دەبن، ئیدارەی بەندیخانە بەرپرسە بەرامبەر بەتەنینەوەی ئەم جۆرە نەخۆشیانە لە نێوان بەندیەکان و میوانەکان دا، مامەڵەکردنی خراپ دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێك گیر و گرفتی تەندروستی، لە ئەنجامی تێکەڵ بوون و پەیوەندی کردن لەنێوان بەندیەکان و کۆمەڵگای بەرامبەردا لە بەندیخانە و دوای ئازاد بوون لە بەندیخانە.

بە شێوەیەکی ڕەها لەسەر دەوڵەت پێویستە تەندروستی ئەو کەسانە بپارێزێت کە لە دنیای دەرەوە دابڕاون و لە ئازادی بێبەری کراون، چونکە هێشتنەوەی ئەم شێوەی بەندیەکان کار دەکاتە سەر تەندروستی و باری ژیانیان. ئەوە پێویستیەکی بنەڕەتیە کەبایەخی تەندروستی پێش کەش بکرێت بۆ دابین کردنی تەندروستی لە بەندیخانەکاندا، چونکە بایەخ پێدانی تەندروستی لەکۆمەڵگای مەدەنی و لە بار ودۆخێکی وادا سنووردارە، لەوانەیە ببێت بەگرفتێك بۆ بەندیە سزادراوەکان چونکە پێویستیان بە چارەسەرێکی مەسرەف گران هەیە بۆ نەخۆشیەکانیان، بەڵام لەسەر ئیدارەی بەندیخانە پێویستە چارەسەری گونجاو بکەن چونکە نەخۆشەکە لە دنیای ئازادی بێبەری کراوە. بە هۆی قەرەباڵغی و بارودۆخی بەندیخانەوە توش بوونی بەندیەکان بە هەندێك نەخۆشی پێویستیان بەنەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشیەکانیان هەیە، چەند ڕێگایەکیش

هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، هەندێك لە ئیدارەی بەندیخانەکان نەخۆشخانەی تایبەت بەخۆیان دامەزراندووە و توانای چارەسەری هەندێك نەخۆشی ئاساییان هەیە، بەڵام لە هەندێك حاڵەتی تردا پێویستە بەندیە نەخۆشەکان ببرێنە دەرەوە، لەبەر بارودۆخی ئاسایشی ناو نەخۆشخانە مەدەنیەکان دا بەشی تایبەت بەبەندیەکان بکرێتەوە، بۆئەوەی لە هەندێك حاڵەتی تایبەت دا بەندیەکان بەشێوەیەکی ئاسایی لەنەخۆشخانە مەدەنیەکانەدا چارەسەر بکرێن بەتایبەت لە کاتی منداڵ بوون و هەندێك نەخۆشی تردا .

ئەنجومەنی ئەوروپا لە سێ‌ هەمین ڕاپۆرتی گشتی لیژنەی دژایەتی کردنی ئەشکەنجەدان هاتووە " نابێت ئەو بەندیانەی ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن بۆ چارەسەر کردن، بە تەختی نوستنەکەیانەوە یا بە هەر شتێکی ترەوە کەلەپچە بکرێن " (16).

لە بەندیخانەی ئێمەدا نەخۆشخانەیەکی بچوك هەبوو، هەروەها لەبەندیخانەی (الاحکام الثقیلة) دا نەخۆشانەیەکی گەورەتر هەبوو چەند تەختێکی نووستنی بۆ نەخش هەبوو، بەڵام ئیدارەی بەندیخانە گرنگیەکی ئەوتۆی پێ‌ نەدەدان جگەلە چەند دەرمانێکی کەم، ئیتر لەلایەن دکتۆرە بەندیەکانەوە سەرپەرشتی دەکران.

## تێکدانی لایەنی دەرونی کۆمەڵگا

ئەگەر چاوێك بگێڕین بەسەر کۆمەڵگای عیراقی ژێر دەسەڵاتی بەعسی توتالیتاردا لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەپێ‌ ی پلانێکی تۆکمە وکار بۆ کراو هەموو هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵگای عیراقی خرایە چوار چێوەی حزبەوە، منداڵ لە خوێندنگە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆکان دا بە پێ‌ ی بەرنامەیەکی دا ڕێژراو لە ناو پێکهاتە حزبیەکانی (فتوة، طلائع، أتحاد طلبة) ڕێك دەخران و ئەرکی گرنگیان دەخرایە سەرشان بۆ ڕوخانی کەسایەتی تاکی عیراقی لە ناو سیستەمی بە بەعسی کردن دا، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیان بەشێوەیەك پەروەردە دەکران مەبەستی سەرەکی ئەوە بوو هەموو تاکێکی عیراقی بخاتە ناو بۆتەی بەعسیزم و مێشکیان بشواتەوە و ڕۆحیان پاك بکاتەوە تا

ڕێگەی پیرۆزی بەعس بگرن و دژی هەر کەسێك بوەستن کە لەگەڵ بیر وباوەڕی بەعس نایەتەوە، ئەم سیستەمە پەروەردەییە بوو بە بنەمایەك بۆ لەبەین بردنی هەستی ڕۆحی و بار ودۆخی دەرونی منداڵ و تێکشکانی خێزانی کۆمەڵگەی عیراقی و هەڵوەشانەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەی عیراقی دا بە شێوەیەك هەموو پەیوەندیە خێزانی و برادەرایەتی و خۆشەویستی و دراوسێ یەتی لەبەر یەك هەڵوەشان و ڕێزی منداڵ بۆ دایك و باب بووە ڕێزی پێکهاتەی حزبی و خۆشەویستی و برادەرایەتی خستە جێ ی خۆشەویستی بۆ حزب و بڕوا و متمانەی دراوسێ و کەس و کاری خستە جێ ی بڕوا و متمانە بە درۆ و دەلەسەکانی حزب، هەر ئەمەش بووە هۆی بەگژدا چوونی منداڵ بۆ دایك و باب و دۆست بۆ دۆست و دراوسێ بۆ دراوسێ .

کردەوە قێزەونەکانی بەعس بە جۆرێك شیرازەی خێزانیان تێکدا منداڵی کردە خاوەن دەسەڵات و فێری کرد بەشێوەیەك لەناو خێزان دا هەڵسوکەوت بکات، هەرکاتێك بیر وباوەڕی خێزان لەگەڵ بیر و باوەڕی حزب جیاوازی هەبوو بە شانازیەوە شکاتیان لێ بکات و بیانخاتە داوەوە .

ئەمەش خێزان دەخاتە گێژاوێکەوە هیچ بوارێك نا هێڵێ بۆ ئازادی ڕادەربڕین و هەڵس و کەوت لە چوار چێوەی خێزان دا دەبێتە هۆی ڕێگە گرتن لەسەربەخۆیی خێزان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نێوان ئەندامانی کە ئەمەش پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە گەردونیەیە کە خێزان بەکیانێکی کۆمەڵایەتی و سەربەخۆ دادەنێ دوور لە هەموو دەست تێوەردانێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، بەڵام بەلای بەعسی توتالیتارەوە خێزان کیانێکە دەبێ بە پێ ی ئامانجە سیاسیەکانی حزب ئەندامانی ئاراستە بکات بەرەو ئامانجێکی نەتەوایەتی کە تەریب بێت لەگەڵ هەموو بنەمایەکی شۆڕشگێڕانە و هەموو ڕەفتار و کردەوەیەکی ئەندامانی خێزان لە خزمەتی ئایدیۆلۆژی حزب دابێت لەسەر بنچینەی سۆز و خۆشەویستی بۆ حزب و سەرۆکی فەرماندە .

ئەمەش بووە هۆی تێکشکانی کەسایەتی تاکی کۆمەڵگا و نەهێشتنی متمانە لە نێوان ئەندامانی خێزان و گۆڕینی لاوان و ئەندامانی هەر خێزانێك لە مرۆڤێکی کارا و ئازادەوە بۆ ئەکتەرێکی کۆنترۆڵ کراوی حزب لە ناو خێزان دا بۆ خزمەت کردنی بیر وباوەڕی بەعس، بێ گومان دەبوو شکات بگەنێتە لایەنە بەرپرسەکان لە کاتی ڕوودانی هەر کەم و کوڕیەك کە لە بەرژەوەندی حزب نەبێت، لە پێناو خزمەت کردن بە حزبی بەعس هەموو لاوان و خەڵکی فێری بەجێهێنان و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرشان کرد بەرامبەر بە حزب بەشکات کردن لە خائینان کاتێك دژی بەرژەوەندی حزب جیاوازی بیر وباوەڕ دەنوێنن .

بەعس بونیەی ئەخلاقی و سایکۆلۆژی تاکی عیراقی تێك و پێك شکاند، بەوەی دەیویست هەموو تاکێکی ئەم وولاتە ڕابهێنرێت بە شانازیەوە شکات بکات لەوانەی
لە ناو جیهانێکی جیاواز لە بیر وباوەڕی بەعس دا دەگوزەرێنن .

ئەم سیاسەتە پیس و چەپەڵەی بەعس کۆمەڵگەی عیراقی خستە دۆزەخێکەوە کەس بڕوا و متمانەی بەنزیك ترین کەسی خۆی نەما سەدانی وەك شوفێرەکەی دکتۆر حەقی بێ لەبەر چاو گرتنی بنەما کۆمەڵایەتیەکان نزیکەکانی خۆی خستە بەندیخانەوە .

دکتۆر حەقی پیاوێکی باڵا مام ناوەندی تۆزێك بەلای قەڵەوی دابوو نازانم نەخۆشی بوو یا بە چ هۆیەك هەموو قژی سەری ڕووتابووەوە بە جۆرێك لە ژێر ڕوناکی تیشکدا بریقەی دەدایەوە، دکتۆر حەقی بڕوانامەی باڵای پزیشکی لە ڤیەننای پایتەختی وولاتی نەمسا بەدەست هێنا بوو، دکتۆری تایبەتی عەدنان خەیروڵڵای خاڵۆزای سەدام و وەزیری پێشووی بەرگری عیراق بوو، لە کاتێکدا دکتۆر حەقی خۆی و هاوسەر و کوڕ و کچەکەی لەناو ئۆتۆمبیلەکەیان دا بەڕێگاوە دەمەتەقێیان بوو دەربارەی مردنی عەدنان خەیروڵڵا وەك حکومەتی عیراق بڵاوی کردەوە بە هۆی تەپ و تۆز و گەردەلول، ئەو فڕۆکەی عەدنان خەیروڵڵای دەگواستەوە توشی کەم و کوڕی تەکنیکی بووە و بووەتە هۆی کەوتنە خوارەوەی، بەڵام دکتۆر حەقی دژی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە بوو، لەگەڵ خێزانەکەی دا

دەربارەی ئەوە دەدوان کە ئەمە درۆیەکی هەڵ بەستراوە و عەدنان خەیروڵڵا بەپلانێکی داڕێژراوی سەدام لە ناوبراوە و فڕۆکەکەش تەنها بیانویەك بووە بۆ لە ناو بردنی عەدنان خەیروڵڵا، لە کاتێکدا شوفێرەکەی دکتۆر حەقی بە هێمنی ئۆتۆمبیلەکەی دەئاژوا هیچ دژە گوفتارێك دەرنابڕێت، بەڵام دوایی بە سوك و هاسان شوێنی بەرپرس لە ناوەرۆکی ئاخاوتنی دکتۆر حەقی و ئەندامانی خێزانەکەی ئاگادار دەکاتەوە، ئیتر لەسەر قسەی شوفێرەکەی دکتۆر حەقی خۆی و تەواوی خێزانەکەی دەگیرێن و دەدرێنە دادگا، هاوسەر و کچەکەی دەبرێن بۆ بەندیخانەی تایبەت بەژنان، خۆی و دکتۆر محەمەدی کوڕی دەبرێن بۆ (الاحکام الخاصة)ی ئەبوغرێب .

کاتێ ئێمە براین بۆ ئەبوغرێب دکتۆر حەقی لەگەڵ دکتۆر محەمەدی کوڕی لە بەشی چێشتخانە نیشتەجێ کرا بوون، دکتۆر محەمەد سەرپەرشتی نەخۆشخانە بچووکەکەی (الاحکام الخاصە)ی دەکرد .

ڕۆژی دوای سەردان (مواجهە)ی کەس وکارمان لەسەر ڕێنمایی دکتۆرەکەی (الاحکام الثقیلة) سەردانی نەخۆشخانەی خۆمانم کرد، چووم بۆلای دکتۆر محەمەد پیاوێکی میهرەبان و ڕۆح سوك بوو، هەر کە چاوی پێم کەوت بار ودۆخی منی لە شەوی ڕابردوودا بیرکەوتەوە گووتی:

– شەوی ڕابردوو تەندروستیت زۆر خراپ بوو ئەم نەخۆشیەی تۆ پێویستی بەوە هەیە هەمیشە چاودێری باشی بکرێت و کاتی توش بوون خێرا سەردانی دکتۆر بکەیت، کەواتە هەر کاتێك توش بوویت زوو سەردانم بکە ئەگەر لە خەویش دابم ئاگادارم بکەرەوە، لەکاتی پشکنینی نەخۆشیەکەم دا گووتی :

ماددەی ئەسپرین بۆ ئەم نەخۆشیەی تۆ کاریگەری خراپی لە سەر تەندروستی تۆ هەیە، بە هیچ شێوەیەك نابێت حەبی ئەسپرین بخۆیت، جگەلەوەش هەر کاتێك بچیتەلای دکتۆر بۆ هەر نەخۆشیەك پێشەکی بێ شەرم کردن ئەبێ دکتۆر ئاگادار بکەیتەوە کەتۆ

ڕەبۆت هەیە و نابیٚ ئەو دەرمانانەت بۆ بنوسیٚ کەمادەی ئەسپرینیان تێدایە .

هەر ئەمەی ووت یەکسەر بەخەیاڵ گەڕامەوە بۆ دواوە کەمن لە ماوەی ڕابردوودا دوو جار حەبی ئەسپرینم خواردووە هەر جارێکیش دوای خواردنی بە خەستی نەخۆش کەوتوم، شەوی ڕابردووش یەکێك بوو لەم جارانە تەواو تەندروستی تێکدام، هەرچەند نەوێرام ئەمە لای دکتۆر محەمەد بدرکێنم، بەڵام لە و کاتەوە پەیوەستم بە پەیامەکەیەوە و ئەوەندەی بۆم کرابیٚ سەرپێچیم نەکردووە، هەتاکو لەویٚ بووم دکتۆر محەمەد ئەوەندە لەگەڵم میهرەبان بوو هەمیشە سوپاش

گوزارم.

دوو کەسی دیکە لە نەخۆشخانەکەدا هاوکاری دکتۆر محەمەد بوون بۆ دەرزی لێدان و هەر کارێکی تر ئەوانیش ئەبوفەواز و ئەبو مەحمود بوون، ئەوانیش هەر بەندی بوون لە بەندیخانەی(الاحکام الخاصة). لە کاتی پێویستی و نەخۆش کەوتنم دا زۆر هاوکارم بوون هەرگیز لە یادم ناچێت سوپاسیان دەکەم

## ئافرەتەبەند کراوەکان

لە سەرانسەری جیهان دا ڕێژەی ژنانی بەند کراو لە چاو پیاوان دا کەمترە، ئەوەی شایانی با سە بەندیخانە کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی ژنان هەیە، بار ودۆخی ژنانی بەندکراو جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ پیاوانی بەند کراودا، ئەو ژنانەی دەگیرێن لە بەندیخانەدا جگە لە ئازاری جەستەیی و جەنگی دەرونی دوورنیە دەست درێژی سێکسیش بکرێتە سەریان، جگە لەوەی خۆیان کۆمەڵێك گیر وگرفتی تەندروستی و کۆمەڵایەتیان هەیە، بە هۆی بەندیخانەوە کاریگەری ئەم گیر وگرفتانە خراپتر دەبێت .

زۆر جار ئافرەت بەرپرسیارێتی خێزانی دەکەوێتە ئەستۆ بەتایبەت کە ژن خاوەن منداڵ بێت، کاتێك بەند دەکرێت کاریگەری خراپی لەسەر خێزانەکەی دەبێت، ئەرکێکی زۆر دەکەوێتە سەر شانی باوك بەتایبەت کە هیچ یاریدەدەر و کابانی تر لە ماڵەکەی دا نەبێت،

بەلام کە باوك گیرا سەرەڕای بەرپرسیاریەکانی خۆی بەرپرسیارێتی خێزانیش دەکەوێتە ئەستۆی دایك چ وەك سەرپەرشتی و چ وەك پەیداکەری بژێوی خێزان، ئاشکرایە مندالی بچوك پێویستیان بە پەروەردە و
سەرپەرشتی زیاتر هەیە .

بەلگە نەویستە بەندیخانە کاریگەری زیاتر لەسەر ژن جێدەهێلێت تاکو پیاو، جگە لە گشت لایەنە جیاوازەکان، لە داب و نەریت و کەلتوری هەندێك کۆمەلگادا ژنانی بەند کراو لەلایەن خێزان و دەور وبەریانەوە هەندێك جار بە چاوێکی نزم تر سەیر دەکرێن. بۆیە پێویستە ڕەچاوی ئەم لایەنەی ژنانی بەند کراو بکرێت، بەوەی لە کاتی مانەوەیان لە بەندیخانەدالەپیاوان جیا بکرێنەوە ونابێت لەلایەن فەرمانبەری پیاوەوە سەرپەرشتی بکرێن.

بەند کردن بۆ ئافرەتی دووگیان کاریگەریەکەی سەخت ترە، هەر چەندە هەموو بڕیار و پرۆتۆکۆلە نێودەولەتیەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن " لە ڕەوشی زۆر ناچاری دا نەبێت، نابێت ژنی سك پڕ بخرێتە زیندانەوە، ئەگەر ئەوە پێویست بوو، دەبێت هەمان ئاستی بایەخ پێدانی تەندروستی ناو کۆمەلگای مەدەنیان بۆ دابین بکرێت، لە کاتی ژان گرتنیش دا، دەبێت بگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی مەدەنی، بۆ ئەوەی شارەزایان سەروکاریان بکەن، نابێت بەندیخانە وەك شوێنی لە دایك بوونی مندال تۆمار بکرێت، لە هەموو حالەتەکان دا نابێت بەلگەنامەی لە دایك بوون ناونیشانی بەندیخانە وەك شوێنی لەدایك بوون دابێت، هەر وەها دەشبێت لەو ماوەیەدا هەموو تەدارەکاتی ئاسایش زۆر بە نهێنی بن کە ژنی ئاوس دەخرێتە بەندیخانەوە پێویستە ئیدارە هەموو مەسەلەیەکی کەلتوری تایبەت بەمندال بوون ڕەچاوبکات "[17].

بەپێچەوانەوە بەعس سەر کێشی لە هەموو بڕیارە نێودەولەتیەکان کردووە لەگەل پیاوان دا، بە شێوەیەك ژنی چەوساندەوە نەوەکانی داهاتوومان وەك چیرۆك و کارەساتی دل تەزێن بۆ یەکتری بگێڕنەوە.

زۆر جار لەبار ودۆخی زۆر نالەباردا ژنی سك پڕ گیراوە، لەکاتی گواستنەوەی دا هەر لە ناو ئۆتۆمبیلە سەربازیەکەی گواستنەوەدا ژان گرتویەتی و منداڵی بووە و زۆر جار بۆ یادگاری ناوی بەندی...زیندانی...هتد لێ نراوە. هیچ یاسایەکی ئاسمانی و زەمینیش نەزیرەی ژنی ژان گرتوو نەدەنگی گریانی کۆرپەی ساوا و تازە لە دایك بوویان نەدەبیست، هەموو کارێکی ناڕەوا لای بەعس ڕەوا بوو، هەزارانی وەك هاوسەرەکەی دکتۆر حەقی تەنها تاوانی ئەوە بوو لە ناو کۆمەڵێك دانیشتبوو باسی سەدامی بەخراپە تێدا دەکرا، یاخود چەندین ژنی وەك پورە ئامینەو شوکریەی کچی تەنها تاوانیان ئەوە بوو نامەیەکیان بۆ کوڕ و برای پێشمەرگە نوسی بوو ساغ و سەلامەتی خۆیان و خێزانەکەیان تێدا ڕاگەیاندبوو، بە شێروانی برازای کە شەل و سەقەت و شەپلە لێدراو دا نارد بوویان بۆ سەید ئیبراهیمی پۆستەچی بۆئەوەی نامەکەیان بۆ بگەیەنێتە کوڕە پێشمەرگەکەیان، ئیتر هەموویان گیران شێروان و سەید ئیبراهیم لەگەڵ چوار کەسی دیکە بۆ لای ئێمە هێنران، پورە ئامینە و شوکریەی کچیشی بۆ بەندیخانەی ژنان بران .

بەشێك لەو ژنانەی بەند دەکران هەر لەساتی یەکەم دا منداڵەکانیان لێ جیا دەکرایەوە، زۆر جار لەبەر ڕەوشی خراپی بەندیخانە منداڵەکان دەمردن و هەرگیز دایك دیداری منداڵەکەی نەدەبینیەوە یا بە پێچەوانەوە .

## بەندیەسەر کێش و هەواڵگر(مونافق) ەکان

هەر کۆمەڵگایەك بە بەندیخانەکانیشەوە پێویستی بەوە هەیە چەند یاسا و ڕێسایەکی تایبەت بەخۆی هەبێت، کە ئاسایش و دادپەروەری بەسەر هەمووان دا بەیەکسانی دابەش بکات بۆئەوەی هەرتاکێك پەیوەست بێت بەم یاساو ڕێسایەوە.

پێویستە لەسەر دەسەڵات دارانی بەندیخانە بە شێوەیەکی یەکسان دەسەڵات بەسەر بەندیەکان دا دابەش بکەن بە شێوەیەك نە زۆر سەخت و نە زۆر ئاسان بێت، بۆ ئەوەی بەندیەکان بتوانن لە ژێر فەرمانی بەندیخانە دا بگوزەرێنن، هەندێ جار دەسەڵات دارانی

بەندیخانە دادپەروەری لە نێوان بەندیەکان دا پەیڕەو ناکەن ئەمەش دەبێتە هۆی ئاشوب و سەرکێشی هەندێك لە بەندیەکان .

ئەبێ بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە لەوە تێبگەن ڕاگرتنی دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان بەندیەکان دا چەند گرنگە بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی تێکچونی شیرازەی دەسەلات لەدەست ئیدارەی بەندیخانە و دروست بوونی دەستە وگروپی جیاواز و سەرهەڵدانی ئاشوب و پشێوی لە بەندیخانەدا .

بە هۆی نادادپەروەری ئیدارەی بەندیخانەی (الاحکام الخاصة) لە ڕابردوودا لە ناو بەندیەکان دا چەند گروپێکی بالا دەست دروست بوو بوون، چەند سیستەمێکی نا یاسایی تایبەت بە خۆیان بەسەر بەندیەکانی دیکەدا سەپاند بوو، ئەمەش ببووە هۆی ئاشوب و پشێوی زۆر لە ناو بەندیخانە و ئیدارەی بەندیخانە کۆنترۆڵی دەسەلاتی خۆی لەدەست دا بوو، ئیدارەی بەندیخانە بە ناچاری بۆ بە ئاگا بوون لە ڕەوشی جم و جۆڵی ناو بەندیەکان و وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری لە ناو بەندیخانەدا چەندین بەندی کرد بووە سیخوڕ و هەواڵگری ئیدارەی بەندیخانە، گروپە سەر کێش و بالا دەستەکانیش زیاتر ئاسایشی ناو بەندیخانەیان تێکدا بوو، وەکو شەقاوە و دەستەی کەللەشەق بە هەڵسوکەوتی خراپ ئارامی و گوزەرانی بەندیەکانی تریان شێواندبوو، بارودۆخی بەندیخانە لەگرێژەنە چوو بوو، ئاسایش و دادپەروەری پەکی کەوتبوو، لەبەر ئەوە بەندیەکان ئەمانەیان بە( مونافق) ناو دەبرد، ئەم بارودۆخە گەیشتە ئاستێك ئیدارەی بەندیخانە نەیتوانی کۆنترۆڵی بکات، زۆربەی بەندیەکانیش لەم گروپە ملهوڕانە بێزار و بێبەری بوون، لە تاو بێزاری خۆیان لە یەکگرتن و یاخی بونێکی بەکۆمەڵ دا کەوتنە لێدان و ئازاردان و سزادانی هەموو گروپە ملهوڕ و بالا دەستەکان و هەواڵگرەکان لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی هاوکاری ئەو گروپە بالادەست و هەواڵگرانە بوون، ئیدارەی بەندیخانە ناچارکرا بەگواستنەوەی ئەو گروپ و هەواڵگرانە لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی هاوکاری ئەوان بوون بۆ بەندیخانەکانی تر .

دوای ئەوە هێمنی و ئارامی گەڕایەوە بەندیخانە بەڵام هەرگیز ئیدارەی بەندیخانە نەیتوانی دەسەڵاتی خۆی بگێڕێتەوە دۆخی جارانی، کە پێشتر دەسەڵات کەوتبووە دەست گروپە باڵا دەستەکان، ئەمجارە دەسەڵات کەوتە دەست زۆرینەی بەندیەکان تاڕادەیەك هێمنی باڵی کێشا بوو بەسەر بەندیخانەدا، هەرگیز ئیدارەی بەندیخانە ناتوانێ وەك سەردەمی دەسەڵاتی فشار لەسەر بەندیەکان دروست بکات بۆ نمونە : ئەو تەلەفزیۆنەی لە جەمەلۆن دانرا بوو ئەبوایە هەموو بەندیەکان لە کاتی خوێندنەوەی دەنگوباس یا ووتاری سەدام حسین هەرچەند دوور و درێژ بێت بەرامبەری دابنیشن و بەدیقەتەوە سەرنجی بدەن و گوێ ی بۆبگرن، بێ ئەوەی بنون ئەگەر خەویشیان بێت یاکات درەنگی شەو بوو، ئەگینا خوا بە حاڵی ئەو بەندیەی لەکاتی هاتنە ژوورەوەی پاسەوانەکەدا خەو تبێت یا لە کاتی لێپرسینەوەی کەوا بۆ دڵنیایی بزانن گوێ ی لە دەنگوباس و ووتار و تەلەفزیۆن گرتووە یا سەرپێچی کردووە، خۆ ئەگەر خەوتبا یاگوێ ی لە دەنگوباس نەگرتبادەیانبردە (مەحجەر) هەموو گیانیان بەکێبڵ دەشکاند، دەیانگووت: زۆر جار پاسەوانەکان پرسیاری ئەوەشیان لە بەندیەکان دەکرد ئەمشەو تەلەفزیۆن چی گووت بۆئەوەی بزانن گوێ یگرتووە یانابۆئەوەی سزای بدەن.

لێدان و گواستنەوەی گروپە هەوالگر و موناففەکان ماوەیەك بەر لە چوونی ئێمە ڕووی دابوو کە ئێمە چووینە ئەبوغرێب (الاحکام الخاصة) لە چاو جاران ژیانی بەندیخانە زۆر گۆڕا بوو، ئیدارەی بەندیخانە بۆی نەدەکرا بە ویستی خۆی هەموو
کارەکان کۆنتڕۆڵ بکات .

## خواردن و خواردنەوە

لەبەر ئەوەی بەندیەکان لە ئازادی بێبەری کراون، توانای چونە دەرەوە و پەیدا کردنی بژێوی خۆیان نیە، یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی دەوڵەت ئەوەیە خواردن و خواردنەوەی باش و پاك و خاوێن بۆ بەندیەکان دابین بکات بۆ ئەوەی توشی برسیەتی و بەدخۆراکی نەبن

هەر چەند عیراق وولاتێکی پڕ خێر و بێر و دەوڵەمەندە، بەلام ئیدارەی بەندیخانە لەم ڕووەوە کەمتەرخەمی زۆری دەنواند، ڕۆژانە سێ ژەمی کرچ و کاڵی دەدا بە بەندیەکان، لە دوو مەنجەڵی گەورەدا شلە و برنجی لەسەر عەرەبانەیەکی بچوك دەهێنا بەیانیان نیسك بوو، لە ڕاڕەوەکە ڕایان دەگرت ئەو بەندیانەی سەردانی کەس وکاریان نەبوو بەشی خۆیان دەبرد، چایش بە هەمان شێوە، بەلام بەشی زۆری بەندیەکان پشتیان بەخوادەمەنی ماڵەوە دەبەست کە لە کاتی سەردان کەس وکاریان بۆیان دەهێنان، لە ناو (فلینە)دا سەهۆڵیان لەگەڵ خواردنەکەیان دادەنا بۆ ئەوەی تێك نەچێ و خراپ نەبێت تاکو لەسەردانی داهاتوو کەس وکاریان خواردەمەنی تازەیان بۆ دێنن .ئاویش هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نەبوو، بە تەنیشت ئاو دەستەکانەوە چەند شێرە (حەنەفیە) کیان لە بۆڕیەکی دوو ئینجی ئاو بەستبوو بۆ خواردنەوە و هەموو پێویستیەك بەندیەکان بەکاریان دەهێنا .

## سەرئاو و گەرماو

ئەو شوێنەی بەندیەکانی تێیدا جێگیر کراون سنوورێکی دیاری کراوە لەبەر ئەوە لەسەر ئیدارەی بەندیخانە پێویستە بەندیەکان بە ئاسانی بتوانن بچنە شوێنە تەندروستیەکان، سەر ئاوی خاوێن هەبێت وە هەروەها بتوانن بەردەوام لە شوێنی گونجاودا خۆیان بشۆن، بەتایبەت بۆ ئەو بەندیانەی زۆر دەمێننەوە یالە قەرەباڵغی زۆردا جێگیر کراون، ئەوە پێویستیەکی گرنگە بۆ کەم کردنەوەی نەخۆشی و بلاوبونەوەی نەخۆشی پێست و درمیەکان، بەلام بە پێچەوانەوە لەم بەندیخانەیەش دا هیچ گرنگی نەدرا بوو بە سەرئاو و گەرماو بۆ بەندیەکان، لە هەر جەمەلۆنێك لەنزیك شوێنی نوستن چەند ئاودەستێکی سادە بە تەنیشت یەکەوە دروست کرا بوون بۆ ئەو هەموو قەرەباڵغیە گەرماوێکیش دروست نەکرا بوو، بۆ پڕکردنەوەی ئەم لایەنە پێویستیەی ژیان هەندێك لە بەندیەکان لە حەوشەی بەندیخانەدا کەپرێکیان بەدار دروست کرد بوو چوار دەورەیان بەگونیە و بەتانی گرتبوو وەك گەرماو بەکاریان دەهێنا لە مەنجەڵێکی بچوکدا بە پرێمزی

نەوت ئاویان گەرم دەکرد، بەندیەکان بە ناچاری لەم گەرماوە کە پرانەدا خۆیان دەشوشت بەندیە خاوەن کەپرەکە لە بری خۆشوشتنی هەر بەندیەك پێنج سەد فلسی وەردەگرت .

## پێخەو نووستن

پێخەو و تەختی نوستن بە پێ ی داب و نەریتی بەندیخانەکان دەگۆڕێت لە بەندیخانەکانی پێشوو تردا لە ژووری قەرەباڵغ دا لەسەر زەوی بە پێخەوێکی کەم و نالەبار دەنووستین، لێرە لە مەدرەسە و چێشتخانە چوارپای ئاسایی هەبوو، بەڵام لە ناو جەمەلۆن و هۆڵەکان دا بە تایبەت لە هەر دوو جەمەلۆنەکە لە دوو هۆڵی گەورە پێك هاتبوو بە تەنیشت یەکەوە خانە خانە کرا بوو هەر خانەیەك لە پێنج چوارپای ئاسنی دوو تەختی نووستن هەبوو واتە هەر چوارپایەك دووقات بوو جێگای نووستنی دوو بەندی بوو لە شێوەی لاکێشە دانرا بوون لایەکی ئاوەڵا بوو شێوەی وەك ژوورێکی لێهاتبوو پێیان دەگووت (خێمە) ناوەڕاستەکەی بۆ نان خواردن و دانیشتن و پشوودان بەکار دەهێنرا، کە ئێمە چووین چوارپاکان تەواو بوو بوون، هەموویان گیرا بوون ئێمە لەسەر زەوی لە ناوەڕاستی خێمەکە دەنووستین، هەر بەندیەك پێخەو و کەل و پەلی لەماڵەوە بۆ دەهات لەبەر ئەوە هەر کەسێك دەیتوانی بەکەسوکاری بڵێت باشترین پێخەوی بۆ بهێنن بە پێچەوانەی بەندیخانەکانی دیکە.

شۆڕش گەنجێکی ڕۆح سوك و قسەخۆش بوو، پێش ئێمە هێنابوویان بۆ ئێرە، تەختی نووستنی نەبوو وەك من و قادر لەسەر زەوی دەنووست، دەیانووت: پێش لێبووردنی ساڵی 1988 ئەم بەندیخانەیە زۆر قەرەباڵغ بوو بە شێوەیەك بەندیەکان لە ڕاڕەوەکانیش دا دەنووستن، هەر بەندیەك تەنها چل سانتیمەتری بەر دەکەوت تاکو لێبووردنەکە لەم ژیانە سەخت و دژوارەدا مانەوە، بەڵام زۆربەیان بەرلێبووردن کەوتن و ئازاد کران تەنها ژمارەیەکی کەم مانەوە، بەڵام لە دوای لێبووردنەکە ڕژێم دەستی کردەوە بەگرتنی خەڵك و بەردەوام خەڵکی تازەیان دەهێنا ڕۆژ بە ڕۆژ قەرەباڵغ تر دەبوو.

دوای ماوەیەك لای ئێمە دوو بەندیان گواستەوە من و شۆڕش چوارپامان بەرکەوت

شۆڕش لە قاتی سەرەوە منیش بەرامبەری ئەو لە خوارەوە تەختی نووستنم بەرکەوت، هیچ مەرجێکی تەندروستی و پاك و خاوێنی لەلایەن ئیدارەی بەندیخانەوە پەیڕەو نەدەکرا .

## پۆشاکی نیزامی یەکگرتوو

پێش لێدانی گروپە باڵادەستەکان بەندیەکان ناچار کرا بوون پۆشاکی یەکگرتوو تایبەت بە بەدیخانە بپۆشن، کە ڕەنگی قاوەیی بە بەرگی (کان) ناو دەبرا بە ناوی ئەو ئەندازیارەی بەندیخانەکەی بنیات نابوو وەك لەمەو پێش باس کرا، ڕەنگە پاساوی ئەمەش تەنها دابین کردنی لایەنی ئاسایش و ناسینەوەی ئەو بەندیانە بێت کە دەیانەوێت ڕا بکەن، جگەلەمەش وەك مل پێ کەچ کردن و سزادان و زەلیل کردنی ئەو بەندیانە بە کاردەهات کە لەبەریان دەکرد، ئەگینا هیچ پاساوێکی تر نەبوو بۆ پۆشینی پۆشاکی یەکگرتوو، شتێکی ئاساییە هەموو بەندیەك حەز دەکات پۆشاکی ئاسایی جیهانی دەرەوە بپۆشێت، چونکە زیاتر هەست بە بوونی شوناسی تاکانەی خۆی دەکات، بۆیە دوای لێدان و دەرکردنی بەکۆمەڵی گروپە باڵا دەستەکان بەندیەکان لەدەوڵەت یاخی بوون و پۆشینی جل و بەرگی تایبەتی بەندیخانەیان ڕەت کردەوە، لە ژێر فشاری بەندیەکان دا ئیدارەی بەندیخانە داواکەیانی پەسند کرد و ملی دا بۆ ئەوەی بەندیەکان لەمەودوا بە ئارەزووی خۆیان جل و بەرگی جیهانی دەرەوە بپۆشن .

کە ئێمە هێنراین بۆ بەندیخانەی (الاحکام الخاصة) هەموو بەندیەکان جل و بەرگی ئاسایی دەرەوەیان لەبەر دا بوو ئێمەش وەك ئەوان .

من پێش بەندیخانە زۆر جار پۆشاکی قاوەیم لەبەر دەکرد، بەڵام کە لەبەندیخانە بە سەر هاتی پۆشاکی بەندیخانەیان بۆ گێڕامەوە وشکە گرێ ی دەرونم توند تر بوو بڕای بڕای پۆشاکی قاوەیم لەبەرنەکرد .

## کارکردن و ئیشی دەست

هەموو کەسێك لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی دا ئەزمونێك لە ژیان وەردەگرێت بۆ داهاتوو،

دیارە بەندیەکانیش لە و ڕووبەرە دیاری کراوەی تێیدا جێگیر کراون ڕۆژێك هەر ئازاد دەکرێن، لەسەر ئیدارەی بەندیخانە پێویستە ئەمە لەبەر چاوبگرێت،کەش و هەوایەکی وا بڕەخسێنێت دوای ئازاد بوون سوودی لێ وەربگرن.

بە پێ ی هەموو پەیمانە نێودەوڵەتیەکان کاری زۆرەملێ و سەپێنراو بە سەر بەندیەکان دا قەدەغەیە.

ئەبێ ئیدارەی بەندیخانە لە بەرنامەی چالاکی خۆی داهاتووی بەندیەکان لەبەر چاو بگرێت، هەر بەندیەك ئازاد دەکرێت گەڕانەوەی بە سانایی بۆ دۆخی جارانی سەختە، بۆیە پێویستە شارەزای کار و فێری دەست ڕەنگینیان بکەن، وە لەڕوی ڕۆشنبیریەوە پەرەیان پێ بدەن بە مەبەستی دوو هۆی سەرەکی یەکەم خەریك کردن و سەرقاڵ کردنی بەندیەکان بۆ ئەوەی لەڕووی دەرونیەوە خەمۆك نەبن، دووەم بۆئەوەی ئەم چالاکیانە دوای ئازاد بوون ببێت بە پیشەیان و لەدەرەوەبژێوی خۆیان و خێزانەکانیان پەیدا بکەن و ژیانی ئاسوودە بەسەرببەن.

ئاشکرایە لە دەرەوە کار و شێوەی ژیانی هەر کەسێك جیاوازە بۆیە پێویستە لە ناو بەندیخانەش کار و چالاکی جیاواز بەسەر بەندیەکان دابەش بکرێت وە جیاوازی دابنرێت لە نێوان بەندیە تاوانبار و شەڕانگێز و لاسارەکان چونکە لە ڕووی هەست و دەرونەوە جیاوازیان هەیە .

ئەو بەندیانەی لە ناو بەندیخانە بە بێ کاری کات بەسەر دەبەن ڕەنگە خەمۆك و شەڕانگێز و سەرکێش ببن، ئەمە پەیوەندی بەهەست و دەرونی ئادەمیزادەوە هەیە .

ڕژێمی عیراق بۆ سەرنج ڕاکێشانی ڕای گشتی ئەم کارەی دەکرد، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو پێوەرە نێودەوڵەتیەکان زەبر و زەنگی سەخت و نەشیاو و ئابڕوو بەرانەی لەگەڵ بەندیەکان بەکار دەهێنا گوایە پەیڕەوی پەیمانە نێو دەوڵەتیەکان دەکات .

لەم بەندیخانەی ئێمەش هەر بەندیەك دوای حوكم دانی دەهێنرایە ئەم بەندیخانەیە بە نۆرە وەك سزا و بەشێوەی زۆرەملێ و بەبێ ویستی ئەو ئەبوایە لەچەند خولێك دا بەشداری بكات، هەڵبەت چەند و چۆن بەشداری دەكات بێ ویستی بەندیەكە بوو، ئیدارەی بەندیخانە دیاری دەكرد

بۆ ئەم مەبەستە چەند خولێكی فێر بوونی دارتاشی، ئاسنگەری، سەرتاشین و درومانیان لەم بەندیخانەیەدا كرد بووەوە دەیانگووت: ئیدارەی بەندیخانە كەل و پەلی دروست كراوی بەندیەكانیان لە دەرەوە دەفرۆشتەوە و پارەكەشیان بۆ خۆیان هەڵدەگرت، بەندیەكان هەرگیز ئەم خولانەیان لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان نەدەبینی بەڵكو بەندیەكان وەك سزا و كاری سەپێنراو و بێزاركەر سەیریان دەكرد، لەگەڵ لێدانی گروپە باڵا دەستەكان و بەندیە هەواڵگرەكان ئەم كار و چالاكیانەشیان پشت گوێ خست و هیچ بەندیەك نەدەچووە ئەم خولانەوە .

كردنەوەی ئەم خولانە پێش هاتنی ئێمە بوو، لە كاتی هاتنی ئێمەدا خولەكان پەكیان كەوتبوو هیچ بەندیەك بە شداری ئەم خولانەی نەدەكرد لەبەر ئەوە هیچ زانیاریەكم دەربارەی نیە تەنها ئەوە نەبێت خالید قادر ڕەسوڵ (خالید خەیات) دۆستێكی خۆشەویستی منە، پێش گیرانی خۆی بەگدروو بوو لە ڕانیە دوكانەكەی لەناو قەیسەری (خدر بگ) دابوو، لێرەش بەشداری خولی درومانی كرد بوو، ببوە بەرگدرووی بەندیخانە لە ژوورێكی تایبەت دا بەرگدروویی دەكرد هەموو بەندیەكان و فەرمانبەرەكان جل و بەرگ و كەل و پەلەكانیان لای ئەو دەدروی .

خالید قادر ڕەسوڵ وەك خۆی دەڵێ: لە ڕۆژی 15-4-1989 لەلایەن (مركز الاستخبارت قلعدن)ەوە لەسەر كاری ڕێكخستن دەستگیر كراوە "بەدەمانچەیەكی چواردەخۆر و 3500 دینار و نامەی مامۆستا ڕێبوار بەرپرسی ڕێكخستن و هاوڕێ مەغدیدی برای كە بۆیان ناردبوو"(18) دوای مانەوەی چەند مانگێك بردبوویان بۆ دادگا و لە(محكمة الثورة)

بەحوكمی هەمیشەیی (مؤبد) حوكم درابوو بردبوویان بۆ ئەبوغرێب (الاحكام الخاصة)، كاتێ ئێمە گوازراینەوە بۆ ئەوێ ئەو ماوەیەك بوو بردبوویانە ئەوێ، لە جەمەلۆنی یەك بوو، ئێمە بەدیداری دڵشاد بووین چونكە خەڵكی سنووری خۆمان بوو، ئەویش پێشوازیەكی باشی لێ كردین. خالید قادر ڕەسوڵ ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە لێپرسراوی بەشی كارگێڕیە.

## هونەر لەسایەی بەعس دا

هونەر یەكێكە لە پایەكانی ژیان، بە درێژایی مێژوو ئادەمیزاد گرنگی بە هونەر داوە بە پێ ی سەردەم و ڕۆژگار بەردەوام بووە و لە گەشە و پێشكەوتن دابووە لە هەر چاخە بە جۆرێك، زۆرن ئەوانەی لە ڕابردوودا شاكاری جوانیان لە ژیان تۆمار كردووە و دوای ململانێیەكی زۆر لەگەڵ مەرگ دا شوێنەوارێكی بەرزی هونەریان لە دوای خۆیان بەجێ هێشت، بەڵام لەم سەدەیەدا لە سەردەمی گەشەی هونەر و زانست دا كە مرۆڤ كۆمپیوتەر و ئەنتەرنێتی داهێناوە و مانگی داگیر كردووە و ئەتۆمی بەرهەم هێناوە، بەعسیەكان گەردنی قەڵەمیان بە پەتا كرد، لاقی كتێبیان شكاند، چوار میخەیان كێشا، دەفتەری نووسینیان پەڕپەڕ كرد و دایانە دەم ڕەشەبای ڕقی خۆیان، بەملهوڕی و زۆرەملێ لەسەر شانی خەڵك دەژیان لە ژێر پەردەی" سۆشیالیستی و ئازادی و یەكگرتن" دا خۆیان سەپاند بوو، شەڕیان بە خەڵك دەفرۆشت، لە كوشت و بڕ و تاڵان و بڕۆ بەو لاوە هیچی تریان نەدەزانی، لە پێناوی مانەوەی خۆیان  لە هیچ شتێك نەدەپرینگانەوە، گوللە تۆپێكیان پێ لەسەد كتێبی بەنرخ و بەها لەلا باشتر بوو، دووكەڵ و بۆگەنی باڕووتیان پێ لە هونەری بەرز و شێعری پڕ مانا پەسند تر بوو، ئەگەر ڕێگەشیان بكەوتایە نووسین و شێعر و هونەر تەنها ئەوەندەیان دەویست كەلە خزمەت حزب و سەرۆكەكەی ئەمان دابێت، نووسەر و هونەرمەندێكی وایان دەویست دەسندە و چڵكاو خۆر و گوێ لەمستی خۆیان بێت، مێشیان بۆ بكاتە گامێش، بە سپی بڵێ   ڕەش و   بە تەپڵ و زوڕنای ئەوان هەڵپەڕێت، بۆ پاروە نانێك ویژدان و شەرەف

بفرۆشێ .

نووسەری کارامە و بە ئەزموون، هونەرمەندی بە توانا و خاوەن ئابڕو شەرمیان دەکرد ویژدان بە گیرفان بفرۆشن و پشت لە گەل و ڕوو لە دوژمن بکەن، ناچار سەری خۆیان کز کرد لە ئەنجام دا هەندێکیان سەری خۆیان هەڵگرت بەرەو هەندەران بە شاری وولاتان دا بڵاو بونەوە، بۆ پاروە نانێکی سەر بەرزانە ژیانی پڕ چەرمەسەری و ئەرکی گرانیان کەوتە سەرشان، هەندێکیش لەسەر نووسینی بەرز و پڕ مانا و لایەنگیری گەلەکەیان کەوتنە کونجی بەندیخانەوە، هەتیووچە و سەرسەریش کەوتنە خۆڕانان و بە فیتی دوژمنان تەفرەیان خوارد و بە دینارێك شەرەف و ناموسیان فرۆشت، بە جارێك هونەریان شێواند و سەنگە و بەردیان نا، باش بوو خۆیان کەوتنە چاڵی مەرگەوە ئەگینا زانست و هونەریش لەم وولاتە زیندە بە چاڵ دەکرا و ڕاست نەدەبووەوە .

ئەمڕۆ لەعیراق دا هەر کەسێك هونەرەکەی لە بەرژەوەندی بەعس بەکار نەهێنێ گیانی لە مەترسی دایە و هونەرەکەی بەردەوام نابێت، زۆرێك لەوانەی داوای ژیانی سەربەرزانەیان دەکرد خرانە بەندیخانەوە، بەڵام لەوێش هێندەی تر پەرەیان بە هونەرەکەیان دا، چەندین هونەمەندی گەورە گەورە لەسەر دەر بڕینی ڕای ئازادانەی خۆیان پەلکێشی بەندیخانە کرا بوون، وەهاب عەبدو لوەهاب دەرهێنەرێکی گەورەی عەرەب بوو لە دەرهێنانی فیلم و درامای تەلەفزیۆنی دا دەستێکی باڵای هەبوو بەڵام لەوێ باری دەرونی باش نەبوو، لە مەدرەسە لەسەر چوار پایەکی نزم دەخەوت پەردەیەکی سپی بۆ چوارپاکەی دروست کرد بوو هەندێك کەنار گیر و خۆپارێز بوو، هەر کاتێك جەستە و هەستی شەکەت بوایە پەردەکەی دادەدایە وە وەك ژوورێکی داخراوی لێ دەهات، بۆ ماوەیەك لە دەریای بێدەنگی دانقوم دەبوو، زۆربەی ژیانی بەم شێوەیە دەگوزەرا لەگەڵ هاوڕێیەك دا جارێك چوومە سەردانی، بەڵام بە هۆی گواستنەوەمان بۆ بەندیخانەی بادۆش نەمتوانی بەردەوام بم پەیوەندیم لەگەڵی پچڕا .

چەندین مامۆستای گەورە گەورەی لیٚ بوو یەکێك لەوانە پیاوێکی پیر، هونەرمەندێکی بە ئەزمون، عەرەبی خەڵکی بەغدا بوو، تەمەنی هەندێك سەر کەوتبوو، پشتی کەمێك چەمابۆوە دەیگووت: کاتی خۆی لە ڕادیۆی کوردی لە بەغدا چەندین ئاهەنگی گۆرانی لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا حەسەن زیرەك گیڕاوە و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تردا گۆرانی بۆ تۆمار کردووە، بە سۆزەوە باسی حەسەن زیرەکی دەگێڕایەوە، هەر دووك چاوی لە سەریەك دادەنان وەك ئەوەی بیر لە ڕۆژگاری ڕابردوو بکاتەوە هەست دەکرا زۆر تاسەی ئەو ڕۆژگارە بوو، کاتێك لە حەوشە لە سێبەریٚ لەبن دیواری جەمەلۆنەکەمان دادەنیشتین وەك یادکردنەوەی ئەو ڕۆژگارە سەر بەندی گۆرانیەکانی حەسەن زیرەکی وەك فێر کرا بوو بەکوردیکی ناڕێك دەگووت: ئامینیٚ، نازەنینیٚ، ئەی وەی لەسیرەی پۆتینیٚ، لۆرکیٚ و لۆرکیٚ خاتوونیٚ لۆرکیٚ، کیژان دەچنە مێرگولان، لەگەل گۆرانیەکانیش دا بە عوودەکەی ئاوازی هەموو گۆرانیەکانی حەسەن زیرەکی لیٚ دەدا، نەشەیەکی خۆشی بە دڵی خۆی و ئێمەش دەبەخشی، بۆ ئەو یادی ڕۆژگاری ڕۆیشتوو و بۆ ئێمەش یادی کەڵە هونەرمەندێکی گەلەکەمان بوو .

حەسەن لاوێکی خوێن شیرین و ڕەزا سوك بوو خەڵکی حەریر بوو لەگەڵ فەرحانی ئامۆزای و یەکێکی دیکەدا لەسەر ڕێکخستنی (پ.د.ك) گیرا بوون، هەموویان ڕۆح سوك و خۆشەویست بوون، حەسەن بەکەمانچە ئاوازێکی ناسك و هەست بزوێنی لیٚ دەدا، زۆر جار لەلای دادەنیشتم کە زانی ئارەزووی فێر بوونی مۆسیقام هەیەتەموبورێکی لەداروتەختە بە هێلمی دارتاشی بۆدروستکردم گووتی:

ئەبیٚ بۆ ماوەیەك بیٚ بەرنامە تەمبوورەکە بژەنی بۆ ئەوەی دەستت لەگەڵی ڕابێت، دوایی ئاوازێکی کرمانجی ژووروی دامیٚ کەوا ئەمە ئاوازێکی ئاسانە و دەبیٚ لێرەوە دەست پیٚ بکەم، خۆم پێوە خەریك کرد هەستم کرد فێر دەبم زۆر دڵم خۆش بوو، بەڵام هەندێك لە بەندیە عەرەبەکان ئەم کارەیان لا ناخۆش بوو دەیانووت: ئێمە بێزاردەبین لەبەر ئەوە وازم

لێ هێنا، هەرچەندە دوایی هەلی باشترم بۆ ڕەخسا بەڵام تازە لێ ی بێتاقەت بووم و نەچومەوە سەر ئەو کارە .

جەنگی هاوڕێم تەمبورێکی باشی هەبوو خۆی زۆر کارامە نەبوو، بەڵام هێندە بەتەنگ هونەرەکەیەوە بوو هەستی ئێمەی دەبزواند .

حەسەن عەلی خەنجەر هونەرمەندێکی بە توانا بوو تەمبورێکی باشی لێ دەدا لە گۆرانی ووتنیش دا دەستێکی باڵای هەبوو، دەنگێکی بەسۆز و هەست بزوێنی هەبوو، بەردەوام دەچووومە لای بەسرووودە نیشتمانیەکانی دڵی ئێمەی جۆش دەدا .

چەندین هونەمەندی وێنەکێشانی لێ بوو فڵچە و قەڵەم هەمیشە لە کاردا بوون، هێندە بەهرەمەند بوون، مانی ئاسا، چەندین تابلۆی وایان دەکێشا مانای سیاسی و لێکدانەوەی بەرزی تێدا دەخوێندرایەوە، ڕۆژێك لای یەکێك دانیشتبووم وێنەی دارستانێکی جوانی کێشا بوو، بەڵام کەلێ ی ووردبایتەوە بە قەد و لقی دارەکان نووسرا بوو "لا لە ا لا الله" .

جۆرە هونەرێکی تر هەڵکەندن (نحت) لەسەر تەختە، هەر چەندە لە ڕووی پسپۆڕی و ئەکادیمیەوە نەبوو، بەشی زۆری هەر ئارەزووی تایبەتی و بێکاری وای کرد بوو پەنا بۆ ئەم کارە ببەن، بەڵام بەڕاستی دەست ڕەنگینی بە کارەکانیانەوە دیاربوو، جەنگی هاوڕێم هەندێك خۆی لەگەڵ ئەم کارە خەرێك دەکرد و بەرهەمی جوانی هەبوو .

هەموو ئەم هونەرمەند و گەورە پیاوانەی کۆمەڵ دەکرا سوودی زۆر بەووڵاتەکەیان بگەیەنن، بەڵام بەعس لە جیاتی پاداشت و خەڵات کردن خۆیان و هونەرەکەیانی بەند کرد بوو دەرگای لەسەر کلۆم دابوون .

پێشتر ووتوومە و ئێستاش دەیلێمەوە ئەبوغرێب دەتگووت کەشتی نوحە لە هەموو ڕەگەز و نەتەوەیەکی تێدا بوو لە ناو ئەوانەش دا هەموو خەڵکی سیاسی و هوشیار و دانا و زاناکەیان هەڵبژارد بوو هێنابوویان بۆ ئێرە لە ناو ئەوانەش دا چەندین مامۆستای گەورە و پسپۆڕ و لێهاتوو هونەرمەندی بلیمەتی تێدا بوو دەمتوانی سوودیانی لێوەربگرم، زۆر

بەداخەوە ئەوەی ئێستا دەیزانم ئەگەر ئەو کاتە دەمزانی ئێستا کار بە شێوەیەکی تر و منیش شتێکی تر دەبووم .

ئەبوغرێب وەك عەلی هاوڕێم لە تابلۆیەك نووسیبوی " بەندیخانە زانكۆی ژیانە" لەسەر دەرگای ژوورەکەمانی هەڵواسی بوو، بە ڕاستی ئەبوغرێب زانكۆیەك بوو دەمتوانی زۆر شت فێربم، هەلم بۆ ڕەخسا بوو، لەبەر کەمتەرخەمی نەمکرد لەکیسم چوو.

## شێتەکانی بەندیخانە

لە ناو ناز و نیعمەتەکانی مشەی ئەم ژیانە کاتیەدا، لە ناو خۆشی و ناخۆشیەکانی ئەم گەردونە پڕ کێشە و ئاشوبەدا، لە ناو هیوا و ئاواتەکانی ئەم جیهانە ڕاگوزەرەدا هەموومان ئارەزووی زۆرێك لە پێویستیمان هەیە وەك ئارەزووی تێر کردنی برسێتی و ئارەزووی تێر کردنی سێکسی و ئارەزووی تێر کردنی خۆش گوزەرانی ، بەڵام لە هەموویان گرنگ تر ئارەزووی تێر کردنی هەستی بە بایەخ بوونە .

بە ووتەی(فرۆید)زانای نەمساوی گەورە دەروننناسی سەدەی بیستەم(ئارەزووی خۆبەگەورە زانین)(19) بە واتایەکی تر هەمووما‌ن پێمان خۆشە کەسانی تر بەشتمان بزانن، قسە و کەسایەتیمان بەهەند بگرن ...هتد.

ئەم ئارەزووەی خۆ بەگەورە زانین و هەستی بەبایەخ بوونە یەکێکە لە گرنگترین و گەورە ترین ئارەزووی تاکە کانی ناو کۆمەڵگا، بۆ یەکلایی کردنەوەی جیاوازی نێوان مرۆڤەکان، پێشم وایە ئەم هەستی خۆ بەبایەخ زانینە لە نێوان مرۆڤەکان کاریگەری باشی کردۆتە سەر بەرەو پێش چوونی زانستی مرۆڤ و گەشەسەندنی شارستانیەتی و داهێنان، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئارەزووی بایەخ بوون نەبوایە گۆڕانکاریش لەژیان دا نەدەبوو.

هەر ئەو هەستی بەبایەخ بونەیە کە مرۆڤ والیٚ دەکات جلی جوان و گران بەها بپۆشێت، کۆشکی بەرز و باڵەخانەی بڵند تر لە دراوسێکانی بنیات بنێت ئەگەر چی پێویستیشی پیٚ ی نەبێت، هەر ئەو هەستەیە کە مرۆڤ دەیەوێت خۆی

بەزیرەك و هوشیار و لێهاتوو پیشان بدا.

هەستی بە بایەخ بون لاوێك والیٚ دەكات سەرۆكی وولاٚتێك بداتە بەرگوللەی چەكێك هەر بۆ ئەوەی خەلٚك بەگرنگ باسی بكەن ودلٚدارەكەی شانازی پێوە بكات، لەوەش گرنگتر مرۆڤەكان دەیانەوێت ووشەی پڕ بایەخ لەسەر گۆڕەكانیان بنوسرێت بۆ ئەوەی پاش مەرگیش بە بایەخەوە نووسینی سەر گۆڕەكەیان بخوێندرێتەوە .

ئەو ئەفسەرانەی سەربازەكان پێیان دەلٚێن گەورەم، بە سلاٚوێكی ڕەسمیەوە لە بەردەمیان ڕادەوەستن ئەو ئەفسەرانە چێژ لەم ووشەیە وەردەگرن، ئەو پیاهەلٚدان و شتایشەی بە سەرۆكەكان دا هەلٚدەدرێت شادی و خۆشیان پێدەبەخشێت. زۆرن ئەوانەی خۆیان بە نەخۆش لە قەلٚەم دەدەن تاكو لەم ڕێگەیەوە هەست بەگرنگی و بایەخی خۆیان بزانن لەسەر ئەم بابەتە نموونەیەكتان

بۆ دەگێڕمەوە :

چارەكە سەدەیەك لەمەو بەر خاتونێك بۆ ئەوەی گرنگی و بایەخی خۆی لەلایەن خێزانەكەیەوە بزانێت زۆر جار خۆی دەبوراندەوە و نەخۆش دەكەوت بەجۆرێك مەترسی ئەوەی لێدەكرا ئەم نەخۆشیە لە داهاتوودا بگاتە پایەی شێتی، بەمەش هەموو ئەندامانی خێزانەكەی لە دەوری كۆدەبونەوە، لە پەرۆشی دا داخ و حەسرەتیان بۆ دەخوارد، ئەم كارە ئاسوودەیی بە خاتون دەبەخشی، چونكە هەستی بەبایەخ بوونی خۆی بەم جۆرە زیاتر بۆ دەردەكەوت، دلٚنیام لە دلٚی خۆی دا دەیگووت: دیارە من كەسێكی زۆر بەبایەخم بۆیە هێندە گرنگم لەلایان، بەلاٚم هەستی خۆ بە بایەخ زانینی ئەم خاتونە لە ڕێگای نەخۆشیەكەیەوە هێندە سەخت و دژوار بوو هەموو ئەندامانی خێزانەكەی شەكەت و ماندوو كرد، تاكو بابی هاتە سەر ئەو ڕایەی كچەكەی تەنها بۆئەوە نەخۆش دەبێت بە گرنگی بزانن، ئیتر بابی ناچاری ئەوە كرد هەلٚسوكەوتێكی نەشیاو پەیڕەو بكات، توند و تیژی لەبەرامبەردا بنوێنیٚ لەمەو دوا هەر كاتێك خاتون نەخۆش دەكەوت و دەبورایەوە بابی لیٚ ی توڕە دەبوو،

پەلاماری دەدا بۆ ئەوەی ئازاری بدات، ئیتر خاتون لە ترسی بابی یەکسەر دەگەڕایەوە دۆخی هوشیاری، لە دوا جاردا خاتون کە بۆی دەرکەوت چارەیەکی نیە ئەوەی پێشتر کردویەتی بۆی ناچێتە سەر بە ناچاری ملی دا و ڕاستیەکانی قبوڵ کرد و هەرگیز نەخۆش نەکەوت، بەرەو ژیانێکی ئاسایی و دوور لە دەست کرد ملی نا، ئایا ئەم بەسەرهاتە نا تان هەژێنێ ؟ .

زۆربەی دەروونناسەکان لەو باوەڕەدان هەندێ لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بۆ زانینی گرنگی و بایەخی خۆیان هێندە دەچنە ناو دنیای خەیاڵەوە تاسەرەنجامەکەی بەشێتی دەگات، ئەوانە وا بیردەکەنەوە ئەو شتانەی لە باری ڕاستی و هوشیاری دا دەست خستنیان ئاسان نیە، بۆ ڕازی کردنی هەستی خۆ بە بایەخ زانین ئەبێ لە ڕێگەی شێتیەوە بەدەستی بخەن ، ئەگەر چی ژیانی داهاتوشیان لە شێتخانە بگوزەرێنن .

هۆکاری شێتی چی یە ؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر دژوارە تائێستا ڕێنمایی و ڕون کردنەوەکانی پزیشکانیش ئەنجامێکی دڵنیایی نەبەخشیوە، تەنها ئەوەی ئێمە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەیزانین هەر هۆکارێك تێکدەری خانەکانی مێشك بێت دەبێتە هۆی شێتی و بەشێکی نەخۆشیە دەرونیەکان لە ڕێگەی میکرۆب و ژەهراوی بوونی برینەکانەوە کاریگەری خراپ دەکرێتە سەر مێشك، بەڵام بەشە ئازاراوی و خەماویەکەی ئەوەیە ئەو کەسانەی هیچ کاریگەریەکی خراپ لەسەر خانەکانی مێشکیان نیە و تووشی شێتی بوون، دڵنیاشم ئەگەر تاقی کردنەوەی ورد لەسەر مێشکی ئەوانە بکرێت مێشکیان لە هی من و ئێوەش ساغ ترە .

ئەی هۆکاری شێتی ئەمانە چی یە ؟

هیچ کەس ناتوانێ بە شێوەیەکی ڕون و ئاشکرا هۆکاری شێتی بزانێت، بەڵام زۆربەی ئەوانەی لێهاتوو خاوەن ئەزمونن لەسەر ئەو ڕایەن کەسێك توشی شێتی بێت لە دنیای شێتی دا دەگاتە ڕادەی هەستی خۆبەشت زانین بە جۆرێك ئەو هەستەی لە دنیای شێتی دا

نقومی دەبێت هەرگیز لە دنیای واقیعیدا پێ ی نەگەیشتووە .

ڕەسولّ کە شێتێکی ڕۆح سوك و قسەخۆشی خەڵکی گەرمکانی لای پشدەر بوو، هەر کاتێك منداڵ لە دەوری کۆدەبونەوە بەدڵخۆشی یەوە تەماشای دەور وبەری خۆی دەکرد دەیگووت:

قائمقامیش هێندەی من خەڵکی لە دەورە نیە .

جارێك یەکێك بەگاڵتە پێ ی گووت: ئەگەر نمایشێکی جوانی بۆ نەکات بە ئۆتۆمبیلەکەی هەڵی ناگرێت، ڕەسولّ بە بڕوا بەخۆ بونێکی زۆرەوە گووتی :

ڕۆڵە پێویستیم بە تۆ نیە هەر کاتێك بچمە سەر جادە سەدان کەس ئۆتۆمبیلەکەیم بۆ ڕادەگرێت دەڵێ ی قائمقامم .

زۆر جار وەك کەڵەشێر خۆی گیف دەکردەوە، کە پرسیاری لێ بکرایە ئەوە چی یە ؟ بە خۆڕانانەوە دەیگووت: سامێ دەنوێنم .

زۆر جار خەڵك کە شێتێك دەبینن خۆزگە بە ژیانی دەخوازن، چونکە وا دەزانن لەو بار و دۆخەی کە تێیدا دەژی لەخۆشی و بەختەوەری دا نقوم بووە، شێتەکان بە جۆرێك چێژ لە ژیان وەردەگرن لەمن و ئێوە بەختەوەر ترن .

هۆکاری ئەم خۆش بەختیە چی یە ؟

ئەوان ئەو بارودۆخە خەیاڵیەی بۆخۆیان دروست کردووە هەستی بایەخ و ئارەزووی گەورەیی خۆیان دەست کەوتووە، ئەگەر هەستی بە بایەخ بوون هێندە گرنگ بێت تاکەکان ئامادەبن خۆیان بخەنە بازنەی شێتیەوە پێویستە بۆ ڕێز گرتن لەو هەستەیان گرنگیان پێ بدرێت، بەڵام لەم ووڵاتەی ئێمە دا ئەوانەی خۆیان هەستی خۆیان دەشێوێنن دەور و بەریش بە یەکجاری ژیانیان دەشێوێنێت .

لە بەندیخانەی ئەبوغرێبی لای ئێمەش زۆرێك لەو تاکانەی ئەو هەستەیان لاپیرۆز بوو، هەموو شیاوی ئافەرین و ڕێز لێ گرتن بوون، بەڵام بە هۆی ئازار و ئەشکەنجەی بەعس شێوا

بوون،سەرەڕای ئەوەش لەلای خەڵك خۆشەویست بوون.

بەرخۆ یەكێك بوو لەو شێتانەی لەلای خەڵك زۆر خۆشەویست بوو، مەسیحی بوو دەیانووت مامۆستای بیركاری بووە، ئارەزووی ئەوەی بووە ژیان لە دەرەوەی وولات و لە ئەوروپا بەسەر بەریّ، لە ڕێگای ڕەسمیەوە ئەو ئارەزوەی بۆ دەستەبەر نەكرا بوو ناچار ڕێگای نایاسایی و قاچاغی هەڵبژارد بوو، ویستبووی لە ڕێگای ئێرانەوە خۆی بگەیەنێتە ئەوروپا، بەڵام كاتێك سنووری بەزاند بوو چوو بووە ناو خاكی ئێرانەوە لەلایەن حكومەتی ئێرانەوە دەست گیر كرا بوو، بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ عیراق تاوانبار كرا بوو، بە هەشت ساڵ بەندی حوكم درابوو، دوای ئەوەی لە بەندیخانە ئازاد دەكرێت هەوای ڕۆیشتن بۆ دەرەوەی وولات لە كەللەی دا نامێنێت، یابە هۆی بارودۆخی نالەباری ژیانی دەگەڕێتەوە بۆ عیراق بۆ ناو خێزان و كەس وكاری، بەڵام ئەمجارە لەلایەن حكومەتی عیراقەوە گیرا بوو، بە تاوانی بەزاندنی سنووری وولات حوكمی هەمیشەیی (مؤبد) حوكم درا بوو، لەنێوان هەموو ئاوات و هیوا بەرزەكانی ژیان و كێشە و چەرمە سەریەكانی ڕۆژگاردا سەرەنجامەكەی بە شێتی گەیشت بوو، شێتی یەك سەر سەختی ژیان و زۆر كاری بۆ مەیسەر كرد بوو، بایەخ و گرنگی لە ناو خەڵك دا، خۆشەویستی و كۆبونەوەی خەڵك لە دەوری دا، توانا و بوێری و جنێودان بە دەسەڵات، ئەمانە هەمووی لە ئەنجامی شێتی دادەستی خستبوون.

بەرخۆ شێتێكی خۆشەویست بوو هەمیشە بەندیەكان دەوریان لیّ دەدا بە قسە خۆشەكانی بەندیەكانی دەخستە پێكەنین، لە ناكاو دەكەوتە جنێودان بە سەدام حسین و دەسەڵات و حكومەتەكەی بۆ نمونە: دوای داگیركردنی كوێت لەلایەن عیراقەوە، دەوڵەتە هاوپەیمانەكان بە زەبری هێزی سەربازی عیراقیان لە كوێت دەرپەڕاند و ناچار بە كشانەوە لە خاكی كوێت و ئامادەیی سەر مێزی گفتوگۆ و دانوستاندنیان كرد، ئەم هەموو لووت بەرزی و خۆبەزل زانین و سەر شۆڕی و مل كەچی سەدام حسین بەرخۆ پیّ ی قبولّ نە دەكرا بیّ ئەوەی ناوی بهێنیّ بەڕاست و چەپ دا جنێوی دەدا دەیگووت:

کوڕی قەحپە ئەگەر دەتزانی سەر شۆڕی قبوڵ دەکەی وولاتی خەڵکت بۆ داگیر دەکرد .

ئیتر بەندیەکان لە هەر هێرش کردنێکی لەم جۆرەی بەرخۆ دا لە ترسی سزادان بەندیەکان دەوری بەرخۆیان چۆڵ دەکرد، وەکو تۆوی ناو زەوی هەریەك بۆ لایەك دەڕۆیشتن .

من بەرخۆم زۆر خۆش دەویست، ڕێزم لێ دەگرت ئەویش هەستی بەو ڕێز گرتنە دەکرد، هەر پێویستیەکی هەبوایە بەسەربەستی دەهاتە لام داوای دەکرد.

شوکور پیاوێکی باڵا بەرزی ڕیش درێژ بوو، یەکێك بوو لەو یەزیدیانەی چوو بووە سوریا بە تۆمەتی سیخوڕی کردن بۆ سوریا لەلایەن حکومەتی عیراقەوە بەحوکمی هەمیشەیی (مؤبد) حوکم درا بوو، شوکور پیاوێکی نەفس بەرز و نیشتمان پەروەرو هەق پەرست بوو، زۆر دژ بەخەڵکی خراپ و سەر بە ڕژێم بوو، ئەوانەی لەگەڵ هەستی ئەو دا نەدەهاتنەوە بە قێزەونی باسی دەکردن، لە ئاخاوتن دا هێمن و لەسەرخۆ بوو، حەزی لە تەنهایی بوو، هەمیشە لە گۆشەیەك بە تەنها پیاسەی دەکرد، بێ دەنگی لاخۆشتر بوو هەر ئەوەش بوو بەندیەکان بەشێت ناویان دەبرد، زۆر شانازی بەوەدەکرد لە ساڵانی کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لەم بەندیخانەیەدا ئەندامانی بەرزی (ی.ن.ك) بەڕێزان فەرەیدون عەبدول قادر و جەبار فەرمان و هاوڕێکانیان لەگەڵ ئەو دابوون، من و هاوڕێکانم زۆر ڕێزی شوکورمان دەگرت ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هات و چۆی ئێمەی زۆر دەکرد و لە تێکەڵاوی لەگەڵ ئێمەدا ئاسوودە بوو .

ئۆدیشۆ کاکۆ خەڵکی موسڵ بوو مەسیحی بوو، ڕەنگی سوور و سپی چاو شین قژ و ڕەزا سوك بوو، چوو بووە لوبنان بە تۆمەتی لایەنگیری حزبی کەتائب حوکم درا بوو، یەکێك بوو لەتوش بوانی نەخۆشی (شیزۆفیرینیا) تێکەڵاوی کەس نەدەبوو، هەمیشە خەریکی خواردن بوو، کەمتر لەسەر خوان نانی دەخوارد، ئەو پاشەرۆك و پاشماوەی بەندیەکان

دەیان کردە بەرمیلی پاشەرۆکەوە ئۆدیشۆ بەشی خۆی لێ هەڵدەبژارد و خۆی لێ تێر دەکرد، بەم جۆرە خواردنە بێ بەرنامەییە زۆر قەڵەو بووبوو کێشی لەسەرەوە بوو، کاتێك کەس وکاری دەهاتن بۆ سەردانی هەر بەدەوری دادەهاتن و دەچوون خزمەتیان دەکرد، ئەم دیمەنە سەرنج ڕاکێشە دڵی مرۆڤی هوشیاری دەچوزاندەوە .

سالّح یەکێکی دیکە بوو لە توش بوانی نەخۆشی دەرونی و شێتی، عەرەب بوو، خۆی بە(مەهدی) ئەم سەردەمە لەقەڵەم دەدا، هەمیشە تەماشای بەری دەستی چەپی خۆی دەکرد، بە پەنجەی دەستی ڕاست لەسەری دەنووسی، لێوی دەبزواند بەرەو ئاسمان سەری بەرز دەکردەوە، تەماشای ناو لەپی دەستی خۆی دەکردەوە وەك ئەوەی بەردەوام لەگەڵ پەروەردگاری هەر دوو جیهان لە پەیوەندی دابێت، چەند جارێك لەگەڵی ڕادەوەستام ڕاستی هیچی لێ تێنەدەگەیشتم .

سەرەڕای هەبوونی چەندین بەندی لەم جۆرە، ئەوانەی تریش کە لە بارێکی دەرونی خراپ دا دەژیان کەم نەبوون .

**وەرزش لە بەندیخانەدا**

بێ بەری کردنی مرۆڤ لە ئازادی سزایەکی زۆر سەختە گوزەران لە ڕەوشێکی وادا زۆر دژوارە، بۆ ئەوەی ئەو بێبەری کردنە نەبێتە هۆی کاردانەوەی ناخۆشی بەرەو ڕووی بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە لەلایەن بەندیەکانەوە، وە بۆ سەرقاڵکردنی بەندیەکان هەندێك کەرەستەی وەرزشیان لەگۆڕەپانی بەندیخانە دانا بوو، لە کاتی سێبەر شۆڕ بوون و فێنك بوونی هەوا بەندیەکان دەستیان دەکرد بە یاری کردن، ئەوەی جێگای سەرنج بوو ئەوانەی یاریان دەکرد زۆربەیان کورد بوون وەك (ڕیچ) لە گەشتەکەی دا بۆ کوردستان دەڵێت:" کورد لەو گەلانەیە ئێجگار حەزی لە وەرزشە، سا ئیتر گەورەبن یا بچوك، لاو بن یاپیر لەبەر ئەوەی وەرزش خولیای هەموویانە" کەرەستەی یاری ئاسن و لەش جوانی لە گۆشەیەکی گۆڕەپانی بەندیخانە دانرا بوو، جەنگی هاوڕێم ئارەزووی ئەو یاریەی هەبوو ڕۆژانە بە

بەرنامەیەکی ڕێك پێك کاتی لەگەڵ یاری ئاسن دا بەسەر دەبرد، بەشێکیش بۆ گۆڕەپانی یاری تۆپی پێ دیاری کرا بوو، عەلی هاوڕێم لەگەڵ هەندێك لەبەندیەکان تیپێکی باشیان پێك هێنابوو ڕۆژانە خەریکی مەشق و یاری بوون، چەند جارێك لەگەڵ یاریزانانی بەشی حوکمە قورسەکان و بەشی حوکمە سوکەکان یاریان ئەنجام دەدا، گۆڕەپانێکی یاری دەست (شەبەکە ) هەبوو، من و مامۆستا نەسروڵڵا و شۆڕش و فوئاد کەلاری لەگەڵ هەندێك بەندی تر ڕۆژانە خۆبەخۆ یاریمان دەکرد، لەلایەکی تریش دوو بەندی هەمیشە بەیەکەوە بە هێمنی یاری تێنسی سەر زەویان دەکرد، سەرەڕای هەموو ئەوانەش تیپێکی بە هێزی کۆنفۆ هەبوو، بەندیەك ناوی دلێر بوو کاتی خۆی لە ژاپۆن مەشقی لەسەر یاری کۆنفۆ کرد بوو، پلەیەکی بەرز و ئەنجامێکی باشی بەدەست هێنابوو، بەڕاستی لە کارەکەی زۆر سەرکەوتوو بوو، لە ناو بەندیەکان دا تیپێکی پێك هێنا بوو ڕۆژانە مەشقێکی سەرنج ڕاکێشیان دەکرد، بە هۆی ئەوە پیرۆتی هاوڕێم زۆر ئارەزووی لەم یاریە بوو، بە ئامادەییەکی باش بەشداری لەگەڵ دەکردن، هەگیز ماندوو نەدەبوو، دلێر زۆر لە خەم کارەکەی خۆی بوو، ئەگەر یەکێك لە یاریزانەکان هەڵە یا سەرپێچی بکردایە سزای دەدا، پیرۆتی هاوڕێم زۆر جار توشی ئەو هەڵە و سەرپێچی یە دەبوو، دلێر بەخۆشەویستیەکی زۆرەوە فەرمانی سزادانی دەدا، پیرۆت ناچار بوو لەسەر زەوی ڕابکشێت هەتا جێگەیان بوایە یاریزانەکان دەچوونە سەر سك و سنگ و لاق و باڵی وەك سزادان تاماوەیەك دەمانەوە، ئیتر دەگەڕانەوە سەر یاری کردن، پیرۆتیش هەم دیسان بەگەرم و گوڕیەوە لەگەڵ ئەوان دا دەستی بە یاری دەکردەوە، هەرگیز بێزار نەدەبوو، خۆشەویستی زۆری بۆ ئەو یاریە هەبوو، هەڵبەت ئەو سزایە بۆ هەریەك لەو یاریزانانەی هەڵە و سەرپێچی بکردایە هەروا بوو .

### سەرقاڵی و نم نم

هەست کردن بە ترس و پەژارە و نیگەرانی بە تەواوی ڕێ خۆشکەرن بۆ ئەوەی جێگا بە خۆشی و ئاسوودەیی و ئارامی لە مێشکی مرۆڤ دا لەق بکەن و خۆیان جێگەیان بگرنەوە،

بەم پێودانگە خەم و پەژارە ئەوەندە پەرێشان و بێزاری کرد بووم نەخۆشی تەواو پەکی خستبووم دەمارەکانی جەستەم گرژ و بیرم ئالۆز و پەشێو بوو، بە بچوکترین ناسازی پەکم دەکەوت، وا هەستم دەکرد خەریکە لە ناخەوە کێشم دەکات، هیچم بە بەرەوە نەماوە، چیتر بەرگە ناگرم، هیچ بەڵگەیەکیشم لە بارەی پەژا رە و نیگەرانیە کەمەوە نەبوو، ڕەنگە زۆربەی بەندیەکانیش هەروەك من بن، چونکە لەناو ئەم چوار دیوارە دا چارەنوسی هەمووەمان هەریەکە، بۆدەرباز بوون لەم نیگەرانیە پێویستە خۆمان بە کارەوە خەریك بکەین چونکە کاتێك کەسێك خۆی لە کاردا سەرقاڵ و نقووم دەکات، ئاسوودەیی و ئارامی پێ دەبەخشێ و تەسکینی ڕۆح لەمێشکی دا جێگیر دەبێ، لەکاتی کار کردن دا نیگەرانی ڕوو لە مرۆڤ ناکات، هەروەها سەرقاڵی و خەریك بوون بەکاری زۆرەوە هەستی ماندوو و گومان و دوودڵی دەرەوێنێ، بە پێچەوانەوە کاتێك بێکار و دەست بەتاڵین گۆشەگیری و خەم و پەژارە بەرۆکمان دەگرێ و دەبێتە هاوڕازمان .

زۆربەی بەندیەکان هەستیان بەم دوژمنی گیانە دەکرد، کە خۆی مەڵاس داوە لەبەر ئەوە هەرکەسە خۆی بەکارێکەوە خەریك دەکرد، هەندێك کەس بە تەختە سندوقی بچوکیان دروست دەکرد و بەداری نەخۆشخانە( لەوزەتێن) نەخشیان لەسەر دەنەخشاند و بە دیاری بۆ هاوڕێکانیان دەناردەوە بۆ دەرەوەی بەندیخانە، هەندێ کەس خانوو بورجی ئیڤڵ و ئەو بابەتانەیان دروست دەکرد، هەندێکی تر ملوانکە و نەعلی ژنان و کڵاش و جانتا و زواگە و چەند شتێکی جۆر بە جۆریان لە زەنگیانە(نم نم ) دروست دەکرد، زۆربەی ئەم کارانەش جوانکاری و لایەنی هونەری و دەست ڕەنگینی تێدا بەکار دەهات، زۆربەی کات لە حەوشە لەبن دیوارەکان دادەنیشتن و خۆیان بەم کارانەوە خەریك دەکرد، بەڕاستی من لە هیچ لەم کارانە کارامە نەبووم، بەڵام بۆ خۆ خەریك کردن و سەرقاڵی و دەرباز بوون لە نیگەرانی ئەبوایە خۆم بەکارێکەوە خەریك بکەم، منیش جار جارە ملوانکەم دروست دەکرد، بەڵام ئەوەندە سست و نەکارا بووم جاری وا هەبوو بە هەفتەیەك ملوانکەیەکم بۆ تەواو نەدەکرا، لە

کاتێکدا هی وا هەبوو ڕۆژی دوو ملوانکەی دەچنی، بێ هێز و شەکەت دەبووم بەڵام لە هەموو بارێکدا ئەو کارە لە دوو سەرەوە سوودی هەبوو لەلایەك بەهۆی سەرقاڵی دروست کردنی لە کاردا نقووم دەبووم کاتی بیر کردنەوەم نەبوو، لەلایەکی تریش ئەو دۆست و خزمانەی دەهاتنە سەردانم وەك دیاری و بەخشش ملوانکەم پێش کەش دەکردن، زۆر جاریش لە بەندیەکانی ترم دەکڕی و پێش کەشم دەکرد بەوانەی دەهاتنە سەردان و دیدەنیمان، ئەوانیش زۆر خۆشحاڵ دەبوون .

## ساوار قانونی نی یە

بەندیەکان دەستە دەستە ڕێك کەوتبوون هەر دەستە نانخواردن و هەڵسوکەوتیان بەیەکەوە بوو، هەر دەستەیەك پێیان دەووت (سفرداش) من و قادر بەیەکەوە بووین شۆڕش لەگەڵ ئێمە بووبە سفرداش، بۆ یەکەمجار قادر ویستبووی چێشت لێ بنێت ساواری لێنا بوو، شوێنێکی تایبەت  هەبوو وەکو چێشتخانە هەموو بەندیەکان بە تەنیشت یەکەوە هەر کەسە(بتڵە غاز)ی  خۆی لەوێ دانا بوو کاتی چێشت لێنان لەوێ چێشتیان دروست دەکرد، تومەز قادر نەیزانیبوو ساواری زۆر لە مەنجەڵەکە کرد بوو، چونکە پێشتر پێویستی بە چێشت لێنان نەبوو بوو، ساوار سروشتی وایە کە کوڵا لێك دەکشێت و زیاد دەکات، تاکو ساوارەکە زیاتر کوڵا بوو قەبارەکەی زیادی کرد بوو سەر مەنجەڵەکە کەوتبوو، قادریش ناچار بوو زیادەکەی سەری بەکەوگیر ڕاماڵی بوو، دیمەنێکی سەیر و پێکەنیناوی هەبوو، دوایی ناچار پرسیار لە فەخرەدین دەکات، فەخرەدین کوڕێکی دەم بەپێکەنین و قسە خۆش و نوکتەباز بوو گووتبوی :

ساوار لێنان پێویستی بە زانیاری نیە وەکو حزبی بەعس وایە هیچ  قانونێکی نیە، هەر چۆنێك لێ ی بنێ ی خۆی دروست دەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ساوارەکەی کەم بێت تۆ ساوارت زۆر  تێکردووە بۆیە والێت یاخی بووە و دروست نابێت.  ڕۆژگار خۆی مامۆستایە و ناچاریش فێری هەموو شتێکت دەکات لە دوایی دا قادر زۆرباش فێری چێشت لێنان بوو بە

جۆرێك دەیتوانی كیٚ بەركیٚ لەگەڵ كابانی باش دابكات .

## چوونی سەدام بۆ شاری كوت

لە درێژەی سەردانەكانی بۆ شارەكانی عیراق سەدام حسین سەردانی پارێزگای دیوانیە( كوت)ی كرد، لە ئەنجامی كەم و كوڕی بەرپرسانی ئەو شارە لە ڕووی بەڕێوەبردن و كێشەی هاووڵاتیان، سەدام كەوتە هەڕەشە و ڕەخنە و ئامۆژگاری كردنیان، چووە سەردانی قائممقام سەیری كرد پێچكەی كورسیەكەی شكاوە لەجیاتی چاك كردنەوە خشتێكی سوور(كەرپوچ )ی لەژێر داناوە، سەدام بە سەر سوڕمانەوە كەوتە ڕەخنە و تانە و تەشەر لێدانی گووتی:

**هەركەسێك نەتوانێت ژوورەكەی خۆی ڕێكبخات چۆن دەتوانێت كاروباری هاووڵاتیان ڕێك بخات .**

كاتێك چووە سەردانی دائرەی ئاسایش (دائرە الامن )ی كرد بۆی دەركەوت چ بیٚ سەر و بەریەك لە تۆماری بەندیەكان دا هەیە، سەدام هەر چەندە خۆی سەرچاوەی هەموو مەینەتیەكان بوو، بەڵام ڕەخنەی لەكارەكانی ئەمان گرت و ئامۆژگاری كردن نابیٚ بەم بیٚ سەر و بەریە خەڵك بگیرێت، جێگای سەرسوڕمانە كاتێك سەدام بەم هەموو بیٚ ویژدانی و دڵ ڕەقیەی خۆیەوە لە كاری ئەوان ڕازی نەبێت پیٚ ی وابێت زیادە ڕۆییان لە كارەكانیان كردووە، ئەبیٚ ئەوانە چ جانەوەرێك بن و چ بەدبەختیەكیان بەسەر خەڵك هێنا بێت بە ڕەخنە و ئامۆژگاریەوە پیٚ ی گووتن :

نابیٚ خەڵك بەڕەمەكی بگیرێت، بەڵكو ئەوانەی دەبنە ئامانجی كارەكەتان و دەستگیر دەكرێن پێویستە نووسراو و بڵاوكراوەیان لیٚ بگیرێت، یادەنگیان تۆمار بكرێت، یاخود لە شوێنی كارەكەیان وێنەیان بگیرێت .

ئەمە خێری ئەوانەی تێدا بوو كە حوكم نەدرابوون، زۆربەی ئەوانەی لە بەندیخانەكانی رژێم دا بوون و هێشتا دادگایی نەكرابوون چاوخشاندنەوە بە تۆمارە كانیان دا كرا و

زۆربەیان بەردران، وەك دەیانگووت ئەوانەی لەگەڵ ئێمە لە جەناح خاس بوون، بەو هۆیەوە زۆربەیان گەڕێنرانەوە بۆ لێكۆڵینەوە و دوای ئەوەی هیچ بەڵگەیەك لەسەر گرتنەكەیان تۆمار نەكرا ئازاد كران .

## جیابونەوەی شۆڕش لە ئێمە

شۆڕش خەڵكی شاری كەركوك، لە بنەماڵەی تاڵەبانی بوو لە ساڵی 1983 لەگەڵ دایك و خوشكەكانی دا چوو بووە ئەوروپا حەوت ساڵ بوو لە وڵاتی نەمسا ژیابوو، ژنێكی نەمساوی بە ناوی (ماگدەلینا) هێنا بوو كوڕێكی لێی هەبوو، بە هۆی كارێكی تایبەتی خۆیەوە هاتبۆوە عێراق، هۆكاری هاتنەوە و ئەنجامی كارەكەی لای كەس باس نەدەكرد، حەزی لەكردنەوەی ئەو باسە نەبوو كاتێك ویستبوی لەڕێگای ئێرانەوە بە قاچاغ بگەڕێتەوە ئەوروپا بەرەو بیتوێن ملی ڕێگای گرتبوو، بەڵكو لەوێوە لە ڕێگای خزمەكانیەوە بگاتەوە ئەودیوی سنوور، بەڵام بەخت یاری نەبوو لە چیای ماكۆك بەپێ ی بەرنامەیەكی داڕێژراو لەلایەن حكومەتی عیراقیەوە بە هۆی بڕوا پێكراوێكی خۆیەوە دەستگیر كرا بوو، لەدادگای شۆڕش (محكمە الثورة) بەحوكمی هەمیشەیی (مؤبد)حوكم درا بوو هێنابوویان بۆ ئەم بەندیخانەیە .

شۆڕش هەر چەندە لە ئێمە بەتەمەنتر بوو، بەڵام شێوەی ئاخاوتن و هەڵسو كەوتی كەمێك سەرنج ڕاكێش بوو، هەندێك لەبەندیەكان حەزیان لەم جۆرە هەڵس وكەوتە نەبوو، زۆر جار من و ئەو پێكەوە دادەنیشتین بە تاسەوە بەسەرهاتی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە منیش وەك گوێگری حیكایەتخوان بێ دەنگ گوێم بۆ شل دەكرد، لێتان ناشارمەوە چێژم لە گێڕانەوەی بە سەرهاتەكانی وەردەگرت، ئەویش بەگێڕانەوەی بەسەر هاتەكانی زۆر ئاسوودە دەبوو .

قادر بە پێچەوانەی خەڵكی قرچۆك و ڕەزیل مرۆڤێكی دل ئاوەدان و سەخی بوو، ئەگەر نانێكی هەبوایە پێ ی خۆش بوو لەگەڵ هاوڕێكانی دا بیخوات، ئەگەر دینارێكی لابوایە

ئارەزووی دەکرد لەگەڵ هاوڕێکانی خەرجی بکردایە، دەمەوێ بڵێم مانەوەی شۆڕش لەگەڵ ئێمە هیچ بارگرانی بۆ قادر نەبوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەك هەڵسوکەوتی شۆڕشی لاخۆش نەبوو، قادر هەقی بوو ئەرکی نان دروست کردن و پێویستیەکانی ڕۆژانەمانی لە ئەستۆ گرتبوو، شۆڕش هیچی نەدەکرد وەك دەڵێن حازرخۆری بن سێبەر بوو، کورسیەکی لە ئاسن و پەڕۆ دروست کراوی لا بوو ئەم سێبەر و ئەو سێبەر جێگای دەگواستەوە، سەرەڕای ئەوەش لە ڕەفتار و گوفتار دا بە پێکەنینە زۆرەکەی زیادەڕۆیی دەکرد، زۆرێك لەبەندیەکان حەزیان لەم ڕەفتارەی شۆڕش نەبوو، زۆر جار ئەم ڕەفتارەی دەبووە هۆی توڕەیی قادر پێ ی دەگووت:

– ئەم هەڵسوکەوتەی تۆ کەس حەزی لێناکات و خەڵك بێزار دەکەی .

دیسان شۆڕش لە بارێکی پێکەنیناوی دا دەیگووت:

– لەم بەندیخانەیە یەك کەسم لەگەڵ دابێت بەسە، بۆ توڕە کردنی قادر، بە چاو ئاماژەیەکی بۆلای من دەکرد دەیگووت:

–گرنگ ئەوەیە یەکێك هەیە گوێم لێ بگرێت .

پێش ئەوەی من وەڵام بدەمەوە قادر دەیگووت :

ئەویش ئارەزووی لە ڕەفتارەکانت نیە بەڵام نایەوێ سەرکۆنەت بکات و دڵت بشکێنێ .

شۆڕش هیچ بەسەر خۆی نەدەهێنا بەپێکەنینەوە دەیگووت :

ئەگەر هیچ کەس پشتگیریم نەکات گرنگ نیە خۆم بڕوام بەخۆم هەیەلە ئەنجامی ئەمەدا زۆر جار قادر و شۆڕش لە یەکتر توڕە دەبوون، بەڵام شۆڕش گوێ ڕایەڵی دەکرد هەر کاتێك ڕەخنەم لێ بگرتایە قادری ئاشت دەکردەوە، بەڵام لە دوا جاردا نەیانتوانی بەردەوام بن و بە یەکەوە هەڵ بکەن، ئیتر لێك جیابووینەوە و شۆڕش خۆی بەتەنها مایەوە .

## گۆڤاری الف باء و هێرشی ناڕەوا

زۆربەی نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی بێگانە هەرکاتێك دەربارەی کورد شتێکیان

نووسیوە، هەرگیز باشیان پێمان ڕەوا نەدیوە، هەمیشە قسەی ناشیرین و جنێوی سوکیان پێداوین، چەندین ناوی وەك (چەتە، موخەریب، موتەمەڕید، عەمیل، تیرۆرست)یان لێناوین، سەد گۆبەندیان بۆمان ناوەتەوە، قەت لەخراپە و درۆ نەپرینگاونەتەوە، هەر چەندە ئێمە لە نیشتمانی خۆمان بێ دەنگ و هەست دانیشتووین لە وولاتی خۆمان سەری خۆمان کز کردووە، بۆ ئەوەی بێ کێشە بژین دەستمان بۆ مڵك و ماڵی کەس نەبردووە، چاومان لە شوێنی هیچ کەس نەبڕیوە، بە پێچەوانەوە هەمیشە دوژمنەکان هێرشیان بۆ هێناوین، لە وەخت و ناوەخت دا بەسەریان داداوین، ئەوەی کرابێ پێیان کردووین، ئەوەندەی بۆیان لوا بێ لێیان کوشتووین، ماڵیان ئاگر تێ بەرداوین، لە خاکی خۆمان دەرکراوین، زۆر جار هیچیان پێ نەهێشتووین، بۆ شوێن و وولاتانی تریان ڕاگواستووین، قەت بەزەییان پێدا نە هاتووین، ئەوەی داگیرکەران پێیان کردووین، نەهەست دەتوانێ بیربکاتەوە، نەزار دەتوانێ ووشەی شیاوی بەرامبەر بێژێ، نەقەڵەم دەتوانێ وەك خۆی شتێکی لەسەر دابڕێژێ، ئەگەر جارێك بەرگریمان کردووە، گیانی خۆمان بەخت کردووە، پەنامان بۆ چیاکان بردووە، یاداوای هاوکاریمان لە خاوەن توانایەك کرد بێ لە ترسی گیانی خۆمان بووە، ئەگەر پەنامان بۆ چەك بردووە بۆ بەرگری و پاراستنی خاك و ماڵ و ناموسی خۆمان بووە، هەرگیز سەرمان بۆ دوژمن نەوی نەکردووە، قوربانی زۆرمان داوە گیانمان بەخت کردووە، تەرمی شەهیدانمان بەکۆمەڵ لەمەیدانێ بە جێماوە، لاشەی نیوەگیان لەخوێن گەوزاوە، زۆر جاریش بەخت باشی هانیوە، وولاتمان لە دوژمن تەنیوە، ڕاومان ناوە بڕستمان لێ بڕیوە، زۆرمان لێ کوشتوون، هەندێك جار قڕمان تێخستوون، ئەو کارەی ئێمە تاوان نیە بێ گومان، چونکە بەرگریە لەخۆمان، بۆئەوەی لە ناو نەچین، ئەگەر بەکوڵە مەرگیش بژین، کەچی مێژوو نووسانی بێگانە، زۆر بێ ڕەحمانە و بێ شەرمانە، کەوا بە نانی خوساو و ووردکەی ئەوان پەروەردە بوون، دوای چەك بەقەڵەم هێرشیان بۆ هێناوین، گوایە ئێمە بێنمەك و بەدناوین، ئەگینا بۆ لەڕووی گەورەکەیان وەستاوین، پێیان وایە گەر بمانکوژن، بمانگرن

بەڕەش بگیر، خاك و ئاو و ناموسمان بكەن داگیر، لە وولاّتی خۆمان دەرمان كەن هەق بەوانە، ئێمە نابیّ دەنگ بكەین ئەگینا گوناهو تاوانە، نموونەی لەم بابەتە لە مێژوودا كەم نیە، هێندەش پێویستی بە بەلگەنیە، ئەوەی مەبەستمە نووسینێكی گۆڤاری (الف باء )ی ئەو سەردەمەیە كە بەزمانی عەرەبی دەردەچوو، لە ناوەڕاستی سالّی 1990 دا وێنەیەكی بەڕێز مام جەلال لە یەكێك لەلاپەڕەكانی دا بلاّو كرابوەوە لەپشت وێنەكەی بەڕێز مام جەلال وێنەی كۆشكی سپی جێگەی پێتەختی وولاّتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دیار بوو، وێنەكە هەر بەم شێوەیە گیرا بوو یا لەگەلّی یەكانگیر كرا بوو نازانم لە تەنیشت وێنەكە وتارێك لەسەر كورد و بەڕێز مام جەلال نووسرابوو، بە ووتەی ناشیرین و نابەجیّ هێرشی ناڕەوا بۆ سەر نەتەوەی كورد كرا بوو، ووشەی سوێر وتالّی بۆ بەڕێز مام جەلال تێدا نوسرا بوو، گوایە دوژمنی (عیراق ) نیشتمانە، بۆتە پشتیوان و دەست كێشی بێگانە.

ئارەزووم لە ستایش و پیاهەلّدانی كەس نیە، بەلاّم كە دەبینم ئەو پیاوە خوێن شیرین و ماندوو نەناسە تەواوی ژیانی بۆ خەبات و سەركەوتنی گەلەكەی تەرخان كردووە، ناچاردەبم زمانی ستایش و پیاهەلّدان بخەمەكار .

هەمووماں ئەوە دەزانین ئەو پیاوە ماندوو نەناسە لەسەرەتای ژیانیەوە زۆر هەولّی داوە، هەدا نادا نەوەستاوە، بۆنەتەوەكەی تێكۆشاوە، بەدەشت و كێو هەلّگەڕاوە، زۆربەی وولاّتانی دنیا گەڕاوە، بەلّكو بتوانیّ گەلەكەی خۆی بەگەلانی دنیا بناسێنیّ، بیّ ویژدانی و جەور و ستەمی دوژمنانیان تێبگەیەنیّ، مافی زەوت كراو و بەش خوراوی بخاتە پێش چاوی دەولّەتە بڕیار بەدەستەكانی سەر زەمینیّ، سەرنجیان ڕاكێشیّ بۆ ئەوەی مافی چارە نووسی گەلەكەی بسەلمێنیّ، كوردستانیش تاوێك وچان بدا لە ژێر ئالاّی كوردستان و مەیدانی بەرینی دیموكراسی و ئاشتی و ئارامی دا ژیانێكی خۆش بگوزەرێنیّ ، لەوەش بە ولاوەتر ئەگەر بكریّ مافی تەواوی گەلانی عیراق بستێنیّ .

هێرشی ناڕەوای گۆڤاری الف باء و هەر چی تێیدا نووسرا بوو، بۆ ئێمە گرنگ نەبوو

چونكە ئەو ڕۆژگارە وابوو، كورد بەم شێوەیە نەناسرا بوو، ناوی كورد و سەركردەكانی لە هەر دەزگا یەكی ڕاگەیاندن بیسترابا، جنێو و قسەی سوك و لۆمە و سەر زەنشتی تێدابا، یا چاكە و پیا هەڵدان با هیچ گرنگ نەبوو لەلامان، هەر چۆنێك بوو هەر ئەوە بوو داوامان، ناوی كورد كەوتبایە سەر زار و زمانان، ڕۆژگارێكی سەخت و دژوار بوو، دوا ڕۆژی نەتەوەكەشمان نادیار بوو، لەبەر ئەوە بڵاوكردنەوەی ئەم وێنە و ئەم نووسینە بۆ ئێمە جێگای شادی و دڵخۆشی بوو، بەم هۆیەوە گۆڤارەكە لە ناو بەندیەكان دا وەك متفەرك و شتی نایاب و گران بەها دەستا و دەستی پێ دەكرا .

## ڕوخانی سێدارە

هەر چەندە لە دوای دادگایی كردن و دابەزینمان لە( جەناح خاص)ی پڕدەرد و ئازار بۆ بەندیخانەی (الاحكام الخاصە) گۆڕانی زۆری بەرسەردا هاتبوو، بەپێچەوانەی ئەوێ لێرە هەمیشە پاسەوانەكان بەسەرمانەوە نەبوون، لە چوونەدەر و هاتنە ژوور و بەرخۆر و چوونەبەر سێبەر تا ڕادەیەك ئازاد بووین ، دیدەنی خزم و دۆست و ئازیزانمان هەبوو، بەڵام هێشتا وێنەی دەرد و ئازارەكانی (جەناح خاص) لەسەر پەردەی مێشكمان نەسڕا بۆوە، هێشتا خەمی مەینەتیەكانی هاوڕێ بەندیەكانمانی ئەوێ دڵمانی دەچوزاندەوە، لە هەر بیركەوتنەوەیەكی ڕەفتاری ناشیرینی یاساوڵەكان، خواردن و پێخۆری پیس و بێتام و خوێ، سەرئاو و خۆشەشتن و ژوور شوشتن، خواردن و پشودان و خەوتن، خۆشی و ناخۆشی و نەخۆشی ئەمانە هەمووی ڕابردوویەكی تاڵن، بیرچوونەوەیان ئەستەمە، سەرەڕای ئەوەش ئەو هاوڕێیانەی بڕیاری ناهەق و ناڕەوای دادگا ناردنیە بەرپەتی سێدارە، برینێكی بە سوێیە و سارێژ بوونی ئەستەمە، بە تایبەت بۆ من كە ماوەیەكی زۆر لەگەڵ مامۆستا نەسروڵڵا لەیەك ژووردا خواردن و خواردنەوە و خەوتنمان بەیەكەوە بوو، ئەوەی زیاتر نیگەرانی كردبووم لە دوای بڕیاری لە سێدارە دانی خۆی و ڕائد محسنی هاوڕێ ی، وە لەلایەكی دیكەش حەیدەر و

هاورێکانی هیچ هەواڵێکمان نەدەزانین، ئێمە هێشتا لە چاوەڕوانی هەواڵی ئەواندا بووین، دوای پەنجا ڕۆژ لە ژێر سێبەری مەرگ دا لەناکاو ڕۆژێك مامۆستا نەسروڵڵا و ڕائد محسنیان لە ژووری ئیعدامەوە دابەزاندە لای ئێمە بۆ بەندیخانەی (الاحکام الخاصە) حوکمەکەیان لە ئیعدامەوە دابەزاندبووە هەمیشەیی(مؤبد) هەرچەندە ئەم دوو پیاوە قارەمانە بەڕەنگی زەرد و ڕیشی درێژ و پرچی ئاڵۆز ڕەنگی مردوویان لێ نیشتبوو، بەڵام بە هیمەت و خۆڕاگری خۆیان داری سێدارەیان ڕووخاند، چۆکیان بە بەعسیەکان دادا، بەڕاستی هەواڵێکی خۆش و ڕۆژی شادمانی بوو، جارێکی دیکە بە دیداری هاوڕێکانمان شادبووینەوە.

**حەمە شوان**

بەندیخانە بچوك و بەندیەکان ژمارەیان زۆر بوو، هەر دەرگای حەوشە دەکرایەوە بەندیەکان دەچوونە حەوشەی بەندیخانە وەك شارە مێرووله لە هات و چۆ دابوون، لە کاتی گەرمای نیوەڕۆش دا خۆیان لە پەنا پەسیوان مەڵاس دەدا .

لاوێکی کزۆڵە لە ناو ئەو قەرەباڵغی و بارودۆخە جەنجاڵەدا بە تەنها و بە هێمنی پیاسەی دەکرد، پێشتر پرسیارم دەربارەی کرد بوو هەندێك زانیاریم دەربارەی هەبوو، بەلایەوە چووم وەك دەڵێن هەر کەس بە پێی هۆش و بیری خۆی ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت، دەستێکم خستە سەر شانی دۆستانە هەواڵم پرسی :

– ئەم کاتەت باش ...چۆنی ؟

– وەڵڵا باشم .

ئەو زیاتر هەر ئەم ووشەیەی بەکاردەهێنا ، گوتم:

– ناوت چی یە ؟

– ناوم حەمەیە .

– خەڵکی کوێ ی؟

– خەڵکی گوندی هەڵشۆم.

پرسیارم له هۆی گرتنی لێ کرد:

– لەسەرچی گیراوی ؟

– وەڵڵا نازانم لەسەرچی گیراوم ؟

– چۆن نازانی لەسەرچی گیراوی ؟

– وەڵڵا هیچم نەکردووە بەڵام دەڵێن پارتی .

ئەوەندەی تێ ی ڕادەمام، بیرم لێ دەکردەوە لە پیاوێکی سیاسی و کارامە نەدەچوو، لاوێکی سادە و ساکار و سافیلکە بوو، لەوە نەدەچوو کاری سیاسی کردبێ، بەڵام ڕژێمی بەعس کەی گوێ ی بەمەدەدا لای ئەوان گرنگ ئەوە بوو بە هۆی زەبروزەنگی بێ ئەندازە زراوی خەڵك بەرن، ناچاری ویستی خۆیان بکەن ، بیسەلمێنن ئەوان خاوەن دەسەڵاتن، هەر کەسێك سەر بزێوی بکات بەرەو ڕووی مەرگ دەبێتەوە، پێیان وا بوو بۆ پاراستنی حوکم و دەسەڵاتیان دەبێ بەم شێوەیە

ڕەفتار لەگەڵ خەڵك بکەن، ئەگینا ڕژێم سوودی چی لەحەمە دەبینی .

ویژدانم هەژا بوو لە ناخەوە دڵم پێ ی دەسوتا، ئێمە هەر نەبێت لەسەر بیر و باوەڕێك گیراوین خۆمان هەڵمانبژارد بوو، چارەنووسمان هەرچی بوایە بیانویەك هەبوو بۆ دڵخۆشی دانەوەی خۆمان، بەڵام ئەی حەمە بۆ ؟

بە هۆی سادەیی و کەم دوویی هەموو بەندیەکان خۆشیان دەویست لە خۆشەویستی دا بە حەمە شوان بانگیان دەکرد، لەگەڵ برایەکی بە ناوی حەسەن وەخزمێکی تریان بە ناوی ڕەسوڵ عەبدوڵڵا گیرا بوون، هەموویان کوڕی چاك و پاك و بێ وەی بوون .

خزمێکی ڕەسوڵ پێ ی گووتبوون: من لە ڕێکخستنی ( پ.د.ك) بەشدارم، ئەبێ هاوکاری یەکتر بین و بە یەکەوە کاری ڕێکخستن بکەین، ئەوانیش بێ هەڵسەنگاندن و بیرلێ کردنەوە زیاتر بە هۆی خزمایەتی ملیان دابوو، بەڵێنیان پێدا بوو هاوکاری بکەن، کابراش لە ژێرەوە سەر بە دائرەی ئاسایشی ڕژێم بوو بێ گوێ دانە هیچ داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی و

خزمایەتی دائرەی ئاسایش ( دائرة الامن) ی بەعسی ئاگادار کردبوو، کە ئەمانە ڕێکخستنی ( پ.د.ك) ن لەسەر قسەی ئەو گرتبوویانن حوکمیان درا بوو هێنابوویانن بۆ ئەم بەندیخانەیە .

**شێروانی کەم ئەندام**

ماوەیەك بوو ڕژێمی بەعس خەست تر لە جاران پەرەی بەگرتنی خەڵك دابوو، بۆ ئەوەی درندەیی و بێ ویژدانی خۆی بسەلمێنێ، جەور و ستەمی خۆی پیشانی هاوولاتیانی وولاتەکەی بدات، تێیان بگەیەنێ مان و نەمانیان بەدەست ئەوە لە هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە ڕۆژانە خەڵکیان دەگرت کچ و کوڕ، ژن و پیاو، پیر و منداڵ لە بەندیخانە توند کران، ئەمە سیاسەتێك بوو ڕژێمی بەعس لە دوای کارەساتی بە دناوی ئەنفال لە هەموو سنوورەکانی کوردستان پەیڕەوی دەکرد، بەشی زۆری گیراوەکانیش دەهێنران بۆ ئەم بەندیخانەیە فوئاد و زەینەلٌ عابدین و هاوڕێکانیان لە کەلارەوە، مەجید و حسین لە ڕێکانیەوە، حەسەن و فەرحان و هاوڕێکانیان لە هەریرەو باتاسەوە، فەقێ حسین لە شێنێ وە، جەمال شەمێرانی و چەندانی تر لە بناری شارەزوورەوە، حاجی سوورە و حەمەسوار و عەلی ئەحمەدی فەقێ لە هەڵشۆی بناری پشدەرەوە، ئەرێ چووزانم ڕۆژانە هێندە بەندی تازەیان دەهێنا بەندیخانە جمەی دەهات .

ڕۆژێك گەنجێکی شەپلە (شلل) لێدراویان بە پاسکیلێکەوە هێنا لاق و دەستی، دەم و چاو، زمان و قسە کردنی سەر تاپای جەستەی هیچ ئەندامێکی لەشی بەرێك و پێکی کاری نەدەکرد، ئەبوایە یەکێك بیخاتە سەر پاسکیلەکەی بۆ دابەزاندنەوەش بە هەمان شێوە، بۆ نانخواردن و شوشتن و سەر ئاو پێویستی بەکەسی تر هەبوو، ئەبوایە نان و ئاوی بەدەمەوە بکرایە ئەگەر یەکێك شارەزای کردەوەکانی بەعس نەبوایە سەری سوڕدەما  کە ئەم گەنجە بێ دەست و لاق و کەم ئەندامە بۆ گیراوە چ کارێکی گرنگی لەدەست دێت، بەڵام بۆ ئێمە ئاسایی بوو ڕاهاتبووین، نزار و کامەران و بورهان شێروانی کەم ئەندامیان گرتە لای خۆیان بە ڕاستی هاوکاری و خزمەتی باشیان دەکرد، ئاخر ئەم سێ لاوە نموونەی گیانی هاوکاری و بە تەنگەوە

هاتن بوون، خەڵکی نزیکی خۆشی هەروەك ئەوانی پێ دەکرا.

شێروان لە یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی بە تەنیشت ماڵەکەی خۆیانەوە دوکانێکیان بۆ دانابوو ووردەواڵەی تێدا بفرۆشێ، هەندێك لەکەس و کاری پێشمەرگە نامەیان بۆ کوڕە پێشمەرگەکانیان نووسی بوو، لای شێروان دایان نابوو ئەو تەتەرەی نامەکانی برد بوو لە یەکێك لە زاڵگەکانی ڕژیم گیرا بوو، بەم هۆیەوە شێروان و خاوەنی نامەکانیان گرتبوو هێنابویانن بۆ ئەم بەندیخانەیە، پورە ئامینە و شوکریەی کچی یەکێك بوون لە خاوەن نامەکان، دوای حوکم دانیان برد بوویانن بۆ
بەندیخانەی تایبەتی ژنان .

شێروان زۆر شانازی بەوە دەکرد خەڵکی یەکێك لەگەڕەکە پێشکەوتووەکانی شاری سلێمانی (عەقاری)یە، سەرکەوت بۆ خۆشی و بەگاڵتەوە دەیگووت: من بنەماڵەی ئێوە باش دەناسم ئێوە خەڵکی گوندی موغاغن، شێروان ئەمەی زۆر لاناخۆش بوو گوایە لادێ یی یە، هەر چی دەکرد دەیویست تێمان بگەیەنێ سەرکەوت ڕاست ناکات، شێروان خەڵکی گەڕەکی عەقاریە نەك گوندی موغاغ، ئیتر بەندیەکان بەگاڵتە و پێکەنین کاتیان لەگەڵ بەسەر دەبرد، بەهۆی ئەو بارە تایبەتیەی هەموو بەندیەکان شێروانیان زۆر خۆشدەویست و ڕێزیان لێ دەگرت.

دیمەنی کەم ئەندامی شێروان لە دەرونی هەموومان کاریگەر بوو لە ڕووی هەست و سۆز و بەزەییەوە دڵمان بۆی دەسوتابەڵام هیچمان لە دەست نەدەهات.

## تاهیری نەوجەوان

جەور و ستەم، ئێش و ئازار، مەینەت و بەدبەختی بەشی هەموو ئەوانە بوو کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی بەعس و سایەی حوکمی سەدام حسین، سەرەرای ئەوەی هیچ مافێکی مرۆڤ لە ئارادا نەبوو، لەسەرانسەری وولات دا جەنگی دەرونی، شکاندنی کەسایەتی خەڵك، ئابروو بردن، تێکدانی خانە ولانە، ئاوارە و دەر بە دەری زۆربەی دانیشتوانی گرتبووەوە

ئەوەی ملی بۆ ئەوانیش نەدایە و بە قەدەری ئەوان ڕازی نەبوایە توشی گرتن و بەندیخانە دەبوو، بەرەو ڕووی کارەسات و بەدبەختی دەبووەوە.

سەرەڕای قامچی، کارەبا، بێ ئاوی، برسی کردن، گوێ بڕین، دەست بڕین و داخ کردن و ئەوپەڕی بێ حورمەتی پێ کردن لە کایەدا بوون، گەورە و بچوك بەرە و ڕووی مەینەت و کارەسات دەبوونەوە. فڕنە گولەکانی بەعس دەیانویست بە هەموو نەیارەکانیان بڵێن هەر کەسێك لەبەرامبەر ئێمەدا بڵێ لەل لە بەندیخانەدا ڕەزیل و بەدبەختی دەکەین، بۆ ئەوەی هەرگیزا و هەرگیز جارێکی دی بیر لەسەر کێشی نەکاتەوە، کەچووە دەرەوەش پەندێك بێت بۆ ئەوانەی ئەم ڕەفتارانە بە چاوی خۆیان دەبینن، نەتوانن لە ترسی دەسەڵاتی بەعس سەر بەرز بکەنەوە، ئەگینا بەدەردی ئەمان دەچن، نە خۆش و پیر و پەك کەوتە، کەنەفت و منداڵ نابنە هۆی ئەوەی پارێزراو بێت لەم کایە نەفرەت لێکراوەدا، بەم هۆیەوە تاهیری نەوجەوانیش ڕزگاری نەبوو بوو .

تاهیر یەکێك بوو لەو بەندیانەی بەهۆی بەدبەختی ڕۆژگارەوە کەوتبووە بەندیخانە، نەوجەوانێك بوو خەتی سمێڵی نەدا بوو، زۆر منداڵ بوو، ئەگەر دوژمن لێ گەڕابا ئێستا ئارەزووی گەمەی منداڵانی ناو کۆڵان و گۆڕەپانی هەبوو، لە دڵی خۆم دا دەمگووت: ئەبێ چ بێ ویژدانێك ئەمەی خستبێتە داوەوە، چۆن دڵی هات ئەم پارچە ساوایە لە نازی دایك و بابی بێ بەش بکات، ئەبێ ئێستا بابی چارە ڕەش دایکە داماوەکەی لە چ بارێکی ناهەموار دابن، بێ گومان ئێستا دایکی دەستە و دوعایە بۆ ئەوەی ڕۆڵە نەوجەوان و منداڵ کارەکەی خوا بیپارێزێ و لەبەڵای ڕۆژگار سەلامەت بێ، بەم ڕۆژگارە هەدا نادا و هەمیشە چاو لە ڕێگایە، دڵنیام چەندین جار چۆتە سەر مەزاری پیاوچاکان و جووتە گوارەی گوێ ی خۆی بۆ کردووە بەخێر، ئاخ ڕۆژگاری سپلە جارێك بەکامی ئێمە هەڵناسوڕێ .

لەیادم نەماوە تاهیر لەسەر چی گیرا بوو هەر چۆنێك بیت گرنگ نیە، مەبەستی گرنگ ئەوەیە هێندە منداڵ بوو تەمەنی ڕێکای بە یاسا چەواشە و دادگا قەرە قوشیەکەی ئەوانیش

نەدا بوو هیچ جۆرە حوکمێکی بەسەردا بسەپێنن، ناچار دادوەر بۆ ئەوەی خیانەت لە پیشەی خۆی بکات و یاساش شەرمەزار و ڕوو زەرد بکات، پیێ ی لەسەر ویژدانی خۆی دانا بوو بڕیاری دابوو بە پیێ ی یاسای تەندروستی تەمەنی تاهیری منداڵکار گەورە بکەن، بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەو کارە نایاسایی و دژەمرۆییە بتوانێت حوکمی یاسایی قەرەقوشی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن، هەر بەم پیێ یەش دەزگا تەندروستیەکەشیان خیانەتیان لە پیشەکەی خۆی کردبوو، لە کاتێکدا تاهیر زۆر منداڵ بوو تەمەنیان گەورە کردبوو بۆ ئەوەی دادوەرە بیێ ویژدانەکان بتوانن حوکمی خۆیان ئەنجام بدەن.ئیتر دوای تەمەن گەورە کردن ئینجا دادوەر حوکمی دابوو هێنابوویان بۆ بەندیخانەی(الاحکام الخاصە) .

## ئەبوتلفاح

ئەبوتلفاح یەکێك بوو لەو عەرەبە دەشتەکیانە(بدو)ی چەند ساڵێك بوو لە بەندیخانە بوو، تەمەنی زۆر بوو پیرو کەنەفت بوو بوو، هەر چەندە لەیادم نیە لەسەر چی گیرا بوو بەڵام بە هۆی مانەوەی چەند ساڵی لە بەندیخانە باری دەرونی کەمێك تیکچوو بوو، زۆر جار لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی بەندیخانە دادەنیشت وەك ئەوەی لەناو مێرگێکی بانی جزیرە دانیشتبیێ تیێ ی هەڵدەکردە گۆرانی دەشتەکی(بدوی) هەرچەندە تەمەنی هی ئەوەنەبوو ئاوا بیێ بەرنامە و لەوەخت و ناوەخت دا گۆرانی بڵیێ، بەڵام ڕەنگە ئەمانە لەبیێ دەسەڵاتی ڕۆژگاری پڕ ئازاری بەندیخانە ئاسوودەییەکیان بەدەرونی ببەخشیبیێ، چەندین دیمەنی هاوشێوەی ئەمە دڵی مرۆڤی ژێری دەچوزاندەوە.

## داگیر کردنی کوەیت

سەدام دیکتاتۆری عیراق هەرگیز بیێ خوێن ڕشتنی خەڵك و مەینەتی بۆ مرۆڤ ئاسوودە نەدەبوو، دوای وەستانی شەڕی هەشت ساڵەی عیراق–ئیران سەدام لەوە تێگەیشتبوو لە ئاشتی دا ئەو هەموو خەڵکە ڕۆڵە کوژراو و ماڵوێرانە ئاهێکیان بە بەردابێتەوە دەبنە هۆی لە ناو بردنی حوکمی بەعس، لەبەر ئەوە بیری لە وەکردەوە هەر چۆنێك بێت ئەبیێ بە شەڕێکی

ترەوە سەرقاڵیان بکات، بۆ ئەم

کارەش باشترین شوێن دەوڵەتی کوەیتی دراوسێ ی بوو.

کوەیت لەسەردەمی ئیمپریاتۆریەتی عوسمانی دا لە ڕووی ئیداریەوە قەزایەك بوو سەر بە ویلایەتی بەسرە بوو، بەڵام دوای هاتنی ئینگلیز و لەبەر یەك هەڵوەشانی دەوڵەتی عوسمانی شێخەکانی کوەیت دەستیان لەگەڵ ئینگلیزەکان تێکەڵ کرد، ئینگلیزەکانیش بۆ بەرژەوەندی کاری خۆیان کوەیتیان لە بەسرە جیاکردەوە و لە سنوورێکی دیاری کرا ودا کردیان بە میرنشینی کوەیت و بەشێخەکانی کوەیتیان سپارد، بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەتی عیراق هەمیشە کوەیتیان بە هی خۆیان زانیوە، لەسەردەمی مەلیکی دا نوری سەعید سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی عیراق هەوڵی گرتنی کوەیتی دا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، عەبدولکەریم قاسم هەوڵی گرتنەوەی دا بەڵام ئەویش سەرکەوتوو نەبوو.

لە کاتی جەنگی عیراق–ئیران بۆ درێژەپێدانی شەڕ عیراق بڕێکی زۆر قەرزی وڵاتانی کەنداوی لابوو بە تایبەتی قەرزی کوەیت، کوەیت داوای قەرزەکانی دەکردەوە عیراق دەیگووت {بۆلێمان خۆش نابن} وەزیری دەرەوەی کوەیت گووتی "ئەگەر لە ئێوەخۆش بین دەبێ لە زۆر کەسی تر خۆش بین" .

بەپێ ی ڕێکخراوی ئۆپێك کوەیت دەبوو لە ڕۆژێك دا تەنها 1,037,000 بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێ، بەڵام لەڕاستی دا 1,700,000بەرمیل نەوتی بەرهەم دەهێنا، سەدام ئەمەی کردە بیانویەك گووتی "ئەگەر بازرگانێك بیەوێت بازرگانێکی دی لە بازاڕ دەرپەڕێنێت، ئەوا کاڵاکەی – شمەکەکەی – بێ نرخ دەکات ".

لە لایەکی تریش دوای شەڕی عیراق–ئیران عیراق سوپایەکی ئامادە کراوی هەبوو کە بریتی بوو لەیەك ملیۆن سەرباز کەلە(56) تیپ پێك هاتبوو جگەلە 490,000 سەربازی یەدەگ و 5000 زرێپۆش جۆری "T 62–T72"، 9000 نەفەر بەر وەهەروەها 1450فڕۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەر[20] .

ئەمانە و گەلێ هۆکاری تریش بوونە هۆی ئەنجام دانی بیرە تەماحکارانەی سەدام حسین بۆ داگیر کردنی کوەیت، بە پلانێکی داڕێژراو و کار بۆکراو لە بەرەبەیانی 2-8-1990 هەلێکوتایە سەر کوەیت و لەماوەی چەند کاتژمێرێك بە هەلاّتنی ئەمیری کوەیت و بەرپرسانی کوەیت بەرەو سعودیە، داگیری کرد لە ڕاگەیاندنیش وای بلاّوکردەوەکە بەشێك لە ئەفسەرانی کوەیت لەژێر فەرماندەیی "عەلاء " کۆنەچلّکاو خۆری خۆیان داوای هاوکاریان لە عیراق کردووە، دوایش ناوی نا پارێزگای نۆزدەمینی عیراق و"عەلی حەسەن ئەل مەجید"ی ئامۆزای کە لە خوێن ڕێژی دا ناز ناوی"عەلی کیمیایی " وەرگرتبوو کرد بە پارێزگای کوەیت.

کۆمەلگای نێودەولّەتی نیگەرانی زۆری دژی ئەم دەست درێژیەی سەدام پیشان دا، هەر چەندە زۆر داوای لێکرا لە کوەیت بکشێتەوە، بەلاّم سەدام لەسەر قسەی خۆی سوور بوو کەوا کوەیت پارێزگای نۆزدەمینی عیراقە .

گرتنی کوەیت بڕیارێك بوو لەسەر بنەمای خەونێك درا بوو، دیکتاتۆر خەوی بینی بوو دەبوو جێ بەجێ ی بکات: "گرتنی کوەیت ئیرادەی خوا بوو ڕۆلّی ئێمەش تەنها جێ بەجێ کردنەکەی بوو نەك بڕیارێکی تاکە کەسی بەبێت" ئەمە کۆپلەیەك بوو لەو قسانەی دیکتاتۆر ڕۆژی 10-8-1990 لە کۆبونەوەیەکی لەگەلّ مخابەراتی عەسکەری عیراق داکرد بووی کە لە کتێبی (الجنرالات أخر من یعلم ل101 ). لە کاتی چاوپێکەوتنی کە نالّەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان دا بەسەرکێشی و لووت بەرزیەوە دەیگووت" هەر لەکۆنەوە کوەیت خاکی عیراق بووە، ئێستا گەڕایەوە شوێنی بنەڕەتی خۆی" ئیتر سوپای عیراق ساف لەساف کوەیتیان تالاّن کرد .

جیمیس بیکەر لە جنێف بە تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی عیراقی گووت :"ئەگەر لە کوەیت نەکشێنەوە عیراق دەکەین بە وولاّتێکی دواکەوتوو و وێران" هەروەها لە نامەکەی بۆش بۆ سەدام دەلّێ "أن لن تنسحب من کویت سوف تخصر اکثر من کویت "[21].

داگیر کردنی کوەیت بارودۆخێکی نوێ ی هێنایە ئاراوە، بووە هۆی ترس و نیگەرانی

له ناو خودی وولاتانی عەرەبی و پەیدا بوونی ئومێدی گۆڕانکاری دەسەڵاتی ناوەندی بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای داواکاری کشانەوەی عێراق لەکوەیت لە ڕێگەی کەسایەتی نێو دەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی و ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و ڕوسیا و فەرەنسا و چەندین وولاتی دیکە ...بەلام لەگەڵ سەدام و ڕژێمی بەعس بەێسوود بوو، سەرکێشی و ڕەفتاری ناپەسەندی سەدام حسین بووە هۆی مەینەتیەکی تر بۆ گەلانی عیراق، بە هۆی گەمارۆی ئابوری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەسەر عیراق دا دەوڵەتی عیراق ئیفلیج و خەڵکەکەشی بەرەو ڕووی برسیەتی و نەخۆشی و مەینەتی بێ داو و دەرمانی بوونەوە، ئەوەش بووە هۆی بێزاری زیاتری خەڵکی عێراق لە بەعس و دارو دەستەکەی، ئەم بارودۆخە کاریگەری لەسەر بەندیەکانیش هەبوو کاربەدەستانی بەندیخانە ئەو توند و تیژیەی جارانیان بۆ نەدەچووە سەر خۆشیان ئەوەندە بڕوایان بەکردەوەکانی ڕابردووی خۆیان نەمابوو لەبەر ئەوە ئێمە ژیانمان لە ناو لەبەندیخانە دا بەرەو باشتر دەچوو.

## تەختەکالۆس

تێکچڕژان و قەرەباڵغی خەڵك، نەبوونی مەرجی تەندروستی، کەمی داو دەرمان، کەمتەرخەمی بەرپرسانی بەندیخانە ئەمانە هەمووی دەبوونە هۆی پیس و پۆخڵی و تەشەنەکردنی چەندین میکرۆب و مێروی زیان بەخش کە هەموویان سەرچاوەی چەندین نەخۆشی کوشندە بوون، بە تایبەت نەخۆشی پێست و خروو حەساسیەت یەکێك لەو مێرووە زیان بەخشانە تەختەکالۆس بوو، من تا ئەو کاتە نەمدەزانی تەختەکالۆس چی یە؟ ئەو مێرووە زیان بەخشە مێروویەکی ووردی لە شێوەی سنی دانەوێڵە دایە، لەو بچەکتر و لە ئەسپێ گەورە ترە، ڕەنگی قاوەیی یابۆرە، زۆر پیس و مەترسیدار، لە ناو کارتۆن و تەختەدا هێلانە دەکا و خۆی حەشار دەدات، لەکاتی هاتنە دەرەوەی دا گاز دەگرێت وەکو کێچ دەردەپەڕێ، لە ڕۆیشتن زۆر ئازایە، ڕاوکردنی ئاسان نەبوو، شوێنی گاز گرتنی ئازاری زۆری هەبوو، سوور هەڵدەگەڕا و دەبووە خروو حەساسیەت لە ئەنجام دا دەبووە برینێکی پیس و بێزارکەر، مێروویەکی لەش ناسك بوو لەکاتی گاز گرتن یا ڕۆیشتنی ئاسایی

فریای بکەوتینایە هەر شتێکی بەرکەوتایە دەمرد، ئەم مێرووە پیسە دوژمنێکی نهێنی وسەرچاوەی بڵاوبونەوەی نەخۆشی پێست وحەساسی وزۆرجار گروێتی بوو.

بەندیە کۆنەکان شارەزایی و ئەزمونی زۆریان لە بارەی ئەم مێرووە هەبوو، ڕۆژێك گووتیان:

هەموو کەل و پەلەکانتان ببەن بۆ گۆڕەپانی بەندیخانە تەختەکالۆس پەرەی سەندووە پێویستە بەری لێ بگیرێت و چارەسەر بکرێت، کەل و پەلەکانمان بردە بەر هەتاو لە حەوشەی بەندیخانە هەتا ئێوارە، ژوور و هۆڵەکانمان پاك کردەوە ئینجا کەل و پەلەکانمان هێنایە ژوورەوە .

# بەشی پێنجەم

## بەندیخانەی بادۆش

### لە ئەبوغرێب بۆ بادۆش

لە ترسابوو یالەبەر قەرەباڵغی و بێ شوێنی ڕژێم هەمیشە بەندیەکانی لە بەندیخانەیەکەوە بۆ بەندیخانەیەکی تر دەگواستەوە، لە مانگی نۆدا جارێکی تر بڕیاریدا بەشێك لە بەندیەکان بگوازێتەوە، من ئاگاداری ئەوە نەبووم بە چ هۆکارێکەوە بڕیاری گواستنەوەی بەشێك لە بەندیەکانی داوە، تاکو باسی گواستنەوە نەکەوتە ناو بەندیەکان کەوا هەر کەسێك دەیەوێت بگوازرێتەوە بەندیخانەی بادۆش لە موسڵ باناوی خۆی بنوسێت، ئەو بڕیارە بۆ ئێمە بڕیارێکی دڵخۆشکەر بوو، چونکە کەس و کارمان کە لە ئەبوغرێب دەهاتنە دیدەنیمان ئەبوایە ڕۆژێك پێشتر بهاتنایە شەو لە بەغدابن ڕۆژی دواتر بێنە سەردانی ئێمە، شەوی دواتریش لە بەغدا بمێننەوە ئینجا بۆ ڕۆژی سێیەم بگەڕێنەوە بۆماڵی خۆیان، بەڵام بەندیخانەی بادۆش لەموسڵ بۆ کەس و کاری ئێمە زۆر نزیك تر بوو، بە ڕۆژێك دەیانتوانی سەردانمان بکەن و بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان، لەبەر ئەوە هەموو ئەوانەی خەڵکی پارێزگای موسڵ، هەولێر، دهۆك، سێمانی بوون ناوی خۆیان نووسی بۆ گواستنەوە بۆ بەندیخانەی بادۆش .

من و قادر بادینی و محەمەد ڕۆستەم و فەخرەدین هەورامی و هەندێکی تر لە هاورێیانی خۆمان کۆبوینەوە دەربارەی گواستنەوەمان گفتوگۆ بکەین، یەکێك لە سەرنجەکان ئەمە بوو ڕەنگە لە کاتی گواستنەوەدا هەندێك خەڵکی نەشیاو خۆیان لە بەرپرسانی بەندیخانە بەرنە پێشەوە وەك نوێنەری بەندیەکان قسەبکەن، لە دوایش دا

ئیدارەی بەندیخانە بەرژەوەندی لەگەڵ کێ باش بگونجێ ئەو وەکو نوێنەر دەناسێ، لەبەر ئەوە هاتینە سەر ئەو ڕایە هەر لێرە یەکێك وەك نوێنەری خۆمان بۆ هەر کارێك لەگەڵ بەرپرسان و بەرێوەبەری بەندیخانەی بادۆش دیاری بکەین، هەر چەند تێکۆشاین هاوڕێیانی خۆمان ئامادە نەبوون ئەم کارە وەئەستۆ بگرن، هەڵبەت هەر کامێکیان ئامادەبان ئەم کارە بکەن چەسپاندنی ئاسان بوو، چونکە ئێمە هاورێیانی (یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان ) زۆربەی بەندیەکوردیەکانی بەندیخانەی ئەبوغرێبی پێکدەهێنا، دوای ئەوەی هاوڕێیانی خۆمان ئامادە نەبوون ئەم کارە بگرنە ئەستۆ، بیرمان کردەوە یەکێکی شیاو بەم کارە هەڵبژێرین بەکۆی دەنگ ڕێکەوتین مامۆستا نەسروڵلا پیاوێکی گونجاوە لەگەڵ مەبەستەکانی ئێمەدا دێتەوە، لەسەر پێشنیاری هاوڕێیان مامۆستا نەسروڵلام دواند و ئەویش لە شێوەی کارەکە تێگەیشت گووتی:

– ئەگەر ئێوە پشتوانم بکەن ئامادەم ئەم کارە بگرمە ئەستۆ، بەم شێوەیە لەسەر کارەکە ڕێکەوتین و لە ناو بەندیەکانیش ئەوەمان بڵاوکردەوە کە مامۆستا نەسروڵلا نوێنەری پەیوەندی نێوان ئێمە و بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەی بادۆش دەبێت، مامۆستا نەسروڵلا خۆی پیاوێکی گونجاو بوو کەس نیگەرانی لە بڕیارەکە پیشان نەدا .

لە ڕۆژی 2–10–1990 بڕیاری گواستنەوەی ئێمە درا کەل و پەلەکانمان بە چەند لۆریەك و خۆشمان بە چەند پاسێك گوازراینەوە، ئەوەی جێگای سەرنج بوو لە کاتی گواستنەوەدا پاسەوانەکان ڕەفتاریان لەگەڵ ئێمەدا باش بوو، دیاربوو ڕژێم لە بارودۆخەکە ئارخەیان بوو یا بۆ ڕاگرتنی دڵی ئێمە بوو هیچ زەبر و زەنگیان لەگەڵ ئێمە نەدەنواند، هیچ بەندیەك دەست و چاوی نەبەسترا بۆوە لە هەرپاسێکدا تەنها دوو کەس لەوانەی دائرەی ئاسایشی بەندیخانە بە بێ چەك لەگەڵ بەندیەکان لەپێشەوە سوار بوو بوون، جگەلە هێزێکی تایبەت بۆ پاسەوانی لەگەڵ کاروانی گواستنەوەی بەندیەکان هاتبوو، بە هێمنی و ئاسایی دەڕۆیشتن تالە درەنگی ئێوارەی هەمان ڕۆژدا گەیشتینە شورایەکی بڵند لە شێوەی

شورای دەوری بەندیخانەی ئەبو غرێب، لەسەر شوراکە چەند قللەیەکی چاودێری هەبوو، لەلای باشووری شوراکە دەرگایەکی گەورەی ئاسن هەبوو لەسەر سکە دەکرایەوە دەرگاکەیان بۆ کردینەوە چووینە ناو بەندیخانەی بادۆش .

بەندیخانەی بادۆش کەوتبووە 20 کم سەرووی خۆر ئاوای شاری موسڵ لە تەپك و گردۆڵکەکانی ئەمبەر و ئەو بەری ڕێگاکە ڕەبیەی سەربازی دانرا بوو، لە ناو شوراکە دا حەوشەیەکی گەورە هەبوو سەرەڕای چەندین شەقامی قیرتاو کراو و بۆشایی زۆر بەرین و پان و پۆڕ لە نێوان بەشەکان دا هەبوو، بەشی حوکمە قورسەکان و بەشی حوکمە سوکەکان کەوتبونە دواوەی حەوشوکە، بەشێکی تر لە نزیك دەرگا ئاسنە گەورەکە بەلای ڕاست دا هەبوو ئەم بەشە بۆ ئێمەی بەندیە سیاسیەکان دیاری کرا بوو .

ئەو بەشەی بۆ ئێمە دیاری کرا بوو لە دەرگایەکی دوو تاکی ئاسن چووینە ژوورەوە، لە پێشەوە ڕاڕەوێك هەبوو هەندێك ژوور لەم بەر و ئەو بەری ڕاڕەوەکە هەبوو بۆ ئیدارەی بەندیخانە دانرا بوو، لەو سەری ڕاڕەوەکە دەرگایەکی شیش بەند بەڕاڕەوێکی درێژ تری دەبەستەوە، بەشێك بەرامبەر دەرگا شیش بەندەکە هەبوو، پێنج ژوور و ئاودەست و گەرماوی تایبەت بەخۆی هەبوو یەکەم ژووری ئەو بەشە بەر ئێمە کەوت، ڕاڕەوێکی درێژ لە نێوانی شیش بەند و بەشەکەی ئێمە بەلای ڕۆژهەلات دا هەبوو چوار هۆڵی لەسەر بوو سێ هۆڵی جێگای چەند بەندیەکی تێدا کرایەوە، هۆڵێکیش بە چۆڵی هێڵرایەوە، لە کۆتایی ڕاڕەوەکە بەدەرگایەکی شیش بەند ڕاڕەوێکی تری لێ جیا کرابوەوە لەسەر ئەو ڕاڕەوەش دوو ڕاڕەوی تر هەبوو ئەمبەر و ئەو بەری ژووری بچوکی زۆر خۆش و لە باری تێدا دروست کرابوو، هەر ژوورێك دوو تا سێ بەندی تێدا جێ کرایەوە .

ئەم بەندیخانەیە واپێدەچوو تەمەنی زۆر نەبێت بە تازەیی و پاك و خاوێنیەکەی دا وا دیار بوو بۆ خەڵکی تایبەت دروست کرا بوو، ژورەکان کاشی و بنمیچەکەی دیکۆر کرا بوو،

دیوارەکان ڕێك و پێك و خاوێن بوون، ژوور و ڕاڕەوەکان پەنجەرەی ئاسایی تێدا بوو، حەوشەیەکی بچکۆلەی تایبەت بەخۆی هەبوو .

( بندەعوا)کانی من بە هۆی نیگەرانیان لەگەڵ قادری هاوڕێمان لە ئەبوغرێب لە یەکتر جیا و هەر یەکە لە بەشێك بووین، پێش گواستنەوەمان قسەم لەگەڵ کردن و لەسەر ئەوە ڕێکەوتین لە بەندیخانەی بادۆش تێکەڵ ببینەوە و هەموومان وەك برا لەسەر یەك سفرە نان بخۆین، ژوورەکەمان گەورە بوو جگەلە خۆمان کە پێنج کەس بووین ساڵح عومەر و ڕەسوڵ عەبدوڵڵا لەگەڵ ئێمەدا بوون، بەڵام نانخواردنیان لە ئێمە جیا بوو .

لەبەر تازەیی ئێمە و نە شارەزایی کاربەدەستانی بەندیخانەکە ترس و نیگەرانیەکی زۆریان پێوە دیار بوو، هەمیشە ئامۆژگاری و پێداگریان دەکرد هێمن و لەسەر خۆ بین، دوای دابین کردنی شوێن و دامەزراندنی کەل و پەلەکان لەبەر شەکەتی و ماندوویی لێ ی نووستین، بەیانی کە لە خەو هەستاین جەنگی هاوڕێمان دیار نەبوو، زۆر گەڕاین نەماندۆزیەوە لەوە دڵنیا بووین کارێکی خراپی بۆ هاتۆتە پێش، تووشی بەڵایەك بووە ئەگینا لە ڕۆیشتنی ئاگاداری دەکردین، لەگەڵ بەرپرسانی بەندیخانە قسەمان کرد بەڵام هیچیان پێ نەدەگووتین، خەمێکی گەورە دایگرتین بەردەوام فشارمان دەخستە سەر بەرپرسانی بەندیخانە تا لە ڕۆژی دوا تردا هێنایانەوە، دوای هاتنەوەی جەنگی بۆی گێڕاینەوە کە ئێمە خەوتووین چووەتە ڕاڕەوەکە و لەگەڵ یەکێکی تردا گفتوگۆی بووە و پاسەوانەکانیش لە ترسی بەرپرسیارێتی خۆیان برد بوویان و زۆر ئازاریان دابوو.

من هەرگیز نابێ چاکەی ئەبو فەواز و ئەبومەحمود لە بیر بکەم کەوا هەر دووکیان لە نەخۆشخانە بچکۆلەکەی بەشی خۆمان دا لە (الاحکام الخاصە) کاریان دەکرد، ڕۆژێك پێش گواستنەوەمان لە ئەبوغرێب ئەبو فەواز بانگی کردم بە گاڵتەوە جنێوێکی دا و گووتی: وەرە با هەندێك دەرمانت بدەمێ بۆ نەخۆشیەکەت کێ دەڵێ بەم زووانە نەخۆشخانەمان دەبێت ئەم نەخۆشیەی تۆکاتی دیاری کراوی نی یە.

## ژیان لەبادۆش

ژمارەی بەندیەکانی بادۆش کەم بوو تەنها خەڵکی پارێزگای موسڵ و کوردستان لێرە بوون لەبەر کەمی بەندیەکان و نزیکی لە ناوچەی خۆمان ئاسوودە تر بووین، کەس وکارمان باشتر دەیانتوانی سەردانمان بکەن جگە لەوەش بەندیخانەکە تازە دروست کرا بوو، ژوور و هۆڵ و ڕاڕەوەکانی خۆش و پاك و خاوێن بوون، دیوارەکانی گەچکاری سپی و جوان بوو، دەرگا و شیش بەندەکان بۆیە کراو و تازە بوون، ئاو و کارەبای باشی هەبوو، سەر ئاو و گەرماوی هیچ کەم و کوڕی نەبوون، لە چاو بەندیخانە پاسەوانەکان لەگەڵمان باش بوون، هەر چەندە لە ژیانی پڕ دەردە سەری بەندیخانەی ئەبو غرێب ڕزگاربوو بووین، ژیانمان تۆزێك باشتر بوو، بەڵام هەر چۆنێك بێت ژیانی خۆش و کۆشك و تەلاری جوان و بەرزی بەندیخانە بێزار کەرن و مرۆڤ هەمیشە خۆی بەنامۆ دەزانێت، زۆر جار ئەو دێڕە شێعرەی مامۆستا هێمن موکریانیم دەخوێندەوە و کاریگەری لەسەر هەندێك لە بەندیەکانیش هەبوو ئەوانیش وەك من ئەم فەرمووده بەرزەیان دەووتەوە:

مەلێکی فێری دارســـــتان و لێڕبێ          قەفەس پیری دەکا باشووی لەزێڕبێ
تەلار و سەرسەرا و کۆشك چ دێنێ          کەکۆیـلە وەرهـــــــەمی تێدا هەڵـێنێ

بە هۆی شەڕ فرۆشی عێراق بەدراوسێکانی و گەمارۆی ئابوری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بنەمای ئابوری عێراق داتەپی بوو لەو پەڕی خراپی دابوو ئەمە کاری کرد بووە سەر بەندیخانەش، ئەگەر پێشتر خواردنەکەیان خراپ و بێ کەڵك بوو ئێستا خراپ تر بوو بوو، ڕۆژانە برنج و شلە یا هەر شلەیان دەهێنا، ڕۆژی بۆ هەر بەندیك سێ کولێرەیان دێنا بەڵام چ کولێرەیەك ؟ زۆر ناشیرین بوون دەتگووت لە ئاردەدار دروست کراون هەر لە پارچە تەختەیەك دەچوون، موزەفەر کاکەیی خۆش نووس نووسین و تابلۆی لەسەر دەنەخشاند، موزەفەر گەنجێکی کاکەیی ڕۆح سوك و خوێن شیرین بوو، خۆش نووس و نیگار کێشێکی بلیمەت بوو لە وێنە کێشان دا دەستێکی باڵای هەبوو بەشداری چەندین دەورەی ناوەوەی

وولاتی کرد بوو پلەی سەرکەوتووی بەدەست هێنا بوو، لەگەڵ چەند گەنجێکی دیکە ویستبوی بچێتە ئەوروپا بەلام لە ڕێگا حکومەتی عیراق گرتبوونی و بە تاوانی بەزاندنی سنوور حوکم درابوون، چەند وێنەیەکم لە بەندیخانە گرتبوو موزەفەر لەسەر پارچە کاغەزێك چواردەورەکەی بەزەغرەفەو نەخش و نیگار و نووسینی بەروار لە ژێریشی دا پارچە پەخشانێك کەخۆم بۆم نووسی بوو نەخشاند بووی، بەلام لەبەر ئەوەی کوردی نەخوێند بوو ئەبوایەنووسینەکوردیەکەیلەبەردەمبوایەوەك ئەوەی وێنەی بکێشێت لەبەری دەنووسیەوە.

بە هۆی بارودۆخی خراپی حکومەت پۆلیسە پاسەوانەکانیش ژیانیان باش نەبوو، خواردنیان خراپ بوو، هەمیشە دەهاتنە ناو بەندیەکان و لای ئەوان نانیان دەخوارد، بە هۆی ئەوەش تێکەلاوی باشیان لەگەڵ بەندیەکان پەیدا کردبوو، کار ئاسانی باشیان بۆ کەس و کارمان دەکرد لە کاتی سەردان و هاتوو چۆدا، خۆشمان هەر پێویستیەکمان هەبوایە لە دەرەوەی بەندیخانە بە پارەی خۆمان بۆیان دەهێنایین، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە هەندێ شت کار ئاسنیمان بۆ بکەن، زۆر کەس لە ماڵەوە ڕادیۆیان بۆ دەهات، تەلەفزیۆنێکمان بۆ هاتبوو لە هۆڵە چۆڵەکە دامان نابوو تا درەنگانی شەو بەندیەکان بەرامبەری دادەنیشتن.

سەرەڕای ئەوەی لە ناو بەندیخانەی خۆمان دا بنکەیەکی بچوکی تەندروستی هەبوو ئەگەر یەکێك نەخۆشیەکی لەوە زیاتری هەبوایە دەیان بردە نەخۆشخانەی حوکمە قورسەکان.

بۆ بەسەر بردنی کات و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەی کە لە ژیانی ڕۆژانەمان دا هەبوو پاسەوانەکان هەرگیز ڕێگر نەبوون لەوەی یاری و وەرزش و تاوڵە و شەترەنج بکەین، زۆر جار بۆ داگیر کردنی کاتی زیاتر ئەم یاری و وەرزشانەمان بە دەورە ئەنجام دەدان.

ڕێگەیان دا بە وێنەگرێك بێتە ناو بەندیخانە وێنەمان بۆ بگرێت و دوای شوشتنەوە و چاپ کردنی بۆمان بگێڕێتەوە، ئەوە بەلای ئێمەوە زۆر کارێکی باش و گرنگ بوو چونکە تا ئەو کاتە ڕێگا بەکەس نەدرا بوو لە ناو بەندیخانەدا وێنە بگرێت و بۆ دەرەوەی بنێرێتەوە .

بەڵام ژیانی ڕۆژانە سەخت و ناخۆش بوو کارەبا بڕا بوو چرا و لامپا لەکاردا بوون، هۆڵ و حەوشە و ناو بەندیخانە تاریك بوو پاسەوانەکان لایتیان بەکاردێنا، ئەوانیش زۆر جار بێزاری خۆیان دەردەبڕی .

**بەندیخانە و خوێندن**

لەبڕیاری ژمارە 20/ 1990 ی ئەنجومەنی ئابووری وکۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە:

أ– پێویستە ئامانجی خوێندن لە بەندیخانەکاندا ئامانجی گەشەپێدانی کەسێتی مرۆڤ بێت و پێشینەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری بەندیەکە لە پێش چاو بگیرێت.

ب– دەبێت هەموو بەندیەکان دەرفەتی فێر بوونیان هەبێت، بە فێر بوونی خوێندنەوە، پەروەردەی بنەڕەتی و مەشق کردنی پیشەیی و چالاکیە ئایینیەکان و پەروەردەی لەش و وەرزش و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و فێرکردنی باڵاشەوە.(22)

بەڵام ڕژێمی بەعس خۆی لەسەر بناغەی درۆ و ساختە دروست بووە، پێچەوانەی ئەو بەڵێن و پەیماننامە نێو دەوڵەتیانەی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی مافی مرۆڤ مۆریان کردووە، بێ شەرمانە بەڵێنەکانی خۆشیان پشت گوێ خستووە و هەمیشە لە هەوڵی خۆدزینەوەی پیادە کردنی دان، ئەگینا ئەبوایە بەرنامەی چالاکی هاوسەنگ دابنرایە بۆ مەشق کردن لەسەر شارەزا بوون لە کاری پیشەسازی و چالاکی پەروەردەیی، ئینجا ئاستی بەندیەکان هەرچی یەك بێت، بێ گوێ دانە ئاستی هاوسەنگی تەمەن و ئاستی تێگەیشتن، چونکە زۆر لەبەندیەکان دەیانەوێت سوود لەکاتی مانەوەیان وەربگرن لە بەندیخانە.

له ناو چالاکیەکاندا نابێت خوێندن بە زیادە دابنرێت، بەڵکو خوێندن شتێکی بنەڕەتیە، فرسەتێك هاتۆتە پێشیێ بۆ ماوەی زیندانی بوون، پێویستە بە شێوەیەك بێت بەندیەکان ماوەی مانەوەی هەر چەندێك بێت بتوانێت فێری خوێندن و نووسین بێت. زۆرێك لەو بەندیانەی وەك پیرۆت بوون ئارەزووی فێر بوونی خوێندن و نووسینیان هەبوو.

پیرۆت پیاوێکی زۆر ئازا و پشوو درێژ بوو، لەسەر ئارەزووەکانی بەتوانا و خۆڕاگر بوو، هەر شتێکی لە هەستی دابوایە بێ گوێدانە ئەرك و کات خۆی بۆ تەرخان دەکرد و بە پشوو درێژیەوە ئەنجامی دەدا.

سەرەڕای ئەوەی پیرۆت بندەعوای ئێمە بوو خواردن و نووستنی لەگەڵ ئێمە بوو، هەمیشە پێکەوە بووین، چونکە نەخوێندەوار بوو پەرۆشی ئەوە بووم فێری خوێندن و نووسین بێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سوودی لێ ببینێت، جگەلەوەش کات و شوێنی باشترمان هەبوو، باری ژیانمان لە پێشتر لەبار تربوو، لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەوەم کرد بۆ پیرۆت کە بخوێنێ، ئەگەر ئارەزووی هەیە من دەتوانم زیاد لە پێویست هاوکاری بکەم، هەستم کرد پێشنیارەکەمی بەدڵە لەبەر ئەوە رام سپارد لە سەردانی داهاتوودا دەفتەرێك و کتێبێکی کوردی (ئەلف و بێ)ی پۆلی یەکەمی سەرەتایمان بۆ بهێنن، ئیتر دەستمان بەخوێندن کرد هەموو ڕۆژێك دوای عەسر بێ ناوبڕ وانەم پێ دەگووت، پیرۆت باش وەری دەگرت و ئومێدی لێ دەکرا، فێری خوێندن و نووسین ببێت.

زانست گەنجینەیەکی ئاڵتونیە کە هەلت بۆ ڕەخسا هەرگیز نابێت ئەو هەلە لەدەست خۆت بدەیت. هەر چەندە زۆر بەدڵسۆزیەوە خۆم لەگەڵ پیرۆت ماندوو دەکرد سوودی زۆریشی کردبوو دڵنیام ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بوایە خوێندەوارێکی باشی لێ دەردەچوو، بەڵام وەك پێشتر ئامارەم بۆ کرد پیرۆت لەگەڵ من دا هیچ ئاسوودە نەبوو، بەڵام چارەیەکی نەبوو بە ناچاری ملی دابوو، چونکە ئارەزووی خوێندنی هەبوو کەسیش نەبوو ئەو کارە بە ئەستۆوە بگرێ، کار بەوە باش بوو خوێندنی پیرۆت سەرنجی هەندێك لە

بەندیە نەخوێندەوارەکانی دیکەی ڕاکێشا بوو، لە هۆڵەکەی ئەولاتر هەندێك لەوانەی نەخوێندەوار بوون لای فەخرەدین دەستیان کرد بە دەخوێندن، پیرۆت چەند جارێك بە سەرنجەوە باسی دەکردن وەك ئەوەی ئارەزووی بێت بچێت لەگەڵ ئەوان بخوێنێت، منیش پێم گووت من ئامادەم بەردەوام بم چەند خۆت بتوانیت، بەڵام ئەگەر ئارەزووت لای ئەوانە دەتوانیت بچیت لەگەڵ ئەواندا لای فەخرەدین بخوێنیت، پیرۆت سەرەڕای ئەوەی لە هەستی دا بوو ئەوانیش کۆمەڵێك بوون جگەلە خوێندن گاڵتە و گەپ و ڕابواردنی کاتی خۆشی لێ بوو. ئیتر پیرۆت چووە لای ئەوان بۆ خوێندن تاماوەیەك بەردەوام بوو، بەڵام چی فێر بووە یاخود تا چەند سوودی لێ بینیوە ئەوە پرسیارەکە لای خۆیەتی، هیوادارم سوودی ئەو هەلە زێڕینەی لە کیس نەچووبێت.

## چالاك کردنەوەی ڕێکخستن

جارێك لەکاتی سەردان داوام لە هاوسەرەکەم کرد کە حسین محەمەد قادر ئاگادار بکات لە جاری داهاتوو سەردانم بکات بۆ بەندیخانە بۆ مەبەستێکی تایبەتی، کاتێك حسین هات باسی ئەوەم لەگەڵ کرد کەوا پێویستە هاوڕێیانی ڕێکخستن کۆبکەنەوە و ڕێکیان بخەنەوە کار و باری ڕێکخستن جارێکی تر گەشە پێ بدەن، بە هیچ شێوەیەك نابێ چالاکی و کاری ڕێکستن ئەوەی پێوەدیار بێت کە من لە ناوتان دا نەماوم، ئێوە کار وچالاکیەکان لە ناو شار و هاوڕێیان دا جێ بەجێ بکەن، کاری دەرەوە و ناو شۆڕش بۆ من جێ بهێڵن ئەگەر خۆتان توانای ئەوەتان نەبوو یا بە هەر هۆیەك بۆتان نەگونجا، پێشتریش وەڵامم بۆ ناردبوو کە ئەو کارە بکات .

حسین لاوێکی خوێن گەرم و چالاکی ناو ڕێکخستنەکان بوو، لە سەرەتای ساڵی 1983 وە لە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (کۆ، ڕە، ك) لەگەڵ خۆمان کاری دەکرد ئەو پێشنیارەی منی هێندە لاخۆش بوو، وەك گوڵێکی سیس و ژاکاو لە تینوان و لەبێ ئاوی بەم ووتەیە گەشایەوە گووتی: بەڵام ئەوە لە توانای من بەدەرە، ڕەنگە بە

تەنها دەڕۆستی ئەم کارە نەیەم، لەبەر ئەوە داوام لێ کرد ڕەسولێ بچکۆل ئاگادار بکاتەوە لەکاتی سەردانی داهاتوودا بێتەلام بۆ ئەم مەبەستە .


ڕەسولێ مستەفا حەمەد (ڕەسولێ بچکۆل ) لاوێکی خوێن گەرم و هەڵسوڕاوی ناو ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانمان بوو لە ساڵی 1987 هاتبووە ناو ڕێکخستنەوە، لەگەڵ هەردوو هاوڕێکەی یوسف ڕەسولێ و ئارام عومەر لە شانەیەك دا ڕێکخرا بوون، بە هۆی لێهاتوویی جەستەیی و فکریەوە دەمزانی توانای ئەم کارەی هەیە، کە هات دوای ئاخاوتن و ڕاگۆڕینەوە لەسەر ئەوە ڕێکەوتین بە ڕێك و پێکی ڕێکخستنەکان بەڕێوە ببەن و کار و چالاکیان گەشەپێبدەن، جێگای دەستخۆشیە کە توانیان بەڵێنەکەیان ببەنە سەر، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕێکخستنەکان گەشە بکەن و کار و چالاکیەکانیان لە کاتی ڕاپەڕین دا شوێن پەنجەیان دیار بێت .

هاوڕێیانی ڕێکخستن زۆر جار سەردانیان دەکردین لە یەکێك سەردانەکان دا ئەسعەد حەمە عەلی بە نهێنی پێ ی گووتم : لە ڕێگای هاوڕێیانی ڕێکخستن سەرکردایەتی (ی، ن، ك ) بڕیاری داوە مانگانە یارمەتی (مووچە)ی پێشمەرگەیەکت بۆ سەرف بکەن، لە ڕێگای هاوڕێ(دیاکۆ) عەلی خەیاتەوە ئاگادار کرامەوە کە پێت بڵێم یەکێ لە کەس و کارت دیاری بکەی بۆ ئەوەی وەری بگرێت، یاخود یەکێك دەست نیشان بکەیت ئەگەر هاوسەرەکەت یا هەر کەسێکی تر بێت هاوڕێیانی ڕێکخستن دەتوانن هەموو جارێك جێ بەجێ ی بکەن، هەر چەندە من ڕەتم کردەوە، بەڵام ئەو هەستە بەرزەی هاوڕێیانی ڕێکخستن و سەرکردایەتی(ی. ن. ك) قدیلکەی دەرونی دەدام و قەت لە بیری ناکەم.

### هاتنی یارمەتی(پارە) بۆ بەندیەکان

مەڵبەندی چواری بادینان یەکیەتی نیشتمانی کوردستان مەبلەغێك پارەی عێراقی (سویسری) نارد تا لە ڕێگای قادر بادینی(باجلۆری)یەوە دابەش بکرێت لە ناو بەندیخانەی بادۆش بۆ یارمەتی دانی بەندیە کوردەکان، هێنانی پارە بۆ ناو بەندیخانە بە چەند بەشێك

دەتوانرا بهێنرێتە ناو بەندیخانە، بەڵام ئەوەی کێشەیەکی گەورە بوو بۆ ئێمە دابەش کردنی پارەکە بوو بەسەر بەندیەکان دا، چونکە سەرەڕای ئەو بەندیەی کە پارەی پێ دەدرا ترسی ئەوەمان هەبوو بچێت بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە ئاگادر بکاتەوە، بەڕاستی لە ئەنجامی کارێکی وادا کارەساتێکی گەورە دەقەوما و زۆربەمان تێدادەچووین، لەترسی ئەوە دوای ڕاوێژ کردن لەگەڵ هەندێك لە برادەران بڕیاردرا زۆر بەنهێنی و بەچەند شێوەیەك پارەکە دابەش بکرێت بۆ هەربەندیەکی خێزاندار سەد دیناری سویسری پێ بدرێت و بۆ یەکێکی سەڵت پەنجا دیناری پێ بدرێت، زۆربەی ئەوانەی کادیر و ئەندام و سەربە یەکێتی بوون بە ڕاشکاوی پێیان دەووترا کەوا ئەمە یارمەتیەکە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بۆت هاتووە، بەڵام زۆربەی ئەوانەی یەکێتی نەبوون لە ڕێگای برادەرێکی نزیکی خۆیانەوە وەك هاوکاریەك پارەکەی پێ دەرا و هەندێك لەوانە یەکێتیش نەبوون، بەڵام لەبەر دڵنیا بوون پێیان دەووترا کە ئەمە هاوکاری یەکێتی یە بۆت هاتووە، ئەوانەش کە پێیان نەووترا هەموویان خەڵکی بەڕێز و باش بوون، بەڵام تەنها لەبەر باری ئاسایش ئەوە پەیڕەو کرا، دابەش کردنی پارەکە زۆر کەسی گرتەوە ئەوانەشی کە پێیان نەدرا تەنها لەبەر بارودۆخی نالەباری بەندیخانە بوو بە ڕاستی دابەش کردنی ئەو پارەیەش هەرچەندە مەبلەغێکی زۆر نەبوو، بەڵام جێگای دڵخۆشی بوو چونکە دڵنیاییەکی پێ دەبەخشین کەوا لەلایەن شۆڕشەوە خەبات و تێکۆشانمان لەبەر چاو گیراوە.



قسم اصلاح الكبار
الشؤون القانونية
العدد /٢١/
بسم الله الرحمن الرحيم
العدد ٤٥٦
الموافق
الى محكمة
نؤيد لكم بأن النزيل ( رسول
علما بأن لديه
للعلم مع التقدير
نسخة منه الى /
الشؤون القانونية
اضبارة النزيل

پێش گیرانم مامەڵەی پێناسەی ڕەگەزنامەی منداڵەکانم دەست پێکرد بوو، بەڵام پێش ئەوەی تەواوی بکەم گیرام و کەوتمە بەندیخانەوە، کاتێ هاوسەرەکەم ویستبووی منداڵەکان بنێرێتە قوتابخانە بۆ خوێندن داوای بەڵگەی ئامادەبوونی منیان لێ کردبوو لە بەندیخانە، بەڵام دوای ئەوەی ئەم نووسراوەم لە ئیدارەی بەندیخانە وەرگرت و نادمەوە بۆ ئەوەی منداڵەکانم بخوێنن کەچی ڕێگەی خوێندنیان هەر نەدان بە هۆی ئەوە شلێری کچم لە خوێندن بێ بەش بوو ، بە گەورەیی هەوڵی دا قەرەبووی بکاتەوە ، کنێریش ساڵێك لە خوێندن دواکەوت.

## ڕۆڵی سەرۆك

سروشتی ئادەمیزاد وایە یاخود یاسای ژیان وا دەخوازێت هەرکاتێك کۆمەڵە کەسانێك پێکەوە بژین، جا کۆمەڵێك کرێکار، جوتیار، بازرگان، نوسەر، یانەی وەرزشی یا کۆمەڵانی نەتەوەیەك بن سەرۆك بۆخۆیان دیاری دەکەن.

سەرۆك لە دیاری کردنی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پێویستی بەزانستی زۆر و ڕۆشنبیری

فراوان نی یە، هیتلەر کەسێکی زۆر زانا نەبوو تەنانەت بڕوانامەی سەرەتایشی نەبووە، مۆسۆلۆنی کەمێك لەو زانیاری زیاتر هەبووە، ستالین زانیاریەکانی زۆر لەوان فراوانتر نەبووە بە بەراورد بۆ خۆش گوزەرانی مرۆڤ، بەڵام سروشتی مرۆڤ گوێ ڕایەڵی و قبوڵ کردنی هەموو شتەکانی سەرکردەکان لەلایەن نەتەوەکانیانەوە ئەوانی گەیاندە لوتکە .

پێویستە خەڵك یەکێك هەڵبژێرن بە سەرۆك بە دیهێنەری هیواکانیان بێت، چونکە زۆر هەڵەن ئەگەر وا بیر بکەنەوە هەموو سەرۆکەکان بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان ناخەنە پێش بەرژەوەندی گشتی، ئەگەر سەرۆك بە هەڵبژاردنی ئازادانە یا بە ڕێگەی سیاسی و ڕێکەووتن لەسەری هەڵبژێرا، هەموومان بیر کردنەوەمان وایە کەسی هەڵبژێراو لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبیریەوە لە هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکەی باشتر نیە، کەواتە ئەو هۆکارانە چین کەوا لەو کەسانە دەکات سەرکەوتن بە دەست بهێنن لەسەرکردایەتی کردنی ئەوانەی کە لەو باشترن لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبیریەوە .

پەیڕەو کردن و کۆبونەوەی کۆمەڵێك خەڵك لە ژێر سایەی سەرۆکێك دا لێهاتویی ئەو کەسە دەسەلمێنیٚ لە ڕووی ئازایی، بوێری، ڕاستگۆیی، قسەخۆشی، بەخشندەیی، زانایی، خۆڕاگری و فیداکاری لە پێناوی نەتەوەکەی دا .

سەرۆك لەکاتی ڕێبەڕایەتی کردنی خەڵکدا پێویستە ئامانجی ڕون و دیاری کراوی هەبێت، لوت بەرزی و خۆ بە گەورە زانین بەرامبەر دەور و بەرەکەی لە گەورەیی سەرۆك کەم دەکاتەوە، هەر وەك خۆڕاگری و دان بەخۆدا گرتن لەکاتی بڕیاردان و کارەسات دا هۆی سەرکەوتنیەتی .

سەرۆك مرۆڤێکی ئاسایی نیە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بەسەرنجەوە لە بڕیار و هەڵس و کەوتەکانی دەڕوانن، لە هەر گۆڕان کاریەك دا خاڵی سەرەکی و پشکی شێری بەردەکەوێت، لە کاتی تەنگانە و کارەسات دا هەڵە و سەر لێشێوانی سەرۆك ماڵوێرانی گەورەی بە دواوەیە ، ئەگەر چارە سەریش بکرێت تا ڕۆژگارێکی درێژ کاریگەری و شوێنەواری هەر دەمێنیٚ.

پێویستە سەرۆك پێش هەر بڕیارێك بیر لە لایەنی باش و خراپی بڕیارەکە بکاتەوە، چونکە زۆر جار بڕیاری سەرۆك مەینەتی و ئازاری زۆری لێ دەکەوێتەوە ئەم باسە لێدوانی دەوێ، چونکە سەرۆك کاریگەری گرنگی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك دا هەیە و بڕیارەکانی لە بارودۆخی نا ئاسایی دا ڕەنگ دانەوەی لەسەر داهاتووی ژیانی خەڵك دەبێت، هەر هەڵەیەك لە سیاسەتی سەرۆك دا خەڵك تووشی لە ناوبردن و ماڵ وێرانی دەکاتەوە .

ئەگەر سەرۆك توند و تیژی لەگەڵ گەلەکەی ژێر دەسەڵاتی خۆی دا پەیڕەو کرد، ئەگەری ئەوە هەیە خۆی هەر بەڕێگای توند و تیژی کۆتایی بە ژیانی خۆی ودەسەڵاتی بێت.

سەرۆکی سەر کێش و توند ڕەو خۆی هەمە کارەیە و جەمسەری بڕیارەکان لای خۆیەتی و تاك لایەنە بڕیار دەدات ئەمەش زۆر جار کارەساتی لێ دەکەوێتەوە.

سەرۆکی سەر کێش توند ڕەو، لووت بەرز، کەللەڕەق، دڕندە، ملهوڕ، قین لە دڵ، بێبەزە، بەد گومان و ترسنۆکە لەکاتی بڕیار دا گوێ بەکەس نادا لە ئەنجام دا تووشی هەڵە و شکست دەبێ و لە کاتی شکست و تەنگانەش دا پێچەوانەی کاتی بڕیار پەشۆکان و ترس و نائارامی بڕستی لێ دەبڕێ .

بەم پێیە سەرۆکی عیراق لە کاتی بڕیاردا گوێ بە هیچ کەس نادا، سەدام خاوەن بەهرە بوو لەم ڕووەوە لە سەرکەوتن گەورە ترین بڕیاری دەدا و لە تێشکانیش دا ترسنۆك ترین سەرکردەی عەرەب بوو، داگیر کردنی کوەیت و مەستی سەر کەوتنەکان سەدام حسەینی تووشی وڕێنە کرد بوو "گرتنی کوەیت بڕیارێك بوو لەسەر بنەمای خەونێك درا بوو، دیکتاتۆر خەوی بینیبوو دەبوو جێ بە جێی بکات، لەکۆبونەوەك دا لە 10-8-1990 لەگەڵ مخابەراتی عیراق سەدام حسین بەلووت بەرزیەوە گووتی: گرتنی کوەیت ئیرادەی خوابوو ڕۆڵی ئێمەش تەنها جێ بەجێ کردنەکەی بوو نەك بڕیارێکی تاکە کەس بوو بێت ".(23)

سەرەڕای ئامۆژگاری و بەتەنگەوە هاتنی وولاتانی دەر و دراوسێ و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بۆ کشانەوەی عیراق لە کوەیت، بەڵام سەدام ڕۆژ بە ڕۆژ سەر کێش تر و توند ڕەو

تر دەبوو، هەمیشە دەیگووت کوەیت خاکی عیراق بووە و ئێستا گەڕایەوە سەر شوێنی بنە ڕەتی خۆی .

دوای ئەوەی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و هاو پەیمانان لە سەدام نائومێد بوون لەوەی لە کوەیت بکشێتەوە، ئیتر هێزیان لەسەر کۆ کردەوە و لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 1991 بۆ دوا جار ئاگاداریان کردەوە ئەگەر تا حەفتا و دوو کاتژمێری دیکە لە کوەیت نەکشێتەوە ئەوا هێرشە ئاسمانیەکانیان بۆ سەر خاکی عیراق دەست پێ دەکەن، بەڵام سەدام گوێی بە بڕیاری هاوپەیمانان نەدا، دوا کات بۆ بڕیاری هاوپەیمانان کاتژمێری یەکی نیوە شەوی حەڤدەی کانوونی یەکەمی 1991 بوو لە نیوە شەو لەکاتی خەو دا لە دەنگی تەقینەوەی بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بە ئاگا هاتمەوە لە جێگاکەم هاتمە دەرەوە بۆ ناو ڕاڕەوەکە لەو کاتە دا عەزیز لازار هات گووتی :

کوڕە عیراقیان هەر سووتاند !

– چی بووە ؟

– دوای ئەوەی عیراق سەرکێشی لە بڕیاری هاوپەیمانان کرد، گوێ بگرە چۆن فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بۆردومانی دامەزراوەکانی عیراق دەکەن .

لە دەورەی بەندیخانەی بادۆش چەندین دامەزراوەی وەك کارگەی چیمەنتۆ و ئەم بابەتانە هەبوو هەموویان تێك و پێك دا، حەشارگەیەکی تەقەمەنی لەو ناوە هەبوو ئاگریان تێ بەردا و تا چەند ڕۆژێك هەر تەقەمەنی لەناو دا دەتەقیەوە .

ئێمە لە پەنجەرەکانی بەندیخانەوە سەیری بۆردومانی فڕۆکەکانی هاو پەیمانانمان دەکرد، بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە تەماشای تێك دانی سیمایووڵاتەکەی خۆمان دەکرد لەلایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانانەوە، لەکاتێك دا ئادەمیزاد گیانی خۆی لە پێناوی نیشتمان دا بەخت دەکات، بەڵام بە هۆی سەر کێشی و توند ڕەوی و کەم ئەزمونی سەدامەوە ئێمە

بەتێك دانی وولاّتەكەی خۆمان لەلایەن فرۆكەكانی هاوپەیمانان خۆشحالّ بووین .

## گەردەلولی بیابان

داگیر كردن و هەلّكوتینە سەر، هێرش كردنی ئادەمیزاد بۆ سەر یەكتری مێژوویەكی دوور و درێژی هەیە، ئیمپڕاتۆرەكانی ئاشووری، بابلی، ڕۆمانی، یۆنانی، عوسمانی، سەفەوی و چەندانی دیكە هەمیشە هێرشیان كردۆتە سەر نەتەوە بێ هێزەكان، وولاّتەكەیان وێران و نەتەوەكەشیان بەد بەخت كردووە، نەتەوە داگیر كراوەكان هەمیشە بە چاوی پڕ ڕق و گیانی تۆلّە سەندنەوە لە وولاّتە داگیر كەرەكەیان ڕوانیوە، هەموو داگیر كەرێك ڕەزا قورس و چارە گرانە، جێگای بێزاری وولاّتە داگیر كراوەكەیە، تاكە داگیر كەرێك ڕۆح سوك و خۆشەویست بووبێ لەم ڕۆژگارە دا، وولاّتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانیەتی لە داگیر كردنی عیراق و لە ناو بردنی سەدام و حزبی بەعس، خەلّكی عیراق بە چاوی ڕێزەوە لێ یان دەڕوانین بۆ ئەوەی لە ژێر جەور و ستەمی دەسەلاّتی بەعس و فەرمان ڕەوایی سەدام ڕزگایان ببێت .

هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانان ئەگەر چی بنەمای ئابووری و ئاوەدانی عیراقی تێك و پێك دا، بەلاّم سەدامی سەر كێش و كەللە ڕەقی نەگەیاندە ئەو باوەڕەی لە كوەیت بكشێتەوە، ناچار هاوپەیمانان بۆ لووت شكاندن و تەمێ كردنی سەدام هێرشی زەمینیان دەست پێ كرد لە ژێر ناوی (گەردەلولی بیابان ) دا بە سەركردایەتی سوارشكۆف سەرۆكی هێزی هاوپەیمانان، لەئەنجامی سەركێشی و لووت بەرزی سەدام بووە هۆی شكستێكی گەورەی سوپای عێراق .

كاتێ سەدام لەوە دلّنیا بوو هاوپەیمانان دەست هەلّناگرن بەزەبری هێز لە كوەیت دەری دەكەن كەوتە تێك دان و وێران كردنی كوەیت، سیمای وولاّتەكەیان تێك دا، سەروەت و سامانیان ساف لە ساف تالاّن كرد، ئاگریان لە چالّە نەوتەكان بەردا، دوكەلّ بەری ئاسمانی گرت، سروشت دەوری هەلّسوڕانی لێ گۆڕا لەكاتی باران بارین دا لە جیاتی دلّۆپە

بارانی ڕون و مرواری ڕەشاوێك دەهاتە خوارەوە مرۆڤی هۆشمەند سەر سام دەبوو، سەرکردە بەعسیەکان نەك هەر خەڵکیان کوشت، بەڵکو سروشتەکەشیان ژەهراوی کرد، ووڵاتێکی وێران و سەقەت و گڕ گرتویان بەجێ هێشت .

دوای حەوت مانگ لە 28-2-1992 سوپای هێزی هاوپەیمانان دوا بەدوای هێزی هەڵاتووی عێراق گەیشتنە قوڵایی خاکی عێراق و شەڕی کەنداوی دووەم کۆتایی هات، هێزە سەربازیەکانی عیراق بە هۆی هێزی هاوپەیمانان لە کوەیت وەدەر نران، سوپاکەیان ئیفلیج و سەربازەکانیشیان پەڕاگەندە بوون، ئاداریان بەسەر پادارەوە نەما، بە تێك شکاوی و بە ڕوخاوی لە کوەیت دەر کران، لەو پەڕی ناچاری و پەرێشانی دا لە ژێر خێمەکەی سەفوان بە چۆك دا هاتن، هەموو شتێکیان قبولْ کرد، شەڕیان ڕاگرت، ئەمریکا و هاوپەیمانەکان داوا و بڕیارەکانی خۆیان بەسەر عیراق دا سەپاند، نەتەوە یەکگرتووەکانیش سەرەڕای گەمارۆی ئابووری بڕیاری ژمارە 1442 ی دەر کرد دەربارەی چەك داماڵینی عیراق لەکاتی هەر سەرپێچی کردنێك دا .

گەلانی عیراق لە باکور و باشور دژی دەسەڵاتی بەعس ڕاپەڕین بە هۆی لاوازی بەعس بۆ ڕزگار بوون لە ژێر فەرمان ڕەوایی سەدام، بەڵام بەعسیەکان زۆر دڕندانە بەرەو ڕوویان بونەوە داخی دڵی خۆیان و تێشکانی ڕابردوویان بەخەڵکی عیراق ڕشت، هەزاران کەسیان لە سەر شەقامەکان کوشت، هەزارانیان خستە بەندیخانەوە بە هەزارانیش دەربەدەر بوون، لە سایەی بەعسیەکان و سەدام دا عیراق بووە ووڵاتێکی دەردە دار و برسی و وێران، ژیان لەو پەڕی نائومێدی و چارە ڕەشی دەگوزەرا، هێزەکانی سەدام وەك سەگی هار پەلاماری هاووڵاتیانی خۆی دەدا، تاکە هیوایەك کە خەڵکی عیراق لەسەر هێزی هاوپەیمانان هەڵی چنی بوو ئەویش نەما، ئەمریکا جەماوەری عیراقی لەناو ئاگر دابەجێ هێشت،تەنها کارێك لە دەستی هات هەردوو بەشی باکور و باشوریلەفرینی فرۆکەکانی عیراق قەدەغە کرد.

ژیانی کارەسات باری خەڵکی عیراق هێندە دژوار بوو هیچ زمانێك ناتوانێ دەری

ببڕێ، هیچ قەڵەمێك ناتوانێ بینوسێتەوە، ئاوازی هیچ مۆسیقایەك تەعبیر لەو کارەساتە ناکات، ژیان هەموو ساتێك مردنێکە، تاکە هیوا بۆ دەرچوون لەم مەینەتە شەقی ڕۆژگارە بۆ سەدام و بەعسیەکان .

## لێبوردنی ساختە

بۆ چەواشە و سەر لێ شێوانی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی حکومەتی بەعس لە 21-1-1991 دەنگۆی لێبوردنی گشتی بۆ بەندیە سیاسیەکانی بڵاو کردەوە، بەڵام هیچ کاریگەری لەسەر خەڵك نەبوو چونکە کەس باوەڕی بەم لێبوردنە نەبوو لە کۆتایش دا هەر وادەرچوو، دوای ماوەیەك دەنگۆیەکە سارد بووەوە لە دوا جاردا لە ناو هەموو بەندیەسیاسیەکان دا 158 بەندی بەردا لەلای ئێمە تەنها حەوت کەسی گرتەوە، بەداخەوە تەنها ناوی ئیبراهیم مەعروف و ئەحمەد عەبدول ڕەحمان بێلاوەیم لەبیر ماوە، ئەوانیش ماددەی حوکمەکەیان زۆر سەخت نەبوو لەڕاستی دا نەدەبوو هەر گیرابان هەر لەبەر ئەمەش لیبووردنەکە گرنگی وای نەبوو.

## خێزانی بەختەوەر

خێزانی بەختەوەر، پێناسەیەکی کورتە بۆ هەر دوو هاوسەر(ژن ومێرد ) کەوا بە هاوکاری و خۆشەویستی، وەفاداری، ڕاستگۆیی، لێزانی و سەرکەوتوویی ژیان بگوزەرێنن، ژن لایەنێکی گرنگە لە پێك هاتنی ژیانێکی ئارام و ئاسودە، دەڵێن لە پشت هەر پیاوێکی مەزنەوە ژنێك هەیە واتە : ژن دەورێکی گرنگ دەگێڕێ لە ژیانی پیاو دا، دەتوانێت کەش و هەوای گونجاو لە ماڵەوە بڕخسێنێت تا بە هۆیەوە چالاکی مێردەکەی گەشە بکا و هەمیشە بە ئاسودەییەوە بەرەو شوێنی کارەکەی بڕوات، بەڕای من ئەمە ئاسان ترین و گرنگ ترین لایەنی ژیانە، ژن دەتوانێت لەبەر چاوی بگرێت و جێ بەجێ ی بکات .

ژن ئەگەر ئارەزوو بکات دەتوانێت هاوکار بێت بۆ سەرکەوتنی مێردەکەی بە هۆی هەلوێستی نەرم و نیان و ستایش کردنی کارەکانی بۆ هاندان و بەردەوام بوونی، بە

پێچەوانەوە نەبێتە ڕێگر لەو کارەی خۆی ئارەزوویەتی هەر چەندە سەرکێشی و ماندوو بوون و شەکەتی تێدا بێت مێرد هەر چەندە شەیدای کارەکەی بێت تووشی نیگەرانی و شەکەتی دەبێت، ژن پێویستە بە هۆی پێشوازی گەرم و میهرەبانی ئەم نیگەرانی و شەکەتیە نەهێڵێت، کەسی شەکەت و نیگەران لە زۆر شت بیزار دەبێت لێ گەڕێ هەر چۆن ئاسودە دەبێت، چونکە باش ترین شوێن بە ئاسودەیی پشوی تێدا بدات ماڵەکەی خۆیەتی .

لەوانەیە چۆنیەتی کاری مێردەکەی لەسەرەتا نەبێتە هۆی کاریگەری لەسەر ناوبانگی، بەڵام بەتێپەر بوونی کات ڕەنگە ببێتە لایەنێك لە بوارە سەرکەوتووەکانی ڕۆژگار، خەڵکی تریش هەر وایە "کەس لە پڕێك نەبووە بەکوڕێك"، هەموو کەس هەنگاو بە هەنگاو بە هۆی تێکۆشان بە پلەی بەرز گەیشتوون پێویستە ژنەکەی وا خۆی پیشان بدات سەرکەوتنی مێردەکەی کاریگەری لەسەر ئەویش هەیە .

زۆر ژن هەن خاڵی لاوازی مێردەکانیان دەقۆزنەوە بۆ سەرکەوتن بەسەر مێردەکانیان دا بیانوو دەگرن، ئاژاوە دەنێنەوە بۆ دەستەبەر کردنی داخوازیەکانیان، ئەمە کردەوەیەکی پیسە ئەگەر هەندێك جار سەرکەوتن بە دەست بێنێت بەڵام زۆر جار نەهامەتی لێ دەکەوێتەوە

ژن ئەگەر خۆی هەست بکات یا نا زۆر جار دەبێتە لەمپەر لەبەر دەم سەرکەوتنی مێردەکەی بە هۆی فشار و هەڵچونی بێ بناغە و بەردەوام، دەست وەردان لە کاری ڕۆژانەی مێردەکەی، بێزاری دەربڕین لە خزم و هاوڕێکانی، هاندان لە دژی بەرپرسەکان بێزاری و سکاڵا کردنی بەردەوام لەگەڵ چەندین بابەتی هاوشیوەی ئەمانە کە هەموویان دەبنە مایەی مەینەت و نیگەرانی .

لێرە دا قسە گەلێك دروست دەبێت کە ژن ئەو بوونەوەرە جوان و ناسکە نیە کە سەر چاوەی هەست و هیواکانمان بێت، کاریگەری ژن و هاندانی قابیل بۆ لە ناو بردنی هابیلی برای لە ڕووی دینەوە سەرچاوەی فیتنەیە.

قولابی مژۆڵی حەوا بوو بە هاندان و دنە دانی بەردەوام ئادەمی فریودا بۆ سەرپێچی پەروەردگار و لە ناو مێرگ و بن دارەکانی سەر ڕوباری مەی سەرخۆش نەکەری بە هەشتەوە توڕ هەڵدایە ناو مەینەتی سەر زەوی و زۆربەی نەوەکانیش بۆ ناو ئازار و چاڵە ئاگرینەکانی دۆزەخ.

هاوسەرەکەی من زۆر لایەنی کەم و کوڕی ژیانی منی پڕ کردۆتەوە، هێشتا منداڵ بووم کە دایکم مرد، لەبەر ئەوە وەك پێویست پەروەردە نەکرام، لەگەڵ ئەو ئافرەتانە ڕانەهاتووم کە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەم لەگەڵ دابوون، ئەو ئافرەتانەی ڕێکەوتیشم کرد بوون هەڵسوکوتیان باش نەبوو لەگەڵم دا تووشی نائومێدیان کردم، بەڵام لە دوا جاردا بەختم باشی هێنا، لەو ڕۆژەی بوکیان بۆ دابەزاندم کەوتمە لاپەڕەیەکی تری ژیانەوە، ڕێکەوتی ژنێکی نایاب و زرنگم کرد بوو، باشتر لە دایك و خوشکی خۆم هەلسوکەوتی لەگەڵ دەکردم، هەڵبەت ئەو فریشتە نازدار و شۆخ و شەنگە نەبوو کە هەست و خەیاڵی من بەدوای دا وێڵ بوو، بەڵام هەر لە سەرەتای ژیانی هاوسەریمان بەخۆشەویستیەکی قوڵەوە لە دڵی من دا جێگای خۆی کردەوە، بووە هاو سەفەری ڕێگای ژیانی پڕ کێشە و کوێرەوەری و ناخۆشی من، نیوەی خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیانی لەگەڵ لەت کردووم، هەمیشە لەگەڵ ئەو دا هەستم بە ئاسودەیی کردووە، من لەژیان دا پیاوێکی دڵ شکاو و پڕ مەینەتم زۆر جار نیگەران و بیانوو گریشم، بەڵام ئەو بە ئەزمون و لێهاتوویی خۆی ڕێگای بیانوو گرتنی لێ بڕیووم، ئەگەر واش ڕیکەوتبێ تووڕە بوویم بە هێمنی و لەسەرخۆ هاوکاری کردووم تا ئاسایی بوومەتەوە،بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم ئەویش ژنە لە هاوڕەگەزەکانی خۆی بەدەرنیە،زۆرجار بەهۆی ڕەفتارەبێزارکەرەکانی ئازارم دەدا.

لە ماوەی گیرانم دا سەری لێ نەبڕیوم، هەمیشە منداڵەکانی لەگەڵ خۆی دەهێنا بۆسەردانم، لە هاتنی ئەسعەدی حەمە عەلی و حسین محەمەد قادر و ڕەسوڵ بچکۆل و هاوڕێکانمان ئاگادار بوو، دەیزانی لەگەڵ ئەوانەدا باسی سیاسەت و حزبایەتی دەکەین، ئاڵو

گۆڕی بیر و ڕای بەندیخانە و دەرەوە دەکەین، نیگەرانی ئەوە بوو تووشی بەڵایەك بم، مەینەتیەکی دیکەشم بەسەر بێت، هەر چەندە باری دارایی خراپ نەبوو، بەڵام کێشەی ژیان و کەوتنەوەی پێنج منداڵ بەسەری دا کارێکی ئاسان نەبوو، لە یەکێك لە سەردانەکان کە تەنها شەماڵی کوڕە بچوکەکەمانی هێنا بوو، هەر چەندە وا خۆی پیشان دەدا بە هێز دیار بێت، بەڵام من هەستم بەناخی دەرونی دەکرد، فاتمی خوشکی لەوێ بوو، ئەویش لەم ئازارەی دڵی خوشکەکەی بێ ئاگا نەبووفاتم کەوتە ئامۆژگاری کردنی ئەو لە وەڵامی دا گووتی:

زۆر دەمێکە ئازار بەدەستیەوە دەچێژم هەر کاتێك دەهاتە ماڵەوە هەر بڵاو کراوە و کۆبونەوە لە کایە دابوون، لە هەر بارێکەوە قسەی لەگەڵ بکرایە هەر باسی شۆڤێنی و داگیر کەر و خائن و کوشتن و لە ناو بردنی دەکرد، بێ لەبەر چاو گرتنی هیچ شتێك، دەمزانی تووشی ئەم ڕۆژە دەبێت، بۆیە هەمیشە بە نیگەرانیەوە دەمڕوانیە داهاتوو، هەر کاتێکیش لە دەرەوە بوایە لەگەڵ هەر دەنگێکی نا ئاسایی، لەگەڵ هەر لێدانێکی زەنگی تەلەفۆن، لەگەڵ خێرا ڕۆیشتنی هەر ناسیاوێك بۆ لامان ڕادەچەنیم، یەکسەر بیرم لەوە دەکردەوە هەواڵێکی ناخۆش، کوشتن یاخود گیرانی ئەوم بدەنێ، دوا جار ئەوەی لێ ی دەترسام هاتە جێ لەبەر دەمی من پێچایانەوە، دەست و چاویان بە چۆڵە پێچە بەستن، بە پاڵە پەستۆ لە ئۆتۆمبیلیان پەستاوت، بەڵایەکیان بەسەر هێنایین ئەوەتا هەمووەمان پێیەوە دەناڵێنین، دڵنیام لێرەش واز ناهێنێ، لە دەرەوە جۆرێکی تر بوو، خۆشم هاوکاری بووم، بەڵام ئاخر ئێرە قەفەزێکی ئاسنینە و ئەویش مەلێکی بێ پەڕ و باڵ، لە ناو بەندیخانە دا کار و تاوانەکەشی سەخت ترە ڕەنگە وەك پێشتر هەر بڕوا پێکراوەکانی خۆی تووشی بەڵایەکی دیکەی بکەن فاتمی خوشکی گووتی :

هێمن بە لەوە زیاتر خۆت شەکەت مەکە، چونکە ئەوەی تۆ مەبەستتە لێ ی تێ ناگەم، یا باشتر وایە بڵێم نامەوێ لێ ی تێ بگەم چونکە منیش لەگەڵی دا هاوڕام و ئەو ڕێگایە بە

پیرۆز دەزانم، کەسیش ئامادە نیە سەر زەنشتی هاوڕاکەی خۆی بکات، بەڵام ڕاست بڵێ تۆ چیت لێ دەوێ، ئەویش بە هەناسە هەڵکێشانی قوڵی پڕ لە نائومێدیەوە گووتی :

تەنها ئەوەم لێ دەوێت لێرە دەست لەم جۆرە کارانە هەڵگرێت، چونکە مەترسی ئەوەم هەیە بڵایەکی گەورە تری بەسەر بێت و هەتا هەتایە نەیبینمەوە و منداڵەکانم هەتیو بکەونەوە و بە یەکجاری لە دیداری بابیان بێ بەش بن، لە کاتێکدا بەرەو ڕووی لای من بوو، قورگی پڕ بوو لە گریان هیچ قسەی بۆ نەکرا، دەستی منداڵەکەی گرت وبە چاوی پڕ لە فرمێسك و قورگی پڕ لە گریانەوە گووتی:

–ڕەسولْ داوای لێبوردنت لێ دەکەم .

شەکەت و بێزار پشتی لەمن کرد و قاچەکانی بە دوای خۆی دا ڕادەکێشا، هێشتا منداڵەکەمان ئاوڕی لەمن دەدایەوە بە دەست بای ... بای بۆ دەکردم، منیش بۆ دڵخۆش کردنی کەمێك دەستم بەرز دەکردەوە، بەڵام لە ناخم دا دەکوڵام، دەتگووت بەسەر دنیاوە نیم، حەپەسا بووم، وەك نەمام لەجێگای خۆم چەقی بووم،فاتم لەپاش پشتم ڕاوەشتابوو بەهێمنی وبەدەنگێکی ئەسپایی‌گووتی:

– ئەو تۆی زۆر خۆش دەوێ، هەمیشە نیگەرانی تۆیە، بەڵام ئەوەی تۆ لە هەستت دایە و دەیکەی ئەو پێ ی قبولْ ناکرێت، لێ گەڕێ با لەگەڵ هەستی خۆی دا ڕاوێژ بکات و پشویەك بدات و کەمێك بێتەوە سەر خۆی تێ دەگا کەند و کۆسپ و گەوە و لاپاڵی ژیان ئەم جۆرە ژیانەشی تێدایە، ئینجا گووتی :

– ئەگەر ڕاسپاردەیەکت هەیە ئەگینا درەنگمان کردووە، پێویستە بڕۆین لە چاوی دا دنیایەك میهرەبانی دەخوێندرایەوە. منیش گووتم :

– تەنها ڕاسپاردەم ئەوەیە ئاگاداری منداڵەکان و دایکیان بە .

### هەڵاتنی بەندیەك

شورەی بەرز و سەختی بەندیخانە و دڕندەیی پاسەوانەکان بیری هەڵاتنی بەندیەکانی

کەم نەکرد بووەوە، ئەمجارە مەحمود خەیلانی بڕیاری هەڵاتنی دا بوو، مەحمود ژنێك و دوو منداڵی هەبوو ژنەکەی ئاگادار کرد بووەوە دەیەوێ ڕابکات، ئەویش لەسەر قسەی مەحمود عەبا و جل و بەرگی ژنانەی بۆ هێنا بوو، مەحمود لە ڕۆژی 1-1-1991 لەبن خێمەکەی کەوا بە مەبەستی هاتنی سەردان لە حەوشە هەڵی دا بوو تەواوی موی ڕیش و سمێڵی بە موکێش دەرکێشا بوو، بۆ ئەوەی شێوەی خۆی لە هی ژنان نزیك بکاتەوە و سەرنجی پاسەوانەکان بە لای هەڵە دا بەرێت، لە کاتی تەواو بوونی سەردان و ڕۆیشتنی کەس و کاری بەندیەکان مەحمودیش جل و بەرگی ژنان دەپۆشێ و لە ژێر عەباوە لەگەڵ ئاپۆرەی کەس و کاری بەندیەکان منداڵێك بە باوەشەوە دەگرێت و دەڕواتە دەرەوە، دوای ڕۆیشتنی کەس و کارمان وەك هەموو جارەکانی تر سەرژمێریان کردین ئێمە بێ ئاگا و ئەوان پەرێشان بوون، چەند جارێك سەر ژمێریان کردینەوە، لە ناو بەندیەکان دا بووە مقۆ مقۆ زانیمان شتێك ڕووی داوە بەڵام کارەکە ڕوون نەبوو، تا لە دوای گەڕانی هەموو شوێنێك تەواوی ژوور و هۆڵ و ئاودەست و گەرماوەکان گوتیان: مەحمود خەیلانی هەڵاتووە، زاهیر لاوێکی کەرکوکی بوو لە ژوورێك دا لەگەڵ مەحمود خەیلانی پێکەوە دەژیان ئەگەر چی بێ ئاگا بوو، بەڵام زاهیریان تاوانبار کرد گوایە چونکە لە ژوورێك دا بەیەکەوەن ئەبێ بزانێت چۆن ڕۆیشتووە، خودێدە لاوێکی ئێزدی بوو لە حەوشە خێمەی لە تەنیشت مەحمود هەڵ دابوو، ئەویش تاوانبار کرا بەوەی هاوکاری مەحمودی کردووە لە هەڵاتن دا، بەڵام هەر نەدۆزرایەوە، دواتر جەلال سەید مستەفا گوتبووی من لە ڕاڕەوەکە بینیومە، جەلال کوڕێکی دڵپاك و بێ خەوش بوو لە پاکی خۆی ئەوەی گوتبوو ئەگینا زۆر شارەزای مەحمود نەبوو، ئەم ووتەی جەلال بووە بەڵای سەر و ئەویش تاوانبار کرا بەوەی هاوکاری مەحمود خەیلانی کردووە، هەر سێکیان لە ئێمە جیا کردنەوە، بردیاننە دائرەی بەندیخانە هەوڵی زۆرمان دا هەرایەکی گەورەمان نایەوە پاسەوانەکان تەواو گرفتار بوو بوون، لە دوا جار دا ئەوان سەرکەوتن جەلال و زاهیر و خودێدەیان بردن، بێ تاوان زۆریان لێ دابوون بە شێوەیەك خودێدەیان

لەبەر شەکەتی بردە نەخۆشخانە، دوایی هەر ئەو ڕۆژە هەر سێکیان بەڕێ کرد بوون بۆ ئەبو غرێب بۆ بەشی چاودێری لە سێدارە دان دوای ماوەیەك دابەزێنران .

لەلایەکی تریش هەڕەشە و گوڕەشەیان لەسەر ئێمە زیاد کرد و دەیان گووت وا بەشوێن مەحمودمان دا ناردووە دڵنیا بن دەیگرینەوە، بەڵام بارودۆخی عێراق هی ئەوە نەبوو مەحمود بگێرێتەوە کارەبا بڕا بوو، خەتی تەلەفۆن نەبوو، ڕێگا و بان ئاسایشی نەبوو، مەحمود ڕۆیشت و نەگەڕایەوە بەڵام ژیانی ئێمە ڕووی لە ناخۆشی کرد، ئەو پەڕی توند و تیژیان دەنواند، هەموو دەرگا و پەنجەرەیان زیاتر شیش بەند کرد، سەربان و شوێنە بە تاڵەکان بە تەل دڕوو گیران، هات و چوونە دەرەوە سەخت تر بوو، هاتن و چوونی کەس و کارمان کێشەی بۆ دروست دەکرا، پێش ڕۆیشتنیان ئەبوایە بچوونایە حەوشە، ئێمە سەرژمێر بکراینایە ئینجا ئەوان ڕێگە
دەدران بڕۆنە دەرەوە .

## شکاندنی بەندیخانە

مرۆڤ هەمیشە شانازی بەڕابردوو دوێنیٚ وە دەکات خۆشی و ناخۆشیەکانی لاپیرۆزە، چێژ لە ناخۆشیەکانی دەبینیٚ لە کاتی تاڵیەکانیش دا خۆی وەك پاڵەوانێك دێتە بەرچاو .

خۆشەویستەکانم ئێوە هەر کار و پیشەیەکتان هەبێت هەر چۆنێك بیر بکەنەوە جیاوازە لە هی من، دەزانم بە بینینی ئەم ناو نیشانەی سەرەوە لەوانەیە قا قایەك بکەیت بڵێیت لەناو چوار دیواری بەندیخانەی حکومەتێك کە باوەڕی بە هیچ یاساو ڕیسایەکی جیهانی نیە، باوەڕی بەڕای جیاواز و ئازادی نیە، هەرچی یەك بکەیت بە ئەشکەنجە و ئاگر و ئاسن وەڵامت دەداتەوە، ئەی چۆن دەکرێت لە حاڵێکی وادا بیر لە کارێکی وا سەخت و پڕ کێشە بکرێتەوە کە زیاتر لە مەرگ نزیکە، بەڵام نا... ئەزیزەکەم هەرگیز مرۆڤ نابیٚ لە ئاست داهاتوو دەستە وستان و بیٚ دەنگ بیٚ، ئەبیٚ هەمیشە هەوڵ بدات بۆ ئەنجام دانی ئەو هەستەی لە مێشکی دایە کۆشش بکات،بیٚ گومان کۆڵ نەدان هۆی سەرکەوتنە،بەندی

هەمیشەلەبیری بەندیخانەشکاندن و ڕاکردن دایە، ئێمە یەکێك بووین لەوانە  هەمیشە ئەو کارە لە هزر و خەیاڵمان دابوو. لە بەندیخانە دا بەقەد پێویستی نەخۆشیەکەم دەرمانیان پێ نەدەدام لەبەر ئەوەماڵەوەمان لەگەڵ سەردان لەدەرەوە لە ناو نوردووە نان و پێخۆر دا دەرمانیان دەشاردەوە و بۆیان دەهێنام بۆ کەم کردنەوەی نەخۆشیەکەم دەوری گرنگی هەبوو، بەڵام هێشتا زۆر جار پەرێشانی دەکردم، شەوێك هەناسەم توند بوو چوومە دەرەوە بۆ ڕاڕەوە درێژەکە لەبەر پەنجەرەیەك وەستام تاکو هەوای پاکم بۆ بێت و کەمێك ئاسودە تر بم، لە ڕاڕوەکەی تەنیشتی گوێم لە چپە چپی قسە کردن بوو، چووم بزانم بەم درەنگی شەوە کێیە وەك من نەخۆشە یا خەوی لێ ڕەوییوە، سەیرم کرد قادر بادینی و محەمەد ڕۆستەم پێکەوە پیاسە دەکەن و بە هێمنی بۆ یەك دەدوان،ئەوانە هەر دووکیان هاوڕێ و خۆشەویستی من بوون گووتم:

– چی یە…بەم نیوە شەوە لەبەر چی نەخەوتوون ؟

بەگاڵتەوە گووتیان :

– ناتەوێ لێرە ڕزگار بیت ؟!

هەر چەند بەگاڵتەوە قسەیان کرد بەڵام زۆر شتم لە چاویان دا دەخوێندەوە، بە بیستنی ئەم قسەیە لە ناو گێژاوی ترس و خۆشیەکی زۆر دا بە قوڵایی جۆش و خرۆشێکی سەر سوڕ هێنەر دا شۆڕ بوومەوە، وام لێك دایەوە دیارە پێشتر لەگەڵ هاوڕێکانی خۆیان باس کردووە و بیریان لە چۆنیتی کارەکە کردۆتەوە، دوای کەمێك ڕامان بە باوەڕێکی پتەو گووتم :

– بەرنامەتان چی یە؟ چونکە دەمزانی ئەوانە کوڕی ڕۆژی تەنگانە و خەڵکی کارامە و لێهاتوون، زۆر کاری لەوە زیاتریان لەدەست دێ گووتیان :

دەمانەوێ بە نهێنی و بێ دەنگ پلان بۆ کارێك دابنێین تا بە تەواوی بیری لێ بکەینەوە بزانین چۆن سەرکەوتوو دەبین، پلانی شکاندنی دەرگای بەندیخانە کارێکی ئاسان نیە، پێویستی بە هەوڵ و بیر کردنەوەیە بڕیارمان دا بە نهێنی بمێنێتەوە تا کاتێکی دیکە، دوای

ماوەیەك داوایان كرد قسە لەگەڵ مامۆستا نەسروڵڵا بكەم، دوای ئامادەیی مامۆستا نەسروڵڵا قادر بادینی و محەمەد ڕۆستەم و چەند برادەرێكی دیكە كۆبونەوەیەكمان كرد. زۆر قسە كرا، پلان دانرا، تا  لە دوا جاردا گەیشتینە ئەوەی پاسەوانەكان بانگ هێشتی نان خواردنی ئێوارە بكرێن بۆ ژووری خەڵەف گەڕ گەڕی، ئەوەش كارێكی زۆر گران نەبوو، سەرەڕای ئەوەی بە هۆی بار و دۆخی عیراق خواردنیان خراپ بوو دۆستی خەڵەف گەڕ گەڕیش بوون، بیر لەوە كرایەوە چەند مەفرەزەیەكی دە كەسی دروست بكرێت هەر یەك لەو مەفرەزانە یەكێكی كارامە سەرپەرشتی بكات وەك محەمەد ڕۆستەم، فەخرەدین، ڕزگار، حەمە قرگەیی، هەر یەكێك بەدار و پەتێكەوە ئامادە بێت بۆ ئەوەی ئەگەر سەركێشیان كرد بە دارەكە لێ یان بدەن و بە پەتەكەش دەستیان ببەستن، هەر كەسە ئەركی تایبەتی پێ سپێرا دوو مەفرەزە بۆ پاسەوانەكان یەكێك بۆ ئەو پاسەوانەی دەرەوە كە دەمێنێتەوە، یەكێك بۆ ئەو بەندیانەی بە خیانەتكار و سەر بەدائرەیان تێ گەیشبووین، یەكێك بۆ ئاسایشی ناو بەندیخانە، باسی ئەوە كرا چەك بهێنرێتە ناو بەندیخانە لەكاتی سەردان ڕەنگە هێنرا بێ من ئاگادار نەبووم، بیر لەوە كرایەوە گەلابەیەك پەیدا بكرێت بۆ ئەوەی لە زووترین كات دا بگەینە سنووری سوریا نەمان توانی ئەوە جێ بە جێ بكەین .

بڕیاردرا ئێوارەی 22–2–1991پاسەوانەكان بانگ بكرێن بۆ ژووری خەڵەف گەڕ گەڕی جگە

لەو پاسەوانەی لە دەرەوە دەمێنێتەوە، كاتی نان خواردنی پاسەوانەكان جێگایەك خواردن بۆ پاسەوانی دەرەوە ببەن گوایە لە پەرۆشی دایە بۆ ئەوەی نان خواردنی دوا نەكەوێت، بەڵام لەگەڵ كردنەوەی دەرگاكە بۆ وەرگرتنی خواردنەكە مەفرەزەی حەمەقرگەیی پەلاماری بدات، ئیتر كلیلە و چەك و بەندیخانەكە دەكەوێتە دەست ئێمە، كارێكی سەركەوتوو پلانێكی باش و داڕێژراو بوو، وا بڕیار بوو كە چوینە دەرەوەی حەوشە ووتارێك بخوێندرێتەوە ئەوانەی ماڵیان نزیكە و دەتوانن خۆیان حەشار بدەن ئاساییە ئەوانەی تر

بەرەو سوریا بەڕێ بکەون، کارەکە بۆ من سەخت بوو چونکە نەخۆش بووم نەمدەتوانی بەرێگاوە برۆم، دەرم نەدەبرد، کە باسی گەلاّبەیان دەکرد زۆرم لاخۆش بوو قدیلکەی دەدام کە وازیان لە بیرۆکەی گەلاّبە هێنا منش ئەو ئومێدەم نەما، بەلاّم وا دیار بوو بیریان لە حالّی منیش کردبوەوە مۆڵەتێکی سەربازی بۆشیان بۆ پەیدا کرد بووم، مامۆستا نەسروڵلاّ بە ترسەوە بۆی پڕ کردمەوە، گوایە سەربازێکی سوپای عیراقم وەحدەکەم لە موسڵە و بە کارێك دەچم بۆ ڕانیە، کاری من لە هەموویان لە بار تر بوو سوپاسی هەمولایەکیان دەکەم .

لە کاتی سەردان ئەوەم بە هاوسەرەکەم گووت: پێویستە گوێ لە ڕادیۆی سوریا و وولاّتانی تر بگرن چونکە ئێمە یەکسەر ڕایدەگەیەنین بە بیستنی ئێوە خۆتان حەشار بدەن، هاوسەرەکەم لەبەر گریان هیچی بۆ نەدەکرا دەیگووت: هەر چۆنێك بێت لێرە جێگەتان دیارە سەردانتان دەکەین، بەلاّم ئەگەر لە کارەکەتان سەرکەوتوو نەبوون ئێمە چی بکەین .

ئێوارەی ڕۆژی دیاری کراو بەندیخانە کەش و هەوایەکی نائاسایی هەبوو، جارێك هەموو بەندیەکان دەهاتنە ڕاڕەوەکە ئاگادار کرانەوە ئاسایی بن ئەوەندە قەرەباڵغی مەکەن، ئەمجارە هەموویان چوونە ژوورەوە بەندیخانە کش و مات بوو ئەویش هەر خراپ بوو، پاسەوانەکانیش لە هاتن دواکەوتن پێمان وابوو هەستیان بە کارەکەمان کردووە، دوای نوێژی شێوان حاجی عومەریان بانگ کرد بۆ ئیدارەی بەندیخانە، حاجی عومەر پیاوێکی سەر و ڕیش سپی تەمەنی لە سەروو حەفتا ساڵی بوو، لە مهاجیری ناو عەشرەتی برادۆست بوو، وا بزانم لەسەر ئەوەگیرا بوو هاوکاری هەندێ کەسی کرد بوو سنوور ببەزێنن، کە حاجی عومەریان بانگ کرد هەمووما ترساین، پێمان وابوو لەبەر ئەوەی لە ئێمە بەتەمەن ترە بۆیە بانگیان کردووە لەسەر ئەو کارە گلەیی و هەڕەشەی لێ بکەن، تا گەڕایەوە هێندەی نەما بوو نەترەمان بچێت، بە شێوەیەکی نائاسایی بەرەو ڕوومان دەهاتەوە هێندەی دیکە ترسمان لێ نیشت وەك ئەوەی هەست بە ترسی ئێمە بکات، هەر لە دوورەوە گووتی: هیچ نیە بەم

ئێوارەیە خزمێکم هاتۆتە سەردانم، دامانە قاقای پێکەنین، بەڵام هێشتا نیگەران بووین، پاش کەمێکی تر مامۆستا نەسروڵڵایان بانگ کرد هەمدیسان ترس هێرشی بۆ هێناین، بەڵام ئەویش هیچ نەبوو بە هۆی کارێکی لاوەکی بانگ کرا بوو.

بە درەنگەوە پاسەوانەکان هاتن، چونکە درەنگ بوو ڕاست چوونە ژووری خەڵەف، وە دڵە کوتە کەوتبووین، هی ترس بوو یاخۆشی، دڵمان زۆر خۆش بوو، پێمان وابوو لە دەرەوەین باوەڕتان بێ پێمان زەوی نەدەگرت بە پەلە بووین بەشە خواردنی پاسەوانەکەی دەرەوەش بهێنن تۆزێك دواکەوت نیگەران بووین، حەمە قڕگەیی خۆی و مەفرەزەکەی لە ژووری ئێمە خۆی مەڵاس دابوو بۆ ئەوەی نان بۆ پاسەوانی دەرکەوان بهێنن و پەلاماری بدات، پاسەوانەکە خۆی هاتە ژوورەوە زۆر لامان سەیر بوو، ئاگاداری هیچ نەبووین، چونکە ژووری ئێمە لە نزیك مەحجەری دەرەوە بوو لە ژووری خەڵەف دوور بوو، زۆری پێ نەچوو پاسەوانە کە گەڕایەوە، یەکێکمان نارد لەم نهێنیە تێ بگەین گووتیان: هەموو شتێك لە جێ ی خۆیەتی، بەڵام لەم کاتەدا پاسەوانەکەی دەرەوە هاتووە گووتی: بەڕێوەبەر لەبەر دەرگایە سەردانی بەشەکانی کردووە، چاوەڕێتانە گوایە لە ژێر لێوەوە گووتبووی ( الجو غیوم ) وەك ئەوەی هەستی بەشتێك کرد بێت بەڵام وا بزانم ئەمە ڕاست نەبوو، گوایە بەڕێوەبەر بۆ پشکنین هاتووە پاسەوانەکان بە پەلە پەل چوونە دەرەوە، ئەوان ڕزگار بوون و ئێمەش ڕیسەکەمان لێ بۆوە خوری، لەترسان هیچمان بۆ نەکرا، دوای ئەوە لە ڕێگای بەندیە خۆفرۆشەکانی بەندیخانەوە بەکارەکەیان زانی، بەڵام بەسەرخۆیان نەهێنا هەر چەندە زۆر توند و تیژیان نواند، بەڵام من پێم وابوو ئەگەر حکومەتی عیراق بارودۆخی ئاسایی بوایە کارێکی خراپی بەسەر دەهێناین .

بەیانی پاسەوانەکان گووتیان : هەمووتان برۆنە دەرەوە بۆ حەوشە. زانیم لە ترسی ئەوەی بەندیەکان چەك و تەقەمەنیان هێنابێ بۆ ناو بەندیخانە ناو ژوور و کەل و پەلەکان دەپشکنن، هێشتا ئومێدم بە مۆڵەتی سەربازیەکە مابوو دڵم نەهات بیدرِم، لەگەڵ خۆم

بردمه دەرەوە کاتیٚ گووتیان: برۆنە ژوورەوە لە ترسی پشکنینی خۆم مۆڵەتەکەم لەبن خۆڵ و بەردێك شاردەوە، بەڵام وەك ئەوەی چاودێریان کردبم ڕەنگە هەر واش بووبیٚ، دوای ئەوەی ئێمەیان کردە ژوورەوە حەوشەکەیان سەنگ و سوژن دا هەموو شوێنێك گەڕان مۆڵەتە سەربازیەکەی منیان دۆزیبووەوە، مامۆستا نەسروڵڵا گووتی: پاسەوانەکان باسیان کردووە، منی تاقی دەکردەوە یا ڕاستی بوو جێگای ترس و نیگەرانی بوو، من ئەوەندەی مامۆستا نەسروڵڵا نەدەترسام، هەقی بوو هەموو کارەکە ئەو ڕێکی خستبوو هەمیشە منەتبارم قەت لە یادم ناچێت، دڵنیام کردەوە هەر شتێك بێت کاری خۆمە و هیچ کەس ئەو ڕێگایەی پیشان نەداوم، دوای توند و تیژیەکی زۆر و هێنانی سەربازی زیاتر، پڕ چەك کردنی پاسەوانەکان، زیاد کردنی پاسەوانی سەر قوللەی دیوارەکان و هەڕەشە و گوڕەشەیەکی زۆر و فشاری لەڕادە بەدەر لە هەموو ڕووەکانەوە دوای ماوەیەك ئینجا تۆزێك بار ودۆخەکە هێمن بووەوە.

## ڕاپەڕینی 1991

ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ بوولەمێژووی تازەی کورد دا،دژی یەکێك لە دڕندە ترین ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی دنیا و خاوەنی گەورە ترین سوپای مرۆیی و تەکنەلۆژی لە ناوچەکەدا کەوا ئەو ڕژێمە دڕندە و شەڕانگێزە بە چەکی کیمیایی و شاڵاوی ئەنفال و لە ناو بردنی کورد و وێران کردنی کوردستان توانی شۆڕشی کورد و نەتەوەی کورد تووشی کارەسات وماڵوێرانی بکات .

دوای تەواو بوونی شەڕی ئێران و شاڵاوی ئەنفال و شکست هێنانی کورد ڕژێمی عیراق دەست بەتاڵ بوو، بواری بۆ ڕەخسا پەلاماری کوەیتی داو داگیری کرد بەمە تەواوی دنیا لەوە تێگەیشتن کەوا بوونی ئەم ڕژێمە جێگای ترس و کارەساتە بۆ سەر مرۆڤایەتی، ئەمە بووە هۆی ئەوەی لە پرۆسەیەکی گەردەلولی بیابان دا ڕژێمی عیراق شکستی خوارد و

سوپاکەشی نابود بوو، ئەمە هەلێکی گرنگ بوو بۆ نەتەوەی کورد و شۆڕشەکەی کە ڕژێمی بەعس لە خاکی خۆی وەدەرنێ.

سەرکردایەتی کورد بە هۆی بەرەی کوردستانی کە پێشتر لە زۆربەی حزب و ڕ ێکخراوەکانی کوردستان پێك هاتبوو کەوتە خۆی بۆ دانانی نەخشەیەکی ڕێك و پێك بۆ جۆش دانی جەماوەری کوردستان، بە هاوکاری ڕێکخستنەکان و شانە چەکدارەکان بۆئەوەی لەکاتی دیاری کراو دا بانگی ڕاپەرینێکی سەر تا سەری لێ بدات.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوتە خۆی بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی ڕێکخستن و ئامادە کردنی هێزی پێشمەرگە و هوشیار کردنەوەی جەماوەر بۆ ڕۆژێکی دیاری کراو، ڕادیۆی دەنگی گەلی کەردستان دەوری کارا و سەرەکی گێڕا لە هوشیار کردنەوە و هاندانی جەماوەر بۆ ڕاپەڕین، لە ڕێگای ڕێکخستنەکانەوە نامەی هاوکاری و ئاگادار کردنەوەی نارد بۆ هەموو سەرۆك هۆز و ڕیش سپی و پیاو ماقوڵی ناو خەڵك و مستەشاری فەوجەکان و چەکدارەکانی ڕژێم، بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە ڕۆژی سەرفرازی گەلەکەیان و ڕاپەرینی سەر تا سەری بۆ ڕامالێنی ئەم ڕژێمە دژە مرۆییە .لەلایەکی تریشەوە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان جگە لەو وتارانەی بۆ هوشیاری جەماوەر بلاو دەکرانەوە، چەندین بروسکە و ئاگاداری وەك (کێویەکە بکڕن، حەوتی مانگ زەماوەندە بکەن) ئاماژەی ڕاپەڕین بوو، خەڵکیش بەم بروسکانە ئومێدی سەرکەوتنیان زیاتر دەبوو، لە دوا ڕۆژەکانی ڕاپەڕین یەکێتی ڕێکخستن و پێشمەرگە و پێویستیەکانی ڕاگەیاندن و جیهازی پەیوەندی باشتر ئامادە دەکرد.

ئێمە سات بەسات لە ناو بەندیخانە چاوەڕێ بووین لە ڕێگای ڕادیۆوە کە بە نهێنی هێنا بوومان بۆ ناو بەندیخانە هەموومان لە ژوورێك کۆ دەبووینەوە گوێمان لە ڕادیۆ دەگرت بۆ ئەوەی بزانین ئەنجامی بەکوێ دەگات، پاسەوانەکان ئەمەیان دەزانی بەڵام گوێیان پێ نەدەدا، تەنها هەندێك جار بۆ ئەوەی بەندیخانە بار گرژی تێ نەکەوێ یەك دوانێکیان

دەهاتنە ناو بەندیخانە بۆ ئاگاداری دەنگو باسەکان، بەندیەکانیش وا ڕا هاتبوون کە پاسەوانەکان دەهاتنە ژوورەوە دەیانگووت : قاز هات ... قاز هات ئیتر لە کۆبونەوە و دەنگی ڕادیۆ و هەر شتێکی تر ئاگادار دەبوونەوە .

کەس و کارمان لەکاتی سەردان باسی بار و دۆخی دەرەوەیان دەکرد کەوا بە هۆی دڕندەیی بەعس خەڵك تێکڕا بێزارە و لە ئان و ساتی تەقینەوە دایە، بەتایبەت خەڵکی بیتوێن و پشدەر لە دەسەڵاتی بەعس تەواو بێزار بوون، لەبەر ئەوە ئەو بەرنامەی کە دانرا بوو حەوتی مارت پەیڕەو نەکرا و خەڵکی ڕانیە خۆیان بۆ نەگیرا و لە ڕۆژی 5–3 ـ1991 دا لە ڕۆژێکی باران و قوڕاوی دا هەموو خەڵك تێکڕا بە بێ جیاوازی ڕەگەز و دین بە گەورە و بچوك، پیاو و ژن بەبێ لەبەر چاو گرتنی لایەنی سیاسی لە دام و دەزگای بەعس ڕاپەڕین لە ماوەیەکی زۆر کەم دا هەموو دام و دەزگاکانیان گرتن و بەعسیەکانیشیان لە ناو مزگەوت دا دەست بەسەر کرد تاکو شۆڕش بڕیارێکیان بۆ دەدات.

ئەوەی شایانی باسە چەکدارەکانی ڕژێم لەگەڵ ئاپۆرەی جەماوەردا باشترین دەوریان بینی، ڕوداوەکانی ڕاپەڕین سات بەسات لە ڕێگای جیهازەوە دەگەیەنرایە ڕادیۆ و بڵاو دەکرایەوە.

ئێمە لە ناو بەندیخانە لە بارێکی زۆر نائاسایی دا بووین، جارێك لە خۆشی ئەوەی بەڵکو ئەم ڕاپەڕینە ببێتە ڕۆژێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەکەمان دا، لەلایەکی تریش لە ترسی ئەوەی ڕاپەڕینەکە سەرکەوتوو نەبێت کەس و کارمان بەرەو ڕووی کارەسات و چارەنوسی نادیار ببنەوە، بەڵێ ڕاپەڕین سەرکەوتوو زۆردار شکستی هێنا، هەموو شارەکان ئازاد کران، لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزی پیرۆز دا شاری کەرکوکی کوردانیش ئازاد کرا، ئای چ ڕۆژێکی خۆش بوو و سەرکەوتنێکی گەورە بوو، ئەو ڕۆژانە هەموو کەس بەدڵی خۆش و بە بەرگی ئاڵاو وا ڵاوە وەك ئاهەنگ گێڕان بە شێوەی هێلانە زەردەواڵەی تێك دراو لە هات و چۆ

دابوون، چەندین پیرە پیاو و پیرە ژنی کورد ڕوو لە ئاسمان و دەم بە دوعاوە لە پەروەردگاری مەزن دەپاڕانەوە: خوایە بمان پارێزی و نەتەوەکەمان هەر سەرکەوتوو بێت .

## ڕێو ڕەسمی نەورۆز

نەورۆز سەرەتا و یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهارە، یەکەم ڕۆژی دەست پێ کردنی سەری ساڵی کوردیە، سەرکەوتنی هێرشی لەشکری بەهارە بەسەر سوپای زستان و سەرما و زریان و شەختە و کرێوە دا، نەورۆز زۆر شتی ئەفسانە و سەر سوڕ هێنەر و ناڕاستی دەربارە ووتراوە، ڕابردوو و سەرچاوەی ئاڵۆز و نادیارە ئێمە کارمان بەوە نەداوە، ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەوە جیاوازی نەورۆزی ئەم ساڵ لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو گەلەکەمان ئازادە، دوژمن تێشکاو و زەبونە، نەیار دەرکراو و ماڵ بۆ خانەخوێ گەڕاوەتەوە، کوردستان ئازاد کراوە لەبەر ئەوە پێویستە ئێمەش لەناو بەندیخانەدا بە شایستە ترین شێوە یادی بەرز ڕابگرین، بڕیارمان دا و خۆمان بۆ ئامادە کرد، بە درێژایی هەر دوو بەری ڕاڕەوەکان مۆمی دانەگیرساوی لێ دانرا، هەموو بەندیەکان جل و بەرگی ئاڵ و والایان لەبەر کردبوو، لەکاتی کردنەوەی ئاگری نەورۆز دا مۆمەکان ئاگری تێ بەر درا لە ناوە ڕاستی ڕاڕەوی ناوەند دا وەك هێمای سەرکەوتن هەندێك مۆمی تر داگیرسا بوو، ئینجا هەموو بەندیە کوردەکان و زۆر لە برا عەرەب و مەسیحی و هی تریش لەگەڵمان بە دەوری مۆمە داگیرساوەکان دا کەوتنە هەڵپەڕین و ئاهەنگ گێڕان و سروود ووتن، حەسەن عەلی خەنجەر هونەرمەندێکی ڕوو خۆش و بە هەڵوێست بوو، هەر خۆشی لەسەر سروود ووتن گیرا بوو، دەورێکی باشی گێڕا، گوێ ی بە هیچ نەدەدا، هەر کەسێك دوو ووشەی شیاوی ئەم ڕۆژە و ئەم ئازادیەی زانیبا دەیکردە دیاری، بەڕاستی ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو، تاکو درەنگی شەو بە کامەرانی و خۆشحاڵیەوە لە ڕاڕەوەکە ماینەوە، بەشێك لە پاسەوانەکانیش بەرامبەری ئێمە ڕاوەستا بوون ئەوەی لە دەستیان دەهات تەنها ئەوە بوو بە پێکەنین سەرنجی ئاهەنگ گێڕانیان دەدا .

## شکاندنی بەندیخانەی حوکمە قورسەکان

تاكو بازنەی ڕاپەڕین فراوان تر دەبوو ئومێدی سەرکەوتن و دوا ڕۆژ ڕون تر دەبوو، تاكو گومارۆی سەر بەعسیەكان بەر تەسك تر دەكرایەوە ئاواتە تۆز لەسەر نیشتوەكان وەك پشكۆی ژێر خۆڵە مێشی دەم شنەبا زیاتر دەگەشانەوە، لە بەندیخانەی ئێمەش هیوای دوا ڕۆژ ڕون تر دەبوو كاتێ دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە پەلاماری ڕاپەڕیوان شاری موسڵی گرتۆتەوە، دڵمان خۆش بوو هەمیشە چاوەڕێ بووین خەڵكی ڕاپەڕیو بێن بەندیخانەكەمان ئازاد بكەن، بەڵام شەپۆلی ڕاپەڕین نەگەیشتە لای ئێمە، ئاخر ئەوان نەیاندەزانی لەو دیو شورا بەرزەكانەوە چەندین مرۆڤی بەدبەخت خۆیان كروشم هەڵێناوە، ئەوان نەیان دەزانی لەو دیو دیوارە ئەستەمەكان چەندین ئادەمیزادی بەناو زیندووی تێدایە سەدان لاشەی نیوە گیان لە گیانەڵادان،ئەوان چوزانن لەودیو شیش وتەلبەندە بێ ڕەحمەكان ئازار دەچێژن.

ئێمە بە هیواوە چاوەڕێ بووین، شەوێك لە ناكاو بوو بە هەنگامە و ژاوە ژاوێك دەتگووت ڕۆژی حەشرە، ئێمە لە ناو چوار دیواری بەندیخانە ئاگاداری دەرەوە نەبووین چی ڕوو دەدات، بەڵام دەمانزانی وەك شەوانی ڕابردوو شەوێكی ئاسایی نیە، خەیاڵمان هەر لای ئەوە بوو كەوا ئەمانە كۆمەڵێكی ڕاپەڕیون لە وانەیە كەس و كاری بەندیەكان بن هاتبن بەندیخانە بشكێنن، بەم هیوایەوە تاكو نیوە شەو بەدڵی خۆشەوە هەر چاوەڕێ بووین، دوایی ووردە ووردە دەنگەكان كز بوون و دوایی نەمان، ئێمە هیچ زانیاریمان دەربارەی نەبوو بەیانی بە هۆی خەڵكەوە بەتایبەت ئەبو فەواز و ئەبو مەحمودی نەخۆشخانەی خۆمان برد بوویانن كە هاتنەوە گووتیان: ئەم شەو بەندیەكانی بەشی حوكمە قورسەكان بەندیخانەیان شكاند بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پلانی ڕێك و پێكیان نەبوو ئاشكرا بوون و سەركەوتوو نەبوون، پاسەوانەكانیش تەقەیان لێ كرد بوون هەندێكیان بریندار كرد بوون و دوایی گیرا بوونەوە ئێمەیان برد بۆ تیمار كردنیان .

**کۆڕەو**

"ڕاگواستن و ڕاوەدوو نان و تەنگ پێ هەڵچنین، ئەمانە هەمووی داهێنانی دەستی مرۆڤن، بۆ ئەوەی مێژووی تازەی پێ بنووسنە وە، جوگرافیای تازەی پێ دروست بکەن، ناسنامەی نەتەوەکانی پێ بگۆڕن، سامانی گەلە ژێر دەستەکانی پێ بدزن ."

ڕەوشی وولاتی کوردان لە بازنەی ئەم لێکچونەدا هەر لە کۆنەوە نەخشی سەر بەرد بووە، دڕندەیی داگیر کەر و دیکتاتۆر و دوژمنە قین لە دڵەکانی ئەم دەڤەرە و کردەوەی سەربازی بەردەوام لە دژی ئەم گەلە بەش مەینەتە درێژەی هەیە، بە درێژایی پێنج سەدە هەر دوو ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی جەستەی کوردیان دابڕ دابڕ کرد .

تورك و فارس و عەرەب و هاوشێوەکانیان هەمیشە لە کاتی پێویست دژ بەکورد ڕق و قین و خوێن و هەقی خۆیان لە سەر یەکتر چاو لێ پۆشیوە و بەیەکەوە لەسەر مێزی گفتو گۆ وەك برا پێکەوە دانیشتوون، بۆ لە ناو بردنی کورد و داگیر کردنی خاك و بەش بەش کردنی سامانە سروشتیەکەی .

داپڵۆسین و ڕاگواستن و لەناو بردن لەسەردەمی حزبی بەعس دا خەستر بووەوە، سەرەتا لەبەر لاوازی و بۆ بە هێز کردنی پێگەی خۆی زۆر شتی قبوڵ کرد زیاد لە دراوسێکانی، تا گەیشتە مۆر کردنی بەیاننامەی 11 ی ئازاری 1970 لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول دا، بەڵام هەر زوو لەم بڕیارەی پەشیمان بووەوە، لەگەڵ شای ئێران و بەگەلە کۆمەکێ ی چەند لایەنێك شۆڕشی کوردیان لەناو برد، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووش بەچاو پۆشینی ئەمریکاو دەوڵەتە بڕیار بەدەستەکانی دنیا گەلی کوردی تووشی کیمیاباران و ئەنفال و کارەسات و شکستی گەورە کرد، بەڵام بە هۆی گرتنی کوەیت و گەردەلولی بیابان و شکست هێنانی ڕژێمی عێراقی هەلێکی لەبار بۆ کورد هاتە پێشەوە لەیەك گرتنێکی جەماوەری گەورە و لەڕاپەڕینێکی سەرتاسەری دا سوپای بەعسی لە خاکی وولاتی خۆی وەدەرنا بە کەرکوکی خێر لە خۆ نەدیوی کوردانیشەوە، بەڵام بە چاو پۆشینی

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کەوتە لێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ناچار بەکشانەوەی کرد، جەماوەری کوردستانیش لە ترسی درندەیی بەعس بە شێوەیەکی نارێك و بەربلاو هەلاتن بۆ سنوورەکان وئاوارەی تورکیا و ئێران بوون، لە 31-3-1991 دانشتوانی شارەکانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێر و دهۆك و شارەکانی تری کوردستان ماڵ و سەروەت و سامانی خۆیان لە ترسی دڕندەیی و بێ ویژدانی بەعس بەجێ هێشت و خۆیان دایە دەست قەدەر و ئاوارەی ناو شاخەکان و شارە سنوریەکانی تورکیا و ئێران بوون ، بووە کۆرەوی گشتی یەك ملیۆنی گەلی کوردستان کەوا مێژووی تازەی کورد ڕۆژێکی بەم شێوەی بەخۆوە نەدیبوو، چەندین خێزان لەگەڵ منداڵ و کەس و کاریان لێك دابڕان، هەندێکیان لە ڕادیۆی شۆڕشەوە ناو و شوێنیان بڵاو دەکرایەوە بۆ یەکگرتنەوەیان هەندێکیشیان تائێستاش یەکیان نەگرتەوە، کەس و کاری ئێمەش ئاوارەی سنوورەکان بوون و بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئێمە دابڕان.

لە دوای ئەم کارەساتە سۆز و بەزەیی هاتنەوەی وولاتانی جیهان بەگەلی کوردستان بووە گوشار لەسەر کۆمەلگای نێودەولەتی و لە ڕێگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش نێودەولەتی لە 5-4-1991 بڕیاری 688ی دەرکرد بۆ پاراستنی ناوچەکانی کوردستان لەپەلامارو دەست درێژی دەسەلاتی ڕژێمی بەعس، پاش 70 ساڵ دوای بەلگەنامەی سیڤەر ئەمە دووەم بەلگەنامەی نێو دەولتیە بە ڕونی ئاماژە بەکێشەی کورد بکات.

بڕیاری 688 ڕۆژی 5-4-1991 لە دژی پێشێلکاریەکانی ڕژێمی عێراق دژی کورد و شیعە دەرچوو، کەوا داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات درێژە بەکۆششە مرۆییەکانی بدات لەعێراق، هەروەها ڕاپۆرتێك ئامادە بکات دەربارەی مەینەتیەکانی دانیشتوانە مەدەنیەکانی عێراق بە تایبەت کوردەکان کە ڕژێم دەیان چەوسێنێتەوە گرنگترین خاڵەکانی ئەمانە بوون:

1– سەرکوت کردنی دانیشتوانە مەدەنیەکانی عێراق لە زۆر شوێنی عێراق تاوانبار دەکات. ئەو سەرکوت کردنەی کەلە دوایدا ناوچە کوردنشینەکانی عێراقی گرتەوەو سەرەنجامەکانی هەڕەشە لە ئاشتی و ئەمنی دەولی ناوچەکە دەکات .

2– داوا لە عێراق دەکات وەك(بەشداریەك لە نەهێشتنی ئەو مەترسی‌یە) دەست بەجێ ئەو سەرکوت کردنە ڕیگرێ.

3– پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دەبێ عێراق ڕێ بدات ڕێکخراوە مرۆییە دەولیەکان دەست بەجێ فریای هەموو ئەو کەسانە بکەون کەلە هەر شوێنێکی عێراق دا پێویستیان بەکۆمەك هەیە.

4–داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات هەموو داهاتی بەردەستی خۆی بەکار بهێنێ بۆ دابین کردنی پێویستیە بە پەلەکانی ئاوارەکانی عێراق بەزووترین کات.

5– داوا لە سکرتێری گشتی دەکات درێژە بەکۆششە مرۆییەکان لە عێراق بداو دەست بە جێ بەپێ ی پێویست بە پشت بەستن بەکۆمۆسیۆنێکی تر کەڕەوانەی ناوچەکە دەکرێ، ڕاپۆرتێك دەربارەی مەینەتیەکانی دانیشتوانە مەدەنیەکانی عێراق بەتایبەت دانیشتوانە کوردەکان کە کاربەدەستانی عێراق بە هەر شێوەیەك دەیان چەوسێننەوە .

6– داوا لە هەموو دەوڵەتە ئەندام و هەموو ڕێکخراوە مرۆییەکان دەکات بەشداری لەم هەوڵە مرۆییە دا بکەن.

7– داوا لە عێراق دەکات بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو مەبەستانە یارمەتی سکرتێری گشتی بدات.

8– ئەم بڕیارەش بەکراوەیی دەمێنێتەوە بۆ بە دواداچوونی پێشێلکاریەکانی ڕژێمی عێراق[24].

هەر دوابەدوای ئەمەش بۆ پاراستنی ناوچەکانی کوردستان لە دەست درێژی ڕژێمی عێراق لە 19-4-1991 هاوپەیمانان بەشێکی ئاسمانی باشووری کوردستانیان لە فڕینی فڕۆکەکانی عێراق قەدەغە کرد واتە هێڵی 36 پانی باکوور لەلایەن هاوپەیمانانەوە لە بنکەی ئەنجەرلیکی تورکیاوە پارێزگاری لێ دەکرا.

عێراق بە ناچاری ملی داو هێرشەکانی بۆ سەر خەڵکی کوردستان ڕاگرت، دوایی بەعس وەك هەمیشە بۆ سەرنج ڕاکێشانی دنیا و باش کردنی بار و دۆخی ناوەوەی خۆی داوای لەسەرکردایەتی کورد کرد ئاگر بەستی لەگەڵ بکەن بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی کورد، ئەوانیش وەك هەمیشە فریوی بەڵێنە بە درۆکانی بەعسیان خوارد و دوای چەند دانیشتنێك لە بەغدا هیچیان بە هیچ نەکرد، لەم ماوەیەش دا زۆر لە ئاوارەکان گەڕانەوە شوێنی خۆیان، ڕۆژێك یاساوڵەکان بە ئێمەیان گووت: کەس و کارتان هاتوون بۆ سەردانتان بەڵام چونکە کاتی سەردان نەبوو تەنها من و هاوڕێکانم چووینە دەرگای دەرەوەی بەندیخانەکەی خۆمان لەگەڵ کەس و کارمان دانیشتین و ئەمجارەش پێیان شاد بووینەوە .

## نەخۆشەکانی بەندیخانە

لەبەندیخانەدا سەرەڕای هەوڵەکانی خۆمان بۆ پاك و خاوێنی، بەڵام نەبوونی مەرجی تەندروستی و خزمەتگوزاری، نەبوونی خواردنی باش و تەندروست، نەبوونی دکتۆر و دەرمانی پێویست لە بەندیخانەدا، جگە لەوەش گوێ پێنەدانی کارمەندانی بەندیخانە بەبەندیە نەخۆشەکان، ئەمانە هەمووی هۆکاری زۆر بوونی نەخۆشی بەندیەکان بوو.

دکتۆر سادق پیاوێکی عەرەبی پارێزگای موسڵ بوو خۆی لەدەرەوە دکتۆری تایبەتی هەناو بوو، تەمەنی هەندێ سەرکەوتبوو، خۆی نەخۆشی تەنگەنەفەسی(ڕەبۆ)یەکی سەختی هەبوو، باری تەندروستی زۆر خراپ بوو، بەشێوەیەك کاری لێ کردبوو هەمیشە لەسەر چوارپاکەی لەناو جێدا کەوتبوو، بۆ تاکە جارێکیش نەم دیت بتوانێت بێت لە حەوشەی بەندیخانەدا پیاسەیەك بکات، کاری بەوە باش بوو ماڵەکەیان لەو ناوە نزیك بوو، کەس و

کاری زۆر لەخەمی دابوون (بتل)ێکی ئۆکسجینی گەورەیان بۆ هێنا بوو لای جێگاکەی دانرا بوو، زۆربەی کات دەزگای ئۆکسجینەکەی لەسەر دەم بوو، بەڕاستی لە ژیانێکی سەخت دابوو، لێرەوە لە ووتەی ئەو شاعیرە زیاتر نزیك دەبووینەوە کە دەڵێت "ئەی مەرگ لە کوێ ی ژیان کوشتمی".

عماد گلیان لاوێکی مەسیحی بوو، گورچیلەکانی نەخۆش بوون، هەمیشە پێویستی بە دکتۆر هەبوو، بەڵام لە بەندیخانە چوون بۆ لای دکتۆر بە پێی پێویستی و سەختی نەخۆشیەکە نەبوو، بەڵکوو بە پێی ویست و ئارەزووی کارمەندانی بەندیخانە بوو .

عماد وەك زۆر لە جارەکانی تر شەوێك لە درەنگی شەودا نەخۆش بوو لەبەر گوشاری ئازاری نەخۆشیەکەی داوای لە کارمەندانی بەندیخانە کرد بیبەن بۆلای دکتۆر، بەڵام کارمەندانی بەندیخانە گوێ یان پێ نەدا، ئەو لە تاوی ئازاری نەخۆشیەکەی هەر لەبن دەرگا شیش بەندەکە لەسەر چیچکان پاڵی بە دیوارەوە داو بەدەم ئازارەکەیەوە دەتلایەوە، بە ئومێدی ئەوەی بەڵکو کارمەندانی بەندیخانە هەودای سۆز و ویژدانیان بجوڵێ و بیبەن بۆلای دکتۆر، بەڵام ئەوەی لە ناو سۆز و ویژدانی ئەوان دا نەبوو نە خۆشیەکەی عماد بوو، ئەو شەوە لە پاڵ دیوارەکەوە رۆژی کردەوە ئەم دیمەنە ویژدانی مرۆڤی ژیر و هوشیاری ئازار دەدا، بەڵام سۆز و ویژدانی سڕ بووی کارمەندانی بەندیخانە هێندە نەجولا ئەم دیمەنە کاریان لێ بکات و بیبەن بۆ نەخۆشخانە.

مام مەحمود پیرە مێردێکی بێ وەی کورد بوو، خەڵکی شاری سلێمانی بوو، پێ دەچوو تەمەنی لە سەرووی پەنجا ساڵی یەوە بێ، نەخۆشیەکی سەختی هەبوو، مامەڵەی کارمەندانی بەندیخانە سەرەڕای زۆری تەمەنی لەگەڵ ئەویش دا هەروەك نەخۆشەکانی تر بوو، جگەلە هۆکارەکانی تر گوێ پێنەدانی کارمەندانی بەندیخانە هۆیەکی دیکە بوو بۆ سەخت تر بوونی نەخۆشیەکەی، شەوێك بە شێوەی جارانی پێشوو نەخۆشیەکەی یەخەی گرت، بەڵام ئەمجارە نەخۆشیەکەی بواری نەدا و مەرجی سەختی لەگەڵی دا هەبوو، لە ژێر

ئەم دیمەنە دڵتەزێنەدا کارمەندانی بەندیخانە ناچار بوون بردیانە لای دکتۆر بۆ دەرەوەی بەندیخانەی لای ئێمە، بەڵام زۆر بەداخەوە هەر ئەو شەوە گیانی لەدەست داو تەمەنی درێژی بۆ هاوەڵە بەندیەکانی تری بەجێ هێشت، بەیانی کەوا کاتی دیدەنی کەس و کاری بەندیەکان بوو کاتێ کەس و کاری مام مەحمود هاتن بۆ دیدەنی پێیان گووتن شەو مام مەحمودیان برد بۆ لای دکتۆر هێشتا نەگەڕاوەتەوە دەتوانن لە نەخۆشخانە بچن بۆلای. ئیتر ڕۆیشتن لاشەی مام مەحمودیان لەگەڵ خۆیان بردەوە و بۆ هەمیشە نەگەڕایەوە بۆ لای ئێمە.

ئەمانە چەند نموونەیەك بوون لە ژیانی سەخت و باری تەندروستی بەندیەکانی ناو بەندیخانەی بادۆش، شێوەی لەم جۆرە زۆر بوون بەڵام وەك کورد دەڵێت: "مشتێك نموونەی خەروارێکە".

## مردنی دایکی عەلی و جەنگی

دایك ئەو مرۆڤە گەورەیەی لە یەکەم ساتی هاتنە دنیاوە ئۆگری دەبین، ئەو فریشتەی ڕێژەوی تاقگەی سۆز و خۆشەویستی خۆیمان بەسەر دا دەڕێژێت، دایك لە ئاونگی سەر پەلکی سورە گوڵی بەیانی پاکتر و لە نەسیمی سپێدەی بەیان بۆنی خۆش ترە، چەندین ستایشی دیکە هێشتا هەر کەمە بۆ دایك، زۆرن ئەوانەی لە گەورەیی و خۆشەویستی ئەم مرۆڤە مەزنە دا زمانی ستایش و پیا هەڵدان دەخەنەکار، جوان ترین شێعر و پەخشان دەهۆننەوە، ناسك ترین نمایش دەکەن، نەك هەر ئەمە بەڵکو پەروەردگاریش بەزمانی خۆی گەواهی دەدات " بە هەشت لە ژێر پێ ی دایکان دایە".

دایك ڕەنج دەکێشێ، ماندوو نابێ، ناخەوێ باکی نی یە چاوەڕێ ی پاداشت لەکەس ناکات، هەر چەند جەستەی شەکەت و ماندووبێ داوای سوپاس گوزاری لە کەس نی یە، دایك سەرەڕای ئەوەی سۆز و خۆشەویستی بۆ ڕۆڵەکانی هەیە، بەڵام دایکی عەلی و جەنگی بە هەڵوێستی نەرم و نیانی منداڵەکانی وا ڕاهێنا بوو، عەلی و جەنگی سۆزێکی لەڕادە

بەدەریان بۆ دایکیان هەبوو هەمیشە وێردی سەر زمانیان بوو کەم کەسم دیوە هێندە بۆ دایکی پەرێشان بێت، لە هەر شتێك بە تاسە تر چاوەڕێ ی شاد بوونەوە بە دایکیان بوون، سەرەڕای دووری و پەرۆشی لە دایکیان لەکاتی سەردان کەس و کارمان هەواڵی مردنی دایکی عەلی و جەنگی یان پێ داین .

زۆر ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت باسی مردنی دایکی بکات چونکە بەم باسە شەکەت و پەرێشان دەبێت، ئینجا بۆ یەکێکی وەکو عەلی و جەنگی کۆستەکە گەورە ترە، کاتێك ئەوان زۆر کەساسی دووری دایکیان بوون، ئەو پەرێشانیەی ئەوان کاریگەری بۆ سەر ئێمەش هەبوو بەڵام دۆستایەتی دەگەڵ مردوو ناکرێ دەبێ خۆمان بدەینە دەست ڕاستی ژیان و لەگەڵ ئەو ڕاستیە خۆمان بگونجێنین کە دەڵێ: ئەو کەسەی لە کاتی کارەسات و تەنگانەدا ئارام دەگرێ پاڵەوانە.

بۆ ڕێز گرتن لەگیانی ئەو مرۆڤە میهرەبانە و بۆ وەفاداری هەر دوو هاوڕێ کەمان پرسەی سەرەخۆشی دایکی عەلی و جەنگیمان لە ناو بەندیخانە دانا هەموو بەندیەکان دەستە دەستە دەهاتن بۆ پرسە و ئێمەش وەك خاوەن پرسە لە پێشوازی دابووین، جێگای بە هەشتی بەرین بێت .

## گوڵێ گیان و ڕازێك لەبەندیخانەوە

عەلی جگە لە دووری دایکی، گرفتاری ئەوین بوو، گراوی و دڵخوازەکەی بەجێ هێشتبوو، دەمێك بوو لێ ی دابڕابوو تاکە هەودایەکی ئومێد بەخشی هۆی پەیوەندیان، ئەو خۆشەویستانە بوون کە لەکاتی سەردان دا هەواڵێکی دڵدارەکەیان بۆ دەهێنا جارێك دوای سەردان کاتێ خۆر بەرەو ئاوا بوون دەچوو سێبەر شۆڕ بوو بوون عەلی شەکەت و ماندوو چوو لەسەر جێگاکەی پاڵکەوت، لە فکران ڕاچوو، تاس بردیەوە، وا دیار بوو بەرەو دڵدارەکەی ڕێگای جێژوانی گرتبووە بەر بێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات لە زمانی نەجمەدینەوە کەوتە گۆرانی گووتن: " بێرەوە گوڵە گیان ئارامی دڵ و گیان، بۆچی بەجێت

هێشتووم وەرەوە بەقوربان" سۆزی گۆرانیەکە سێبەری چارەنووسی عاشقە بەد بەختەکانی وولاتی منی پیشان دەدا، ئاوازەکەی شیوەنێك دەگێڕێ بە درێژایی نێوانیان، لەم تەرزە شوێنە دا دەنگی گۆرانی بێژ لەدەنگ دەردەچێ و سەرپاك دەبێتە موچورکە و تەزوو لە بنی پێوە دێ و لە تەپڵی سەر دەردەچێ، هێندە بە تاسەوە گۆرانیەکەی دەگووت سۆزی لێ دەچۆڕایەوە، سۆزی گۆرانیەکە جەرگی منیشی دەسوتاند، تەزووم بەلەش دا دەهاتن بەلام هیچمان لەدەست نەدەهات، کاتێك یەکێك ئازیزێکی خۆی لەدەست دەدات هیچی لەدەست نایە جگە لە دەربڕینی هەستی هۆی نەبێت .

## ناچاری و دەست ڕەنگینی

لە سەرەتای مێژووەوە مرۆڤ لە هەوڵ و تێکۆشان دا بووە، هەمیشە ئادەمیزاد بە دوای خۆش گوزەرانی و ژیانی نوێگەری دا گەڕاوە، پێویستیەکانی ڕۆژانەی ئەوەی خواستووە هەمیشە بە دوای داهێنانی تازە دا بگەڕێت، هەموو داهێنانێکی ئادەمیزاد بە هۆی هەوڵ دان بۆ پڕ کردنەوەی پێویستیەکانی ڕۆژانەی بووە، بەم پێ یە پێویستی ژیان وات لێ دەکات هەمیشە بە دوای داهێنانی تازە دا بگەرێیت هەموو داهێنانێکیش لە سەرەتا دەست ڕەنگینی و کارامەیی سەلماندووە، لەم سۆنگەوە دەمەوێت لە ڕووی پۆیستیەکانی بەندیخانەوە بۆ کارامەیی و دەست ڕەنگینی بەندیەکان پەسندی بدەم، ئێمە لەبەندیخانەی بادۆش دوای ئەوەی گەلەکەمان تووشی کۆرە و ئاوارە بوونی وولاتانی دراوسێ بوون دیارە کەس و کاری ئێمە ئاوارەی ئێران و تورکیا و سنوورەکان بوون، لەبەر ئەوە پەیوەندیان لەگەڵ ئێمە دا پچڕا بە هۆی بار و دۆخی عیراق ژیان لە بەندیخانەکان زۆر سەخت و خراپ بوو، بەلام بە هۆی کەس و کارمانەوە ئەم بۆشایی یە پڕ کرا بووەوە چونکە هەموو پێویستیەکانیان لە ماڵەوە بۆ دەهێنایین، بەلام بە هۆی کۆڕەو و دابڕانیان لە ئێمە ژیانمان لە ڕووی خواردن و خواردنەوە لەو پەڕی خراپی دابوو ئەوەی پاشەکەوت کرا بوو تەواو بوو بوو، هەر چەندە من و هاوڕێکانم تا ئەو کاتەش هێشتا پاشەکەوتمان هەر مابوو ئەوانەی

لێمان نزیك بوون هەندێك جار نان و خواردەمەنیان  لە ئێمە وەردەگرت یاخود دەهاتن لەگەڵ ئێمە نانیان دەخوارد، بەڵام زۆربەی بەندیەکان هیچیان نەما بوو ناچار پاسەوانەکانمان ڕاسپارد لە دەرەوە شتمان بۆ بهێنن خۆمان دروستی بکەین، بەڵام ئەوەش پێویستی تری دەویست بۆ نمونە ئاوردوو  بۆ چێشت لێنان وسوتەمەنی بۆ چرا و پێویستیەکانی دیکە بۆئەمە لە ناو حەوشەی بەندیخانەدا گازوایلی زۆر ژێر زەوی کرا بوون، ڕۆژێك بەندیەکان  بە هەر جۆرێك بوو هەندێ خۆڵیان لادا بوو پارچە سەبێکی چیمەنتۆی 1م×1م دەرکەوتبوو، کاتێ چیمەنتۆکە لادەدەن تەماشا دەکەن ئەوا گازوایلێکی زۆر لێرە بەنهێنی لە ژێر زەوی دا کراوە، بەڵام گازوایل بەکەڵکی چرا و تەباغی نەوت نەدەهات بەندیەکان بیریان کردەوە داهێنانێکی جوانیان کرد تەنەکەیەکی ڕۆن ژێرەکەیان بە بزمار کون کون کرد پڕیان کرد لە لم و لەسەرەوە گازوایلیان تێ دەکرد لە خوارەوە نەوتێکی باش و جوان دەردەچوو، کێشەی نەوتمان نەما بۆ چرا و تەباغی نەوت بۆ چێشت و ئەم بابەتانە، ئێمە پێویستمان بەنانیش هەبوو بۆ ئەمە لە حەوشە بە تەنیشت دیواریکەوە لە شێوەی تەندورێکی بچوکیان بە قوڕ دروست کرد بە بۆڕیەکی لە مەتر زیاتر لە دوورەوە گازوایلیان تێ دەکرد دەهاتە ناو تەندورەکە، پلێتێکی ئاسنیان لەسەر تەندورەکە دانا بوو کە ئاگریان لە گازوایلی ناو تەندورەکە بەردەدا پلێتە ئاسنەکە گەرم دادەهات، وەستا سابیری هیرانی نانی بۆ بەندیەکان دروست دەکرد و بەپلێتە ئاسنەکە بۆی دەبرژاندن، ئیتر بەندیەکان خەمی نانیشیان نەما، نانەکە تامێکی خۆشی هەبوو لە تامی شلکێنە دەچوو وەك گووتم من و هاوڕێکانم هێشتا نانی ماڵەوەمان مابوو، بەڵام لەبەر تامی خۆشی نانەکەی وەستا سابیری نانەوا زۆر جار ئەم نانەمان دروست دەکرد و نانی خۆمان نەدەخوارد، وەستا سابیر خۆبەخش ئەم کارەی دەکرد، بە ڕاستی ئەمانە و زۆر شتی تریش کارامەیی و دەست ڕەنگینی زۆر جوان بوون لە ئەنجامی نەبوونی و پێویستی ژیانی ڕۆژانە دا فێری بوو بووین .

**وەرگێڕانی پیرۆیسترۆیکا**

"گلاسنۆست، پیۆیسترۆیکا"ئەم دووووشەیە کاتێك هاتە نێو زاراوەی سیاسی کە میخائل گۆرباتشۆڤ لە سەردەمی دەسەلاتی خۆی دا پەردەی لادا لەسەر باری ئابووری و سیاسەتی سۆڤیەت بە گشتی .

گلاسنۆست: بە مانا ڕوسیەکەی واتا پەردە هەڵماڵین .

پیرۆیسترۆیکا: بە مانای بنیات نانەوە دێت کە لە پاش پەردە هەڵماڵین دەبێتە پرۆژەی گۆڕانکاریەکان لەسەرجەم بوارە ئابووری، سیاسی، پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان .

پیرۆیسترۆیکا گەشەسەندنێکی هەمەلایەنەی دیموکراتیەتوبەڕێوەبردنی سۆسیالیستیە ، بە پشت بەستن بەداهێنانە زیندووەکانی جەماوەر، بەرەو پێش بردن و پتەو کردنی یاسا، گیانی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن، پێش کەوتنی ژیانی کۆمەڵ لە هەموو بوارەکان دا، شکۆمەندی و بەهای تاك .

پیرۆیسترۆیکا زیندوو کردنەوەی بنەماکانی مەرکەزی دیموکراتیە، پەرە سەندنی ئابووری و بەرپەرچ دانەوەی شەخس پەرستی و ئەمرکردن و بەڕێوە بردنی مەکتەبی یە، هاندانی ڕۆحی تازە گەرێتی و دروستی سۆسیالیستیە، گەڕانەوەیەکی دروستە بۆ وانست .

پیرۆیسترۆیکا ڕزگار کردنی کۆمەڵە بە زیندوویی لە تێك چوونەکانی ڕەوشی سۆسیالیستی و چەسپاندنی بنەماکانی دادوەری کۆمەلایەتی لەژیانی کۆمەڵ دا، هەر دیاردە و ڕوداوێك هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە هیچ شتێك لەخۆیەوە سەر هەڵ نادات ئەوانەش کە بەڕێکەوت ڕوو دەدەن هۆکاری تایبەتی خۆیان هەیە، بەلام مەرج نی یە هەموو هۆکارەکان وەك یەك بڕۆن جاری وا هەیە هۆکاری لاوەکی زوو تر دەردەکەوێ و هۆکارە سەرەکیەکە درەنگ تر دەردەکەوێ یاخوود بەپێچەوانەوە، سەدەی ڕابردوو سەدان گۆڕانکاری و ڕووداوی گەورەی لەگەڵ خۆی هێنا کە هەندێکیان کارەساتی گەورەیان بەسەر مرۆڤایەتی دا هێنا و مەینەتی و مەرگەساتی زۆری لێکەوتەوە، هەندێکیشیان خزمەتی گەورەیان بە مرۆڤایەتی کرد و تائێستاش شوێنەوارە چاکەکانیان ماون، هەموو ڕووداوەکان بەچاك و خراپیانەوە

گۆڕانکاری گەورەیان لێکەوتەوە و سەرنجی مرۆڤی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەشێك لەم ڕووداو و گۆڕانکاریانە بوونە هۆی دروست بوونی چەندین قەوارەی سیاسی و ڕۆڵیان لە ژیانی ئادەمیزاد دا بینی، یەکێك لەوانە یەکیەتی سۆڤیەتی جاران بوو، لەسەر دەستی کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا و دواتریش سەرهەڵدانی پیرۆسترۆیکا.

دەتوانین بڵێین پیرۆیسترۆیکا هەروا بەبێ هۆکار و پێشینە نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکو لە ئەنجامی پێویستیەکی مێژوویی و بە هۆی زۆری کێشەو گیر و گرفتەکانی ناو یەکیەتی سۆڤیەت سەری هەڵداوە، لێکۆڵینەوە و وورد بینی هەر ڕووداوێکیش پێویستی بە گەڕانەوە و ئاوڕدانەوەیەك بە مێژووی ڕابردوو هەیە، بەم پێ یە بۆ شارەزا بوونی مێژووی یەکیەتی سۆڤیەت پێویستی بە گەڕانەوە بۆ دواوە یارمەتیمان دەدات بۆ دیاری کردنی هۆکارەکان و دەست نیشانکردنی کە بووە مایەی دروست بوونی کێشە و تەگەرە لە بەردەم ڕەوتی سۆسیالیستی و سەرهەڵدانی پیرۆیسترۆیکا.

سۆسیالیستی، بەڕادەی پێشکەوتنی شارستانیەت، واتە ئەو وواڵتانەی لەڕووی کرێکار و پیشەسازی پێشکەوتون زەمینەی گەشە کردنی سۆسیالیستی لەبارترە لەو وواڵتانەی پیشەسازی و هێزی کرێکاری کەمترە، هەربۆیە لە ڕوانگەی بیریارانی سۆسیالیستیەوە ئەبوایە یەکەم دەوڵەتی سۆسیالیستی لە دەوڵەتە پیشەسازیەکان سەری هەڵدابا، بە پێچەوانەوە یەکەمین شۆڕشی سۆسیالیستی لە دواکەوتووترین وواڵتی پیشەسازی ڕووسیا دروست بوو. لە جێگای ئیمپراتۆریەتی کۆنی دواکەوتووی نیمچە کۆڵۆن کەبە زیندانی گەلان ناسرا بوو، دەوڵەتێکی مەزنی نوێ بەناوی یەکیەتی سۆڤیەت هاتە کایەوە، کەبە ماوەیەکی کەم بووە خاوەنی هێزێکی کاریگەری بەرهەم هێنان و توانایەکی فکری گەورە و کلتوری فەرهەنگی پێشکەوتوو.

ڕووسیا وواڵتێکی کۆن و خاوەن مێژوویەکی ڕەسەن و پڕ داهێنان و دەستکەوت و

شوێنی له مێژووی جیهان دا دیاره، شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن بەسەرکردایەتی حزبی شوعی بەرپا بوو، یەکەمین دەوڵەتی سۆسیالیستی له جیهان دامەزراند.

دەوڵەتی سۆڤیەت دەوڵەتێکی ساوا بوو له مێژووی هاوچەرخ دا نموونەیەکی له شێوەی نیه ئەگەر تەمەنی بەراورد بکەین، تەمەنی زۆر کەمە کەچی پێشکەوتنی بەقەد چەندین سەدە بڕیوە.

بیری سۆسیالیستی هەوڵی زۆری دا بۆ گه شه کردنی سەرکردایەتی به کۆمەڵ، ئازادی ڕادەربڕین ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن، سۆسیالیستی لەپێناوی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ، یەکسانی و ژیانی وەك یەك، دابین کردنی ژیان و گوزەران و پێویستیە کۆمەڵایەتیەکان، گەشە کردنی بەردەوام لەگشت بوارەکان دا له ژێر لێپرسراوێتی "لنین"دا.

شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن دنیای لەرزاند جیهانی سەرمایەداری خستە مەترسیەوە، چارەنوسی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی بەرەو ڕووی مەترسی کردەوە، لەلایەن زۆر له گەلانی دنیا پێشوازی لێکرا زۆر له دەوڵەتانی دنیا بۆ ڕێبەری خۆیان ڕێبازی سۆسیالیستیان هەڵبژارد، بەڵام بەهۆی مەرگی پێشوەختی لنین ئەو بنەما سۆسیالیستیانە نەك هەر پەیڕەو نەکران، بەڵکو حزب بووە ئامرازێکی سەرکوتکەر، دەوڵەتەکان بوون بە زیندانێکی گەورە، دیواری بەرلین، سنووری ئاسنینی نێوان دەوڵەتەکان، قەدەغەکردنی سەفەری هاووڵاتیان بۆ دەرەوە، ڕیز گرتنی دوور و درێژی هاووڵاتیان بۆ وەرگرتنی خواردەمەنی دیاردەی بێزارکەری ناو ئەو دەوڵەتانە بوون کە خۆیان وەك بەهەشت ناویان دەبردن.

سیاسەتی سەرکردایەتی حزبی شوعی ئەو دەوڵەتانە بەگشتی و تاك ڕەوی سکرتێری حزبەکان بە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی جەماوەر بوون، دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندن و خۆپەرستی سەرکردەکان لەو پەڕی دابوو، ئەمە نەك هەر خۆیان بەڵکو بنەماڵەو دەستە و دایەرەی سکرتێرەکان بەشێوەیەك بوون حوکمی پاشایەتی کۆنیان گەڕاندەوە، هەموویان له پلەی لێپرسراوێتی دابوون، دەبوایە ڕێزیان لێ بگیرێ و دەستیان بۆ بەسنگەوە بگیرێ.

سەرکردەی دەوڵەتە سۆسیالیستەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان بە کڕین و پلە بەخشین هەزاران کەسیان لە خشتە برد، دەزگای جاسوسی تایبەت بەخۆیان دامەزراند، ئەم دەزگایە لە دەوڵەتێکی وەك ڕۆمانیا ژمارەیەکی خەیاڵی ئەندامی هەبوو ڕاستەوخۆ سەربە " تشاوسیسکۆ" بوو، سەرتاسەری بوخارستیان کرد بە تونێڵ و ژێر زەمین و بەکۆشکی کۆماریانەوە گرێ دابوو، کەکاتی ڕاپەڕینی گەلی ڕۆمانیا لە دژیان دەرکەوت ئەم دەزگایە چ دەورێکی خیانەتکارانەی بینی لە دژی خەڵکی ڕۆمانیا بۆ پاراستنی گیان و دەسەڵاتی تشاوسیسکۆ.

لە هەموو دەوڵەتە شوعیەکان بەتایبەت یەکیەتی سۆڤیەت خەڵك ژیانی لە ئەوپەڕی ناهەمواری دابوو، سەرهەڵدانی ئەم گیرو گرفتە لە ئەنجامی جێ بە جێ نەکردنی بنەماکانی سۆسیالیستی و پێشێل کردنی بنەماکان بوو، سەرەڕای ئەوەش گۆڕین و دەستکاری بنەماکانی سۆسیالیستی بەپێ ی بەرژەوەندی لێپرسراوی یەکەمی حزبە سۆسیالیستەکان بوو.

دەسەڵاتی تاك ڕەوی ستالین بێسنوور بوو، هەموو یاساکانی حزبایەتی بەجۆرێك هەڵگێڕایەوە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بگونجێت، هەموو دەسەڵاتەکانی حزب و دەوڵەت تەنها و تەنها لە دەستی ستالین دابوو، بەئارەزووی خۆی دەستکاری یاساکانی حزبی دەکرد، دەبوایە لە شوێنی یاسا بڕیارەکانی ئەو پەیڕەو کرابان، هەرخۆی سەرکردەکانی دەگۆڕی و هی نوێ ی بۆ دیاری دەکردن، هەرکەسێکیش دژی بڕیار و سیاسەتەکانی وەستابایە ملی بەپەتی سێدارەدادەکرا.

یەکسانی و وەك یەکی، ئازادی ڕادەربڕین ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆ گرتن مانایەکی نەبوو، تەنانەت هەڵبژاردنیش وەك نەریتی لێهاتبوو پێش کۆنگرە و کۆنفراسەکان ئەنجام دیاری دەکرا، پێش هەڵبژاردنی سەرکردایەتی تازە بڕیاری لەسەر دەدرا، ئامادەباشی بۆ دەکراو لیستی ناوەکان دەدرایە دەست ئەندامانی کۆنگرە، تەنها وەك شانۆگەریەکی سیاسی

بەڕێوە دەچوو، جگە لەوەش کۆبونەوەکانی لیژنەی مەرکەزیش کارتۆنی بوو پێشتر لەلایەن سکرتێری حزبەوە بڕیارەکان جێ بە جێ کرابوو ، کۆبوونەوەکان تەنها وەك ڕێو ڕەسمێك بەڕێوە دەبران، ئەگینا سەرکردایەتی ئاگاداری ناوەڕۆکی بڕیارەکان نەبوو .

لەلایەك دیکتاتۆریەت و شەخسپەرستی ستالین و لەلایەکی تریش کوشتن و لەناو بردنی خەڵك، سەرکوت کردن و ڕاگواستن، هەوڵی تواندنەوەی گەلان و لە ناوبردنیان شانازی و هەنگاوە پیرۆزەکانی یەکێتی سۆڤیەت داپۆشی بوو.

ئەم بارودۆخە تەواو خەڵکی نیگەران کردبوو، ئەوان بۆیە شۆڕشیان کردبوو ژیان و گوزەرانیان مسۆگەر بێت، کەرامەتی تاك پارێزراو بێت، یەکسانی و ئازادی و دیموکراسی هەبێت، لەنەخشەی چارەنوسی داهاتووی خۆیان بەشدار بن، ناڕەزاییەکی زۆر لە ئاست پێشل کردنی ڕێبازی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرز بووەوە، لە سەرەتای هەشتاکان گفتوگۆیەکی توند لە نێوان کۆمیتە و دەزگاکانی دەوڵەت دەستی پێ کرد، هەموو هەستیان بەمەترسیەکی گەورە دەکرد لە داهاتووی یەکێتی سۆڤیەت و حزبی شوعی .دوای لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و بەردەوام حزبی شوعی سۆڤیەت گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هۆکاری سەرەکی گیر و گرفتەکانی ووڵات بیروکراسیەتە.

لە کۆنگرەی 20ی حزبی شوعی سۆڤیەت بەتوندی دژی شەخسپەرستی و بیروکراتی وەستان بۆ ڕیسوا کردن و لەناو بردنی، لەو کۆنگرەیەدا هەوڵی زۆر درا بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ڕاستە شەقامی مارکسیزم_ لنینیزم بۆ ئەوەی گوڕ و تینێکی بخاتەوە ناو ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی، ئایدۆلۆژی، بەڵام لەبەر پشت گوێ خستنی سەرکردایەتی حزبی شوعی هەموو ئەم هەوڵ و کۆششانە بێ ئەنجام بوون کە ئەو کاتە خرۆشۆف سکرتێری حزب بوو دواتریش لەسەردەمی بریجنێف و ئەوانی تر هەمان بارودۆخی بەخۆوە بینی بەپێ ی بۆچوونی زۆرێك لە ئابووریناسان شوعیەت گرنگی بەداخوازیەکانی خەڵك نەدەدا، هێز و سامانی دەوڵەت بەفیڕۆ دەدرا و خەڵك بەزەحمەت دەیتوانی پێویستیەکان دابین بکات،

ئەگەر چی سەرچاوە سروشتیەکان هۆکاری کاریگەر بوون لە پێشخستنی ژیانی خەڵك دا ئەگەر بە رێك و پێکی بەکار هێنرابان، هەرچەندە پاداشت هەبوو بۆ هاندان و گەشە کردنی گشت بوارەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی بەئارەزووی خۆیان جیٚ بەجیٚ دەکران ئەم پارەخەرج کردن و پاداشتانە ببوونە دیاردەیەکی کاسبی کردن.

هەموو ئەم دیاردانە بوونە هۆی بیٚ ڕوایی و بیٚ متمانەیی خەڵك بەدەسەڵات و بووە هۆی لاواز بوونی حزب و وەستانی پێشکەوتنی وڵات، لەجیاتی گرنگی دان بە ژیان و گوزەرانی خەڵك دیاری و پاداشت و نازناوی زل بۆ خەڵکی نەشیاو شوێنی گرتەوە. بەرپرسان خۆیان لە کەموکوڕیەکان دەدزیەوە لە بری چاك کردن دەیانەویست بەهەندیٚ بۆنە و ئاهەنگ و خۆنواندن کەموکوڕیەکانیان داپۆشن.

کێشە و گیر و گرفتەکان بەسەر یەك دا کەڵەکە بوون و بەچارە سەر نەکراوی مانەوە تاکو میخائل گۆرباتشۆڤ بووە سکرتێری تازەی حزبی شیوعی سۆڤیەت .

دوای ئەوەی گۆرباتشۆڤ وەك سکرتێری تازەی حزب دەسەڵاتی گرتە دەست بە هاوکاری چەندین ئەندامی سەرکردایەتی و هەزاران کادیر و دڵسۆزانی یەکیەتی سۆڤیەت زەمینەی خۆش کرد بۆ ئاشکرا کردنی کەم و کوڕیەکان و ڕخساندنی کەش و هەوایەکی لەبار بۆ بنیات نانەوە سەرنجی جەماوەری بۆ ڕەخنە گرتن و داهێنان ڕاکێشا .

بە هێمنی سیاسەتێکی تازەیان دەست پیٚ کرد پیرۆیسترۆیکا وەك شۆڕشێکی ئاشتیانە لە ناو شۆڕشی سۆسیالیستی دا سەری هەڵ دا، بە پیٚ ی ئەم سیاسەتە زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی حزب لە کێشە و کەم و کوڕیەکان بەرپرسیار بوون، سەرەڕای ئەوەش دژی هەر گۆڕانکاریەك بوون، لەبەر ئەوە وردە وردە لە کار دوور خرانەوە و سەرکردایەتیەکی تازە شوێنی گرتەوە کە لەگەڵ پیرۆیسترۆیکا یەکیان دەگرتەوە بۆ گۆڕانکاری یەکیەتی سۆڤیەت لە هەموو بوارەکان دا، ئەوەی ئەم کارەی زیاتر بەرەو پێشەوە برد گۆڕانکاری لە سەرکردایەتیەوە شۆڕ بووەوە خوارەوەی حزب و گۆڕانکاری لەسەرجەم بوارەکان دا کرد

بەرەو گەشە کردن و بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگای یەکیەتی سۆڤیەت .لەلایەکی تریش دەوڵەتە سۆسیالیستەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و سەرکردە دیکتاتۆرەکانیان کە ماوەیەك بوو خۆیان سەپاند بوو لەوە تێگەیشتن پیرۆیسترۆیکا پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی ئەوانە کەوتنە دژایەتی کردنی هەندێکیشیان بیٚ دەنگ بوون .

بەڵام لەڕاستی دا دان پیانانی هەڵەکان و ئاشکرا کردنی کەم و کوڕیەکان و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بۆ چارە سەر کردنی، سەرەڕای باشترین پێوانە کردنی هەر حزبێکی سیاسی بۆ بەهەند گرتنی کێشەکان و خزمەت کردنی بە چینە جیاوازەکان، نیشانەی خەمخۆری و بەتەنگەوە چوونی حزب بوو بۆ جیٚ بە جیٚ کردنی ئەرکەکانی کە کۆمەڵانی خەڵك فێر بکات و شێوەی خەبات و کار کردنیان تیٚ بگەیەنیٚ لەبەر ئەوە لەلایەن جەماوەر گەورە ترین پێشوازی لیٚ کرا، دواتیش کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەدوای خۆی دا هێنا.

پوختەی گیر و گرفت و توێژینەوە و چارە سەر کردنەکانی پیرۆیسترۆیکا بۆ کۆمەڵگای یەکیەتی سۆڤیەت لە دوو تویٚ ی کتێبێك دا بەناوی پیرۆیسترۆیکا چاپ کرا بوو بە وەرگێڕاوی سەر زمانی عەرەبی دانەیەکی بۆ مامۆستا نەسرولڵا هاتبوو، هەرچەندە من ئەندامی (کۆمەڵەی مارکسی_لینینی کوردستان) بووم، بەڵام لە ڕوانگەی ئەو هەموو چارەشی و ستەمەی یەکیەتی سۆڤیەت لە چارەنووسی نەتەوەکەم دا پەیڕەو و بەشداری کردووە، هەرگیز سۆزێکی ئەوتۆم بۆ یەکیەتی سۆڤیەت نەبوو، لەگەڵ ئەوەش دا دوای خوێندنەوە و گفتوو گۆ کردنی سەرنجی ڕاکێشاین، مامۆستا نەسرولڵا لە زمانی عەرەبی دا شارەزا و دەست ڕۆیشتوو بوو، ئێمەش کاتی زۆر و بیٚ ئیشی زۆرمان هەبوو، مامۆستا نەسرولڵا گووتی : ئەگەر هاوکاریم بکەیت دەمەویٚ پیرۆیسترۆیکا وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی، من بۆ وەرگێڕانی عەرەبی و تۆش بۆ ڕێکخستن و داڕشتنی بۆ زمانی کوردی، دەستمان کرد بە وەرگێڕانی پیرۆیسترۆیکا ڕۆژانە دوای عەسر کاتمان دیاری کرد بوو بیٚ ناوبڕ لەسەر کاری خۆمان بەردەوام بووین، مەحمود کاکە برا (یاریدەدەری پزیشك) بوو،

پێشمەرگەی (ی.ن.ك) و یەكێك بوو لە هاوڕێیانی محەمەد ڕۆستەم و ئەوان، لاوێكی ڕۆح سوك و دڵسۆزی گەلەكەی بوو، داوای كرد ئەگەر ڕێگای بدەین بێت لەگەڵ ئێمەدا بۆ خۆی بینوسێتەوە، ئیتر ئەویش ڕۆژانە لەگەڵ ئێمە ئامادە دەبوو .

# بەشی شەشەم

## گواستنەوە بۆ بەندیخانەی ئەبو غرێب

### دیسان ئەبو غرێب

لەناو ئەندێشەی ژیانی بەندیخانەدا شەو کە نووستین گوێمان نەدا بەوەی بەیانی چی ڕوو دەدا، بەڵام زۆرن پلانە گڵاوەکانی بیری ژەنگاوی دێوەزمەکانی بەندیخانە، کاتێ ئێمە لە شیرین خەو دا بووین پێش سیوادی بەیانی ڕۆژی 2-10-1991 کەوا هێشتا دنیا تاریك بوو، یاساوڵەکان کەوتنە هاوار هاوار و لێدانی دەرگا، بە توڕەییەوە هاواریان دەکرد، خێرا کەن، وەرن لە ڕاڕەوەکە دا ڕیز بن، ئێمە بە پەشۆکاوی لە خەو هەستاین و لە ژوورەکانمان هاتینە دەرەوە سەیرمان کرد ئاڵۆزیەکی زۆر لە بەندیخانەدا هەیە ڕۆژێکی ئاسایی نی یە، دەر و ژوور و ڕاڕەوەکان جگە لە چەندین ئەفسەری پلە بەرز لە سەرباز جمەیان دەهات، دەیان قیژاند خێراکەن ڕیز بن سەرمان سوڕ مابوو دەبێ چی ڕووی دابێ، کاتی لە خەو هەستان نەهاتبوو هێشتا بە خەواڵوویی لە ڕاڕوەکە ڕیز بووین، بە توند و تیژیەکی زۆر چەند جار سەر ژمێریان کردین و دوو بارەیان دەکردەوە، لە ڕاستی دا ترسمان لێ نیشتبوو دەبێ چی ڕووی دابێ ؟ نەمان دەتوانی پرسیار لە یەکتر بکەین، بە چاو یەکترمان دەدواند، دوای نواندنی زەبر و زەنگی زۆری بێ ئەندازە فەرمانیان پێ داین: لە ماوەی یەك چارەك کاتژمێر دا خۆتان و کەل و پەلەکانتان کۆ بکەنەوە، یەکسەر هێمن بووینەوە زانیمان بڕیاری گواستنەوەمان دراوە، بەڵام نەمان دەزانی بەرەو کوێ دەمانبەن، کە پرسیارمان لێ دەکردن لەجیاتی وەڵام خۆیان توڕە دەکرد: خێراکەن خۆتان کۆ بکەنەوە. ڕەنگە هەر پەیوەندی

بەوە هەبووبێ بڕیاری شکاندنی بەندیخانەمان دا بوو، تا ئێستا بۆیان لەناو نانی گەرم نابووین.

لەگەڵ هاوڕێکانم چووینەوە ژووری خۆمان بۆ ئەوەی کەل و پەلەکانمان کۆ بکەینەوە، من و عەلی هەریەکەمان نەخشەیەکی کوردستانمان بە زەنگیانە دروست کرد بوو، لە ناو نەخشەکە دا ئاڵایەکی کوردستان هەبوو لە ژێری دا نووسرا بوو نەخشەی کوردستانی گەورە لەگەڵ بەرواری دروست کردنی، عەلی هی خۆی تەواو کرد بوو بە دیاری ناردبوویە دەرەوە، بەڵام من وەك پێشتر گووتم لەم کارە دا کارامە نەبووم هێشتا زۆرم مابوو تەواوی بکەم، لەلام زۆر نایاب و گران بەها بوو بەڵام وا ئەمڕۆ لێم بووە بەڵا، خۆ ئەگەر جەنەڕاڵەکانی بەعس پێ یان زانیبا هاوڕێکانیشم بەخۆمەوە تووش دەبوون، دڵم نەدەهات لە ناوی بەرم کەوتینە هەڵوەشاندنەوەی بەو نیازەی لە داهاتوو دا تەواوی بکەم، بەڵام نەخشەکە گەورە بوو داوەکەشی درێژ بوو تەواو نەدەبوو لە ترسی ئەوەی نەك ئاشکرا ببین و هاوڕێکانیشم بە هۆی منەوە تووش ببن، ناچار کۆم کردەوە و لە ناو ئاودەستەکەم هاویشت، بەڵام من کێشەیەکی تریشم هەبوو وەرگێڕاوی پیرۆیسترۆیکا لە نەخشەکە یاساغ تر بوو لەو پەڕی ترس و ئومێد دا لە ناو پێخەوەکەم دا شاردەوە، بێ ئەوەی بەهاوێکانم بڵێم، کەل و پەلەکانمان کۆکردەوە و گووتمان :

– ئێمە ئامادەین .

دوو لۆری بار هەڵگر لە حەوشە دا ڕاوەستا بوون یاساوڵەکان گووتیان:

– کەل و پەلەکانتان لەم لۆریانە بار بکەن .

بەندیەکانیش بەڕیز بەرەو دەرگای حەوشە بران دەستیان بەستین و سواری چەند کۆستەرێکیان کردین، نازانم ئەوانەی پێش من دەستیان بەچی بەسترا بوو، بەڵام من دەستم بەلەفافی نەخۆشخانە بەسترا بوو، لە فافەکەیان توند بەستبوو مەچەکم زۆر دێشا.

یەك ساڵی تەواو دوای هاتنمان بۆ ئێرە لە ئەبوغرێبەوە لە هەمان ڕۆژ دا گێڕایانینەوە بۆ ئەبوغرێب، لە ڕێگا لەنێوان کاروانی ئۆترمبیلەکانی ئێمە چەندین ئۆتۆمبیلی پڕ لە سەرباز بۆ پاسەوانی لەگەڵمان دا بوون بە پێچەوانەی هاتنمان لە ساڵی ڕابردوودا، زۆر توند و تیژیان دەنواند تا گەیشتینەوە ئەبو غرێب. ئەبوغرێب ناوێکی شوم و چارە گران بوو لامان، دیوارەکانی بەد فەساڵ و خاکی دزێو بوو، ناخۆش تر لەوە نەیان بردینەوە شوێنی خۆمان (الاحكام الخاصة) بەڵکو بردیانین لەگەڵ بەندیەکانی حوکمە کورتەکان (الاحكام القصيرة) تێکەڵیان کردین، لە ڕووی دەرونیەوە بۆ ئێمە ناخۆش بوو بەندیە سیاسیەکان خاوەن کەسایەتی بەرز بوون، بە پێچەوانەوە ئەوانی تر ئەگەر نەشیان کردبێ وا باو بوو دزی و پیاو کوشتن و چەندین کەسی دیکەی تێدا بوو کە تاوانی جۆر بە جۆریان ئەنجام دابوو، منیان بردە هۆڵێك لە نهۆمی دووەم چوارپاکان دوو قات بوون، ئەو شوێنەی منی بۆ دانرام لاوێکی کوردی لێ بوو ناوی سەرتیپ بوو کاتی خۆی لە (الاحكام الخاصة) یەکترمان دەناسی، لەگەڵ ئازاد خالید و حەسەن یاسین و سالار و بەهرۆز و چەند هاوڕێیەکی تریان لەسەر ڕێکخستنی "ئاڵای شۆڕش" گیرابوون، هێنایانن بۆ(الاحكام الخاصة) ، دوای گواستنەوەی ئێمە بۆ بادۆش ئەوانیشیان هێنا بووە ئێرە، بە هۆی سەرتیپ ئەو نیگەرانیەی سەرەتا هەمبوو کەم بووەوە، سەر تیپ لاوێکی ڕێك و پێك و قسە خۆش بوو، دوای کەمێ دانیشتن چاوم بە دەور و بەری خۆم دا گێڕا باولیەك لەوێ دانرا بوو، قفلێکی گەورەی پێوە بوو سەرنجی ڕاکێشام گووتم :

سەرتیپ ئەم باوڵە و قفڵە گەورە چی یە؟!

سەرتیپ لەگەڵی ڕاهاتبوو زۆر ئاسایی گووتی:

– لێرە ئەگەر وریا نەبیت کەل و پەلەکانت دەدزن !.

لەم هۆڵە دا سەرتیپ هاوڕێیەکی تری لەگەڵ دابوو ناوی بەهرۆز بوو، بەداخەوە بەهرۆز نەخۆشیەکی سەختی گرتبوو ئازاری زۆری چەشتبوو.

لەگەڵ سەرتیپ دا باسی ئەوەم بۆ کرد کە نووسینێکی ئاوا (پیرۆیسترۆیکا)م لایە ئایا لێرە پشکنینی بەندیخانە هەیە یانا، ئەو گووتی: بیدە بە من لە شوێنێکی باش بۆت حەشار دەدەم، بەڵام کاتی سەردان کەماڵەوەیان هاتبوون نارد بوویەوە ماڵی خۆیان لە شەقڵاوە کە باسی کرد لام ناخۆش بوو گووتم : هەرگیز نەدەبوایە بە بێ پرسی من ئەو کارە بکەیت، بەڵام ئەو بەوە پاساوەکەی داوە: ئەگەری ئەوە هەبوو لێ ی بگیرێت و تووشی کارەساتێکی خراپ بێت، گوایە پێ ی شەرم بووە بە من بڵێت لەوە زیاتر ناتوانم بۆت حەشار بدەم، بەڵام هەر کاتێك پێویست بوو ئەوا لەماڵەوەیە.

بەندیە سیاسیەکان لەناو بەندیەکانی ئەوێ دا دیار بوون، دائرەی بەندیخانەش ئەو جیاوازیەی دەکرد بۆ نموونە ئەگەر بەندیەکان شەڕێك یا کارێکی نایاساییان کردبا پاسەوانەکان ئاماژەیان دەکرد ئەوەندەتان نەجوڵێن دەبێ سزا بدرێن، ئینجا پاسەوانەکان هەر خۆیان دەیانگووت : ئەوانەی بەندی سیاسین بێنە دەرەوە لە ناویان، ئینجا ئەوانیان سزا دەدا، بەڵام لە هەموو بارێك دا هەستمانی ئازار دەدا چونکە ئەمە نیشانەی کۆمەڵگای نەخۆش و دواکەوتوو بوو، ئێمە لای خۆمان هەموو هەوڵێکمان بۆ خۆشبەختی مرۆڤایەتی بوو.

شێوەی بەندیخانە و بەندیەکان هەستی ئازار دەدام، نیشانەی بێ رەحمی و خراپەکاری لە سیمایان دا دەخوێندرایەوە، هیچیان لەکاری شەرافەت مەندانە و جوامێرانە نەدەزانی، باکیان نزمی کەسایەتی و تانە و تەشەری کۆمەڵگا نەبوو، ژیانی پڕ مەینەت و ئازاری بەندیخانە ویژدانی کوشتبوون، دڵ و مێشکیان وەك بەرد سەخت بوو.

یەکێك لە بەندیەکان لەسەر دزی حوکم درا بوو، حوکمەکەی تەواو کرد بوو سێ ڕۆژی ما بوو لە بەندیخانە دەربچێت، لە قاتی سەرەوەی چوارپای شوێنەکەی ئێمە دەخەوت، چووم لە لای دانیشتم بە مەبەستی ئاخاوتن دەربارەی ئەم کارە قێزەونە بەڵکو کە چووە دەرەوە کارێکی سەر بەرزانە بکات و جارێکی دیکە پەنا بۆ ئەم کارە نزمانە نەبات، چونکە دزی

خۆی کارێکی بێزراوە ئەگەر دەسەلاتیش پیٚ نەزانێت و نەگیریٚ ی بەلام خۆی کارێکی نەشیاو و ناشیرینە و ئەوەی ئەم کارە بکات لەلایەن کۆمەلگاوە بە چاوی سوك و لە ئاستێکی نزم دا سەیر دەکرێت، لەم بارەوە زۆر قسەم کرد بیٚ دەنگ گویٚ ی گرتبوو وامزانی قسەکانم زۆر کاریگەری لەسەر هەیە، تۆزێك ڕاوەستام ئەنجامی قسەکانم بزانم، ئەو بە هێمنی گووتی:

ئەگەر دزی نەکەم چی بکەم ؟ هیچ کارێکی دیکە نازانم .

– چۆن نیازت هەیە ئەگەر چوویتە دەرەوە دزی بکەیت، باشتر وایە بیرلە کارێکی سەر بەرزانە بکەیتەوە بۆ ئەوەی بە ئاسودەیی لەگەلٚ کەس و کارت بژی و لەناو کۆمەلگاش بەدناوی و نەنگی ڕابردوو لەسەر شانت لابەریت.

– من هیچ کارێك نازانم، ئینجا بەم حالەوە کیٚ کار دەدات بەمن، کۆمەلگاش لە چارەنووسی ئێمە بەرپرسیارە، کۆمەلگا ئێمەیان خستۆتە ئەم چالە ڕەشەوە بۆ ئەوەی پەند وەرگرین، واز لە خراپەکاری بهێنین، بەلام ئایا ئێرە شوێنی باش کردنی مرۆڤە خراپەکانە، لە کاتێکدا ئێرە خۆی کانگای بەد ڕەوشتی و خراپەکاری یە، بیٚ گومان هەر کەسێك ژیان لێرە بگوزەرێنیٚ ڕەوشت و شەرەف و ویژدانی بیر دەچێتەوە ! .

– کەواتە جێگاکەت خالٚی نابێت، دلٚنیابە زوو دەگەڕێیتەوە ئێرە .

– نا... ئەمجارە بە وورياييەوە ئەم كارە دەكەم، جاری ڕابردوو لە ساویلکەیی خۆم تیٚ کەوتم، ئەمجارە ئەزمونم زیاتر وەرگرتووە.

کۆمەلگا پیٚ ی وا بوو بەم شێوەیە خراپەکاری ناهێلێت، ئەم هەموو مرۆڤە ساویلکە و کەم ئەزمونەی دەدایە یاسا و حکومەتیش هەموو ئەو دز و پیاو کوژ و بەد ڕەوشت و خراپەکارانەی دەگرت و وەك گاگەل دەپالٚ ئەکتری دەکردن، پیٚ ی وا بوو ئێرە شوێنی باش کردن و چاکسازی‌یە، بە پێچەوانەوە لێرە هەموویان کۆ دەبوونەوە، کێشەکانیان بۆ یەکتر باس دەکرد، وەك خوێندنگایەك هەموو خراپەکاریەکان لە یەکتر فێر دەبوون، لە هاتنە

دەرەوەیش دا وەك گورگی ناو مێگەل بەردەبنە گیانی کۆمەلگا، خۆزگە هەموو بەرپرسانی کۆمەلگا ئەم ڕاستیەیان باش دەزانی بۆ ئەوەی لە جیاتی بەندکردن فێری چاکەو ڕەوشت بەرزیو ویژدان وجوامێریان بکات، ئەو کاتە هەموو تاکێکی کۆمەلٚ خۆش بەخت وکامەران دەژین.

ماوەی بیست رۆژ ئاوا ماینەوە، هەلکردن لە ناو ئەوانەدا بۆ ئێمە سەخت بوو، رۆژێك هەموو بەندیە سیاسیەکان چووینە حەوشەی بەندیخانە وەك مان گرتنێك لە ناوەڕاستی حەوشە کۆبووینەوە، لێپرسراوی بەندیخانەیان ئاگادار کردەوە، ئەویش هات بۆلامان پێش ئەوەی بگاتە لای ئێمە بە گالتە و بۆ سەرنج ڕاکێشانی ئێمە بەدەنگێکی کەمێك بەرز بۆ ئەوەی گوێمان لیٚ بێت گووتی : ئەم خزمانەی منیان بۆ نیگەران کردووە چی یان دەوێت؟.

لەبەر ئەوەی ئەو خەلکی پارێزگای موسلٚ بوو، ئێمە خەلکی موسلٚ و کوردستان بووین جگە لەوەش چەند رۆژێك بوو لە بەندیخانەی بادۆشی موسلەوە هاتبووینەوە ئێرە، کە گەیشتە لای ئێمە سلاوی کردوگووتی:

– بۆ لێرە کۆبونەتەوە ئایا داوایەکتان هەیە؟

– ئێمە بەندی سیاسین ناتوانین لەگەلٚ بەندیەکانی حوکمە سوکەکان بژین، لە ڕووی دەرونیەوە ئاسودەنین هەرچەندە ئەوان زۆر ڕێزی ئێمە دەگرن، بەلام دەمانەوێت بەشێکی تایبەت بەخۆمان هەبێت سەرئاو و گەرماو و چێشتخانەی تایبەت بەخۆمان هەبێت، بیٚ ئەوەی هیچ جۆرە دژایەتیەك پیشان بدات گووتی :

– ئادەی هەر ئێستا ئەو هۆلەی ئەو بەریان بۆ ئامادە بکەن، هەرکارێك و پێویستیەکی دیکەتان هەبوو ئامادەم بەسەر چاو .

هۆلەکەی ئەوبەر ئامادە کرا و گواستمانەوە، شوێنێکی فراوان و پاك و خاوێن بوو، دوای چەند ڕۆژێك لێپرسراوی بەندیخانە لە شوێنە تازەکەمان سەردانی کردین بە پێکەنین و ڕووی خۆشەوە بەسەر هەمووان دا گەڕاو گووتی :

– هەر پێویستیەکتان هەبوو پێم بڵێن بۆتانی جێ بە جێ دەکەم .

## بەندیەکی دیکە هـەڵات

ئەبوغرێب بەندیخانەیەکی زۆر گەورە بوو هەزاران بەندی تێدا بوو، لەبەر ئەوە هەڵاتنی بەندیەك هیچ کاریگەری ئەوتۆی دروست نەدەکرد، سەرەڕای ئەو هەموو توند و تیژیە و مۆر لە دەست دان و چاودێری ووردی سەرانی بەندیخانە، لێهاتوویی دەویست بتوانی دەرباز بیت، ڕۆژێك لە کاتی سەردانی کەس و کارمان یەکێکی تر لە بەندیەکان بە ناوی ئیبراهیم مجید سەفەر خەڵکی کەلار بوو، لە ژێر عەبا و پۆشاکی ژنان لە ناو ئاپۆرەی کەس و کاری بەندیەکان دا دەرباز بوو، دوای سەر ژمێر کردن و ئاشکرا بوون کە ئیبراهیم هەڵاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەندیخانەکە گەورە و بەندیەکانیش زۆر بوون بە پێچەوانەی بادۆش و هەڵاتنی مەحمود خەیلانی، ئەمجارە هیچ جۆرە کاریگەریەکی خراپی بۆ سەر ئێمە و سەردانی کەس و کارمان نەبوو، هەر یەك لە کەس و کارمان دەیانتوانی سەر لە بەیانی زوو بێن بۆ لامان و دوا کەس بڕۆنە دەرەوە .

## ژنەکان مێردەکانیان تەڵاق دەدەن

پێك هێنانی خێزان پرۆسەیەکی دوو لایەنەی پیاو و ژنە، لە هەموو شتێك گرنگ تر لەم پرۆسەیە دا هەنگاوی یەکەم و سەرەتاکەی (زەواج) بەدەست ژنە، بەڵام لە کاتی جیا بونەوە و خاڵی کۆتایی دا کە تەڵاقە بە دەست پیاوە، بە پێ ی ڕێو ڕەسمی ئاینی کە زاڵترە بەسەر کەلتوریش دا .

سەرەڕای ئەوەی کە بە درێژایی مێژووی خێزان لە زۆرینەی کەلتورەکانی ڕۆژهەڵات دا هەیە بەرپرسی یەکەم و بڕیاردەری سەرەکی لە هەر خێزانێکدا هەر پیاوە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ئاین مەودایەکی فراوان تری هەیە، بۆ چارە سەری کێشەکان و پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا هەندێك جار شارەزا و زانایانی ئاینی هەر لە ناو هەناوی ئاین دا هەندێك ڕاڤە و شیکردنەوە دەکەن بۆ دۆزینەوەی دەروازەیەکی تر بە پێ ی ئەوە ئاینەی تاکەکانی

کۆمەڵگا پەیڕەوی دەکەن، وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پیێ دا لە کاتی جیا بوونەوە و تەڵاق دا بڕیار بە دەست پیاوە، بەڵام بە پیێ ی بنەماکانی ئاین هەندێك عەیب هەیە ئەگەر لە پیاو دا هەبێت ئافرەت دەتوانێت داوای جیا بوونەوە بکات، بۆ نموونە ئەگەر هەندێك عەیب لە پیاو دا هەبوو دەبوونە هۆی ئەوەی ئافرەت نەتوانێت چێژ لەو پیاوە بکات، ئەمەش دەبێتە دوو جۆر یەکێکیان پەیوەندی بە لایەنە سێکسیەکانەوە هەیە، ئەوی تر هەندێك عەیب و نەخۆشی کە ئافرەت ناتوانێت لەگەڵ ئەو پیاوە دا بژی بەتایبەت ئەگەر دوای مارەیی عەیبەکەی زانیبێت، یاخود نەخۆشی شێتی پیاو یاخود گەڕ بوون یا بەڵەکی بە هۆی بوونی هەر یەك لەم عەیبانە لە پیاو دا ئافرەت دەتوانێت داوای جیا بوونەوە بکات ، زانایانی ئاین ئەوەیان باس کردووە کە ئافرەت دەتوانێت داوای جیا بوونەوە بکات ئەگەر نەیانتوانی چێژ لە یەکتری وەر بگرن یاخود بە هۆی ئازارێکی زۆر کە پیاو بە ژنەکەی بگەیەنێت یاخود ببێتە هۆی فەوتان و لە ناو بردنی، جا کە بە هۆی لێدان بێت هیچ پاساوێکی شەرعی نی یە وەك ئەوەی شوێنێکی ئافرەتەکە بشکێنێت یاخود لە ڕووی مەعنەوییەوە زەرەری پیێ بگەیەنێت وەك جنێودان بە بنەماڵە و دایك و باوکی ئافرەتەکە، یاخود سوێند بخوات کە ناچێتە لای هاوسەرەکەی بۆ نموونە یەکێك لە ژنێکی زیاتری هەبێت بچێتە لای یەکێکیان و واز لەوانی تر بهێنێت، ئەگەر پیاوەکە ڕەزیل و قرچۆك بوو پارەی بە ئافرەتەکە نەدەدا لەو حاڵەتە دا ئافرەتەکە دەتوانێت داوای جیا بوونەوە بکات، یاخود ئەگەر پیاوەکە بە هۆی کاری بازرگانی یا بە هەر هۆیەکی تر بۆ ماوەیەکی زۆر دوور بکەوێتەوە لە ژنەکەی ئەوا ئەو ئافرەتە دەتوانێت لای دادوەر داوای جیا بوونەوە بکات .

خاڵێکی تر ئەگەر کچێك لە سەر بێشکە یاخود بە بچوکی مارە کرا بوو هەر کاتێك ئەو کچە گەورە بوو خاوەنی ڕای خۆیەتی و دەتونێت بڕیار بدات .

کێشە و گێر و گرفتەکان، خراپی باری دەرونی و نا ئارامی و نا ئاسودەیی، دوور کەوتنەوە و دابڕانی دوور و درێژ، کەم و کوڕی لایەنەکانی ژیان ئەمانە کۆمەڵێك کێشە بوون نەك هەر بەندیەکان بەڵکو خزم و هاوسەرەکانیان پێیانەوە گرفتار بوون.

هەر چەندە داب و نەریت و کەلتوری کوردەواری وای کردووە زۆر جار ئافرەت زۆر تاڵی و ناخۆشی ژیان لەبەر ئەم داب و نەریتانە قبوڵ دەکات، بەڵام لە هەمان کات دا زۆر ئافرەتی واش هەیە هەر لە بیانویەك دەگەڕێت، بەم هۆیەوە زۆر جار بەندیەکان تووشی ڕەفتار و کێشەی ناخۆش دەبوون لەگەڵ هاوسەرەکانیان، یەکێك لەو بەندیانەی من دەمناسی ژنەکەی نەدەهاتە سەردانی دیارە ئەوە کێشەیەکی سەرەکی پیاوە لەبار و دۆخێکی وا ناسکدا لە بەندیخانە، کە پرسیارم کرد لە هۆی نەهاتنی هیچ بەڵگەیەکی وای پێ نەبوو، تەنها ئەوە نەبێت لە دەرەوە لە ژیانی هاوسەریان ڕازی نەبوو، یەکێکی دیکە ژنەکەی دەهاتە سەردانی بەڵام هێندە گلەیی و سکاڵای لە مێردەکەی دەکرد نەهاتنی زۆر باشتر بوو، ئاسودەیی زیاتری پێ دەبەخشی، لە هەموویان ناخۆشتر بەلای منەوە ئەوە بوو یەکێك لە بەندیەکان هەتا بڵێ ی پیاوێکی بەڕێز و حورمەت بوو خاوەنی پلە و پایەکی بەرزی کۆمەڵایەتی بوو، لە سامان و دارایی وماڵی دنیا بەشێکی زۆر و زەوەندی هەبوو، بەڵام زۆربەی کات بە نیگەرانی دەمبینی لە گەڵ ژنەکەی  بە تایبەت دوای گەڕانەوەی ژنەکەی لە سەردان، پرسیاری هۆکەیم کرد گووتیان: ژنەکەی لەگەڵی دا زۆر ناڕێکە سەرەڕای ئەوەی کاتی خۆی بە خۆشەویستی خۆی هێناویەتی، بەڵام ئێستا هەموو جارێك پێ ی دەڵێت من ناتوانم لەگەڵ مردوویەکدا ژن و مێردایەتی بکەم تۆ لێرە وەك مردووی، بە هەمیشەیی حوکم دراوی، کێ دەزانێ داخۆ وا زوو بەردەبی یانا، هەموو ئەم کەللە شەکرانەی شکاند بووی لە دوا جار دا بووە هۆی ئەوەی جارێك لە کاتی سەردان داوای جیا بوونەوەی لە مێردەکەی کرد بوو، پیاوەکەش تەڵاقی دا بوو لێك جیا بوونەوە، لێرەوە ڕێگای قسە گەڵێك خۆش دەبێت کە دەڵێن : ژن لایەنە سێکسی یەکەی لێ داماڵی هیچی لێ نامێنێتەوە .

سەرەڕای ئەوەش زۆربەی ژنەکان بەسەر و ڕووی خۆشەوە بەردەوام سەردانی هاوسەرەکانیان دەکرد، لە بەندیخانە هەمیشە بەقسەی خۆش و پڕ لە هیواوە هانیان دەدان دان بە خۆدا بگرن، ڕۆژگار هەمیشە لە گۆڕان دایە لەم هەموو گۆڕانە بەشی ئەوانیشی تێدایە، ڕۆژێك دێت ئەوانیش ئازاد دەبن، لە دەرەوە لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانیان بەخۆشی ژیان دەگوزەرێنن، زۆر لە ژنەکان بەم ووتە شیرین و دڵخۆشکەرانە تروسکایی ئومێدیان دەخستە ناو دڵی هاوسەرەکانیان .

## بە هیوای ئازاد بوون

ژیان و گوزەرانی خەڵك لەدەرەوە خۆش و ئازادی بوو، بە تایبەت کوردستان بە هۆی بوونی هاوپەیمانان و بڕیاری هێڵی 36 و 37 نەفڕینی فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق بۆ کوردستان بە هۆی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بە درێژایی حوکمی بەعس خەڵکی کوردستان بە دەست گرتن و کوشتن و ڕاوە دوونان و ڕاگواستن گرفتار بوون، بەڵام بە هۆی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان سەرەڕای ئەو بار و دۆخە تایبەتیەی لە کوردستان دروست بوو بەعس نەیدەتوانی هێرش بکاتە سەر کوردستان، کاتێك کەس و کارمان دەهاتنە سەردانمان ئەم هەواڵانەیان پێ دەداین لە خۆشیان شا گە شکە دەبووین بە تایبەت کە هاوڕێیانی ڕێکخستن دەهاتن باسی ئازادی و کۆنتڕۆڵ کردن و سەر پەرشتی کردنی بەڕێوەبردنی هەموو کار و بارێکی کوردستان لەلایەن شۆڕش و بەرەی کوردستانی بۆ ئێمە جێگای دڵخۆشی بوو، هاوڕێکانمان هەمیشە ئاگاداریان دەکردینەوە چەندین دام و دەزگا کار و باری هاووڵاتیان بەڕێوەدەبەن و ڕێکخستن لە سەرووی هەمووانە، چاودێری ووردی هەیە بۆ باشتر کردنی کار و گوزەرانی هاووڵاتیان، لەشوێنی (منظمة)ی حزبی بەعس کۆمیتەی ڕێکخستنی (ی ،ن ،ك)مان دامەزراندووە، پلەی ڕێکخستن بۆ ئێوە دیاری کراوە وەك ئەندامی ئەو کۆمیتەیە شوێنی ئێوە بە بۆشایی هێڵراوەتەوە تا کاتی ئازاد بونتان، ئێمە گووتمان پێویست ناکات شوێنی ئێمە بە بۆ شایی بهێڵنەوە چونکە کاتێ ئێمە دەرچووین

کاریَ هەر دەبێت وە ئەستۆی بگرین بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام لە ناخ دا بەوە زۆر دڵخۆش بووین هاوڕێکانمان لەم دۆخە هەستیارە دا ئێمەیان لەیاد نەچووە و وەك وەفایەك بۆ خەباتی ڕابردوومان شوێنیان بۆ دیاری کردووین، کاوەی مام قادر وەك هاوکاریەك چەند جارێك ئازوقە و خواردەمەنی لە ڕێگای شۆڕشەوە بۆ منداڵەکانم برد بوو، جێگای دەست خۆشی و پیَ زانینە، ئەمانە هەمووی وەك چرایەك لەناو هەست و دەرونمان دا ناخۆشی و ژیانی پڕ کوێرەوەری بەندیخانەی ڕۆشن دەکردەوە .


## لێبوردنی گشتی

بە هەر مەبەستێك بوو سەرانی بەندیخانە بە ناو بەندیەکان دا بڵاویان کردەوە لێبوردنی گشتی بۆ بەندیە سیاسیەکان لە ئارا دایە، کاتیَ پرسیاریان لیَ دەکرا بەگومانەوە وەڵامیان دەدایەنەوە، ڕۆژێك هەموو بەندیە سیاسیەکانی بەشی ئێمەیان بانگ کردە هۆڵێك و قسەیان بۆ کردین:

– سەرۆك سەدام حسین (خوا بیپارێزیَ ) بەزەیی پێتان دا هاتۆتەوە و لیبوردنی گشتی دەرکردووە، بە ئومێدی ئەوەی لە داهاتوو دا ببنە هۆی سەر بەرزی وولات و بەرگری لە نیشتمانەکەتان بکەن، زۆر لەم بابەتە قسەیان بۆ کردین دوایی بیَ هیچ ڕوون کردنەوەیەك گووتیان: بڕۆنەوە شوێنی خۆتان دوای چەند ڕۆژێك وایان بڵاو کردەوە ئەوان دڵنیا نین و لێبوردنەکە جێگای متمانە نیە، چەند ڕۆژێك لەم دۆخە نالەبارە دا هێشتیانینەوە، دەبێت، نابێت، لێبوردن هەیە، لێبوردن نیە، ئەوان سیاسەتی خۆیان ڕاست بە ئێمە نە دەگووت ئێمە ئاگامان لەدەنگ و باسی دەرەوە نەبوو، دوا جار لە هەمان هۆڵی پێشوو کۆیان کردینەوە، هەر یەك لە بەندیەکان پسولەیەکی ڕێگە پێدانیان بۆ کردین، من و هاورێکانم لە ڕۆژی 19–12– 1991 پسولەیان بۆ کردین ئینجا گووتیان :

– بڕۆنەوە شوێنی خۆتان تاکو ئاگادارتان دەکەینەوە، ئای ... چ ڕۆژێکی خۆش بوو. دوایی بۆمان ڕون بووەوە و بەڕێز جەبار فەرمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی ، ن، ك) لە

کاتی مەراسیمی هاتنەوەی بەندیە سیاسیەکانی سنووری سلێمانی ووتاری بۆ خوێندنەوە گووتی:" لە کاتی ڕاپەرین دا لە سوپای عیراق ئەفسەر و دەرەجە دارێکی زۆر گیران، بەشێکی زۆرمان بەردان چوونەوە ناو کەس و کاری خۆیان بۆ ئەوەی نیاز پاکی و مرۆڤ دۆستی کورد هەست پێ بکەن، بەڵام سودی نەبوو لەبەر ئەوە سەرکردایەتی کورد بیری لە شێوەیەکی تر کردەوە، بەڕێز مام جەلال لە دەرەوە بوو گووتی: ئەو ئەفسەرانەی گیراون بەریان مەدەن تاکو ئەوانیش بەندیە سیاسیەکانی ئێمە بەردەدەن، دوای ماوەیەك (منظمة أحمر دولی) هات لەگەڵمان دانیشت گووتیان: ئەم ئەفسەرانە چی لێ دەکەن گووتمان: بەریان نادەین تاکو حکومەتی عیراق بەندیە سیاسیەکانی ئێمە بەرنەدات، ئینجا ئەوان لە نێوانمان دا لە هاتوو چۆ دابوون، ڕژێم بەندیە سیاسیەکانی ئێمەیان بەردا و ئێمەش ئەفسەرەکانی ئەوانمان بەردا "(25).


ورقة تبليغ

الى :- رسول حمه كَل قادر

تهديك مديرية امن الاصلاح الاجتماعي تحياتها وترجو حضورك الى مديرية امن ( سليمانية )

خلال فترة عشرة ايام مع فائق شكرنا .

تبلغت :

الاسم : رسول حمه كَل قادر

التاريخ : ١٩/١٢

مقام الامن

مديرية امن الاصلاح الاجتماعي

١٩٩١/١٢/

پسولەی دوا ڕۆژی دەرچوون لە بەندیخانە

# بەشی حەوتەم

# دەرچوون لە بەندیخانە

## دەرچوون لە بەندیخانە

شەو کە نوستم خەوم بینی لە خەوم دا مردم و بردیانم بۆ بە هەشت بەڵام دەرگای بەهەشتیان لێ نەکردمەوە، چونکە فریشتەی سەر شانم خراپ لێم دوا بوو کەوا دژی عەرەب وەستاوم، کارم بەوە باش بوو لە دوا سات دا پەیامبەر هات گووتی: ئەوەی کردی گشت هەقی بوو سورەی هەشتی پیرۆز ترین کتێب بۆ ئەوە نەبوو بە شێك لە شوێن کەوتووانی قڕ بکرێن، برای دینی و هاوڕێبازی ئازار دان و کوشتنی ئەوی پێ حەڵاڵ بێ، بزەی بە ویڕەی قەمچی و فیچقەی خوێنی برینەکەی بێ، لەبەر هەندێ پێویست دەکا لە دنیا و لە بە هەشتیش باشترین شوێن و جێگەیان پێ بدرێ .

لەم ماوەیەدا بە شەو چەندین خەوی ناخۆش و بە ڕۆژ گومان و دوودڵی زۆر و بیری خۆش و ناخۆشمان بە دڵ دا دەهاتن، هەتا سێ ڕۆژ کەس لێ ی نەپرسینەوە، تەواو هەراسان بووین، هەر ساتێك بەساڵێك دەڕۆیشت زۆر جار بەندیەکان نیوە ڕاستی و نیوە گاڵتە دەیان گووت : حکومەت پەشیمان بۆتەوە، منیش بە شێوەی ئەوان دەمگووت :

– وولاتی ئێمە وولاتی قەزاو قەدەرە، بڕوام بە هەواڵی ناخۆش و کوتوپڕ هەیە .

دوا جار لە 22-12-1991 دەستیان کرد بەناو خوێندنەوە من و هاوڕێکانم قادر و عەلی و جەنگی و پیرۆت کاتژمێر یانزەی پێش نیوەڕۆ ناومان خوێندرایەوە، لە خۆشیان پێمان زەوی نە دەگرت، لەگەڵ ئەوەش دا نیگەرانی ئەوە بووین ئەم لێبووردنە بەشێك لە هاوڕێ و خۆشەویستەکانی ئێمەی نەگرتەوە بە خەمناکی بە یەکجاری خوا حافیزیمان لە برادەرانی بەندیخانە کرد، پشت لە ئەوان و ڕوو لە دنیای دەرەوە ملی ڕێمان گرت چوومە ئیدارەی بەندیخانە گووتم :

– دەفتەری خزمەتی سەربازی و کەل و پەلەکانم کە لە یەکەم شەوی گیرانم لە ماڵەوە وەرتان گرتن بمدەنەوە، بەڵام لێپرسراوی بەندیخانە زۆر گەوجانە و بێ شەرمانە گووتی :

– نا ... نابێ ئێستا ناتدەینەوە، تازە ئێمە و ئێوە بووینە برا و خزمی یەکتر، دوای چەند ڕۆژێکی دیکە دوای پشوویەك لە ماڵەوە دەبێ سەردانمان بکەیتەوە، بۆ ئەوەی پیشوازیەکی گەرمت لێ بکەین و ماوەیەك لامان بمێنیتەوە ئینجا کەل و پەلەکانت لەگەڵ خۆت بەرەوە، لە چاو قایمی و بێ ئاوەزی ئەمانە سەرم سوڕما بوو لەدڵی خۆم دا دەمگووت: دەبێ ئەم قسانە لە دڵەوە بکات یاخود گاڵتەی بە من دێت، زانیم زۆر گووتن لەگەڵ ئەم نەفامانە سوودی نیە، ملی ڕێگام گرت و چووینە دەرەوەی بەندیخانەی خۆمان، لەوێش حەوشەیەکی گەورە تر بوو، هێشتا لەناو پانتایی بەندیخانەی ئەبو غرێب دابووین .

ئێمە هەر پێنجمان دەمانتوانی بڕۆین کێشەی سەربازیمان نەبوو، بەڵام هەموو برادەرانی تر کێشەی سەربازیان هەبوو لەبەر ئەوە بڕیاری بەرپرسانی بەندیخانە وا بوو بەکاروانی سەربازی بیان بەنە یەکە سەربازیەکان، ئێمە لەگەڵ ئەوان دا ماینەوە تاکو ئۆتۆمبیلیان بۆ هات و لە کاتی خۆر ئاوا بوون دا بەڕێ کران، ئینجا ئێمە ڕێگای بەرەو ئازادی و نیشتمانمان گرتەبەر، لە کاتێکدا چەند هەنگاوێکمان ما بوو لە دەرگای بەندیخانەی ئەبوغرێب دەر بچین بە هیچ شێوەیەك ناتوانم ساتە خۆشەکانی ئەم چەند هەنگاوەتان بۆ بنووسم، جەنگی لە

پێش ئێمەوە تووند تر ڕۆیشت بە پێکەنینەوە بە دڵێکی کامەران و پڕ لە شەوقەوە بە ڕوویەکی خۆش و گەشاوەوە گووتی :

– دەبێ من یەکەم کەس بم لە بەندیخانە دەچمە دەرەوە .

ئەودیوی دەرگا هەمووی مەترێکی نێوان نەبوو، ئەم دیو و ئەودیوی بە ڕواڵەت هەر خاکی ئەبوغرێب بوو، بەڵام لەڕاستی دا دوو شتی زۆر لێك جیا بوون لێرە خەڵك ئازاد بوون، بە ئارەزووی خۆیان دەڕۆیشتن، دادەنیشتن، دەخەوتن، دەیانخوار، دەیانخواردەوە، هیچ کەس فەرمانی پێ نەدەدان، بەڵام لەودیوی ئەم دەرگایەوە هەموو شتێك بەزۆر و فەرمان پێ دانە، ئەودیوی ئەم دەرگایە گۆڕستانی زیندووانە، هێشتا زۆر کەسی تێدایە هەر بە ناو زیندووە و بە دەست ئەهریمەنەکانی بەندیخانە ڕۆژی چەند جارێك بەرەو ڕووی سەدان گیر و گرفت و بەد بەختی دەبێتەوە .

## ئازارەکان جێتان دێڵم

کردەوەی ناپەسند و هەست تەزێنی دێوەزمەکانی شەو و ئەهریمەنەکانی بەندیخانەن بوونە گریمانەیەکی ڕۆحی، برینێکی قوڵ لە هەستم دا، قەت سارێژ نابێ و هەمیشە وەبن دەداتەوە، ئێستاش هەر کاتێك وە بیرم دێتەوە تاس دەمباتەوە، ئازار هێرشم بۆ دێنێ و بۆ ماوەیەك دۆش دادەمێنم .

ئەوان لەسەر شەقامی ئازار و ئەشکەنجە دا شارەزا ترین و بلیمەت ترین خەڵکی خۆیان لەم شوێنە دانا بوو، لە کاتی لێکۆڵینەوە دا فشاری زۆریان بۆ هێنام، بە سەخت ترین ساتەکانی ژیانم دا بە گورگە لۆقە بە دوامەوە بوون، ئەوان لەکارەکەیان هێندە کارامە بوون سەرم سوڕماوە چۆن توانیم بەرگە بگرم، هەمیشە بە فەرمانی توند دەیان ڕەتاندم تا گەیاندیانمە کۆڵانی تەسك و تروسکی بنبەست کراوی دوا داخراوی نا ئومێدی، بەردەوام سەرنجیان بۆ ئەوە ڕادەکێشام سەفەری هات و نەهاتم لە پێشە و دوا هەمین مێرگی ژیانم لەم گەشتە پڕ مەینەتە دا تەنها نەمان و تێدا چوون و مەرگی یەکجاریە، لە کاتێك دا من

هێشتا هیوام زۆر بوو بەژیان دژی مەرگ بووم دڵم نەیدەویست بمرم، ئەوان تۆماری ژینی منیان پێچابووەوە، بەڵام مرۆڤ بونەوەرێکی بەهێزە و ئەگەر بیەوێت دەتوانێت لێهاتوویی و کارامەیی لە خۆی پیشان بدات، بەرگەی دەرد و خەم و مەینەتی و زۆر شت بگرێت، ململانێ لەگەڵ سەخت ترین شت دا بکات، ئێستا دوای ئەوەی لە شەوگاری ژیانم دا تروسکایی یەك پەیدا بووە وا بەرەو پانتایی ڕوناکی دەڕۆم و ئەو ڕۆژگارەتاڵوناخۆشانەڕابوورد بێگومان زنجیرەی بەدبەختیەکانیش کۆتاییان هەیە.

**بەرەو بەغدا**

کە لە دەرگا گەورەکەی بەندیخانە چووینە دەرەوە بە ناو ڕێگا تەلاویەکەدا ڕۆیشتین کە تەنها ڕیگای تاکە کەسێکە و ئەم لا و ئەولای تەلبەند کراوە تا لەکاتی سەردان خەڵك پێیدا بچنە ژوورەوە، دەمگووت: یاران ...ئەم بەعسە چ بەڵایەکە بۆ سەر هاووڵاتیانی خۆی، چێژ لە ئازاری خەڵك دەبینێ، لێرەوە تێ دەگەیشتین کەس و کارمان بە چ سەختی و دەردە سەریەك هاتوون بۆ سەردانمان، بەڵام لە خۆشی ئازاد بوون ئەمانە هەمووی بە خێرایی بەسەر پەردەی مێشکمان دا تێ دەپەڕین، کاتێ ئێمە ئازاد بووین بۆ دوا جار ئازار و خەم و دەردی ژیانم لە بەندیخانە بەجێ هێشت، بە دڵێکی پڕ کامەرانی هاتمە دەرەوە و بەرەو ئازادی و نەتەوە و نیشتمانە ئازادەکەم ڕێگام گرتەبەر .

دوای نوێژی شێوان بوو، دنیا تۆزێك تاریك داهاتبوو چووینە ناو خانوەکانی ئەبوغرێب بەسەر سامی لە دەور و بەری خۆمان دەڕوانی، وەکو یەکێك لەلادێ یەکی دوورە دەستەوە یەکەمجار بێت بچێتە شارێکی جەنجاڵ و ئاوەدان، ئێمەش بەم شێوەیە خۆمان لا سەیر بوو، هەر تەماشای ئەم لا و ئەولای خۆمان دەکرد، خەڵکی تریشی لێ بوو وا دیار بوو ئەوانە خەڵکی ئەو ناوە بوون هاتبوون بۆ پێشوازی بەندیەکانی خۆیان.

تەکسیەکمان بەکرێ گرت بەرەو بەغدا کەوتینە ڕێ لە ڕێگا بە ڕاست و چەپی خۆمان دا دەڕوانی، هێندەی نەبرد گەیشتینە بەغدا لە بەتاوین چاومان بە دوو کوڕی خەڵکی

رانیه کەوت  لاجانی مستەفای عەلی و عەبدوڵڵای خەیاڵیّ، زۆر خۆشحاڵ بوون ئێوارە دەعوەتێکی باشیان کردین، سوپاسیان دەکەین، لە چاوەڕوانی بەڕێکردنی هاوڕێکانی ترمان زۆر مابووینەوە زۆرمان برسبوو، خواردنەکە خۆش و بەلەزەت بوو، لەدوایی دا چووینە میوانخانەی ( سۆزان ) لەشەقامی سەعدون هی ماڵی سالاری شێخ حەمید خەڵکی ڕانیە بوون چەند ساڵێك بوو هاتبوونە ئێرە ئەوەش بۆ  ئێمە جیّ ی ئاسوودەیی بوو.

دوای ئەوەی کەمێك لە میوانخانە پشوویکمان دا چووینە خوارەوە کەوتینە پیاسە کردن بە ناو شار دا لەلایەك لەبەر ئەوەی دەمێك بوو نەهاتبووینە بەغدا، لەلایەکی دیکەش دەمانزانی ناتوانین بەم زووانە بێینەوە بەغدا، ماوەیەکی باش لەبازار ماینەوە ئینجا چووینەوە میوانخانە.

هەرکەس کەوتە خۆشوشتن و خۆ ئامادە کردن بۆ ڕۆیشتنەوە بۆ ناو وولاّت و هاوڕیّ و کەس و کارمان، دوای هاورێکانم  من چووم بۆ خۆشوشتن گەرماوی میوانخانەکە پاك و خاوێن،ئاوی گەرم و سارد بە جیا و بەتێکەڵاوی،فوارەی باش و بانیۆی سپی و پاك و خاوێن، شوێنی جل هەڵواسین هیچ شتێك کەم و کوڕی نەبوو.

کاتێك چوومە ناو ئاوە شلە تێنەکەی ناو بانیۆکە پاڵم بە دیوارەوە دا خەیاڵ بردمیەوە بۆ لای جەناح خاس و عەریف زەنون و ئەو خۆشوشتنەی بەخۆم و برادەرەکەم یەك سەتڵ ئاوی گەرممان لا بوو نەماندەزانی چی لیّ بکەین، لەنێوان خۆمان مشت و مڕمان بوو عەریف زەنون نەڕاندی بەسەرمان دا قاپێك ئاوی گەرمی بە پشتی ئەو کوڕەی هاوەڵم دا کرد، سوتاندی و توێخی هەڵدا، ئەویش هەر ئەوەندەی لە دەست هات قیژاندی، هێشتا وەکو هیچ نەبوویّ عەریف زەنوون دەیگووت : خێرا کەن هەر کەسێك دوا بکەویّ هەموو گیانی دەشکێنم .

دیار بوو زۆر ئاوا ما بوومەوە بۆیە هاورێکانم گووتیان ئێمە خۆمان ئامادە کردووە پێویستە برۆین، ئێمە دەچینە خوارەوە بۆ ئیدارەی میوانخانەکە لەوێ چاوەرێت دەکەین، میوەمان بەشی تۆ لەسەر مێزەکە داناوەئەگەر ئارەزووت بوو بیخۆ.

**بەرەو هەولێر**

لە میوانخانەکە هاتینە دەرەوە و چووینە (كراج النهضة) گەراج زۆر قەرەباڵغ بوو، نزیکەی کاتژمێر دووی شەو لە بەغداوە بەرێ کەوتین بۆ بەیانی گەیشتینە شاری کەرکوك لەوێوە بۆ هەولێر، لە هەولێر چووینە ماڵی مام نادر مامی عەلی و جەنگی هاورێمان، کەگەیشتین گووتیان هەر ئێستا کاك مەولودی برای عەلی و جەنگی لێرە بوو رۆیشتەوە بۆ رانیە، بێ گومان زۆر نەرۆیشتووە، یەکێکمان بەدوا دا نارد و هێشتا لە گەراج بەرێنەکەتبوو بۆ رانیە، خێرا گەرایەوە بۆلامان، بە بینینی ئێمە زۆر خۆشحاڵ بوو، یەکسەر ناردمانەوە بۆ رانیە لەسەر ئەوەی هاورێیانی رێکخستن پێشتر گووتبوویان هەر کاتێك کە دەرچوون نابێت بێ ئاگاداری ئێمە بێنەوە بۆ رانیە، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ رێکخستن و خەڵکی سنووری بیتوێن پێشوازیەکی باشتان لێ بکەین.

بەرنامەمان وا بوو خەڵکەکە لە بێستانە لە نزیك شاری کۆیە بێنە پێشوازیمان ئێمەش لەگەڵ ئاپۆرەی خەڵك دا بێینەوە رانیە، سەرەتا بچینە سەر گۆری شەهیدانی راپەرین و کوردستان، ووتارێك لەسەر گۆری شەهیدان بخوێنینەوە و دوایی بگەرێینەوە کۆمیتەی رێکخستنی (ی، ن، ك) ووتارێکم نووسی و دام بە جەنگی لەسەر گۆری شەهیدان بۆ جەماوەری بخوێنێتەوە، لافیتەیەکمان نووسی وەك نواندنی رێز بۆ ئەرك و ماندوو بوونی ئەو جەماوەرەی هاتوون بۆ پێشوازی .

**بەرەو رانیە**

دوای نیوەرۆ لەماڵی مام نادر ماڵ ئاوایمان کرد و بەرێکەوتین بەرەو رانیە، لە شاری کۆیە دەر چووین هەندێك لەوانەی هاتبوون بۆ پێشوازی لە بێستانە خۆیان نەگرتبوو

هاتبوونە نزیك شاری كۆیە بۆ ڕێز گرتن لە ماندوو بوونی ئەوان دابەزین بە هۆی ئەوە ماوەیەكی زۆر دواكەوتین كە گەیشتینە بێستانە بەڕێو ڕەسمێكی شایستە و ڕێك و پێك جەماوەرێكی زۆری بیتوێن و پشدەر لە پێشوازی دابوون، لە پێشەوە پێنج دایكی شەهیدان، پێنج شێرە ژنی سنوورەكەمان، پێنج گوڵی بازنەیی دروست كراوی زۆر نایاب بەهاوكاری دڵشادی مام قادر كەوا پیاوێكی بیروورد و دەست ڕەنگینە لەم بوارەدا، هەریەكی گوڵێكی بەدەستەوە بوو كەپێك هاتبوون لەم دایكە شەهیدە بەڕێزانە:

1- مەنیجە ڕەشید محەمەد, دایكی شەهید ووریا مام قادر

2- ئامینە حەمە عەزیز , دایكی شەهید ئازادی حەمەد بەگ

3- خەدیجە خضیرمحەمەد, دایكی شەهید مامۆستا محەمەدی مام ڕەسوڵ

4- هەمینە حەمە خدر (هەمینە شۆڕ), دایكی شەهید عەبدوڵڵا ڕانیەیی

5- عایشە ئەحمەد حەمە(ئایشە شیلان),دایكی شەهید وەستا عەلی گۆزەڵ

وەك ڕێز لێنانێك لە خەباتی گەلەكەمان هەر دایكی شەهیدێك گوڵی لە ملی یەكێكمان كرد، بۆ ئەوان بەشداری لە ڕێو ڕەسمی ئاواتی ڕۆڵەكانیان و بۆ ئێمەش خەڵاتێكی پڕ شانازی گەلەكەمان بوو، ئینجا لێپرسراوانی حزبی و خزم و دۆست و ئاشنامان بەڕیز وەستا بوون، بەڵام لەدڵ گەرمی و خۆشی دۆست و هاوڕێیان بووە تێك چرژان و سۆز دەربڕین و دەست لەمل كردن، پۆلی مانگرتووەكان لە ناویاندا دەورێكی كارایان هەبوو. جەماوەر زۆر و بە حەماس ئیمەش كەم و شەكەت و ماندوو، هەمیشە سوپاسگوزارین، ناتوانم هەستی خۆم بەرامبەر دڵسۆزی ئەو جەماوەرە خۆشەویستە دەربڕم، ڕەنگە نەمانتوانیٚ ئەركی خۆمان بەجیٚ بێنین چونكە كات درەنگ بوو ناچار گووتیان: سەركەون بابڕۆین ... ئەم ئۆتۆمبیلە بۆ ئێوە دیاری كراوە.

ئۆتۆمبیلێكی داتسۆن پیك ئاب دەبڵ كابینە ڕەنگی سپی، هی ماڵی عومەر ئەمین عەلی بوو، خالیدی حاجی مستەفای عەلی لیٚی دەخوڕی، ئێمە لە دواوە هەمووومان بە پێوە

دەستمان خستبووە ناو دەستی یەکتر و دەستمان بەرز کرد بووەوە بە ناو ئاپۆرەی جەماوەر دا دەهاتین ئەوانیش بەوپەڕی شادی و دڵخۆشی لە پێشوازی دابوون فیتە و هەلهەلەو قریوەی لاوەکان گوێچکەی مرۆڤی کەڕ دەکرد، هەمیشە منەتبار و سوپاسگوزارین .

کەوتینە ڕێگا کاروانی ئۆتۆمبیلەکان هێندە زۆر بوو سێ ڕیز دەڕۆیشت سایدی بەرامبەر وەستا بوو، کات درەنگ بوو نوێژی شێوان گەیشتینە سەر گۆڕستانی ڕانیە بۆ دانانی گوڵی ڕێزو وەفا لەسەر گۆڕی شەهیدان، گوڵەکانی دەست و دیاری دایکی شەهیدان لەسەر گۆڕی شەهیدان دانا، دوایی هاتینەوە کۆمیتەی ڕێکخستن ماوەیەکی زۆر لەوێ ماینەوە جەماوەر هێشتا مەستی خۆشی و شادی بوو، بەڵام  بۆ ئەوەی زیاتر خەڵك شەکەت نەبێت مۆڵەتمان لە مامۆستا محەمەد سوڵتان و برادارانی ڕێکخستن وەرگرت هەر کەسە چووینەوە ماڵی خۆمان .

ماڵی ئێمە لە گەڕەکی قولە نزیك کۆمیتە بوو، بۆیە هەر بەفرکانێك خۆم گەیاندەماڵەوە، گەیشتمە بەردەگا شەو تۆزێك درەنگ بوو دەرگاکە داخرا بوو، ئاااای لەنیوە شەوێکدا دەرگای هەوالگری بەعس لێرە چاو و دەستیان بەستم و ڕاپێچی بەندیخانەیان کردم، لەدەرگام دا زۆر بە پەلە بووم ساتێك لەودیوی دەرگا لە نێوان خۆشی و سەر سامی دا لەبەر دەرگا ڕاوەستام، ئاخر چەند ساڵ بوو دەرگام لەسەر داخرا بوو، ئارەزووم لە دەرگای داخراو نەبوو ئەگەر خۆشم لە دیوی دەرەوەی دەرگاکە بام، چاوەڕێ بووم دەمگووت : ئێستا دلێری کوڕم دێت دەرگاکەم لێ دەکاتەوە، ئەو کاتە دلێر تەمەنی یانزە ساڵان بوو، مندالێکی هێمن و خۆشەویست و لەبەر دڵان بوو، بە پەلە بووم دەمگووت : هەر کە دلێر دەرگاکەی کردەوە ئارام ناگرم خێرا باوەشی پێدا دەکەم، هەر دووك چاوی ماچ دەکەم بەلایەوە شتێکی خۆش وسەیر دەبێت، ئەویش بانگ دەکات دایە...وەرە بابم هاتەوە ! .

دایکی دێت و بەوپەڕی خۆشی و شادیەوە دەست دەکەمە ملی، تاماوەیەکی زۆر جێیان ناهێڵم، ژیانێکی کامەران و ئاسودە دەگوزەرێنین، ئاخر ماوەیەکی زۆرە تاڵاوم کردووە بە

گەروویان دا، من هێشتا بەسەر سامی چاوەڕێ بووم لە پڕ کچە بچوکەکەی دراوسێ کەمان سەر سامیەکەی شکاندم دەرگاکەی کردەوە، ئیتر من وورده وورده بەرەو حەوشە چووم بەپێچەوانەی خەیاڵی من میوانێکی زۆرمان هەبوو، ماڵەکەمان ژاوەی دەهات بۆ پێشوازی و خۆشحاڵی دەربڕین هاتبوون، هاوسەرەکەم لە ناویان بوو بەرەو ڕووم هات، سەر و پۆتەڵاکی خەمبار و تۆزاوی کە لە خەو دا دیبووم نەما بوو، ڕووخساری لە خۆشی و کامەرانی دا دەدرەوشایەوە لەبەر چاوم دووبارە ببووەوە بەو کچە دەم بە پێکەنینەی ڕۆژی یەکەمی زەماوەندی هاوسەریمان .

ئیتر شایی کرا، ڕەشبەڵەك گیرا، خۆشی و شادی ڕووی لەم دەڤەرە کرد، ڕۆژانی دوایی تێکڕا خەڵکی شار هاتن بۆ سەردان و بەخێر هاتنەوە لە ناویان دا ئۆرگانە حزبی و ڕرشنبیری و یەکیەتی نووسەران و تەلەفزیۆنەکان و زۆربەی چین و توێژ و پێك هاتەکانی کۆمەڵگا .

ئەوەندەی سەرنجم دەدا لەدوای ڕاپەرین ئەو بار و دۆخە تایبەتیەی هاتۆتە ئاراوە باری ژیانی خەڵك جیاوازە جۆرێکی تێکەڵاو لەشکۆمەندی و بێ توانایی، بەرزی و نزمی، کۆکردنەوەی سامانێکی سەر سوڕ هێنەر، هەژاریەکی بێ سنوور لە گەڕەکەکانی شار دا بەتەنیشت یەکەوە ئارامیان گرتووە.

لە باری وا ئاڵۆز و پەشێو دا دنیا بە ویستی کەم ئاوەزو بێ هونەر بوو، بێ چاو و ڕوو بێ شەرمی کاری باش بوو، زمان لوس و درۆزن گوێیان لێ دەگیرا ئەوانیش بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەر چی یان لە دەست هات درێغی یان نەکرد، هەرچی ئۆتۆمبیل و ئامێری بەکەڵك بوون ئاودیو کران، کەل و پەلی دام و دەزگای حکومەتیان تالآن کرد، ئەوەی بەکەڵکیان نەهات لەناویان برد بەخەباتیان دەزانی، زۆربەی باڵەخانە بەرزەکانی حکومەتیان ڕوخاند، خانووی نایاسایی بێ بنەمایان بەرز کردەوە، سیمای وولآتیان تێك و پێك دا، کەوتنە هەڵکۆڵینی گۆڕی مردوان، تێکدانی گرد و قەلآی گەورە، بۆ دەرهێنانی شوێنەواری کۆنینەی باب و باپیران، سەدان شوێنەواری مێژوویی ئەم وولآتەیان لەگەڵ زەوی تەخت کرد،

شوێنەوارەکانیشیان ئاودیو کرد، ئەم شوێنەوارانە بەسەرهات و مێژوو و داستانی ڕۆژگاری ڕابردووی ئەم وولاتەمان بۆ دەگێڕنەوە، زۆر سەیرە لە جیاتی ئەوەی بیان پارێزن مێژووی وولاتەکەیانی پێ بنووسنەوە، کەچی بە پێچەوانەوە بە دوژمنانی خۆیانی دەفرۆشنەوە، جێ ی سەر سامی و نیگەرانیە بۆچی نیشتمانی خۆیان ئاوا وێران و کاول دەکەن ئایا ئومێدی دوا ڕۆژی خۆیان پێ نیە .

## ڕەخنە لە هاوڕێیان

لەم ماوەیە دا چەند جارێك کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕانیە سەردانیان کردم مامۆستا محەمەد سوڵتان لێپرسراوی کۆمیتە بوو ئەسعەد حەمە عەلی، شەهید عەلی مام قادر، محەمەد ئیسماعیل سەرکەپکانی، مەلا ئاری، محەمەد شامەروان، مامۆستا عومەر زێندین، عەلی خەیات، شەهید بەختیار حەمە مەجید، شێخ جەواد، سەر بەست جیهاد، ...هتد ئەمانە وەکو کارگێر و ئەندام کۆمیتە و هی تریش کاریان دەکرد، چەند جارێك داوایان لێ کردم ڕۆژانە سەردانیان بکەین بۆ کۆمیتە، ئێمەش چەند جارێك چووینە سەردانیان زۆر قەرەباڵغ بوو وەك شارە مێرووله هەر تێکیانەوە داویشت  خەڵکی وای لێ بوو ڕۆژێکی وای بەخەیاڵ دا نەهاتبوو کاریشیان زۆر باش دەڕۆیشت، حزب وەکو لاو لاوە وایە کێ لێ ی نزیك بێ خۆی لەو دەهاڵێنێ، ئێمە لە باری دەرونی زۆر ئاسایی نەبووین ئەوانیش کەوتبوونە ڕۆژی خۆیانەوە بەختیان باشی هێنا بوو، لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ئاگاداری نزیکەکانی خۆشیان نەبوون، دیار بوو هاوڕیکانی خۆشمان بەڵێنەکانی ناو بەندیخانەیان بیر چوو بووەوە، هەر کەس پەلەی خۆی بوو، پێچەوانەی ئەوە بوو کەکاتی خۆی فێر کرا بووین، ئەبێ بەرژەوەندی هاوڕێ و حزب و نەتەوەکەت لەسەرووی بەرژەوەندی خۆت دابنێی ، بەم پێ یە ئەوانەی بەتاسەوە چاوەڕێ ی  هاتنەوەی ئێمە بوون شوێنە بۆشاییەکانی ئێمەیان بە نزیکەکانی خۆیان پڕ کرد بووەوە، خوا خوایان بوو ئێمە هەر نزیك نەبینەوە، خەڵکە بێ هەڵوێستەکانی ڕابردووش لەسەر ئەم کارە زیاتر هانیان دەدان .

قادر هەندێ ڕەخنە و گلەیی توندی ئاراستەی ئەسعەد کرد بوو لەسەر بێ هەڵوێستی هاوڕێکانمان، ڕەخنەکانی قادر لە جێ ی خۆی بوو، بەڵام سەر زەنشتم کرد نەدەبوایە ئەم کارەی کردبا، بەڵام قادر پێی وابوو ئەوانی تر هەرچۆن ڕەفتار بکەن قەیدی ناکات،بەڵام خۆ هاوڕێکانی خۆمان بارودۆخی ئێمە باش دەزانن.من هێشتا لاو بووم ئەزموونم لەژیان وەر نەگرتبوو، لە ڕووی هەستی بەرزی نەتەوەیی و دڵپاکی کارم دەکرد پێم وا بوو هەلێکە بۆ کورد هەڵکەوتووە ئەبێ شەویش بخەنەسەر ڕۆژ بۆ پێشکەوتنی گەل و نیشتمانەکەمان بۆ ئەوەی پێش بکەوێ و بگاتە ئاستی وواڵتە پێش کەوتووەکانی جیهان، بەڵام خولانەوەی هەندێك لەو جوامێرانە لە دەوری بەرژەوەندیەکان جێگای نائومێدی بوو .

جارێکی تر ووتوومە ئێستاش دەیڵمەوە کە لە بەندیخانە ئازاد کراین دڵخۆش و بەختەوەر بۆ دوا جار ئازار و خەم و دەردی ژیانم لە بەندیخانە بەدێ هێشت، بەدڵی پڕ کامەرانی هاتمەوە بەرەو ژیانی ئازادی و ئاسوودە و خزمەت کردنی گەل و نیشتمانە ئازادەکەم، لەبەندیخانەوە بەرەو ئازادی بەرز فڕیم و هەستام و نزم نیشتمەوە، هەموو نیشتنەوەیەکیش دۆڕاندنە .

## بەرەو کاری ڕێکخستن و حزبایەتی

دیار بوو ڕەخنەکانی قادر کاری خۆیان کرد بوو، ئاگاداریان کردین ئامادە بین بۆ کۆبوونەوە، لە ماڵی ئەسعەد کۆبوونەوە ڕێکخرا بوو، بڕیار درا من و قادر وەکو ئەندامی کۆمیتە دەست بەکار بین، ئیتر بەم شێوەیە ڕۆژانە هاتووچۆی کۆمیتەمان دەکرد ئەگەر پێویست بوایە بەشداری ئەرك و کاریشمان دەکرد، دوای مانگێك هەڵبژاردن بۆکار گێڕی کۆمیتە ئەنجام درا چونکە بەپێ ی پەیڕەو ئەبوایە کۆمیتە دوو کارگێڕی هەبێت بەڵام لێرە تەنها یەك کارگێڕ هەبوو، بە زۆربەی دەنگ من دیاری کرام بۆ کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕانیە، بەم شێوەیە کەوتینەوە ناو کاری ڕێکخستن و حزبایەتی بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان و پێشکەوتنی وواڵتەکەمان .

خوێنەری خۆشەویست: هیوادارم توانیبێتم تاڕادەیەك ئاشنات بکەم بەژیانی خۆم و بەندیەکان لەناو ژووری تاریك و شێداری بەندیخانە، بێ گومان ڕووداو و بەسەرهاتەکان هیچی زادەی بیر و خەیاڵی من نیە، بەڵکو هەمووی ڕووی ڕاستەقینەن و وەکو خۆی نووسراون ئەگەر درێژ کردنەوەیەکیش هەبووبێ بۆ ڕازاندنەوە و سەرنج ڕاکێشان بووە.ئەگەر لە ڕووداوەکان دا ئەوەندە من...منم کردووە سەرم یەشاندوون، بەڵام هەر چۆنێك بێت باسەکە ئەوەی هەڵدەگرت، ئەگینا خۆپەرست نیم و خۆم بە پاڵەوان نازانم .

هەر چەندە باسەکە درێژەی کێشا بەڵام سەرنج بدەن یەکێك لەووڵاتی ژێر دەستەی بەعس ژیانی بەسەر بردبێ و لەسەر بەشداری خەباتی سیاسی گەلەکەی کەوتبێتە بەندیخانە، دیارە ئەمە ژیانی کوێرەوەری و چەرمە سەری بەشێکی نەتەوەکەم پیشان دەدات، لەدۆخێکی ئاوادا چبکەم باسەکە هەر ئاوای لێ دێ .


ئەگەر زۆربەی بەسەرهاتەکان لە ئازار و ئەشکەنجە و سێدارە و مردن دەدوێت بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستیەکانە، ئەگینا منیش ئادەمیزادم تەزووی هەر خۆشیەك هەستم دەجوڵێنێ و شادمان دەبم، لەگەڵ گرمە و هەر دەنگێکی نائاسایی ڕادەچەنم، لە جیاتی ووڵاتی وێران و خەڵکی ئاوارە پێم خۆشە لە ووڵاتی ئارام و شاری ئێروو و ئاوەدان بژیم، لە جیاتی خەم و ئەندێشەی قوڵ لەگەڵ تریقەی پێکەنینی خۆشەویستان بەشداری بکەم، لەگەڵ دەستەی هاوڕێ و دڵخۆشان دا کۆڕی خۆشی و شادی ببەستم، لە جیاتی ویڕەی قەمچی و نەڕەی جەللاد پێم خۆشە کام مۆسیقای ناسك و گۆرانی خۆشە گوێم لێ بێت، لە جیاتی خوێنی چۆڕاوەی برینێ پێم خۆشە جوان ترین دیمەن ببینم، لە جیاتی جێگای ڕەق و ساردی بەندیخانە لەسەر جێگای نەرم و گەرم بنووم، لە جیاتی کەلەپچە ئارەزۆمە دەستی کچێکی ناسك و شۆخ و شەنگم لە دەست دابێ، لە جیاتی نانی بۆر و چێشتی بێ تام و ناخۆش پێم خۆشە کام خۆراکی بەلەزەتی خۆماڵی یە لەبەر دەمم بێت، لە جیاتی ئاوی سوێر و ژەنگاوی کام بادە خۆشە لە پێکم دابێت، بەڵام چبکەم ئەمە ژیان و

بەسەرهاتی بەشێك لە ڕۆڵەكانی گەلی كوردە كە نەیانتوانی بەرامبەر زوڵمی دوژمن سەر نەوی كەن، چاو لە كارەسات و مەینەتی گەلەكەیان بپۆشن، بێ گومان هەر كەسێ ئەم ڕێگایە بگرێ تووشی چەرمەسەری زۆریش دەبێ، بەڵام ئەوەی بەلامەوە گرنگە و دەمەوێ لەبەر دەمی ئێوە دا بیڵێم من خەبات و كوردایەتیم بۆ هەست و ویژدانی خۆم كردووە و هەرگیز منەت بەسەر هیچ كەس و نەتەوەكەم دا ناكەم، چونكە ڕێگەیان لێ گرتم و هەر بەردەوام بووم، ملی خۆم لە پەت و چەقۆ دەخشاند كەچی وازم هەر نەهێنا.

بەهیوای سەركەوتن

## پاشکۆی وێنەکان

## لە بەندیخانەی بادۆش گیراون



وەستاوەکان لەڕاستەوە بۆ چەپ

ڕەسوڵ، قانع  حەمەدەمین

دانیشوەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ

جەنگی ڕەسوڵ، سەباح حەننا



لەڕاستەوە بۆ چەپ

ڕەسوڵ، قادر ئەحمەد




وەستاوەکان لەڕاستەوە بۆ چەپ

ڕەسوڵ، سلێمان فەخری، مەولود ڕەسوڵ


دانیشوەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ

عەلی ڕەسوڵ، جەنگی ڕەسوڵ



لەڕاستەوە بۆ چەپ

قانع حەمەدەمین، ڕەسوڵ، محەمەد ڕۆستەم



له ڕاستەوە بۆ چەپ

ئەبوفواز، ڕەسوڵ، ئەبومەحمود



له ڕاستەوە بۆ چەپ

ڕەسوڵ، شۆڕش فائق، قادر ئحمەد



وەستاوەکان لەڕاستەوە بۆ چەپ

قادرئەحمەد، ئیبراهیم جبوری، عەلی ڕەسوڵ، فەقێ حسین

دانیشوەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ

جەنگی ڕەسوڵ، ڕەسوڵ، ساڵح عومەر



وەستاوەکان لەڕاستەوە بۆ چەپ

خالید قادر،فەقێ حسین، حاجی محەمەد(حاجیسوورە)، قادرئەحمەد

دانیشوەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ

ڕەسوڵ، ساڵح عومەر، ڕەسوڵ عەبدوڵلا



وەستاوەکان لەڕاستەوە بۆ چەپ

گەنجۆ، کاکە زیاد، ڕەسوڵ، سەرکەوت، جەوهەر،مەحمود کاکە برا ،

بکر ڕەسوڵ، محەمەد ڕۆستەم، قادرئەحمەد، پیرۆت عەزیز

دانیشوەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ

ناجی، یوسف، قانع حەمەدەمین، محەمەد مستەفا، جەنگیڕەسوڵ

سەباح حەننا



**هەموو ڕیزەکان لەڕاستەوە بۆ چەپ**

**ڕیزی یەکەم: محەمەد مستەفا، شۆڕش فائق، قادرئەحمەد، گەنجۆ**

**ڕیزی دووەم: فەخرەدین، عوسمان، کەمال محەمەد، تاهر زاهر، ناجی**

**ڕیزی سێیەم: کەمال عەدۆ، عەلی شەمێرانی، ئەحمەد نادر، دارامحەمەد**

**ڕیزی چوارەم: محەمەد ڕۆستەم، پیرۆت عەزیز، جەنگی ڕەسوڵ، چالاك، ڕەسوڵ**

**ڕیزی پێنجەم:سابیرهیرانی، سباح حەننا، یوسف بادینی، سەرکەوت، فەللاح، مەحمود کاکەبرا، عبدولقادر محەمەد(باجلۆری)**

**وەستاوەکان: حسین محەمەد، عەلی ڕەسوڵ، قانع حەمەدەمین، سدیق نادر، نەسرەدین، فەرەنسیس گۆرگیس، بەکر ڕەسوڵ، هوشیار، جەوهەر، بەهرام، بورهان رەئوف، کامەران عەبدوللا، سەعدون**

مەراسیمی هاتنەوەمان لە بەندیخانەوە بۆ ڕانیە لەگەڵ پێشوازی خەڵکی سنووری بیتوێن و پشدەر









**سوپاسی زۆرم بۆ**

1–ئەحمەد مام ڕەسوڵ وکاوسێن بابکر کە هانیاندام و هاوکاریان کردم بۆ نووسینی ئەم بەرهەمە.

2–هاوڕێیانی بەندیخانەم قادر ئەحمەد، عەلی ڕەسوڵ، خالید قادر ڕەسوڵ کەوا بە پێداچوونەوە و سەرنجەکانیان بەرهەمەکەیان دەوڵەمەند تر کرد.

3–سالح ئەحمەد عەبدوڵڵا، لێکۆڵەری داد، لەدادگای ڕانیە، کەوا لەدەقە یاساییەکاندا هاوکاری کردم.

4–تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان (کەناڵی ڕاپەڕین) کە فلیمی مەراسیمی هاتنەوەمان لەلایان پارێزرابوو پێیان داین.

**پەراوێزەکان:**

1–ئاندرۆکۆیل ، لێکۆڵینەوەیەك دخەربارەی مافەکانی مرۆڤ لەئیدارەی بەندیخانەکاندا ، و:ئاوات ئەحمەد 2005،لا10.

2–میدل ئیست وۆچ، جینۆساید لە عیراقدا،وەرگیرانی:محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق،سلێمانی2004 لا 440.

3–د.ئەرسولان بایز، کورتە باسێکی پیرۆیسترۆیکا و چەند بابەتێکی تر، سلێمانی 2004، لا124.

4–میدل ئیست وۆچ، جینۆساید لە عیراقدا،وەرگیرانیمحەمەد حەمە ساڵح فیق، سلێمانی 2004 لا 219.

5–د.ئەلبێرت عیسا،خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی،2004، لا48.

6– سەرچاوەی پێشوو، لا 49.

7–دکتۆر عەلاءبەشیر، من دکتۆری سەدام بووم، چاپی یەکەم سلێمانی 2004، لا

8–سۆران عومەر، ژیانی سەدام ، بەرگی دووەم 2004، لا 15.

9–حەسەن هاشمیان، سەدام لەسەر زاری هاوڕێکانی و/ئەرسەلان حەسەن،گۆڤاری ورە،ژ5لە2004،لا42.

10–محەمەد أمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تأریخی کورد و کوردستان، چوارەم بەرگ 2006، لا 211.

11–مەحەد ڕەسوڵ هاوار،کورد و باکوری کوردستان، چاپی یەکەم ، 2007، لا 96.

12–سەرچاوەی پێشوو، لا 98.

13–نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ،1997، لا 105–108.

14–نیاز سەعید عەلی ،دەربارەی ئیسلامی سیاسی، 3–14.
15–ئاندرۆکۆیل، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مافەکانی مرۆڤ .... و:ئاوات ئەحمەد 2005لا 96.
16–سەرچاوەی پێشوو، لا 51
17–سەرچاوەی پێشوو، لا 132.
18–خالید قادر، کەپەردە لەسەر تاریکایی‌زیندانەکان لائەبرێ،گۆڤاری ورە،ژ.1، 2003 لا77
19–دیل کارنگی، چۆن سەرکەوتوو دەبیت،لەعەرەبیەوە سەلام کەریم چاپی دووەم،2005
20– شاکر النابلسی ، کوردستانی نوێ ژمارە 4343لە 9–8–2007.
21– سەرچاوەی پێشوو.
22– سەرچاوەی پێشوو.
23–مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی، کتێبی سەد پرسیارو وەڵام ،چاپی دووەم 1999،لا60
24-KURD SAT T.V بەرنامەی تایبەت .

*– هەر ناوچەیەك لە کوردستانی بن دەستی حکومەتی عیراق جێگای ترس و نیگەرانی یا مەبەستی بەعس بوایە بە زەبری هێزی سەربازی رایدەگواست بۆ شوێنێکی ژێر کۆنترۆڵی خۆی یاخوود بەهۆی چەکی قەدەغە کراوی کیمیایی زیندەوەری تێدا نەدەهێشت و ئەو خەڵکەی دەمایەوە رایدەگواست بۆ زیندانەکانی عەرعەر و نوگرە سەلمان و شوێنەکانی تر یاخوود بۆ ژێر کۆنترڕلی دەسەڵاتی خۆی، ناوچەکەش قەدەغە دەکرا لە هاتووچۆی هاووڵاتان بۆ ئەو ناوچانە.

**– أمینۆفلین(Aminofilin) دەرمانێکی چارەسەری نەخۆشی تەنگەنەفەشی (ڕەبۆ)یە،

***– ڤینتۆلین (Vintolin) دەرمانێکی چارەسەری نەخۆشی تەنگەنەفەسی (ڕەبۆ)یە

**بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

**1**–ئاندرۆ کۆیل، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەیمافەکانی مرۆڤ لە ئیدارەی بەندیخانەکاندا، و.ئاوات ئەحمەد 2005 .

2– بەرنامەیەکی تایبەت بەژیانی سەدام .kurdsat.tv.2004.

3– حەسەن هاشمیان، سەدام لەسەر زاری هاورێکانی ، و/ئەرسەلان حەسەن . گۆڤاری ورە، ژمارە5 لە2004.

4– چیا حەسەن، پاشکۆی هەفتەنامەی هەواڵ بۆ کار و باری ژنان، ژمارە/7 ی 26 حوزەیرانی 2004 .

5– دیل کارنگی، چۆن سەرکەوتوو دەبیت، لەعەرەبیەوە سەلام کەریم چاپی دووەم،2005

6– د. ئەرسەلان بایز، کورتە باسێکی پیرۆیستریکا و چەند بابەتێکی تر،سلێمانی 2004 .

7– د. ئەلبێرت عیسا، خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی، 2004 .

8 – دکتۆر عەلاء بەشیر، من دکتۆری سەدام بووم، چاپی یەکەم سلێمانی 2004 .

9– هێمن، بارگەی یاران، سەرجەمی بەرهەمی هێمن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس 2003 .

10– هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان،چاپی یەکەم.

11– سۆران عومەر، ژیانی سەدام ، ، بەرگی دووەم 2004 .

12– شاکر النابلسی، کوردستانی نوێ ژمارە 4343لە 9–8–2007.

13– کوردستانی نوێ ................

14– میدل ئیست وۆچ، جینۆساید لە عیراق دا، وەرگێڕانی: مەحەمەد حەمە صالح تۆفیق، سلێمانی 2004 .

15– محەمەد أمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تأریخی کورد و کوردستان. چوارەم بەرگ 2006.

16– مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی، کتێبی سەد پرسیارو وەڵام ،چاپی دووەم 1999 .

17– مەحەد ڕەسوڵ هاوار، کورد و باکوری کوردستان، چاپی یەکەم ،2006.

18– نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، 1997.